له زنجیره بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ

زنجیرەی کتێب: ٢١

# گوتاری ناسیونالیزم

## کورد لە بنەماڵە و خێڵەوە بۆ ئیتنۆس

بەرگی پێنجەم

## له بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ (KDO)


نـــــاوی کـتـێـب: گوتاری ناسیونالیزم (بەرگی پێنجەم)

نووســـــــــــەر: عەتا قەرەداخی

ژانـــــــــــــــر:  کۆمەڵناسی سیاسی

دیزاینـــی بـــــەرگ: هەرێم عوسمان

دیزاینـــی تێکســـت: ڕەنجدەر جبار

نـــۆرەی چـــاپ: چاپی یەکەم - ٢٠٢٣

چـــاپخــــانــــە:

نـــــــــــرخ: (     ) دینار

ژمارەیســـــپاردن: لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کتێبخانـە گشـتییەکان ژمـارە (    )ی سـاڵی (٢٠٢١)ی پـێ دراوە.

عەتا قەرەداخی

# گوتاری ناسیونالیزم

کورد لە بنەماڵە و خێڵەوە بۆ ئیتنۆس

# پێڕست

**پێشەکی**........................................................................................................۷
**بەشی یەکەم** ...............کورد لە نێوان ڕەچەڵەک و پێکهاتەکانی و سەرەتاییبووندا.................................. ۱۷
**بەشی دووەم** ................گریمانەی بوونی کورد لە درووستبوونی میدیاوە بۆ سەرەتای زاین.................... ۵۱
**بەشی سێیەم**...............لە دوای روخانی دەوڵەتی میدیا.......................................................................... ۸۱
**بەشی چوارەم**...............کوردو رەگەزی ئاری: ئایا کورد لە رەگەزی ئاریە؟................................................. ۱۳۱
**بەشی پێنجەم**...............ئیتنۆگێنزی کوردی- بەئیتنۆسبوونی کورد-...................................................... ۱۷۳
**بەشی شەشەم**...............کات و شوێنی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی......................................................... ۲۲۵
**بەشی حەوتەم**...............میدیا و ئایینی زەردەشتی: ئایا میدیا زەردەشتی بووە؟ ........................................... ۲٦۵
**بەشی هەشتەم**...............لە دوای دەوڵەتی میدیا: نەوەکانی مادو کاردۆخی و ئەوانی تر.......................... ۳۱۱
**بەشی نۆیەم**...............دەرکەوتنی ناوی کورد لە نێوان ناوی خێڵ و ئیتنۆسدا............................................ ۳٤۹
**بەشی دەیەم**...............زمان وەک پایەیەکی ئیتنۆس، زمان و ئیتنۆسی کوردی........................................... ۳٦۹
**بەشی یانزەیەم**...............ئیتنۆسی کوردی لە دوای دەرکەوتنی............................................................ ٤۰۱
**بەشی دوانزەیەم**...............دەرکەوتنی ناوی کوردستان وەکو خاکی ئیتنۆسی کوردی.................................. ٤۲۱
**سەرچاوەکان**.................................................................................................................٤۳۷
**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**............................................................................................. ٤٥۱

# پێشەکی

لە نووسینەوەی مێژووی کورددا چ ئەوەی کورد خۆی نووسیوویێتیەوە کە لە شەرەفنامەی شەرفخانی بەدلیسیەوە دەست پێدەکات، تا ئێستا، چ ئەوەی کوردناسان و چ ئەوەی مێژوونووسانی کورد نووسیوویانە، بەشی هەرە زۆری لە چوارچێوەی مێژووی وەسفیدایە، واتە گێڕانەوەی رووداوەکان و وەسفکردنیان. هەروەها بەشی هەرە زۆری بە هاوشێوەکردن لەگەڵ مێژووی میلەتانی تردا نووسراوەتەوە، کە ئەمەش لەبارێکی تردا کەمتر تایبەتمەندییەکانی مێژووی ئەم پێکهاتەیە، بەڵکو هەوڵدان بووە بۆ ئەوەی کورد وەکو پێکهاتەیەک لە ریزی پێکهاتەو میلەتانی تردا دابنرێت و نیشان بدرێت. لە بارێکی وەهاشدا ئەوەی نووسراوەتەوە کەمتر دەربڕین و گوزارشتکردن بووە لە تایبەتمەندییەکانی کورد، چ وەکو پێکهاتە یان میلەت یان کۆمەڵگا. بێگومان هەریەکە لەم وشەو زاراوانەش لە نووسینەوەی مێژووی کورددا بێ بیرکردنەوە لە پێناسەو بنەمای زانستی بەکارهێنراون.

ئەوەی ئاشکرایەو لای سەرجەم مێژوونووسانی کوردو کوردناسانیش دووپات بووەتەوە، ئەوەیە کە هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی کە کورد یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکانی باشووری رۆژئاوای ئاسیا کە زۆرینە لە رووی رەچەڵەکەوە بە ئاری و هیندۆئەورووپی و لە رووی ئایینیەوە بە زەردەشتیان داناوە. هیچ کام لە مێژوونووسانی کورد و کوردناسانیش نەیانتوانیووە مێژوویەکی نەک تەواو دروست بەڵکو بەنزیکەییش بۆ پێکهاتن یان دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی دیاری بکەن. بەڵکو سەرباری نەبوون یان دەرنەکەوتنی ناوی کورد تا مێژوویەکی درەنگ، ئەمان ئەو پێکهاتە دێرینانەی کە لە چیاکانی زاکرۆس

و بانـی ئێـران و باکـوری میسـۆپۆتامیاو ئەناتۆڵیـادا ژیـاون، بـە کوردیـان دانـاون و زۆرینەیـان وەهـا باسیان کـردوون، کـە ئـەو پێکهاتانـە کـورد بـوون، بـۆ نموونـە لۆلـۆو گۆتـی و میـد و میتانـی و کاردۆخـی وەکـو باپیرانـی کـوردو تەنانـەت هەنـدێ جـار هـەر بـە کوردیـش ناوبـراون. هـەروەک بـۆ سـەلماندنی ئـەم بۆچوونەشـیان هەوڵیانـداوە نزیکـی و هاوشـێوەبوون لـە نێـوان وشـەی کـوردو چەندیـن نـاوی تـری وەکـو کوردۆئـەن کوردۆئیـن، کاردۆ، کاردا، قـەردو، قـەردا، کاردۆخ، کـەردۆخ... بدۆزنـەوە. ئـەوەش بەمەبسـتی سـەلماندنی ئـەوەی کـە کـورد درێژکـراوەی ئـەم پێکهاتەنەیـەو درووسـتتر بڵێیـن بـە زۆری هەوڵیانـداوە بیسـەلمێنن ئـەم پێکهاتانـە هـەر کـورد بـوون.

هـەروەک خاڵێـک لـە نووسـینەوەی مێـژووی کـورددا جێـگای بایەخـەو مێژوونووسـی کـوردی نەیتوانیـوەوە لەسـەری رابووەسـتێت و لێکدانـەوەی بـۆ بـکات، ئەویـش بابەتـی بـە ئیتنۆسـبوونی کـوردو پرۆسێسـی ئیتنۆگێنـزی کوردیـە. بەڵکـو بەپێچەوانـەوە ئـەوەی دەبینرێـت ئەوەیـە لـە نووسـینەوەی مێـژووی کـورددا وەهـا سـەیری کـورد کـراوە کـە هـەر لـە سـەرەتای مێـژووی زانـراوەوە، ئـەم پێکهاتەیـە بوونـی هەبـووە هەرچەنـدە ئـەو بوونـە ناوێکـی تریشـی هەبووبێـت. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە بۆچوونێکـی ئەوتـۆ لەسـەر پێکهاتنـی ئیتنۆسـی کـوردی نەبـووە، یـان بـە مانایەکـی تـر وەهـا باسـی کـورد کـراوەو دەکرێـت کـە هـەر لـە درووسـتبوون و بنەڕەتـەوە پێکهاتەیەکـی پێگەیشـتووی تـەواو بووبێـت و خاوەنـی سـەرجەم ئـەو خاسـیەتانە بووبێـت کـە پێکهتـە یـان میلەتـە پێگەیشـتووەکان لـە مێـژووی دێریندا هەیـان بـووە بـۆ نموونـە میلەتـی یۆنـان و سـۆمەری و ئەکەدی و ئاشـووری. بـە مانایەکـی تـر میتـۆدی هاوشـێوەکردن لـە نووسـینەوەی مێـژووی کـورددا بەربەسـتبووە لـەوەی کـە مێـژووی کـورد وەکـو مێـژووی پێکهاتـەی کـوردی بنووسـرێتەوە. لـەم روانگەیەشـەوە دەبـێ بزانرێـت کـە مێـژووی کـورد لەگـەڵ دەرکەوتنـی بەئاشـکرای نـاوی کـورددا دەسـت پێدەکات، واتـە لـەو کاتـەوە کـە پێکهاتەیـەک بەنـاوی کـوردو لـە کات و شـوێنێکی دیاریکـراو و بەزمانـی تایبەتـی خۆیـەوە دەرکەوتـووە. ئەمـەش ئەوەمـان بـۆ روون دەکاتـەوە کـە ئـەو مێژووەی لـە پێـش دەرکەوتنـی ئیتنۆسـی کوردیـدا بـۆ ئـەو پێکهاتانـە نووسـراوەتەوە کـە گریمانـەی ئـەوە دەکرێـت بەشـدارییان لـە پێکهێنانـی ئیتنۆسـی کوردیـدا کردبێـت،

مێژووی کورد نیە، بەڵکو مێژووی ئەو پیکهاتانەیە، چونکە دەشێ هەر یەک لەو پێکهاتانە بێجگە لە بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، بەشداری پێکهێنانی ئیتنۆسی تریشیان کردبێت.

هەروەک ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە نەک هەر کورد دوای دەرکەوتنیشی لە سەدەی دووەم و سێیەمی زاینی بۆ دواوە نەیتوانیووە مێژووی خۆی بنووسێتەوە، بەڵکو ئەو پێکهاتانەشی کە مێژوونووسان بە باپیرانی کوردیان داناون، لە گۆتی و لۆلۆ و میدو کاڵدی و میتانی و کاردۆخی... خۆیان نەیانتوانیووە مێژووی خۆیان بنووسنەوە. بەڵکو ئەوەی سەبارەت بە مێژووی ئەمانەش زانراوە ئەوەیە لە مێژووی میلەتانی تری هاوسەردەمی ئەمانە لە ناوچەکەدا، باسکراوە یان ناویان هاتووە. هۆکاری ئەوەش ئاشکرایە کە ئەم میلەتانە پێناچێت هیچ جۆرە نووسینێکیان هەبووبێت، تەنانەت ئەگەر نووسینی سادەیشیان هەبووبێت نەیانتوانیووە باس و خواستەکانی خۆیانی پێ تۆمار بکەن، هەرئەوەش نا، بەڵکو نەیانتوانیووە سوود لە نووسینی میلەتانی تری پێش خۆیان و سەردەمی خۆیان وەربگرن بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆیان، بەتایبەتی نووسینی سۆمەری و بابلی و ئاشووری و ویۆنانی. بۆیە ئەوەی سەبارەت بە مێژووی ئەم پێکهاتانەش هەیەو زانراوە بەرهەمی خۆیان نیە، بەڵکو ئەوەیە کە میلەتانی خاوەن نووسین و خاوەن سەلیقەی نووسینەوەی رووداوەکان، لە پەراوێزی تۆماری رووداوەکاندا جاروبار ناوی ئەم پێکهاتانەیان هێناوە، ئەویش ئەوەندەی کە پەیوەندیدار بووە بەوانەوە، وەکو بەشداری شەڕو هێرش کردن و یارمەتیدانی ئەم هێز یان ئەو هێزو هاوپەیمانی کردن لە نێوانیاندا بەمەبەستی هێرش کردنە سەر لایەنێکی تر.

مەبەستی ئەم کتێبە پرسیارکردنە لەسەر چۆنێتی نووسینەوەی مێژووی کوردو ئەو پرسیارەش بەرزدەکاتەوە، ئەگەر بەڕاستی کورد خاوەنی مێژوویەکی دێرین و رەگوڕیشەداری وەکو ئەوەیە کە هەندێ لە مێژوونووسانی کورد باسی دەکەن، کەواتە بۆچی لە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیەوە ئەم پێکهاتەیە بەردەوام لە پەراوێزدا بووەو بۆ تەنیا جارێکیش لەسەر شانۆی مێژوو ئامادەبوونی نەبووەو هیچ رۆڵیکی لەبەرچاوی نەبینیووە؟ دەشێ پاساوی جۆراوجۆر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بهێنرێتەوە، بەوەی نەخێر وانیە،

کورد ئامادەبوونی هەبووەو ئیمپراتۆریێتی میدیا کوردی بووەو تەنانەت هەندێ کەس جڵەوی خەیاڵ بەردەدەن و باسی ئەوە دەکەن کە بنەماڵەی ساسان کە ئیمپراتۆریێتی ساسانی فارسییان پێکهێناوە کورد بوون. هەندێ کەس لە مێژووی نوێدا، فەرمانڕەوایی سەلاحەدینی ئەیوبی کە فەرمانڕەوایەکی دیاری دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی بووە، بە دەوڵەتی کوردی دەدەنە قەڵەم. ئەو کەسانەیش کە دان بەوەدا دەنێن، کورد لە سەروەختی دەرکەوتنی ناوەکەیەوە لە پەراوێزدا بووە، هەموو هۆکاری ئەو بە پەراوێزبوونە دەخەنە ئەستۆی دەرەوەی کورد خۆیی و وای نیشان دەدەن کە کورد نەیاری زۆر بووەو بوارو ڕێگایان پێنەداوە دەسەڵات و دەوڵەتی خۆی دروستبکات و بێتە ناو مێژووەوە.

بەڵام لە راستیدا ئەوەی ئەم کتێبە بە دوایدا دەگەڕێت دۆزینەوەی هۆکارە ناوخۆییەکانەیە کە کوردی وەکو پێکهاتەیەکی نیمچە سەرەتایی هێشتووەتەوەو توانای ئەوەی نیە کە ئەو بارەی لە دەرکەوتنی ناوی کوردەوە تیایدایە بەجێبهێڵێت و بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی پەرەسەندووتر. دیارە لە رووی کۆمەڵناسیەوە ئەوە ئاشکرایە، کە کورد تاکو ئیستا تەنانەت بە چەمکی کلاسیکیش نەبووەتە نەتەوەیەک کە خاسیەتەکانی نەتەوەی لە چوارچێوەی پێناسەی کلاسیکدا بۆ نەتەوە هەبێت. بە چەمکی نوێ کورد تاکو ئیستا ئیتنۆسێکی پێنەگەیشتووە، راستە ناوی ئیتنۆسەکە وەکو ئیتنۆسی کوردی دەرکەوتووەو جوگرافیایەکی هەیەو مێژووی دەرکەوتنی ئیتنۆسەکەش بەو سادەییەی کە هەبووە تا ئاستێک زانراوە، بەڵام پایەکانی تری ئیتنۆسی نیە، کە بریتین لە زمانی ئیتنۆس کە دەبێ زمانێکی یەکگرتوو بێت و زمانی هەموو پێکهاتەکە بێت، هەروەک پایە کەلتووریەکانی تریشی لاوازن. ئەمە بێجگە لەوەی کە ناوی ئیتنۆسەکە نەیتوانیووە یەکێتی توخم و رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئیتنۆسەکە بەرجەستە بکات. بەمانایەکی تر تاکو ئێستاش لە ژێر ناوی ئیتنۆسی کوردیدا یەکێتی و یەکگرتنی پێکهاتەی مرۆیی کوردی نەک وەکو پێویست پێکنەهاتووە، بەڵکو زۆر لاوازە.

سنووری نێوان یەکە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا لە بنەماڵەو خێڵ و عەشیرەت و ئایین و مەزهەب و ڕێبازی تەسەوف و ناوچەگەریێتی و حیزبایەتی نەک هەر نەڕوخاون بۆ ئەوەی یەکێتی پێکهاتەی ئیتنۆسی کوردی پێکبێت، بەڵکو

ئاستی دابەشبوون و جیاوازی و لەیەکتر تێنەگەیشتن هەندێجار دەگاتە ئاستی جیاوازی دوو ئیتنۆس یان دوو میلەت یان تەنانەت دوو نەتەوەی تەواو لێکتر جیاواز. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە گرفتی گەهەری و بونیادی لە بوونی ئیتنۆسی کوردیدا هەیە، هەربۆیە ناتوانێت ئەو دیوارو بەربەستە ناوخۆییانە بڕوخێنێت. نەتەوەی ئەمەریکی کە ئیتنۆسەکەی لە زیاترین توخم و ڕەگەزی جۆراو جۆر لە ڕووی ڕەچەڵەک و ئایین و زمان و کەلتوری جیاوازەوە پێکهاتووە، لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی ئەمەریکیدا بوونەتە بەهێزترین ئیتنۆس و دواتریش دەوڵەت کردوونی بە بەهێزترین نەتەوە، کە بنەمای هەرە سەرکی پێکهاتنی ئیتنۆسەکەیان خاکە. بەڵام کورد کە توخم و ڕەگەزەکانی بەشداربووی پێکهێنانی کەمترەو لێکتریش نزیکترن و لەیەک جوگرافیای نزیک لەیەکدا ژیاون، ناتوانێت ببێتە ئیتنۆسێکی ئاسایی کە لە ژێر چەتری ناوەکەیدا ڕەگەزە جیاوازە پێکهێنەرەکانی یەکێتی و یەکبوون درووست بکەن. کە پێدەچێت ئەمە هۆکاری سەرەکی مانەوەی کورد بێت وەکو ئیتنۆسێکی نەبەکام و پێنەگەیشتوو.

ئەم کتێبەی لە بەردەستدایە لە پێشەکی و دوانزە بەش و سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم ڕووناکی دەخاتە سەر سروستی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی و لەسەر بنەمای ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگاو خاسیەتەکانی ئەم کۆمەڵگایە، گفتوگۆی ئەوە دەکات، ئایا کۆمەڵگای کوردی لە کوێی کۆمەڵگای سەرەتایی یان کۆمەڵگای پێش نووسیندایە، یان ڕوونتر بڵێین چ جۆرە کۆمەڵگایەکە، ئایا کۆمەڵگای سەرەتاییە، یان خێڵایەتی دواکەوتووە، یان کۆمەڵگای مەدەنیە؟. لە بەشی دووەمدا ئاخاوتنی سروشتی کۆمەڵگای ماد یان میدیا دەکرێت و هەوڵدەدرێت ڕووناکی بخرێتە سەر کۆمەڵگای کوردی دوای دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی و ئەگەری گەڕانەوەی بۆ مادەکان و کۆمەڵگای میدیا. لەسەر ئەو بنەمایەش هەوڵی دەرخستنی بوونی یان نەبوونی پەیوەندی کورد بە میدیاوە دەدرێت و لەو ڕووەشەوە پشت بە بەڵگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و زمان دەبەستریت.

لە بەشی سێیەمدا ئاخاوتنی بارودۆخی میلەتی میدیا دەکرێت لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی میدیا لە لایەن هەخامەنشیەکانەوە، هەروەها تاوتوێی ئەو بۆچوونانەش دەکرێت کە پێیانوایە دەسەڵاتی هەخامەنشی درێژکراوەی دەسەڵاتی میدیەکانەو

هەخامەنشی نوێنەرایەتی پارس و میدیا دەکات. لەم چوارچێوەیەدا باسی هۆکارەکانی روخانی دەوڵەتی میدیا دەکرێت و لەو روەوە رووناکی دەخرێتە سەر دەورو کاریگەری نەجیبزادەکان و پیاوانی ئایینی میدیا واتە موغەکان. هەروەها ئەم بەشە باسی ئەو راپەڕین و دژوەستانانە دەکات کە میلەتی میدیا دژی دەسەڵاتی نوێی هەخامەنشی ئەنجامیان داوە کە ئەگەری نزیک لە راستی ئەوەیە ئەم راپەڕینانە هەوڵدان بووبێت بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی میدیا.

لەبەشی چوارەمدا ئەو پرسیارە بەرزدەکرێتەوە، ئایا کورد لە نەژادی ئارییە؟ لەم بەشەدا بە پشتبەستن بە بەڵگە جۆراوجۆرەکان بەدوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێین. بۆ ئەو مەبەستەش تاوتوێی ئەو سەرچاوانە دەکرێت کە باسی دەرکەوتنی مادای یان میدیا دەکەن لەگەڵ ئەوەی ئایا مادەکان پەیوەندییان بە رەگەزی ئارییەوە هەیە یان نا؟ هەروەک لەم بەشەدا بە وردی باسی پێکهاتە رەسەنەکانی باکوری میسۆپۆتامیاو زاکرۆس و ئەناتۆلیا دەکرێت. هەروەها رووناکی دەخرێتە سەر گریمانەی ئاریایی و هینۆئەوروپی بوونی میدیەکان و ئەو ئەگەرانەی بۆ کۆچی خێڵە ئارییاییەکان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ ئاسیای ناوەند یان زاکرۆس و بانی ئێرانی باس دەکرێن. بە پشتبەستن بەسەرچاوە دێرینەکانی ئاشوری و بابلی و یۆنانی و بە بەڵگەکانی میدیاناسان و بەشێک لە ئیرانیستەکان رووناکی دەخرێتە سەر پەیوەندی مادەکان بە نەژادی ئاری و گەلانی هیندۆئەوروپیەوە وەکو ئەگەرێکی زۆر لاوازو پەیوەندیبوونیان بە پێکهاتە رەسەنەکانی ناوچەکەوە وەکو ئەگەرێکی زۆر بەهێز.

بەشی پێنجەم باسی ئیتنۆگرافیاو ئیتنۆگینزی کوردی دەکات. لەم بەشەدا رووناکی دەخرێتە سەر بابەتی ئیتنۆگینزو ئەو زاراوانەی تر کە پەیوەندییان بەم چەمکەوە هەیە. بەدوای ئەوەدا تاوتوێی پرۆسێسی ئیتنۆگینزی کوردی دەکرێت، واتە پرۆسێسی پێکهاتن و دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی. هەروەها لەو پێکهاتانەش دەدوێت کە بوونەتە توخم و رەگەزی بەشداربووی ئەم پرۆسێسەو سەرئەنجام ئیتنۆسی کوردییان پێکهێناوە. هەروەها باسی ئیتنۆس و پایەکانی ئینۆس دەکرێت و لەم رووەشەوە رووناکی دەخرێتە سەر ئیتنۆسی کوردی. لەبەشی شەشەمدا باسی کات و شوێنی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی و رەگەزو توخمە بەشداربووەکانی پێکهێنەری ئەم ئیتنۆسە دەکرێت.

بەشی حەوتەم سەبارەت بە بابەتی ئایینە لە سەردەمی میدیادا، لێرەدا ئەو پرسیارە بەرزکراوەتەوە: ئایا میدیا زەردەشتی بووە یان ئایینی زەردەشتی ئایینی دەوڵەت و گەلی میدیا بووە؟ لەم بەشەدا بە پشتبەستن بە بەڵگە جۆراوجۆرەکان بەدوای دۆزینەوەی وەلامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێین. بۆ ئەو مەبەستەش باسی دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی و ئاڤێستاو خودی زەردەشت دەکرێت، لە رووی کات و شوێنی دەرکەوتنیانەوەو هەروەها لە رووی پەیوەندییان بە سەردەمی دەوڵەتی میدیاو دەسەڵاتی میدیاوە. هەروەک باسی ئایینە دێرینەکانی رۆژهەڵات و پەیوەندی ئایینی زەردەشتی بەو ئایینانەوە دەکرێت. هاوکات رووناکی دەخرێتە سەر ئایینی میترایی و باسی پەیوەندی کۆمەڵگای میدیا بەو ئایینەوە دەکرێت و پرینسیپەکانی ئەو ئایینەو جیاوازی لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا تاوتوێ دەکرێن. هەروەها شوێن و پێگەی ئایینی میترایی لە کۆمەڵگای میدیادا ئاخاوتن دەکرێت. هەروەک سەرباری باسکردنی میترای میدیایی، باسی میترای ئێرانی دەکرێت کە بریتی بووە لە ئایینی خۆرپەرستن و میترای رۆمانیش باس دەکرێت و جیاوازییەکانی میترای میدیایی و میترای ئێرانی تاوتوێ دەکرێن. سەرئەنجام بە پشتبەستن بە بەڵگەو لێکدانەوەکان و ئەو قۆناغە مێژووییەی کە ئایینی زەردەشتی تیادا بڵاوبووەتەوەو پاشتر بووەتە ئایینی فەرمی دەوڵەت و کۆمەڵگا کە سەردەمی ساسانیەکانە، دەردەکەوێت کە پەیوەندی کۆمەڵگای میدیا بە ئایینی زەردەشتیەوە پەیوەندییەکی بەهێزنەبووەو کۆمەڵگای میدیا زیاتر میترایی بوون کە ئەم ئایینەش ئایینێکی زەمینیەو هیچ بنەمایەکی میتافیزیکانەی نیەو جۆرێکە لە پەیمان و گرێبەست و رێکەوتنی کۆمەڵایەتی.

بەشی هەشتەم رووناکی دەخاتە سەر نەوەکانی ماد لە دوای روخانی دەوڵەتی میدیاو لەبارەی میدیای ئەترۆپاتین یان میدیا بچووکەوە دەدوێت. هەروەها تاوتوێ رەچەلەک و بوونی کاردۆخیەکان دەکات و بەدوای بوونی هەر رایەڵەو پەیوەندییەکدا دەگەڕێت کە ئەگەری ئەوەی هەبێت ئەم دوو پێکهاتەیە، واتە میدیاو کاردۆخی ببەستیت بە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیەوە، کە ئەم ئیتنۆسە لە سەرەتای دامەزراندنی دەولەتی ساسانیدا سەرتای پێکهاتن و دەرکەوتنی دەست پێدەکات. واتە ئەم بەشە هەوڵدەدات رۆڵ و

بەشداری کاردۆخی و میلەتی میدیای دوای دەسەڵاتی میدیا کە لە سایەی هەخامەنشیەکان و سلوقی و ئەشکانیەکاندا بوون، لە پرۆسێسی ئیتنۆگینزی کوردی و لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا دیاری بکات.

بەشی نۆیەم لێکۆڵینەوەی دەرکەوتنی ناوی کورد لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانیدا دەکات و تاوتوێی ئەوە دەکات ئایا ناوی کورد لەو قۆناغەدا تەنیا وەکو ناوی بنەماڵە یان خێڵ دەرکەوتووە، یان لە راستیدا وەکو ناوی ئیتنۆسێک دەرکەوتووە، کە ئیتنۆسی کوردیەو پایەکانی ئیتنۆسێکی پێگەیشتووی هەبووە کە بریتین لە ناوی ئیتنۆس و شوێن و کاتی دەرکەوتنی ئیتنۆس و دروستبوونی زمانی ئیتنۆس و بنەماو خاسیێتە کەلتورییەکانی تری و هەروەها گواستنەوەی پێکهاتەی ئیتنۆسەکە لە یەکە سەرەتاییەکانی پێکهێنەرییەوە لە خێزان و بنەماڵەو تیرەو خێڵەوە بۆ یەکەیەکی یەکگرتوو، کە زمانێکی هاوبەش ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوانیان بووبێت.

بەشی دەیەم باسی پێکهاتن و دەرکەوتنی زمانی کوردی دەکات و هەوڵدەدات کات و شوێنی دەرکەوتنی زمانەکەو خاسیێتەکانی ئەو زمانە دیاری بکات و لەسەر بنەمای خاسیێتەکانیش هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان زمانەکەو پێکهاتەی کورد لە نێوان خێڵ و ئیتنۆسدا ببەستێتەوە بە زمانەکەوەو لەوە بدوێت ئایا زمانی کوردی لە پێکهاتن و دەرکەوتنیەوە توانیوێتی ببێتە زمانی ئیتنۆسی کوردی، یان زمانی قسەکەرانی ناوچەیی بووەو هەر خێڵ و توخم و رەگەزێکی پێکهێنەری کورد، وەکو پێکهاتەیەکی سەرەتایی، یان رەگەزی ئیتنۆسێکی پێنەگەیشتوو بە زمانی ناوچەیی خۆی ئاخاوتنی کردووەو ئەوەش هەرچەندە لە لایەک دەرئەنجامی لاوازی و نەبەکامی ئیتنۆسی کوردی بووە، هاوکات بووەتەوە بەهۆی دابەشبوونی زیاترو پێکهاتەی کوردی تەنیا لە ناوەکەیدا وەکو یەکەیەک دەرکەوتووە، ئەگینا لە ژێر ئەو ناوەدا چەندین یەکەی ناوچەیی نایەکگرتوو بووەو هەر یەکە زمانی ناوچەیی خۆیی هەبووەو زمانەکەشی تەنیا زمانی پەیوەندیکردنی زارەکی بووەو تا مێژوویەکی زۆر درەنگ نەبووتە زمانی نووسین و تاکو ئێستاش نەک خاسیێتەکانی زمانی نەتەوەی نیە بەڵکو نەبووەتە زمانی ئیتنۆسێکی پێگەیشتوو کە ئامرازی پەیوەندیکردنی هەموو پێکهاتەی کوردی بێت.

بەشی یانزەیەم لەبارەی کوردەوە دەدوێت لە دوای دەرکەوتنی ناوەکەی وەکو ناوی ئیتنۆس یان پێکهاتە خێڵایەتیەکان. هەروەک لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت رووناکی بخرێتە سەر شوێنی کورد لە سەردەمی ساسانیەکاندا و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت ئایا کورد لە دوای دەرکەوتنی ناوەکەی هیچ ئامادەبوونێکی ئەوتۆی لە سەردەمی ساسانی و دوای ئەویش لە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامیدا هەبووە؟ هەر لەم بەشدا ئاماژە بە بۆچوونی مێژوونووسان و جوگرافیاناسان و گەڕیدەکانی عەرەبی و ئیسلامی کراوە سەبارەت بە ناوی کورد و ئامادەبوونی کورد و رۆڵ و کاریگەرییان بە تایبەتی لە دەستپێکردنی پرۆسێسەکانی فەتحی ئیسلامیەوە تا کۆتایی فەتح و زیاتریش تا لاوازبوون و بەرەو رووخانچوونی خەلافەتی عەباسی چونکە ئاشکرایە لە سەردەمی عەباسیەکاندا شالاوی بەرفراوانی مێژوونووسی و جوگرافیاناسی رووبەرێکی فراوانی گرتۆتەوەو چ عەرەبەکان و چ فارسەکان و تەنانەت رۆمی بە مسوڵمان بوو تاک و تەرای کوردیش لەو شالاوەدا بەردەوام بوون، بەڵام زمانی سەرەکی نووسین زمانی عەرەبی و فارسی بووەو زمانی کوردی هێشتا نەبووەتە زمانی نووسین و دیسان زمانی پەیوەندیکردنی ناوچەیی بووە.

بەشی دوانزەیەم باسی خاک دەکات کە پایەیەکی سەرکی بوونی ئیتنۆسە. لەم رووەوە لەم بەشەدا رووناکی دەخرێتە سەر دەرکەوتنی ناوی کوردستان کە بۆ یەکەمجار لەسەردەمی سوڵتان ئەحمەد سەنجەری سەلجوقیدا دەرکەوتووە. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ناوی کوردستان وەکو ناوی خاکی ئەو ئیتنۆسە دەرکەوتووە کە ناوی کوردە یان ناوی ناوچەیەکی بەڕێوەبردن بووە کە ئەم سوڵتانە بۆ جیاکردنەوە لە شوێنەکانی تر ناوی ناوە، یان شوینی خێڵە کوردە کۆچەرو شوانکارەکان بووە کە لە گەرمیان و کوێستاندا بوون، چونکە ئاشکرایە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش کە گەرمیان و کوێستان دیاردەیەکی دیارو ئاشکرای کۆمەڵی کوردەواری بووە، دوو زارەوە بۆ جیاکردنەوەی کوردی کۆچەری و کوردی نیشتەجێ بەکارهاتوون. کوردی نیشتەجێ پێی گوتراوە گۆران و کوردی کۆچەریش پێی گوتراوە کورد. هەروەک لەم بەشەدا زۆرێک بۆچوونی جوگرافیاناسان و گەڕیدە مسوڵمان و عەرەبەکان

سەبارەت بە ناوی ناوچەو شوێنە کوردیەکان و ئەو جێگایانەی کوردیان تیادا ژیاوە خراوەتە روو. بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای سەرنجە ناوی کوردستان لەم قۆناغەشدا هێشتا خاسیێتی نیشتیمانی وەرنەگرتووە چونکە کاتێ زاراوەی نیشتیمان دەچەسپێت کە نەتەوە پێکهاتبێت، کە ئەویش دەوڵەت دروستی دەکات. لەم قۆناگەدا کوردستان نەبووەتە ناوی هەموو ئەو جوگرافیایەی کە پێکهاتەی کوردی تیایدا نیشتەجێ بووە یان گەرمیان و کوێستانی تێدا کردووە.

لە راستیدا ئەم کتێبە لە ئاستێکی قوڵدا بە دوای رەگەزو توخم و پایەکانی ئیتنۆسی کوردیدا دەگەڕێت، کە دیارە ئیتنۆس وەکو بنەماو مادەی خاوی نەتەوە سەیر دەکرێت و دەوڵەت دەکارێت ئیتنۆس بگوازێتەوە بۆ نەتەوە. کەواتە بە دەربڕینێکی تر ئەم کتێبە دەشێ وەها سەیر بکرێت کە بەدوای پایەو بنەماکانی ناسیونالیزمی کوردیدا دەگەڕێت، کە ئاشکرایە ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەیە کە بارگاوی کراوە بە توخم و رەگەزەکانی پێکهێنانی دەوڵەت کە ئەمەش مانای بەکارخستنی توخم و رەگەزەکانی بنیاتانی نەتەوەیە. واتە پرۆژەی گواستنەوەی ئیتنۆسی کوردی بۆ نەتەوەی کورد، یان بنیادنانی نەتەوەی کورد لەو ئیتنۆسە ناسروشتی و ناکامڵەی کە تاکو ئێستا هەیە. دیارە ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی جەماوەریی توانای هەیە و ئەرکیشیەتی دەوڵەت پێکبهێنێت و نەتەوە بنیاد بنێت. بەگوێرەی کورد ناتەواوی و کەموکورتیەکانی کە تاکو ئێستا نەیتوانیووە ئەو ئەرکەی خۆی جێبەجێ بکات و تەنانەت وەکو پێویستیش دروستنەبووە، دەرئەنجامی گرفت و کێشەو کەموکورتیە لە ئیتنۆسی کوردیدا کە ئێمە بە ئیتنۆسێکی کاڵ و نەبەکام و ناتەواو وەسفمان کردووە. ٢٠٢٣/٨/١٩

# بەشی یەکەم

## کورد لە نێوان ڕەچەڵەک و پێکهاتەکانی و سەرەتاییبووندا

کۆمەڵگا چیە؟ ئایا کورد بووە بە کۆمەڵگا؟ ئەگەر نەبووە بە کۆمەڵگا چۆن و ئەو بارەی تێیدا دەژی چۆن پێناسە دەکرێت و دەکەوێتە کوێی پەرەسەندن و گەشەی کۆمەڵایەتیەوە؟ خاسیێتە دیارەکانی ئەو بارەی تێیدایە چین و لە کوێی خاسیێتەکانی کۆمەڵگادان؟

لە سادەترین پێناسەدا کۆمەڵگا بریتیە لە کۆمەڵی خەڵک کە پێکەوە لە پێکهاتەی زۆر یان کەم ڕێکخراودا پێکەوە دەژین. بەڵام ئەم پێناسەیە بۆ هەر کۆمەڵە زیندەوەرێک لە ئاژەڵ یان باڵندە یان ئەوانەی لە دەریادا دەژین و تەنانەت بۆ هەنگ و مێروولەش ڕاستە، چونکە لە سروشتدا دەبینین کە زۆرینەی زیندەوەران لە شێوەی دەستەو کۆمەڵ پێکەوە دەژین و سیستێمی ڕێکخراوی ژیانیان هەیە و ئاسایی بەڕێوەی دەبەن و هەموانیش بەشدارن لە بەڕێوەبردنیدا، تەنانەت ئەگەر ئەو پێکەوەژیان و کۆبوونەوەیە لە دەوری یەکتر لەژێر کاریگەری پاڵنەری غەریزەشدا بێت. کەواتە لێرەدا دوو جۆر کۆمەڵبوون هەیە، کە کۆمەڵایەتیبوون دەرئەنجامی ئەو دووجۆرەیە. کۆمەڵایەتیبوونی غەریزیی و کۆمەڵایەتیبوونی بەئاگایانە یان هوشیارانە.

لە فەرهەنگی کامبریجدا کۆمەڵگا بەمجۆرە پێناسە دەکرێت: کۆمەڵگا بریتیە لە کۆمەڵێکی گەورە لە خەڵک، کە بە شێوازێکی ڕێکخراو پێکەوە دەژین و بڕیاردەدەن لەبارەی ئەوەی چۆن شتەکان ئەنجام بدەن و چۆن بەشداری بکەن لەو کارەدا کە پێویستە ئەنجام بدرێت. هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە

ولاتێکدان یان لە چەند ولاتێکی هاوشێوەدان، دەتوانرێت وەکو کۆمەڵ ئاماژەیان بۆ بکرێت(١). لە فەرهەنگی بەریتانیکا کۆمەڵگا پێناسەدەکرێت بەوەی کە: بریتیە لە خەڵکێک وابیریان لێ دەکرێتەوە لە کۆمەڵی رێکخراودا پێکەوە بژین و یاساو رێساو نەریت و بەهای هاوبەشیان هەبێت، یان خەڵکی ولات و رووبەرو سەردەمێکی دیاریکراوە، بەتایبەتی وەکو کۆمەڵێکی رێکخراو بیریان لێ دەکرێتەوە(٢). وشەی کۆمەڵگا دەشێ درێژبکرێتەوە یان تەسک بکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر پێکهاتەیەک لە خەڵک یان کۆمەڵێک کەس بگرێتەوە کە هەر ئاستێک لە بەرژەوەندی و بەها، یان ئامانجی هاوبەشیان هەیە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا کۆمەڵگا بە مانای چینە بالاکان دەهات(٣). کۆمەڵگا گروپێکە لە تاکەکەس لە کارلێک و پەیوەندی ناوکۆیی بەردەوامدان، یان بریتیە لە دەستەیەکی گەورەی کۆمەلایەتی کە هاوبەشن لە هەمان خاکی تایبەتی و بنەما کۆمەلایەتیەکان و لە چاوەڕوانیە کەلتوریە بالادەستەکاندا. کۆمەڵگاکان دەناسرێنەوە بە نموونەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو تاکەکەسانەی کە بەشدارن لە کەلتوری جیاوازو دامەزراوەکاندا(٤).

دەتوانرێت چەندین پێناسەی تر بۆ کۆمەڵگا بکرێت، کە بەگشتی لەوەدا یەکدەگرنەوە کە کۆمەڵگا لە کۆبوونەوەو پێکەوەژیانی خەڵک پێکدێت کە بەشدارن لە کەلتورو نەریت و شیوازی ژیانداو پێکەوە رێکخراون یان لەگەڵ بەردەوامی ژیاندا گەیشتوونەتە ئاستێکی رێکخراو. بێگومان ئەو رێکخستنە کە لە شێوەی پێکەوە ژیاندا بەرجەستە دەبێت، دەردەکەوێت لە ئاستی یەکەمدا پێداویستیەکانی ژیان بەرهەمی دەهێنێت یان دەیسەپێنێت، کە ئەویش لە ئاستی یەکەمدا پێداویستی خۆپاراستن و مانەوە یان زیادبوونە کە مەبەست لەمەشیان وەچەخستنەوەیە. کەواتە پاڵنەری یەکەمی دروستبوونی یەکەم شانەی کۆمەلایەتیبوون کە لە نێوان تەنیا نێرو مێیەکاندا روویداوە، پاڵنەری مانەوەی رەچەڵەکە کە لە جووتبووندا دەگاتە ئەنجام، کە ئەوەش مانای پێکەوەبوونە کە دەشێ بگوترێت ئەم یەکەم پێکەوەبوون یان کۆبوونەوەیە بۆ زیندەوەرانی تریش راستە کە پاڵنەرەکەی غەریزەیە. لایەنی دووەمی پێویستبوون یان ناچاربوون بۆ کۆبوونەوەو پێکەوەبوون و پێکەوە ژیان خۆپاراستن بووە، ئەویش لە ئاستی یەکەمدا خۆپاراستن لە مەترسی رووداو و کارەساتە سروشتیەکان و

لە زیندەوەرانی ترو تەنانەت بە گوێرەی مرۆڤ خۆپاراستن لە مرۆڤەکانی تر، چونکە غەریزەی لە ناوبردن و سڕینەوەی ئەوانی تر، غەریزەیەکی ئامادەیە لە بوونی مرۆڤ و دەشێ کۆی زیندەوەرانی تریشدا کە ئامانجیش لەوە فەراهەمکردنی ژیانێکی باشترو بەدەستهێنانی ئاسایش و دڵنیاییە لە بوون و مانەوە.

ئاشکرایە کاتێ باسی کۆمەڵگا دێتە ئاراوە، لەگەڵ خۆیدا ئەو بۆچوونە هەڵدەگرێت کە کۆمەڵگا دامەزراوەیەکی ڕێکخراوی لە ناوەوەڕا گونجاو و لەناوخۆدا سازاوەو پەیوەندی نێوان ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بەجۆرێکە کە ئەو کۆمەڵگایە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو نیشان دەدات. بەڵام لێرەدا ڕاستەوخۆ ئەو بۆچوونە دێتە ئاراوە کە مەبەست کۆمەڵگای مەدەنی یان کۆمەڵگای شارستانی یان کۆمەڵگای شارە. کەواتە ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا جۆرێکی تر لە کۆمەڵگا لە خەیاڵدا بەرجەستە دەبێت کە دەشێ بە کۆمەڵگای ناشاری یان ناشارستانی یان کۆمەڵگای دواکەوتوو، یان کۆمەڵگای سەرەتایی و پێش نووسین ناو ببرێت، کە لە تێزی هیگڵیدا کۆمەڵگای شارستانی یان شاری وەکو کۆمەڵگای باش ڕێکخراو و بەرهەمهێنی دەوڵەت باس دەکرێت و کۆمەڵگای دواکەوتوو یان سەرەتایی یان نەگەیشتوو بە ئاستی کۆمەڵگای شار یان شارستانی بە کۆمەڵگای پێش دەوڵەت ناودەبرێت. کەواتە ئێستا ئێمە لەبەردەم دوو جۆر کۆمەڵگادایـن، کۆمەڵگای دەوڵەت کە دەشێ بە کۆمەڵگای شار یان شارستانی ناوی ببەین، لەگەڵ کۆمەڵگای دەرەوەی دەوڵەت یان پێش دەوڵەت یان بێ دەوڵەت کە دەشێ بە کۆمەڵگای سەرەتایی یان لادێ ناوببرێت. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە بزانین کۆمەڵگای سەرەتایی چیەو خاسیەتەکانی چین و ئایا ئەگەری ئەوەی هەیە کۆمەڵگای سەرەتایی یان کۆمەڵگای پێش دەوڵەت پەرەبسەنێت و بگاتە ئاستی کۆمەڵگای شارستانی و ببێتە کۆمەڵگای دەوڵەت. یان چۆن کۆمەڵگای سەرەتایی دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر کە کۆمەڵگای شارستانیە؟ هەروەها ئامانجی قسەکردن لەم بابەتە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگای کوردی وەکو کۆمەڵگای دەرەوەی دەوڵەت، ئەگەری ئەوەی هەیە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی پەرەسەندووترو ببێتە کۆمەڵگای شارستانی و بەرهەمهێنی دەوڵەت؟ هەروەک ئێمە لەپاڵ گەڕان بە دوای وەڵامی

ئەو پرسیارانەی سەرەوەدا دەمانەوێت بە دوای گەیشتن بە وەڵامێکی قایلکەردا بگەڕێین بۆ بۆچوونێکی باو لەناو کوردەواری خۆیدا کە کار دێتە سەر رەخنەگرتن لە کۆمەڵگای کوردی، بۆچوونی لەوجۆرە دەخرێتە ڕوو کە گوایە کۆرد نەبووەتە کۆمەڵگا، یان کورد کۆمەڵگایەکی سەرەتاییەو تەنانەت دەگوترێت خاسیێتەکانی کۆمەڵگای نیەو لەبەرئەوە ناشێ بتوانێت خۆی بەڕێوەببات، یان تواناو عەقڵی خۆبەڕێوەبردن و دەوڵەتداری نیە. بۆیە هەوڵدەدەین لەم باسەدا هەم پێناسەی کۆمەڵگا و هەم پێناسەی کۆمەڵگای سەرەتایی بکەین و لە خاسیێتەکانی هەریەکەیان بدوێین و لەوێشەوەو لەسەر بە پێوانە کردن و بە بنەماکردنی خاسیێتەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی و خاسیێتەکانی کۆمەڵگا کورد هەڵبسەنگێنین و رووناکیەک بخینە سەر راستی یان ناڕاستی ئەو بۆچوونە باوە کە نەک هەر بە تەنیا بەشێک لە کورد خۆی بەڵکو لای کوردناسانیش بۆچوونی لەوجۆرە دەبینرێت کە کورد وەکو کۆمەڵگایەکی سەرەتای سەیر دەکات.

سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرەتایی لە فەرهەنگی کۆڵن دا هاتووە: سەرەتایی بوون مانای گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵگایەک کە تیایدا خەڵک بە شێوەیەکی زۆر سادە دەژین. ئاسایی نە پیشەسازییان هەیە نە سیستێمی نووسین(٥). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کۆمەڵگای سەرەتایی تەنانەت لە ئێستاشدا ئەگەر بسەلمێنرێت کۆمەڵگای لەم جۆرە هەبێت یان مابێت، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ پێکەوەبوونی سەرەتایی ئادەمیزاد پێکەوەو ژیانی بە کۆمەڵ یان پێکەوەیی لە قۆناغەکانی پێش مێژوودا. کە مەبەست لە قۆناغەکانی پێش مێژوویش، قۆناغی پێش تۆمارکردنە لە رێگای نووسینەوە، واتە قۆناغی پێش ئەوەی کۆمەڵگا نووسینی هەبێت یان توانانی نووسینەوەو تۆمارکردنی رووداوەکانی هەبێت. ئەمەش بەلای ئەو بۆچوونەدا رامان دەکێشیت کە: مرۆڤی سەرەتایی، واتە مرۆڤی پێش مێژوو،، زۆربەی کات خەڵک وەکو دڕندە وێنای دەکەن(٦).هەروەک کاتێ ئێمە باسی کۆمەڵگای سەرەتایی دەکەین واتە: باسی گەلانی سەرەتایی دەکەین، ئەو گەلانەی سەر زەوی کە نووسینیان نەبووە. ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەو گەلانە بەراورد بە ئێستای ئێمە پەرەسەندوو نەبوون، ئەمەش لە زۆر رووەوە راستە، بۆ نموونە لە رووی خوێندنەوەو نووسینەوە، لە رووی پێشکەوتنی

تەکنۆلۆجیاوە. لەوانەیە ئەوە بە ئاستی جیاواز لە هەندێ لە کەلتورەکانداو لە هەندێ لایەنی پەرەسەندنی رەفتارو دامەزراوەکاندا راستبێت(٧). زارەوەی «سەرەتایی- primitive» بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ نەبەکامی و نەبوونی پەرەسەندن و زبری و نزمی جۆر دەکات(٨). سەرەتایی لە رووی زمانەوە دەشێ مانای زوو یان سەرەتا یان یەکەم یان ئەسل-رەسەن- یان کۆن و دێرین، یان یەکەم سەرچاوە بگرێتەوە، کە هەندێجار قۆناغی ژیانی کۆمەڵگای سەرەتای وەکو سەردەمی ساوایی یان منداڵی کۆمەڵگا سەیر دەکرێت. بەهەرحاڵ سەرەتاییبوون مانای بەردەوامبوونی هەندێ خاسێتە بۆ ماوەی مێژوویی دوورو درێژ، بە کەمترین گۆڕانکاری شیاوەوە. ئەمەش بەو مانایە وەسف دەکرێت کە خاسێتی دەرەوەی کاتە، بەجۆرێک هەندێ لە گەلان وادەردەکەون کە بەوجۆرە وەسف دەکرێن کە لە دەرەوەی کات بن(٩). سەرباری چەندین پێناسەی هاوشێوە بۆ بوونی کۆمەڵگای سەرەتایی کە بەگشتی جەخت دەکەنە سەر شێوازی سادەی ژیان و لاوازی ئاستی کۆمەڵایەتیبوون و پشبەستن بەوەی لە سروشتی دەست لێنەدراودا هەیە بۆ ژیان، واتە نەبوونی سادەترین کاری دروستکردن یان بەرهەمی پیشەسازی و لەپاڵ ئەمانەشدا نەبوونی نووسین، واتە نەتوانینی یان نەبوونی تۆمارکردن و خوێندنەوە، بەڵام هەندێ ئەنترۆپۆلۆجیستەکان پێداگری ئەوە دەکەن کە شتێک نیە بە ناوی کۆمەڵگای سەرەتایی، بەڵکو ئەوەی هەیە جیاوازیە لە ئاستی پەرەسەندن و گەشەکردندا. سەرەتاییبوون پێناسە دەکرێت وەکو بەستنەوە بە سەرەتاو دەستپێکەوە یان بە ئەسڵ و رەگوڕیشەوە، یان بە سەردەمانی زووەوە، یان دەناسرێتەوە بە شێوازو سادەیی و کاڵی یان خاوی سەردەمانی سەرەتاو شێوازی کۆن وەکو ئامرازە سەرەتاییەکان(١٠).

ئیدوارد تایلەر وەکو ئەنترۆپۆلۆجیستێکی ناودار، لە کتێبەکەیدا بە ناوی ئەنترۆپۆلۆجیا کە ساڵی ١٨٨١بڵاوی کردۆتەوە، کاتێ باسی پەرەسەندنی کەلتووریی دەکات، لە بارەی سێ قۆناغەوە دەدوێت: یەکەم قۆناغی کێویی بوون، کە دەناسرێتەوە بە ژیان لەسەر رووەک و ئاژەڵە کێوییەکان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی سەردەمی بەردین. دووەم قۆناغی بەربەری- دڕندەیی- کە دەناسرێتەوە بە دەرکەوتنی کشتوکاڵ و ئامێری کانزایی و جۆرێک لە

ژیانی بە کۆمەڵ لە گوندو شاردا. سێیەم، قۆناغی بە شاریبوون کە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ هونەری نووسینی دۆزیەوە(١١). یەکێک لەو ئەنتروپۆلۆجیستانەی کە پێناسی سەرەتاییبوون دەکات دیامۆند ستانلیە کە دەڵێت: هەموو گەلان بەگوێرەی ڕاڕەوی مێژووی هاوچەرخ سەرەتایین، ئەوەش بەهۆی ئەو بابەتە ڕووداوانەوە، کە بە پلەی یەکەم پەیوەندییان بە شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەیە. بەم مانایە دەشێ وا سەیری سەرەتاییە هاوچەرخەکان بکرێت کە باپیرانی هاوچەرخی ئێمەن لە پێش بەمەدەنیبوونماندا(١٢).

لە کۆی ئەم پێناسانەو چەندین پێناسەی تریش بۆ سەرەتاییبوون دەردەکەوێت کە جۆرێک هاوبۆچوونی سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرەتایی هەیە، کە ئەویش سادەیی ژیان و پەیوەندی خزمایەتی و نەبوونی پیشەسازی و نەبوونی بنەماکانی شارستانی و شێوازی کۆنی ژیان و نەبوونی نووسین کۆیان دەکاتەوە. ئاشکرایە کاتێ باسی زاراوەی سەرەتاییبوون دەکرێت لە پاڵ زاراوەی کۆمەڵگای سەرەتایدا چەندین زاراوەو دەربڕینی تر دەبینرێت کە سەرەتاییبوونیان لەگەڵدایە وەکی مرۆڤی سەرەتایی، ژیانی سەرەتایی، گەلانی سەرەتایی، ڕەگوڕیشەی سەرەتایی، ئاینی سەرەتایی، سرووتی سەرەتایی، ئابووری سەرەتایی، کەلتووری سەرەتایی، دامەزراوەی سەرەتایی، پەیوەندی سەرەتایی، عەقڵی سەرەتایی، سیاسەتی سەرەتایی، بیری سەرەتایی. ڕەفتاری سەرەتایی، پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرەتایی.... هەروەک لەم پێناسانەوە بۆ سەرەتاییبوون یان بۆ کۆمەڵگای سەرەتایی، دەتوانین خاسیەتەکانی کۆمەڵگاکانی نێو سروشت دەستنیشان بکەین. کە سەرەکیترینیان ژیانی سەرەتایی سادەو ساکارو ئاستی لاوازی نیشتەجێبوون و پشتبەستن بە بەرهەمی ناو سروشت و کۆکردنەوەی بەروبوومی دارودرەخت و گیاو ڕاوکردنی ئاژەڵەکانی ناو سروشت و بوونی مرۆڤی سادەیە لە ڕووی ژیان و پەرەسەندنەوەو بەهێز لە ڕووی جەستەو تواناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکانی ناو سروشت و زیندەوەرانی تری ناو سروشت کە ئەوەش پێویستی بەهێزی زیاتر هەیە، نەک بیرکردنەوەو عەقڵ.

سەرباری ئەوە کە ئەنتروپۆلۆجیا بریتیە لە لێکۆڵینەوەی گەلانی سەرەتایی، بەڵام ئەنتروپۆلۆجیستەکان لە سەر بەکارهێنانی وشەیی «سەرەتایی»

ناراکۆکن، ئەویش لەو روانگەیەوە کە سەرەتایی یان سەرەتاییبوون لە لایەن زانایانی بایۆلۆجی و ئەوانەی لەبارەی پەرەسەندنەوە دواون وەکو هاوواتای کێویبوون یان بەربەری بەکارهێنراوە، کە ئەوەش مانای نائاساییبوون لە رووی پەرەسەندنەوە دەبەخشێت. لە کاتێکدا لەو پێناسانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەبەست لە سەرەتاییبوون چەمکێکە پەیوەندی هەیە بە چەمکەکانی سەرەتا، دەستپێک، ئەسڵ، درێرینترین لە رووی کاتەوە، یەکەمین، وەکو دەگوترێت مرۆڤی چاخی یەکەمین، یان کۆنترین سەردەمی ژیان، ئایین، هونەر، یان ئامرازی کۆن، رەفتاری کۆن. هەروەک سەرەتاییبوون دەناسرێتەوە بە خاسیێتە سروشتی و خاوێن و سادەکان کە ئەوەش دەمانباتەوە بۆ ئەو لایەنگیری ئەو بۆچوونەی ژیان لە سروشتدا بووە، یان لە سەر سروشتی خاوێن و رەگەزو بەرهەمەکانی سروشت وەکو ئەوەی هەبوون بنیادنراوە. ریدفیڵد لە کتێبی» جیهانی سەرەتایی و گۆڕانگارییەکانی»دا، «سەرەتاییبوون» وەکو هاوواتای زاراوەی «پێش نووسین» بەکاردەهێنێت(١٣). بێگومان ئەوەش هەم لە رووی مێژووییەوە ماوەیەکی درێژ دەگرێتەوە، هەم ئەو قۆناغەی ژیانیش لەو بۆچوونە جیادەکاتەوە کە پێیوایە ژیانی مرۆڤ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ ژیانی ئاژەڵە کێویی و دڕەندەکاندا، لە کاتێکدا هەندێ لە ئەنترۆپۆلۆجیستەکان «سەرەتاییبوون» یان وەکو هاوواتای کێویی و دڕندە بەکارهێناوە. لە هەمان چوارچێوەدا رۆسۆ لە سەر زمانی مۆلێرەوە لەبارەی سەرەتاییبوونەوە دەڵێت: خەڵک بەرەو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان دەچن بە مەبەستی ئاشکراکردنی سرووشتی مرۆیی لە باری «بێگەردی»دا، بەڵام لە راستیدا ئێمە ئەو بارە سروشتیە نادۆزینەوە، بەشێوەیەک کە بەسەر هەموو ئادەمیزاددا پیادەبکرێت، بەڵکو لە بری ئەوە، جۆراوجۆریەکی سەیر دەبینین لە شێوازی ژیاندا، کە زۆربەی کات پشتگوێخستنی پڕ لە ناسۆری یاسا دانراوەکانی سرووشتی مرۆییین(١٤).

هەر لەبارەی «سەرەتاییبوون»ەوە جۆرج دۆگلاس ئارجیڵ دەڵێت: لێکۆڵینەوە لە باری سەرەتاییبوونی مرۆڤایەتی لە سێ بابەتدا کۆدەبێتەوە. یەکەم بابەتی ئەسڵی مرۆڤ لە رووی چەشنەوە، دووەم بابەتی دێرینیی مرۆڤ، سێیەمیان باری عەقڵی و ئیتیکی و فیکری کاتێ کە بۆ یەکەمجار ئەفرێندراوە(١٥).

بێگومان ئەم باسی یەکەم مرۆڤ دەکات، کە باپیری هەموو مرۆڤایەتیە. واتە لێرەوە ئەوە ئاشکرایە کە ڕیشەی مرۆڤایەتی یەکە، کەواتە ئەوەی جیاوازی دروستکردووە بوونی مرۆڤە لە واقیعدا. هەروەک ڕێکەوتنێکی تەواو لەسەر زاراوەی «سەرەتاییبوون» نیە، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنان و ئەو مانایانەی هەڵیدەگرێت سەرباری ئاماژەیەکی کەمی سوکایەتی و بە کەم بەها سەیرکردن، بەڵام لە ڕووی مانا و دەلالاتەوە جیاوازی هەیە لە وشەی کێویی و دڕندە، کە ئەم دووانەیان بەتەواوی ئاماژە بۆ ئاژەڵەکانی نێو سروست دەکەن بە تایبەتیش ئەوانەیان کە مەترسیدارن. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆجیەکان زاراوەی سەرەتاییبوون – Primitive – بە کەمی باکاردەهێنن و لە بەکارهێنانیشیدا زیاتر بە مەبەستی یەکەمین، کۆنترین، ئەسڵی، خاوێن، باپیری مرۆڤایەتی بەکاری دەهێنن و لەو ڕووەشەوە لە هەموو مەبەستێکی بەکەم سەیرکردن، یان سوکایەتی پێکردن دووری دەخەنەوە.

ئێمە بەردەوام ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونە دەبینەوە کە گوایە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سەرەتاییەو بەکارهێنانی ئەم وشەیەش واتە وشەی سەرەتایی بۆ کۆمەڵگای کوردی هەرگیز بەو مانایە ناگوترێت کە ئەنترۆپۆلۆبیستەکان مەبەستیانە، واتە بەمانای یەکەمین، ئەسڵی، دێرین، خاوێن، بەڵکو زیاتر لە ڕوانگەی بەکەم سەیرکردن و جۆرێک لە سوکایەتی پێکردنەوە بەکاردەهێنرێت، کە ئەوەش دەرئەنجام و دەرهاوێشتەی مانەوەی کوردە لە دەرەوەی مێژوو، یان ڕوونتر بڵێین مانەوەی کوردە بەبێ گەیشتن بە ئاستی بەرهەمهێنانی دامەزراوەی دەوڵەت. کەواتە جێگای خۆیەتی لێرەدا ئەو پرسیارە بەرزبکەینەوە، ئایا کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سەرەتاییە بەو مانا ئامانجەی کە گوێمان لێی دەبێت، یان کۆمەڵگایەکی سەرەتاییە بەو مانایەی کە ئەنترۆلۆجیستەکان مەبەستیانە، یان کۆمەڵگایەکی ئاساییەو لە چوارچێوەی هیچ کام لەو دوو بۆچوونەدا جێگای نابێتەوە؟ یان بەشێوەیەکی تر ئەگەر مەبەست لە کۆمەڵگای سەرەتایی کۆمەڵگای پێش نووسین بێت، ئایا کۆمەڵگای کوردی دەبێتە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی، بە تایبەتی کە مێژووی نووسین بە کوردی هەرچەندە بەراورد بە کۆمەڵگاکانی تر زۆر درەنگ دەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەدەیەکی تێپەڕاندووە؟

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا ئێمـە بـە دوای وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەدا دەگەڕێیـن و هەوڵدەدەیـن بـە خوێندنـەوەی رابـردووی ئـەم کۆمەڵگایـەو شـیکردنەوەو هەڵسـەنگاندنی ئـەوەی وەکـو بەڵگـە بەکاردێـت، چـی بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە کۆمەڵـگای کـوردی کۆمەڵگایەکـی سـەرەتایی بێـت یـان بـە پێچەوانـەوە بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە کۆمەڵـگای کـوردی کۆمەڵگایەکـی سـەرەتایی نیـە. راسـتە رابـردووی دووری کـورد بـە باشـی تۆمـار نەکـراوە، بـەڵام بـە پێـی مێـژووی زارەکـی و خوێندنـەوەی کۆنەسـت و یادەوەری و سرووتە کۆمەڵایەتیـەکان و بـە پێـی سـەیرکردنی بـاری ژیـان و کەلتورو کەلەپوورو ئـەوەی بەجێماوەو ئەوەیشـی کـە کوردناسـان و مێژوونووسـان رەچەڵەکناسـان بـە ئەرێنـی یـان بـە نەرێنـی تۆماریـان کـردووەو ئامادەبوونـی کوردیـش لـە مێـژوودا، دەشـێ بوارێـک بـۆ ئاخاوتـن لەسـەر رابـردووی ئـەم پێکهاتـە ئیتنیکیـە هەبێـت.

بیـار کلاسـتەر پێناسـەی کۆمەڵـگای سـەرەتای لـەو پێناسـانەی پێشـتر کـران جیادەکاتـەوەو ئـەو پێیوایـە: کۆمەڵـگای سـەرەتایی ئـەو کۆمەڵگایانەن کـە دەوڵەتیان نیـە.. واتـە کۆمەڵـگا سـەرەتاییەکان ئـەو کۆمەڵگایانـەن کـە کەموکورتیەکیـان هەیـە ئەویـش نەبوونـی دەوڵەتـە(١٦). لێـرەدا کلاسـتەر سـنوورێکی ئاشـکرا لـە نێـوان کۆمەڵـگای سـەرەتایی و کۆمەڵـگای ناسـەرەتایی یـان شارسـتانیدا دەکێشـێت و زۆر بـە ئاسـانی لـە یەکتریـان جیادەکاتـەوە. ئـەو کۆمەڵگایـەی دەوڵەتـی نەبێـت بـەلای ئـەوەوە کۆمەڵـگای سـەرەتاییە، ئـەو کۆمەڵگایەشـی دەوڵەتـی هەبێـت کۆمەڵـگای شارسـتانیە. هـەر بـە بۆچوونـی ئـەو هەمـوو کۆمەڵگایـەک لـە رێـگای دروسـتکردنی یـان بەرهەمهێنانـی دەوڵەتدایـە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت هەمـوو کۆمەڵـگا سـەرەتاییەکان لـە جوڵـەی بـەرەو بـوون بـە کۆمەڵـگای شارسـتانیدان. لـەم بارەیـەوە کلاسـتەر دەڵێـت: ناشـێت ئێمـە خەیاڵـی بوونـی کۆمەڵـگای بـێ دەوڵـەت بکەیـن، واتـە دەوڵـەت چارەنووسـی هەمـوو کۆمەڵگایەکـە(١٧). واتـە هەمـوو کۆمەڵگایـەک لـە رەوتـی پەرەسـەندندایە، بـەڵام خێرایـی ئـەو پەرەسـەندنە جیـاوازەو پەیوەسـتە بـە هـۆکارو کارکەرەکانـی تـری پەرەسـەندنەوە. بـەڵام ئاشـکرایە مێـژوو بـەرەو خاڵێـک یـان ئامانجێـک دەڕوات کـە بەشارسـتانیبوونی کۆمەڵگاکانـە کـە ئەوەش قۆناغـی بەرهەمهێنانـی دەوڵەتـە.. مێژوو یـەک ئاراسـتەی هەیـەو چارەنووسـی هەمـوو کۆمەڵـگاکان ئاڵاندنـە لـەو مێـژوووەوە کـە بڕینـی

قۆناغەکانە، کە لە کێویبوون و دڕندەییەوە دەستی پێکردووە تا گەیشتووە بە شارستانێتی. هەموو گەلانی شارستانی ئێستا پێشتر کێویی و دڕندە بوون(١٨). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە هەموو کۆمەڵگاکان بێ وەستان لە پەرەسەندندان و سەرئەنجام دەبن بە کۆمەڵگای شارستانی. ئەگەر لە روانگەی ئەم تێزەی کلاستەرەوە سەیری کۆمەڵگای کوردی بکەین، ئەوا سەرباری بڕوابوون بەوەی کە ئەم کۆمەڵگایەش وەکو هەر کۆمەڵگایەکی تر لە پەرەسەندندایە، بەڵام یەکەم لەبەرئەوەی تاکو ئێستا دەوڵەتی دروست نەکردووە، واتە کۆمەڵگایەکی سەرەتاییە. هەروەک ناشێت بۆ هەتاهەتایە لەباری سەرەتاییبووندا بمێنیتەوە چونکە مادەم هەموو کۆمەڵگاکان یەک ئاراستەی پەرەسەندنیان هەیە لە مێژوودا کە ئەویش جوڵەی بەردەوامی بەرەو پێشەوەچوون یان پەرەسەندنە کە سەرئەنجام دەگەن بە کۆمەڵگای شارستانی کە ئەویش قۆناغی بەرهەمهێنانی دەوڵەتە.

ئەم بۆچوونەی کلاستەر تا ئەندازەیەکی ئاشکرا هاوشێوەی تێزی سیانەی هیگڵە لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵگا کە بە خێزان دەستپێدەکات و بە کۆمەڵگای شارستانیدا تێدەپەڕیت تا دەگات بە دەوڵەت. واتە لای هیگڵ مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە رەوتی خۆیدا یەک ئاراستەی هەیەو بەرەو یەک خاڵ یان یەک ئامانج دەڕوات کە ئەویش گەیشتنە بە بەرهەمهێنانی دەوڵەت، کە ئەوەش گەیشتنی رۆحی گشتی کۆمەڵگایە بە بەرزترین ئاستی کە لوتکەی بڵندبوونێتی. واتە لای هیگڵ بەرزترین خاڵ کە رۆحی گشتی لە بڵندبوونیدا پێی بگات دەوڵەتە. سیانەی هیگڵی لە رەوتی مێژوودا یان لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا لە سێ قۆناغ پێکدێت کە ئەو بەمشێوەیە ریزیان دەکات: یەکەم رۆحی سرووشت کە بریتیە لە خێزان، دووەم لە لێکترازان و دیمەنی بینراویدا کە بریتیە لە کۆمەڵگای مەدەنی- شارستانی-، سێیەم دەوڵەت بەوەی کە ئازادییەکی گشتی و بابەتی بێت لە قەوارەی خودی-زاتی- ئازادیی ئیرادەی تایبەتدا. ئەم رۆحە هەنووکەیی و ئۆرگانیە، یەکەم بۆ گەلێکە لە گەلەکان، دووەم لەپەیوندیدایە بە رۆحە نەتەوەییە تایبەتەکانەوە، سێیەم دەبێتە شتێکی ئێستایی و وەکو رۆحێکی گەردوونی لە مێژووی گشتیدا دەکرێتەوە(١٩). ئەگەر لە روانگەی تێزی هیگڵەوە سەیری کۆمەڵگای کوردی ئێستا بکەین، ئەوا بە ئاشکرا دیارە هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی سێیەم کە قۆناغی بەرهەمهێنانی دەوڵەتە.

کەواتە بەوپێیە کۆمەڵگای ئێستای کوردی لە قۆناغی پێش دەوڵەتدایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا کۆمەڵگای کوردی نەگەیشتووەتە ئەوەی کە ئازادییەکی گشتی و بابەتی یان ئازادی ئیرادەی هەبێت. ئەمەش لەبارێکی تردا پێمان دەڵێت هیچ کۆمەڵگایەک بێ بوونی ئازادی کۆمەڵگایەکی تەواو یان پێگەیشتوو نابێت. لەم رووەوە کۆمەڵگای کوردی ئەگەر لە دەرەوەی پێناسەی کۆمەڵگای سەرەتاییش دابنرێت بەڵام ناتوانرێت بە کۆمەڵگایەکی تەواو دابنرێت. هەروەک کلاستەر دەڵێت: ئەو کۆمەڵگایانەی دەوڵەتیان نیە کۆمەڵگایەکن پێکهاتنێکی تەواویان نیە، واتە بەشێوەیەکی راستەقینە کۆمەڵگای تەواو نین(٢٠).

مێژووی کۆنی کورد چ وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی، یان وەکو ئیتنۆسێکی پێگەیشتوو چ وەکو کۆمەڵگا مێژوویەکی تەمومژاویە. ئەوەی هەیەو کوردناسان و مێژوونووسانی کوردیش پێوەی خەریکبوون، ئەوەیە کە رەگوڕیشەی کورد دیاری بکەن. لەو رووەشەوە لە ئاستی یەکەمدا پەنا بۆ مێژووی زارەکی براوە. بۆ نموونە کاتێ گەزنەفۆن بە خۆی و دە هەزار کەسەوە بە چیاکانی زاکرۆسدا تێدەپەڕێت، لە رۆژهەڵاتی رووباری کەنتریتە چاوی بە کاردۆخییە بەنێوبانگەکان دەکەوێت. ئەم رووبارە هەمان ناوچەی بوهتانی – بۆتان- ئەمرۆ دەگرێتەوە، کە زەوییەکانی دەوروبەری کوردەکانی تێدا دەژین.، کەواتە کوردەکان نەوەی کاردۆخیەکانن(٢١). باسیلی نیکیتین لەبارەی رەگوڕیشەی کوردەوە دەڵێت: گوتراوە کاردۆخیەکان کە گەزنەفۆن لە گێڕانەوەکەیدا سەبارەت بە پاشەکشەی بەناوبانگی دە هەزار کەسی لە نێوان سالانی ٤٠٠- ٤٠١ی پپێش زاین بە کوردستانی ئێستادا بۆ دەریای رەش باسی کردوون، باپیرەی راستەقینەی کوردەکانن.. چیایی توونددو تیژ بوون، هەمان شێوەی کوردەکان لە هەمان ناوچەدا دەژیان و ناوێکیان هەبوو لێکچووی ناوی کوردەکان بوو(٢٢). رۆژهەڵاتناسی روسی ب. لیرخ لەبارەی رەگوڕیشەی کوردەوە دەڵێت: کوردەکان وا دەبینین کە نەوەی خاڵدیە- کاڵدیە- ئێرانیە جەنگاوەرو توندەکانن کە دانیشتوانی چیاکان بوون و گیانێکی جەنگاوەرانەی بەرزیان هەبووە، لە هەزارەی سێیەمی پێش زایندا دابەزیون بۆ دەشتی دیجلەو فورات(٢٣). جۆرج بلەچ و هارڤی مۆریس لەبارەی رەگوڕیشەی کوردەوە دەڵێن: ئەوەیە کە لە کتێبی ئاناباسیسی گەزنەفۆندا هاتووە، کە تۆمارێکی سەردەمی

گەشتە ئەفسانەییە دە هەزار کەسیەکەی یۆنانە لە ساڵی ٤٠١ی پێش زایندا، کە هێرشیان کردە سەر ئیمپراتۆریێتی فارسی و لە دوای شکستی کۆرش، بەرەو دەریای رەش رێگایان گرتەبەرو لەو گەڕانەوەیەدا رووبەڕووی خەڵکانێکی درِند-بەربەری- بوونەوە، گەزنەفۆن و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون چوونە هەرێمی کاردۆخیەکانەوە. دوای بیست و چوار سەدە ناسنامەی ئەم بەربەریە دێرینانە هێشتا دەشێ تەمومژاوی بێت، بەڵام ناوو شوێنیان باکووری موسڵی ئێستایە، کە پەیوەستە بە کوردەکانی ئەمڕۆوە. ئەم خەڵکانە بەپێی بۆچوونی گەزنەفۆن لە چیاکاندا ژیاون(٢٤). سەرباری پێداگری ئەم سەرچاوانەو دەیان سەرچاوەی تریش سەبارەت بە رەگوڕیشەی کوردو گێڕانەوەی بە تەنیا بۆ کاردۆخیەکان یان بۆ میدییەکان یان هەر پێکهاتەو ناوێکی تر، من ئەو بۆچوونە سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد لە هەموو بۆچوونەکانی تر بەراستتر دەزانم کە دەڵێت: کورد وەکو نەتەوە پێکهاتووە لە کۆی کۆمەڵێک گروپی جۆراوجۆری کۆنی میسۆپۆتامیاو زاکرۆس و ئەناتۆڵیا وەکو مانی، لۆڤی، سۆمەری، هوری، کاسی، گۆتی، لۆلۆ و هیتی و میتانی و میدی و کاردۆخی. لە سەدەی سێیەمی زاینەوە ناوی کورد دەرکەوتووە و زیاتر بەو خێڵانە گوتراوە کە لە باکوری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆڵی رۆژهەڵات و زاکرۆس ژیاون بەڵام ئەو ناوەش لە سنورێکی دیاری کراودا بەکارهاتووەو ناشێت هەموو ماکەکانی نەتەوەی وەرگرتبێت، بە تایبەتی زمان کە نەک هۆی یەکگرتنی ئەو پێکهاتانە نەبووە بەڵکو هۆی دابەش بوونی زیاتریان بووە(٢٥). ئەم بۆچوونە جێگای لەسەر راوەستانێکی گرنگە چونکە لە خاڵێکدا دابڕان و جیابوونەوەیە لەگەڵ بۆچوونی سەرجەم کوردناسان و مێژوونووسانی کوردو روانینە لە رووبەرێکی ترو بە عەقڵ و روانینێکی ترەوە چونکە رای باو ئەوەیە کە زمانی کوردی زمانێکی تەواوی نەتەوەییەو هۆی مانەوەی کوردو یەکبوونیەتی، لە کاتێکدا راستتر ئەوەیە کە فرە زاری زمانی کوردی هۆی دابەشبوونی زیاتری کوردە بۆ ئێستاو دەشێت بۆ سەردەمی دەرکەوتنی ناوی کوردیش نەیتوانیبێت ببێتە زمانی هەموو خێڵ و پێکهاتەکان فرە رەگەزی کورد یان بەشداریکردنی توخم و رەگەزی جۆراوجۆر لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا هۆکاری فرە زاریی قسەکردن بێت لای کورد، بەجۆرێک کە ئاستی تیگیشتن و پەیوەندیکردن لە نێوان زارە جیاوازەکاندا زۆر لاواز بێت.

لە رووی راستیەوە كۆی بۆچوونی مێژوونووسان و كوردناسان سەبارەت بە رەگوڕیشەو رەسەنی كورد تاكو ئێستا نەك نەگەیشتووە بە خاڵێكی جێگیر بەڵكو بۆچوونن لە چوارچێوەی خەیاڵ و تەنانەت ئەفسانەدا، بە تایبەتی لەبەرئەوەی كە نە لە مێژووی دێریندا ئەوانی تر مێژوویەكیان بە ناوی مێژووی كوردەوە تۆمار كردووە. نە كورد خۆیشی لە كۆمەڵگای پێش نووسینەوە گواستراوەتەوە بۆ كۆمەڵگای نووسین، هەتا لەبارەی خۆیەوە، لەبارەی رەگوڕیشەیەوە، لەبارەی ئەو رووداوانەی بەسەریدا هاتووە تۆماری هەبێت و بە زمانی خۆی بوون و مێژووی خۆی تۆمار بكات. واتە لە رووی پشتبەستن بە گەڕان بە دوای رەگوڕیشەو رەسەنی كورددداو لەپاڵ قسەكردن لە رەچەڵكی كورد بۆمان دەردەكەوێت كە كۆمەڵگای كوردی هەتا پێشی چەند سەدەیەك كۆمەڵگای دەرەوەی نووسین بووە، دووەم زیاتر لە چیاو سروشتدا ژیاوەو پشتی بە كۆكردنەوەی بەروبوومەكانی نێوسروشت و راوكردن بەستووە، سێیەم كۆچەری بووەو شارو شارستانێتی بنیاد نەناوە. چوارەم لە هەندێ لەو سەرچاوانەدا كە باسی رەچەڵەكی كورد كراوە بۆ نموونە لە لایەن گەزنەفۆنەوە وەكو دڕندەو كێویی ناوبراوە. كە ئەمانەش هەمان ئەو خاسیێتانەن كە زۆرێك لە ئەنترۆپۆلجیستەكان داونیانەتە پاڵ كۆمەڵگای سەرەتایی. كەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە جارێكی تر سەرهەڵدەداتەوە: ئایا كورد كۆمەڵگایەكی سەرەتایی بووە؟ ئەگەر كۆمەڵگای سەرەتایی بووە ئایا لە جۆری ئاسكیمۆو هیندیە سورەكان و...بوو؟

بیلیزو هاری هۆجەر سەبارەت بە كۆمەڵگای سەرەتایی دەڵێن: كۆمەڵگای سەرەتایی ئەو كۆمەڵگایەیە لە رووی ژمارەوە كەمە، شوێنی ژیانی بچووكە، پەیوەندی كۆمەڵایەتی سنووردارە. ئامرازی تەكنیكی سادەی هەیەو پسپۆری لە كاری كۆمەڵایەتیدا كەمە، زیاتر كەلەپوری نووسراوی نیە(٢٦). بێگومان جارێكی تر دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكەینەوە كە نەك مێژووی كۆنی كورد بەڵكو مێژووی نزیكیشی هیچ تۆمارێكی ئەوتۆی نیە كە لە رووی زانستیەوە بۆ ئاخاوتن لەسەر باری كۆمەڵایەتی یان بە كۆمەڵایەتیبوونی بكرێتە بنەماو پشتی پێببەسترێت. بۆ نموونە سەرباری ئەوەی كە باسكردنی رەچەڵەكی كورد زیاتر لەوەی بابەتێكی زانستی سەلمینراوی بڕواپێكراوی پشتبەستوو بێت بە

بەڵگەی ئەنترۆپۆلۆجی و مێژوویی، زیاتر پشتی بە خەیاڵ بەستووەو نزیکە لە ئەفسانە. بەگشتی ئەو تۆمارانەی لە مێژووی نوێدا لە لایەن کوردناسان و مێژوونووسانی کوردەوە سەبارەت بە رەچەڵەک و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری کوردی نووسراون یان تۆمارکراون لە جیاتی باسکردنی کورد وەکو کۆمەڵگا یان پێکهاتەیەکی ئیتنیکی زیاتر تۆماری دەستەو گروپی چیایی و کۆچەری و جەنگاوەرو دواتریش بنەماڵەو تیرەو خێڵ و عەشیرەتە. کە لە رووی راستیەوە رایەڵەو بنەمای پەیوەندی و پێکەوەبەستن لە نێوان ئەم گروپ یان پێکهاتانەدا هەبووەو نەک بۆ قۆناغە دێرینەکانی مێژوو، بەڵکو بۆ مێژووی زانراو و ئاشکرای ئەو جوگرافیایەی کە کوردی تیادا ژیاوەو جوگرافیاکانی دەوروبەریشی. نەتەوەو ئیتنۆسەکانی تر یان کۆمەڵگاکانی تر توانیویانە یەکێتی و یەکبوونیان هەبێت و دامەزراوەی دەوڵەت و تەنانەت ئیمپراتۆریەتیش دروست بکەن. بۆ نموونە سۆمەری و بابلی و ئاشووری و ئەکەدی و فارس و یۆنانی لە مێژووی پێش زایندا خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتی بەرفراوان بوون و زۆرێکیش لەو دەوڵەتانە لە ئەنجامی پێکهاتنی فیدراسیۆنی خێڵەکان پێکهاتوون. بەڵام کورد لەو مێژووەدا مەگەر بە نزیککردنەوەی ناوی جۆراوجۆر لە وشەی کوردەوە وەکو کوردۆیەن و کۆردۆین و کۆردۆئەن و کاردۆو کەردۆو قەردۆو کاردۆخی و کورتی و کۆرتی ئاگینا وەکو ناوی ئیتنۆس یان گەلێک بوونی نەبووەو گێڕانەوی کوردیس بۆ تاکە پیکهاتەیەکی وەکو مادەکان بە ئاسانی ناسەلمێنرێت، بۆیە لە مێژوودا بە ناوی کوردەوە شتێکی ئەوتۆی بەرهەمنەهێنراوە. هەرچەندە باسی درستبوونی دەوڵەتی مید لەسەر بنەمای فیدراسیۆنی خێڵایەتی دەکرێت، بەڵام شوناسی دەوڵەتی مید بۆ کورد بە تەواوی و بە بەڵگەی سەلمینەر یەکلایی نەبووەتەوە.

ئەم مانەوەی کورد بە دەستەو گروپی بچووک و ژیانیان لە چیاکان یان ژیانیان وەکو کۆچەری و وەسفکردنیان وەکو جەنگاوەری ئازاو تەنانەت توندو تیژو دڕندە، دەمانباتەوە بۆ لایەنگیری ئەو بۆچوونەی کە لە بنەڕەتەوە کورد لە پێکهاتەو سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە پەیدابووەو مەرج نیە هەموو کورد لە هەمان خوێن و دەمار بێت، هەربۆیە دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەتی کوردی تایبەتمەندی خۆیانیان هەبووەو هەیەو جیاوازن لە دامەزراوەی خێڵ

و عەشیرەتی نەتەوەو ئیتنۆسەکانی تری ناوچەکەو یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ئەو جیاوازییەش لاوازی پاڵنەری یەکگرتن و یەکبوونە، کە بۆ زۆر میلەت و کۆمەڵگای تر لە شێوەی فیدراسیۆندا بەرجەستەبووەو دەوڵەتی دروستکردووە. دروستبوونی ئیمپراتۆریتی بابلی نموونەیەکی دیاری بەرهەمی فیدراسیۆنی خێڵایەتیە. هەروەک دەولەت میدیا لە فیدراسیۆنی عەوت خێڵ یان پێکهاتە دروستبووە، کە تیایدا میدیەکان خێڵ یان بنەماڵەی فەرمانڕەوابوون. دەشێت دواتر پاشماوەی ئەو پێکهاتەو خێڵانە بەشداری پیکهێنانی ئیتنۆسی کورد یان میلەتی کوردیان کردبێت، بەڵام بەرێژەی کەم نەک وەکو ئەوەی کە تاکە باپیری کوردی دواتر بن.

سەرباری رێکنەکەوتن لە سەر بەکارهێنان و چۆنێتی بەکارهێنانی زاراوەی سەرەتاییبوون، کتێبی «سیمای کەلتوورە سەرەتاییەکان» کە ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە، ناوی زۆرێک لە گەل و کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی هێناوە کە ئەنترۆپۆلۆجیستەکان وەکو گەل و کۆمەڵگای سەرەتایی باسیانکردوون چونکە ئاشکرایە ئەو زانستەی ئەوان پێوەی خەریکن، کە زانستی ئەنترۆپۆلۆجیایە بریتیە لە «توێژینەوەی گەلانی سەرەتایی»، ئەو گەل و کۆمەڵگایانەی وەکو سەرەتایی باسکراون بریتین لە ئەرونتا، یاهگان، ئیندامان، ئاسکیمۆ، تەنگۆ، شایان، نەویر، نافاهۆ، خیفارۆ، نوتکا، تروبریاندر، تاهیتین، کالنگا، مایا، ئینکا، ئاشانتی، هەندێ لادێ لە یۆکاتان، مەراکیش، چین، هیند. لە نێوکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ناوی کورد نەهاتووە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم ناونەهێنانە ببێتە بەڵگەی یەکلاییکەرەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سەرەتایی نیە، بەڵکو دەبێ ئەو گریمانەیەش دابنرێت کە کۆمەڵگای کوردی نەبووبێتە جێگا بایەخی ئەنترۆپۆلۆجیستەکان و لە راستیشدا توێژینەوەی زانستی دیارو لەبەرچاوی ئەنترۆپۆلۆجی لەسەر رابردوی کورد نابینرێت. بەهەرحال هەرچۆن یەکلاییکردنەوەی رەگوڕیشەی کورد هەتا ئێستا لەبەردەم گوماندایەو تەمومژاویە، بەهامان شێوە کۆمەڵایەتیبوونی کورددش یان مێژووی کۆمەڵایەتیبوون و گەشەی کۆمەڵایەتی و سروشتی کۆمەڵگای کوردی لە رابردوودا، هەر ئەوەندەی لەبارەوە زانراوەو لەبەردەستدایە وەکو ئەوەی گەزنەفۆن دەیگێڕێتەوە، یان رۆژهەڵاتناسان لەسەر بنەمای خەملاندن

کردوویانە کە ئەوەش لەبری ئەوەی پشت بە بەڵگەی بەرجەستەی بینراوو زانستی ببەستێت، زیاتر پشتی بە خەیاڵ بەستووەو وەکو جۆریک لە ئەفسانەی لێکراوە. بۆ نموونە مێژووی ئەژدیهاک و کاوەی ئاسنگەر، بەراورد بە چاخەکانی پێشتر مێژوویەکی هێندە کۆن نیە، بەڵام تاکو ئێستاش ئەوەی بە گوێرەی کورد لەسەر ئەژدیهاک و کاوەی ئاسنگەر باس دەکرێت لە چوارچێوەی ئەفسانەدایە، نەک لە چوارچێوەی مێژوو یان ئەنترۆپۆلۆجیادا. هەروەک زۆرێکی تریش لەو بۆچوونانەی سەبارەت بە رابردووی کۆمەڵایەتیبوون و رابردووی بوونی کورد لە لایەن کوردناسان و مێژوونووسانەوە باس دەکرێت یان تۆمارکراوە، لەسەر بنەمای لێکچواندن بەوانی ترو هاوشێوەکردنی کورد لەگەڵ ئەوانی تردا کراوە، کە دەشێ ئەوانی تر تۆماری رابردوی پەسەندکراو و دانپێدانراوی خۆیانیان هەبێت، کە مەرج نیە ئەو تۆمارانەی رابردووی ئەوان بۆ کورد راست بێت، چونکە هەر پێکهاتەو دەستەو گروپێکی ئیتنیکی کۆمەڵایەتی ئایینی تایبەتمەندی خۆیی هەیە، رووداوی خۆیی هەیە، چیرۆک و بەسەرهات و ئەفسانەو بەگشتی کەلتووری خۆیی هەیە بەو ئەندازەی کە بوونی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر لەو خاسێتانە بڕوانین کە کراون بە بنەما بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگای سەرەتایی یان کۆمەڵگای سەرەتاییان پێ دیاریکراوە، ئەوە دەشێ هەندێ لەو خاسێتانە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانیشدا بدۆزینەوە. هەروەک دەشێ هەندێ خاسێتی کۆمەڵگای پێشکەتووش لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ببینرێت. لەم روانگەیەوە کۆمەڵگای کوردی نەک بۆ رابردووی دوور بەڵکو بۆ ئێستاش هەندێ لە خاسێتەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی تێدایە. پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە زاراوەی سەرەتاییبوون ئاماژەیە بۆ کاڵ و کرچی وەکو مادەی خاو و نەبوونی گەشەکردن و توونـدو تیژی و نزمی چەشن یان چۆنێتی. ئەگەر کۆمەڵگای کوردی بەم بنەمایانە بپێوین ئەوا دەبینین کە نەک بۆ رابردووی دوور تەنانەت تاکو ئێستاش لە رووی بنیادی تاکەکەسی و کۆمەڵیشەوە لاوازەو هەر بکەرێکی دەرەوە دەتوانێت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چۆنی بوێت بەوشێوەیە بەکاریبهێنێت. هەرچۆن مادەی خاو بەکاردەهێنرێت لە جۆرە جیاوازەکانی پیشەسازیدا. لە مێژووی

زانراو و تەنانەت نووسراودا، کورد لە لایەن کۆمەڵگاکانی دەوروبەرییەوە یان لە لایەن ئەو دەسەڵاتانەی کە کۆمەڵگاکانی بەرامبەری دروستیان کردووون بەکارهێنراوە. ئیمپراتۆریێتەکانی فارسی و بابلی و ئاشووری لە پاڵ بەکارهێنانی گەلانی خۆیاندا ئەو گەل و پیکهاتە رەسەنانەی باکوری میسۆپۆتامیاو زاکرۆس و ئەناتۆڵیایان بەکارهێناوە کە بەشدارییان هەبووە لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، هەروەک چۆن پێکهاتەکانی تری سایەی قەڵەمڕەوی خۆیانیان بۆ ئامانجی جۆراوجۆر بەکارهێناوە. سوپای ئیسلام بە جەنگ دەستی بەسەر خێڵ و پێکهاتە پەرت و بڵاوەکانی کوردو میلەتانی تریشدا گرتووە. میلەتانی تر پاش ماوەیەک لە مانەوەیان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا گەڕاونەتەوە بۆ ناو بوون و قەوارەی خۆیان و خۆیان دروستکردووەتەوە. لە مێژووی نوێدا فارس و تورکەکان چۆنیان ویستووە کوردیان بەکارهێناوە بۆ ئامانج و مەرامەکانی خۆیان. تاکو ئێستاش کورد لە لایەن داگیرکەرانی وڵاتەکەیەوە بۆ ئامانج و بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە بە شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت. واتە هەتا ئێستا کورد خاسیێتی مادەی خاوی هەیە کە ئەوەش خاسیێتی بوونێکی سەرەتایی یان کۆمەڵگای سەرەتاییە.

یەکێکی تر لە خاسیێتەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی نەبوونی گەشەکردن و پەرەسەندنە، کە مەبەست لەوەش پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، عەقڵی، سیاسی و ئابووریە. وەک ئاشکرایە پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا بنەمایەکی سەرەکیە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و عەقڵی. ئەگەر بە وردی سەیربکرێت، کۆمەڵگای کوردی لە رووی ئابووریەوە کۆمەڵگایەکە پەرەسندنی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیووە، لەو رووەوە تاکو ئێستاش کۆمەڵگای کوردی سەرباری دابەشکردنی بەسەر چەند دەوڵەتێکدا نە سیستێمی ئابووری سەربەخۆی خۆیی هەیە، نە ئابووری لە کوردستاندا کۆبووەتەوە، نەک لە بواری پیشەسازیدا بەڵکو لە بواری کشتوکاڵیشدا کە سەرچاوەی سەرەکی ژیانی خەڵک بووە پەرەسەندنی ئەوتۆی لەبەرچاو رووینەداوەو سروشتی ئابووری لە کوردستاندا خاسیێتی ئابووری بەشی خۆکردنی هەیە. ئەمەش سەرباری لایەنی ئەرێنی بەڵام لایەنی نەرێنیشی هەیە کە لاوازکردن و کوشتنی پاڵنەری گەڕانە بە دوای پەرەسەندن و گەشەکردندا.

دەشێ ئەم هۆکاری بەشی خۆکردنە لە کۆنەستی کوردیدا -ئەگەر لەبەر ناڕوونی ڕەچەڵەکی هاوبەش و نەبوونی بنەمای یەکبوون شتێک هەبێت بە ناوی کۆنەستی کوردی-، ڕازیبوون بە باری هەبووی دروستکردبێت، ئەوەش جۆرێک لە دڵنیای لە ڕووبەری ئەو کۆنەستەدا بەرهەمهێنابێت کە سروشتی دەوڵەمەندی جوگرافیای ئەم پێکهاتەیە پێداویستیەکانی ژیانی دەستەبەر دەکات، ئیتر پێویست نیە بەدوای لەوە زیاتردا بگەڕێت. واتە مرۆڤی کورد وا پەروەردە بووە کە ئەگەر ئەو بەو ئەندازەی لە توانایدایە لە نێو سروشتی خۆیدا خۆی خەریک بکات، پێداویستیەکانی ژیانی بەرهەم دەهێنێت و کۆششی زیاتری ناوێت. واتە لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە گریمانەکراوە مرۆڤی کورد وای بینیووە ژیانی مسۆگەرەو هەوڵی زیاتری ناوێت و ئەو شێوەی ژیان و کارکردنی سروشتێکی جێگیری هەبووەو تەنیا ئەوەندەشی ویستووە کە بژی. لەم ڕووەوە کاری مرۆڤی کورد جۆرێک لە هاوشێوەبوونی کاری زیندەوەرانی وەکو هەنگ و مێروولەی هەبووە لە ڕووی جێگیری و ڕوونەدانی گۆڕانکاری دیار تیایدا، کە ئەم وەستان و بەردەوام خولانەوەیە لەسەر بازنەیەکی داخراو خاسێت و سرووشتی پێکهاتە سەرەتاییەکانە. کە ئەمەش نیشاندەری نەبوونی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئاشکرایە.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، کۆمەڵگا جیاوازەکان لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی خۆیاندا سیستێمی ئابووری و پەیوەندی بەرهەمهێنانی خۆیانیان بنیادناوە. هەر لە سیستێمی کۆیلایەتیەوە بۆ سیستێمی فیودیالی و لەوێشەوە بۆ سیستێمی سەرمایەداری. لەبارەی ڕابردووی کوردەوە بۆ ئاخاوتن لەسەر سیستێمی کۆیلایەتی هیچ باس و خواس و زانیارییەکی دەولەمەندو بڕواپێکراو لە ئارادا نیە. بەواتا هەرچۆن ڕەچەڵەک و ڕەگوڕیشەی کورد تەمومژاویەو یەکلاییبوونەوەی ئەوەی کە بزانرێت کورد کێین جێگای پرسیارەو تاکو ئیستاش وەڵامی قایلکەری زانستی بۆ ئەو پرسیارە نیە، بەهەمان شێوە باسکردنی کۆرد لە قۆناغی کۆیلایەتیدا جگە لە خەیاڵ هیچی تر نیە. هەر بەوپێیەش ئەو ڕابردووە نەزانراوەو پێشناچێت سیستێمیکی لەو جۆرەی هەبووبێت، بەتایبەتی کە ئێمە وای بۆ دەچین ئەم لە پێکهاتەی جۆراوجۆرو لە مێژوویەکی درەنگتردا پیکهاتبێت یان ناوی کوردی پێدرابێت. لەم بارەیەوە

کتێبی) ڕەچەڵەکی کورد لە نووسینی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی تیۆدۆر نۆڵدیکە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا و کتێبی ڕەچەلەکی کورد لە نووسینی ڤیلچێڤیسکی لە سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوودا کە زیاتر بۆجوونەکانی نزیک لە ن.ی.مار داڕشتووە لەگەڵ جەندین کوردناسی تردا بە شێوازی جۆراوجۆر باسی ڕەگوڕیسەی کوردیان کردووە. بەڵام ئەوەی بە ئاشکرا باسی دەرکەوتنی ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆسێکی جیاواز دەکات و ئەو مێژووە بە مێژووی دەرکەوتنی ڕاستەقینەی کورد وەکو پێکهاتەیەکی یان ئیتنۆسێکی خاوەن بنەما باس دەکات و مێژووی ئەو دەرکەوتنەس دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەمی زاینی و پێداگریس لە سەر فرە بنەمایی یان بەشداری توخم و ڕەگەزی جۆراو جۆر لە پێکهێنانی کورددا دەکات ڤیلچێڤیسکیە، کە وردتر لەوانەی پێشتر باسی کوردو ڕەگوڕیشەی کوردی کردووەو بە ڕوونی ئەو سەرچاوانە دەخاتە ڕوو کە لە بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە. هەرچەندە بۆجوونی لەوجۆرەش هەیە لە ڕووی پەیوەندی زمانەوە گۆتی و سۆمەری و میدەکان دەبەستیت بەیەکەوەو پێداگری ئەوەش دەکات کە ناشێت میدەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبنە ئەو ناوچەیەی کە ئێستا پێی دەگوترێت کوردستان.. هەڵبەت ئەم بۆچوونەش لەسەر بناغەی تیۆریی ئاریەکان دانراوە کە لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا، میدەکان بە بەشێک لە نەتەوە ئاریە سەرەتاییەکان دادەنرێت(٢٧). هەڵبەت هەرچۆن لای کوردی ئێستا جۆرێک لە شانازیکردن بە دەوڵەتی میدو میدەکانەوە هەیە، بە ئەندازەی ئەوە شانازیکردنیش بە ئاریبوونی میدەکانەوە هەیە، ئەمەش وەکو پڕکردنەوەی جۆرێک لە گرێی هەست بەکەمی کردن خۆی دەنوێنێت، کە گوایە کورد لە ڕەچەڵەکی ئاریە کەواتە لە نەتەوەکانی تری ناوچەکە بە تایبەتی ڕەچەڵەکی سامی کە عەرەب سەربەوەو ئەڵتاییەکان کە تورک و ئازەری سەربەون جیادەبێتەوەو ئەم لە ڕەچەڵەکی ئاریە کە هیندۆ-ئیرانی و زۆرێک لە نەتەوە دیارەکانی ئەوروپا دەگرێتەوە. بەپێی زانیارییەکانی سۆران حەمە ڕەش، بیرۆسوس کە پیاوێکی کلدانی ئایینی پەرستگاکانی بابل بووەو مێژووی بابلی بە یۆنانی نووسیووەو لە سەدەی سێیەمی پێش زایندا ژیاوە.. ڕابردووی بابل دەگێڕێتەوە بۆ زیاتر لە سێ هەزار ساڵ پێش زاین، ئەو دەڵێت: لە سەرەتای حکومڕانی بابلدا میدەکان دەسەڵاتداربوون(٢٨). بەڵام ئەوەی سەرجاوەکان باسی دەکەن و دواتر بە وردی لێیان دەدوێین دەرکەوتنی

میدیەکان ناگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی نۆیەمی پێش زاین. بەهەرحاڵ ئەگەر بۆچوونی میدیەکان لە سێ هەزار ساڵ پێش زایندا راستبێت، ئەوا مێژوویەکی تا ئەندازەیەک کۆن بۆ میدەکان دیاری دەکرێت کە بەشێک لە بۆچوونەکان ئەوەن کە کورد بە نەوەی یان درێژکراوەی میدەکان دادەنێن. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا دەسەڵاتی بابلیەکان لەو قۆناغەدا هیچ زانیارییەک لەسەر بوونی مادەکان وەکو میلەت نەک بنەماڵە، واتە وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی یان نەتەوە پێشکەش دەکات؟ ئایا ئەگەر میدیەکان پێکهاتەیەکی هێندە بەهێزبووبن کە لە سەرەتای دروستبوونی ئیمپراتۆرێتی بابلیدا دەسەڵاتی بابلیان گرتبێتە دەست، دەبێ لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە لە چ ئاستیکدا بووبن؟ ئایا ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێت کە میدەکان پێکهاتەی سەرەتایی بووبن؟ بەڵام ئاشکرایە کە لە سەرەتادا سۆمەرییەکان فەرمانڕەوای بابل بوون و دوای ئەوانیش ئەکەدیەکان بابلیان گرتووەو بوونەتە فەرمانڕەواو گۆتیەکان بۆ ماوەیەک دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووەو دەسەڵاتیان لە ئەکەدیەکان وەرگرتووە. هەروەک بۆجوونی لەوجۆرەش هەیە کەباسی باسی پەیوەندی نزیک لە نێوان سۆمەرییەکان و گۆتیەکان و میدەکاندا دەکات و هەندێ لە مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە کوردی ئێستا دەچێتەوە سەر میدەکان. کەواتە بەوپێیە بێت مێژووی دووردرێژی دەسەڵاتی بابلی بێجگە لەو ماوەیەی کە ئەکەدیەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، لە دەستی میدیەکاندا بووە کە بەپێی ئەوبۆجوونە نەسەلمێنراوە باپیرەی کوردن. هەڵبەت ئەوە روونە بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە نە شتێک هەبووە بە ناوی مەسەلەی نەتەوەو نە دەوڵەتیش دەوڵەتی نەتەوە بووە، بەڵکو یان دەوڵەتی شوێن و جوگرافیا بووە یان دەوڵەتی کەسی فەرمانڕەوا بووەو بنەماڵەی فەرمانڕەوا بووە. ئەوەش ئاشکرایە بابل وەکو شوێن کە ناوی دەوڵەتەکە بابلیە، هیچ بەڵگەو نیشانەو ئاماژەیەکی کوردبوون یان مید بوون و گۆتیبوون هەڵناگرێت. هەربۆیە بۆچوونی نزیک لە راستی ئەوەیە کە ئەگەر میدەکان فەرمانرەوایی بابلیان کردبێت، هەرگیز وەکو نەتەوە یان پێکهاتەیەکی ئیتنیکی یان کۆمەڵایەتی ئەو دەسەڵاتەیان نەگرتووەتە دەست، بەڵکو وەکو بنەماڵەیەک فەرمانڕەواییان گرتووەتە دەست، هەمان شێوەی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی مید لە دەوڵەتی میدیادا یان هەمان شێوەی بنەماڵەی ئەیوبی کە سەلاحەدین بووەتە

فەرمانڕەوای رووبەرێکی فراوان لە دەسەڵاتی ئیسلامی، بەڵام ئەو دەسەڵاتە هەرچەندە بەراورد بە مێژووی بابل و مید زۆر نوێیە، بەڵام هیچ بنەماو خاسیەتێکی کوردی نەبووە، بەڵکو فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئیسلامی بووە نەک کوردی، با سەلاحەدین بە رەچەڵەک کورد بووبێت بەڵکو ئەو سەرکردەیەکی گەورەی مسولمانان و سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامی بووەو داوکردن لێی کە بۆچی کوردایەتی نەکردووە داواکارییەکی بۆش و ناڕەوایە، چونکە لە بنەڕەتدا شتێک نەبووە بە ناوی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردو کوردبوون لەو قۆناغەدا.

بەهەرحاڵ گفتۆگۆکردنی ئێمە لەباری ئەو مێژووەوە کە بروامان وایە زیاتر بەرهەمی خەیاڵە نەک دەرئەنجامی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی و ئارکیۆلۆجی، بۆ ئەوە نیە بزانین کە مادەم مید لەو سەردەمەدا بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوابوون ئیتر مانای ئەوەیە کە کورد وەکو نەتەوە خاوەنی رابردووی دەوڵەتداریە لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی کە گوایە کورد نەوەی میدیەکانە، بەڵکو بە ئامانجی ئەوەیە کە بزانین ئایا لە رووی کۆمەڵایەتیەوە دامەزراوەیەک هەبووە بە ناوی کۆمەڵگای کوردی. ئەگەر هەبووە ئایا کۆمەڵگایەکی سەرەتایی بووە یان کۆمەڵگای دەوڵەت؟ ئەگەر کۆمەڵگای دەوڵەت بووە، ئایا توانیویەتی شارستانێتی یان بە لایەنی کەمەوە کەلتووری دەوڵەت بەرهەم بهێنێت؟ ئایا ئەگەر کۆمەڵگای دەوڵەت بووە، دەشێ خەیاڵی بوونی کۆمەڵگای دەوڵەت بەبێ نووسین بکرێت؟ خۆ ئاشکرایە شتێک نەبووە بەناوی نووسینی کوردی یان میدی یان گۆتی وتەنانەت کاردۆخیش، بێجگە لە چەند هێماو نیشانەو هەڵکۆڵینێک نەبێت، کە ناتوانن ببنە بەڵگە بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە لە کۆمەڵگای سەرەتاییەوە یان لە کۆمەڵگای پێش نووسینەوە بۆ کۆمەڵگای نووسین. کەواتە ئەو پێکهاتانەی کە کوردیان بۆ دەگەڕێنرێتەوە هەم لە رووی رەچەڵەکەوە هێشتا بوونیان تەمومژاویە، هەم لە رووی کۆمەڵایەتیبوونەوە نیشانەو بەڵگەی گەشەو پەرەسەندنیان لاوازەو پێدەچێت بنەماڵەی پەرت و بڵاوبووبن و لە هەندێ رێکەوتدا وەکو بنەماڵە توانیبێتیان بگەنە دەسەڵات نەک لە رووی پەرەسەندنەوە دەسەڵاتی دەوڵەتیان دروست کردبێت.. میدیەکان نەتەوە نەبوون بەڵکو بنەماڵەیەکی حوکمڕانی کورد بوون... زۆر ئەگەری ئەوە هەیە کە میدەکان بنەماڵەیەکی هۆری (خۆری) حوکمڕان بووبێتن و لە لایەن نەتەوە سامیەکانەوە ئەم بنەماڵانە یان

ئەم خێڵانە هەموویان بە یەک نەتەوە سەیرکراون، بۆیە سۆمەری و گۆتی و هۆری و میدی تێکەڵ کراون(٢٩). بەهەرحال ئەگەر کۆبوونەوەو تێکەڵبوونی ئەمانەش پێکەوە کوردی لێ کەوتبێتەوە، یان کوردی لێ پێکهاتبێت، هێشتا ناوی کورد درەنگتر بووەتە ناوێکی بیستراو، بەڵام ناوی سۆمەری و گۆتی و ئاشوری و میدی لە سەردەمی بابلیەکانەوە ناوی بیستراوبوون وەکو فەرمانڕەوا یان وەکو بنەماڵەی دەسەلات و حوکمڕان، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، لە رووی بەرهەمهێنان و چۆنێتی ژیانەوە، لە رووی کەلتووری و بنیادنانی شارستانێتیەوەو تەنانەت لە رووی سیستێمی ئابووری و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانەوە زۆر شت نەزانراوەو ئەوەشی زانراوە زیاتر خاسێتی پەیوەستبوونی بە شوێنەوە هەیە نەک بە پێکهاتە مرۆییەکەوە. بۆ نموونە سۆمەرییەکان کە گوایە لەگەڵ گۆتی و میدەکاندا نزیکن. وشەی سۆمەر یان سۆمەری دەربڕینێکی ئەکەدیە بۆ باشووری میسۆپۆتامیا. سۆمەریەکان لە نزیکەی چوار هەزار ساڵ پێش زاینەوە دەرکەوتوون و هەتا هەزارو حەوت سەد ساڵ پێش زایین ماون و نووسینی سۆمەری بە یەکەم زمانی نووسین دادەنرێت کە لە نزیکەی سی و دوو سەدە پێش زاین دەرکەوتووە. بەو پێیە کۆمەڵگای سۆمەری کۆمەڵگای نووسین بووەو نووسین بە زمانی سۆمەری هەتا هەزارەی یەکەمی زاینیش ماوە. هەروەک لە مێژوودا باسی ئەوە دەکرێت کە سۆمەریەکان بۆ یەکەمجار لە مێژوودا عارەبانەیان دروستکردووەو ئاشکراشە لە باشووری میسۆپۆتامیدا کە ئاو و زەوی بەپیتی هەبوو خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون. لێرەدا تا ئەندازەیەک سیمایەکی کۆمەڵگای سۆمەری دەردەکەوێت کە کۆمەڵگایەکی کستوکاڵی سەرەتایی بووە، بەو مانایەی کە پیشەسازی دەرنەکەوتووەو ئامێرو ئامرازی ئەوتۆ لە کشتوکاڵدا بەکارنەهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون مانای وایە ئەگەر بەتەواویش لە شوێنێکدا نیستەجێ نەبووبن، ئەوە لە ناوچەیەکی سنووردواردا کۆچی وەرزییان کردووە واتە گەرمیان و کوێستانیان کردووە. سۆمەرییەکان بتپەرست بوون، واتە دینداریيان هەبووەو بەشێک لە پەیامی پەرستنەکانیشیان نووسیووەتەوە، چونکە زیاتر لە خودایەکیان هەبووەو هەروەک ئاشکرایە مەلحەمەی گەلگامش کە رووداو و بەرهەمی سەردەمی سۆمەرییەکانە بەشێوەی سەرەتایی نوسراوەتەوەو لە قۆناغەکانی دواتردا پەرەی پێدراوە. کەواتە ئەگەر ئێستا لە رووی کۆمەڵایەتیبوون و پەرەسەندنی

کۆمەڵایەتیەوە سەیری سۆمەرییەکان بکرێت بۆ ئەو قۆناغەی تیایدا ژیاون، ناشیت کۆمەڵگای سۆمەری بە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی دابنرێت چونکە هەم لە رووی دانیشتوان و جوگرافیاوە هێندە بچووک نەبووە، هەم جۆرێک لە گەشەو پەرەسەندنی هەبووەو نووسینی هەبووەو دەوڵەتداری کردووە، بەڵام لە رووی پیشەسازیەوە دواکەوتوو بووە. ئەوەش ئاشکرای دەکات کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندی سادەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی یان لادێ بوون. ئێمە مەبەستمان لە باسکردنی سۆمەرییەکان ئەوەیە کە هەندێ بۆچوون هەن سۆمەری و گۆتی و میدەکان دەبەستن بەیەکەوە. مێژووی سۆمەرییەکان هەرچۆن بێت لە رووی رەگورِیشەوە زۆر ئاشکرا نیە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتیەوە تا ئەندازەیەک ئاشکرایە چونکە سۆمەرییەکان کۆمەڵگای نووسین و کۆمەڵگای دەوڵەت بوون و تۆماریان لێ بەجێماوە. لە رووی بەراوردەوە ئەگەر ئەو نزیکیە هەیە لە نێوان میدەکان و سۆمەرییەکاندا، ئایا میدەکان چیان لێ بەجێماوە؟ ئایا ئەوە تا چەند راستە کە میدەکان نزیکەی دوو سەدە فەرمانڕەوای بابل بوون؟ بەهەرحاڵ دەسەڵاتی بابل یان دەسەڵات و فەرمانڕەوایی گرنگی میسۆپۆتامیا لە مێژوودا لە ئاستی یەکەمدا دەسەڵاتی سۆمەرییەکان و ئەکەدیەکان و بابل و ئاشورییەکانە، هەروەک شارستانێتی میسۆپۆتامیاش بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان بە پلەی یەکەم شارستانیتی سۆمەرییەکانە و پاشانیش ئەکەدی و بابلی و ئاشوریەکان، تەنانەت ئەگەر ئەو بۆچوونەش راستبێت کە میدەکان وەکو بنەماڵە لە سەرەتای دەسەڵاتی بابلدا، ماوەیەک فەرمانڕەوایی بابلیان کردبێت، پێناچێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی سۆمەرییەکاندا بووبێت، هەرچۆن دەسەڵاتداری سەلاحەدین بەشێکە لە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامی بەهەمان شێوە ئەگەر ئەو ئەگەرە بۆ بنەماڵەی مید راستبێت کە فەرمانڕەوایی بابلیان کردبێت وەکو دەسەڵاتی سۆمەر یان بابل بووەو نەبووەتە دەسەڵاتداری مید لەو روانگەیەوە کە گوایە مید باپیرانی کوردن کە ئەوەش وەکو زۆرینەی کوردناسان و نەژادناسان باسی دەکەن جێگای دڵنیایی نیە.

رەگورِیشەی کوردەکان نا روونە، هەرچەندە هەندێ لە توێژەران بڕوایان وایە کە نەوەی خێڵی جۆراوجۆری ئیندۆ ئەوروپین کە چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا لە ناوچەکەدا نیشتەجێبوون. کوردەکان خۆیان دەڵێن نەوەی میدەکانن

کـه یارمەتـی رووخاندنـی ئیمپراتۆریەتـی ئاشـوورییان دا لـە سـاڵی ٦١٢ی پێش زایندا(٣٠). لـە شـەرەفنامەدا هاتـووە: نووسـەرانی مسـوڵمانی پێشـوو لەسـەر رەگـەزی کـورد پێکنەهاتـوون. هەنـدێ دەڵێـن لـە عەرەبانـن و لەمەشـدا یـەک دەنـگ نیـن(٣١). رووبەرێکـی فـراوان لـە ناسیونالیسـتانی کـورد ڕیشـەی کـورد دەبەنـەوە بۆ کۆچـی هـەزارەی پێش زاینی ئێرانیـەکان لـە هەرێمێکـی نەزانـراوی رۆژهەڵاتـەوە بـۆ ئـەو ناوچەیـەی ئێسـتا کـوردی لـێ نیشـتەجێیە(٣٢). جارێکـی تـر مینۆرسـکی دەڵێت: کـوردەکان گەلێکـی ئێرانـی ئاسـیای نزیکـن(٣٣). ئیدمۆنـس دەڵێـت: کـوردەکان یـەک نەتـەوەن کـە بـە لایەنـی کەمـەوە سـێ هـەزار سـاڵە لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئێسـتایاندان(٣٤). ئاشـکرایە کۆی ئەوانـەی کـە ئاخاوتنـی رەگـوڕیشـەی کوردیـان کـردووە، سـەرباری ناڕوونـی ئەوەی کـورد کێیەو لە کویوە هاتـووە بـەڵام ئـەوان دەیبەنـەوە سـەر خێزانـی ئێرانـی و لەوێشـەوە دەیبەنـەوە سـەر نـەژادی ئـاری و لـەو رووەشـەوە بـە رایەڵـەی لاواز کـورد دەبەسـتنەوە بـە میدیـەکان و گۆتـی و کاردۆخیـەوە. بەهەرحـاڵ پرسـیار ئەوەیـە ئایـا سـەرچاوەو رەگـوڕیشـەی کـورد دەتوانێـت رووناکـی بخاتـە سـەر رابـردووی کـوردو لـە رووی کۆمەڵایەتیبـوون و ئاسـتی کۆمەڵایەتیبوونـەوە ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا بـکات کـە ئایـا کـورد لـەو رابـردووەدا بـە تایبەتـی پێـش هاتنـی ئیسـلام، کۆمەڵگایەکـی سـەرەتایی بـووە یـان قۆناغـی سـەرەتاییبوونی تێپەڕانـدووە. ئاشـکرایە دەوڵەتـی مید زیاتـر لـە فیدراسـیۆنی خێڵـەکان پێکهاتـووەو سـەرەتاش دەوڵەتێکـی دەسـەڵات سـنووردار بـووە، بـەڵام وەکـو بـاس دەکرێـت میدیـەکان چیایـی و شـەڕکەری بەهێزبـوون و لـەو رووەشـەوە لـە بەرامبـەر ئاشـوورییەکاندا وەسـتاون و سـەرکەوتنیان لـە شـەڕەکاندا دەریخسـتوون و نـاوی بـۆ دروسـتکردوون. بـەڵام ئایـا لـە رووی پەرەسـەندنەوە لـە ئاسـتی ناوخـۆدا چـۆن بـوون و ئاسـتی پەرەسـەندن یـان پەرەنەسـەندن و دواکەوتـووی و سـەرەتاییبوونی ئـەوان چ کاریگەرییەکـی لـە سـەر کـوردی ئێسـتا هەیـە، ئەگـەر ئـەو بۆچوونـە راسـتبێت کـە ئـەوان باپیـر کـوردی ئێسـتا بـن؟

ئـۆ. ل. ڤیلچێڤسـکی لـە کتێبـی» نـەژادی کـورد»دا، سـەرباری ئاخاوتنـی وردو دوورو درێـژ لـە سـەر میلـەت و خێڵەکانـی میسـۆپۆتامیا لـە جـۆری هـۆری و گۆتـی و لۆلـۆو کاسـی و میتانـی و دەرکەوتنـی خێڵـە هینـدۆ ئێرانـی و سـامی و پەیوەنـدی گۆتـی و مـاد و پەیوەنـدی گۆتـی و کـورد شـتێکی روون و ئاشـکرای

ئەوتۆ لەبارەی رەگوڕیشەی کوردەوە ناخاتە روو، بەڵکو هەمان بۆچوونەکانی هیرۆدۆت و مینۆرسکی و دیاکۆنۆف و ئەوانەی تر دەهێنێتەوە کە لە سەرەوە باسکران و لە کۆی قسەکانی ئەوە بە ئەنجام دێت کە لە بارەی کوردەوە دەڵێت: کە باس دێتە سەر کوردەکان، پێش هەموو شتێک دەبێ رەچاوی ئاکامەکانی هێرشی خێڵە ئێرانیەکان بکەین کە لە رۆژهەڵاتەوە، لە میدیاوە بۆ سەر میسۆپۆتامیای سەروو کردیان(٣٥)..ساکارترین هەوڵدانیش بۆ نزیککردنەوەی ئەو دیالێکتانەی کە بە گریمان نەوەی دیالێکتەکانی مادن لە دیالێکتەکانی کوردی دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی گومان لێنەکراو کە ئەم دوو گروپە دیالێکتانە لە رووی رەسەنایەتیەوە-بۆماوەوە- راستەوخۆ ناتوانن ببن بە یەک و هەریەک لەم گروپانە سەرچاوەکەی لە ئەوی ترەوە زۆر دوورە(٣٦).. لە سەدەی شەش و پێنجی پێش زایندا هەلومەرجی ئەوە دروست دەبێ کە خێڵە ئێرانیەکان بگەنە میسۆپۆتامیای سەروو، کە دانیشتوانەکەی لە خێڵی رەسەنی ناوچەکەو خێڵە سامیەکان پێکهاتبوون، میلەتی کورد پێکدەهێنن، لەبەرئەوەی زمانی کوردی ئێرانیە، خێڵە ئێرانیەکان دەوری هەرە گرنگ دەبینن. هەروەها لە کەلتووری ماتریاڵی و گیانی کورداندا توخمە ئێرانیەکان بایەخی گرنگیان هەیە(٣٧).

لە راستیدا بۆچوونەکانی ئەم کوردناسە زیاتر لە راستیەوە نزیکەو ئەو بۆچوونە ئەفسانەییانەش کە کورد بە نەوەی گۆتی، کاردۆخی، مید دادەنێن نەک هەر دەخاتە بەردەم گومانەوە، بەڵکو ناڕاستەوخۆش رەتیان دەکاتەوەو هەر ناڕاستەوخۆش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناشێت کورد بەرهەمی یەک خوێن و دەماربێت، بەڵکو لێکدانەوەی نزیکتر لە راستی یان لێکدانەوەی پەسەند ئەوەیە کە کورد بەرهەمی چەندین پێکهاتەو خێڵ و رەچەڵەکی هەمەچەشن و تێکەڵاوی ناوچەکەیەو بەڵگەی رەچەڵەک ناسی و رەگەزناسی و ئارکیۆلۆجی و زمانی و کەلتووریی ئەوتۆش نیە کە بتوانێت ئەم بۆچوونە رەت بکاتەوە، بە تایبەتی کە کورد وەکو خۆی پاشماوەو شوێنەواری ئەوتۆی لێ بەجێنەماوە ئەوە بسەلمێنێت. هەروەها هەتا مێژوویەکی درەنگیش کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگای دەرەوەی نووسین بووەو بەوپێیەش کورد پێکهاتەیەکی بێ تۆماری رابردووە.

لـه راسـتیدا توێژینەوەکـەی ڤیلچێڤسـکی لـە پـاڵ بایەخـی قسـەکردنی لەسـەر رەچەلەکی کـورد، بایەخێکی گرنگتری هەیە ئەویش لێکدانەوەی بـاری کۆمەڵایەتی و ئابـووری و بەرهەمهێنانـە لـە میسـۆپۆتامیای دێریـن و بانەکانـی ئێـران و ناوچەکـەدا، کـە سـەرباری نەبوونـی باسـی کـورد لـە رووی کۆمەڵایەتیـەوە، وەکو پێکهاتەیەکـی جیـاوازو ناسـراو بـەڵام بـە رەچاوکردنـی ئـەوەی کوردیـش لـەم رووبـەرە جوگرافیایـەدا ژیـاوە، دەشـێ بتوانیـن بـە پشتبەسـتن بـەو زانیارییانـە رووناکیـەک بخەینـە سـەر بـاری کۆمەڵایەتـی کـوردی لـەو سـەرەتایەوە هەتـا قۆناغـی زانـراوی مێـژووی کـورد لـە رووی کۆمەڵایەتیـەوە.

ڤیلچێڤسـکی باسـی شـێوازی ژیـان و چۆنێتـی دەسـتکەوتنی خـۆراک لـە راو و کۆکردنـەوەی بەرهەمـی خۆراکـی نێوسروشـت دەکات و لـەو ئامـرازە زۆر سـەرەتاییانە دەدوێـت کـە مرۆڤـی میسـۆپۆتامیاو بانەکانـی ئێـران و ناوچەکـە لـە بـەردو تاوێرو ئێسـقان و قـوڕ دروسـتیان کـردووە. هـەروەک لـە سـەرەتاوە باسـی کۆچ و مانـەوە لـە ئەشـکەوت و چیاکانـدا دەکات و پاشـان باسـی دەرکەوتنی خێڵـە شـوانکارەکان و کۆچـەری و جیاکردنـەوەی ئاژەڵـەکان و ماڵیکردنـی هەندێکیـان دەکات و لـەوەش دەدوێـت چـۆن خەڵـک لـە دەشـت و دۆڵەکانـدا نیمچـە جێگیربوون. هەروەهـا باسـی باڵادەسـتی دەوری ئافـرەت دەکات وەکـو جۆرێـک لـە سیسـتێمی دایکسـاڵاری و رۆڵـی ئافـرەت لـە دابینکردنـی پێداویسـتیە خۆراکیەکانـداو باسـی بەخێوکردنـی دوو جـۆر لـە ئـاژەڵ لـە چیاکانـدا دەکات، یەکەمیـان ئاژەڵـی ورد و دووەمیـان ئەسـپ وەکـو ئاژەڵێکـی بەهێـز بـۆ هاتووچـۆو گواسـتنەوە لـە نێـو چیاکانداو لـە پاڵ ئەوەشـدا باسـی چۆنێتـی خۆپاراسـتنی خێڵـەکان دەکات لە رێگای بوونـی هێـزو چەکـی سـادەی دروسـتکراوی خۆیانـەوە لـە بـەردو دارو ئێسـقان. هەروەهـا باسـی دەرکەوتنـی جیاوازی چینایەتـی دەکات لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی ئـەو چەرخـەدا. لـەم رووەوە دەڵێـت: بـە تێپەڕبوونـی چەنـد سـەدەیەک، نووسـراوی دەوڵەتـە کۆیلەدارەکانـی رۆژهەڵاتـی کـۆن و سـەرچاوەکانی تـری ئەوسـاکە نـاوی کۆنـی خێـڵ و کۆنفیدراسـیۆنی خێڵـەکان لـە جێـگای خۆیانـدا بەکارنایـەن و ئاڵـۆزی و تێکەڵکردنیـان تـادێ زیاتـر دەبـێ. نـاوەکان چیتـر وەکـو نـاوی گروپـی تایبەتـی و دیاریکـراوی کۆمەڵـگای بـێ چیـن بەکارنایـەن، بەڵکـو نـاوەکان بەگشـتی مانـای هەمـوو خێڵـە بەربەرییـەکان دەدەن کـە دوژمنـی دەوڵەتـە کۆیلـەدارەکان بـوون(٣٨).

دیاکۆنۆف لە مێژووی میدیادا دەڵێت: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی هەزارەی چوارەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زاین، لەو قۆناغەدا میدیا لەسەر نەخشەی شارستانێتی سواڵەتی رەنگاڵە بوو، کە لە سوریاوە درێژ دەبووەوە تا ناوەڕاستی ئاسیاو چین، ئیدی لەو قۆناغەدا یەکەمین نیشانەی دابەشکاریی پیشەیی لە نێوان هۆزە شوانکارەکان و کشتوکاڵ کارەکاندا پەیدابوو، سوودیان لە ئاوی رووباری دامێنی چیاکان وەردەگرت بۆ شینکردنی دەغڵ و دانەکانیان، بۆ یەکەمین جار گەنمی خۆماڵی و جۆو گەنمی کێوییان بەراو کرد. نیگارە بێ هەژمارەکانی سەر دەفرەکانیان وەکو نیگاری بزنی کێویی و پەز، ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سەرقاڵبوون بە ئاژەڵدارییەوەو لە دەڤەرە کشتوکاڵیەکاندا نیشینگەی هەمیشەییان دروستکرد، ئەمە لە قۆناغێکدا بوو کە هێشتا کۆچەرییەکان بە تەواوی جێگیر نەبووبوون. پاشان دەفری مس و کەرەستەی جۆراوجۆر پەیدابوون. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە پیشەوەری تەون و گۆزەسازی تا ئاستێکی بەرز پێشبکەون(٣٩). هەروەها دەڵێت: روون و ئاشکرایە گۆتییەکان نوێنەرایەتی قۆناغێکی سەرەتایی کاری کشتوکاڵی و شارستانی و فەرهەنگییان دەکرد، هێشتا لە سەردەمی رەنگاڵەیی گوزەراندا بوون(٤٠). هەروەها دەڵێت: هۆزی گۆتی یان یەکێتی هۆزە گۆتیەکان کە بێ هیچ چەندوچوونێک لە قۆناغی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا ژیاون(٤١). لە ناوچە کوێستاننشین و زۆر دوورەکانی رۆژئاوی میدیادا لە کۆتایی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا، رێکخستنی چینەکانی کۆمەڵگا، یان خرابووە سەر رێ، یاخود هێشتا لە قۆناغی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا بوون(٤٢). هەروەها دەڵێت: لە سەدەی نۆی پێش زایندا، دەوڵەتۆکە بچووکەکانی لۆلۆیی و گۆتییەکان لە دەڤەری «زاموا» بونیادنرابوون(٤٣). لە کاتێکدا باسی سیستێمی کۆیلایەتی لە پێش زاین و تەنانەت هەتا کاتی هاتنی ئایینی ئیسلامیش دەکرێت، بەڵام لەوبارەوە هاتووە: هیچ کات نیزامی کۆیلەداری بەو شێوەیەی کە لە شوێنی دیکە هەبووە، لە کوردستان نەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە چەند سەدە خەڵکی ئەو وڵاتەیان بە دیل گرتووەو بەنێوی کۆیلە لە بازاڕی کۆیلەفرۆشاندا دەیانفرۆشتن(٤٤).

محەمەد ئەمین زەکی سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد بۆچوونەکانی مینۆڕسکی و هیرۆدۆت و کەزنەفۆن دەهێنێتەوەو باسی بۆچوونی هەندێ لە

مێژوونووسانی عەرەبیش دەکات، بەڵام پێدەچێت خۆی زیاتر لایەنگری ئەوە بێت کە کورد بچێتەوە سەر کاردۆخی و لەو رووەوە دەڵێت: قەومی کاردۆ چ سامی بێ و چ ئەهالی ئەسڵیەی ئەو وڵاتە بێ، ئەمە موحەقیقە کە وڵاتی کاردۆشۆێ قەدیم ئیمرۆ مەرکەزی ئەسڵی کوردە(٤٥). لە دەوروپشتی سەدەی حەوتەم و شەشەمی پێش زایندا بە هەندێ نەتەوەی کوردستانیان وتووە کوردۆ یان بە کاردا، کوردۆئەن، یان بە هەندێ ناوی تر کە لەمانە بچێ ناویان ناون(٤٦). ئەم وتەیەمان بۆیە لێرەدا هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کە بزانین زۆرینەی بۆچوونەکان سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد بەمجۆرەن، واتە بە گریمانە دانانی ئەوەی ئەو ناوانە نزیکن لە ناوی کورد یان لە وشەی کوردەوە، کەواتە دەبێ کورد بگەڕێتەوە سەر ئەوان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دوای چەندین ئاخاوتن لەسەر رەگوڕیشەی کورد، بەگشتی ئەوانەی لەسەر ئەو بابەتە لێکۆڵینەوەیان کردووە، لەسەر خاڵێک هاوڕان کە ئەویش لە سوودی ئەو بابەتە نیە کە بەدوایەوەبوون و هەوڵیانداوە بگەن بە دەرئەنجامێکی باش و قایلکەر، ئەویش ئەوەیە کە تاکو ئێستا رەگوڕیشەی کورد، بەتەواوەتی ئاشکرا نیەو جێگای گومان و ئاخاوتنی زیاترە. لەبەر لاوازی بەڵگە مرۆڤناسی و ئارکیۆلۆجیەکان سەبارەت بەخودی کورد خۆی، بەگشتی توێژەرانی بواری کوردناسی لەسەر بنەمای مرۆڤناسی و ئارکیۆلۆجی و نووسراوە مێژوویەکانی پەیوەست بە میلەت و پێکهاتەو دەوڵەتانی میسۆپۆتامیاو رۆژئاوای ئاسیا، لەسەر ئەو رووبەرە جوگرافیایەو ئەو خێڵ و رەگەزانەی تێیدا ژیاون لەسەر بنەمای لێکچوون و جیاوازی هەندێ لە پاشماوەو هەندێ بنەمای زمان باسی کوردیان کردووەو لە بەستنەوەی کوردیشدا بە رەگەزو پێکهاتەکانی تری ناوچەکەوە لەسەر هەمان بنەماو هەندێ جار لەسەر بنەمای خەیاڵ لێکدانەوەیان کردووە.

لە لایەکی ترەوە ئەوەی جێگای سەرنجە سەبارەت بە کورد، لەبەرئەوەی رەگوڕیشەی ئەم پێکهاتەیە تەمومژاویەو لە راستیشدا بێجگە لە خەملاندن و وادانان مێژوویەکی دیاریکراو بۆ دەرکەوتنی کورد لەسەر ئەو خاکەی کە ئێستا لەسەری دەژی بوونی نیە، هەربۆیە ئاسان نیە لەسەر کۆمەڵایەتیبوونی کورد یان ژیانی کورد لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا مێژوویەکی زۆر دواتر زانیاری راست و بڕواپێکراو دەستبکەوێت. چەند بۆچوونێک وەکو باوەڕی

جێگیرو جەسپاویان لێهاتووە، بۆ نموونە دەگوترێت کورد لە نەژادی ئاریە، کورد نەوەی میدەکانە، کورد نەوەی گۆتییەکانە، کورد نەوەی کاردۆخیەکانە. هەر ئەم فرە لێکدانەوەییە بەڵگەی ئەوەیە کە ئاشکرا نیە ئەسڵی کورد بۆ کێ دەکەڕێتەوەو کورد کێیە. بەهەمان شێوە کاتێ دیاکۆنۆف باسی ژیان و باری کۆمەڵایەتی و گەشەو پەرەسەندن و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارو دەرکەوتنی پیشەو دروستبوونی یەکێتی خێڵ و دروستکردنی هێزو شەڕکردنی میدییەکان دەکات، زۆرێک وای بۆ دەچن ئەوە لێکدانەوەی کۆمەڵگای کوردیە، بەڵام لە راستیدا ئەوە لێکدانەوەی کۆمەڵگای میدیاییە، لەکاتێکدا بەڵگەی ئەوەی کە کورد نەوەی میدەکان بێت زۆر لاوازە، تەنانەت ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش کورد بچێتەوە سەر میدییەکان، ئەو مێژووەی دیاکۆنۆف باسی دەکات بەهیچ بەڵگەیەک کورد تیایدا ئامادەبوونی نیە. بەهەمان شێوە ئەو لێکدانەوانەی کە ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی بۆ نەژادی کورد و باری ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و پەرەسندنی میلەتانی کۆنی میسۆپۆتامیاو رۆژئاوای ئاسیای دەکات، ئەوەندەی باسی سۆمەری و بابلی و ئەکەدی و ئاشووری و میدەکانە، ئەوەندە تایبەتمەند نیە بە رەگوڕیشەی کوردو بوونی کوردەوەو تەنانەت ئەم میدیاناسە لە لێکدانەوەکانیدا ئاماژەی روون و بەڵگەدار بۆ ئەوە ناکات کە کە کورد نەوەی راستەوخۆی میدیەکان بێت.

هەر لەم رووەوە مادەم کورد نە رەچەڵەکی روون و ئاشکرایە، نە مێژووی تۆمارکراوی رابردووی خۆیی هەیە، نە ئەوە سەلمێندراوە کە کورد نەوەی راستەوخۆی یەکێک لە پێکهاتەکانی میدو گۆتی و لۆلۆو کاردۆخی بێت، هەتا سەروبەندی هاتنی ئیسلامیش پێکهاتەیەکی دیار وەکو ئەوەی کە پێکهاتەی کوردی یان کۆمەڵی کوردی بێت نابینرێت. راستە ئیتنۆسی کوردی وەکو ناو لە سەدەی سێی زاینیدا دەرکەوتووە، بەڵام تا روخاندنی دەوڵەتی ساسانیش و بۆ دواتریش ناوی کورد تەنیا وەکو ناوی خێڵ یان خێڵە کۆچەریەکان بوونی هەبووە. ئەو زانیارییانەی پێستریش کە زۆریکیان پشتیان بە گێڕانەوەکەی گەزنەفۆن بەستووە کە گوایە ئەوانەی رێگرییان لە گەڕانەوە یان تێپەڕبوونی دە هەزار یۆنانیە بەکرێگیراوەکە کردووە لە (٤٠١–٤٠٠) لە ناوچە چیاییەکانی باکووری میسۆپۆتامیدا کاردۆخیەکان بوون کە بەنزیککردنەوەی ناوەکەیان لە

وشـەی کـورد، وادانـراوە کـە ئـەوانـە کـوردەکان بـوون. ئەویـش لـە گێڕانەوەکانیـدا جۆرێـک لـە شـەڕەنگێزی و دڕندەیی ئـەوان واتـە کاردۆخیـەکان دەخاتـە روو کـە هەندێ لـە بۆجوونـەکان سـەبارەت بـە رەچەڵەکی کورد وای دەدەنێت گوایە ئەوانە کـورد بـوون، یـان کـورد نـەوەی ئەوانـە. لـە رووی کۆمەڵایەتـی و کەلتووریـەوە گێڕانەوەکانـی گەزنەفۆن ئەگـەر روویەکـی گەشـی تێدابێـت بـۆ سـەلماندنی بوونـی کـورد لـەو مێژووەدا، هـاوکات رووناکیش دەخاتـە سـەر ئـەوەی کـە کـورد ئەگـەر لـەو مێژووەدا بوونێکـی دیـاری هەبووبێـت، لـە چیاکاندا ژیاوەو سـیمای کێوییبوون و سـەرەتاییبوونی هەبـووە.

ئەگـەر دانبنرێـت بـەو گریمانانەشـدا کـە کـورد دەگەڕێتـەوە سـەر میدییـەکان، یـان گۆتـی، لۆلـۆ، کاردۆخـی یـان هـەر خێڵ و پێکهاتەیەکـی تـری دێرینـی ناوچەکـە، یـان لـە تێکەڵـی ئـەو رەگـەزو پێکهاتانـە پێکهاتبێـت، یـان لـەدەرەوەی ئـەم بۆچوونانـە کـورد لـە کـۆی ئـەو خێڵ و بنەماڵـەو پێکهاتـە بچووکانـەی میسـۆپۆتامیاو میدیـا یـان بانـەکانـی ئێـران یـان هەمـوو رۆژئـاوای ئاسـیا پیکهاتبێـت کـە لـە دەرەوەی رەگـەزی میلەتـە دیـارەکان بـوون، یـان لـە پەراوێـزو هەندێ خێڵـی ناپەیوەسـت بـەو میلەتانـە پێکهاتبێـت، واتـە کۆکـراوەی رەچەڵەکـی جۆراوجـۆری ناوچەکـە بێـت، بەڵام پرسـیارێک سـەر هەڵدەدات ئایـا بـە تـەواوی لـە کەیـەوە یـان لـە چ مێژوویەکـدا بـە تـەواوی لـە ژێـر نـاوی کـورددا کۆبوونەتـەوە، یـان بوونەتـە یەکەیـەک، ئەگەرچـی تاکـو ئێسـتاش کـورد خاسـیەتی تاکـە یەکەیەکـی یەکگرتـووی نیـە. هەروەک پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد لاوازی پەیوەندییـە ناوخۆییەکانـی کـورد لـە مێـژووی زانراویـەوە دەشـێ ببێتـە بەڵگـە بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە کـورد یـەک ڕیشـەو رەچەڵەکـی نیـە. دەشـێ جیـاوازی رەنـگ و روخسـارو دیمەنـی فیزیکـی مرۆڤـی کـورد ببێتـە بەڵگە بـۆ سـەلماندنی ناچوونیەکـی رەگوڕیشـەی کـورد.

دیاکۆنـۆف لـە باسـی میدەکانـدا لـەوە دەدوێـت لـە کۆتـای هـەزارەی چـوارەم و سـەرەتای هـەزارەی سـێیەمدا دابەشـکاری پیشـەیی لـە نێـوان هـۆزە شـوانکارەکان و ئـەو هۆزانـەدا هەبـووە کـە خەریکـی کشـتوکاڵ بـوون. بێگومـان مەبەسـت لـەم قسـەیە ئـەوە نیـە کـە میدیـەکان بـەو شـێوەیەی کـە ئـەو لـە مێـژووی میدیادا باسـیان دەکات، بەوجـۆرە بـوون چونکـە ئاشـکرایە مێـژووی میدییـەکان زۆر لـە دوای ئـەو مێژووەوە دەسـت پێدەکات، بەڵکـو مەبەسـت کۆمەڵگاکانـی باشـووری رۆژئـاوای

ئاسیای ئەو مێژووەیە. لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە ئاستی یەکەمدا مرۆڤی ئەو قۆناغە مێژووییە لەو جوگرافیایەدا هەر ئەوە نەبووە لەسەر راوکردن و کۆکردنەوەی بەروبوومی رووەک ژیابن، بەڵکو دەستیان داوەتە کار. هەروەها لە کارکردنیشدا جۆرە دابەشبوون یان سیستێمێک پەیدابووە کە بریتی بووە لە دابەشکردنی کار لە ئاستی سەرەتایدا بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و بۆ خەریکبوون بە کشتوکاڵەوە، کە وەکو ئەو باسی دەکات گەنمی خۆماڵی و جۆو گەنمی کێویی و چەند دانەوێڵەیەکی تریشیان چاندووە. هەروەها بزن و مەڕو بەرازو هەندێ ئاژەڵی تریشیان بەخێوکردووەو دەفری سادەیان دروستکردووەو نیگاریان لەسەر کێشاوە. بەگشتی ئەمانە سەرەتایەکی بەهێزی جۆرێک لە کۆمەڵایەتیبوون نیشان دەدەن کە پێداویستیەکانی ژیان هێناونیەتیە کایەوەو ئاشکرایە هەم کاری شوانکارەیی و هەم کاری کشتوکاڵیش کاری تاکەکەسی نین و پێویستیان بە کاری بە کۆمەڵ یان دەستەجەمی و پێکەوە کارکردن هەیە. هەربۆیە لێرەدا سەرباری ئەوەی کە پەیوەندی هۆزایەتی یان خێڵایەتی جۆرێک لە کۆبوونەوە یان دامەزراوەی سادەی کۆمەڵایەتی پشتبەستوو بە پەیوەندی خوێن و خزمایەتی دروستکردووە، هۆکاری ئابووری کە گەڕان و کارکردنە لە پێناوی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ژیاندا لە خۆراک و شتی تر، بووەتە هۆی کۆکردنەوەی ژمارەی زیاتر لە خەڵک و ئەوەش تێکەڵاویی و پەیوەندی بەربڵاوترو بەهێزتری دروستکردووە. هەروەک خەریکبوون بە کشتوکالەوە پێویستی بە مانەوەیە لە شوێندا کە ئەوەش سەرئەنجام نیشتەجێبوون دروست دەکات. کەواتە بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆف بێت لە سنووری میدییەکاندا لە مێژوویەکی کۆنەوە بنەماکانی کۆمەڵایەتیبوون دەرکەوتوون و خاسیێتێکی دیاری کۆمەڵگای مید درووستبوونی یەکێتی خێڵەکانە کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا نیشانەی ئاستێکی تری کۆمەڵایەتیبوون یان یەکێتی و یەکبوونە کە لە رووخسارو دیمەندا میدییەکان وەکو یەکەیەک دەردەخات و دەشێت هۆکارێکی دەرکەوتن و مانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مید بۆ ماوەی سەدەو نیوێک ئەو یەکێتی و یەکبوونەی خێڵەکان بوو بێت.

بێگومان دەبێ ئێمە ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین پەیوەست بەو ناوچانەی کە دواتر وەکو نیشتیمانی کورد ناسراون، کە زیاتر ناوچەی

چیایین. ناوچەی چیایی بە سروشتی ناوچەیەکی گونجاو و لەبار نیە بۆ کشتوکاڵ و زیاتر شوێنی گونجاوە بۆ ئاژەڵداری و شوانکارەیی، بۆیە ئەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاساییە کە ئەوانەی بە کشتوکاڵەوە خەریک بوون زیاتر لە پێدەشتەکان و لەو زەویە تەختانەدا ماونەتەوە کە بۆ چاندن و کاری کشتوکاڵی دەستیان داوەو بە تایبەتیش لەو کاتەی دەست بە ئاودێری کراوە، واتە کشتوکاڵی بەراو، ئەوانەی بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون، دابەزیوون بە دەشتەکان و دامێنی چیاکان کە توانیوویانە سوود لە ئاوی چەم و کانیاوەکان وەربگرن. ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی بە شوانکارییەوە خەریکبوون بەرەو چیاکان رۆیشتوون و کەمتر نیشتەجێبوون و لە چیاکاندا بەپێی بوونی پاکژو لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان جوڵاون. ئاشکرایە ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەیە لە مێژوودا لە بری ئەو خێڵ و هۆزانەی بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون زیاتر ئەوانە بوون کە بە شوانکارەییەوە خەریکبوون. بۆیە زیاتر رێی تێدەچێت کوردەکان لە رووی رەگوڕیشەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەو خێڵە شوانکارانەی کە سەرکەوتوون بۆ نێو چیاکان.

دیاکۆنۆف وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، گۆتیەکان وەکو کۆمەڵی سەرەتایی ناو دەبات و ئەو خێڵانەشی لە سەرزەمینی میدیا لە چیاکان و ناوچە کوێستاننشینەکاندا ژیاون شوانکارەبوون و بە ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، هەروەها لە رۆژئاوای میدیا لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا چینە کۆمەڵایەتیەکان هێشتا بەتەواوی نەخەملیوون و دەرنەکەوتوون. هەروەها ئەوە هاتووە کە لە سەدەی نۆی پێش زایندا لۆلۆو گۆتیەکان دەوڵەتۆچکەیان لە سەر زەمینی زاموادا بنیادناوە، کە زاموا بەشێکە لە سەرزەمینی کوردستانی ئێستا. دیسان باسی ئەوە دەکرێت لەو جوگرافیایەدا، کە ئێستا کوردستانەو پێشتر کاردۆخی و لۆلۆو گۆتی میتانی و کاشی و هۆری تیا ژیاوە سیستێمی کۆیلایەتی دروستنەبووە. هەروەک ئاشکراشە بە دیاریکراوی نووسینێک کە مەبەست شێوازی نووسینە نیە بەناوی یەکێک لەو پێکهاتانەی کە ئەگەری هەیە کورد بچێتەوە سەر ئەوان. رابردووی ئەو پێکهاتانە یان لە مێژووی بابل و سۆمەرو ئەکەدو ئاشوورو یۆناندا تۆمار کراوە کە ئەوەش شتێکی کەمە، یان لە خوێندنەوەی ئەو پاشماوانەوە هەڵهێنجراوە کە ئارکیۆلۆجیست و رەچەڵەکناسان

و مرۆڤناسـان کردوویانـە، ئـەوەش شـتیکی کەمـی لێـوە بەدەسـتهاتووە، یـان بـە خوێندنـەوەی رابـردووی ئەوانـی تـر کـە هـەم نزیـک و تێکـەڵاو و هاوسـەردەم بوون لەگەڵ میدو ئەو پیکهاتانەی لە سەرزەمینی میدو بەتایبەتی لە رۆژئاوای میدیا و باکووری میسۆپۆتامیا ژیاون و بەردەوام لە شەڕو پێکدادان و ئاڵۆزیدا بـوون و لـە ئەنجامـی بـەراوردو لێکچواندنـدا، مێژوونووسـان تـا ئەندازەیـەک لـە رووی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و چۆنێتـی بـاری ژیانـەوە، کۆمەڵـگای میدیـاو ئەو پێکهاتانەی کە لەسـەر زەمینی میدیا ژیاون و هەریەکەیان بەجۆریک وەکو باپیرەی کورد دادەنرێت، هاوشێوەکراون. بەڵام سەرباری ئەوەش لەو وتانەی توێژەران کە لە سەرەوە هینامنانەوە، هەندێ تایبەتمەندی میدییەکان و لۆلۆو گۆتـی و کاردۆخـی و تەنانـەت میتانـی و کاشـی دەردەکەوێـت کـە بەتـەواوی هاوشـێوەی بابـل و سـۆمەرو ئەکـەدو ئاشـوور نەبـوون لـە رووی پەرەسـەندن و دروسـتبوونی سیسـتێمی کۆیلایەتـی و دەرکەوتنـی سـنووری نێـوان چینـە کۆمەڵایەتیـەکان و لـە هەمووشـی گرنگتر دەرکەوتنی نووسـین لای سۆمەرییەکان و بابـل و...تـاد. لێرەدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە لـەو قۆناغانـەدا ئەوانـەی ئێسـتا وەکو باپیری کورد سەیردەکرێن لە سێ ئاستدا لە زۆربەی رەگەزو میلەتانی سـەردەمی خۆیـان جیاوازبوون کە ئەوانیش بریتین لـەوەی کە زیاتر لە چیاکاندا ژیـاون و شـوانکارەبوون و کشـتوکاڵ لـە ئاسـتی دووەمـدا هاتـووەو بەوپێیـەش زیاتـر کۆچـەری بـوون. چینـە کۆمەڵایەتیـەکان بـە روونـی دەرنەکەوتـوون، سیسـتێمی کۆیلایەتـی دروسـتنەبووە، نووسـین دەرنەکەوتـووەو تۆمـاری خۆیـان بـە زمانـی خۆیـان نیـە، واتـە کۆمەڵـگای پێـش نووسـینن. ئـەم خاڵانـەش تـا ئەندازەیەکـی ئاشـکرا دەریدەخـەن لـە کاتێکـدا پێکهاتەکانـی میسـۆپۆتامیای پێش زایـن لەبـەر ئـەوەی سیسـتێمی کۆیلایەتیـان هەبـووە واتـە جۆرێـک لـە سیسـتێمی ئابـووری و پەیوەنـدی بەرهەمهێنانیـان هەبـووە، چینـە کۆمەڵایەتیـەکان تـا ئەندازەیەک خەملیوون و کشـتوکاڵ و شـوانکارەیی شانبەشـانی یەکتر رۆیشـتوون و نیشـتەجێبوون دیاردەیەکـی لەبەرچاوبـووەو سیسـتێمی دەسـەڵات و سیسـتێمی نووسـینیان هەبـووەو تۆمـاری رابردوویـان بـۆ قۆناغەکانـی دواتـر ماوەتـەوە. واتـە ئەمـان خاسـێتی کۆمەڵگایـان هەبـووە، لەکاتێکـدا ئـەو پێکهاتانـەی کـە ئەگـەری هەیـە باپیرەی کورد بن زیاتـر خاسـێتی کۆمەڵـگای سـەرەتاییان هەبـووە. ئەگـەر بتوانرێـت لـە رێـگای کۆڵیـن و لێکدانـەوەی زانسـتی زیاتـرەوە ئـەوە بسـەلمێنرێت،

ئەوا رەنگە بگەین بە دەرئەنجامێک یارمەتیدەربێت بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی تاکو ئیستاش کورد لە رووی پەرەسەندن و بڕینی قۆناغەکانی مێژووەوە لە ریزی دواوەی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوای ئاسیاو سەرزەمینی سۆمەرو ئەکەدو بابل و ئاشوورو میدیاشە لەو روانگەیەوە کە ئێستا میدیا وەکو بەشێک لە مێژووی ئیران سەیردەکرێت و تەنیا ناسیونالیستانی کورد وەکو هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی رابردوو لە پێناوی سەلماندنی ئێستاو بەدەستهێنانی ئایندەدا وەکو رابردووی کورد سەیری دەکەن.

## بەشی دووەم

# گریمانەی بوونی کورد لە درووستبوونی میدیاوە بۆ سەرەتای زاین

لە بەشی پێشوودا لەبارەی رەگورپیشەی کوردو کۆمەڵایەتیبوون یان سروشتی کۆمەڵایەتی کوردەوە دواین، بەڵام هەروەک باسمان کرد، لەبەر ئەوەی رەگورپیشەی کورد تەموژاویەو ئەو بۆچوونانەی کە کراون بە بنەما بۆ دەرخستن و هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەوەی کورد کێیە، بنەمای لاوازن و لە چوارچیوەی گریمانە دەرناچن، هەرچەندە دەشێ ئەم بۆچوونەی ئێمە لە لای ئەوانەی کە بە دڵنیاییەوە باس لەوە دەکەن میدییەکان باپیرەی کوردن و دەوڵەتی میدیا دەوڵەتیکی کوردی بووە، رەتبکرێتەوە، بەڵام زۆربەی ئەو بەدڵنیایی قسەکردن و هەڵوێست وەرگرتنانە لە ژێر کاریگەری ئەو هۆکارەدا درووست دەبن کە پێیوایە ئێمە رابردووی گەشمان هەبووەو نەیاران تێکیان شکاندووین، هەروەک بە بارێکی تریشدا دەشێ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی باوک یان باپیرەیەکی دیارو خاوەن مێژوو، دەرئەنجامی هەست بە شکستکردن و هەست بە نائامیدیابوونمان بێت لە ئێستادا. لە راستیدا یەکێک لە کێشەکانی کەسێتی کوردی ئەوەیە کە بوێری ئەوەی نیە سەیری خۆی وەکو ئەوەی هەبووەو هەیە بکات و شکست و برینەکانی خۆی ببینێت. بەڵکو بە درووستکردنی بۆچوونی ئەفسانەیی بە دەوری رابردووی خۆیدا، هەوڵدەدات ئامیدیابوونێکی بێ بنەما بۆ رابردووی خۆی دروست بکات، ئەوەش وای لێ دەکات لە ئێستای خۆیشی تێنەگات و نەزانێت چی دەکات.

بەهەرحاڵ وەکو گوتمان رەگورپیشەی کورد تەمومژاوی و لێڵە، تەنانەت لەو مێژووەی کە دەکەویتە پێش روخاندنی دەوڵەتی میدیاوە، بە وادانان و

خەملاندن و بە پشتبەستن بە هەندێ بەڵگەی زمانی و بە هاوشێوەکردن و نزیککردنەوەی ناو و وشەکانی وەکو لۆلۆو گۆتی و کاشی و کاردۆخی... لە ناوی کوردەوە هەوڵدراوە کورد بگێڕرێتەوە سەر ئەو رەگەزو رەچەڵەکانە. هەرچەندە لە رووی راستیەوە مەرج نیە ئەگەر پێکهاتەیەک رابردوویەکی گەشی نەبوو، ئیتر ئێستاو ئایندەشی نابێت، یان بە پێچەوانەوە ئەگەر رابردوویەکی گەش و ئامیدیاەی هەبوو ئەوا ئێستاو ئایندەشی مسۆگەرە. بەهەرحاڵ، میدیاەم کورد وەکو پێکهاتەیەکی ناسراو و دوور لە تەمومژو لێڵی، لە قۆناغی مێژوویی پێش میدیادا نەناسراوەو نەبووەتە پێکهاتەیەکی جیاکراوە لەوانی تر، کەواتە قسەکردن لە سەر باری کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان و ئاستی پەرەسەندنیشی دیسان لە چوارچێوەی ئەوانی تردا قسەی لەبارەوە دەکرێت. بەڵام ئەوەی دەردەکەوێت، لەو قۆناغەشدا، ئەو پێکهاتانەی کوردیان بۆ دەگەڕێنرێتەوەو ئەو جوگرافیایەی کە دواتر بە کوردستان ناسراوە، دواکەوتووتر بووەو زیاتر خاسیێتی کۆمەڵگای سەرەتایی هەبووە. لێرەدا هەوڵدەدەین لێکدانەوەی کورد یان ئەوانەی بە باپیرانی کورد دانراون و شێوازی ژیان و کۆمەڵایەتیبوونیان لە روخانی دەوڵەتی میدیاوە تا دەرکەوتنی ناوی کورد وەکو پێکهاتەیەکی جیاواز، یان وەکو ئیتنۆسێکی سەربەخۆ، تاوتوێ بکەین.

ئاشکرایە لە مێژووی پێش دەرکەوتنی میدییەکاندا سۆمەرییەکان میلەتێکی خاوەن مێژوون کە لە میسۆپۆتامیادا ژیاون. لەو سەرزەمینەی کە پێشتر بەشی زۆری میدیای پێکهێناوەو دواتر بە کوردستان ناسراوە خێڵەکانی عیلام و لۆلۆو کاسی و میتانی و لە نێو چیاکانیشدا گۆتی و هۆری و سۆباری و کاردۆخی ژیاون. مێژوو باسی ئەوە ناکات ئەمانە لە کوێوە هاتوون. بەڵام ئەوەی لە خوێندنەوەی نوێی مێژوودا پەیوەست بە کورد باس دەکرێت، ئەوەیە گوایە کورد لە رەگەزی ئاریەو لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو ناوچەی میدیا کۆچیان کردووە. هەروەک لە لایەکی تریشەوە باسی ئەوە دەکرێت کوردو میدیا یەکن و لە لایەکی تریشەوە بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە کوردو سۆمەر یەکن، یان سۆمەرییەکان کورد بوون و هەروەها لێکدانەوەی ئەوەش هەیە کە رەچەڵەکی کورد پەیوەندی هەیە بە لۆلۆو میتانی و کاسی و سۆباری و گۆتی و کاردۆخیەوە. بەهەرحاڵ ئەگەری نزیک ئەوەیە کە کورد لە شوێن و

جوگرافیای ترەوە نەهاتبن و نەوەی رەسەنی ئەو پێکهاتانە بن کە لە دەرکەوتنی مرۆڤەوە لەم جوگرافیایەدا ژیاون. تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەی کورد بۆ ئەفسانەو بەسەرهاتی نوح و لافاوی نوحیش جۆرێک لە خەیاڵپڵاوی بێت، هێشتا بەپێی ئەو ناوچەیەی کەشتیەکەی لێ جێگیربووە، هەر ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد نەوەی راستەقینەی جوگرافیای خۆیانن و لە شوێنی ترەوە نەهاتوون. ئەم بۆچوونەشمان بۆ ئەوە هێنایەوە کە بڵێین دروستترین لێکدانەوە بۆ رەچەڵەک و نیشتیمانی کورد ئەوەیە کە کورد نەوەی ئەو پێکهاتانەیە کە لە مێژووی پێش زایندا لە باکووری میسۆپۆتامیا بۆ چیاکانی زاکرۆس و بانەکانی ئێران، یان بە دەربڕینێکی تر لە سەرزەمینی میدیادا ژیاون. رەنگە پەیوەستبوونی کورد بەم جوگرافیایەوەو دەستبەردارنەبوونی لەم خاکە لە هیچ بارودۆخ و هەلومەرجێکدا ببێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم پێکهاتەیە لەم خاکەدا دروستبووەو بوونی پەیوەستە بەم خاکەوەو سەرباری هەموو ئەو هێرش و تێکشکاندنانەی لەسەر ئەم خاکە دووچاری بووە، هێشتا هەم پارێزگاری لە بوونی خۆی کردووە، هەم پارێزگاری لە شوناسی خاک یان جوگرفیاکەی کردووە. راستە ئەو پێکهاتانەی تر نەبوونەتە خاوەنی دەوڵەتی دیار، بەڵام دەوڵەتی میدیا کە بەگشتی ئەو پێکهاتانەو ناوچەکانیانی گرتووەتەوە، سەرباری ئەوەی نە دیاکۆنۆف و نە ئەو مێژوونووسانەی تریش کە لەسەر میدیاو دەوڵەتی میدیایان نووسیووە، بە روونی وەکو دەوڵەتێکی کوردی ناوی نابەن و بە روونیش باسی ئەوە ناکەن کە کورد نەوەی میدیاە یان کوردو میدیا یەکن. بەڵام توێژەرێکی وەکو ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی کە بەشێوەیەکی پڕ وردەکاری لەبارەی نەژادی کوردەوە توێژینەوەی کردووە دەڵێت: خێڵەکانی کاردۆخی لە ناوچەی شاخاوی رۆژئاوای مانا دەژیان. کاردۆخی ئەو میلەتەن لە هەموو لایەکەوە دانی پیانراوە کە راستەوخۆ بەشداری ئیتنۆگێنیزی کوردەکانی ئێستایان کردووەو ئەوەش گەیشتووەتە رادەیەک کە لە هەندێ حاڵەتدا کاردۆخیەکان هەر بە کورد ناودەبرێن(١). بەهەرحاڵ سەرباری کۆی بۆچوونەکان هێشتا رەگورِیشەی کورد ئەوەندە روون نیە کە مایەی دڵنیایی تەواو بێت. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە کورد بۆ هەرکام لەو میلەتە دێرینانە یان بۆ زۆرینەیان بگەڕێتەوە یان تێکەڵاوێک بێت لە چەند رەچەڵەکێک، ئەگەر پەیوەندی بە سۆمەرو بە میدیایشەوە نەبێت، ئەوا بۆچوونەکەی گەزنەفۆن لە ٤٠١-٤٠٠ی

پێش زایندا سەبارەت بە کاردۆخیەکان و بوونی ئەوان وەکو باپیری کورد، ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد یەکێک لە کۆنترین پێکهاتەکانی رۆژئاوای ئاسیایە. بۆیە لێرە بەدواوە ئێمە وا مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەین کە پێکهاتەیەکی خاوەن رابردووی دووردرێژی باکوری میسۆپۆتامیا و چیاکانی زاکرۆس و رۆژئاوای میدیایە. بەلام ئەوەی هەوڵدەدەین لەسەری رابووەستین ئەوەیە کە ئایا کورد یان ئەو پێکهاتانەی کە باوکی کوردن و لەو رووبەرە جوگرایەدا ژیاون کە دواتر بە کوردستان ناسراوەو نیشتیمانی کوردانە، لە رووی ژیان و پەرەسەندنی کۆمەلایەتیەوە چۆن بوون؟

بەپێی گێرانەوەکانی هیرۆدۆت دەوڵەتی میدیا سەدو پەنجا ساڵ فەرمانرەوایی کردووەو لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا لە لایەن هەخامەنەشیەکانەوە رووخێنراوەو لە شوێنیدا دەوڵەتی هەخامەنشی دروستبووە. ئەمەش ئەوەمان پی دەڵێت کە لە دوای دەوڵەتی میدیا کە دەوڵەتێکی پێکهاتوو بوو لە فیدراسیۆنی خێڵەکان و دەسەلاتی بەسەر ئەو رووبەرەشدا هەبووە کە ئەو پێکهاتانەی تیادا ژیاون، کە کوردیان لێ پەیدابووە، کەواتە بەوپێیە روخاندنی دەوڵەتی میدیا کاریگەری لەسەر ئەو پێکهاتانەو ناوچەکانیشیان هەبووە. هەتا کاتی روخاندنی دەوڵەتی میدیا لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا، ئاشکرایە کەیخوسرەوی دووەم کە بە کۆرش بەناوبانگە، چەند ساڵێک پێش رووخاندنی دەوڵەتی میدیا، دەبێتە پاشای پارس و لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا هێرش دەکاتە سەر دەوڵەتی میدیاو دەستی بەسەردا دەگرێت و لەو کاتە بەدواوە هێواش هێواش ناوی ئێران دێتە شوێنی ناوی میدیا و پارس و لە راستیسدا لەوکاتەوە نەک هەر ناوی میدیا بەڵکو هەوڵی سرینەوەی شارستانێتی و مێژووەکەشی دراوە. کۆرش بە هەموو لایەکدا هەوڵی فراونکردنی دەسەلاتی خۆیی داوەو تەنانەت لە ساڵی ٥٣٨ی پێش زایندا دەستی بەسەر بابلدا گرتووەو سنووری دەوڵەتەکەی فراونکردووە. بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە کۆرش کاتێ دەستی بەسەر میدیادا گرتووە، سوپای میدیای کردووە بە بەشێک لە سوپای پارس یان ئێران و لە جەنگەکانیدا بەکاری هێناون. لەبارەی دۆخی دوای روخانی میدیاوە دەگوترێت: هەموو کوردەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوا، یانی میدیاو گوتی تا دەرکەوتنی ئەسکەندەر بۆ ماوەی دوو سەدە ژێردەستەی ئێرانیەکان بوون(٢).

ئاشکرایە لە دەوروبەری ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایندا، دەوڵەتە کۆیلەدارە کۆنەکانی میسۆپۆتامیاو رۆژئاوای ئاسیا لە بابل و ئاشوورو ئۆراتۆ روخـان. دەوڵەتی میدیایش وەکو دەوڵەتێکی نوێی کۆیلەدار لە ماوەیەکی کورتدا روخاو دەوڵەتی هەخامەنشی کە ئەویش دیسان دەوڵەتێکی کۆیلەدار بوو جێگای گرتەوە. بەڵام وەکو ئاشکرایە ناوچە شاخاوییەکانی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا کە هەمان جوگرافیای کوردستانی ئێستایە، شوێنی خێڵە شوانکارەکان بوو، هەروەک لە رۆژهەڵاتیشەوە خێڵی تر بەرەو ئەو ناوچانە کۆچیان دەکردو تێکەڵاوی خێڵە شوانکارەکان دەبوون و شێوازی ژیانیان بەپێی سروشتی ناوچەکە لەوانەوە نزیک دەبووەوە. هەروەک ئاشکراشە تەنانەت دوای روخانی دەوڵەتی میدیایش لە ناوچە چیاییەکاندا جۆرێک لە فیدراسیۆنی خێڵە شوانکارەکان بەردەوام بووە بە تایبەتی بۆ خۆپاراستن و بەرگریکردن لە خۆیان. خاسیەتێکی دیاری نێو خێڵە شوانکارەکان نەبوونی سیستێمی کۆیلایەتی بووە، چونکە بە سروشتی ژیانی شوانکارەیی بە تەواوەتی نیشتەجێبوون دروست ناکات، بەڵکو ئەگەر لە جوگرافیای سنووردارێشدا بێت ئەوە سروشتی کۆچەری دەبێت. لە سیستێمی شوانکارەو کۆچەریدا رژێمی یان سیستێمی کۆیلایەتی بە ئاسانی پێکنایەت. ئەم لێکدانەوەیە سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە لەو جوگرافیایەدا کە دواتر بە کوردستان ناسراوە، نە لەسەردەمی دەوڵەتە کۆنە کۆیلەدارەکانداو نە لەسەردەمی میدیاو پارس یان هەخامەنشیدا سیستێمی کۆیلایەتی وەکو سیستێمی کۆیلایەتی میسۆپۆتامیا یان یۆنان پێکنەهاتووە. بە واتایەکی تر دەشێ بگوترێت لە مێژووی باپیرانی کوردو لەسەردەمی کورد خۆیشیدا سیستێمی کۆیلایەتی پێکنەهاتووە.. پێش شەپۆلی کۆچی خێڵەکان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچە چیاییەکان کە چەندین خێڵی شوانکارە لەوێ دەژیان و- خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بوون-، هاتنی خێڵە نوێیەکان کە دەشێ مەبەست لەوەی کە کوردەکان لە رۆژهەڵاتەوە هاتوون و دەچنەوە سەر رەچەڵەکی هیندۆ-ئێرانی و لە نەژادی ئارین، دەرئەنجامی کۆچی ئەم خێڵانە بێت بەرەو چیاکان، بەڵام لە راستیدا خێڵە لۆلۆو گۆتی و -کاشی و هۆری و میتانی- و کاردۆخیەکان پێش سەپۆلی ئەو کۆچی خێڵە نوێیانە لە ناوچەکەدا بوون کە خێڵی شوانکارە بوون..ئەم خێڵە شوانکارانە زمان و دیالیکتە کۆنەکانی خۆیان پاراست و ئاسەوارەکانیان تا رۆژگارێکی زۆر درەنگیش هەر مایەوە. لەناو

ئەو کۆمەڵە خێڵە زۆرانەی لە ناوچە چیاییەکاندا بوون و کۆنفیدراسیۆنی تا رادەیەک بەهێزو چەسپاویان پێکهێنابوو. ئەم خێڵە شوانکارە چیاییانە بەهەمان شێوەی جاران هێزی سەرەکی و پێشڕەوی خێڵەکانی تر بوون(٣).

کەواتە لەم وتەیەوە، یەکەم ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە دواتر خەملێن و پێکهاتنی کورد وەکو ئیتنۆس لەو خێڵە جۆراوجۆرانە پێکهاتوون کە زۆرینەیان دانیشتووی ناوچەکە بوون و کەمینەشیان ئەوانە بوون کە لە رۆژهەڵاتەوە هاتوون. هەروەها ئەوانەی نیشتەجێی ناوچەکە بوون پارێزگارییان لە زمان و دیالێکتەکانی خۆیان کردووە کە زمان و دیالیکتەکانی باپیرانی کورد بووە. هەروەها ئەم پێکهاتە خێڵایەتیە شوانکارەیە کە سەرباری بوونی فیدراسیۆن و دەسەڵاتی سنوورداری ناوخۆ بە تایبەتی بۆ خۆپاراستن و سەرباری بوونی دەوڵەتە کۆیلەدارەکان لە دەوروبەریاندا، کە هەندێجار پەلاماریان داون و هەوڵیانداوە دەسەڵاتیان بەسەردا بکەن و بیانخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، بەڵام لە نیو ئەم خێڵە شوانکارانەدا سیستێمی کۆیلایەتی دەرنەکەوتووە یان رووبەری جیۆگرافیای ئەو پانتاییەی باپیرانی کوردی تیادا ژیاوە قۆناغی کۆیلایەتی بە خۆیەوە نەبینیووە.. هەروەها بەپێی کزبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتە کۆیلەدارەکان و بەپێی گەشەسەندنی پەیوەندی چینایەتی لەناو خێڵە چیاییەکاندا و دروستبوونی دەوڵەتانی بچووک و لەبەرامبەر هێرشی ئیمپراتۆرێتە کۆیلەدارەکان داکۆکییان لە خۆیان دەکرد، ئەم خێڵە شوانکارە چیاییانەش پەرەیان دەسەندو پێشدەکەوتن(٤).

ئەوە ئاشکرایە کە ئاڤێستای بچووک یان وردە ئاڤێستا کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی بۆ سێ ئاست دابەشکردووە کە بریتین لە: ئاتراڤان واتە خزمەتکارانی ئاگر، راتایسار واتە خانەدانەکان، ڤاسترایا فیویێنت واتە ئاژەڵدارو جوتیاران. جگە لەمانە تەنیا لەیەک کاتدا ئاماژە بە «هوتی» دەکات کە بە مانای «پیشەوەر»دێت(٥). بێگومان کۆیلەکانیش هەبوون، بەڵام وردە ئاڤێستا ئاماژەیان بۆ ناکات. ئەم دابەشکردنەی وردە ئاڤێستا تا ئەندازەیەک هاوتەریبە لەگەڵ دابەشکاری یان پێکهاتەی کۆمەڵگای میدیادا کە پێکهاتووە لە کاهینەکان و جەنگاوەران و پیشەوەرو بازرگان و خزمەتکار. واتە لەپاڵ بوونی کۆیلایەتیدا کۆمەڵگای میدیای رواڵەتی کۆمەڵگای چینایەتی هەبووە.

هەڵبەت کاتێ مێژوونووسانی ئاشوور یان هیرۆدۆت یان هەر کەسێک لە دەرەوەی سنووری میدیاوە سەیری میدیای کردووە، سەرباری ئەوەی لە چەندین پێکهاتەو خێڵ پێکهاتووە، بەڵام بە هەموویان گوتراوە میدیا، بۆیە دەشێ لە زامواو ئەو شوێنانەی تریش کە ئێستا کوردستانن، بێجگە لە خێڵە شوانکارەکانی نێو چیاکان، ئەم دابەشبوونە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بە ئاستی جیاواز لە سنووری میدیادا بوونی هەبووبێت یان بینرابێت.

دیاکۆنۆف دەڵێت: نووسراوەکانی داریوشی یەکەم لەسەر بێستوون (کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زاین). ئەوە نیشان دەدەن کە بونیادی کۆمەڵگای میدیا لێکچوونی لەگەڵ بونیادی کۆمەڵگای پارسیا هەیە، بەتایبەتی هەم لە میدیاو هەم لە پارسیاش شتێک هەبوو بەناوی (گەل-هێز)، ئەمانە بریتیبوون لە هێزی چەکداری مرۆڤە ئازاکان کە گرنگترین فاکتەری بونیادی کۆمەڵایەتی بوون...شیوازی رێکخستنی میدیا لە رابردوودا (رۆژگاری میدیا، یاخود رۆژگاری پێشووتری هەخامەنشیەکان) هاوشێوەی بەڵگە ئابوورییەکانی پارسە لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی پێش زایندا(٦). هەروەها لەو بەڵگە ئابوورییانەی کە کامیرۆن باسی کردوون و ڤ. ێ. تیورینا جەختی لەسەر کردوونەتەوە، رووناکیەکی کەم دەخەنە سەر کۆمەڵگای میدیا، کە باسی ئەوە دێتە ئاراوە کە بەڵگەی تەرخانکراو هەیە بۆ.. پێدانی مافی کریکاران، یاخود بەخێوکردنی چەندان جۆری جیاوازی کرێکاران کە پێیان دەگوترا کورتاش، وەکو کرێکاری بیناسازی واتە کرێکاری پادشایی تایبەت و کرێکاری بە ئەزموون. یاخود بەپێی پیشەو شارەزاییان پۆلێن کراون بۆ نموونە (بەردتاش، دارتاش، مسگەر..) ئەمانە لە کاروباری بیناسازی پایتەختی هەخامەنشیەکاندا کاریان دەکرد، هەروەها بە گرووپی گەورە سەد بۆ هەزار کرێکار(٧). دیارە لەم شێوەی کارکردنەشدا هەندێ بە نانە سکی کاریان پێکراوەو هەندێ خواردن و شەراب و شوانەکانیش مەڕیان پێدراوە. هەروەها خەڵکانی تریش هەبوون لە هەردوو رەگەز لە کێڵگەکانی تایبەت بە پاشادا کاری کشتوکاڵیان بۆ پاشا کردووە. رەنگە ئەو پرسیارەش سەر هەڵبدات ئایا ئەم کارکەرانە کۆیلە بوون یان خەڵکی ئاسایی بوون و بە ئازادی و ئارەزووی خۆیان کاریان کردووە. هەروەک لەسەر بنەمای ئەم زانیارییانەی سەرەوە باسی ئەوە دەکرێت کە کرێکاران یان کارکەران لە قۆناغی دوای میدیادا لەسەر زەمینی

دەوڵەتی هەخامەنشیدا بۆ سێ جۆر پۆلێن کراون کە بریتیبوون لە: یەکەم پیشەوەران و بێگانەکان (سووری و میسری و یۆنانی). دووەم ئەو کرێکارانەی لە کاروباری پاشادا کاریان دەکرد، بەکاری پیشەسازیەوە خەریکبوون. سێیەم دەستەی ئەو کرێکارانەی لە کاروباری کشتوکاڵیدا کاریان دەکرد(٨).

ئاشکرایە لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی شەسی پێش زایندا شەڕی نێوان پارسەکان بە سەرۆکایەتی کۆرش و میدیا بە سەرۆکایەتی ئاستیاک بەردەوام بوو. بەپێی گێڕانەوەکانی هیرۆدۆت و کتسیاس کە دیاکۆنۆف گواستوونیەتیەوە، خانەدانەکانی میدیاو بەشێک لە مۆغەکانی زەردەشتی و هۆزو خێڵە جۆراوجۆرەکان پشتگیری و هاوکاری پارسەکانیان کرد بە دژی ئاستیاک و بەرامبەر بە دەوڵەتی میدیا جەنگان، کە سەرئەنجام بووە هۆی سەرکەوتنی پارسەکان و کۆرش دەستی بەسەر میدیا و تەنانەت ئێکباتانای پایتەختدا گرت و بە پێی مێژووەکەی نابۆنیدی بابلی شارەکە تاڵانکراو بەشێکی دانیشتوانیش کران بە کۆیلە(٩).. بەپێی چیرۆکی نووسەرە یۆنانیەکان خانەدانە میدییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خەڵکانی ڕێزلێگیراوی نێو ئیمپراتۆریتی هەخامەنشییەکان بوون(١٠). میدییەکان و پارسەکان نەریتێکی هاوشێوەی نەریتی میسرییە کۆنەکانیان هەبوو، بەپێی ئەو نەریتە یان کوڕی کچەکە، یانیش هاوژینی کچی پاشای پێشوو دەبوو بە میراتگری یاسایی پاشا. بۆیە زۆرجار پاشاکان هاوسەرگیرییان لەگەڵ خوشکەکانی خۆیاندا دەکرد(١١). بێگومان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی هەخامەنشییەکاندا ناوچەکانی میدیا بە گشتی لە ژێردەسەڵاتی ئەواندا بووە، واتە ئەو جوگرافیایە کە دواتر بە کوردستان ناسراوە لەژێرسایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی پارس یان هەخامەنشی یان ئێرانیدا بووە. قەڵەمرەوی ئەو دەوڵەتەش لە رووی کۆمەڵایەتی و ژیان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە تایبەتمەندی خۆیی هەبووەو لەو رووەوە دیاکۆنۆف دەڵێت: ئەو کاتە بێگومان پەرەسەندنی تەواوی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆیلەی پێشەنگ بوو، بەئەندازەیەکی زۆر وەک زیادبوونی ژمارەی کێڵگەکانی خاوەن کۆیلەو قوڵبوونەوەی مەودای پرۆسەکانی بەرهەمهێنان بە میتۆدی بەرهەمهێنانی کۆیلەداری...شێوازی کۆیلەداری بۆ بەرهەمهێنان لەو کاتەدا لە هەڵکشاندا بوو، لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی هێزی بەرهەمهێناندا دەگونجا. ئامرازو کەرەستە ئاسنینەکان لەو کاتەدا باوبوون، هێزو دەستی کاری کۆیلەش بە

ڕێژەیەکی زۆرو بە ئاسانی بەردەست بوو(١٢). لەسەردەمی هەخامەنشییەکاندا، کاردۆخیەکان کە هێشتا لە قۆناغی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دەژیان، پێدەچێت سەرقاڵی راو و شکارو تەنانەت رەنگە کشتوکاڵیش بووبن... پادشایانی میدیا نەیانتوانی داگیریان بکەن، بۆ یەکەمجار ملکەچی کۆرش بوون(١٣).

ئەو قۆناغەی کە بۆ ئەم باسەی ئێمە لە رووی مێژوویەوە وەکو چوارچێوەیەک دیاریمانکردەووە، لە سەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەتی میدیاوە هەتا لە دایکبوونی عیسا یان سەرەتای زاین دەکشێت. بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە ئەو قۆناغە بە قۆناغی پێکهاتن یان بنەغەدانان یان دامەزراندن سەیردەکات. لەم بارەیەوە کارل یاسپرس دەڵێت: مرۆڤ ئێستاکەش لە چوارچێوەی داڕێژراوی ئەو سەردەمەدا دەژی، سەردەمێک کە لەگەڵ کەسایەتیەکانی وەکو زەردەشتی ئێرانی، کۆنفۆسیۆشی چینی، بودای هیندی و فەیلەسەفە یۆنانیەکان و پێغەمبەرە جوولەکەکانی وەکو ئەشعیاو ئەرمیا داڕێژراوە. سەردەمی بناغەیی سەردەمێکە لە رووانگەی مانابەخشی بە مرۆڤ بەکەڵکترین سەردەمی مێژوو بووە. سەردەمێک لە نێوان سالآنی ٨٠٠ و ٢٠٠ی پێش زاین. هەروەها هەر رووداوێک پێش ئەم سەردەمە روویدابێت پێشەکیەک بووە بۆ داڕشتنی ئەم سەردەمە، هەروەک هەر رووداوێک پاش ئەم سەردەمە روویدابێت خۆی بەم سەردەمەوە گرێدەدات و سەرچاوەکەی بۆ ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە، هەروەهاش ئەو مرۆڤەی کە ئێمە تاکوو ئەمڕۆ لەگەڵی دەژین، بەرهەمی ئەم سەردەمە بووە(١٤). لەم وتەیەوە دەردەکەوێت ئەو قۆناغەی کە بە قۆناغی بنیادنان دادەنرێت چ لە رووی کۆمەڵایەتیەوە چ لە رووی ئێتنیەوە زۆر گرنگە، هاوشێوەی ئەو قۆناغەیە کە بنیادی کەسێتی تاکە کەسی تیا بەئەنجام دەگات. بەگوێرەی نەتەوەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان ئەگەر لەو قۆناغی بنیادنانەدا نەیتوانی وەکو پێویست بناغەی چەسپاوی خۆی دابنێت، ئەوا ناتوانێت بە ئاسانی رەوتی سروشتی خۆی بکات و لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا گەشە بکات و پەرەسەندنی سروشتی خۆی ببڕێت تا دەگاتە بەرزترین ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کە قۆناغی بەرهەمهێنانی دەوڵەتە.. هەر قەومێک لە بزووتنەوەکانی سەردەمی بناغەییدا بەشدارنەبێت، بەشێوازی قەومێکی سروشتی و بێ مێژوو دەمێنێتەوە(١٥). دواتر دەگەڕێینەوە بۆ باسکردن لە قۆناغی سەرەتایی یان قۆناغی دامەزراندن و بنەرەتی.

بێگومان بۆ ئەوەی بنچینەیەک دابرێژین بۆ قسەکردن لەسەر سروشتی پێکهاتەی کورد یان باپیرانی کورد لە دوای روخانی دەوڵەتی میدیا، پێویستمان بەوەیە کە بزانین سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای میدیا چۆنبووە. ئەوەی تا ئەندازایەک وەکو بۆچوونێکی جێگیری لێهاتووە ئەوەیە کە دەوڵەتی میدیا لە فیدراسیۆنی خێڵ یان عەشیرەتەکان پێکهاتووە. بەڵام با بزانین ئەم قسەیە تا چ ئاستێک راستی تێدایە. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی مێژووی کورد ئەوەیە کە نە گۆتی و نە لۆلۆو نە هۆری و نە میتانی و نە کاشی و نە میدیا و نە کاردۆخی نە ئەو پێکهاتانەی تریش کە کوردیان بۆ دەگەڕێتەوە نووسین و هەڵکۆڵین و نە پاشماوەی پڕ بایەخی نەخش و نیگاری خاوەن شوناسی ئەوتۆی خۆیانیان لێ بەجێنەماوە. تەنانەت ئەوەی لە کوردستاندا وەکو پاشماوەی کۆن دۆزراوەتەوە یان ماوەتەوە، ناتوانرێت بسەلمێنرێت کە بەرهەم و دەستکردو داهێنانی هیچ کام لە باپیرانی کورد بووە. بۆ نموونە زۆرێک بە شانازیەوە دەڕواننە پەیکەری نارامسین لە دەربەندگەورەی سەگرمەی ناوچەیٔ قەرەداخ یان سەرپڵ، لە کاتێکدا ئەوەی هەیە پەیکەری پاشای ئەکەدەو دەردەکەوێت کە وێنەی سەرپڵ هەمان وێنەی دەموچاوی پاشا واتە نارام سین بووە، ئەوەش بەپێی نەخش و نووسراوی بەردینی پاشای ئەکەد کە لە مۆزەخانەی لوردایە(١٦). ئاشکرایە ئەم نووسین و نەخش و پەیکەرانەی ئەکەد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە پەلاماری وڵاتی گۆتی باوکی میدیاو باپیری کوردیان داوەو بەسەریاندا سەرکەوتوون و دەسەڵاتیان بەسەر باکووری میسۆپۆتامیادا کردووە، لە خۆشی سەرکەوتن و وەکو دیاریکردنی جێ دەست و هەژموونی خۆیان بەسەر وڵاتی گۆتیدا ئەو پاشماوەو شوێنەوارانەیان بەجیهێشتووە. هەرچۆن نووسراوی بێستوون نووسراوی سەردەمی داریوشەو لە وڵاتی میدیا هەڵکۆڵراوەو بە ئامانجی نیشاندانی ئەوە کراوە کە پارسی هەخامەنشی فەرمانڕەوای وڵاتی میدیا بوووە ئەو سەرزەمینەش سەرزەمینی ئێرانی پارسەو هەڵکۆڵراوی بێستوون پاشماوەی داگیرکاری دەوڵەتی پارسی ئێرانیە لەسەر خاکی میدیا.

ئاشکرایە کاریگەری نەرێنی نووسراوی سەر بەردی بێستون، لە قۆناغەکانی دواتری ژیانی کورددا بە دوو ئاراستە دەرکەوتووە، یەکەمیان

خۆبەخاوەنزانینی کورد بۆ نووسراو و مێژوویەک کە نەک هەر هی ئەم نیە بەڵکو نووسراو هەڵکۆڵینی پارسە هەخامەنشییەکانە کە دەسەڵاتی میدییەکانیان لەناوبردووەو دەستیان بەسەر وڵاتەکەیدا گرتووە. دووەم هەخامەنشیینەکان وایان نیشانداوە کە فەرمانڕەوای پارس و میدیان. ئەوەش ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ درووستبوونی هەستی خۆ بەئێرانیزانی لای ئەو کوردەی کە خۆی بە نەوەی میدیا زانیووە یان دەزانێت، کە ئەو هەستی خۆ بەئێرانیزانینەی کوردی ئێستا هیچ راستیەکی تێدا نیەو بەڵگە مێژووییەکانیش پشتگیری ئەوە ناکەن کە کورد ئیرانی بێت، بەڵام زمانەکەی سەربە گروپی زمانەکانی باکوری رۆژئاوای ئێرانە،. بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرینەی بەڵگەکان پشتگیری ئەوە دەکەن کە میدیا پێکهاتەی رەسەنی چیاکانی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیایەو ئەگەر بۆجوونی دووەمیس بۆ دەرکەوتنی میدیەکان راستبێت کە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاینە، ئەوا مادای و پارسوا هاوکات دەرکەوتوون و مادای واتە میدیەکان پێش پارسوا بوونەتە خاوەنی دەسەڵات. تەنانەت ئەگەر میدیا لەگەل پارسوادا پەیوەندییەکیان بە کۆچی ئارییەکانەوە حەبیت بۆ بانەکانی ئێران ئێران، دیسان لەو روانگەیەوە کە میدیەکان تاکە باپیرەی کورد نین و کورد زیاتر نەوەی پێکهاتە رەسەنەکانی باکوری میسۆپۆتامیاو زاکرۆس و ئەناتۆلیایە، واتە ئێرانیبوونی کورد بە پشتبەستن بەوەی کە کورد ئاریایی بێت، بەڵگەیەکی لاوازە. تەنانەت وشەی ئێران لەگەڵ دەرکەوتنی پارسەکاندا دەرکەوتووە نەک لەگەڵ دەسەڵاتی میدیا کە پێش دەسەلاتی پارسەکان بووەو لەو کۆنترە لە ناوچەکەدا. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە بوونی میدیەکان دەگێڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەم بۆچوونەش راست نەبێت هێشتا بوونی میدیا وەکو ئامادەبوون و دەسەڵات دەکەوێتە پێش پارسواوە. میدییەکان دانیشتووی رەسەنی ناوچەکە بوون و لە سێ هەزار ساڵ پێش زایینەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی زاکرۆسدا ژیاون، بەڵام پارسەکان/ ئێرانیەکان لە کۆچبەرە ئارییەکان بوون کە لە هەزار ساڵی یەکەمی پێش زایینەوە وردە وردە لە ئاراستەی رۆژهەڵاتەوە چوونەتە ناوچەیەکی دەشتایی (فەلات) کە لە دواییدا بە ئێران ناسراوە(١٧).

بەهەرحاڵ لێرەوە دەمانەوێت سەرنج بدەینە سرووشتی پێکهاتەو بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای میدیا بە تایبەتی لەو مێژووەدا کە خاوەنی دەسەڵات و دەوڵەت بووەو گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی پەرەسەندن و هێزی و توانیوێتی ئیمپراتۆرێتی بەهێزو تا ئەندازەیەک تەمەن درێژو خاوەن نووسین و هەڵکۆڵین و مێژووی ئاشووری بڕوخێنێت.

پێکهاتنی دەوڵەتی میدیا جیاوازی هەبووە لەگەڵ سروشتی پێکهاتنی دەوڵەتانی پێش خۆی، لەوانەش سۆمەرو ئەکەدو ئاشوور، هەروەها لە دەوڵەتانی دوای خۆی جیاواز بووە بە تایبەتی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیەکان کە هەرسێکیان دەوڵەتی پارس و ئێرانی بوون. دەوڵەتی میدیا نەک بە پاڵپشتی چینی ئەرستۆکرات و زنجیرەی پلەوپایەی دەسەڵات دانەرێژراوە، بەڵکو بە پاڵپشتی جەماوەری خەڵک و دژ بە ئەرستۆکراتەکان بووە. هەر لەبەرئەوەش بووە کە ئەرستۆکراتەکان لایەنگری ئاستیاک نەبوون(١٨). لە بەراییەکانی هەزارەی دووەمی پێش زایندا بارودۆخەکە نەختێ گۆڕانکاری بەسەردا هات، لە راستیدا ئەم م هەزارەیە شایەتی گۆڕانێکی جەوهەریە لە بورای بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی میدیاو ئەو دەڤەرانەی کە دەوری میدیایان دابوو.. لەم قۆناغەدا بەرهەمهێنانی برۆنز گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، تا دەهات زیاتر گۆزەسازی پێش دەکەوت، جۆرو نەخشی دەفرەکان گۆڕانیان بەسەردا دەهات(١٩). لەم قۆناغەدا یەکەمین دابەشکاری گەورەی کار لە نێوان پیشەی شوانکاری و کشتوکاڵدا بەپێی هەڵکەوتەی شوێنی نیشتەجێبوون سەری هەڵدا. بەشێک لە هۆزەکان بوون بە پیشەوەرو چەندان جۆری کەرەستەی خاو بۆ نموونە میتاڵ-یان بەرهەمهێناو گەلێک پیشەی هەمە جۆریان گرتەبەر(٢٠). بێگومان یەکێک لەو ئاژەڵانەی کە جێگای بایەخپێدان بووە لە وڵاتی گۆتی و لۆلۆو پاشانیش لە وڵاتی میدیادا، ئەسپ بووە. لە بەراییەکانی هەزارەی یەکەمی پێش زایندا واتە نزیکەی سێ سەدە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی مید، ئەسپ جێگای بایەخپێدانی زۆر بووە لە ناوچە شاخاوییەکانی زاکرۆسدا.. دەتوانین بەوپەڕی دڵنیاییەوە جەخت بکەینەوە کە ئەو هۆزانە لە بواری شوانکارەیدا گەلێک پێشکەوتوو بوون بە تایبەتی لە بەخێوکردنی ئەسپداو لە لاپاڵی کەژەکاندا پەرەیان بە کشتوکاڵیش داوە(٢١). کۆمەڵگای میدیا

لەبەردەم سەرەتای›خشت دروستبوونی کۆمەڵگایەکی کۆیلەگەریدا بووە، بۆ نموونە «شارە قەڵا»کان نەردەوانی بەردین یاخود «خشت»ی بە چواردەوردا دەکراو قولەی بەرزیشی تیدا دروست دەکرا. سەرەتای جیاکردنەوەی کاری پیشەوەری دەستییێکرد. کاربەدەستان بۆ هەمیشە لە ئەرکەکانیاندا دەمانەوەو هەروەها جەنگەکانیش بووبوون بە ئەرکێکی رۆژانەی ژیانی گەل. بۆیە ئەو مافە بە خۆمان دەدەین کە لەم ریگایەوە باسی تایبەتمەندییەکانی تری ئەو کۆمەڵگایە بکەین. سیستێمی خێزانی باوکسالاری بوو بە تایبەتمەندیی زۆرینەی کۆمەڵگا. کۆیلەگەری تەشەنەی کردو هەروەها ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی هۆزەکان گۆڕانیان بەسەردا هات- واتە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردن کەوتنە دەستی مەزنەکان و لەم ریگایەشەوە گەلەکانی خۆیان دەچەوساندەوە. بێگومان دەبێ ئەوەش بڵێین کە هیچ زانیارییەکمان لەبارەی پێشکەوتنێکی دیاریکراوی مێژووی ئەو رۆژگارەی کۆمەڵگای میدیاوە لەبەردەست نیە(٢٢). باسیلی نیکتین دەڵێت: دەشێ کورد دابەش بکرێت بۆ شارستانی- نیشتەجێ و کۆچەری(٢٣). قەومی میدیا ئەساسەن گەڕۆک بوون، بەڵام لە شاخ و کێواندا بەرەبەرە جێگیربوون و عورف و عادەتی شاریان قبووڵ کرد. شارانیان لەسەر شاخێکی حاکم بەسەر دۆڵێکدا درووست ئەکرد. حەیاتێکی سادەی عەشائیریان هەبوو. لە جەدوەلی ئەسمای ئەم قەومەدا چەند گەورەی عەشیرەتێک بە شۆرەت بوون. هیچ دێیەکیان بەسەر دێیەکی تردا حاکم نەبووە. هەموویان لە حقوق و سەلاحیەتدا مساوی بوون(٢٤). ئەگەر بۆ مێژووی دەوڵەتانی میدیاو هەخامەنشی بگەڕێینەوە، ئەوا جیا لەوەی تا چەند پەیوەندی چینایەتی لەناو دانیشتوانی ئەم دوو دەوڵەتە کۆیلەدارەدا رەگییان داکوتا بوو، ئێمە ناتوانین سەرنجی ئەو بایەخە گەورەیەی یاساکانی بنەماڵەیی و خێڵایەتی لەم دوو دەوڵەتەدا نەدەین(٢٥).

ئایا کۆمەڵگای میدیا کۆمەڵگایەکی چینایەتی بووە یان کۆمەڵگایەکی بێ چین بووە، واتە هەموو خەڵک لە یەک ئاستی کۆمەڵایەتیدا بوون یان جیاواز بوون؟ رەنگە خەیاڵکردنی کۆمەڵگایەک کە هەموو دانیشتووانەکەی لە هەمان ئاستدا بن، جۆرێک بێت لە خەیاڵی بەربڵاو. هەر لەسەر ئەم بنەمایە ناشێت پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت کە کۆمەڵگای میدیا کۆمەڵگایەکی بێ چین

بووبێت..لە راستیدا لە کۆمەڵگای میدیادا سیستێمی چینایەتی بوونی هەبووە، بەڵام دوو جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ کۆمەڵگای پارسی هەبووە. یەکەم ئەوەی کە سیستێمی چینایەتی لە وڵاتی میدیا رەهەندێکی پیرۆزی نەبووە، تاکوو بەهۆیەوە ئەم پیرۆزیە لە کەلتووری سیاسی و دینیدا رەنگبداتەوەو لە بازنەی پانتایی حەقیقەتدا خۆی جێگیر بکات. خاڵی دووەم بریتیە لەوەی کە دەوڵەتی میدیا بەپێی سیستێمی چینایەتی ئەرستۆکراتەکان دانەڕێژراوە، بەڵکو بە پاڵپشتی جووتیاران پێکهاتووە(٢٦).

لەبارەی سیستێمی کۆیلایەتی لە دەوڵەتی میدیادا زۆرینەی بۆچوونەکان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا کە بێجگە لە میدیای بچووک، سەدەو نیوێک تەمەنی بوو، سیستێمی کۆیلایەتی وەکو سیستێمی کۆیلایەتی سۆمەرو بابل و ئاشوورو تەنانەت وەکو سیستێمی کۆیلایەتی پارس (هەخامەنشی و ساسانی) پێکنەهاتووە. ئەگەریش سیستێمی کۆیلایەتی لە میدیا هەبووبێت، لە ئاستی کۆیلایەتی بنەماڵەیی تێنەپەڕیووە. هەربۆیە دەشێ ئەو بۆچوونەی کە سیستێمی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی میدیا بە سیستێمی کۆیلایەتی ناودەبات تەنیا پشت بە هاوشێوەکردنی سیستێمی میدیا بە سیستێمەکانی تری ئەو سەردەمە یان پێشترو دواتر دەبەستێت، نەک بە بەڵگەی زانستی سەلمێنەر.. بەرهەمهێنەرە سەرەکیەکانی وڵاتی میدیا، دانیشتووانی ئازاد بوون، کە هاوکات شۆڕشگێڕ بوون. هەروەها نهێنی سەرکەوتنی میدییەکانیش هەر ئەوە بووە(٢٧). هەروەک لەبارەی سرووشتی کۆیلایەتیەوە لە دەوڵەتی میدیادا باسی ئەوە دەکرێت کە.. بارودۆخی کۆیلەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بارودۆخی کەسانی ئازاد نەبووە. کۆیلەکان کاری شوانییان دەکردو مافی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیان هەبوو (مەبەست هاوسەرگیریە). کتسیاس ئاماژە بە جۆرێکی تایبەت و هاوشێوە لە سیستێمی کۆیلایەتی دەکات کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیستێمی پەروەردەکردنی منداڵ نەبووە. ئەوەی بە پێی وتەکانی کتسیاس و هیرۆدۆت روون و ئاشکرایە ئەوەیە لە وڵاتی میدیادا سیستێمی کۆیلایەتی بوونی نەبووەو لە راستیدا میدییەکان دژی سیستێمی کۆیلایەتی بوون(٢٨). هەروەها هیرۆدۆت باسی ئەوەی کردووە کە منداڵی کەسایەتییەکی میدیا بە بەراورد لەگەڵ منداڵی کۆیلەیەکدا، لەیەک ئاستدا توانیویێتی وەکو ئەو یاری بکات.

هەروەها سەربارى ئەوەى دەوڵەتى میدیا لە ئەنجامى فیدراسیۆنى خێڵەکان و لەسەر بنەماى گرێبەستى کۆمەڵایەتى و پاشایەتى یەکسان دامەزراوەو ماوەى فەرمانڕەوایى پاشاکانى میدیا سنووردار بووە. هەروەها دەوڵەمەندەکان یان ئەرستۆکراتەکان و مۆغەکان بوارى ئەوەیان پێنەدراوە بە ئارەزووى خۆیان بجوڵێن و لەسەر کارى جوتیاران و لەسەر دەستکەوتى جەنگ و تاڵانى خۆیان زیاتر دەوڵەمەند بکەن. رەنگە ئەمەش تا ئاستێک جیاوازبووبێت لە سیستێمى فەرمانرەوایى ئیمپراتۆرێتەکانى ترى مێژوو..دەوڵەتى میدیا لەسەر دیموکراسى هاوبەش و پەسەندکراو و هەڵبژاردن و رەوایى داڕێژراوە، نەک لەسەر زنجیرەى پلەوپایەى دەسەلات و مافى خودایى پاشاکان. ئامانجى سیستێمى داڕێژراوى میدیا بە پێچەوانەى سیستێمى ئێران و ئیسلام، داگیرکردن و تالانکردنى ولاتەکان و بەدەستهێنانى دەستکەوت و تالانى نەبووە، بەڵکو ئامانجى ئەوان دادپەروەرى ناوخۆیى و سەرکوتکردنى دوژمنان بووە(٢٩).

بەگشتى و تا ئەندازەیەکى نزیک لەیەکتر هیرۆدۆت و دیاکۆنۆف و ئیقرار عەلى یێف و مینۆڕسکى و مار و کتسیاس و ڤیلچێڤسکى و محەمەد ئەمین زەکى و باسیلى نیکیتین و تیۆدۆر نۆلدکە و زەکەریا قادرى و زۆرى تریش، کورد بە نەوەى میدیاو گۆتى و لۆلۆو کاشى و هۆرى و سۆبارى و خالْدى و کاردۆخى و خێڵ و پێکهاتەکانى ترى باکوورى میسۆپۆتامیا و چیاکانى زاکرۆس دادەنێن و لایەنگرى و بەڵگەى بەهێزو سەلمێنەر بۆ ئەوەى کە کورد گەلێکى ئێرانى ئاریا نەژاد بێت و لەگەڵ کۆچى خێڵە ئاریایەکان لە رۆژهەلاتەوە هاتبێت، یان بەڵگەى زۆر لاوازە یان لەبەردەستدا نیە، بە تایبەتى مینۆڕسکى و مار لەسەر بنەماى زانستى زمانیش پشتگیرى ئەوە ناکەن، هەرچەندە دەشێ گۆڕینى زمان روویدابێت. بەلام ئەوەى ئێمە لە هێنانەوەى قسەى مێژوونووسانى دێرین لێرەدا هینامانەوە بۆ ئەوەیە بتوانین رووناکى بخەینە سەر سرووشتى کۆمەڵگاى میدیا چ لە سەروەختى دەسەلات و فەرمانڕەوایى دەوڵەتى میدیادا، چ دواى روخاندنى ئەو دەوڵەتە.

ئەوەى لەو وتەو بەڵگانەدا دەردەکەوێت کە لە سەرەوە هێنامانەوە، کۆمەڵگاى پێش میدیا لە باکوورى میسۆپۆتامیاو چیاکانى زاکرۆس لە لۆلۆو گۆتى و میتانى و هۆرى و کاسى و کاردۆخى و ئەوانى تریش، پێکهاتەى شێوە

خێڵایەتی بوون و زیاتر بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و ماڵاتەوە خەریکبوون، کە ئەوەش خاسیێتی شوانکارەی پێبەخشیوون. واتە زۆرینەی خێڵەکان شوانکارە بوون و لە چیاکاندا ژیاون و بەدوای پاکژو لەوەڕگاو ئاودا ڕۆیشتوون، واتە لە شوێنیکی دیاریکراودا جێگیر نەبوون. هەرچەندە لەپاڵ پیشەی شوانکارەیدا ئەوانەی لە پێدەشتەکان یان لە دامێنی چیاکاندا ژیاون، سەرقاڵی کشتوکاڵ بوون. ئاشکرایە پیشەی کستوکاڵ پێویستی بە مانەوەو جێگیربوونە لە شوێندا. لێرەوە دەردەکەوێت کە لەو قۆناغانەدا، کۆمەڵ یان خەڵک لەسەر ئاستی ئەو کارەی پێوەی خەریکبووە دابەشبووە بۆ ئاژەڵ بەخێوکەران- شوانکارە-، لەگەڵ جووتیاران، کە یەکەمیان کۆچەری و دووەمیان نیشتەجی بووە.

لە راستیدا لێرەدا پرسیارێکی گرنگ و سەرەکی پەیوەست بە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەر هەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە ئایا لەو قۆناغەدا کە خەڵک سەرقاڵی بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ بوون، سیستێمی کۆمەڵگا ج جۆرە سیستێمێک بووە؟ ئایا دەشێ بگوترێت سیستێمی ئابووری فیودیالی بوونی هەبووە؟ یان ئایا سیستێمی کۆیلایەتی باڵادەست بووە لە کاتێکدا پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە سیستێمی کۆمەڵگای میدیا سیستێمی کۆیلایەتی هاوشێوەی کۆمەڵگاو دەوڵەتانی تری کۆنی بەخۆیەوە نەبینیووە؟ یان سیستێمی کۆمونەی سەرەتایی هەبووە؟ یان لە راستیدا هیچ سیستێمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی بوونی نەبووەو دەشێ بگوترێت کۆمەڵگایەکی بێ سیستێم بووە، یان بەدەربڕینێکی تر سیستێمی کۆمەڵایەتی تێکەڵەیەک بووە لە کۆمۆنەو کۆیلایەتی و کشتوکاڵی، بەڵام هیچ کامیان نەبووە بە تەنیا. ئەمەش جۆرێ لە نائاساییبوون لە سرووشت و بنیادی پێکهێنەرانەی کۆمەڵگای پێش میدیاو تەنانەت کۆمەڵگای میدیایشدا نیشان دەدات.

خاڵێکی تر سەبارەت بە سیستێمی کۆمەڵایەتی میدیا، ئەوەیە کە بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەو ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەرانی بواری مێژوویی و نەژادناسی و مرۆڤناسی و ئاسەوارناسی و کۆمەڵناسی پێیگەیشتوون، ئەوەیە کە سیستێمی کۆمەڵایەتی دەوڵەت و کۆمەڵگای میدیا، جیاواز لە دەوڵەتی کۆمەڵگاکانی پێش و هاوسەردەم و پاش خۆی کە ئەوان سیستێمی دەوڵەت و کۆمەڵگای کۆیلایەتیبوون، ئەم سەرباری بوونی کۆیلە لە ئاستی تاکاکەس و بنەماڵەیی و

خێڵەکاندا، بەڵام سیستێمی کۆیلایەتی بە بنیادو شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنان و وەکو سیستێمی ئابووری کۆیلایەتی بوونی نەبووە. ئەم بۆچوونە ئەگەر وەکو راستیەک وەربگیرێت، کە لای بەشێک لە توێژەران خاڵێکی ئەرێنیە بۆ کۆمەڵگای میدیا، ئەوا لەبەردەم ئەو لێکدانەوەیەدا رامان دەگرێت، کە بۆچی جیاواز لە کۆمەڵگاکانی تر کە لە کۆمۆنەوە گەیشتوون بە سیستێمی کۆیلایەتی و دەوڵەت لەسەر شێوازی هەرەمی یان چینایەتی دامەزراوەو کۆیلە کە زۆرینەی کۆمەڵگایان پێکهێناوە تا ئەندازەیەکی زۆر سیستێمەکە خاسیتی ئامرازی پێداون و ئەوانیش رۆڵی ئامرازیان بینیووە لە کارکردندا. واتە کۆیلە لە کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا ئەرکی بەردەوامی کارکردن و بەرهەمهێنان بووەو بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانی بدات خواردنی پێدراوەو تەنیا بۆ خستنەوەی نەوەو درێژەدان بە مانەوەی سیستێمی کۆیلایەتی مافی ژیانی هاوبەش و منداڵ خستنەوەی پێدراوە، واتە بۆ خستنەوەی نەوە بە مەبەستی درێژەدان بە کۆیلایەتی. سیستێمی دەوڵەت و کۆمەڵگای کۆیلایەتی سیستێمیکی رێکخراوو دیسپلینکراوی توندوتۆڵ بووەو زۆرینەی شارستانێتیە دێرینەکان کە پاشماوەو ئاسەوارەکانیان ماونەتەوە لە شارستانی سۆمەری و بابلی و ئاشوری و میسری و گریکی و رۆمی و چینی و شارستانێتی پارسی بە تایبەتی ساسانی... بەرهەمی سیستێمی دەوڵەتی کۆیلایەتی بوون. کەواتە سەرباری خراپی و هەژموونی کەمینە لە سیستێمی دەوڵەتی کۆیلایەتیدا بەسەر زۆرینەداو بە کۆیلەکردنی یان بە دەربڕینێکی تر بە ئامرازکردنی رووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگا، سیستێمی دەوڵەتی کۆیلایەتی لە روانگەی بەرهەمهێنانی شارستانێتیەوە وەکو قۆناغی بنیادنان سەیردەکرێت و ئەو کۆمەڵگایانەی لە مێژووی دێریندا توانیوویانە سیستێمی کۆیلایەتی بەرهەمبهێنن، توانیوویانە ئامادەبوونی خۆیان لە رابردوودا لەسەر بنەمای وەبەرهێنانکردن لەسەر ژیانی رووبەری فراوانی پێکهاتەی کۆیلە بسەلمێنن.

لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا ئەو کۆمەڵگایانەی کە سیستێمی کۆیلایەتیان نەبووە یان بە سیستێمی کۆیلایەتیدا وەکو سیستێمێکی خەملّیو بە هەموو خاسیێتەکانیەوە تینەپەڕیوون، چیان لە رابردوودا تۆمارکردووە؟ یان تا چ ئاستێک بەشداریان هەبوو لە بنیادنانی شارستانێتی دێریندا؟ ئەی چیان بۆ نەوەکانی داهاتوویان بەجێهێشتووە؟

ڕەنگە وەڵامی قایلکەری ئەم پرسیارانە بە ئاسانی دەستەبەر نەکرێن، ئەویش لە ئاستی یەکەمدا لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ڕابردوودا یان لە مێژووی دێریندا نەیانتوانیووە ئامادەبوونی خۆیان بسەلمێنن، خاوەنی مێژووی نووسراوی سەربەخۆی خۆیان نین، تۆمارو هەڵکۆڵین و نەخش و نیگاری سەر تاشەبەردو تاوێرو گۆزەو دیزەو ئامرازە سادە بەکارهاتووەکانی ئەو سەردەمەیان لێ بەجێنەماوە. هەروەها نەبوونەتە خاوەنی نووسین و تەنانەت ئەگەر دەوڵەتیشیان درووستکردبێت وەکو کۆمەڵگای میدیا، ئەوا دەوڵەتێکی بێ تۆماربوون. کۆمەڵگای بێ تۆمار واتای کۆمەڵگای بێ ڕابردوو یان ڕابردوو ون، یان بە دەربڕینێکی تر کۆمەڵگای بێ یادەوەری ڕابردوو. ڕەنگە بەهەڵەدا نەچووبین کە بڵێین کۆمەڵگای میدیا و تەنانەت کۆمەڵگای لۆلۆو گۆتی و کاسی و هۆری و میتانی و سۆباری و کاردۆخی کە بە باپیرانی کورد دادەنرێن لەم جۆرە کۆمەڵگایەن کە هیچی خۆیان لێ بەجێنەماوە هەتا لەسەر بنەمای ئەوە وەکو پاشماوەی ئەوان لێکدانەوەی بوون و ئامادەبوون و چۆنێتی ژیان و داب و نەریت و کەلتوورییان بەگشتی بکرێت.

بێگومان بەگشتی ئەوانەی لەسەر کۆمەڵگای میدیا یان ڕەچەڵەک و نەژادی کوردیان نووسیووە بە میدیاو لۆلۆو گۆتی و کاسی و کاردۆخیەوە، لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەوانی تردا هەوڵیانداوە بەڵگە لەسەر بوون و ژیان و سرووشتی پێکهاتن و زمان و ئایین و دەسەڵاتی باپیرانی کورد کۆبکەنەوە. بە واتایەکی تر هەوڵدان بۆ دیاریکردنی سرووشتی کۆمەڵگای میدیا و پێشینەکانی لە میسۆپۆتامیاو زنجیرە چیاکانی زاکرۆس بەگشتی بە دوو شێوە کراوە. یەکەمیان دۆزینەوەی بەڵگەو زانیاری لە سەر باپیرانی کورد لە مێژووی دراوسێکانی ئەم جوگرافیایەدا کە دواتر بە کوردستان ناسراوە، ئەویش لە مێژوو یان لە تۆماری ڕابردووی ئەواندا، یان لە نووسراو و هەڵکۆڵینی سەر بەردو کاسەو پاشماوەکانیاندا، کە ئەمەش لەسەر بنەمای پەیوەندی باپیرانی کورد بە دراوسێکانیەوە دەبێت بە دوو بەشەوە، باسکردن بە ئەرێنی و باسکردن بە نەرێنی، کە لە هەردوو لایەنەکەدا دەشێ بنەمای بابەتیبوون لاواز بێت، چونکە دۆستەکان زیاتر لایەنی ئەرێنی دەبینن و دەبیستن، نەیارەکانیش هەمیشە نەیارانە دەبینن و هەر بەوجۆرەش شتەکان بە نەرێنی تۆمار دەکەن. دووەم ڕێگای لێکدانەوەو شیکردنەوەی ڕابردووی باپیرانی

کورد بە تایبەتی کۆمەڵگای میدیا و ئەوانی تریش بەهاوشێوەکردن بووە، واتە خوێندنەوەی مێژوو بە هاوشێوەکردن(٣٠). مەبەست لەمەش دانانی هەمان پێوانەو میتۆدە بۆ خوێندنەوەی رابردووی کۆمەڵگاکان، بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان. بۆ نموونە تەنانەت زانایەکی وەکو دیاکۆنۆف کە ئەستەمە کەسێکی تر توانیبێتی وەکو ئەو لەسەر مێژووی میدیاو کۆمەڵگای میدیا لێکۆڵینەوە بکات، بەڵام لە هەندێ شوێندا بەشێوەیەکی گشتگر بۆچوونەکانی فریدریک ئینجلیسی لەسەر خێزان و خاوەندارێتی تایبەتی و دەوڵەت وەکو پێوانە بەکارهێناوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی خۆی، لە کاتێکدا تێزەکەی ئینجلس بۆ کۆمەڵگای گەردوونی بەگشتی دانراوەو زیاتریش کۆمەڵگا ئاساییەکانی کردووە بە بنەما بۆ لێکدانەوەکەی.

بەشێک لە لێکۆڵەران پێیانوایە هەموو کۆمەڵگاکان لەسەر یەک هێڵی پەرەسەندن بوون و ناکرێت کۆمەڵگایەک هەبێت قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی یان قۆناغی کۆیلایەتی نەبووبێت. ئەم بیرۆکەیەش دەرئەنجامی خوێندنەوەی رابردووی کۆمەڵگا جیاوازەکانە بە میتۆدی هاوشێوەکردن. هاوکات کە دەگوترێت فلانە کۆمەڵگا قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی یان کۆیلایەتی یان فیودیالی بەخۆیەوە نەبینیوە، دیسان بەڵگە پێویستە بۆ سەلماندنی بۆچوونێکی لەم جۆرە. ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە کە کۆمەڵگای میدیا سیستێمی کۆیلایەتی بەخۆیەوە نەبینیووە، یان بە قۆناغی کۆیلایەتیدا تینەپەڕیووە. سەرباری لێکدانەوەکانی دیاکۆنۆف و ئیقرار عەلی یێف و توێژەرانی تر تا دەگاتە قادری، بەڵگەیەکی تریش هەیە بۆ پشتگیریکردنی ئەم بۆچوونە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگای میدیا کۆمەڵگایەکی خێڵایەتی بووە، بە سرووشتی سیستێمی کۆمەڵگای خێڵایەتی سیستێمێکی هەرەمیە، لە لوتکەدا سەرۆکی خێڵ هەیەو لە دوای ئەو پیاوماقوڵانی خێڵ و بنکەی هەرەمەکەش جەماوەری خێڵە، کە خەڵکانی ئاساین، بەڵام ناشێت کۆیلە بن. بە تایبەتی پایەی سەرەکی دامەزراوەی خێڵ خوێن و دەمارە، واتە خزمایەتی. کە سەرخێڵ و ئەندامانی خێڵ لە هەمان خوێن و دەمارن. بێگومان جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان لوتکەی هەرەمی خێڵ و بنکەی هەرەمی خێڵدا لە رووی دەسەڵات و بڕیارەوە، بەڵام بنکەی هەرەمی خێڵ نابێت بە کۆیلەو لە هەرەمی خێڵایەتی و دەسەڵاتی سیستێمی خێڵایەتیدا سیستێمی کۆیلایەتی پێکنایەت.

سیستێمی خێڵایەتی زیاتر وەکو بەشێک لە سیستێمی فیودیالی دەردەکەوێت، بەڵام پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودایالی پەیوەندی نێوان خاوەن زەوی و زارو جوتیارە، واتە شێوازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵە، بەڵام لە سیستێمی خێلایەتیدا بە پێی سرووشتی جیۆگرافی شوانکارەیی، واتە بەخێوکردنی ئاژەڵ پایەیەکی سەرەکی ئابووری و سەرچاوەی ژیانە. ئاشکرایە لە شێوەی ژیانی شوانکارەیدا، جێگای سیستێمی کۆیلایەتی نابێتەوە. هەرخۆی لە راستیدا ژیانی شوانکارەیی بۆ جیۆگرافیای وەکو باکوری میسۆپۆتامیاو زنجیرە چیاکانی زاکرۆس کە ئاسایی بریتی بووە لە ژیانی کۆچەری، واتە گەڕان بە دوای لەوەڕگاو پاکژو ئاودا هاوشان لەگەل گونجاندن لەگەڵ ئاو و هەوای وەرزەکاندا، جۆرێک لە ئازادی تێدابووە، کە ناشێت ئەو ئازادیە لەگەڵ سیستێمی کۆیلایەتیدا بگونجێت، ئەگەرچی مەبەست ئازادی نیە بە چەمک و تێگەیشتنی ئەمڕۆ. کەواتە ئەم لێکدانەوەیە پشتگیری ئەوە دەکات کە لە کۆمەڵگاو دەوڵەتی میدیاو پێشینەکانی میدیایشدا لەو رووبەرەی ئێستا کوردستانە، سیستێمی کۆیلایەتی بوونی نەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە جیۆگرافیای میدیادا لە بری یەک سیستێمی کۆیلایەتی کە سیستێمی دەوڵەتی کۆیلایەتی بێت، سیستێمێکی دەوڵەتی خێڵایەتی هەبووە کە لە فیدراسیۆنی خێڵەکان پێکهاتووە کە واباس دەکرێت بریتی بوون لە حەوت خێڵی سەرەکی. ئاشکرایە سەرباری دروستبوونی فیدراسیۆن یان یەکێتی و گرێبەستی کۆمەڵایەتی نێوان خێڵەکان هێشتا دەوڵەتی میدیا نەبووەتە دەوڵەتێکی سرووشت هەرەمی یان پێکهاتە هەرەمی، کە یەک کەس لە لوتکەی ئەو هەرەمەدا بووبێت و خۆی بە تەنها خاوەنی هەموو بڕیارێک بووبێت. بێگومان ئەوەش هاوشان لەگەڵ نەبوونی سیستێمی دەوڵەتی کۆیلایەتیدا دەوریان هەبووە لەوەی کە سیستێمی دەوڵەتی میدیا لەو قۆناغەدا کە بە گوێرەی دواتر بە قۆناغی بنچینەیی یان بناغەدانان دادەنرێت، سرووشتی یەکەیەکی نەبێت، بەڵکو سرووستی پێکهاتەیەکی لە بەشی جیاواز پێکهاتووی هەبێت کە خێڵەکان بوون. هەموو پێکهاتەیەکی یەکخراوی لەوجۆرە کە دەشێ هەلومەرج و مەترسی دەرەکی هۆکاری دروستبوونی ئەو یەکێتیە بووبێت، ئەگەر هەڵوەشاندنەوە یان لاوازبوونی زیاتری بنەمای ئەو یەکگرتنەی هەیە. لێرەوە دەشێ بەهۆی دروستبوونی دەوڵەتی میدیا لە فیدراسیۆنی خێڵەکان لە بری دروستبوونی سیستێمی دەوڵەتی کۆیلایەتی کە لە سەرەوە هێزو

فشار یەکیخستووەو یەک بڕیاری هەیە، وەکو خاڵێکی لاوزی دەوڵەتی میدیا دەربکەوێت و ئەو ترادیسیۆنە نەک هەر لە ترازانیدا دەوری هەبووبێت لەسەر رووخاندنی دەوڵەتەکە، بەڵکو نەوە لە دوای نەوەی میدییەکان گواسترابێتەوە. ئەگەر ئەو بۆچوونە راستیەکی تێدا بێت کە کورد نەوەی میدیەکان بن، ئەوا بۆ ئەوانیش گواستراوەتەوە.

بەپێی ئەو وتانەی لەسەرەوە خرانە روو، دەوڵەتی میدیا هەر لە درووستبوونیەوە کە دەوڵەتی فیدراسیۆنی خێڵەکان بووە، پشتی بە جەماوەری یان پێکهاتەی بنکەی هەرەمی خێڵ بەستووە، کە وەکو جووتیاران پێشکەش دەکرێن، هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە بەشێکی پێکهاتەی خێڵەکان وەکو ئاماژەمان بۆ کرد سەرقاڵی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون و زیاتر لە کۆچ یان لە گەرمیان و کوێستاندا بوون، کە ئەم بەشەی خێڵەکان دەشێ بە ژیانی خۆیانەوە خەریکبووبن و هێزی پاراستنی خۆیشیانیان هەبووبێت. بە سرووشتی ئەوەی کە لە کۆچ یان لە گەرمیان و کوێستاندا بووە نەک بۆ سەردەمی دەوڵەتی میدیا، بەڵکو بۆ قۆناغەکانی دواترو هەتا مێژووی نوێش بەئاسانی ملکەچی یاساو ڕێساکانی دەوڵەت نەبوون. کەواتە لەبارێکی وەهادا دەوڵەتی میدیا زیاتر پشتی بەوانە بەستووە کە خەریکی کشتوکاڵ بوون، واتە جووتیاران. ئاشکرایە جووتیاران وەکو توێژێکی کۆمەڵایەتی ناجێگیرن و بە دوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن و تا ئەندازەیەکیش خۆپارێزن. لە مێژوودا راپەڕین یان شۆڕشی جووتیاران کەمتر توانیوێتی بەردەوامی بەخۆی بدات بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجەکانی، رەنگە نموونەی سەرکەوتوو هەرە دیاری شۆڕشی جووتیاران لە مێژووی نوێدا شۆڕشی چینی میللی بێت بە سەرۆکایەتی ماوتسی تۆنگ.

دەوڵەتی میدیا بەپێی سیستێمی چینایەتی ئەرستۆکراتەکان دانەڕێژراوە، بەڵکو بە پاڵپشتی جووتیاران پێکهاتووە(٣١). ئەوە ئاشکرایە کە دامەزراوەی دەوڵەت لە مێژووی دێریندا کە چەندین ئیمپراتۆریێتی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە، شێوازی پێکهاتنیان ئەگەر هاوشێوەش نەبووبێت تا ئەندازەیەک نزیک بووە لە یەکترەوە، کە ئەویش یان بنەماڵەیەک دایمەزراندووە، یان کەسێکی هەڵکەوتوو، یان خاوەن کۆیلەیەکی هەژموونداری بەدەسەڵات، یان رابەرێکی ئایینی یان بە پشتی رابەرێکی ئایینی، یان سەرۆک خێڵێکی بەهێز کە توانای

هەبووبێت خێڵەکانی تر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، یان لە قۆناغەکانی دواتردا دەوڵەتی فیودیالی و ئایینی درووستبوون، دیارە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی ناوەندیشدا چینی بۆرژوا دەوڵەتی نەتەوەیی درووستکردووەو لە تێزی مارکسیزمیشدا دەبوا چینی کرێکار دەوڵەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای درووستبکردایە. لە هەموو شێوازەکانی پێکهێنانی دەوڵەتدا، سەرۆکی دەوڵەت یان دامەزراوەی دەوڵەت پشتی بە دەوڵەمەندان و ئەرستۆکراتەکان و پیاوانی ئایینی و دەرەبەگەکان و چینی ناوەند بەستووە، تەنیا لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا نەبێت، کە ئەویش لە راستیدا تاکو ئێستا پێکنەهاتووەو ئەگەری پێکهاتنیشی نیە، دیارە ئاشکرایە ئەو دەوڵەتەی لە ئەنجامی شۆڕشی بەلشەفیک درووستبوو، سەرباری بانگەشەی لینین و رابەرانی تری بەلشەفیک، بەڵام بەپێی تێزی مارکسیزم ئەوە دەوڵەتی پرۆلیتاریا نەبوو، چونکە لە نەبوونی چینی پرۆلیتاریای پێگەیشتوودا ناشێت دیکتاتۆری پرۆلیتاریا پێکبێت. کەواتە دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە بێجگە لەو دەوڵەتانەی کە وایان نیشانداوە بەپێی تێزی مارکسیزم و لینینیزم درووستبوون و گوایە دەوڵەتی کرێکاران و چینی خوارەوەی کۆمەڵگان و دژی بۆرژواو خاوەن سەرمایەو دەوڵەمەندەکانن، هەموو دەوڵەتانی تر زیاتر دەوڵەتی بنەماڵەو ئەرستۆکراتەکان و دەوڵەمەندەکان و خاوەن سەرمایەکان بوون، یان لە لایەن ئەمانەوە پشتگیری کراون و هەرئەوەش هۆکاری سەرکەوتن و مانەوەیان بووە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەوڵەتی میدیا دژی ئەرستۆکراتەکان و مۆغەکان یان پیاوانی ئایینی بووەو لە لایەن جوتیاران بە تایبەتی و ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگا بە تایبەتی پشتگیری کراوە. کە بە بڕواو لێکدانەوەی ئێمە ئەم بارە تایبەتەی دەوڵەتی میدیا بارێکی نائاساییەو گومانی تیادا نیە سەرباری جاوتێبڕین و دەستدرێژی دەوروبەر، پشتگوێخستنی ئەرستۆکراتەکان و دەوڵەمەندو خاوەن پێگەو هەژموونەکان یەکێک بووە لە هۆکارە سەرەکیەکانی روخانی ئەم دەوڵەتەو ئەو شێوە نەریت و ترادیسیۆنەی میدییەکان پەیڕەویان کردووە، دواتر هاوشێوەی لە راپەرین و دەسەڵاتە ناوچەیی و سنووردارەکانی کورددا دەبینرێت. واتە ئێمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پشتکردنی دەوڵەتی میدیا لە ئەرستۆکراتەکان و پیاوانی ئایینی نەک خاڵێکی ئەرێنی نەبووە بەڵکو وەکو لاوازی و تێنەگەیشتن لە چەمکی دەسەڵات و پێداویستیەکانی سەیر دەکرێت و

ئەو تێگەیشتنە ئاوەژووەی دەوڵەتی میدیا بۆ رەفتارکردن و هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بە ئەرستۆکراتەکان وەکو خاسیەتێکی بۆماوەی لێهاتووەو تاکو ئێستا لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردیدا ئامادەبوونی هەیەو رووبەرێکی فراوان یان ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگای کوردی دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایەو چینی ناوەندی کوردی وەکو نەیارو ئەویترو دۆستی نەیارانی کورد سەیر دەکات. هەڵبەت لە ئاستێکی لاوازدا ئەمە هاوشێوەبوونێکە لە نێوان کوردو میدیادا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە کورد نەوەی میدیەکانە.

## میدییەکان سیستێمی فرە پاشایەتیان هەبووە:

ئایا مەبەست لە سیستێمی فرە پاشایەتی ئەوەیە کە لەیەک کاتدا زیاتر لە پاشایەک هەبووبێت و لە رووی دەسەڵاتەوە یەکسان بووبن؟ یان لە سیستێمی فرە پاشایەتیدا جۆرێک لە پەیکەری هەرەمی دەسەڵات هەبوو بێت؟ واتە لە یەک کاتدا چەند پاشایەک هەبووبێت، بەڵام جیاوازی لە ئاستی دەسەڵاتیاندا هەبووبێت. بەدەربڕینێکی تر پاشای یەکەم و پاشای دووەم و پاشای سێیەم و... تاد هەبووبێت، کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە دابەشکردنی دەسەڵات هەبووبێت بەڵام بە ئاستی جیاواز. لە راستیدا ئەگەر ریزبەندی لە فرە پاشایەتیدا هەبووبێت، ئەوا مانای وایە کەسی یەکەم لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی میدیادا بووەو ئەوانی دوای ئەوە هەریەکە بەڕێژەیەک دەسەڵاتی هەبووە، کە ئەویش یان کەسی یەکەم ئەو دەسەڵاتەی پێداون و هەریەکە بە گوێرەی پێگەکەی، یان لە بنەڕەتەوە یاساو رێسایەک هەبووە بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی هەر پاشایەک. بەڵام لە رووی لێکدانەوەوە پەیوەست بەوەی کە دەوڵەتی میدیا لە فیدراسیۆنی خێڵەکان پێکهاتووەو وەکو لە سەرچاوەکاندا هاتووە، حەوت خێڵی سەرەکی لەو فیدراسیۆنەدا بەشداربوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەبەست لە فرە پاشایی ئەوەیە کە هەر سەرخێڵەو پێگەی پاشای هەبووە. بەڵام پرسیاری ئەوە سەرهەڵدەدات کە ئایا هەمووان لە دەسەڵات و پێگەو بڕیاردا یەکسان بوون و هەریەکە لای خۆیەوە توانیویەتی بە ئارەزووی خۆیی و بێ گەڕانەوە بۆ ئەوانی تر بڕیار بدات، یان بڕیاردان بەڕاوێژو رازیبوونی هەموویان بووە یان با دەنگی زۆرینەیان؟

بەهەرحاڵ سەرباری ئەوەی کە توێژەرانی بواری میدیاناسی باس لەوە دەکەن کە دەوڵەتی میدیا دەوڵەتی فرە پاشایەتی بووە، بەڵام هەر ئەو توێژەرانە لەهەر کاتەو تەنیا ناوی پاشایەک دەهێنن، هەرچەندە باسی ئەوەش دەکەن کە ماوەی فەرمانڕەوایی پاشاکانی میدیا دیاریکراوبووە. ئەمەش بەلای ئەو لێکدانەوەیەماندا دەبات کە هەر سەرۆک خێڵێکی ئەو فیدراسیۆنە خێڵایەتیەی کە دەوڵەتی میدیای لێ پێکهاتووە، ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو بووبێتە پاشای میدیا. بێگومان سەرباری ئەوەی کە میدیا لەبەرئەوەی نووسینی نەبووە، خۆی مێژووی خۆیی نەنووسیووەتەوەو بێجگە لەوەی لە مێژووی دراوسێکانیدا وەکو ئاشوورو بابل و یۆنان، ناوی میدیاو شەڕوشۆڕەکانی هاتووە، لە کۆندا مێژووی میدیا بە سەربەخۆیی نەنووسراوەتەوە، بەڵکو مێژووی میدیا لە سەردەمی نوێدا نووسراوەتەوە. پێدەچێت بەشێک لەو خاسیێتانەی کە دراونەتە پاڵ میدیا وەکو خەڵکی ئازادو دیموکراسی و هەروەها دانانی میدیا بە ئاریی و بە زەردەشتی ناسینی میدیا، لە لایەک دەرئەنجامی ئەوەیە کە مێژووی میدیا خەڵکی ترو لە دەرەوەرا نووسیوویانەتەوەو لەبری پشتبەستن بە بەڵگەو فاکت، لەسەر بنەمای خەیاڵ ئەوە دروستبووە.

سەرچاوە دێرینەکانی مێژووی ناوچەکە کە ناوی میدیایان تیادا هاتووە، پێداگری لەسەر فیدراسیۆنی خێڵەکانی میدیا و نەبوونی سیستێمی کۆیلایەتی لە دەوڵەتی میدیادا دەکەن و ئایینی زەردەشتیش وەکو ئایینی پارسەکان باس دەکەن کە لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی میدیا لە لایەن فارسەکانی دروستکەری دەوڵەتی هەخامەنشیەوە، ئایینی زەردەشتی بووەتە ئایینی خەڵک و لەسەردەمی ساسانیەکانیشدا کراوەتە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت. ئاشکرایشە کاتێ ئایین دەبێتە ئایینی دەوڵەت، یان ئایین و دەوڵەت دەبنە یەک، ئەوا دەسەڵاتی دەوڵەت ڕەوایەتی لە ئایین وەردەگرێت بۆئەوەی پاشا دەسەڵاتی ڕەهای خودای هەبێت و پاشا وای نیشان دەدات ئەو هەموو دەسەڵاتێکی لە لایەن خوداوە پێبەخشراوەو ئەو نوێنەری خودایەو هەر کارێک ئەنجام دەدات ئەوە فەرمانی خودای لەسەرە. هەر دەوڵەتێک نوێنەرایەتی خودا بکات، چینی ئەرستۆکرات و پیاوانی ئایینی لە دەوروپشتی پاشاو سەرۆکی دەوڵەت کۆدەبنەوە. کۆبوونەوەی مۆغەکان و پیاوانی ئایینی لە دەوری کۆرشی

هەخامەنشی و بانگەشەکردنیان بەوەی کە کۆرش دەسەڵاتی خواوەندی پێبەخشراوە نموونەیەکی ئاشکرای رۆڵی خراپ و دەسەڵاتپەرستیی ئایین و مۆغەکان و ئەرستۆکراتەکان بووە. لە کاتێکدا لە دەوڵەتی میدیادا شوێنی مۆغەکان و ئەرستۆکراتەکان لە دوای شوێنی جووتیاران و خەڵکەوە بووە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئایین رۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پاشاکانی میدیا نەبووە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئایین یان میتۆلۆژیا لە دەسەڵاتی دەوڵەتی میدیادا رۆڵ و کاریگەری لەسەر چەقی دەسەڵات لاواز بووە یان هەر نەبووەو بۆچوونی نزیک لە راستی ئەوەیە کە میدییەکان میترایی بوون کە ئایینی میترایی زیاتر لەوەی بنەماو خاسێتی میتۆلۆژیای هەبێت گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیەو گەوهەری ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیەش جوتیاران و جەماوەری خەڵک تیایدا ئامادەن نەک پیاوانی ئایینی و چینی سەرەوە یان دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکان. هەرچەندە عەبدوڵا ئوچ ئالان لە کتێبە دووبەرگیەکەیدا (لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراسیانە) هەمان بۆچوونی مێژوونووسانی فارس و ئەو کەسانەی دووبارە کردۆتەوە کە پێیانوایە گۆتی و میدییەکان بە رەچەڵەک ئارین و گەلی ئێرانین و تەنانەت ئایینی زەردەشتی وەکو ئایینی میدییەکان باس دەکات. لەم رووەوە دەڵێت: گۆتیەکان گروپێکی دیکەی ئەتنیکی بە رەچەڵەک ئاریانەو بەشێوەیەکی زیاتر لە رۆژهەڵاتی سۆمەرییەکان لە بنارەکانی زنجیرە چیای زاکرۆس دەژیان(٣٢). هەروەها دەڵێت: ماوەیەکی کورت دوای ئۆرارتووەکان، ئەمجارە لە رۆژهەڵات وەکو بەردەوامی گۆتیەکان، فیدراسیۆنی عەشیرەتەکانی میدیای بە رەچەڵەک ئاریان رێککەوتن لەگەڵ بابلیەکان دەبەستن و لە ساڵی ٦٢٥ی پێش زاین ئیمپراتۆرێتی ئاشوری دەڕوخێنن. جارێکی دیکە بابل بۆ جاری دوایی باڵادەست دەبێت. فیدراسیۆنی سست و لاوازی میدیەکان بۆ خانەدانی هەخامەنشیەکانی بە ڕەچەڵەک ئاریان-پارس و تازە هەڵدەکشێن، رۆڵی دەربازبوون- پرد- دەبینێ. لە میانەی کودەتای کیرۆسی خوشکەزای پادشای میدیا» ئەستیاک» دەسەڵاتی سیاسی بۆ یەکەمین جار دەکەوێتە دەستی ئەرستۆکراتەکانی پارسەکان(٣٣). هەروەها ئاپۆ دەڵێت: شیمانەی مەزن ئەوەیە وڵاتی میدیا کە لەسەر بنەمای میراسی ئۆارتوو بەهێز دەبێت و ئاشووریەکان زەحمەتی زۆر دەبینن لەوەی بەسەریدا زاڵبن. لەم وڵاتەدا شێوازو رێچکەکانی رزگاربوون لەم دۆزەخە

پێشدەکەوێت. هەربۆیە هەڵسەنگاندن و لە قەڵەمدانی گروپە میدیایەکان وەکو قەومێک کە لەوپەڕی قەزوێنی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە هاتوون، هەڵەی مەزن لەخۆدەگرێت. بەپێچەوانەوە میدییەکان سەربە گروپی ئاریان کە خاوەنی کەلتووری...هیلالی بەپیتە(٣٤). لەم وتانەی ئوچالاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بە پێچەوانەی زۆرینەی ئەنترۆپۆلۆجیست و ئارکیۆلۆجیست و سەرچاوە ئاشووری و بابلیەکان و مێژوونووسانی دێرینەوە، گۆتی و میدییەکان دوور لە هیچ گومانێک و بە ڕەهایی بە ئاریایی دادەنێت و بەوپێیە کوردیش وەکو نەوەی ئەوان دەبێتە ئاری و ئێرانی، کە ئەمەش زیاتر بۆچوونێکە لە چوارچێوەی ڕوانینی ئۆرێنتالیزمدا سەرچاوەی گرتووەو بەڵگە مرۆڤناسی و ڕەچەڵەک ناسیەکان نەک بەوشێوە ڕەهایە پشتگیری ناکەن، بەڵکو بە گومانەوە لەو بۆچوونە دەڕوانن. هەروەها ئوچالان گۆتی و میدیا وەکو ئیتنیک یان قەوم- نەتەوە- ناودەبات کە ئەوەش بۆ ئەو قۆناغەی مێژوو تا ئەندازەیەکی تەواو نەشیاو و نادروستە چونکە بۆ ئەو مێژووە نەک بە چەمکی نوێ بەڵکو بە چەمکی کلاسیکیش بابەتی بوونی نەتەوە یان ئیتنیک لە ئارادا نەبووە. بە تایبەتی بۆ پێکهاتەی وەکو گۆتی و میدیا کە پێکهاتەی دەرەوەی نووسین بوون. بەهەرحاڵ ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ئوچالان لەسەر بنیادی کۆمەڵایەتی لۆلۆ و گۆتی و بەتایبەتیش میدیا بیڵێت، ئەوەبوو کە باسی ئەوەی بکردایە ئایا لە کاتێکدا دەوڵەت و کۆمەڵگای سۆمەرو ئەکەدو بابلی و ئاشووری و یۆنانی و ڕۆمی و پارسی-هەخامەنشی و ساسانی و میسری- کۆمەڵگاو دەوڵەتی فیرعەونی- سیستێمی کۆیلایەتی بوون، ئایا سیستێمی دەوڵەت و کۆمەڵایەتی میدیا چۆن بووە؟ بە تایبەتی کە ئەوە ئاشکرایە دەوڵەتی میدیا لە فیدراسیۆنی خێڵایەتی پێکهاتووەو لێکدانی کۆمەڵگای خێڵایەتی و سیستێمی کۆیلایەتی لە ڕووی سرووشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازن و پێکەوە کۆکردنەوەیان نائاساییە. بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت هەروەک لە ناونیشانی کتێبەکەیشیدا دیارە، ئەوەی ئوچالان مەبەستیەتی گفتوگۆکردنی دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەریە کە ئەو وەکو نموونەیەکی باڵای دەوڵەت سەیری دەکات و میسۆپۆتامیا وەکو زەمینەی ئەو دەوڵەتە و شارستانێتیەکەی و دەرکەوتنی نووسین تیایدا بە بایەخەوە وەردەگرێت و دەشێ لە پشتی ئەم ئاخاوتنانەشەوە ئومێد یان خواستی پێکهێنانی دەوڵەتی لەوجۆرە بەڵام دیموکراسی سەردەمیانە هەبێت، وەکو

جێگرەوەی دەوڵەتی نەتەوە کە دەشێ ئەوەش وەکو کۆنفیدراسیۆنی رۆژهەڵاتی ناوەراست یان دەوڵەتێکی دیموکراسی فرە ئیتنیکی سەردەمیانە ناوببرێت، کە ئەویش دەوڵەتی فرە ئیتنیک یان ئیتنیکە جیاوزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت. رەنگە بڕوابوون بەم بۆچوونە، یان لایەنگری بۆ تێزێکی لەمجۆرە هۆکاربێت بۆ ئەوەی کە ئۆجالان لەم کتێبە دوو بەرگیەدا کە باسی قۆناغە گرنگەکانی مێژووی دێرینی میسۆپۆتامیاو ناوچەکە دەکات، هێندە لەسەر باپیرانی کورد واتە گۆتی و لۆلۆو کاردۆخی و مید و تەنانەت میتانی و کاشی و هۆری سۆباری نەوەستاوەو بایەخێکی ئەوتۆی پێنەداون و راستەوخۆ وەکو بەشێکی ئاریایی و ئێرانی ناوی بردوون و بێ هیچ ئاماژە کردنێکیش بۆ سەرچاوە مێژوویی و رەچەڵەکناسی و پاشماوەناسیەکان زانیارییەکانی خستووەتە ڕوو. لە کاتێکدا هەر جیاوازیەک لە تێروانینی ئەودا وەکو سەرکردەیەکی دیاری کورد، بۆ تێڕوانینی باوی هەخامەنشی و ساسانیەکان و ئەو میدیاناس و کوردناسانە دەشیا گرنگیەکی زۆری هەبووایە، کە زیاتر پاڵنەری ئۆرێنتالیزم لە پشتی بۆچوونەکانیانەوە بووەو رەنگە رزگارکردنی کۆمەڵێک لە جولەکاکان لە بابل لە لایەن کۆرشەوە، رۆڵی هەبووبێت لە زیاتر گەورەکردنی کۆرش و پێگەی پارس یان هەخامەنشی و پاشانیش ساسانیەکاندا، لەسەر حسابی فەرامۆشکردن و بەبەرنامەو بە هوشیارییەوە پشتگوێخستن و وهەوڵدان بۆ ونکردنی ناوو پێگەی میدییەکان.

بەهەرحاڵ لە پشتی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، من لە نێو ئاخاوتنی ئوچالاندا لەسەر ئەو قۆناغە مێژوویە، چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە ئەو لەبەرئەوەی پاشخانێکی ماکیسیزمی هەیە، بە گوێرەی کۆمەڵگای میدیاو دەوڵەتی میدیا، باسی ئەوەی بکردایە، لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگاو دەوڵەتی میدیا، سیستێمی کۆیلایەتی نەبووە، بەوپێیە سیستێمی ئابووری کۆیلایەتی تیایدا پێکنەهاتووەو بەدوای ئەویشدا کۆمەڵگای فیودیالی و سیستێمی فیودیالی بەتایبەتی لە رووی کۆمەلایەتی و ئابووریەوە بەشێوەیەکی ئاسایی پێکنەهاتووەو لە بری ئەوە کۆمەڵگای شوانکارەو خێڵایەتیەکی تایبەت پێکهاتووە، کە پێناچێت بووبێتە سیستێمیکی کۆمەڵایەتی و سیستێمیکی ئابووری و پەیوەندی بەرهەمهێنانی خاوەنی شوناسی تیادا دروست بووبێت. هەربۆیە لە بری دەوڵەتی فیودیالی،

دەوڵەتـی فیدراسـیۆنی خێڵایەتـی یـان خێڵـەکان پێکهاتـووەو ئـەوەی جێگای سەرنجیشـە ئەوەیـە کـە ئـەم دەوڵەتـە وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد دەوڵەتـی تاکە پاشا نەبووە، بەڵکو دەوڵەتێکی فرە پاشایەتی بووەو خاڵێکی لەوەش زیاتر جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە دژی خانەدان و ئەرستۆکراتەکان بووەو گوایـە دەوڵەتێـک بـووە پشـتگیری جوتیـاران و ئاسـتی خـوارەوەی کۆمەڵـگای کـردووە. ئەگـەر ئـەم بۆچوونانـە راسـتبن، ئـەوا دەردەکەوێـت چارەنووسـی دەوڵەتـی میدیـاو نەمانـەوەی بـۆ مـاوەی زۆر درێـژ پەیوەنـدی بـە بونیـادی دەولەتەکـەو نەریتـی مامەڵەکردنـی ئـەو دەسـەلاتەوە هەبـووە لەگـەڵ پێکهاتەکانـی کۆمەڵگاکەیدا. هەروەها بەجێنەهێشتنی مێژوویەکی تۆمارکراو و یەکلاکەرەوەی ئەوتـۆ کـە نـە ئەوانـی تـر بتوانـن بیکـەن بەهـی خۆیـان، نـە بتوانـن کەلتورەکـەی ببـەن و پەردەپۆشـی بکـەن و بیشـارنەوە، هەروەهـا بـە سـووک سـەیری بکـەن و نـاوی ببـەن و بەشـایانی ئـەوەی نەزانـن تەنانـەت تێکەڵاویشـی ببن. کەلینی دەڵێت: هیـچ کـەس هاوسـەرگیری لەگـەڵ کـوردەکان نـەکات ئـەوان رەگـەزی جنۆکـەن، پەردەیـان لەسـەر هەڵگیـراوە(٣٥) دیسـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سروشـتی سیسـتێمی دەوڵەتەکە. لەپشتی ئەم لێکدانەوانەوە من وای بۆدەچم جیاوازی دەوڵەتی میدیا لـە دەوڵەتانـی سـۆمەرو ئەکـەد و بابلـی و ئاشـووری و پارسـی هەخامەنشـی و ساسـانی کـە دەوڵەتـی سیسـتێمی کۆیلایەتـی بـوون، نـەک خاڵـی بەهێـز نیـە بـۆ دەوڵەتـی میدیـا، بەڵکـو خاڵـی لاوازەو هـۆکاری زوو لـە ناوچوونـی دەوڵەتەکـەو جێهێشـتنی ئاسـەوارو کاریگـەری نەرێنیشـە لەسـەر کـورد لـە قۆناغەکانـی دواتـردا لـە کاتێکـدا کـە زۆرینـەی کـورد بـە تایبەتـی ناسیونالیسـتی کـوردی خـۆی بـە نـەوەی میدیـا دەزانێـت، هەرچەنـدە بەڵگـەی پێویسـتیش بـۆ سـەلماندنی تەواوەتـی ئـەوە لـە ئارادا نەبێـت کـە بیسـەلمێنێت کـورد نـەوەی میدیایـە.

ئیسـتا دەشـێ وا لێکبدرێتـەوە، مـادەم بـە تەنیـا دەوڵـەت و کۆمەڵـگای میدیـا لـە رووی سیسـتێمی کۆیلایەتیەوە لە دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی پێش خۆی و هاوچەرخی خـۆی و دوای خۆیشـی جیاوزبـووە لـەو رووەوە کـە ئەوانـی تـر سیسـتێمێکی کۆیلایەتیان هەبووەو ئەم نەیبووە، مانای وایە دەشـێ لە بنەڕەتداو لەو قۆناغی بنیادنانـەدا شـێواندنێک لـە بنیـادی سروشـتی کۆمەڵـگای میدیـادا هەبووبێـت و ئـەو کاریگەرییـەش گواسـترابێتەوە بـۆ قۆناغەکانـی دواتـرو جێکـەوت و ئاسـەواری

کاریگەرییەکانیشی بە کۆمەڵگای نەوەی میدییەکانەوە دیارو ئاشکربووبێت. ئەگەر بتوانرێت دەرئەنجامی ئەم لێکدانەوەیە بە هۆکاری لەنێوچوونی دەوڵەتی میدیا دابنرێت و ئەوەش بە بەڵگەی زیاتر بسەلمێنرێت، ئەوا کوردی دواتر دەرکەوتوو لە هەمان جیۆگرافیای میدیادا وێنەیەکی هاوشیوەی میدیایە. لە کاتێکدا دەبینرێت تاکو ئێستاش مانەوەی کورد وەکو کۆمەڵگایەکی پەراوێزییەو لە دەرەوەی مێژووە، دەشێت بەشێک لە هۆکارەکانی ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناسروشتیبوونە کە لە بنیادو شێوازی پەرەسەندنی کۆمەڵگای میدیادا هەبووەو هەمان ناسروشتی بوونیش لە پەرەسەندنی کۆمەڵگای کوردەواریدا لە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیەوە تاکو ئێستا بەردەوامەو کۆمەڵگای کوردی نە لە رابردوودا رەوتێکی سروشتی کردووەو نە ئێستاش رەوتێکی سروشتی پەرەسەندنی هەیە.

## بەشی سێیەم

# لە دوای روخانی دەوڵەتی میدیا

لە روخانی دەوڵەتی مادەوە لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا هەتا هاتنی ئیسلام، نزیکەی دوانزە سەدە دەکات. ئایا دەسەڵاتە باڵادەستەکانی دەوروبەری مەملەکەتی دەوڵەتی مادی پێشتر کێ بوون؟ واتە لەو ماوە مێژووییەدا کێ فەرمانرەوای میسۆپۆتامیا بوو؟ لە بری سۆمەرو ئەکەدو بابل و ئاشورییەکان کێ دەسەڵاتداری میسۆپۆتامیا بوو؟ ئایا یۆنان و رۆمان لە شوینی خۆیاندا مابوون یان نا؟ ئەی کێ فەرمانرەوای مەملەکەتی ماد بوو، کە مەبەست مادی گەورەو مادی بچووکیشە واتە مادی ئەترۆپاتین و قەڵەمرەوی پێشتری ئۆراتوو؟ ئایا نەوەکانی ماد هیچ دەرکەوتنێکیان هەبووە لەم قۆناغەدا، ئەگەر هەیانبووە کامەیەو چیە و چۆن بووە؟

**روخانی دەوڵەتی ماد:**

کۆرشی دووەم یان کۆرشی مەزن، لە سەرەتای پەیداکردنی دەسەڵاتدا کە هێشتا پادشایەتیەکی سنووورداری هەبوو، پشتی لە پادشای ماد- ئاستیاگ- نەکردبوو، بەڵام لە دواییدا دژ بە ئاستیاک راپەڕیووەو بەپێی زانیارییەکانی بنونید- کۆرش و نەخش و نووسراوەکانی بنونید و مێژوونووسانی یۆنانی کۆن دەڵێن: لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زاین، لە دوای سێ ساڵ شەڕو پێکدادان، کۆرش شکستی بە ماد هێناوەو ئاستیاگی بە دیلی گرتووە، هەروەها خەزێنەی کۆشکەکانی ئاکباتانی تاڵان کردووەو لەگەڵ خۆی گواستوویەتیەوە بۆ ئێران(١). دیاکۆنۆف بە پشتبەستن بە گێڕانەوەکانی کتسیاس و هیرۆدۆت، دەڵێت: شەڕی

نێوان میدیا- پارسیا لە ساڵی ٥٥٣ تا ٥٥٠ی پێش زاین درێژەی کێشاوە(٢). کە ئاشکرایە کۆتایی ئەو جەنگە بە روخاندنی میدیا و داگیرکردنی ئاکباتان و تالانکردنی و بە دیلگرتنی ئاستیاگ کۆتایی هاتووە. هەروەک دیاکۆنۆف دەڵێت: لێکدانەوەی راست بۆ سەرکەوتنی یەکجاری کۆرش بریتیە لە ناپاکی خانەدانە میدیەکان بە سەرکردایەتی هارپاک(٣). محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت: ئەسبابی نووشوستی و لەناوچوونی حکومەتی میدیا کە پێشکەوتن و بەهێزبوونی حکومەتی فورس بوو، لە زەمانی ئیستیاغدا واقیع بوو..سیرۆسی دووەم یان کۆرش بە لەشکرێکی زۆرەوە هاتەسەر میدیا و لەگەڵ ئۆردووی ئاستیاغدا شەڕێکی قورسی کرد. قەراڵی میدیا مودافەعەو مقاوەمەتێکی فەوقەلعادەی کرد، بەڵام هارپاغۆسی رەئیسی خانەدانێکی گەورەی میدیا، خیانەتی لەگەل کردو بەخۆی و تەرەفدارانیەوە، ئیلتیحاقی کردە کەیخەسرەو (کۆرش)و بە تەبیعەت لە نەتیجەدا ئاستیاغ خراپ شکاو قەومی میدیاش لە پادشایی عەزلیان کرد.. ئەمەش لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا بوو(٤).. کەیخوسرەوی زرنگ و زۆرزان- کۆرش- ئاگاداری نارێکی ناوخۆی میدیە بووە. بگرە لەژێرەوە تەفرەقەشی خستبووە ناویانەوە. هەندێک سەرداری کردبوو بە لایەنگری خۆی و وای لێکردبوون لە کاتی جەنگدا لە ئاستیاغ شا هەڵگەڕانەوەو بە لەشکری خۆیانەوە لایانداوەتە لای سوپای کەیخوسرەو. بەم خیانەتە لەشکری ئاستیاغ شا زۆر کزبووە، لەسەر ئەوەشدا هەردوو لا کە دەستیانکردووە بە جەنگ، پاشماوەی لەشکری میدیە بۆ راگرتنی شەرەفی قەومەکەی، شەڕێکی زۆر مەردانەی لەگەڵ هۆردووی کەیخوسرەودا کردووەو عامبازی دوژمن بووەو زۆریان لێ کوشتوون، بەڵام ئەم ئازاییەی دوایی دادی نەداوە. لە دوای کوشتارێکی زۆر مادەکان شکاون، کە لەگەڵ شای مادا گەلێک سەردارو پیاوماقوڵیش کەوتوونەتە ناو کەمەندی دیلیەتی کەیخوسرەو شاوە. لەسەر ئەم رووداوە کە لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا بووە، ئاستیاگ بەسەروماڵەوە تیاچووەو دەوڵەتی میدیەشی لەناوبردووە(٥). سترابۆ لە نزیک سەدەی یەکەمی زاییندا دەڵێت: لە سەردەمی کۆندا، میدیای گەورە دوای روخانی ئیمپراتۆریێتی ئاشوریی، فەرمانڕەوایی هەموو ئاسیای دەکرد، بەڵام دواتر لە سەردەمی ئاستیاگدا، کۆرش و فارسەکان ئەم وڵاتە گەورەیان لە میدەکان داگیرکرد، بەڵام میدەکان زۆرێک لە گرنگی دێرینی خۆیان پاراست. ئەکباتانا بوو بە شوێنی نیشتەنی-

دانیشـتنی- زسـتانەی پاشـاکانی پـارس. دواتریـش بـوو بـە شـوێنی فەرمانـدە مەسـەدۆنیەکان دوای ئـەوەی ئیمپراتۆریەتـی پارسـیان روخانـد(٦). هـەر لەبارەی روخاندنـی دەوڵەتـی میدەوە محەمـەد مـەردۆخ دەڵێت: کـۆرش لـە سـاڵی ٥٥٨ی پێش زایندا، دەبێتە پادشـای پارس، دواتر عیلامـی ملکەچی فەرمانەکانی خۆی کـردو لـە سـاڵی ٥٥٠ی پێـش زایندا، لـە ئەنجامـی رق و بێـزاری مـادەکان لـە پادشایەتی ئازدیاک، کەیخوسرەو هێرشـی کردۆتە سـەر دەوڵەتی ماد. لەیەکەم هێرشـیدا رووبەڕووی شکسـت بۆتـەوە، بـەڵام لـە هێرشـی دووەمدا شکسـتی بـە سـوپای مـاد هێنـاو سـەرئەنجا م دەسـتی بەسـەر هەمەدانـدا گـرت و دەوڵەتـی مـادی روخانـد و خـۆی پادشـایەتی پـارس و مـادی گرتـە ئەسـتۆ. لەمـە بـەدواوە مێژووی دەوڵەتی ئێران دەست پێدەکات. یانی سـەرئانجام وشـەی ئێران بەسـەر سنووری دەوڵەتی مـادو پارسدا دەسـەپێت(٧). هەروەها تۆمابوا دەڵێت: ئاستیاگ کە دوا پادشـای میدیە سـەربەخۆکان بوو، سیرۆسـی گەورە- کۆرش- لە سـاڵی ٥٤٩ی پێـش زاینـدا دەسـەڵاتی بەسـەردا کـرد. لـە راسـتیدا لەگـەڵ سـەرکەوتنی سیرۆسـدا سـەردەمێکی نـوێ بـۆ گەلـی فارسـی بەیەکگرتـن لەگـەڵ گەلـی میددا کرایەوە(٨). جارێکی تر سۆران حەمە ڕەش دەڵێت: دوای روخانی ئاشـوورییەکان لـە سـاڵی ٦١٢دا، پاش نزیکەی ٦٠ سـاڵ لـە حوکمڕانی ناوچەکە واپێدەچێت کە میدیـەکان ئـەو گوڕو تینـەی جارانیان کەمبووبێتـەوە، بۆیە وردە وردە یەکێک لە دەسـەڵاتە ناوچەییەکانی ژێردەستیان کە بنەماڵەی ئەخامەنی و خێڵێکی حوکمڕانی فارسـەکان بوو، خۆی بەهێزکردو بەسـەرکردایەتی کۆرشـی پادشـایان لە سـاڵی ٥٥٠ی پێش زایندا، ئاسـتیاکی دواین پادشـای میدیان شـکان. ئیتر لەو مێژووەوە فارسـەکان بوونـە دەسـەڵاتداری پادشـای پادشـاکان و پادشـای میـدی بـووە پادشـای بچووکتر، بـەڵام میدەکان لەگەڵ ئەوەی کە بوونە پادشـای بچووکتر لە فارسـەکان، هـەر هێشـتا وەک پادشـا حوکمـی وڵاتـی خۆیان دەکرد(٩). هەروەها باسـی ئـەوە دەکرێـت کـە ئەردەشـێری پاپـەکان لـە سـەدەی سـێیەمی زاینیـدا لەگـەڵ پادشـای کـورد شـەڕی کـردووە. ئەمـەش لـە کارنامـەی ئەردەشـێردا کـە لـە سـەدەی ٦ی زایندا نووسـراوە، بـەم شـێوەیە هاتـووە: ئەردەشـێر دوای ئـەوەی کـە ئەردەوانـی پێنجەمـی پادشـای ئەشـکانیەکانی کوشـت سـوپایەکی گـەورەی لـە زابـول کۆکـردەوەو چـوو بـۆ جەنـگ لەگـەڵ پادشـای کـوردان (کـوردان شـاهی ماسـی)(١٠).

هەروەک دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بۆچوونی لەوجۆرەش هەن کە دەوڵەتی ئەخامەنی بە درێژکراوەی دەوڵەتی مید دادەنێن. بۆ نموونە لە کەلتوورو مێژووی جولەکەدا فارس وەکو جێگرەوە یان درێژکراوەی مید باس دەکرێت و کۆرش و دوای ئەویش داریوش وەکو پادشای پارس و مید پێکەوە باس دەکرێت..» دەرکەوتنی مید-فارس گرنگە وەکو زەمینەیەک بۆ گەڕانەوەی تا ئەندازەیەکی ئیسرائیل(١١). هەروەها هاتووە: لە یەکەم ساڵی فەرمانڕەوایی کۆرشدا- سایریۆس- دا بوو کە مۆڵەت درا بە نەوەکانی ئیسرائیل کە پەرستگاکەیان لە قودس دروست بکەنەوە(١٢). سەبارەت بە روخاندنی دەوڵەتی میدو داگیرکردنی پایەتختەکەی و هەوڵی کۆرش بۆ کۆتاییهێنان بە مێژووی دەوڵەتی مید و نەهێشتنی رۆڵی مادەکان هاتووە: لە ساڵی ٤٤٩ی پێش زایندا، ئاکباتان لە لایەن کۆرشەوە داگیرکرا. دەسەڵاتی میدەکان لە هەموو بەشەکانی بانەکانی ئێراندا گەیشتە کۆتاییەکەی. لەو کاتەوە سەردەمی ئەخامەنیەکان بۆ فەرمانڕەوایی دەستی پێکردو حکومەتێکی ناوەندییان لە ئێراندا دامەزراندو هەموو گروپە ئیتنیکیەکانی ناوچەکەی یەکخست(١٣). بێگومان لە روخاندنی دەوڵەتی میدو هاتنی کۆرش و پادشان دەسەڵاتکردن بەسەر بابلدا، لایەنگری و یارمەتی کۆرش بۆ جولەکەکان دەبینرێت کە دەشێ ئەو هەڵوێستانەی کۆرش هەتا ئێستاش لە لایەن جولەکەکانەوە بەهێند وەربگیرێت، لە کاتێکدا نازانرێت هەڵویستی مید بەرامبەر کۆیلەکانی جولەکە لە دەوڵەتی بابلدا چۆنبووە.»هەڵکۆڵینەکانی عیبری پەسنی کۆرشی مەزن دەکەن لەپای ئازادکردنی خەڵکی جولەکەی بابل لە دیلێتی و بواردانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ قودس(١٤). هەر لەبارەی روخانی دەوڵەتی مادەوە ئیقرار عەلی بێف دەڵێت: لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا، لە شوێنێکدا نزیک پادشارگاد شەڕێکی شووم روویداو چارەنووسی دەوڵەتی مادی دیاری کرد. مادەکان پاش سێ ساڵ شەڕی ئازایانەو پڕ مەترسی شکستیان هێناو دەوڵەتەکەیان بەسەرۆکایەتی ئیشتۆویگۆ رووخا. حکومەتی ماد کەوتە دەستی کۆرش، پادشایەک لە هۆزی هەخامەنشیەکانی پارس(١٥).

سەرباری ئەم سەرچاوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، لە چەندین ناوچەی تریشدا، دامەزراندن رووخاندنی دەوڵەتی ماد جێگیرکراوە کە ماوەی فەرمانڕاوای دەوڵەتی ماد وەکو دوەڵەتێکی سەربەخۆ لە ساڵی ٧٠٠ بۆ ٥٥٠ی پێش زاین

بووە. واتە ماوەی سەدەو نیوێک بەردەوام بووە، کە لەو ماوەیەدا نەک هەر لسەر جوگرافیای خۆی توانیوێتی پارێزگاری لە خۆی بکات، بەڵکو بە هاوپەیمانی لەگەڵ بابلدا توانیویانە ئیمپراتۆریێتی ئاشووری بڕوخێنن. ئەمەش دەریدەخات کە دەوڵەتی مید هاوشێوەی دەوڵەتای پێش خۆی و سەردەمی خۆیشی لە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی زیاتری خۆیدا بووە، هەرچەند بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە گوایە دەوڵەتی مید خواست و ویستی فراوانخوازی نەبووەو گوایە بۆ پارێزگاری کردن لە کۆیلەو چەوساوەکانی ژێر سایەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئاشووری، هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتی بابل کردووە بۆ روخاندنی ئاشوور. بەڵام ئەوەی زیاتر لە راستیەوە نزیکە ئەوەیە کە لە لایەک دەوڵەتی مید ئەوەی بۆ دوورخستنەوەی مەترسی ئاشووریەکان کردووە، لە لایەکی ترەوە ئەوە راستیەکی رەتنەکراوەیە کە هەموو دەسەڵاتێک خواست و ویستی دەسەڵاتکردنی زیاتری هەیە. ئەگەر دەوڵەتی مید خواست و ویستی لەوجۆرەی نەبووبێت، ئەوە مانای وایە دەسەڵاتێکی نائاسایی بووە، کە ئەمەش بەداخەوە ئەگەر وابێت بە ئاراستەی ئەو لێکدانەوەیە دەمانبات کە ئەو نائاساییبوونە یەکێک بووە لە هۆکارەکانی روخاندنی ئەم دەوڵەتە.

لێرەدا بە فەرامۆشکردنی ئەو بۆچوونەی سەبارەت بە نائاساییبوونی دەوڵەتی مید لەسەرەوە خرایە روو، ئەم پرسیارە بەرزدەکەینەوە: بۆچی دەوڵەتی مید رووخا؟ ئایا هۆکاری ناوخۆیی روخاندی یان هۆکاری دەرەکی، یان هەردووکیان پێکەوە؟ ئایا دەوڵەتی ماد کە سەدەونیوێک فەرمانڕەوایی کردووە، چ کەلتوورێکی دەوڵەتداری لێ بەجێماوە؟ ئەگەر شتێکی ئەوتۆی لێ بەجێنەماوە، ئایا هۆکارەکەی هەژاری کەلتووری دەوڵەتداری ئەم دەوڵەتەیە یان لەبەر ئەوەی نووسینی نەبووە، مێژووەکەی وەکو پێویست تۆمارنەکراوە، یان ئەوانەی کە دەوڵەتەکەیان روخاند کە مەبەستمان پارسە هەخامەنشیەکانە، کەلتووری میدیان داگیرکردو لەژێر ناوی ئێرانیبووندا شوناسی ئێرانیان کرد بە بەریداو شوناسی ئێرانیبوونیش لە مێژووی نوێدا یەکسانە بە شوناسی فارسیبوون یان بە شوناسی نەتەوەیی فارسی؟

لە میانەی شیکردنەوەکاندا رووناکی دەخرێتە سەر وەڵامی ئەم پرسیارانە. هەروەک پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە کە ئایا بارودۆخی

مادەکان و ئەو پێکهاتەو گروپانەی تر کە دەشێ باپیرەی کورد بن یان کورد بگەڕێتەوە بۆ ئەوان لە روخاندنی دەوڵەتی مید بەدواوە، چییان بەسەرهاتووە؟ بە تایبەتی لە دروستبوونی دەوڵەتی پارسی هەخامەنشی و دوای ئەویش لە سایەی ئەشکانی و ساسانیەکانداو هەتا دەرکەوتنی ئیسلام و دەستپێکردنی پرۆسێسەکانی فەتحی ئیسلامی؟

ئاشکرایە کە روخاندنی دەوڵەتی ماد لە لایەن پارسەکانەوەو بەسەرۆکایەتی کۆرش بووە. لە کاتێکدا سەرباری تێکەڵ و پێکەڵی بۆچوون و لێکدانەوەکان سەبارەت بە رەگوڕیشەی ئاستیاگ یان وەکو لا کورد جێگیربووە ئەژدیهاک و کەیخوسرەو- کۆرش-و کەیقوبادو تەنانەت فەریدون کە وەکو پاڵەوانی هێمایەکی ئەفسانەی لە مێژووی کورددا وێنەکراوە، ئەوەی جێگیرە ئەوەیە کە دەسەڵاتی مادەکان کە دەسەڵاتێکی نا پارسی بووە لە چیاکانی زاکرۆس و بانەکانی ئێران و باکووری میسۆپۆتامیداو کوردەکان وەکو باپیری خۆیان سەیری دەکەن و بۆ ماوەی سەدەونیویک فەرمانڕەواییکردووە، لە لایەن پارسەکانەوە بە سەرۆکایەتی کۆرش روخێندراوە. واتە لە رووی یادەوەری مێژووییەوە، یەکەمین دەسەڵاتێک کە ئێستا زۆرینەی کورد خۆی بە خاوەنی دەزانێت، لە لایەن پارسە هەخامەنشیەکانەوە روخێندراوە. بێگومان رووداوە مێژوویەکانیش نەک هەر لە لایەن ئەوانی تری ناکوردەوە بەرگی ئەفسانەیان بە بەرداکراوەو بە ئاوەژوو دەگێڕدرێنەوەو تیایاندا فریشتە کراوە بە شەیتان و شەیتان کراوە بە فریشتە، کورد خۆیشی بڕوای پتەوی بەم ئاوەژووکردنەوەیە هێناوە. ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەتا ئێستا کورد لە لایەک شانازی بە ئێرانیبوونی خۆیەوە بکات کە ئێرانیبوونی کورد هیچ راستیەکی تێدا نیە. لە لایەکی ترەوە بەناوی هاوکەلتووری کوردو ئێرانیەکانەوە کە مەبەست پارسە، کورد وەکو پاشکۆی بێ مافی ئێران بمێنێتەوەو خۆیشی شانازی بەو هاوکەلتووری و هاوڕەچەڵەکیەوە بکات کە گوایە لە رەگەزی ئاریە. بەڵام راستیەکە ئەوەیە کە پارسەکان دەسەڵاتی میدیان لەناوبردووەو لە شوێنی ئەودا ئیمپراتۆرێتی گەورەی هەخامەنشییان دامەزراندووە، کە دەسەڵاتی بە سەر فراوانترین رووبەری جوگرافیاو قەڵەمڕەوی ئاشوورو لیدو بابل و میدیەکانیشدا کردووە هەتا ئەو کاتەی لە لایەن ئەسکەندەری گەورەوە روخێندراوە.

ئەوە ئاشکرایە کە روخانی دەوڵەتی ماد کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بەرفراوانی ئیمپراتۆریێتی ماد بووە لە لایەن پیکهاتەیەکی ترەوە کە پارسە هەخامەنشییەکان بوون. راستە وەکو ناوچە مێژوویەکانیش باسی دەکەن دوای روخاندنی دەوڵەتی مادو داگیرکردنی ئاکباتانای پایتەختی لە لایەن کۆرشەوە، هێشتا هەندێ ناوچەی دوورەدەست و پەراوێزی قەڵەمڕەوی ماد ماوەتەوە کە پارسەکان دەسەڵاتیان بەسەردا نەکردووەو وەکو دەسەڵاتی ناوچەیی ماونەتەوەو لە سایەی ئیمپراتۆریێتی هەخامەنشییەکاندا بوون، بە تایبەتی مادی بچووک.. داگیرکردنی ماد لە لایەن پارسەکانەوە بە واتای راستەقینەی وشە، داگیرکردن و زاڵبوون بە سەر ئەو وڵاتەدا بوو، نەک گۆڕینی بنەماڵەی دەسەڵات، چونکە مادەکان بەهۆی ئەم رووداوانەوە سەربەخۆیی حکومەتی خۆیان لە دەست داو کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پارسەکان. مادەکان وەک هەموو وڵاتانی دیکە کە دواتر داگیرکران بوون بە ساتراپ(١٦). هەروەک گەزنەفۆن دەڵێت: ماد لەگەڵ ئەرمەنستان و وڵاتی کادۆسیەکان بوون بە یەک ساتراپ(١٧). لێرەوە ئاشکرایە کە دەوڵەتی هەخامەنشیی پارسی دەوڵەتی میادیای روخاندووەو لە شوێنەکەیدا دەسەڵاتێکی پتەو و بەهێزی دامەزراندووەو توانیوێتی لە ماوەیەکی دیارکراودا ببێتە یەکێک لە ئیمپراتۆرێتە هەرە گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە ئەوەش لە سەردەستی کۆرش بنیادنراوە.

هەندێ لەو گێڕانەوانەی کە زیاتر لە حیکایەت دەچن نەک لە راستی مێژوویی، باسی ئەوە دەکەن کە گوایە کۆرش کچەزای ئاستیاگی دوا پادشای ماد بووەو لەبەرئەوەی ئاستیاگ منداڵی کوڕی نەبووە، ئەو بووەتە شوێنگرەوەی و لەبەرئەوەی باوکی پارس و دایکی ماد بووە، بووەتە پادشای پارس و ماد پێکەوە. دیارە لە روانگەی روانین بۆ چەمکی دەسەڵات و بۆ چارەنووسی دەوڵەتی ماد لە دوای هاتنی کۆرش، ناتوانرێت بڕوا بە قسەیەکی لەمجۆرە بکرێت، بەڵکو ئەوەی لە راستیەوە نزیکە ئەوەیە کە کۆرش پادشایەتی مادی روخاندووەو بڕەوی بە دەسەڵاتی سنووربرداری پێشتری هەخامەنشییەکان داوە کە پێشتر لە سایەی دەوڵەتی مادا بوون، تا ئەو ئاستەی گەورەترین ئیمپراتۆرێتی دروستکردووەو دەسەڵاتە دیارەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکەی خستووەتە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیەوە. هێرۆدۆت دەڵێت: کۆرش هەرچەندە

دەیزانی گەلانی ئاسیا وابەستەی سەربەخۆیین، کەچی بە سوپایەکی بچووکی پارسەکانەوە لەگەڵیاندا جەنگاوەو بە یارمەتی جەنگاوەرانی نەتەوەکانی مادو هێزەکانی کە خۆبەخشانە لەگەڵیدا بوون، میلەتانی دانیشتووی سوریا، ئاشور، تازەیان، خەڵکی کابادوکیە، دانیشتوانی هەردووبەری فریگییە، لیدیەکان، خەڵکی کاریا، فینقی و بابلیەکانی ملکەچی خۆی کردووە(١٨). کەواتە بەئاشکرا دیارە کە کۆرش خواستێکی نائاسایی بۆ دەسەڵات و فراوانخوازی هەبووە، وەکو هەر داگیرکەرێکی تر لە سەرەتاوە پەلاماری نزیکترین دەسەڵاتی داوە کە دەسەڵاتی میدیا بووە. وەکو لە ناوچە مێژوویەکانیشدا باس دەکرێت پاش سێ ساڵ لە شەڕکردن و ناپاکی خانەدانەکان و موغەکان بە سەرۆکایەتی هارپاک، ئەوسا سوپای کۆرش توانیوێتی بەسەر سوپای ماد و پادشایەتی ئاستیاگدا زاڵ بێت و ئاکباتانای پایتەخت داگیر بکات.

بۆ روخاندنی دەسەڵاتی ئاستیاگ، حیکایەتی جۆراوجۆر لەسەر خراپی و ناکارایی و دڕندەیی ئاستیاگ دەگێڕدرێتەوە. لەم بارەیەوە ئیحسان نوری پادشا دەڵێت: ئیختۆویکۆی کوڕی هوخشتەر (ئاستیاگ) بەداخەوە لیاقەتی پاراستنی ئەم ئیمپراتۆرێتەی نەبوو، میلەتی لەخۆی رەنجاندوکۆرشی پادشای ئەنزان کە نەوەی کچی ئیختۆویکۆ بوو یاخی بوو، فەرماندەو وەزیرانی ئیختۆویکۆ چوونە پاڵ کۆرش و ئیختۆویکۆیان گرت و تەسلیمی کۆرشیان کرد. کۆرشی هەخامەنشی بوو بە شاهەنشا(١٩). فیردەوسی لە شاهنامەدا کە بە شێوەی شیعر داڕشتووە، کورد بە توخمی ئێرانی دەزانێ، کە بەمەبەستی خۆ دەربازکردن لە چنگی زوحاک هەڵهاتووەو روویکردۆتە رۆژاوای ئێران[ چو زحاک بر تخت سد شهریار- برو ساليان انجمن شد هزار- ندانست جز كژى اموختن- جز كشتن و غارت و سوختن] واتە کاتێک زوحاک دەسەڵاتی گرتە دەست خەڵکێکی زۆر لە دەوریدا کۆبوونەوە، کەچی ئەو جگە لە کوشتن و تاڵان و سووتاندن و بە لاڕێدا بردنی خەڵک هیچی تری پێنەبوو(٢٠). هەر لەبارەی گێڕانەوەی هۆکارەکانی روخاندنی دەوڵەتی مادەوە زۆرێک لەوانەی لەبارەی روخاندنی ئەو دەوڵەتەوە دواون، ئاستیاگ تاوانبار دەکەن. لەم بارەیەوە ئیقرار عەلی یێف دەڵێت: تەنانەت ئەو راستیەش سەیر نیە کە هێندێک لە مێژوونووسان لەبەرئەوەی کە نەیانتوانیووە هۆکارە سەرەکیەکانی رووخانی دەوڵەتی ماد

بدۆزنەوە، هەمووی ئەم هۆکارانەیان لە دڵڕەقی، نەبوونی لێهاتوویی سەربازی و نابەرپرسیارێتی ئیشتۆویگۆدا بینیوەتەوە(٢١). هەروەها هیرۆدۆت دەڵێت: (ئاستیاگ گەلێک توندوتیژ مامەڵەی لە دژی میدیەکان دەکرد)، وەلێ لێرەدا یەکسەر روون دەبێتەوە کە ئەو مەبەستی لە خانەدانە میدیەکان بووە(٢٢).

ئەگەر سەرنجی ئەم وتانەی سەرەوە بدەین ئەوا سەبارەت بە روخاندنی دەوڵەتی میدیا و ئاستیاگ و دوژمنکاری کۆرش و پارسەکان بەرامبەر بە میدیا، سێ خاڵی ئاشکرامان بۆ دەردەکەوێت. یەکەمیان ئەوەیە کە پارسەکان بە سەرۆکایەتی کۆرش و بە پشتگیری خانەدانە میدیەکان و مۆغەکان بە سەرۆکایەتی ئارپاک دەوڵەتی میدیایان روخاندووەو پایەتەختەکەی ئاکباتانیان تالان کردووەو ئاستیاگیان دەستبەسەر کردووە. دووەم ئەو دەوڵەتەی کە کۆرش دروستیکردووە نە پاشماوەی دەوڵەتی مید بووە نە جێگرەوەی و نە دەوڵەتی هاوبەشی پارس و مید بووە وەکو کۆرش خۆی گووتوویەتی، بەڵکو دەوڵەتێکی پارسی هەخامەنشی بووە کە لە هێرشی داگیرکاریدا دەوڵەتی میدیای روخاندووەو سەرزەمینەکەیی داگیرکردووەو خستوویەتیە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیەوە. سێیەم، هۆکاری روخاندنی دەوڵەتی ماد وەکو هیرۆدۆت و زۆر لە مێژوونووسانی تر دەیخەنە ئەستۆی ئاستیاگ بەوەی کە توندو تیژو بێ تواناو ناکاراو هیچ لەباردا نەبوو بووە، دوورە لە راستیەوەو زۆرینەی بۆچوونەکان لەو حیکایەتانەوە هاتوون کە هێرۆدۆت هەڵیبەستوون و زیاتر لایەنگیری بۆ کۆرش و پارسەکان نیشان دەدات. ئەو حیکایەتانەیشی لەسەر کۆرش دەیگێڕنەوە بەوەی کە کچەزای ئاستیاگ بووە و بەپێی ئەوەی گوایە ئاستیاگ خەونی بینیووە کە کچەزایەکی دەبێت، دواتر ئیمپراتۆرێتەکەی تێکدەدات و لەبەر ئەوە ئاستیاک ویستوویەتی کۆرش لە بیابانێکدا فڕێ بداتە بەردەمی دڕندەکانەوەو پادشان بە شێوەیەکی سەیر کۆرش رزگاری بووە، ناتوانرێت وەکو راستی بڕوایان پێبکرێت. بەڵکو دەشێ وەکو جۆرێک لە ئەفسانە یان بەرهەمی خەیاڵ سەیر بکرێن، چونکە ئەوەی لە راستیەوە نزیکە ئەوەیە کە کۆرشی پارسی سەربە بنەماڵەی هەخامەنشی کە فەرمانڕەوای رووبەرێکی دیاریکراوی سەرزەمینی پارس بووەو دەسەڵاتەکەشی لە سایەی دەوڵەتی میددا بووە، خواستی فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی و دەرچوونی لە سایەی دەوڵەتی ماد وای

لێکردووە هێز کۆبکاتەوەو پەلاماری دەوڵەتی میدیا بدات. وەکو ناوچەکانیش باسی دەکەن لەساڵی ٥٥٣ی پێش زایندا کۆرش دەستی داوەتە شەڕکردن لەگەڵ سوپای میدداو دووجار تێکشکاوە، تا سەرئەنجام لە ساڵی ٥٤٩ی پێش زایندا لە هێرشی سێیەمدا بەسەر سوپای میددا زاڵبووەو ئاکباتانای داگیرکردووە. واتە بەرنامەی کۆرش دروستکردنی دەسەلاتێکی بەهێزو بەرفراونی پارسی بووەو بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی پرۆژەکەی داگیرکردنی دەوڵەتی مید بووەو پادشان پەلاماری رۆژئاواو رۆژهەلاتی داوە، بەجۆرێک کە دەوڵەتی پارسی بە سەرۆکایەتی کۆرش بووەتە ئیمپراتۆرێتێکی گەورەو کۆرش خۆیشی نازناوی کۆرشی گەورەی لێنراوە. کەواتە ئێستا ئاشکرایە کە دەوڵەتی میدیا روخێنراوەو وڵاتی ماد کەوتووەتە ژێر سایەی دەسەلاتی پارسی هەخامەنشیەکانەوەو ئەگەر دەسەلاتی ناوچەیی بچووکیش لە سەر زەمینی مادی گەورەدا مابێت، ئەوە تەنیا وەکو دەسەلاتی ناوچەیی ماونەتەوەو هەرگیز مانای ئەوە نیە کە کۆرش وەکو دەیگووت پادشای پارس و ماد بووەو دەوڵەتەکەش کە دەوڵەتێکی پارسی بووە، نوینەرایەتی پارس و مادای کردووە. هەروەک دەوڵەتێکی ئێرانی سەیرکراوەو واینیشانداوە نوێنەری پارس و میدیایەو ناوی ئێرانیبوونیش بۆ پێکەوەبوونێکی لەوجۆرە هاتووەتە ئاراوە، کە لە راستیداو لەسەر زەمینەی واقیع شتی لەوجۆرە نەبووە. کەواتە لێرەدا دەپرسین لە دوای روخاندنی دەوڵەتی میدیاو داگیرکردن و تاڵانکردنی ئاکباتان و باڵادەستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشی بەسەرۆکایەتی کۆرش، مادەکان چییان بەسەرهاتووە؟

بەڵام پێش گەڕان بە دوای ئەوەی لە دوای روخانی دەوڵەتی ماد بارودۆخی میلەتی ماد چی بەسەرهات، پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێک بکەین، کە روخاندنی دەوڵەتی میدیاو لایەنگری خانەدان و مۆغەکانی میدو ئارپاک بۆ کۆرش و پارسەکان و وەستانیان دژی ئاستیاگ و دەسەلاتی میدیا کاریگەری نەرێنی لەبەرچاوی لەسەر هەموو مێژووی پاشماوەی میدیا هەبووەو ئەو کاریگەرییەش هەتا ئێستاش بەردەوامە، بە تایبەتی لەسەر ئەو رووبەرە فراوانەی کورد کە خۆی بە نەوەی مادەکان دەزانێت. ئەو رووداوەش واتە خۆنمایشکردنی کۆرش بەوەی پادشای پارس و مادەکانە، بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی چەمکی

هاوکەلتووربوونی فارس و کورد یان بە دەربڕینێکی تر دروستبوونی هەست و تەنانەت ئینتیمای ئێرانی بوون لە کۆنەستی رووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگای کوردیدا. بەپێی هەندێ لە ناوچە مێژووییەکان، کۆرش خۆی وەکو پادشای پارس و ماد راگەیاندووەو هەروەها هەندێ لە دەسەلاتدارە میدیەکانی لە شوێنی خۆیان هێشتووەتەوە، واتە بەپێی ئەو گێڕانەوانە کۆرش دەسەڵاتە ناوچەییەکانی میدیای لەناونەبردووە بەڵکو هێشتوونیەتەوەو خستوونیەتە سایەی فەرمانڕەوایی خۆیەوە. دەشێ ئەوەش لە لایەک بۆ ئەوە بووبێت کە بە ئاسانی دەسەڵات بەسەر میدیادا بکات، بەڵام هاوکات بووبێتە هۆی لاوازکردنی کاردانەوەی خەڵکی مادو رازیبوونیان بە فەرمانڕەوایی پارس و کۆرش و ئەوەش زەمینەی بۆ خۆ بەئێرانیزانی میدیەکان خۆشکردبێت.. خاکی ماد کەوتە دەست هەخامەنشیەکان، بەڵام پیاوەکانی ماد لەم کۆمارەی کۆرشدا بەڕێز تەماشا ئەکران، واتە لە ناوەندی سەردەمی مادو هەخامەنشی جیاوازییەکی وانەبوو، بە ئارەزووی هەموویان، کۆرشیان بە شا داناوە(٢٣). هەر سەبارەت بەم بابەتە دیاکۆنۆف دەڵێت: لە نووسراوەکانی سەر بەردەکەی بێستوندا داریۆشی یەکەم ئاماژەی بە ناوی فەرماندە پارسە بە رەگەز میدیەکان کردووە. دروست تا رۆژگاری خشاریاشا یاخود نەختێ دواتر، ئاماژەی بە ناوی بەشێک لە خانەدانە میدییەکان کردووە کە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەخامەنشییەکاندا پلەو پایەی بەرزیان بەدەستەوە بووە(٢٤). هەروەک لە لایەکی ترەوە بۆ نیشاندانی جۆرێک لە رەوایەتیدان بەوەی کە کۆرش ببێتە پادشای مادو پارس، یان ببێتە جێگرەوەی ئاستیاک کە منداڵی نێری نەبووە، باس لەوە دەکرێت کە ئاستیاک کچێکی خۆی کە ناوی ماندانا بووە، داوە بە کەمبوجیەی باوکی کۆرش و کۆرش لە دایکەوە دەچێتەوە سەر مادەکان. ئەمەش رەوایەتی ئەوەی پێداوە کە ببێتە جێگرەوەو میراتگری باپیری. هەروەک کتسیاس حیکایەتێکی تری شێوە ئەفسانەیی بۆ رەوایەتیدان بە جێگرتنەوەی ئاستیاگ لە لایەن کۆرشەوە دەگێڕێتەوەو باس لەوە دەکات کە.. ئاستیاگ کچێکی بە ناوی ئاموتیس- مەندنا- هەبووە، کە لەگەڵ ئەسپی تاماس هاوسەرگیری کردووە. پاش داگیرکردنی ماد بە دەستی کۆرش، کۆرش ئەسپی تاماس دەکوژێت و ژنەکەی ئەسپی تاماس واتە کچی ئاستیاگ بە زۆرەملێ دەکات بە هاوسەری خۆی- کتسیاس بە وتەی بریان-(٢٥).دیارە لای میدییەکان ئەو نەریتە هەبووە، کاتێ پیاوێک

کوڕی نەبووایە، ئەوا زاوا دەبووە میراتگری. لەسەر ئەم بنەمایە بە پێی ئەو ئەفسانەیەی کە دروستکراوە، کۆرش بووەتە زاوای ئاستیاگ و بەوپێیە دەبووە میراتگری و دەبوو بە پادشا.

بێگومان کۆی ئەم پادشاوانە کە لە شێوەی گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی یان حیکایەت و ئەفسانەدا داڕێژراون، بەمەبەستی ئامادەکردنی زەمینەیەک بوون کە تیایدا ڕەوایەتی بدرێت بە دەسەڵاتکردنی کۆرش بەسەر تەختی پادشایەتی میدیادا. کە ئاشکرایە دەسەڵاتکردنی کۆرش بەسەر دەوڵەتی میددا، بریتی بووە لە داگیرکردنی میدیاو روخاندنی دەوڵەتەکەی لە لایەن کۆرش و پارسە هەخامەنشیەکانەوە. ڕاستە لە دوای روخانی دەسەڵاتی ئاستیاگ و دەستگرتن بەسەر ئاکباتانا و تاڵانکردنیدا، بەشێک لە خانەدانە میدیەکان لە پای ناپاکی کردن لە ئاستیاگ و پاڵپشتیکردنی کۆرش هەندێ دەسەڵاتیان پێدراوەو لە هەندێ پێگەدا دانراون، هەروەها هەندێ لە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی میدیا بۆ ماوەی دیاریکراو ماونەتەوەو چوونەتە ژێر سایەی دەسەڵاتی کۆرش و دەوڵەتی پارسی هەخامەنشیەوە، بەڵام دوای جێگیربوون و چەسپاندنی دەسەڵاتی پارسەکان، خانەدانە میدییەکانیان دوورخستۆتەوە. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە کۆرش و پارسە هەخامەنشیەکان وڵاتی مادیان داگیرکردووەو پادشایەتی میدیایان روخاندووەو لەناویان بردووە. سەرباری ئەو کاری داگیرکارییەش جۆرێک لە وابەستەییان لای میدییەکان بۆ دەوڵەتەکەی خۆیان واتە بۆ دەوڵەتی هەخامەنشی فارسی و بۆ ئێرانیبوون لا دروستکردوون. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا لە دوای دەسەڵاتکردنی تەواوەتی کۆرش و پاڵپشتی خانەدانە میدیەکان و موغەکان لە دەسەڵاتەکەی، بارودۆخی میلەتی ماد چۆن بووە؟

بێگومان رەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین، مێژوونووسانی کۆن، یان لێکۆڵەرانی مێژووی کۆن، کەمتر زانیارییان لەبارەی بارودۆخی ژیانی میلەتانەوە پێشکەش کردووەو زانینی بارودۆخی میلەتانی دێرین لە نووسین و گێڕانەوەو تەنانەت لێکۆڵینەوەکانی ئەواندا، مەگەر لە ڕێگای باسکردنی دەسەڵاتەکان و شەڕوشۆڕو ڕووداوەکانەوە بزانرێت، ئەگینا کەمترین زانیاری لەبارەی بارودۆخی ژیانی خەڵکەوە پێشکەش کراوە. بە وتەیەکی تر دەتوانین پڕکێشی

ئـەوە بکەیـن و بڵێیـن ئـەو مێـژووەی کـە نووسـراوە، زیاتـر مێـژووی پادشـاو دەسـەڵات و جەنگ و داگیرکارییەکانیانە. هـەر لەم روانگەیەشـەوە، مێژوونووسـان و گێڕەرەوەکانی سـەردەمی هەخامەنشی و قۆناغەکانی تریش مەگـەر لـە پشـتی گێڕانـەوەی رووداوەکانـەوە، ئەگینـا زانیـاری ئەوتـۆی راسـتەوخۆیان لەسـەر ژیانی خەڵک چ مـادەکان و تەنانـەت پارسـەکان خۆیشـیان پێشـکەش نەکردووە، بەڵکـو زیاتـر جەختیـان کردۆتـە سـەر گێڕانـەوەی ژیانـی کـۆرش و کەمبوجیـەو داریۆش و پادشـاکانی ترو شـەڕو داگیرکارییەکانیان. راسـتە زۆرینـەی خەڵکیان بـە شـەڕەکانیانەوە خەریـک کـردووە، بـەڵام، ئایـا لەودیـووی شـەڕەکانەوە لـە دوای روخاندنـی دەوڵەتـی میـد لـە لایـەن کۆرشـەوە، بارودۆخـی میلەتـی میدیـا یـان مـاد چـۆن بـووە؟ ئایـا بـەو داگیرکاریـە رازیبـووەو وەکـو زۆرێـک لـە مێژوونووسـانی یۆنـان و نووسـراوە رۆژئاواییەکانی دواتـر گووتوویانـە، میلەتی میدیـا، دەسـەڵاتداری کۆرشـی هەخامەنشـی وەکـو درێژکـراوەی دەوڵەتـی میدیـا سـەیرکردووەو دەسـەڵاتی نوێیـان بـە دەسـەڵاتی هاوبەشـی خۆیـان و پارسـەکان یـان دەسـەڵاتی ئێران زانیـووەو خۆیشـیان وەکو بەشـێک لە میلەتی ئێران سـەیر کـردووە، یـان بـە ناچـاری ملیانـداوەو چاوەڕوانـی هەلیـان کـردووە؟ یـان هـەر لـە سـەرەتاوە نـاڕازی بـوون و خۆیـان رادەسـتی دەسـەڵاتی کـۆرش نەکردووە؟ بێگومـان جارێکـی تریـش لەبەرئـەوەی مـادەکان نـە لـە کاتـی دەسـەڵاتداری خۆیانداو نـە دواتریش مێـژووی خۆیانیـان نەنووسـیووەتەوە، دەبـێ لـە مێـژووی ئەوانـی تردا بـە دوای زانیـاری سـەبارەت بـەو قۆناغـە تاریکـەی مێـژووی میلەتـی مـاددا گـەران و پەیجـوور بکرێـت.

بۆ نموونـە کیرۆپیدیـا واتـە کۆرشـنامەی گەزنەفـۆن کـە سـەبارەت بـە ژیـان و چۆنێتـی دەرکەوتنـی کـۆرش و لـە ناوبردنـی دەوڵەتـی میدیـاو بـوون بـە پادشـای کـۆرش و باڵادەسـتبوونی و بەرفراوانبوونـی دەسـەڵات و قەڵەمڕەوەکەیەتـی بـە هەمـوو لایەکدا، زانیارییەکـی سـوودبەخش سـەبارەت بـە زانینی بارودۆخی میلەتی مـاد نـە لـە پێـش کۆرشـداو تەنانـەت لەسـەروەختی کۆرشیشـدا پێشـکەش نـاکات. ئێـمە پێشـتر باسـی ناپاکـی خانەدانـە میدییـەکان و مۆغەکانمـان بەسـەرۆکایەتی ئارپـاک کـرد، کـە ئەمانـە بـە تەواوەتـی لایەنگـری کـۆرش و پارسـەکان بـوون بـەدژی ئاسـتیاک و دەوڵەتـی میدیـا. لـە لایـەک ئارپـاک دەشـێ خواسـتی ئـەوەی

هەبوو‌بێت ببێتە پادشا یان بە لایەنی کەمەوە لە سەرکەوتنی کۆرشدا ئەم بچێتە سەر تەختی دەوڵەتی میدیا. هەروەک خانەدانە میدیەکان و موغەکانیش بەپێی گێڕانەوەکانی هیرۆدۆت و نووسراوە مێژووییەکانی نابونیدی بابلی و کتسیاس کە دیاکۆنۆف و ئیقرار عەلی پێف پێداگرییان لەسەر کردوون، بۆیە دژی ئاستیاگ و دەوڵەتی میدیا وەستاون، چونکە ئاستیاک بەتایبەتی و دەوڵەتی میدیایش هەر لە دروستبوونیەوە زیاتر بایەخی بە زۆرینەی خەڵک، واتە جوتیارو شوانکارەو بەرهەمهێنەکان داوەو پشتگیری بەرژەوەندییەکانی خانەدانەکان و موغەکانی نەکردووە. لەبارەی هەڵوێستی دوای روخانی دەوڵەتی میدیاوە سەبارەت بە موغەکان، دیاکۆنۆف دەڵێت: دەشێت گریمانەی ئەوە بکەین کە بەشێک لە کاهینە موغەکان پەیوەندییان لەگەڵ راپەڕیووەکان و پارسەکان دامەزراندبوو. لەراستیدا ئێمە دەبینین کە لە کۆتاییدا موغەکان شەرەفمەندانە لە دەرباری کۆرش و قەمبیزی دووەمی کوڕیدا ئامادەبوون. سرووشتی ئایدۆلۆجیای ئایینی و باری کۆمەڵایەتی کاهینێتی لێنەگەڕان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی خەڵکی بکات(٢٦).

ئەم قسەیەی سەرەوە کە لە لایەن لێکۆڵەرێکی وردو زیاتر متمانەپێکراوی وەکو دیاکۆنۆفەوە خراوەتە ڕوو، دوو راستیمان بۆ دەردەکەوێت. یەکەمیان ئەوەیە کە بەشێک لە کاهینە موغەکان نەک هەر چوونەتە پاڵ کۆرش بە دژی ئاستیاگ و دەوڵەتی میدیا، بەڵکو چوونەتە دەرباری کۆرش و لە دوای ئەویش دەرباری قەمبیزی دووەم. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە موغەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەرباری دەوڵەتی هەخامەنشیدا ماونەتەوە. دووەم هەر ئەوە نەبووە کە ئەم کاهینە موغانە لە دەرباری دەوڵەتی پارسی هەخامەنشیدا بوون و خۆیان پاراستبێت و بەرگرییان لە پێگەو بەرژەوەندی خۆیان کردبێت، بەڵکو رۆڵی نەرێنیشیان بینیووە. لە قسەکانی دیاکۆنۆفدا ئەوە دەردەکەوێت، ئەمان کاریگەرییان لەسەر کۆرش بە تایبەتی و دوای ئەویش لەسەر قەمبیزی دووەم هەبووە کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی خەڵک نەکەن. کە ئەو زۆرینەیە میلەت دەگرێتەوە، کە دەشێت هەم میلەتی مادو تەنانەت هەم میلەتی پارسیش بێت. کەواتە لێرەدا دەگەین بە

بۆچوونێکی نزیک لە راستی کە ئەویش ئەوەیە لە سەردەمی کۆرش و تەنانەت قەمبیزی دووەمی کوڕیدا بایەخدان بە بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک هەبووە، واتە بەرژەوەندی میلەت، کە ئەمەش نزیکە لەهەمان ڕێڕەو و سیاسەتی پێشتری دەوڵەتی میدیا کە بایەخی بە بەژەوەندی زۆرینە داوەو بەرژەوەندی خانەدانەکانی پشتگوێ خستووە بە تایبەتی لە سەردەمی ئاستیاگدا. هەڵبەت لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەی خانەدانە میدییەکان و موغەکان لە پێناویدا دژی ئاستیاگ و دەوڵەتی میدیا بوون بەرژەوەندی خۆیان بووە، کە دواتر لە دەربارى دەوڵەتی هەخامەنشیدا هەوڵیانداوە بەدەستی بهێنن. لەو پێناوەشدا رۆڵی خراپ و نەرێنیان لەسەر پادشاکانی پارس هەبووە. کەواتە هەر لە ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتداری هەخامەنشیەکاندا، ئەم دەوڵەتە پشتی لە بەرژەوەندی زۆرینە کردووە کە مەبەست خەڵکە. بۆیە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە بارودۆخی پاشماوەی دەوڵەتی میدیا یان بە دەربڕینێکی تر خەڵکی میدیا لە سایەی دەسەڵاتی کۆرش و قەمبیزی دووەمی کوڕیدا بەرەو پشتگوێخستن چووەو کاهینە موغەکانیش لەو رووەوە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا رۆڵی نەرێنیان بینیووە.

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە چۆن خانەدانەکانی مادو کاهینە موغەکان دژی دەسەڵاتی میدیاو بەتایبەتی ئاستیاگ وەستان و ئارپاکیش کە خواستی بەدەستگرتنی دەسەڵاتی هەبوو ناپاکی کردو لەگەڵ ئەوان و پارسەکان بووە هاوپەیمان بۆ روخاندنی دەوڵەتی میدیا. بەپێی گێڕانەوەکان پێدەچێت لە سەرەتاوە کۆرش وا رەفتاری کردبێت کە بێ جیاوازی پادشای مادو پارسە، بەڵام ئاشکرایە لەسەر زەمینەی واقیع ئەوە روویندەداوە، چونکە خانەدانە میدیەکان و موغەکان کە دژی بەرژەوەندی خەڵکی میدیا بوون لە دەرباری ئەودا بوون و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیاندا بوون، ئەگەر تەنانەت کۆرش ویستبێتی سیاسەتێکی هاوسەنگ لە نێوان پارس و مادەکاندا پیادە بکات، دەشێ خاوەن پێگە میدیەکان لە دەرباری ئەودا هەوڵیاندابێت رێگری لێ بکەن. دوای بە پادشابوونی کۆرش و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی، رەنگە لە سالانی دوایی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا کە سەرقاڵ بووە بە داگیرکردنی ولاتانی ترەوە، خەڵکی تەنیا بۆ شەڕکردن و داگیرکردن ویستبێت. پاش

ئـەوەش کـە دەوڵەتـی هەخامەنشـی بەهێزبـووەو رەگـی داکوتـاوەو بووەتـە یەکێـک لـە گەورەتریـن ئیمپراتۆرێتەکانـی مێـژوو، پێناچێـت دەربەسـتی ژیـان و بەرژەوەندییەکانـی خەڵـک یـان چینەکانـی خـوارەوەی کۆمەڵـگا بووبێـت.

لەبەرامبەر ئەو سیاسـەتەی هەخامەنشیەکاندا، ئاشکرایە لە سـەردەمی دەوڵەتی میدیـاو لـە کۆمەڵـگای میدیـادا، جیـاکاری چینایەتـی بـە ئاشـکرا پەیڕەوکـراوەو هەندێ لە میدیاناسـان ئـەو جیاکارییە چینایەتی و ناکۆکیە چینایەتیەو لایەنگیری دەوڵـەت بۆ خەڵـک یان چینی خوارەوەو پشـتکردن لـە خانەدانـەکان و موغـەکان بـە هۆکارێکـی سـەرەکی لاوازبوونـی دەوڵەتـی میدیـا دەزانـن کـە لەسـەردەمی ئاسـتیاگدا ئـەو ناکۆکیـە دەوری هەبـووە لـە رووخاندنـی دەوڵەتەکـەدا.

لـە بـارەی پادشـای دووەمـی هەخامەنشـیەوە کـە قەمبیـز یـان کەمبوجیـەی کـوڕی کـۆرش بـوو، پێشـتر فەرمانـڕەوای بابـل بـوو، ئیقـرار عەلـی بێـف دەڵێـت: کەمبوجیە پادشـایەکی سـەرەڕۆو فێڵباز بوو کە لەسـەر تەختی پادشـایەتی پارس دانیشـت، تەنانـەت ئەگـەر زۆر شـت لەوانـەی کـە رەنگـە لەسـەر ئـەو نووسـراون، لەبەرچـاو نەگریـن، دیسـانیش ناچاریـن گێڕانـەوە نەریتیـە کۆنـەکان سـەبارەت بـە ئـەم کەسـایەتیە بـە هێماکـراوە قبـوڵ بکەیـن. کەسـایەتیەک کـە دانیشـتنی لەسـەر تەختـی دەسـەڵات هـاوکات لەگـەڵ زریانێـک لـە تیـرۆرەکان و قوڵتربوونـی ئاشـکرای گوشـارە کۆمەڵایەتـی و سیاسـیەکان بـوو. ئـەم گوشـارانە بڕسـتیان لـە گەلانـی بـە کۆیلەکراوی وڵاتانـی ژێـر دەسـت و یـەک لەوانـە مـادەکان بڕیبوو(٢٧). قەمبیـز لـە دوای کۆرشـی باوکـی، لـە سـاڵی ٥٣٠ پێـش زاینـدا بـوو بـە پادشـای دەوڵەتـی هەخامەنشـی، واتـە نزیکـەی دوو دەیـە دوای روخاندنـی دەوڵەتـی مید. لێرەدا باسـی ئەوە دەکرێت گوشـارەکانی ئـەم پادشـایە بڕسـکی لەبـەر گەلانـی بە کۆیلەکـراو بڕیبوو، کـە مەبەسـت گەلانـی داگیرکـراو و سـەرکوتکراوە، لەناویشـیاندا گەلـی مـاد، لـە لایـەن دەوڵەتـی هەخامەنشـیەوە. کەواتـە لێرەدا ئـەوە ئاشـکرایە کـە میلەتـی مـاد هـەر بـە زوویـی هەمـوو دەسـەڵات و پێگەیەکـی پێشـتری لەدەسـتداوەو ئەگـەر چینـی سـەرەوەی کۆمەڵـگای مـاد کـە بریتـی بـوون لـە خانـەدان و سـەرۆک هـۆزو تیـرەو کاهینـە موغـەکان کـە ناپاکیـان لـە دەوڵەتەکـەی خۆیـان کـرد، بـۆ ماوەیەکـی کورتیـش لـە دەربـاری پادشـای پارسـدا دەورێکیـان پێدرابێـت، ئـەوە تەنیـا وەکـو پاداشـتی ئـەو ناپاکیـە بـووە کـە لـە ئاسـتیاگ و دەوڵەتـی میدیایـان

کـردووە. بەپێچەوانـەوە میلەتـی مـاد بووەتـە ژێردەسـتەی هەخامەنشـیەکان و شوناسـی راسـتەقینەی ئـەم دەوڵەتـەش کـە بووەتـە گەورەتریـن ئیمپراتـۆر، پارسـی بـووەو تەنانـەت ناوهێنانـی بـە ئێرانیـش هـەر لـەو روانگەیـەوە بـووە کـە ئێـران یەکسـان بـووە بـە پـارس. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە ئـەو پروپاگەندانـەی بـۆ شوناسـی دەوڵەتـی هەخامەنشـی کـراوە، بـەوەی دەوڵەتـی یەکسـانی پـارس و مادەکانـە بـۆش و بـێ واتایـەو دەردەکەوێـت لـە سـایەی فەرمانڕەوایـی ئـەم دەوڵەتـەدا گەلـی مـاد ژێردەسـتەو وڵات داگیرکراوبـووەو بـەزۆر ملکـەچ کـراوە. بێجگـە لـە سیاسـتی توونـدو تیـژو بەکارهێنانیـان وەکـو سـەرباز بـۆ شـەڕ لەژێـر بێـگاری و باجیشـدا ئەوەنـدەی تـر لاوازو نابـووت کـراون. جارێکـی تـر ئیقـرار عەلـی ییـف دەڵێـت: باجـە قورسـەکان و بێگارییـە جۆراوجـۆرەکان گوشـارێکی قورس بوون کە پشتی ئەو خەڵکانەی چەماندبوو کە بە زۆری چەک ملکەچی هەخامەنشـیەکان کرابـوون(٢٨).

هێـرۆدۆت ئـەوە دەخاتـە روو کـە: ئێرانییـەکان کەمبوجیـە- قەمبیـز- وەکـو ملهوڕێک دەناسن(٢٩). ئایا مەبەست لە ئێرانیەکان تەنیا پارسـەکانە یان پارس و مـادو ئەوانـی تریش، یان مـادو ئەوانی ترە بێجگە لە پارسـەکان. کە لە رووکەشـی بینراوی ئـەم قسـەیەدا پێدەچێت مەبەسـت هەمـوو ئەوانە بێت کە لـەو جوگرافیایەدا ژیـاون کـە هـەر لـە سـەردەمی هەخامەنشـیەکاندا نـاوی ئێرانـی بەسـەردا بـڕاوە، بـەڵام راسـتیەکەی ئەوەیـە کـە جیاوازی هەبـووە لـە نێوان پارسـەکان کـە خاوەنـی دەوڵەتـی هەخامەنشـی بـوون و مـادەکان کـە پێشـتر خاوەنـی دەوڵەتـی خۆیـان بـوون و پارسـەکان روخاندوویانـە. بۆیـە کاتـێ لـەم روانگەیـەوە سـەیربکرێت، بێگومـان جیاوازی لـە تێڕوانینی مـادو پارسـەکاندا بۆ دەوڵەتەکـەو بۆ کەمبوجیەی سـەرۆکی دەوڵەتەکـەش دەردەکەوێت، کـە بۆ پارسـەکان دەوڵەتـی خۆیـان بووەو خاوەندارێتیـان لێکردووە، بۆ مادەکانیش روخێنـەری دەوڵـەت و دەسـەڵاتی ئەمـان بووەو لـەم رووەوە دەشـێ وەکو پادشـایەکی سـتەمکارو ملهوڕێک لێـی بڕوانن. بـەڵام ئـەوەش ئاشـکرایە کـە کەمبوجیـە مـاوەی فەرمانڕەواییەکـەی کـە نزیکـەی هەشـت سـاڵ بـووە، هـەر خەریکـی شـەڕوشـۆڕو داگیرکردنـی وڵاتـان بـووەو پـارس و مـادو میلەتانی تریش براونەتـە مەیدانەکانی جەنگ و زۆریـان کوژراون. ئەمـەش هۆکارێـک بـووە بـۆ ئـەوەی بـە پادشـایەکی زۆردارو ملهـوڕ نـاوی ببـەن.

بەپێـی گێڕانـەوەکان کەمبوجیـەی کـوڕی کـۆرش کـە دوای باوکـی بووەتـە پادشـای هەخامەنشـی، بـراو خوشـکێکی لـە باوکیـەوە هەبـووە کـە نەوەی ئاسـتیاکی پادشـای میدیـا بـوون. واتـە منداڵـی ئـەو کچـەی ئاسـتیاگ بـوون کـە کـۆرش مێردەکـەی کوشـت و بـە زۆرداری کـردی بـە هاوسـەری خـۆی، گوایـە بـۆ ئـەوەی ببێتـە میراتگـری ئاسـتیاگ و لـەو رووەشـەوە خـۆی وەکـو پادشـای مـادو پـارس رابگەیەنێـت. براکـەی کەمبوجیـە نـاوی بەردیـا بـووەو ئاشـکرایە کـە کەمبوجیـە بـەردەوام مەترسـی ئـەوەی هەبـووە کـە تەختـی فەرمانڕەوایـی لـێ داگیـر بـکات، بۆیـە ئاسـاییە کـە پلانـی لەناوبردنـی دانابێـت، بـە تایبەتیـش پێدەچێـت کەمبوجیـە لەبـەر دوو هـۆکاری سـەرەکی هیـچ متمانەیەکـی بـە براکـەی نەبووبێـت، کـە یەکەمیـان ئەوەیـە زڕبـرای بـووە، دووەمیـان ئەوەیـە کـە زڕبراکـەی خوێنـی مـادی تیدابـووەو نـەوەی ئاسـتیاگ بـووە. بەهەرحـاڵ سـەرباری رێنەکەوتنـی ناوچەکانـی گێڕانـەوە دەربـارەی کات و شـوێنی کوشـتنی بەردیـا، بـە تایبەتـی زانیارییەکانـی هیـرۆدۆت و نووسـراوی سـەر بـەردی بێسـتوون و وەکـو زەکریـا قادریـش دەڵێـت گێڕانـەوەی کتسـیاس و ترۆگـۆس(٣٠)، سـەرئەنجام ئەوەیـە کـە بەردیـا کـوژراوە ئەویـش لـە پێـش هێرشـی سـەر میسـر یـان لـە کاتـی هێرشـەکەدا بووبێـت یـان دواتـر، گومـان ناکرێـت کـە کەمبوجیـەی بـرای لـە پشـتی کوشـتنەکەیەوە بـووە. لەسـەروەختی کەمبوجیـەو دیـارە دوای کوشـتنی بەردیـاش بـووە، کـە راپەڕینێـک بـە دژی دەسـەڵاتی کەمبوجیـە سـەرهەڵدەدات، کـە لـە راسـتیدا ئـەو راپەڕینـە دژی دەسـەڵاتی پارسـە هەخامەنشـیەکان بـووە. بـەڵام سـەرباری ئـەم بۆچوونـە کـە زیاتـر بـەلای راسـتیدا دەشـکێتەوە، گێڕانـەوەی مێژوونووسـان بـە تایبەتـی هیـرۆدۆت لـە شـێوەی حیکایەتێکـی ئەفسـانەییدا هەوڵیـداوە ئـەو راپەڕینـە وەکـو یاخیبوونـی یەکێـک لـە موغـەکان بـە دژی کەمبوجیـە نیشـان بـدات، کـە گوایـە ئـەو موغـە خـۆی کـردووە بـە بەردیـاو مەبەسـت لـەم حیکایەتـە ئەفسـانەییەش ئەوەیـە کـە راپەڕینەکـە وەکـو ناکۆکـی دوو بـرا لەسـەر تەختـی دەسـەڵات بەرجەسـتە بـکات، نـەک راپەڕینـی میدەکان بـە دژی دەسـەڵاتی هەخامەنشـی.

هـەر بـۆ دەرخسـتنی ئـەو ئاوەژووکردنـەوەی سـەبارەت بـە راپەڕینـی میدیـەکان بـە دژی دەوڵەتـی هەخامەنشـی کـە لـە سـەردەمی کەمبوجیـەدا روویـدا، لـە نووسـراوی سـەر بـەردی بێسـتوون و لـە مێـژووی سـەردەمی هەخامەنشیشـدا

هاتووە: کەمبوجیە بەر لەوەی رووبکاتە میسر بە نهێنی بەردیای کوشتبوو. پادشان بەردیایەکی درۆینە، واتە موغێک بەناوی گێئۆماتا راپەڕی و پارسەکان و مادەکان و تێکرای نەتەوەو هۆزەکانی ئیمپراتۆری کە بە مردنی بەردیایان نەزانیبوو، هەڵخەڵەتان و پشتیان لە کەمبوجیە هەڵکردو وای لێهات کە درۆ بوو بە باو. لەم کەینوبەینەدا کەمبوجیە سەری نایەوەو هیچ کەس نەیوێرا دژی گێئۆماتا راپەڕێ. هەتا ئاخرییەکەی خودی داریوش لە بنەبانی هاوینی ٥٢٢ی پێش زایندا هاتە مەیدانەوە. ئەوسا داریوش لەگەڵ شەش پارسیی تر گێئۆماتاو داروودەستەکەیان لە کۆشکێکدا بەناوی سیکایووڤاتیش لە خاکی ماد قەتڵ وبڕ کرد(٣١).

گێئۆماتا کە سەرکردایەتی ئەو راپەڕینەی بە دژی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان بەرپاکردووە، وەکو کەسێکی فێڵبازو فریودەر نیشان دەدرێت. بەڵام ناتوانرێت ئەوە بشاردرێتەوە کە کەسێکی ئازاو لێهاتوو بووەو خەڵکێکی زۆری لە خۆی کۆکردۆتەوە. سەرئەنجامیش کۆرش بە خۆی و شەش کەسایەتی پارسەوە کە دیارە ئەم شەس کەسە پارسە سەرکردایەتی شەڕیان کردووە بە دژی گێئۆماتاو لایەنگرانی، سەرئەنجام توانیوویانە بەسەریدا سەربکەون. ئەگەر سەیر بکەین ئەوا دەبینین باسی ئەوە دکرێت کە کۆرش و لایەنگرانی لە کۆشکێکی خاکی میدیەکاندا توانیوویانە ئابڵوقەی گێئۆماتا بدەن و بەسەریدا زاڵ بن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم راپەڕینە راپەرینی مادەکان بووە بە دژی دەسەڵات و دەوڵەتی هەخامەنشیەکان. کەواتە هەر لەو قۆناغە زۆر زووەو لە دوای روخاندنی دەوڵەتی میدیا بە ماوەیەکی کەم، گەلی میدیا بێ دەنگییان شکاندووەو لە پێناوی گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەیاندا راپەڕینیان بەرپا کردووە. ئەمەش هەموو ئەو بۆچوون و لێکدانەوانە پوچ دەکاتەوە کە باسی ئەوە دەکەن مادەکان بە خواستی خۆیان کۆرشی- هەخامەنشیان- بە شا داناوە(٣٢)و دەسەڵات و دەوڵەتەکەی ئەویان بە دەوڵەتی پارس و ماد زانیووە. ئیقرار عەلی یێف بە پشتبەستن بە گێڕانەوەکانی هیرۆدۆت و کتسیاس و نووسراوی سەر بەردی بێستوون و گێڕانەوەکانی تر، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە راپەڕینی گیئۆماتا دەخاتە ڕوو کە نزیکە لە بۆچوونەکانی هیرۆدۆت و دیاکۆنۆف و ئەوانی تریش. لەم بارەیەوە دەڵێت: خودی

نووسراوی داریوش لە بێستوون شایەتیەکە بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوە دژە هەخامەنشیە بەربڵاوەکان...ئەم قسانە بە روونی دەربڕی ئەو یاخیبوونانەن کە پاش رۆیشتنی کەمبوجیە بەرەو میسر روویان دابوو. لەم کاتەدا کە خەباتێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو لە ئارادا بوو، موغێک بەناوی گۆماتە لە پیشیائووڤادا هەڵکەوتوو لە شوێنێکدا کە لەوێ چیایەک بەناوی ئەرەکەدریش بوو، راپەڕی...پادشان دوابەدوای ئەوە تەواوی خەڵک وەک زریان راپەڕین و پارس و مادو وڵاتانی دیکەی ژێر دەستی کەمبوجیە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەو واتە گۆماتە(٣٣). دیارە ئەمیش باسی ئەوە دەکات کە ئەم موغە خۆی وەکو بەردیای برای کەمبوجیە ناساندووەو گوایە ئەوەشی وەکو فێڵێک بەکارهێناوە بۆ ئەوەی خەڵک دوای بکەون. خۆناساندنی گئۆماتا چی وەکو مۆغێک بووبێت یان وەکو بەردیای کوڕی کۆرش گە بەپێی گێڕانەوەکان گوایە نەوەی ئاستیاگ بووە، هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کە خەڵک بە گشتی و میلەتی ماد بە تایبەتی لە دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان بێزاربوون. ئینجا دەشێ پارسەکان لە پێناوی دەسەڵاتێکی باشتر بۆ خۆیاندا دژی دەسەڵاتی کەمبوجیە بووبن، بەڵام دیارە خواستی مادەکان جیاواز بووەو لە گەوهەردا رەتکردنەوەی دەسەڵاتی پارسەکان بووە، کە ئەوان دەوڵەت و دەسەڵاتی ئەمانیان روخاندبوو، دەستیان بەسەر وڵاتەکەیاندا گرتبوو.

وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، گومانی تیدا نیە کە گئۆماتا موغێکی ماد بوو کە دەسەڵاتی لە کەمبوجیە وەرگرتەوە. هێرۆدۆت و کتسیاس و نووسراوی سەر بەردی بێستوون، پادشای خۆسەپینیان بە موغ زانیووە، ئەگەرچی وەها زانراوە کە موغەکان یەکێک لە هۆزە مادەکان و پەرەپێدەری باوەڕە ئایینیەکانی خەڵکی ماد بوون(٣٤). لە بۆچوونەکانی هێرۆدۆت و کتسیاسدا لایەنگیری ئاشکرا بۆ پارسە هەخامەنشیەکان دەبینرێت بۆیە ناکرێت بۆچوونەکانی ئەوان وەکو فاکت و بەڵگەی رەتنەکراوە وەربگیرێت. لە کاتێکدا ئەمان واتە پارسەکان دەوڵەتی میدیایان لەناوبردووەو خۆیان بەشێوەی داگیرکردن دەستیان بەسەر وڵاتی میدیادا گرتووەو پایتەختەکەیان گرتووەو تالانیان کردووە، بە خۆسەپین ناونابرێن، کەچی کاتێ گئۆماتای موغ بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی میلەتەکەی واتە میلەتی ماد راپەڕین بەرپا دەکات بە خۆسەپێن ناودەبرێت. هیرۆدۆت دەڵێت:

کودەتای گۆماتە- گئۆماتا- بە واتای لە دەستچوونی دەسەڵاتی پارسەکان و گواستنەوەی بۆ مادەکانە. بە وتەی ئەفلاتون کەمبوجیە فەرمانڕەوایی خۆی بە مادەکان دۆڕاند(٣٥).

سەرباری لایەنگیری لەبەرچاوی زۆرێک لە مێژوونووسانی ئەو قۆناغەو گێرانەوەکان بۆ کۆرش و پارسە هەخامەنشیەکان، بەڵام لە قسەکانی هێرۆدۆت و ئەفلاتوون و ئەوانی تریشدا، ئەوە بە ئاشکرا دەبینرێت کە بەگشتی پارس و ماد وەکو دوو پێکهاتەی جیاوازو ناکۆک سەیر دەکرێن و نەک وەک پێکهاتەی گەلی وڵاتێک لێیان نارِوانن، بەڵکو ناڕاستەوخۆش لە دەربڕین و بۆچوونەکانیاندا ئەوە دەبینرێت کە وەکو دوو پێکهاتەی نەیاری یەکتری سەیریان دەکەن و هەر لەو رووەوە راپەڕین و سەرکەوتنی گئۆماتا وەکو سەرکەوتنی مادو دۆڕاندنی پارس و گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ مادەکان سەیر دەکەن. کەواتە ئەوە راستیەکی نەشاراوەیە کە پارسە هەخامەنشیەکان وەکو داگیرکەر پەلاماری ئاکباتانیان داوەو داگیریان کردووەو دەستیان بەسەر وڵاتی میدیادا گرتووە. ئەوەش ئاشکرایە کە گەلی وڵات داگیرکراو هەرکات هەلی بۆ رێبکەوێت هەوڵدەدات وڵاتەکەی خۆی لە ژێر چنگی داگیرکەر بهێنێتە دەرەوەو رزگاری بکات.

هەندی بۆچوونی لەوجۆرە سەرهەڵدەدات کە جێگای لەسەر راوەستانە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر راپەرینی گئۆماتا راپەڕینی مادەکان بوو بە دژی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان، کەواتە بۆچی رووبەرێکی فراوانی پارس پشتگیرییان لەم راپەڕینە کرد؟ بێگومان بەپێی لێکدانەوەکان دوو هۆکار دەوریان لەوەدا بینیوە کە خەڵکی دەرەوەی مادیش لە پارسەکان و غەیری پارسەکانیش پشتگیری راپەڕینی گئۆماتایان کردبێت. هۆکاری یەکەم ئەوە بووە کە گئۆماتا بەناوی بارديای کوڕی دووەمی کۆرش و برای کەمبوجیەوە راپەڕینەکەی دەستپێکردووەو ئەوەش ئاشکرایە کە بەردیا لە سەرزەمینی پارسدا ناوبانگێکی زۆری هەبووەو ئەوەش وایکردووە کە رووبەرێکی فراوانی خەڵک پشتگیری راپەرینەکە بکەن بە تایبەتی لە نێو پارسەکاندا. هۆکاری دووەم ئەوە بووە کاتێ گیئۆماتای موغ راپەڕینی دەستپێکردو سەرکەوتنی بەدەستهێناو وەکو دەگوترێت گەڕایەوە بۆ سەرزەمینی مادو بەپێی گێڕانەوەی هێرۆدۆت دەستبەجێ پاش روخانی دەسەڵات رایگەیاندوە: ئێستاکە لەسەر

تەختـی پادشـایەتی دانیشـتووم(٣٦). هەڵبـەت مانـەوەی گیئۆماتـا لەسـەر تەختـی پادشـایەتی مـاوەی زۆری نەخایانـدووەو هەنـدێ باسـی حـەوت مانـگ و سـاڵێک و تەنانـەت نـۆزدە مانـگ دەکـەن. بێگومـان مـاوەی فەرمانڕەوایەتـی گئۆماتـا هەرچەنـد بووبێـت، ڕووداوێکـی گرنـگ بـوو بـۆ مـادەکان کـە ئـەوەی نیشـاندا ئـەوان بـە دەسـەڵاتی پارسـەکان ناڕازیـن و لەهـەر سـاتێکدا بۆیـان بلوێـت هەوڵـدەدەن دەوڵـەت و دەسـەڵاتی پێشـتری خۆیـان زینـدوو بکەنـەوە. هـەروەک پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ هـۆکاری پشـتگیری بەربـڵاوی پارسـەکان لـە ڕاپەڕینـی گئۆماتـا کـرد بەهـۆی خۆنیشـاندانیەوە لەبەرگـی بەردیـادا، هـەروەک هـۆکاری دووەم بـۆ پشـتگیری پارسـەکان و میلەتانی تریش لـە ڕاپەڕینی گئۆماتا پەیوەندی بە سیاسـەتی ئەوەوە هەبـوو لـە دوای سیاسـەتی توونـدو تیـژو خراپـی کەمبوجیـە. بەپێـی گێڕانـەوەی هیرۆدۆت گئۆماتا دوای دانیشتنی لەسـەر تەختی پادشـایەتی»کۆمەڵێک نێردروای بـۆ هەمـوو ناوچەکانـی ئیمپراتۆرێتـی پـارس بەڕێکـرد تاکـوو هەڵوەشـاندنەوەی خزمەتـی سـەربازی و دانـی بـاج بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ ڕابگەیەنـن(٣٧). بێگومـان بە گوێـرەی نـەک هـەر مـادەکان بەڵکو پارسـەکان و میلەتانـی تـری ژێـر سـایەی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرێتـی هەخامەنشـی، ئەمـە خاڵێکـی گرنـگ بـووە، چونکـە لـە مـاوەی نزیکـەی بیسـت و هەشـت سـاڵی پێشـتری فەرمانڕەوایەتیـدا، دەوڵەتـی هەخامەنشـی هـەر خەریکـی شـەڕو داگیرکـردن بـووەو لـە لایـەک بـەزۆر خەڵـک ڕاپێچـی جەنگـەکان کـراوە، لـە لایەکـی تریشـەوە بەهـۆی جەنگەکانـەوە دەوڵـەت باجـی زۆری لەسـەر خەڵـک دانـاوەو هەڵوەشـاندنەوەی بـاج و سـەربازی بـۆ ژیانـی خەڵـک چ خەڵکـی مـادو چ پـارس و ئەوانـی تـر بایەخێکـی زۆری هەبـووە. جارێکـی تـر هیـرۆدۆت لەبـارەی گئۆماتـاوە ئامـاژە دەکات: ئـەو- گئۆماتـا- چاکـەی زۆری لەگـەڵ ژێردەسـتەکان کـرد» و ئـەوەش بەرادەیـەک بەناوبانگـی کـرد کـە مردنـی ئـەو هەمـوو گەلانـی ئاسـیای داخـدار کـرد(٣٨).

هـەروەک بۆچوونـی لەوجـۆرەش هەیـە گئۆماتـا کـە سـەرەتا بـە نـاوی بەردیـای کـوڕی کۆرشـەوە دەسـتی دایـە ڕاپەڕیـن، کەسـێکی دیـاری مـاد بووبێـت و بـە هەڵـە یـان بـە مەبەسـت بـە مـوغ ناوبرابێـت و لـە ڕاسـتیدا مـوغ نەبووبێـت. ئەمـەش تـا ئاسـتێک ڕێـی تێدەچێـت چونکـە زۆرینـەی خانەدانەکانـی مـادو موغـەکان دەسـەڵاتی دەوڵەتـی مـاد بـە گشـتی و فەرمانڕەوایـی ئاسـتیاگیان بـەدڵ نەبـووە، چونکـە

دەوڵەتەکە بە گشتی لەسەر بنەمای بایەخدان بە زۆرینەی خەڵک کە جوتیارو شوان و بەرهەمهێن بوون، دامەزراوەو پشتگیری بەرژەوەندییەکانی ئەوانی زیاتر کردووە لە بەرژەوەندی خانەدان و چینی سەرەوەی پیاوانی ئایینی کە موغەکان بوون. هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراو ناوچەکانیش پێداگری لەسەر دەکەن کە خانەدانەکانی مادو موغەکان پشتگیری کۆرشیان کردووە بە دژی ئاستیاگ. لەسەر ئەم بنەمایە کەمتر رێی تیدەچێت کە موغێکی ماد لە دەرباری شای هەخامەنشیدا بیری لە راپەڕین دژی ئەو پادشایەتیە کردبێتەوە بە مەبەستی گێڕانەوەی دەسەڵاتی میدییەکان. زەکریا قادری زیاتر رووناکی دەخاتە سەر شوناسی میدیاییبوونی راپەڕینی گئۆماتاو دەڵێت: یەکێک لە بەڵگە باوەڕپێکراوەکان بۆ سەلماندنی مادیبوونی شۆڕشی گئۆماتا، بریتیە لە دوایین راسپاردەی کەمبوجیە بۆ زانایانی فارسی. لە کاتی گەڕانەوەی لە میسر، کەمبوجیە» پارسیەکان سوێند دەدات بەوەی کە چیدی رێگا نەدەن دەسەڵات و هەژموونی بۆ مادەکان بگەڕێتەوە، هەروەها دەڵێت ئەگەر مادەکان بەهێزی خۆیان دەسەڵاتیان گرتە دەست بەهێزی خۆتان لەسەر دەسەڵات لایانبەرن، یان ئەگەر بە فێڵ دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئێوەش بە فێڵ دەسەڵاتیان لێ بستێننەوە. هەروەها یەکێک لە هاوڕێکانی کەمبوجیە لەسەر ئەوەی کە پارسەکان لەژێر دەسەڵاتی موغێکی ماددا بن، شەرمەزاری خۆی دەردەبڕێت(٣٩).

بێگومان ئەگەر سەیری ئەم بۆچوونەی سەرەوە بکەین لەبەرامبەر ئەو بۆچوونەدا کە گوایە مادو پارس هەردووکیان ئێرانین و هاو کەلتوورو هاو سەرزەمینن و گوایە کۆرش پادشای هەردووکیان بووە بێ جیاوازی و مادەکانیش ئەوەیان پەسەند کردووە، ئەوا بەئاشکرا دەردەکەوێت کە ئەو قسەو بۆچوونانە هیچ راستیەکیان تیدا نیە. لە لایەک ئەمە راوبۆچوونی کەمبوجیەی پادشای دووەمی هەخامەنشیەکانە دوای نزیکەی بیست و هەشت ساڵ لە فەرمانڕەوایی کۆرشی باوکی و خۆی، لەبەرامبەردا راپەڕینێکی گەورە هەیە لە لایەن مادەکانەوە بە سەرۆکایەتی گئۆماتا کە توانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەلایەنی کەمەوە ماوەی حەوت مانگ بچێتە سەر تەختی پادشایەتی و دواتریش بە شەڕکردن و بە کوشتنی کۆتایی بە دەسەڵاتدارییەکەی هاتووە. کەواتە لێرەدا هیچ گومانێک لەوەدا نامێنێت کە پارسە هەخامەنشیەکان داگیرکەری

وڵاتی میدیاو روخێنەری دەوڵەتەکەیان بوون و مادەکانیش هەوڵیانداوە دەسەڵاتەکەیان زیندووبکەنەوەو پارسەکانیش بە هەموو ریگایەک ویستوویانە پاریزگاری لە دەسەڵاتی نوێی خۆیان بکەن و ریگا بە مادەکان نەدەن جاریکی تر دەسەڵات و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێننەوە.

## راپەرینی فراوەرتیش:

بەپێی ناوچەکان و گێرانەوەکان و تەنانەت بە پێی نووسراوی سەر بەردی بێستوونیش، لە دوای کوشتنی گئۆماتاوە لە لایەن داریش و شەش خانەدانەوە، نەک هەر لەسەر زەمینی میدیادا، بەڵکو لە زۆربەی قەڵەمرەوی ئیمپراتۆریتی هەخامەنشیدا، راپەرین بەرپاکراوە. بەڵام ئەوەی ئامانجی ئەم باسەی ئێمەیە رووناکی خستنە سەر ئەو راپەرین و کاردانەوانەیە کە گەلی ماد دوای روخانی دەوڵەتەکەیان لە لایەن کۆرشی هەخامەنشیەوە، بوویانە، ئەویش بە مەبەستی گێرانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی میدیا. یەکێکی تر لەو راپەرینانەی کە بە راپەرینی مادەکان ناسراوە، راپەرینی فراوەرتیشە. لەبارەی راپەرینی فراوەرتیشەوە لە سەر بەردی بێستوون نووسراوە: پیاوێکی ماد بە ناوی فراوەرتیش لە ماد راپەری. ئەو بە خەڵکی گووت: من لە بەرەبابی هووەخشتەرەم. پاشان خەڵکی مادی نیشتەجێ یاخیبوون و بەرەو ئەو فراوەرتیسە رۆیشتن. ئەو لە ماد بوو بە پادشا(٤٠). ئەمە نووسراوی سەربەردی بێستوونە کە سەردەمی داریوش و بە فەرمانی ئەو نووسراوە. کەواتە ئاستی راپەرینی فراوەرتیش بە شێوەو ئەندازەیەک بووە کە داریوش نەک هەر نەیتوانووە باسی نەکات، بەڵکو دانی بەوەشدا ناوە کە خەڵکی ماد دوای ئەم کەسە کەوتوون و کە توانیویتی لە سەر زەمینی ماد پادشایەتی خۆی رابگەیەنێت کە ئەوەش لە گەوهەردا مانای زیندوکردنەوەی دەسەڵاتی میدیایە.

هەر لە بارەی راپەرینی فراوەتیشەوە لە مێژووی هەخامەنشیەکاندا هاتووە: دوو کەس لە نەوەکانی کیاکسار- هووەخشتەرە-ی مەزن و دامەزرێنەری ئیمپراتۆریتی ماد، داوای تەختی دەسەڵاتیان دەکرد. بزووتنەوەی ماد بە سەرکردایەتی فرەوەرتیش رەنگە لە هەمووان شێلگیرانەتر بووبێ(٤١). هەروەها دیاکۆنۆف دەڵێت: فراوەرتیشی میدیایی سەرکردایەتی یەکێک لە راپەرینەکانی

دەکرد، کە خۆی وەکو خشاشریتی دووەم لە بنەماڵەی کیاکسار ناساندبوو. دانیشتوانی میدیاو هەروەها پارسیانی و گیرکانییەکان دایانە پاڵی. دانیشتوانی ئەرمینیاش کە پێشتر دەستیان بە راپەڕین کردبوو پشتیوانیان لێکرد(٤٢).

ئاشکرایە دوای لەناوبردنی گئۆماتا لە لایەن داریوش و خانەدانە پارسەکانی دەوروپشتیەوە، راپەڕەینەکان بە دژی دەسەڵاتی مەخامەنشی کۆتاییان نەهات. ئەوەش وەکو ئاماژەمان بۆ کرد دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو. یەکەمیان سیاسەتی خراپی دەوڵەت بەرامبەر بە خەڵک بە شێوەیەکی گشتی و دانانی باجی زۆر لە سەریان و یاسای زۆرەملێی سەربازی و راپێچکردنی خەڵک بۆ شەڕی بەردەوامی دەوڵەت بۆ داگیرکردنی ولاتانی تر. دووەم خواست و ویستی ئەو میلەتانەی تر کە هەخامەنشیەکانی ولاتەکانیانی داگیرکردبوو، دەسەڵاتەکانیان لەناوبردبوو، بۆ رزگارکردنی ولاتەکانیان و زیندووکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان. لە پێشەنگی ئەو میلەتانەی کە هەوڵی زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیانیان داوەو بۆ ئەو مەبەستەس دژی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان راپەڕینیان بەرپاکردووە، مادەکان یان گەلی میدیا بووە. لەم بارەیەوە یۆنگ دەڵێت: بەهێزترین شۆڕش، شۆڕشی فرەوەرتیش بووە لە بنەماڵەی دیاکۆ، کە هەوڵی زیندووکردنەوەی پادشایەتی مادی داوە. ئەو ویستوویەتی دەوڵەتی ماد سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە(٤٣). بێگومان ئەوە شتێکی سرووشتیەو لە مێژووی زۆربەی ئەو میلەتاندا کە ولات و دەسەڵاتیان لە لایەن هەر جۆرە داگیەکەرێکی ترەوە داگیر کرابێت، کاردانەوەیان نواندووەو هەرکاتێک بۆیان رەخسابێت بە دژی داگیرکەری ولات و دەسەڵاتی ئەو داگیرکەرە راپەڕیوون و هەوڵی رزگاربوون و ژیاندنەوەی دەسەڵات و سەروەری خۆیانیان داوە. لەم رووەشەوە میدیەکان ناشێت بەرامبەر بە روخاندنی دەوڵەتی تەمەن سەدەونیویان بیدەنگ بووبن. بۆیە ئەوەی چاوەڕوانکراو بووە، هەر ئەوەیە کە لە راپەڕینی بەردەوامدا بووبن دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی پارسی هەخامەنشی.

بەپێی گێڕانەوەی ناوچەکان بە تایبەتی دیاکۆنۆف و هێرۆدۆت و ئیقرار عەلی یێف و مێژووی هەخامەنشیەکان، راپەڕینی فرەوەرتیش بە ماوەیەکی کورت و لە هەمان ئەو ناوچەیەوە دەستیپێکرد کە راپەڕینی گئۆماتای تیادا سەرکوتکراو خۆی و هاوکارە نزیکەکانی تێدا کوژران. لەم بارەیەوە ئیقرار عەلی یێف دەڵێت:

ڕاپەڕینی فرەوەرتیش هەر لەو ناوچەیە ڕوویدا کە قەڵای سیکایائۆڤاتیش-شوێنی کوژرانی گۆماتەی موغ- تێیدا هەڵکەوتبوو. ڕەنگە بەهۆی تۆڵەخوازی و گوشارهێنان بۆ سەر پارسییەکانی داگیرکەری دەسەڵات بووبێت. هەر چۆنێک بێت، یەکەم تێکهەڵچوونی نێوان لەشکری مادی- پارسی...لە ١٢ی ژانویەی ساڵی ٥٢١ی پێش زایین، لە دەوروبەری شاری ماروش، لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونی باسکراوی موغ ڕوویدا(٤٤). بەپێی گێڕانەوەکان ئەنجامی شەڕەکان لە بەرژەوەندی سوپای هەخامەنشیەکان نەبوو. بۆیە سەرئەنجام داریوش خۆی بەشداری شەڕی دژ بە ڕاپەڕینی فرەوەرتیشی کرد. لەم بارەوە هاتووە: داریوش یەکێک لە حەوت سەرکردەکانی کە هیدرانێس بوو، بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمن گاڵی دا بەرەو گەلی و ملەو بازگەکانی زاکرۆس. هەروەها ئەو سەرکردانەی دەکرا بڕوایان پێ بکات، بە مەبەستی سەرکووتی ڕاپەڕینەکانی ئەرمەنستان و پاشان بۆ پارسی بەڕێکردن. بۆ خۆی بوو بە سەرکردەی هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر ماد لە باکوور لە ڕاگا (ڕێگا- ڕەی) هەتا ئەرمەنستانی دەگرتەوە. لە چلەی هاوینی ٥٢١ی پێش زاییندا، دە مانگ کەمتر لە دوای کودەتاوە، گەلێک شەڕو تێکهەڵچوونی قورس و گران لە باکووری ڕۆژهەڵات قەومان و هیوای ژیانەوەی ئیمپراتۆریی ماد کۆتایی پێهات(٤٥).کاتێ سوپای پارس نەیتوانی لە قۆناغی یەکەمدا بەسەر ڕاپەڕینی فرەوەرتیشدا زاڵ بێت، داریوش خۆی سەرکردایەتی شەڕی کرد دژ بە ڕاپەڕیوانی ماد. لەبارەی ئەم شەڕەوە عەلی ییێف دەڵێت: لە ئاکامدا خودی داریۆش بە سوپایەکی پێکهاتوو لە پارسییەکان دژ بە خەڵکی ڕاپەڕیوی ماد چووە نێو شەڕەوە. شەڕی چارەنووسسازی نێوان سوپای پارس و سوپای جەماوەریی ماد لە ڕۆژی ٧ی مەی ٥٢١ی پێش زایین، لە دەوروبەری شاری کوندوروس لە ماد ڕوویدا. فرەوەرتیش تووشی شکست بوو، لەگەڵ هەڤاڵانی خۆی بەرەو شاری مادیی «ڕێگا» هەڵات، بەڵام بە زوویی دەستبەسەر کراو بردیان بۆ هەگمەتانە، لەوێ بە توندی ئەشکەنجە درا(٤٦).

هەڵبەت ئەوەش ئاشکرایە لە ڕووی کاتەوە ڕاپەڕینی فرەوەرتیش ماوەیەکی کورت دوای کوشتنی گئۆماتاو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی لە لایەن هەخامەنشیەکانەوە، سەریهەڵدا. هەروەها لە ڕووی ئامانجەوە ڕاپەڕینی فرەوەرتیش، هەمان ئامانجەکانی ڕاپەڕینی گئۆماتای هەبوو، کە لە ئاستی

یەکەمدا بریتی بوو لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان لە سەر خاکی میدیاو زیندووکردنەوەی دەسەڵات و دەوڵەتی میدیا. دیاکۆنۆف دەڵێت: وەکو دەردەکەوێت راپەڕیووەکان گاوماتاشیان تێپەڕاند، چونکە راپەڕینەکە تایبەتمەندی جوڵانەوەیەکی نیشتیمانی هەبوو. نووسراوەکانی داریوشی یەکەم لەسەر بەردەکەی بێستوون جەخت لەوە دەکەنەوە کە» هێزی- گەلی میدیا کە لە کۆمەڵەکانی خۆیاندا دەژیان»پشتیوانی فرەوەتیشیان کرد(٤٧). لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە راپەڕینی فراوەرتیش وەکو درێژکراوەی راپەرینی گئۆماتا وابووە، چونکە لە هەردووکیاندا جەماوەری خەڵک هێزی راپەڕینەکە بوون. واتە ئەو جەماوەرەی خەڵک کە دەوڵەتی میدیا پشتگیری لەبەرژەوەندییەکانی ئەوان کردووەو ئەو جەماوەرەش بریتی بوون لە جوتیاران و وەرزێرو پاڵڵو رەنجدەران، نەک خانەدانەکان و زۆرینەی موغەکان کە بەرژەوەندییەکانیان لە سەردەمی دەوڵەتی میدیادا لێی درابوو. ئەوانیش لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا پشتیان لە دەوڵەتی میدیاو بە تایبەتی دوا پادشای ئەو دەوڵەتە ئاستیاگ کردو بە سەرۆکایەتی ئارپاکی ناپاک پشتگیری کۆرشی هەخامەنشیان کرد.

هەروەک لە نووسینەکەی سەربەردی بێستووندا هاتووە راپەڕینی فراوەرتیش تایبەتمەندی نیشتیمانی هەبوو. دیارە مەبەست لە تایبەتمەندی نیشتیمانی خواست و ویستی زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی میدیا بووە. بەڵام ئەوەی کە داریۆشی هەخامەنشی هەوڵی بۆ دەدا، هەم سەرکوتکردنی راپەڕینەکان بوو، هەم لە ناوبردنی سەرکردەکانی ئەو راپەڕینانە بوو، بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک رێگا لە زیندووکردنەوەی دەوڵەتی میدیا بگرێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێشتر داریۆش بە شێوەیەکی دڕندانە خۆی و شەش خانەدانی پارسی، گئۆماتاو هاوڕێکانیان کوشت. سەبارەت بە رەفتارکردنیشی لەگەڵ فراوەتیشدا، داریۆش لە نووسراوەکەی سەر بەردی بێستووندا بەمجۆرە باس دەکات: فراوەرتیش دیل کراو هێنرایە لای من، لوت و گوێ و زمانیم بڕی و چاوەکانیم هەڵکۆڵی. بە دەستپێوەندکراوی هێنایانە کۆشکەکەمەوە. تەواوی هێز- گەل شایەتی ئەم دیمەنە بوون. پاشان فەرمانم دا، خۆی و هاوەڵە هەرە نزیکەکانی لە ئێکباتانا لە خاچ بدەن، لە ئێکباتانا لە نێو قەڵاکە لە خاچم دا(٤٨). بێگومان ئەگەر بە پێوانەی هەر

سەردەمێک لە روانگەی مرۆڤایەتیەوە سەیری ئەم نووسراوەی سەر بەردی بێستوون بکرێت، کە قسەی داریۆشی پادشای پارسە هەخامەنشیەکانە، دەردەکەوێت بە تەواوی قسەیەکی نا مرۆڤانەیەو دەربڕینێکی دڕندانەیەو دەرخەری سیاسەتی پادشایەکی ملهوڕو دەوڵەتێکی خوێنڕێژە. ئەمەش راستە بە جۆرێک گوزارشتکردنی هەموو دەسەڵات و دەسەڵاتخوازێکە، بەڵام لە لایەکی تریشەوە رووناکی دەخاتە سەر ماهیەتی دڕندانەی کۆرش و دەسەڵاتی هەخامەنشیە پارسەکان و شارستانێتیەکەشیان دەخاتە بەردەم پرسیارو گومانەوە کە تا چ ئاستێک نامرۆڤانەو کێوییانە بووە.

لە دوای سەرکوتکردن و لەناوبردنی راپەرینەکەی فراوەرتیش و هەڵواسینی خۆیی و هاوەڵەکانی، داریۆش بە تەواوی دەسەڵاتی خۆیی بەسەر میدیادا سەپاند، هەرچەندە دەشێ لە هەندێ شوێنی میدیا نارەزایی خەڵک دەرکەوتبێت، بەڵام نەبووەتە هۆی سەرهەڵدانی راپەرینی دیاری وەکو پێشتر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەلی میدیا بە تایبەتی خەڵک بێدەنگ نەبوون. بەڵام هەڵوێستی خانەدان و موغەکان کە خۆیان هاوپەیمانی هەخامەنشیەکان بوون جۆرێکی تر بووە. لە کاتێکدا زۆرێک لە خانەدان و موغەکان خۆیان ملکەچی و ناپاکییان هەڵیژاردووە، زۆرینەی خەڵک ئەگەر بێدەنگیش بووبن، ئەوە بە ناچاری ملیان بۆ دەسەڵاتی پارسەکان داوە. تەنانەت لە گێڕانەوەکاندا باسی ئەوە دەکرێت کە مادەکان بوونەتە باشترین و لێهاتووترین بەشی سوپای دەوڵەتی هەخامەنشی. لەم رووەوە دیاکۆنۆف دەڵێت: لە کاتی فەرمانڕەوایی خشایار شادا میدییەکان لە باشترین جەنگاوەرەکانی ئیمپراتۆرێتی هەخامەنشییەکان بوون(٤٩). بێگومان لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا دەشێ جۆرێک لە راهاتنی خەڵکی خوارەوەی میدیا کە میدیاناسان بە خەڵکە ئازادەکەی میدیا ناویان دەبەن، لەگەڵ ئەو بارودۆخەو دەسەڵاتی پارسەکاندا دروست بووبێت. رەنگە ئەوەش کاریگەری ئاشکرای لەسەر درووستبوونی هەست بە ئێرانیکردنی میدییەکان و نەوەی میدییەکانیش هەبووبێت کە زۆرێک لە کوردی ئێستا خۆیان بە نەوەی ئەوان واتە میدیەکان دەزانن و تەنانەت خۆ بە هاوکەلتوور زانینی رووبەرێکی فراوانی کورد لەگەڵ فارسدا دەشێ لەو تێکەڵاوبوونەو لەو هەستی خخخۆ بە ئێرانی زانینەوە ناوچەی گرتبێت.

بێگومـان بـە پێـی گێڕانـەوەکان ئـەو خانەدانـە میدییانـەی کـە دژی دەوڵەتـی میدیاو ئاسـتیاگ پشـتگیری کۆرشـیان کردو سـەرەتا لـە لایـەن کۆرشـەوە پێگـەو جێگەیـان پێدرابـوو، لەگـەڵ ڕۆیشـتنی کات و کەمبوونـەوەی مەترسـی مـادەکان، وردە وردە پێگەکانیـان لـە دەسـت دا.. لـە کۆتایـی سـەدەی پێنجـەم و سـەرەتای سـەدەی چوارەمـی پێـش زاییـندا، خانەدانـە میدییـەکان زۆر بـە کەمـی پۆسـتە باڵاکانی ئیمپراتۆرێتی هاخامەنشیەکانیان بە دەستەوە بوو. وەکو دەردەکەوێت بەشـێک لـە خانەدانـە میدییـەکان لـە نێـو پارسـەکاندا توانـەوەو بەشـێکی تریـان ئـاوارەو دەربـەدەر کـران. سـەبارەت بـە خەڵـک و دانیشـتوانی میدیـا بـۆ ئـەوان بوونـی ئیمپراتۆرێتی هەخامەنشـییەکان تەنیا بارگرانی بـوو. تەنانـەت ئـەو بەشـە تاڵانییـەی کـە هەخامەنشـییەکان لـە بـری شـەڕکردن دەیانـدا بـە میدییـەکان، ئەوانیش بڕان(٥٠). کەواتـە ئێسـتا بـە ئاشکرا دیـارە کـە پـاش نزیکـەی پێنـج دەیـە لـە رووخانـی دەوڵەتـی میدیـا، هەخامەنشـیەکان توانیـان بـە تـەواوی میدییـەکان سـەرکوت بکـەن و بێدەنگیـان بکـەن و ناچارییـان بکـەن کـە بـەوە رازیبـن لـە سایەی فەرمانڕەوایی ئەواندا بن و تەنانـەت ببنە چالاکترین بەشی سـوپای ئـەو دەوڵەتـەی کـە دەوڵەتەکـەی ئەمانـی روخانـدو دەسـتی بەسـەر وڵاتەکایاندا گرت.

لـە دوای شکسـتپێهێنانی راپەرینی مـادەکان بـە رابەرایەتـی فراوەرتیش لە سـاڵی ٥٢١ی پێش زاییندا، هەتـا روخاندنی دەسـەڵاتی هاخامەنشـییەکان لـە سـاڵی ٣٣٠ی پێش زاییندا، جوڵانەوەیەکـی دیـاری ئەوتـۆ لـە سـنووری میدیـادا تۆمـار نەکـراوە کـە قورسـیەکی ئەوتـۆی هەبووبێـت سـایانی بـاس بێـت بووبیـت و مەترسـی بۆسـەر دەسـەڵاتی هەخامەنشـیەکان هەبووبێت. بە پێچەوانەوە پارسـە هەخامەنشـیەکان بە تەواوی دەسـەڵاتیان بەسـەر میدیادا کردووەو ئەو شوێن و پێگانەشی کە لەسـەردەمی کۆرشـدا بـە خانەدانـە میدییـەکان درابـوو، وردە وردە لێیـان وەرگیرایـەوەو بەتـەوای خرانـە دەرەوی بازنـەی دەسـەڵاتی دەوڵـەت. بـەڵام مادەکان وەکو هێزی شـەڕکەری دەوڵەتـی هەخامەنشـی خزمەتیـان کـردووە، کـە دەوڵەتـی پارس بـوو، بەڵام بە ئێرانی ناودەبرا، ئەویش بە مەبەسـتی ئـەوەی کە واینیشـان بدەن گوایە ئـەو دەوڵەتە تەنیا دەوڵەتـی پارسـەکان نیـە، بەڵکـو هەمـوو ئـەو گەلانـەی کـە بـە ئاریـای یـان ئێرانـی ناودەبـران لەخۆدەگرێت. بـەڵام لـە راسـتیدا دەوڵەتەکـە دەوڵەتـی پارسـەکان بـووەو میدییـەکان و ئەوانـی تریـش داگیرکـراو و ژێردەسـتەی ئـەو دەوڵەتـە بـوون.

وەکو گوتمان لەو ماوە دووروودرێژەدا کە نزیکەی دوو سەدە دەکات، مادەکان لە سایەی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکاندا ماونەتەوەو ملکەچی ئەو دەسەڵاتە بوون. دیارە مانەوەی دووروودرێژی بەوشێوەیە جۆرێک لە راهاتنی لای مادەکان دروستکردووەو دەشێ ئەوەش بووبێتە زەمینە خۆشکەر بۆ فەراهەمکردنی هەلومەرجی خۆ بە ئێرانی زانینی رووبەرێکی فراوان لە مادەکان و تەنانەت هەندێجار بگاتە ئەوەی کە پێکەوە بە پارس و میدیەکان و ئەوانی تریش بگوترێت گەلی ئێران. ئەمەش دەوری هەبووە لە دروستکردنی هەستی ئێرانیبوون لای میدییەکان و هەروەها سەرهەڵدانی چەمکی هاوکەلتووری و هاوبەرژەوەندی و تەنانەت هاونەژادیش لەو سەردەمەو دواتریش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ مانەوەی دووروودریژی میدیەکان لەژێر سایەی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکاندا.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە دوای شکستی راپەڕینەکانی گئۆماتاو فراوەرتیش، هەتا روخاندنی دەوڵەتی هەخامەنشییەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی داریوشی سێیەمدا ساڵی ۳۳۰ لە لایەن ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە، میدیەکان ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان نەبووەو ناوچە میژووییەکان و گێڕانەوەکان بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەداون. تەنیا شتێک کە ناوی مادی تێدا هاتبێت ئەوەیە کە کە لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی هەخامەنشیەکاندا یەکێک لە ستراپەکان- هەرێمەکان- کە میر هەرێمیان هەبووە ستراپ یان هەرێمی ماد بووە. بەڵام لە هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا. جارێکی تر ناوی میدیا دێتەوە پێشەوە، ئەویش لە ژێرناوی میدیای ئەترۆپاتیندا. کەواتە با بزانین میدیای ئەترۆپاتین چیە و دەسەڵاتەکەی چۆن بووەو ئایا دەشێت وەکو ژیانەوە یان درووستبوونەوەی دەسەڵاتی میدییەکان لێی بڕوانرێت؟ ئایا جوگرافیای میدیای ئەترۆپاتین کوێ بووەو ئاستی دەسەڵاتەکەی چەند بووەو کەی دەرکەوتووەو تا کەی بەردەوام بووەو بۆچی پێی گوتراوە میدیای ئەترۆپاتین؟

لە بارەی میدیای ئەترۆپاتینەوە، قادری دەڵێت: ئەو ناوچە جوگرافییەی کە ئەمڕۆکە بە ئازەربایجان ناسراوە، نووسەرانی رۆم و یۆنان لە سەردەمی کۆندا بە مادی بچووک ناویان بردووە. تەنیا لەسەردەمی ئەسکەندەر بە دواوە، بەهۆی ئەوەی کە ناوی سەرپەرشتیاری ئەو شوێنە –ئەترۆپاتکەن- یان

ئاترۆپاتن بوو، بە ماد ئاترۆپاتن گۆڕدراوە- پیرنیا-(٥١). لە دوای تێکشکاندنی داریوشی سێیەم لە لایەن ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە.. تەواوی ڕۆژئاوای ئاسیا ناڕاستەوخۆ چووە ژێر دەسەڵاتی ئەسکەندەرەوە. لە دوای ئەو دیسان وەکوو ناوچەکانی تری یۆنانی- مەکدۆنی کە لەسەر وێرانەی وڵاتی ئەسکەندەر پەیدا بووبوون، خۆیان گرت. زۆر کەم وڵات توانیان بەرەو قۆناغی زیاتری پێشکەوتنی کۆمەڵگای کۆیلەگەری بڕۆن، لە کاتێکدا بندەستی بێگانە نەبووبن. یەکێک لەو ناوچانە میدیای ڕۆژئاوا بوو کە لەو ساتە پڕ لە قەیرانەدا بە سەرکردایەتی کەسایەتی دیاری مێژوویی وەکوو ئەترۆپات بەڕێوەبرا(٥٢). هەر لەم بارەیەوە هاتووە: گەلی ماد دوو بەشە، یەکەمیان مادی گەورە کە پایتەختەکەیان ئەکباتان- هەمەدان- بووە، شارێکی گەورەی خۆشە. پادشاکانی مادی کۆن کۆشک وتەلاری چاکیان تێدا کردووە...بەشەکەی تری ماد ئەترۆپاتینە، لە ستراپ ئەترۆپاتس وەرگیراوە، بەڵام ئەم بەشە بچووکە. هەمیشە بە بەشێ لە مادی گەورە ژمێردراوە. مادی بچووک نەیهێشتووە لەشکری مەکدۆنی دەسەڵات پەیدا بکات بەسەریانا. بەرامبەر ئەم ئیشە گەورەیە، ئەترۆپاتس ناو، پادشایەتی ئەوێی وەرگرت و خۆی جیاکردەوەو خانەدانی ئەترۆپاتس هەتا ئەم دەمە لەوێ دانیشتوون، ساڵ بە ساڵ پتر بوون، چونکە یەکێتی و برایەتیان لەگەڵ شازادەکانی ئەرمەنی و ئاشووردا پەیدا کردووە(٥٣). بەڵام دیاکۆنۆف دەڵێت: لە ڕاستیدا ئاترۆپات نەچووەتە پاڵ ئەسکەندەر، لێ دەبێت ئەوەش بڵێین کە هاوکاری داریۆشیشی نەکردووە، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە ئیکباتانا خۆی قایم نەکرد. هەروەها کادۆسیەکانی هاوپەیمانی ئاترۆپات نەچوونە ریزی داریۆشەوە. ئۆکسۆدات- ساتراپی میدیا- جێی چاوەڕوانیەکانی ئەسکەندەر نەبوو، لەبەر ئەوە نەختێ دواترو لە کاتی لەشکرکێشی بۆ سەر ئاسیای ناوەڕاست، واتە لە ساڵی ٣٢٨ی پێش زایینداا، ئەسکەندەر ئەوی دوورخستەوەو لە جێگەی ئەو ئاترۆپاتی کردە ساتراپی میدیا(٥٤). بەم شێوەیە ئاترۆپات لە دەسەڵاتدا مایەوەو دیارە بۆ پاراستنی دەسەڵات و پێگەکەی دڵسۆزی بۆ ئەسکەندەر نیشان داوەو هاوکاری بووە.

ئەترۆپاتین کە بە ئەترۆپاتینی میدیا ناسراوە، دەسەڵاتێکی پادشایەتی ئێرانی بووە لە ساڵی ٣٢٣ی پێش زایین لە لایەن ستراپی ئەترۆپاتەوە دامەزراوە.

ئەم پادشایەتیە کەوتبووە باکووری ئێرانی ئەمڕۆوە، کە لە لایەن نەوەکانی ئەترۆپاتسەوە فەرمانڕەوایی کراوە هەتا سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینی بەردەوام بوون. ئاشکرایە کە ساڵی ٣٣١ی پێش زاییندا، جەنگی نێوان داریۆشی سێیەمی پادشای هەخامەنشییەکان و ئەسکەندەری گەورە روویداوە. لەو جەنگەدا میدیاییەکان و ساکاسینەکان و ئەلبانەکان لە ریزی سوپای ئاترۆپاتیسدا شان بە شانی هەخامەنشیەکان دژی سوپای یۆنان بە سەرۆکایەتی ئەسکەندەر جەنگاون. بێگومان ئەوە زانراوە کە سوپای ئەسکەندەر لەم جەنگەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو دەوڵەتی هەخامەنشییەکانی رووخاندووە. ئاترۆپاتیس دوای ئەوەی کە زانیوویەتی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان کۆتاییهاتووە، نەیوویستووە چارەنووسی خۆی بەوانەوە ببەستێتەوە، بەڵکو هەوڵیداوە دەسەڵاتی خۆی کە پێشتر ستراپ یان میرهەرێمی میدیای بچووک بووە بپارێزێت. بۆ ئەو مەبەستەش کاریکردووە بۆ ئەوەی لە ئەسکەندەر نزیکبێتەوە. دیارە لەو رووەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو لایەنگیری و دڵسۆزی خۆیی بۆ ئەو نیشانداوە. لە بەرامبەر ئەوەدا لە نێوان ساڵانی ٣٢٨ و ٣٢٧ی پێش زاییندا، ئەسکەندەری گەورە ئاترۆپاتیسی کردۆتە فەرمانڕەوای میدیا. بەڵام دیارە چەند ساڵێک دوای ئەوەو بە دیاریکراوی دوای مردنی ئەسکەندەر لە ساڵی ٣٢٣ی پێش زاییندا، ساتراپی میدیا کە ئاترۆپاتیس سەرۆکی بوو، دابەشکرا بۆ دوو بەش، بەشی خواروو یا گەورە کە بە میدیای گەورە ناوبراوەو بەشی سەروو یان بچووک کە بە میدیای بچووک ناوبراو ئاترۆپاتیس بوو بە فەرمانڕەوای یان میرهەرێمی کە پێشتر میرهەرێمی هەموو میدیا بوو. ئاترۆپاتیس لە هەمان ساڵدا میدیای بچووک یان میدیای ئاترۆپینی کرد بە پادشایەتیەکی سەربەخۆو لە پاش خۆی کوڕو نەوەکانی بۆ ماوەی دوورودرێژ فەرمانڕەوایی میدیای بچووکیان کرد. ئیقرار عەلی یێف دەڵێت: مادەکان بە دوو بەشی سەربەخۆ دابەش دەبن. بەشێکی بریتیە لە مادی گەورەو بەشی دیکەشی بە مادی ئەترۆپاتکان ناسراوە، کە ئەم ناوەی لە سەرۆکی خۆی ئەترۆپات ناوچەی گرتووە(٥٥). هەندێجار باسی ئەوە دەکرێت کە ئاترۆپات لە پاڵ میدیای بچووکدا، میرهەرێمی میدیای گەورەش بووبێت، بەڵام دیاکۆنۆف ئەمە رەتدەکاتەوەو ئەو باسی ئەوە دەکات کە لە نێوان ساڵانی ٣٢٨ بۆ ٣٢٥ ی پێش زاین، کاتی ئەسکەندەر لە رۆژهەڵات بوو، دوور بوو، هەندێک

لـە میـر هەرێمـەکان بـە ئـارەزووی خۆیـان رەفتاریـان کردبـوو، لەگـەڵ سـوپای یۆنانیدا ستەمی زۆریان لـە خەڵکەکـە کردبـوو. کاتـێ ئەسکەندەر گەڕایـەوە ئـەو میرهەرێمانـەی بەوجۆرە کاروبارەکانیان بەڕێوەبردبوو، هەموویانی لە سێدارەدا. میدیـای گـەورەش یەکێـک لـەو هەرێمانـە بـوو کـە خـراپ بەڕێوەبرابـوو، سـتەم لـە خەڵکەکـەی کرابـوو، بـەڵام ئاترۆپاتـن بـەر ئـەو سـزایە نەکـەوت. لـەم رووەوە دیاکۆنۆف دەڵێت: ئەگـەر ئاترۆپاتـن بـە ئەندازەیـەک بەرپرسـیار بووایـە لـەوەی لـە میدیا روویدا، ئـەوا ئەسکەندەر نەیدەگرتـە خۆی و سـزای دەدا. بـەڵام لەبەرئەوەی بەرپرسـیار نەبـوو، مانـای وایـە ئیکباتانـا بەدەسـت ئاترۆپاتـەوە نەبـووە. میدیـای خواروو بەتـەواوی لـە لایـەن یەکـە سـەربازییەکانی مەقدۆنیـاوە بەڕێوەدەبـرا(٥٦). ئاشـکرایە کـە میدیـای بچـووک لـە سـەردەمی ئاترۆپاتیـن توانیوویەتـی بەجۆرێـک سیاسـەت بکات کە جێگای خۆی بکاتـەوەو نـە لـە سـەردەمی هەخامەنشییەکاندا و نـە لەسـەردەمی ئەسکەندەرو دوای ئەویشـدا نەکەوتووەتـە بـەر هێرشـی ئەمـلاو ئـەولاو تەنانـەت بـەر ئـەو دابەشـکردنانەش نەکەوتـووە کـە لـە سـەردەمی هـەر پادشـاو فەرمانڕەوایەکدا بەسـەر ساتراپەکدا هاتـووە، واتـە میدیـای بچـووک خـۆی پاراسـتووە.. دەتوانیـن لـەو کاتـەدا ئـەم ساتراپنشـینە بـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ دابنێیـن(٥٧). هـەر لـە بـارەی میدیـای بچووکـەوە سـترابۆ دەڵێـت: میدیا ئەترۆپاتین ناوەکـەی لـە ئەترۆپاتـەوە هاتـووە، لـە نـاوی ئـەو سـەرۆکەی کـە وڵاتەکـەی لـەوە پاراسـت بکەوێتـە ژێـر دەسـتی مەسـەدۆنیەکانەوە. ئەترۆپـات کـە کـرا بـە پاشـای ئـەم وڵاتـە- میدیـای بچـووک- سـەربەخۆیی وڵاتەکـەی چەسـپاند(٥٨)===

ئایا میدیـای بچـووک یـان میدیا ئەترۆپاتیـن کەوتووەتـە کوێـوەو سـنوورەکانی بـە کام ناوچـەو وڵاتانـەوە بـووەو ئەمـڕۆ ئـەو جوگرافیایـە کوێیـە یـان یـان کێـی لـێ نیشـتەجێیە؟ لـەم بارەیـەوە هاتـووە: خاکـی ئەترۆپاتیـن لـە رووی جوگرافیـاوە لـە لای خۆرئـاواوە لـکاوە بـە ئەرمەنسـتان و مانییـاوە، لـە خۆرهەڵاتـەوە بـە مـادی گـەورەوەو لای باکـوورەوە ئـەم خاکـە ئەگاتـە لێـواری دەریـای خـەزەر. خاکی بە ناوبانگی سپیانا کەوتووەتە بەروپشتی ئەم خاکەوە(٥٨).. ئـەو ناوچـە جوگرافییـەی کـە ئەمڕۆکـە بـە ئازەربایجـان ناسـراوە، نووسـەرانی رۆم و یۆنـان لـە سـەردەمی کۆنـدا بـە مـادی بچـووک ناویـان بـردووە(٥٩). هەروەهـا لەبـارەی جوگرافیـای میدیـای ئاترۆپاتیـن یـان میدیـای بجووکـەوە، دیاکۆنـۆف دەڵێـت: بەشـی

باکووری لە رووباری ئاراسەوە درێژ دەبێتەوە تا چیای ئەلوەند، ناوچەی دەریاچەی ورمێ کە ئێستا پێی دەڵێن رەزائییە، لە باشووریشەوە، رووباری ژێگیتۆو رووبارەکانی تر پێکەوە دەڕژێنە ئەو دەریاچەوە، هەروەها دەوروبەری رووباری کیزل ئۆزین- سێفیدرود- چیای ئێلبورز کەرت دەکات و لە نزیک شاری رەشت دەڕژێتە دەریای کاسپییەوە. ئەم بەشە ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستانی ئێران دەگرێتەوە، ئەو زنجیرە چیایەی کە لە باکوورەوە بۆ باشوور یاخود لە باکووری رۆژئاواوە بۆ باشووری رۆژهەڵات درێژدەبێتەوە هەمووی گرتۆتەوە. بەشی رۆژئاوای میدیای ئاترۆپاتین بە فراوانی دوو سەد کیلۆمەتر زنجیرە چیاکانی زاکرۆسی گرتۆتەو(٦٠). هەروەها سی. ئی. کرۆل دەڵێت: میدیای ئاترۆپاتن بەشی باکووری میدیای گەورە بوو. لە باکوورەوە رووباری ئاراس لە ئەرمینیای جیادەکردەوە. لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ زنجیرە چیاکاندا بە دریژایی دەریای کاسپیان- خەزەر- دەکشا. لە رۆژئاواوە تا دەریاچەی ورمیەو چیاکانی کوردستانی ئێستا. سنووری باشووریشی رووباری ئەماردۆس بوو(٦١).

رەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە دەڵێت ئایا دانیشتوانی میدیا ئەترۆپاتین کێ بوون؟ بێگومان زۆرێک لە دانیشتوانی میدیای بچووک میدییەکان بوون. لەپاڵ ئەواندا رەگەزەکانی تریش لەو جوگرافیایەدا ژیاون. لەم بارەیەوە دیاکۆنۆف دەڵێت: دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کاردۆخیەکان و ئەلبانیەکان و ساکێسین بوون(٦٢). هەروەها زەکەریا قادری بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی دیاکۆنۆف پێیوایە کە زۆرینەی ناوچەی ماد ئاترۆپاتین بە ئێستاشەوە لە شارە کوردەکان پێکهاتووە..هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەپێی نووسراوەکانی بابلی و ئاشووری تاکوو نووسراوەکانی مێژوونووسانی ئیسلامی و.. بەدرێژایی مێژوو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کورد بوون و وشەکانی هاوشێوەی کاردۆ، کاردۆخی و کورتی و گۆتی و کورد بۆ ئاماژە کردن بە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەکارهێندراون(٦٣).ئەگەر ناوهێنانی کورد بۆ ئەو قۆناغە مێژوویە لەبەر بەکارنەهێنانی وشەی کورد بەشێوەیەکی راستەوخۆ تا مێژوویەکی درەنگتریش جێگای قسە لەسەرکردن بێت، بەڵام بەڵگەکان زیاتر بەلای ئەوەدا دەشکێنەوە کە کوردەکانی دواترو ئەمرۆ بچنەوە سەر

میدیـەکان و کاردۆخیـەکان و گۆتیـەکان و رەگـەزە نـا سـامی و نـا فارسـیەکانی تـری زاکرۆس و باکووری میسـۆپۆتامیا. هەرچەنـدە دەشـێ ئـەوەش هەڵـە نەبێت کـە بگوترێت کـورد هـەرچۆن ناچێتـەوە سـەر رەگـەزی سـامی، ئەگـەری هێجگار زۆری هەیـە نەچێتـەوە سـەر رەگـەزی ئاریش. هـەروەک ئاشـکرایە ئـەوەی تاکـو ئێسـتا دۆزراوەتـەوەو هەیـە بـۆ یەکەمجـار وشـەی کوردسـتان لـە سـەدەی پێنجـی کۆچیدا لـە لایـەن سـوڵتان سـەنجەری سـەلجوقیەوە بەکارهێنـراوەو بـەو ناوچانـەی کـە دانیشـتوانەکەیان کـورد بـوون بـۆ یەکەمجـار گوتـرا کوردسـتان. واتە سـەرباری گێرانـەوەی رەچەڵەکـی کـورد بـۆ لۆلـۆو گۆتـی و میـدی و کاردۆخـی و تەنانـەت کاشـی و میتانـی و هـۆری و سـوباری رەگەزەکانـی تـری زاکـرۆس و باکـووری میسـۆپۆتامیا، دەرکەوتنـی نـاوی کوردسـتان وەکـو زێـدو نیشـتیمانی کـورد دە سـەدەی بەسـەردا تێنەپەڕیووە. هەرچەنـدە ئاشـکرایە کـە پێکهاتنـی زمانـی کوردی و ناوکـی یـان بنەمـا کاڵ یـان سروشـتیەکانی کـورد وەکـو ئیتنـۆس دەگەڕێتـەوە بـۆ مێژوویەکـی کۆنتـر. هەرچەنـدە قسـەکردن لەبـارەی مێـژووی دیاری بـە میلەتبوونی کـوردەوە یـان دەرکەوتنـی کـورد وەکـو میلـەت بەهـۆی بـاری ئاڵـۆزی ناوچەکـەو تێکـەڵاوی خێڵـە نیشـتەجێ و کۆچـەرەکان و کۆچـی خێڵـە ئارایییـەکان بـە ئاراسـتەی زاکـرۆس و باکـووری میسـۆپۆتامیاو هێرشـی بەردەوامـی ئاشـووری و ئەکـەدی و بابلـی و دواتریـش یۆنانـی و رۆمەکان..کارێکـی ئاسـان نیـەو تاکـو ئێسـتاش ئـەوە بـە شـێوەیەکی قایلکەرانـەو لەسـەر بنەمـای راسـتی و فاکتـەی بڕواپێکـراو لێکنەدراوەتـەوە، بـەڵام ئاشـکرایە کـە دەبـێ قۆنـاغ و مێژوویـەک هەبێـت بـۆ درووسـتبوونی میلەتـی کـورد. ئـۆ. ل. ڤیلچێڤسـکی سـەبارەت بـە شـوێنی پێکهتنـی میلەتـی کـورد دەڵێـت: لـە دواتـردا کـوردەکان هـەر لـەو رووبـەرە بچووکـەی بەشـی چیایـی میسـۆپۆتامیای سـەروودا، کـە تیایـدا وەکـو میلـەت دروسـتبوون، نەمانـەوە(٦٤).

ئاشـکرایە وەکو لە ناوچەکاندا هاتووە، کاتێ ئەسـکەندەری گەورە ئیمپراتۆرێتی هەخامەنشـییەکان دەڕوخێنێـت، دەسـەڵاتی خـۆی فـراوان دەکات، بەجۆرێـک قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتی لـە میسـرەوە هاتـا هینـد دەگرێتـەوە. هـەروەک پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد ئاترۆپاتیـن کـە پێشـتر میرهـەرێمی هەمـوو میدیـا بـوو، دەکات بـە میرهەرێمـی میدیـای بچـووک و ناوەکـەی دەبێتـە میدیـای ئاترۆپـات. بەپێـی

گێرانەوەی دیاکۆنۆف و ئیقرار عەلی یێف و قادری، بنەماڵەی ئاترۆپاتین یەک لە دوای یەک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەسەڵاتی ئەم ناوچەیەیان بەدەستەوە بووەو جۆرێک لە سەربەخۆییان هەبووە. لە دوای مردنی ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی ٣٢٣ی پێش زایندا، ئیمپراتۆرێتەکەی وەکو خۆی نەمایەوەو لە ئەنجامی ململانێدا دابەش بوو بۆ سێ پادشایەتی کە بریتی بوون لە پادشایەتی بەڵتەمیە لە میسرو ئەنتیگۆنیا لە یۆنان و سلوقیا لە رۆژئاوای ئاسیا. بەوپێیە جوگرافیای میدیای گەورەو میدیای بچووک کەوتنە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی پادشایەتی سلوقیەوە.. پادشاکانی سلوقیا بۆ بەڕێوەبردنی پادشانشینەکەیان سیستێمی نا ناوەندیان بەکارهێنا، کە پێشتر ئەلسکەندەر کاری پێدەکرد. لەسەر ئەم بنەمایە دانیان دەنا بە مافی هەندێ لە بنەماڵە فەرمانڕەواکاندا کە لە هەرێمەکانی خۆیاندا فەرمانڕەوایی بکەن(٦٥). بێگومان وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، وڵاتی میدیا لە سنووری دەسەڵاتی پادشایەتی سەلوقیدا بوو، بۆیە ئەویس هەمان بەرنامەی بەڕێوەبردن دەیگرتەوە. هەڵبەت شتێکی روون بۆ ئەو قۆناغە لە بارەی ساتراپی میدیای گەورەوە نابینرێت، بەڵام میدیای ئەترۆپاتین کە پێشتر ئەسکەندەر هێشتبوویەوە، لە سەردەمی دەوڵەتی سەلوقیدا هەر ماوەتەوەو هیچ بەڵگەیەک نیە بۆ روخاندن و لە ناوچوونی لە سەردەمی سەلوقیدا.

مێژوونووسی کورد معەمەد ئەمین زەکی دەڵێت: دوای مردنی ئەسکەندەر لە شاری بابل، ئەم وڵاتانە کەوتنە ناو بەشی سەلەئۆقوس- دەوڵەتی سەلوقی- کە یەکێ بوو لە قۆماندارو واریسەکانی ئەسکەندەر (٣٢٣ی پێش زایین)و سەد ساڵێک بە دەستیەوە مایەوە، بەڵام دائیمەن شەڕوشۆڕی تیابوو. نیهایەت بە یارمەتی میهردادی ئەوەڵی حوکمداری ئەشکانی، بەشی لای ژوورووی کوردستان لە روبعی ئەوەلی قەڕنی دووەمی پێش زاییندا کەوتە دەست حکومەتی ئەرمەنی و بەشی خوارووشی بەرەبەرە تا ئەوائیلی قەڕنی ئەوەڵی پێش زایین دەستی ئەم حکومەتە کەوت(٦٦). بەڵام سەرباری ئەم وتەیەی سەرەوە ئەشکەنیەکان لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی دووەمی پێش زاییندا میترایداتسی یەکەم- ١٧١-١٣٨ —ی پێش زایین دژی دەسەڵاتی سەلوقی راپەڕی و توانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی فارسی ئەشکانی فراون بکات، ئەویش لە

ڕێگای دەستگرتن بەسەر میسۆپۆتامیاو میدیادا. کەواتە لەم مێژووەوە وڵاتی میدیا بە هەردوو بەشەکەیەوە کەوتۆتە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەشکانیەکانەوە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەکان پیدەچێت دەسەڵاتی میدیای بچووک وەکو خۆی مابێتەوە تا لە ساڵی ٣٦ ی پێش زایین کە سوپای ڕۆم پەلاماری ناوچەکەی داو پاشی دوو ساڵ دەستی بەسەر ئەرمینیادا گرت و ئەشکانیەکانی دەرکرد. بەدوای ئەوەدا ئەشکانیەکان پەلاماری میدیای بچووکیان داو داگیریان کرد. بەڵام لە سەرتای دەیەی یەکەمی زایینیدا، ڕۆم و ئەشکانیەکان ڕێکەوتنێکیان کردو لەو ڕێکەوتنەدا دەوڵەتی ئەشکانی ئەرمەنستان و میدیا و ئەو جوگرافیای کە دواتر بە کوردستان ناسراوە دا بە دەوڵەتی ڕۆم. هەرچەندە دوای ئەوەش هەم ئەرمەنستان و هەم میدیا بەردەوام جێگای شەڕو ئاڵۆزی نێوان ئەشکانی ڕۆم بوون، بەڵام دەوڵەتی ئەشکانی سەرباری ئەوەی چەند جارێک دەستی بەسەر ئەرمەنستان و وڵاتی میدیادا گرتووە، بەڵام نەیتوانیووە لە دەستی ڕۆم بیانپارێزێت، بەڵکو لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی ئەشکانیدا ئەم ناوچانە هەتا هاتنی ساسانیەکان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریێتی ڕۆمدا بوون.

بێگومان ئەوەی ئێمە لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانەو گۆڕینی ئەم دەسەڵات بەویترو هاتنی سوپای ئەم داگیرو شوێنگرتنەوەی ئەویتریان، کە چ سوپای هەخامەنشی و چ سوپای ئەسەکەندەرو دوای ئەوانیش سوپای سەلوقی و پاشان سوپای ئەشکانی و ڕۆم، هەموویان داگیرکەربوون. واتە بە گوێرەی میدیاو هەموو ناوچەکانی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا، ئەو جوگرافیایەی کە دواتر بووەتە زێدو نیشتیمانی کورد، لە لایەن ئەوانەوە لە قۆناغی جیاجیادا داگیرکراوبووە. هەریەکە لەو هێزانەش بەجۆرێک خەڵکەکەی سەرکوت کردووەو باج و خەراجی لێ سەندوون و دانیشتوانەکەی ڕاپێچی ڕیزی هۆردووی خۆی کردووەو لە شەڕە خوێناویی و بێ کۆتاییەکانیاندا بەکاریان هێناون. ئەمەش دەریدەخات کە بارودۆخی میدییەکان لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی میدیا لە لایەن پارسە هەخامەنشیەکانەوە ناشێت باش بووبێت. تەنانەت لە میدیای ئەترۆپاتین یان میدیای بچووکدیشدا کە بۆ ماوەی دوورو درێژ وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ ماوەتەوە، بەڵام سەقامگیری تێدا دروستنەبووە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە شوێنی بەیەکگەیشتنی ڕۆژئاواو

رۆژهـەڵات بـووەو لەسـەر ڕێگای نێوان ئیمپراتۆریێتەکانی رۆژئاواو رۆژهـەڵات بووەو وەکو لـە هەندێ لە ناوچەکانیشدا باس دەکرێت لەسـەر ڕێگای بازرگانی نێـوان چیـن وەکـو ڕۆژهـەڵات و ئیمپراتۆریێتەکانـی یۆنـان و ڕۆمـی بێزەنتیـەو ئەوانـی میسـۆپۆتامیاو میسـریش بـووە، واتـە شـوێن و هەڵکەوتـەی جوگرافیـای میدیـا لەسـەر ڕێـگای ئاورێشـمی کـۆن، هۆکاریـک بـووە بـۆ ئـەوەی جێـگای چاوتێبڕینـی دەوڵەتـان بووبێـت. ئـەوەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی بـەردەوام جگـە لـەوەی جێگای جاوتێبڕین بـووە، مەیدانی جەنگیش بووبێت. کـە دیـارە ئـەوەش کاریگـەری نەرێنـی زۆری هەبـووە لەسـەر شـێوازی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و دەشێت شێواندنی لـە سروشتی پەرەسـەندنی کۆمەڵایتی و ئابووری و کەلتتوری و تەنانـەت ماکـی و مینۆکـی دانیشـتوانی کۆنـی ئـەم ناوچەیـەدا دروسـتکردبێت و ئـەو کاریگەرییـەش بۆ نەوەکانی دانیشـتوانی میدیا یان ئـەو پێکهاتانـەی دەچنـەوە سـەر میدیـەکان، یـان ئـەو پێکهاتانـەی دواتـر لـە هەمـان سـەرزەمیندا ژیـاون و نیشـتەجێ بـوون، بگواسـترێتەوە.

لـە سـەردەمی دوا پادشـای ئەشـکانیدا کـە ئەردەوانی پێنجـەم بـوو، ئەردەشـێری پاپـەکان لـە سـەرزەمینی پارسـەوە کەوتـە جوڵـە بـە دژی دەسـەڵاتی ئەشـکانی و ئەردەوانـی پێنجـەم بـە دەسـتی ئەردەشـێر کوژرا. لـەم بارەیـەوە لـە لـە کارنامـەی ئەردەشـێری پاپەکانـدا هاتـووە: ئەردەشـێر لەشـکرێکی گـەورەی ڕێکخسـت و چـووە بـەر دەرگای ئـازەر فەرەنبەغـی چاکـەکار، بـۆ نیـازو پاڕانـەوە. ئینجـا ڕووی لـە مەیدانـی جەنـگ کـرد لەگـەڵ ئـەردەوان. ئـەو لـە نـاکاودا دای بەسـەر لەشـکری ئەردەوانـدا. کەلوپـەل و بـەرگ و ئەسـپی ئەوانـی دەسـت بەسـەردا گـرت. ئینجا بۆ خـۆی چـوو لـە ئەسـتەخیر دانیشـت..لەوێوە ناوچـە بـە ناوچـە لـە کرمـان و مەکـران و پـارس، لەشـکرێکی بێشـوماری کۆکـردەوەو هاتـە شـەڕی ئـەردەوان.. ئەردەشـێر چونکـە فـەڕی کەیانی لەگـەڵ بـوو، سـەرئەنجام سـەرکەوت و ئەردەوانـی کوشـت(٦٧). پـاش ئـەم شـەڕو لێکدانـە کـە لـە ٢٨ی ئاوریلـی ٢٢٦دا قەومـا، ئەردەشـێر سـەرکەوتووانە پێـی نایـە تیسـفوون- مەدائیـن- هەرێمـی بابلـی هێنایـە ژێـر ڕکێفـی خـۆی و جێـی ئەشـکانیەکانی گرتـەوە. ئەردەشـێر لـە سـاڵی ٢٢٦ی زایینیدا بـە ڕەسـمی تاجی نایـە سـەرو خـۆی بـە میری میرانـی ئێران ناودێر کـرد(٦٨). واتـە ئاشـکرایە لـە دوای ڕوخانـی دەوڵەتـی ئەشـکانی، ئەردەشـێری

یەکەم کە بە ئەردەشێری پاپەکان ناسراوە، لە ساڵی ٢٢٦دا، ئیمپراتۆریێتی ساسانی دامەزراند، کە ناوی ئیمپراتۆریێتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ساسان کە باپیری ئەردەشێری یەکەم بوو. ئەم ئیمپراتۆریێتە تا ساڵی ٦٥١ی زاینی بەردەوام بوو. هەروەک لەگەڵ دەوڵەتی هەخامەنشی و ئەشکانی، ئیمپراتۆریێتی ساسانی دێت کە لە هەرە ئیمپراتۆریێتە بە ناوبانگەکانی جیهان دادەنرێت، کە لە پێش فەتحی ئیسلامی و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی عەرەبیدا دەسەلاتی بە سەر رووبەرێکی فراوانی رۆژئاوای ئاسیاو شوێنانی تردا کردووە. پایتەختی ئەم ئیمپراتۆریێتە شاری تیسفوون- مەدائین- بوو کە دەکەوتە بەری رۆژهەلاتی رووباری دیجلەو باشووری رۆژهەلاتی بەغدای ئێستاوە بە دووری نزیکەی ٣٥ کیلۆمەتر. بێگومان ئاشکرایە کە دەوڵەتی ساسانی دەوڵەتی ئەو قۆناغەیە کە تیایدا ئیمپراتۆریێتە فیودیالیەکان درووستبوون یان بە دەربڕینێکی تر، ئیمپراتۆریێتی ساسانی بە دەوڵەتێکی بنەماڵەیی فیودیالی دادەنرێت کە فەرمانڕەوایەتی لە باوکەوە بۆ کوڕ گواستراوەتەوە.

بێگومان ئەوەی ئاشکرایە ئەو رووبەرە جوگرافیایەی کە پێشتر لۆلۆو گۆتی و کاشی و هۆری و سۆباری و میتانی و میدو کاردۆخی و ئەو رەچەڵەکانەی تری تیا ژیابوون، واتە زنجیرە چیاکانی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیاو بەشێک لە بانەکانی ئێرانی ئەمڕۆ، کە کوردیان بۆ دەگەڕێتەوە، کەوتبوونە سنووری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریێتی ساسانیەوە، بە تایبەتی سنووری مادی گەورە کە پێش دروستبوونی دەوڵەتی ساسانی بەشێک بووە لە دەوڵەتی ئەشکانی یان فارس، هەروەها میدیای بچووک کە بەجۆرێک هەتا ئەو مێژووە، واتە هەتا هاتنی ساسانیەکان سەرباری ئەوەی پێشتر وابەستەی سلوقیەکان بووە، هەندێ جار کەوتووەتە ژێردەستی رۆم و هەندێ جار ژێردەستی ئەرمەنستان و زیاتریش جۆرێک لە سەربەخۆیی هەبووە، بەلام لەگەڵ دروستبوونی ئیمپراتۆریێتی ساسانیدا هەردوو بەشی میدیا کەوتوونەتە سنووری قەڵەمڕەوی ساسانیەکانەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە: ئایا لە سەردەمی ساسانیەکاندا بارودۆخی میدیەکان- میدیای گەورەو میدیای بچووک- چۆن بووە؟ ئایا سیستێمی ساتراپەکان- هەرێمەکان- و فەرمانڕەوایی میر هەرێمەکان وەکو سەردەمی هەخامەنشیەکان و تەنانەت ئەشکانیەکان ماوەتەوەو سیاسەتی

ساسانیەکان بەجۆرێک سیاسەتی بەڕێوەبردنی نا مەرکەزی بووە، بەوەی هەر ناوچەیەکی جوگرافی یان ئیتنیکی سیستێمی بەڕێوەبردنی خۆیی هەبووبێت؟ یان دەوڵەتێکی مەرکەزی بووەو ڕێگای بە بوونی هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی لە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیدا نەداوە؟ ئایا شوێن و پێگەی ئیتنیکە جیاوازەکان چۆن بووەو دەسەڵاتی ساتراپەکان چۆن بووە، بە تایبەتی کە باسی ئەوە دەکرێت دەوڵەتی ساسانی لەسەر شێوەی هەرێمی بەڕێوەبردن- ساتراپ- قەڵەمرەوی خۆیی دابەشکردووەو بۆ هەر هەرێمێک میرهەرێمی داناوە؟

بەپێی ناوچەکان هەمان شێوەی سەردەمی فەرمانڕەوایی هەخامەنشیەکان، دەوڵەتی ساسانیش وەکو دووەم ئیمپراتۆرێتی گەورەی فارسی لە مێژوودا، ناوچەی قەلەمڕەو و سایەی دەسەڵاتی خۆیی بۆ چەندین هەرێم- ساتراپ- دابەشکردووەو هەریەکە دەسەڵاتی ناوخۆیی خۆی هەبووە. واتە سیستێمی بەڕێوەبردنی ساسانیەکان جۆرێک لە سیستێمی نامەرکەزی بووە. لەم بارەیەوە هاتووە: گشت فەرمانڕەوای هەرێمەکان نازناوی ساتراپ یان مرزەبانیان هەڵگرتبوو، هەروەها هەندێکیشیان نازناوی شایان هەڵگرتبوو، لە هەرێمی خۆیشیاندا پادشایەتیان دەنواند. گرنگی ئەو کەسانەش بە جیاوازی گرنگیی ئەو ساتراپانە جیاواز بوو، کە لە رووی مرۆیی و ئابووری و دووری و نزیکیەوە لە پایتەخت یان چاوی پادشاوە جیاواز دەبوو. دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر ئەو ساتراپانەی دوور بوون، دەسەڵاتێکی تیۆرییانە- رووکەش- و هەندێ جاریش هەر نەبوو(٦٩). کەواتە بە ئاشکرا دیارە کە دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی بە ئەندازەی دوورکەوتنەوە لە چەقی دەسەڵات، واتە دوورکەوتنەوە لە پایتەخت کە مەدائین بووە لە نزیک بەغدای ئێستا، لاوازتر بووە، بەجۆرێک دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر شوینە دوورەکاندا لە ئاستی نەبوودا بووە.

بەڵام ئایا بارودۆخی ساترپە نزیکەکان لە چەقی دەسەڵات و پایتەختەوە چۆن بووە؟ بە تایبەتی جوگرافیای میدیا و چیاکانی زاکرۆس و باکووری میسیۆپۆتامیا کە هاوسنووری پایتەخت بوون؟ بەڵام لەبارەی ساتراپە نزیکەکانەوە دەگوترێت: ئەم ساتراپانە لە دەوڵەتی ساسانیدا گرنگیان هەبوو، بۆ نموونە ئاشوورو میدیاو پارس و فارس و کرمان و سەغدیان و سجستان، کۆمەڵێک فەرمانڕەواش فەرمانڕەواییان ئەکرد کە متمانەی پادشای گەورەیان هەبوو(٧٠).

سەرباری ئەم بۆچوونە کە گوایە دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی دەسەڵاتێکی نامەرکەزی بووەو ساتراپەکان بەرپرسی بەڕێوەبردنی خۆیان بوون، بەڵام رووداوەکان و شێوازی کارکردن و هێرشکردنی یەک لە دوای یەکی ئەردەشێر بۆ سەر هەرێمە جیاوازەکان و بە توندی بەستنیان بە ناوەندی دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەوە نیشان دەدات کە ئەردەشێر وەکو پادشایەکی بەهێز ویستوویەتی هەموو دەسەڵاتی سنووری قەڵەمڕەوەکەی لە دەستی خۆیدا بێت. بۆیە بەردەوام پەلاماری دەسەڵاتە ناوچەییەکانی- ساتراپەکان-ی سنووری قەڵەمڕەوی خۆیی داوە. هەر لەم رووەوە لە کتێبی مێژووی دەوڵەتی ساسانی ئارتووردا هاتووە: پێنج سەدەو نیو پاش رووخاندنی دەوڵەتی هەخامەنشی، پارسییەکان تەواوی نەتەوەکانی ئێرانییان دووبارە بردەوە ژێر رکێفی خۆیان، پادشایەتیەکی تازەیان لە رۆژهەڵات دامەزراند، کە شانی لە شانی ئیمپراتۆریێتی رۆم دەدا(٧١). دوای ئەوەی کە ئەردەشێر شاری قایمی «ئەلحەزەر- هاترا»ی ماوەیەک گەمارۆداو چی بە چی نەکرد، خوی دایە داگیرکردنی ولاتی مادو شاری هەمەدان و هێرشی بردە سەر ئازەربایجان-مادی بچووک-و ئەرمەنستان و ئەگەرچی سەرەتا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام گوایا دواتر ئەم دوو وڵاتەی گرتووە(٧٢). بێگومان لە پاڵ هەوڵدانی ئەردەشێرو پادشایانی تری ساسانیدا بۆ دەستگرتنی تەواوەتی بەسەر دەسەڵاتی هەرێمەکانی سنووری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریێتەکەیانداو سەپاندنی سیاسەتێکی ناوەندی. وڵاتی میدییەکان بە میدیای گەورەو میدیای بچووکەوە یەکێک بووە لەو ناوچانەی کە ساسانیەکان بە هەموو شێوەیەک هەوڵیانداوە لەژێر دەستیاندا بێت و بە توندی بیبەستن بە چەقی دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەتایبەتی کە وڵاتی میدیا هەم لە تەیسەفوون- مەدائین-ی پایتەختی ساسانیەوە نزیک بووە، هەم پارس و فارسەکان پێدەچێت هەر لە سەردەمی کۆرشی هەخامەنشیەوە ئەو بۆچوونەیان هەبوبێت کە وڵاتی میدیا وەکو بەشێکی قەڵەمڕەوی خۆیان دابنێن و لەو رێگایەشەوە هەستی ئێرانیبوون لای میدییەکان و نەوەی میدییەکانیش دروست بکەن، بەجۆرێک هەتا ئێستاش سەرباری سیاسەتی دڕندانەو کێوییانەی پارس و فارس لە رابردوودا بەرامبەر بە میدییەکان و لە مێژووی دواتریشدا بەرامبەر بە کورد، کەچی هێشتا زۆرێک لە کورد نەک هەر خۆی بە هاونەژادو هاو کەلتورو هاو مێژوو، هاو ئایینی فارس دەزانێت، بەڵکو شانازی بە ئێرانیبوونی

خۆیشیەوە دەکات. لە کاتێکدا ئێرانیبوونی کورد جگە لە درۆیەکی مێژوویی و هەستێکی ساویلکانەو نەبەکامی دوور لە تێگەیشتن هیچی تر نیە.

دوای ئەوەی ئەردەشێر دەسەڵاتی گرتە دەست و تاجی پادشایەتی لەسەر نا، دەستیدایە جێبەجێکردنی بەرنامەی فراونکردنی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی پادشایەتیەکەی، بۆیە دەستی داوەتە.. هێرش گەلێک و جەنگی بەرپا کردووەو لە ئەنجامدا هەریەکە لە هەرێمی میدیا و ئەرمینیای باکوورو رۆژئاواو باکتریاو ئەفغانستان و بلوجستان لە رۆژهەلات و هەرێمی بابل و نێوان دوو رووباری لە باشوور ملکەچ کردووە(٧٣). دوای ئەوەی ئەردەشێر دوا پادشای ئەشکانی ئەردەوانی پێنجەمی لەناوبردو دەسەڵاتی خۆیی بە ناوی پادشای ساسانی راگەیاند، خواست و ویستی بەرفراوانکردنی دەسەڵاتەکەیی نەشاردەوەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کەوتە جوڵە. لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا واتە کارنامەی یەکەم پادشای ساسانی کە ئەردەشێر خۆی بوو، سەبارەت بە خواست و ویستی ئەردەشێر بۆ دەسەڵاتکردن بەسەر وڵاتی میدیادا هاتووە: ئەردەشێر لەشکرێکی دلاوەری لە زابل پێکەوە نا و بەرەو شەڕی کوردان شای ماد چوو. چ شەڕێک، سەر بە سەر خوێن رژان. ئەردەشێر لە لەشکرەکەی هەڵبرا بۆ شەوێ سەری لە بیابانێک دەرهێنا..لەشکری ماد وای دانا کە مەترسی لە دەست ئەردەشێر نەماوەو ئەو دڵی لێرە تەنگ بووەو بەرەو پارس وەڕێ کەوتووەو گەڕاوەتەوە. ئەردەشێر چوار هەزار پیاوی ئامادە کردو شەبەیخونی کردە سەریان. لەو کوردانە هەزار پیاوی کوشت و ئەوانەی تریشی بە هیلاکی و ماندوویی گرت. کەلوپەل و پێویستیەکی زۆریشی لە کوڕان و برایانی کوردانشا گرت و رەوانەی پارسی کرد(٧٤).

لە راستیدا لە سەردەمی ساسانیەکاندا وەکو پێشتر ناوی وڵاتی میدییەکان و خاکی میدیا، یان میدیای گەورەو میدیای بچووک یان میدیای ئەترۆپاتین نەدەبرا. بۆ نموونە موغەکان کە توێژێکی کەمی خەڵکی میدیا بوون کەچی.. لە زەمانی شاپووری دووەمدا بە وڵاتی ماد بە تایبەت بە هەرێمی ئادورئابادەگان –ئازەربایجان– یان دەگووت نیشتیمانی موغان(٧٥). دیسان لە مێژووی ئێرانی سەردەمی ساسانیدا هاتووە: هەریەک لەم هەرێمانەی ناویان دێت لەژێر حوکمی حاکمێکدا بوون، ئەرمەنستان پاش ساڵی ٤٣٠، بیت ئارمانی، پارس، کرمان،

سپاهان،ئازەرئابادەگان، تەبەرستان...(٧٦)، کە دیارە مەبەست لە ئازەرئابادگان ئازەربایجانە، واتە جوگرافیای مادی بچووک یان مادی ئەترۆپاتین، کە دیارە وەکو گوتمان لە سەردەمی ساسانیەکاندا ناوی مید یان ماد بە کەمی بەکارهێنراوەو تەنانەت میدیای ئەترۆپاتین، تەنیا بووەتە ئەترۆپاتین.

دیارە بە درێژایی مێژووی ساسانیەکان، لە ئەردەشێری پاپەکانەوە هەتا دوا پادشای ئەم دەوڵەتە کە شوناسی دەوڵەتی ئێرانی فارسی هەبووە، ئامادەبوونی مادەکان نابینرێت و باسکردنی وڵاتی میدیا و میدییەکان مەگەر لە کاتی شەڕو هێرشی ساسانیەکاندا بۆ دەسەڵاتکردنی زیاتر بەربای گوی بکەوێت. رەنگە رووداوێکی دیار کە ناوی میدیای تێدا هاتبێت بزووتنەوە یان راپەڕینی مەزدەک بووبێت. کە سەرباری ئەوەی هەندێ لە گێڕانەوەکان دەرکەوتنی مەزدەک دەبەنەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر، بەڵام ئەوەی لە راستیەوە نزیکە، ئەوەیە دەرکەوتنی مەزدەک و بزووتنەوەکەی لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا بووەو شوێنی ئەو سەرهەڵدانەش سەرزەمینی میدیای بچووک یان میدیای ئەترۆپاتین بووە کە دواترو لەسەردەمی شەپۆل و هێرشی تورکە ئازەرییەکانەوە ناوی ئازەربایجانی لێ نراوە. لە بارەی مەزدەکەوە باسی ئەوە دەکرێت کە لە سەردەمی قوبادی باوکی ئەنوشیرواندا دەرکەوتووە.. مەزدەکی کوڕی موبزان لە ساڵی ٤٦٧ یان ٤٨٦ی زایینی لە وڵاتی فارس لە دایکبووەو رابەرایەتی بزووتنەوەیەکی سۆشیالیستی-کۆمەڵایەتی- دژی زەردەشتیەت کردووە کە ئایینی باوی سەردەمی ئەو بووە. ئایینەکەی مەزدەک داوای هاوبەشی لە ماڵ و ژندا کردووە(٧٧). بێگومان یەکێک لەو دیاردانەی لە نووسینەوەی مێژوودا بە شێوەیەکی نزیک لە دۆخی گشتی دەبینرێت ئەوەیە کە بابەتیبوون و بێ لایەنی کەمتر تێدا بەرچاو دەکەوێت. واتە ئاستی لایەنگیری وایکردووە بابەتیبوون ونبێت. لەم وتەیەی سەرەوەشدا ئەوە بە ئاشکرا دەبینرێت کە بۆ ناشیرینکردنی بزووتنەوەی مەزدەکی خاسێتی هاوبەشی لە ژندا دراوەتە پاڵ بزوتنەوەکەو وەکو پرینسیپ و ئامانجی بزووتنەوەکەش باس دەکرێت.

ئاشکرایە سەرباری ئەوەی کە ئایینی زەردەشتی ئایینی فەرمی دەوڵەتی ساسانی بوو، بەڵام بەپێی گێڕانەوەکان پادشای فارس قوبادی یەکەم بووە بە پەیڕەوکەری ئایینی مەزدەکی..ئایینی مەزدەکی لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی

زایینیدا بڵاوبووەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە پادشای فارس قوبادی یەکەم پەیڕەوی کرد(٧٨). هەروەک باس دەکرێت دواتر لە ژێر فشاری پیاوانی ئایینی زەردەشتی- موغەکان- و دەوروبەری تەختی فەرمانڕەواییدا قوباد دەستبەرداری پەیامی مەزدەکی بووەو مەزدەکی کوشتووە. هەندێ پێیان وایە ئەم رووداوە لە سەر خاکی میدیای بچووک روویداوە، هەندێکی تر باسی ئەوە دەکەن دوای ئەوەی کە مەزدەک کوژراوە شوێنکەوتووانی بەرەو مادی بچووک هەڵاتوون. بە وتەی تەبەری مەزدەک خەڵکی مدەڕەئەی وڵاتی ماد بووە، کە ئەویش هەمان شوێن بووە کە ئیسترابۆن و بەتلەمیوس دانیشتوانەکەی بە کوردۆئن ناودەبەن» واتە ئەو شوێنەی کە زێدی هەتاهەتایی کوردەکان و رەچەلەکی کورد بووە. هەروەها بە وتەی کلیما ئەو ناوانەی کە لە نەخش و نووسراوە بەردینەکانی ئاشور- مەزدەکا- بوون بۆ ئاماژەکردن بە دانیشتوانی زاکرۆس بووە. هەروەها ناوەکانی وەکو مەزدەکیش، مەزدەکیگ، مەزدە بە ناوی مادی ئەژمار دەکات نەک ناوی ئێرانی(٨٠)». لە راستیدا شوناسی مەزدەک و شوێنی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەشی بەوەی کە میدیایی بووبێت و بزووتنەوەکەشی لەسەر خاکی میدیا روویدابێت یەکلایی نەبووەتەوەو جێگای مشت و مڕە. بەڵام قادری لە پێشەنگی ئەو لێکۆڵەرە وردو بەسەلیقانەیە کە هەوڵی سەلماندنی میدیاییبوون یان کوردبوونی مەزدەک و بزووتنەوەکەی داوە. لەم بارەوە دەڵێت: هەرچەندە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی سەربەخۆو باوەڕپێکراودا ئاماژە بە کوردبوونی مەزدەک نەکراوە، بەڵام بە رواڵەت، بەراوردکردنی ناوچەکان ئێمە بەرەو ئاراستەی سەلماندنی کوردیبوونی مەزدەک دەبەن، کە بزووتنەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی مەزدەک لە ناوچەیەکدا روویداوە کە کوردەکان تێیدا نیشتەجێبوون(٨١). هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە سەرباری ئەوەی مەزدەکیەت وەکو پەیامێکی ئایینی بووە، هاوکات دژی ساسانیەکان و ئایینی زرەدەشتی بووە کە ئایینی فەرمی دەوڵەتی ساسانی بووە. وەکو بزووتنەوەی مەزدەکیش بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بووە کە داوای یەکسانی و هاوبەشیی کردووە. لەم بارەوە مانفرێد ئەلبێرت دەڵێت: جیاواز لە شوێنکەوتووانی ئایینی مانیی پێش خۆیان، شوێنکەوتووانی مەزدەک داوای خەباتی ئاشکرایان دەکرد دژی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و بە تایبەتیش داوای ئەوەیان دەکرد کە ملکانەو سوو- باج- لاببرێت(٨٢). دواتر ئەم روانین و داواکارییانەی شوێنکەوتوانی

ئایینی مەزدەکی وەکو جۆرێک لە داواکاری شۆڕشی سۆشیالیستی سەرەتایی لێکدراوەتەوە. لەبەر ئەوەی شوێنکەوتووانی مەزدەکی گوایە داوای خاوەنداریێتی دەستەجەمی و کاری دەستەجەمی و بەکۆمەڵ و سوودو قازانجی گشتییان کردووە. وەک دەردەکەوێت بزووتنەوەی مەزدەکی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یەکسانیخواز بووەو لە سایەی دەسەڵاتی ساسانیدا روویداوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لە سایەی دەسەڵاتی ساسانیدا ناداپەروەری و نایەکسانی باڵادەستبووە بە جۆرێک کە بەشێک لە خەڵک لەو پێناوەدا راپەڕینیان کردووە. کەواتە راپەڕینەکە لە هەر شوێنێکی قەڵەمڕەوی ساسانیدا بووبێت، ناڕەزایی خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵاتی ساسانی نیشان دەدات. لەم رووەوەو بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی قادری کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن، ئەگەری ئەوە زیاترە کە راپەرینی مەزدەکی لە سنووری میدیا یان نیشتیمانی دواتری کورددا بووبێت. ئەگەر بتوانرێت ئەوە بسەلمینرێت ئەوا بائاشکرا دەردەکەوێت کە هەرچۆن هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکان وڵاتی میدیایان داگیرکردووەو بەکاریگەری هەژموونی دەسەڵاتیان هەوڵیانداوە مێژووەکەی بشێوێنن و شوناسی دانیشتوانی رەسەنی بگۆڕن و بیکەنە بەشێک لە سەرزەمینی پارس یان ئێران. بەهەمان شێوە ساسانیەکانیش لەسەر هەمان سیاسەت بەردەوام بوون. دیارە ساسانیەکان باشتر ئەوەیان بۆ چووەتە سەر چونکە رژێمی فەرمانڕەوایی ساسانی لەچاو هەخامەنشیەکاندا زیاتر رژێمێکی مەرکەزی بووە.

بەڵام خاڵێک کە جێگای لەسەر وەستانە ئەوەیە کە مێژوونووسیی کوردی بەر لە زەکەریای قادری و بە پشتبەستن بە خەیاڵ و بە بۆچوونی نازانستی و بە سەرچاوەی شیوە حیکایەت هەرچۆن ئاستیاگی دوا پادشای میدیایان بە هەمان بۆچوونی پارس و فارسە هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیەکان کردۆتە شەیتان و کۆرشی داگیرکەری میدیایان کردۆتە فریشتەو شۆڕشگێڕو رزگارکەر، ئەردەشێرو پادشاکانی تری ساسانیشیان وەکو رزگارکەرو فریشتە ناوبردووە، بەهەمان شێوە لە ژێر کاریگەری هەستێکی هەڵچووی ناسیونالیستانەی فشۆڵ و بێ بنەمادا دەوڵەتی هەخامەنشی و ساسانیان وەکو دەوڵەتی کوردی ناوبردووە. کە هیچ سەرچاوەو لێکدانەوەیەکی زانستی مێژوویی نیە پشتگیری ئەم جۆرە بۆچوونە بکات. ئەمە بێجگە لەوەی ئەگەر

کوردی ئێستا خاوەنی رابردووی بەوجۆرە سەنگین بووایە، گومانی تێدا نیە ئێستا بەمجۆرە لە دەرەوەی مێژوودا نەدەبوو، بەڵکو ئەو رابردووە گەشە پڕ لە ئامادەبوونە دەبووە بنەما بۆ بوون و خۆسەلماندنیشی لە ئێستادا، یان بەلایەنی کەمەوە وەکو خاوەنی سارستانێتی ساسانی ناودەبرا، کە ئەوە لە رووی مەعنەویەوە بایەخێکی گرنگی دەبوو بۆ رابوونەوەو رێنیسناسی کوردی.

کەواتە ئیستا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بارودۆخی مادەکان لە دوای روخاندنی دەوڵەتی میدیا بارودۆخیکی ناجۆر بووە..

بێگومان ئاشکرایە کە دوای روخانی دەوڵەتی میدیا وردە وردە ناوی میدیا دیارنەماوەو ئەوەی کە جاروبار ناوی هاتبێت میدیای بچووک یان میدیای ئەترۆپاتین بووە کە وەکو دەسەلاتیک یان هەرێمێکی تا ئەندازەیەک سەربەخۆ ماوەتەوە.. لە نزیکی ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی زایینیدا پادشای میدیا بە هاوکاری پادشای هەولێرو پادشای کەرکوک کە ناوی دۆمژدانە بووە لەگەڵ پادشای ساسانیدا بەیەکەوە هێزیان کرد بە یەک و کۆتاییان بە حوکمی ئەشکانیەکان هێنا کە چەند سەدەیەک بوو حوکمڕانی گەورەی ناوچەکە بوون(٨٣). سەرباری ئەم بۆچوونەو هەروەها بۆچوونی هەندێ لە مێژوونووسانی کورد کە ساسانیەکان بە کورد ناوزەن دەکەن بەلام ئەوەی لە زۆرینەی سەرچاوەکاندا باس دەکریت ئەوەیە کە ئەردەشێری پاپەکان لە نەوەی ساسانە کە بنەماڵەیەکی پارس بوون، هەمان شێوەی هەخامەنشیەکان، کە ئەردەشێر خۆی کۆتایی بە دەسەلاتی ئەردەوانی دوا پادشای ئەشکانیەکان هێناوەو دەوڵەتی ساسانی دامەزراندووە. بەهەرحاڵ تەنانەت ئەگەر ئەو بۆچوونەی کاوێرو کرۆڵ راستیش بێت میدییەکان تەنیا رۆڵیان یارمەتیدانی بنەماڵی ساسانیەکان بووە وەکو گۆڕینی دەسەلات لە بنەماڵەیەکی فارسیەوە بۆ بنەماڵەیەکی فارسی ترو پێناچێت خودی میدییەکان هیچ سودێکیان لەو گۆڕانکاریە وەرگرتبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دواتر دەردەکەوێت کە مەرکەزیبوونی زیاتری ساسانیەکان زیانی بۆ میدییەکان و ساتراپەکانی پێستری سنووری قەڵەمڕەوی هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکانیش هەبووە، کە تا هاتنی ساسانیەکان بەجۆرێک هێشتا مابوون.

هەڵبەت بە ماوەیەکی کەم دوای هاتنی ساسانیەکان بۆ سەر تەختی دەسەڵات، ناوی میدیاو ماد بەتەواوی لەسەر شانۆی رووداوەکان دیار نەماوەو ساسانیەکان وەکو دەوڵەتێکی فارسی، هەژموونی تەواوی خۆیان بەکارهێناوە بۆ برینی شوناسی فارسی و ئیرانی بە دەوڵەتەکەیان و ناوی پێکهاتەو میلەتانی تر لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا لە چوارچێوەی ناوی ساسانی- فارسی- ئێرانیدا تواونەتەوە. لێرەوە بە تەواوی یەکێتی گەلی ئێران بەرەو پێکهاتن دەچێت و سیاسەتی دەوڵەت دەبێتە هۆی برەودان بە چەمکەکانی هاونەژادی و هاو کەلتووری و تەنانەت هاو ئایینیش لە نێو پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتەدا، ئەگەرچی کۆی ئەو چەمکانە لەسەر بنەمای درۆو فریودانیش پێکهاتبوون. سەرئەنجام لە لای نەوەکانی میدیاو ئەوانی تریش هەست و ئینتیمای ئێرانیبوون و ئارییبوون و تەنانەت زەردەشتیبوونیشیان دروستکردووە. بەهەرحاڵ ناوی میدیا لە کۆتایی سەدەی سێی زاینیەوە دیارنامێنێت.. کە کۆتایی بە دەسەڵاتی میدیەکان هاتووەو ناویان بۆ دوایین جار لە سەرچاوە مێژوویەکاندا هاتووە لە کۆتایی سەدەی سێیەمی زاینیدایە، کاتێک کە ئەردەشێری ساسانی لە جەنگێکدا هێرشی کردۆتە سەر پادشای مید. سەرەتا پادشای میدو سوپاکەی ئەردەشێریان شکاندووە، بەڵام دوایی ئەردەشێر سوپایەکی گەورەتری پێکهیناوەو چووەتە سەر پادشای میدو خۆی و بنەماڵەکەی دەستگیر کردووە.. بەوجۆرە وەک روونکرایەوە، میدیەکان هەتاوەکو سەدەی سێیەمی زاینی دەسەڵاتیان هەر مابوو. لە دوای ئەو مێژووەوە، بنەماڵەی میدیەکان کۆتاییان پێهاتووەو چیتر بەڵگە لەبەردەستدا نیە کە میدیەکان وەکو پادشاو دەسەڵاتدار حوکمڕانیان کردبێت(٨٤).

ئەنجام: کۆرشی هەخامەنشی بە پستگیری خانەدان و بەشێک لە موغەکانی میدیا و سەرکردایەتیکردنیان لە لایەن ئارپاکی ناپاکەوە، ئاستیاگی دوا پادشای میدیای لەسەر تەختی دەسەڵات لابردو دەوڵەتی میدیای روخاندو لە شوێنیدا دەوڵەتی پارسی هەخامەنشی دامەزراند، واتە پارسە هەخامەنشیەکان سەرزەمینی میدیایان داگیرکرد. هەرچەندە لەسەردەمی هەخامەنشیەکاندا میدیا وەکو ساتراپ مابووەو میدیای گەورەو میدیای بچوک دوو هەرێمی دیاری سنووری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریێتی هەخامەنشیەکان بوون. بەشێک لە

میژوونووسانی لایەنگری پارسەکان ئاستیاگیان وەکو پادشایەکی ناکاراو بێ توانا باسکردووەو لە کەلتووری فارسیشدا ئاستیاک وەکو پادشایەکی خوێنڕێژ نیشاندراوەو ئەفسانەی بوونی دوو ماری سەرشانی بۆ دروستکراوە کە گوایە لاوانی سەربڕیووەو خوێنەکەیانی دەرخواردی مارەکانی سەرشانی داوەو گوایە کاوە ئاستیاگی لەناو بردووەو خەڵکی لەو پادشا خوێنڕێژە رزگارکردووە. مێژوونووسی کورد ئەم ئەفسانەی نەیارانی میدیاو ئاستیاگیان وەکو خۆی وەرگرتووە، بێ ئەوەی سەرنج لەوە بدات ئەو ئەفسانەیە دروستکراوی دوژمنان و نەیارانی میدیا بووە. سەرچاوە دیارەکانی میدیاناسی وەکو دیاکۆنۆف و تەنانەت هیرۆدۆت و کستیاس و ئیقرار عەلی بێف و تەنانەت سەرچاوە بابلی و ئاشوریەکانیش پشتگیری ئەم بۆچوونە ناکەن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە مێژوونووسی کورد بێ بوونی بەڵگەی بڕوا پێکراو و سەلمێنەر کۆرشیان وەکو نەوەی ئاستیاگ داناوەو ئەوەش وای لێکردوون دەوڵەتی هەخامەنشی وەکو درێژەپێدەری دەوڵەتی میدیا دابنێن. بە تایبەتی لە کاتی شەڕەکانی هەخامەنشی لەگەڵ ئاشورو یۆنان و بابل، ئەو دەوڵەتانە هیشتا سوپای هەخامەنشیەکانیان بە سوپای یان شەڕکەرانی میدیا ناو دەبرد. مێژوونووسی کورد ئەمەی واوەرگرتووە کە گوایە ئەو دەوڵەتە هەر درێژکراوەی دەوڵەتی میدیایە، کە ئەمە هیچ بنەمایەکی راستی نیە، بەڵکو شەڕکەرانی میدیا کە بەشداری ئەو شەڕانەیان کردووە وەکو بەشێک لە سوپای هەخامەنشی و لەژێر فەرمانڕەوایی پادشاکانی هەخامەنشییدا شەڕیان کردووە.

لە دوای روخاندنی دەوڵەتی هەخامەنشی لە لایەن ئەسکەندەری مەکدۆنیەوەو بەتایبەتی دوای ئەوەی کە جوگرافیای میدیا کەوتە سنووری قەلەمڕەوی سەلوقیەکانەوە، بارودۆخی دەسەڵاتی ساتراپی میدیای گەورە وردە وردە بەرەو لاوازبوون و دیارنەمان چووە، بەڵام میدیای بچوک یان میدیای ئەترۆپاین زیاتر وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دەرکەوتووە. ئەم بارەش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەشکانیەکاندا بەردەوامبووە. کاتێ ئەردەشێری پاپەکان ئەردەوانی داو پادشای ئەشکانیەکانی لەناوبردو دەوڵەتی ساسانی دامەزراند، زیاتر دەوڵەتێکی ناوەندی فارسی بوو. بۆیە لە ماوەی دوورو درێژی فەرمانڕەاویی ساسانیەکاندا ناوی میدیا لە سەرچاوەکانی مێژووی

ساسانیدا نامێنێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پێدەچێت میدیەکان خۆیان هیچ ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان نەمابێت ئەویش لە سایەی سیاسەتی ناوەندی ساسانیەکاندا کە سیاسەتی دەوڵەتێکی پان ئێرانیزمی فارسی بووە. هەروەک ئاشکرایە دیسان بەشێک لە مێژوونووسی کورد زیاتر وەکو دەوڵەتێکی نەک هەر میدی بەڵکو کوردی باسی دەوڵەتی ساسانی دەکەن و ساسانی باوکی پاپەک و باپیری ئەردەشێر وەکو ناوێکی کوردی باس دەکەن، کە ئەوەش ناتوانرێت بە بەڵگەی بڕواپێکراو بسەلمێنرێت. ئەمە سەرباری ئەوەی کە تەنانەت ئەگەر بە گریمانەیەکی زۆر کەمیش ئەو بۆچوونە بە راست دابنرێت، هێشتا بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت دەوڵەتی ساسانی بە دەوڵەتی مید یان کورد یان هەر رەگەزێکی تر دابنرێت، بێجگە لە دەوڵەتێکی پارسی کە لە هەمان رەگوڕیشەی پارسە هەخامەنشیەکان بووەو دەوڵەتێکی پارسی پان ئێرانی بووە. شێوەی کارکردنی پارسەکان و فارسەکان و زیاتر جەختکردنیان لەسەر جوگرافیا لەچاو رەچەڵەکدا کە مەبەست جەخت کردنە لەسەر ئێرانیبوون، رێگایەک بووە بۆ فریودانی رەچەڵەک و پێکهاتەکانی تری سنووری قەڵەمڕەوی فەرمانڕەواییەکانیان چ لەسەردەمی هەخامەنشیەکان یان ئاشکانیەکان یان ساسانیەکاندا بە ناوی ئێرانیبوونەوە. ئەوەش لە مێژوودا زیانی گەورەی لە باپیرانی کوردو لە کوردیش داوە بەوەی کە هەست و ئینتیمای ئێرانیبوونی بەشێوەیەکی بەهێز لە ناخ و کۆنەستیاندا چەسپاندووەو تاکو ئێستاش ئەو وابەستەبوون و خۆبەئێرانی زانینەی کورد بەردەوامەو تەنانەت بڕوابوونی کورد بەوەی کە ئایینی زەردەشتی ئایینی باپیرانی ئەم بووە، هەڵقوڵاوی هەستی ئێرانیبوون و ئینتیمایە بۆ ئێران. تەنانەت خۆ با ئاری زانینی کوردو خۆ بە نەوەدانانی قوبادو کەیخوسرەو و شانازیکردن بە کاوەو فەریدوونەوە.. هەمووی لە هەست و ئینتیمای خۆبەئیرانیزانینی کوردەوە سەچاوەی گرتووە کە ئەو هەست و ئینتیمایەش بەرهەمی داگیرکردنی هەست و ئەقڵی کوردیە کە ئەوەش لە روخاندنی دەوڵەتی میدیاوە دەست پێدەکات و تاکو ئێستاش نەک کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو بەردەوامە. لە قۆناغی روخاندنی دەوڵەتی ساسانی و هاتنی دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی بەگشتی و بوونی مەزهەبی شیعە بە ئایینی دەوڵەت لەسەردەمی سەفەویەکاندا، بە هەمان شێوەی کردنی ئایینی زەردەشتی بە ئایینی دەوڵەتی ساسانی لە سەردەمی ئەردەشێری یەکەمدا و پاشانیش لە

دەرکەوتنی ناسیونالیزمی فارسی و دروستکردنی دەوڵەتی ناسیونالیزمی ئێران لە لایەن رەزا شای پەهلەویەوەو دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامیش نەک هەر داگیرکردنی پێشتری کەلتووری کوردی بەردەوامبووە، بەڵکو بەشێوەی بەرنامەڕێژکراو پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردنی کەلتوری کوردی لە لایەن ئێرانەوە بەردەوامبووەو تاکو ئێستاش بەخراپترین شێوە ئێران لە هەموو ئاستەکانی کەلتووری و جوگرافی و ئابووری و سەربازیدا بەردەوامە لە کۆلۆنیالیکردنی کورد و وڵاتەکەی.

# بەشی چوارەم

## کوردو رەگەزی ئاری: ئایا کورد لە رەگەزی ئاریە؟

هەرچەندە ئەم ناونیشانە کە لە هەمان کاتدا پرسیارێکە دەشێ بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بدرێتەوە، بەڵام وەڵامی پرسیارێکی لەم جۆرەش تا ئەندازەیەکی فراوان لە کۆنەست و عەقڵی کوردیدا وەکو راستیەکی رەتنەکراوەی لێهاتووەو و بە گشتی لای کورد بە بەڵێ وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە، واتە وەڵامی چاوەڕوانکراو ئەوەیە کە بگوترێت کورد لە رەگەزی ئاریەو پرسیارێکی لەم جۆرە لە راستیدا شایانی بەرزکردنەوە نیە. بەڵام ئێمە پشت لەم وەڵامە ئامادەیە دەکەین و دەمانەوێت بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان و لەسەر بنەمای لێکدانەوە بۆ زانیاری نێو سەرچاوەکان و لێکدانەوەی عەقڵی پشتی سەرچاوەکان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین. هەروەها هەوڵدەدەین باسی ئەو مەبەست و ئامانجە بکەین کە بوونەتە هۆی دانانی کورد لە ریزی گەلانی ئاری یان هیندۆ-ئێرانیدا. هەروەها لەوەش دەدوێین ئایا دانانی کورد لە ریزی گەلانی ئاریدا یان خۆ بە ئاریزانین و خۆ بە ئاری دانانی کورد لە رووی نەتەوەییەوە سوود یان زیانی بۆ کورد هەبووەو هەیە یان نا؟ ئایا بە ئاری دانانی کوردو خۆ بە ئاری زانینی کورد چ رۆڵ و کاریگەرییەکی هەبووە لە درووستکردنی هەستی ئێرانیبوون و ئینتیمای ئێرانی بوون لە لای کورد؟ ئایا بە ئاری دانانی کوردو خۆ بە ئاری زانینی کورد چ رۆڵ و کاریگەرییەکی هەبووەو هەیە بۆ دابڕانی کورد لە ئێران و ئێرانیبوون و خۆ بە براو هاورەگەز و هاو کەلتوور زانینی کورد لەگەڵ ئێرانیەکاندا؟ ئایا خۆ بە ئێرانی زانین و خۆ بە هاورەگەز یان هاونەژاد

زانین و هاوکەلتوور زانین لەگەڵ فارسدا سوود یان زیانی هەبووەو هەیە لەسەر درووستبوونی شووناسی کوردی و کوردبوون؟

کاتێ باسی ئەوە دەکرێت کە کورد سەر بە رەگەز یان نەژادی ئاریە، کەواتە جێگای خۆیەتی بپرسین ئاری چیە؟ ئاشکرایە نەک لە مێژووی دێریندا بەڵکو هەتا سەدەی نۆزدەیەم زانستی رەچەڵەکناسی نەبووەتە بوارێکی دیاری لێکۆڵینەوەو باسی نەژادو ئەسڵی میلەتان جێگای بایەخێکی ئەوتۆ نەبووە. بەڵکو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە بابەتی نەژادناسی سەری هەڵداوەو هەر لەو کاتەوە باسی نەژادی ئاری و نەژادی سامی و نەژادی تریش هاتوونەتە ناو باسانەوە. لە راستیشدا بابەتی باسکردنی نەژادی ئاری بەشێوەیەکی لەبەرچاو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیست بەردەوام بووە. لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیادا بەمجۆرە باسی نەژادی ئاری کراوە: ئاری ناوێکە لە ئەسڵدا دراوە بە خەڵکێک کە بە زمانی کۆنی هیندۆ- ئەورووپی دواون و بڕوا وابووە لە سەردەمانی پێش مێژوودا لە ئێرانی کۆن و باکووری نیمچە کیشوەری هیند نیشتەجێبوون(١). واتە لە مێژوویەکی زۆر نوێدا ناوی ئاری یان ئاریا دەرکەوتووەو بۆ ئەو میلەتانە بەکارهێنراوە کە لە مێژووی کۆندا لە ئێرانی کۆن و باکووری هیند ژیاون. دیسان لێرەشدا رووبەڕووی پرسیارێکی تر دەبینەوە، ئەویش سەبارەت بە ئێرانی کۆن. پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا لە مێژووی پێش ساسانیەکاندا وڵاتێک هەبووە ناوی ئێران بووبێت، یان ئەم ناوە لە سەردەمی ئەوانەوە دەرکەوتووە؟ ئاشکرایە کە لەسەردەمی هەخامەنشیەکان و ئەشکانی و سەرەتای دەسەڵاتی ساسانیەکانیشدا شتێک نەبووە ناوی ئێران بێت، بەڵکو شوێنی نیشتەجێبوون و دەرکەوتنی ئەوان بە پێرشیا واتە وڵاتی فارس ناوبراوە. وشەی ئێران لە سەدەی سێیەمی زاینیدا لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانیەکاندا دەرکەوتووەو بە مانای» خاکی ئاریەکان» بەکارهێنراوە.. وشەی ئێران ئاماژە بۆ نەژادی ئاری و دانیشتوانەکەی دەکات، چونکە رەگوڕیشەی وشەی ئێران ئاریەو لەوەوە داڕێژراوە(٢). بەڵام ئاشکرایە ئەو لێکدانەوەیەی کە ئێستا بۆ پەیوەندی نێوان وشەی ئێران و ئاری دەکرێت، لێکدانەوەیەکی نوێیەو لە ساڵی ١٩٣٥داو لە سەردەمی نازیزمدا، باڵیۆزی ئێران لە ئەڵمانیا کە ئەوکاتەو پێستریش بە ئێران دەگوترا «پێرشیا» کەوتووەتە ژێر کاریگەری نازیزمەوەو داوای لە حکومەتی ئەوکاتەی رەزا شا کردووە کە لە بری

پێرشیا وشەی ئێران بەکاربهێنرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە سەروەختی دەرکەوتنی وشەی ئێراندا مەرج نیە، وشەکە بۆ زاراوەی ئاری وەکو ئەسڵی نەژادی میلەتانی ئەو جوگرافیایە گەڕابێتەوە. ئاشکرایە کە ناوی ئاریا لە زمانی سانسکریتی و ئاڤێستادا بەکارهێنراوە. بینیامین دەڵێت: زاراوەی ئاریان مێژوویەکی ئاڵۆزی هەبووە. وشەی سانسکریتی ئاریا سەرچاوەی وشەی ئاریای ئینگلیزیە، کە خود دیاریکردنی خەڵکی ڤێدیکی هیندی بووە کە خزمایەتیان لەگەڵ ئارایە ئێرانیەکان هەبووە، کە دیسان لەوێش خۆناسندنێک بووە. هەردوو زاراوەی هیندی و ئێرانی لە فۆرمی ئاریاوە هاتوون کە لە لایەن خێڵە هیندۆ ئێرانیەکانەوە باکارهێنراوە بۆ ئاماژەکردن بە خۆیان. هەروەها بووەتە سەرچاوە بۆ ناوی وڵاتەکە «ئێران»، لە دەستەواژەیەکدا کە مانای پاشایەتی ئارییەکانە. لە رۆژئاوا وەرگێڕانی جۆراوجۆر بۆ ڤێدیک- ئاریا بەکارهێنراوە، بەگشتی بەواتای» خانەدان» هاتووە، هەرچەندە لە راستیدا ئێمە نازانین مانای بنەڕەتی ئاریا چی بووە(٣) زاراوەی ئاریا بەم پێیە بێت زیاتر پەیوەندی بە جوگرافیاوە هەیە نەک رەچەڵەک و نەژاد. بەپێی ئەم قسەیەش جوگرافیای ئاریا تەنیا ئێران نەبووە، هەتا ئاریا تەنیا سەرزەمینی ئێرانی گرتبێتەوە، واتە خاکی یان نیشتیمانی ئارییەکان، بەڵکو بەو خێڵانە گوتراوە کە بە خێڵی هیندۆ- ئێرانی ناوبراون، مانای وایە لەسەر زەمینی هیندو ئێران ژیاون. کەواتە بۆ دەبێ بە ئێرانی ناوبرێن و وشەی ئێران ببێتە ناویان و تەنانەت وەکو رەچەڵەک و نەژادییانی لێ بێت. ناوی «ئاری» وەکو وەکو زاراوەیەک بووەتە ئامرازی خۆناساندن و خۆنمایشکردنی ئیتنۆکەلتووری میلەت و پێکهاتە هیندۆ- ئەوروپیەکان لە ناویاندا ئێرانیەکانیش. ئەم ناوە دواتر وەکو چەترێک لە لایەن پیاوان و رابەرانی ئایینە ناسراوە دێرینەکانی رۆژهەڵاتەوە، لەوانەش ئایینیەکانی رێگ ڤێدا و ئاڤێستاوە بەکارهێنراوە. هەروەک پیدەچێت ئەم ناوە واتە ناوی ئاری یان ئاریایی لە ناو زمانە ئێرانیەکانی سەربە خێزانی زمانە هیندۆ ئەوروپیەکان و سانسکریتی و ئەو پێکهاتە دێرینانەی کە لە رۆژهەڵاتی کۆن و بە تایبەتی هیند ژیاون وەکو شوناسێک بەکارهێنراوەو هەر ئەوەش وایکردووە لە شێوەی کۆدا یان بەگشتی پییان بگوترێت گەلانی ئاری. بینیامین دەڵێت: لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا، پێشنیاری ئەوە کراوە کە زاراوەی ئاری تەنیا بریتی نەبووە لە خودناسێنەری خێڵە هیندۆ ئێرانیەکان، بەڵکو هەروەها خودناسێنەری پرۆتۆ- هیندۆ- ئەوروپیەکان خۆیشیان بووە. دواتر وشەی ئاری لە بواری لێکۆڵینەوەدا

بەکارهاتووە بۆ ئاماژەدان بە هیندۆ ئەوروپییەکان(٤). دیسان لێرەشدا زاراوەی ئاریا یان ئاری لە لایەک وەکو ئامرازی دەرخەری ئیتنی یان ئیتنیکی کەلتووری نیشان دەدرێت، لە لایەکی ترەوە وەکو ناسێنەری کۆنترین دەقە ئایینیەکان پێشکەش دەکرێت. کە لەهەردوو بارەکەدا مەرج نیە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ریشەو رەچەڵەک و نەژادەوە هەبێت، چونکە ئیتنۆکەلتووری ئایین و رەچەڵەک لە ئاستی یەکەمدا مەرج نیە لە خاک یان جوگرافیاوە وەربگیرین. دووەم پێکهاتنی زاراوەی ئیتنۆکەلتووری دەکەوێتە دوای بوونی ئیتنۆس و دەبێت مێژوویەک بۆ دەرکەوتنی زاراوە یان چەمکی ئیتنۆس-یش هەبێت. بێگومان باسکردنی ئیتنۆس و رەچەڵەک و نەژاد.. بابەتی نوێن و لە هەموو بارێکدا ئەم زاراوانە لەگەڵ دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی بابەتی نەتەوەو ناسیونالیزمدا بوونەتە جێگای بایەخ و هەریەکە لەم زاراوانە بۆ بوارێک یان بۆ گوزارشتکردن لە دیاردە یان بوویەک بەکارهێنراون، کە ئەو دیاردەیە یان ئەو هەبووە زۆر لە پێش دەرکەوتنی زاراوەکەوە بوونی هەبووە. لێرەوە قسەکردن لەسەر» ئاری، ئاریا» وەکو رەگەزێک یان نەژادێک یان رەچەڵەکێک لە مێژووی کۆندا کە بنەمای درووستبوونی پەیوەندی خوێن و دەمار یان لە رووی بایۆلۆجیەوە بۆماوە، بووبێت، جێگای مشت و مڕەو کەمتر بە لای راستی سەلمێندراودا دەشکێتەوە. بەڵکو قسەکردن لە زاراوەیەک وەکو نەژادی هاوبەشی رووبەرێکی هێجگار فراوان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئێستا جێگای گومانەو تەمومژاویە.. هیچ بەڵگەیەک نیە بۆ ئەوەی کە قسەکەرانی زمانی (پرۆتۆهیندۆ- ئەوروپی) وەکو ئاری ئاماژەیان بۆ خۆیان کردبێت(٥). واتە قسەکەرانی خێزانی زمانی هیندۆ- ئەوروپی کە زمانە ئێرانیەکانیش سەربەو خێزانەن، خۆیان ئاماژەی ئەوەیان نەداوە یان پێداگری ئەوەیان نەکردووەو بەڵگەی ئەوەش نیە کە باسی ئەوەیان کردبێت کە ئەمان لە نەژادی ئارین. کەواتە جێگای خۆیەتی بپرسین: ئایا پەیوەستکردنی ئەم قسەکەرانە بە نەژادی ئاریەوە لە کوێوە سەریهەڵداوە؟ ئەمەش گومان و تەمومژ لەسەر بەستنەوەی قسەکەرانی ئەم زمانانە بە نەژادی ئاریەوە دروست دەکات. لێرەوە گومانی زیاتر لەسەر بەستنەوەی کاردۆخی و مید بە نەژادی ئاریەوە دروست دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر نەتوانرێت بە بەڵگەی بڕواپێکراو ئەوە بسەلمێندرێت کە کاردۆخی و میدەکان لە رۆژهەڵاتەوە کۆچیان کردبێت بۆ چیاکانی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا. ئەوە ئاشکرایە کورد دەگەڕێتەوە بۆ لۆلۆ و گۆتی کاشی

و هۆری و میتانی و پێکهاتە ناسامیەکانی تری باکووری میسۆپۆتامیاو زاکرۆس لەگەڵ کاردۆخی و میدیەکاندا. ئەوانەی پێشەوە بێجگە لە کاردۆخی و میدیەکان، ئەوانی تر لە پێش باسکردنی کۆچی خێڵە هیندۆ- ئێرانیەکاندا لە ناوچەکەدا بوون. بەم پێیە ئەگەر گریمانەیەکی لاواز هەبێت بۆ ئەوەی کورد لە رووی رەچەلەکەوە پەیوەندی بە نەژادی ئاریەوە هەبێت، ئەوا دەبێ لە رێگای کاردۆخی و میدیەکانەوە هەیبێت. خۆ ئەگەر نەتوانرێت ئەوە بسەلمێندرێت کە کاردۆخی و میدیەکان لە نەژادی ئارین، ئەوا گریمانەی گێڕانەوەی کورد بۆ نەژادی ئاری دەبێتە گریمانەیەکی تەواو لاواز.

ئەوە راستیەکی رەتنەکراوەیە کە ئەگەر کاردۆخی و میدیەکانیش بگەڕێنەوە بۆ رەگەزو نەژادی ئاری، ئەوا هێشتا رێژەیەکی کەم لە کورد دەگەڕێتەوە بۆ نەژادی ئاری، چونکە ئەو خێڵە هیندۆ- ئێرانیانەی کە لە رۆژهەڵاتەوە یان لە هیندەوە کۆچیان کردووە بۆ زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا لەچاو دانیشتوانی ناوچەکەدا زۆر کەمبوون. هەربۆیە بەو پێیە زۆرینەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەکانی تر نەک بۆ کاردۆخی و میدیەکان. بەڵام ئەگەری ئەوەی کە میدیەکان لە رۆژهەڵاتەوە هاتبنە زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا، ئەگەرێکی زۆر لاوازەو ئەگەری ئەوەش هەیە کە نزیکی لە نێوان میدیەکان و سۆمەرییەکاندا هەبووبێت و بوونی چەندین وشەی هاوبەش لە نێوان زمانی سۆمەری و زمانی کوردیدا بەڵگەیەکی بەهێزترە بۆ سەلماندنی نزیکی نێوان ئەم دوو پێکهاتەیە لەچاو هەموو ئەو بەڵگانەی کە مێژوونووسانی رۆژئاوا میدیەکان و باپیرانی تری کورد دەبەستنەوە بە کۆچی خێڵەکانەوە لە هیندو رۆژهەڵاتەوە بۆ زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا، هەرچەندە بوونی پەیوەندی نێوان سۆمەری و میدیەکان یان سۆمەری و کورد تەنیا ناتوانرێت لە رێگای بوونی وشەی هاوبەش لە نێوان زمانی کۆنی سۆمەری و کوردیدا ئەو نزیکیە بسەلمێندرێت، بەڵکو دەشێت ئەوە پەیوەندی بە هەژموونی زمانی سۆمەرییەوە هەبووبێت بەسەر زمانی پێکهاتەکانی دواترەوە، چونکە زمانی سۆمەری یەکەم زمانی نووسین بووە.

لە بارەی میدیەکانەوە هاتووە: میدیەکان خەڵکی رەسەنی میسۆپۆتامیان و هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نیە بیسەلمێنێت کە لە جێگای ترەوە هاتبنە ناوچەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆربەی بەڵگەکان وای دەردەخەن کە میدیەکان خەڵکی

رەسەنی ناوچەکە بن و لەگەڵ سۆمەرییەکاندا هەمان نەتەوە بن(٦). هەر لەم رووەوە باسیلی نیکیتین دەڵێت: سەبارەت بە ریشەی-نەژادی- کورد ئێمە لەبەردەم دوو تیۆرییداین، یەکێکیان رەچەڵەکی کورد بە ئێرانی (هیندۆ-ئەوروپی) دادەنێت کە لە سەدەی حەوتی پێش زایندا لە ناوچەی دەریاچەی ئورمیەوە کۆچیان کردووە بۆ-سوب- ی ناوچەی بوهتان، ئەویتریان دەڵێت کوردەکان گەلێکی رەسەنن لەگەڵ بوونی پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان ئەوان و گەلانی تری دێرینی ئاسیادا بۆ نموونە کالدانین و جۆرجییەکان و ئەرمەنەکان، ئەوان پێشتر بە زمانی خۆیان قسەیان کردووە، پاشان زمانەکەیان گۆڕاوە بە زمانێکی ئێرانی تایبەت(٧).

سەرباری ئەوەی کە گریمانەی نزیک لە راستی ئەوەیە کە کوردەکان نەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا بن، لەوانەش لۆلۆلیەکان و کاسییەکان و گۆتییەکان و مانایيەکان و هۆری و میتانیەکان کە ئەمانە دانیشتووی رەسەنی ناوچەکە بوون و سەرباری بوونی بۆچوونی لەوجۆرە کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا کۆچی ئاریەکان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ ئەم ناوچانە روویداوەو لەسەر ئەو بنەمایەش رۆژئاواییەکان بە مەبەست و بۆ سەپاندنی رەچەڵەکی ئاریای بوون لێکدانەوەی لەم جۆرەیان کردووە، بەڵام سەلماندنی ئەم گریمانەیە ئاسان نیەو جگە لە داتاشین شتێکی تر ناگەیەنێت. لە پاڵ ئەم پێکهاتە یان خێڵە رەسەنانەی ناوچەکەدا، کورد دەچێتەوە سەر میدیەکانیش. هەروەک بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە پێیوایە میدیەکان لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا لە رۆژهەڵاتەوە کۆچیان کردووە بۆ بانەکانی ئێران و زاکرۆس و میسۆپۆتامیا. بەڵام سەلماندنی ئەم بۆچوونەش ئاسان نیە لە کاتێکدا لە نووسراوی بابلیەکاندا بەڵگەی ئەوە هەیە کە میدیەکان دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکەن و لە خێڵە کۆچەرەکانی ئاری نین. هەرچەندە بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە پێیوایە دانیشتوانی رەسەنی وڵاتی میدیا دواکەوتوو بوون و توانای بنیادنانی دەوڵەت و شارستانێتیان نەبووە، بەڵکو ئەوەی دەوڵەت و شارستانێتی میدیای بنیاد ناوە خێڵە کۆچەرە ئاریەکانن. لەم بارەیەوە توێژەری چیکی پراشێک لە کتێبەکەیدا بەناوی «مێژووی میدیا» لایەنگری ئەم بۆچوونەیەو دەڵێت: هەر کە ئاریەکان پێگەی خۆیان لەسەر

خاکی میدیا بەهێز کرد، دانیشتوانی ناوچەکە فەرامۆش کران و دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەست لاوە تازە پیاکەوتووە ئاریەکان. دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە بەکەڵکی ژیانێکی دیرۆکی سەربەخۆ نەدەهاتن(٨).

بێگومان ئەم بۆچوونەی پراشێک لە هەمان ئەو سەرچاوەیەوە هاتووە کە بە ئامانج ویستوویەتی لە هەر کوێیەک شارستانێتیەک بنیادنرابێت یان بەرهەمهاتبێت، بیگێڕیتەوە بۆ رەگەزی ئاری، واتە ئەو تێزەی کە پێیوابووەو رەنگە تاکو ئێستاش پێیوابێت نەژادی ئاری بە خۆڕسک نەژادێکی شارستانیەو لەسەروی نەژادو رەچەڵەکەکانی ترەوەیە. هەروەها بە بارێکی تردا پەسنکردن و پیاهەڵدانی کاری داگیرکەرانەو بە سووک و کەم بایەخ سەیرکردنی دانیشتوانی رەسەنی میدیا و شوێنانی تریشە، کە گوایە نەیانتوانیووە دەوڵەت و شارستانێتی بەرهەمبهێنن، بەڵکو ئەوە ئاری نەژادە شارستانێتی و کاراکان بوون توانیویانە لە سەر زەمینی ئەوانی تردا شارستانێتی بەرهەمبهێنن. ئەمەش لە لایەک رەوایەتیدانە بە نەژادی ئاری بۆ داگیرکردنی شوێنانی تر، لە لایەکی ترەوە بێ بەها سەیرکردنی ئەوانی تری نائاریە کە توانای پێشکەوتن و بنیادنان و شارستانێتبوونیان نیە. لەم وتەیەی پراشێکدا، سەرباری نەتوانینی سەلماندنی راستیبوونی بۆچوونەکەی، ئەوە دەردەکەوێت کە تەنانەت ئەگەر ئەوەش راست بێت کە ئاریەکان لە سەروبەندی دروستبوونی دەوڵەتی میددا هاتبنە وڵاتی مید، ئەوا میدیەکان پێش هاتنی ئەوان هەبوون و ئەوان کە وەکو کەمینەیەک هاتوون لەبەرئەوەی گوایە شارستانی و پێشکەوتووبوون بۆیە دەسەڵات کەوتووەتە دەستی ئەوان. واتە ئەوان هەم تازە هاتوون و هەم کەمینە بوون و هەم تازە پیاکەوتوو بوون، واتە رەگوریشەیان لە سەر خاکی میدیا نەبووەو پێش هاتنی ئەوان گەلی میدیا دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە بوون و پەیوەندییان بە نەژادی ئاریەوە نەبووە. خۆ ئەگەر دواتر کورد لە نەوەی میدیەکان بێت، ئەوە بەرێژەیەکی زیاتر نەوەی دانیشتوانی رەسەنی سەرزەمینی میدیایە، نەک بە تەنیا نەوەی ئەو کۆچەرییە ئاریانەی کە تازە هاتوونەتە سەر خاکی میدیا. واتە لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە گریمانەی ئاری بوونی کورد وەکو نەوەی لۆلو و گۆتی و کاشی و هۆری و میتانی و سۆباری و میدو کاردۆخی گریمانەیەکی هێجگار لاوازە. لەبارەی تێڕوانینی مێژوونووسیی رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات بەگشتی و

بۆ مێژووی میدیا بە تایبەتی، دیاکۆنۆف دەڵێت: ئەو تیۆرییە مێژووییانەی زانا بۆرژوازییەکان بوونیادیان نان، جۆراوجۆرن. لەبارەی مێژووی میدیاوە زیاتر ئەو تیۆرییانەیان بەکار دەهێنا کە دەچوونەوە سەر تیۆرییەکەی ئیدوار مێنێر. بەپێی ئەم تیۆرییانە لەو کاتەدا کە مێژووی ئەوروپا لە گۆڕانی بەردەوامدا بوو، واتە گۆڕانی رۆژگاری سیستێمی دەرەبەگایەتی بۆ رۆژگاری سیستێمی سەرمایەداری، ئاسیا لە دۆخێکی چەقبەستووی سیستێمی دەرەبەگایەتیدا بوو. گوایە نەتەوەکانی ئاسیا هەرگیز ناتوانن گەشە بکەن و پێش بکەون. لێرەدا مێژوو بریتی بوو لە «هۆزی سەروەر»کە خۆی لە بارۆنە دەرەبەگەکاندا دەبینیەوە، بێگومان لە نێو ئەوانیشدا «نەژادی ئاری» یاخود هیندو ئەوروپیەکان فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان دەکرد(٩). بێگومان ئەم وتەیەی دیاکۆنۆف کە تا ئەندازەیەکی زۆر نزیکە لە بۆچوونی ئیدوارد سەعید لە سەر رۆژهەڵاتناسی، گەوهەری تێڕوانینی رۆژئاوایە بۆ رۆژهەڵات یان بۆ دەرەوەی رۆژئاوا. ئەمەش زیاتر پەردە لەسەر ئەو بۆچوونە تەمومژاوییانە سەبارەت بە رۆژهەڵات و بەتایبەتیش میدیا لادەبات کە بەرهەمی عەقڵ و تێڕوانینی پشتبەستوو بەچەمکی رۆژهەڵاتناسی نووسەرانی رۆژئاوایە سەبارەت بە مێژووی میدیاو هەوڵدان بۆ بە ئاریکردنی دەوڵەتی میدیا و نەژادی میدیا. ئەمەش لەو روانگەیەوە دێت مادەم میدیا لە قۆناغێکی مێژوویدا ئامادەبوونی هەبووەو شارستانێتی بەرهەمهێناوەو ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، کەواتە دەبێ ئەو ئامادەبوونە بەرهەمی هۆزی سەروەر یان بە دەربڕینێکی تر بەرهەمی نەژادی باڵای ئاری بێت. بۆ سەلماندنی ئەمەش باشترین رێگا ئەوەیە کە دەوڵەتی میدیا بکرێت بە بەرهەمی دەستەیەکی لە رۆژهەڵاتەوە هاتووی ئاری تازە پیاکەوتوو، نەک بەرهەمی دانیشتوانی رەسەنی سەرزەمینی میدا کە لەچاو ئەو خێڵە کۆچەرییە ئارییانەدا زۆرینە بوون. ئاشکرایە لە یاسای سروشتدا کەمینە لەناو زۆرینەدا دەتوێتەوە نەک بە پێچەوانەوە. ئەمەش لە راستیدا هەرچەندە بۆ مێژووی سەردەمی میدیا لە رووی زاراوەوە لە جێگای خۆیدا نیە بەڵام جۆرێکە لە داگیرکردنی کەلتووری کە ئێمە پێشتر لەژێر ناوی «کۆڵۆنیالیکردنی کەلتووری»دا باسمان لێوە کردووە(١٠).

ئاشکرایە لێکدانەوەی لەوجۆرەش بۆ وشەی.. «ئاری» دەکرێت کە لە وشەی «ئار»ەوە هاتبێت کە لە فارسی کۆندا بە مانای ئاگر دێت و ئاری بە

واتای ئاگرپەرست و ئاریان بە واتای ئاگرپەرستەکان دێت(١١). دیارە ئەگەر سەیری ئەم لێکدانەوەیە بکەین ئەوا بەئاشکرا دەبینین کە ئاری یان ئاریان مانای نەژاد هەڵناگرێت، بەڵکو هەڵگری مانای بڕواهێنان و پەرستنە، واتە بەتەواوی دەلالەتی ئایینی هەیە، ئایینیش بەهیچ شێوەیەک نەژاد دیاری ناکات و پەیوەندی بە نەژادو زمان و رەنگ و جێندەرەو جوگرافیاوە نیە. هەروەک ئەگەر ئەم لێکدانەوەیەش بۆ مانای ئاری یان ئاریان راست بێت، ئەوا دیسان ناتوانرێت بسەلمێنرێت کە کوردی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ نەژادی ئاری، چونکە ئەو پێکهاتانەی کە کوردی ئێستایان بۆ دەگەڕێتەوە لە لۆلۆو گۆتی و میتانی و کاشی و هۆری یان حۆری و کاردۆخی و میدیەکان هیچیان ئاگرپەرست نەبوون. بەوپێیە ئاری یان ئاریای نەبوون، کەواتە چۆن دەبێت نەوەکانیان بە ئاری دابنرێت؟ هەر لەبارەی کوردەوە سەبارەت بەوەی کە نەوەی خێڵە کۆچکەرەکانی رۆژهەڵات بێت، کاڤالی فۆرزا کوردی بەوە ناساندووە کە گەلێکی ناوچەیین و بە زمانەکانی باکووری ئێران ئاخاوتن دەکەن و بەشێوەیەکی گشتی لە کاسپیان- قەوقاز- لە خۆرئاواوە نزیکن هەتا لە ئێرانیەکان لە ناوەندو لە خۆرهەڵات(١٢). ئەم بۆچوونەی کاڤالی جەخت لەوە دەکاتەوە کە کورد لە مێژوویەکی زووەوە لە هەمان ئەو جوگرافیایەدا بوون کە ئێستا لێی دەژین. بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە پێش پێکهاتنی ئیتنیکی- ئیتنۆگیزی- کورد باپیرانی کورد لە هەمان ئەو جوگرافیایەدا ژیاون، کە زۆرینەی بۆچوونەکانیش ئەوەیە کە کورد نەوەی تاکە بنەچەیەک نیە بەڵکو نەوەی ئەو پێکهاتانەیە کە لە پێش رووخاندنی دەوڵەتی میدا لە زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیادا ژیاون. تەنانەت سەرباری ئەوەی توێژەرێکی دیاری وەکو مینۆرسکی زیاتر کورد دەباتەوە سەر مادەکان و مادەکانیش وەکو گەلێکی ئێرانی نیشان دەدات و ئەو بۆچوونانەی مینۆڕسکیش وەکو راستی چەسپاویان لیهاتووە، بەڵام ئەم لێکدانەوەیەش بەهۆی لێکچوون لە نێوان زمانی کوردی و زمانی مادەکاندا دروستبووە، هەچەندە باسی ئەوەش دەکرێت کە لە رووی زمانەوە نزیکیەکی ئەوتۆ لە نیوان مادەکان و کورددا نیە..چونکە لە رووی زمانەوانیەوە تەنیا چەند وشەیەک هەیە لە نێوان کوردو مادەکاندا کە هاو واتا بن. لە کاتێکدا ئەمە بەس نیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کورد لە بنەچەدا ئێرانیە(١٣). ئەم بۆچوونەش لە جێگای خۆیدایە چونکە لە نێوان زمانی کوردی و سۆمەریشدا

چەندین وشـەی هـاو واتـا هـەن، کەواتـە ئەگـەر تەنیا پشـت بـەو بۆچوونـە زمانیـە ببەسـترێت ئـەوا بەهەمـان پێوانـە دەبێ بگوترێت کوردو سۆمەرییەکان لـە هەمـان رەچەڵەکن، کـە سـۆمەرییەکان لـە میسـۆپۆتامیدا ژیـاون و باپیرانـی کوردیـش لـە باکووری میسـۆپۆتامیاو چیاکانـی زاکرۆس بـوون. لـە هەمـوو بارێکیشـدا ناشـێت وەهـا لێکبدرێتـەوە کـە کـوردی ئیسـتا یـەک بنەچـەو یـەک نـەژادی هەیـە، بەڵکـو ئـەوەی لـە راسـتیەوە نزیکتـرە ئەوەیـە کـە بـە ئیتنۆسـبوونی کـورد لـە توخـم و بنەچـەو رەچەڵەکی فرە چەشـنەوە هاتووە..لـە رووی کەلتووری و مێژوویشـەوە گریمانەیـەک هەیـە کـە جێـگای لێکدانـەوەو مشـتومڕە. ئـەو گریمانەیـە لەسـەر جوگرافیـای ناوچەکـە بـە پشـت بەسـتن بـە بـواری زمانەوانـی کـورد دروسـتبووە، بـەوەی لـە رەگەزێـک و کەلتوورێکـی هەمەچەشـن و فراوانتـرە کـە لـە خۆرئـاوای ئاسـیادایەو دوورە لـە ناوەنـد و خۆرهەڵاتـی ئێـران و باشـووری خۆرئـاوا(١٤).

لێـرەدا ئاشـکراتر دیـارە کـە کـورد لـە رەچەڵەکـی جۆراوجـۆر پێکهاتـووە، ئەمـەش ئـەو بۆچوونـەی تاکو ئێسـتا وەکو چەسـپاو سـەیر دەکرێت بـەوەی گوایـە کـورد لـە رەچەڵەکـی ئاریـە رەت دەکاتـەوە، چونکـە کـورد لـە تاکـە رەچەڵەکێـک نیـە هەتـا بگوترێـت هەمـوو کـورد لـە رەچەڵەکـی ئاریـە. تەنانـەت ئەگـەر ئـەو هەمـە چەشـنیەی رەچەڵـەک و بنەچـەی کـورد رەچەڵەکـی ئاریشـی تێـدا بێـت، ئـەوا نـەک نـەژادی ئـاری نـەژادی باڵادەسـت نیـە لـە نێـو کـورددا، بەڵکـو ئەگـەر هەشـبێت ئـەوە لـە کەمینەیەکـی کـەم زیاتـر نیـە. هـەروەک پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو بۆچوونـەش راسـت بێـت کـە هەندێ لـە خێڵـە کۆچـەرە ئاریـەکان لـە رۆژهەڵاتـەوە بـەرەو زنجیـرە چیاکانـی زاکـرۆس کۆچیـان کردبێـت، ئـەوا لـە کاتـی گەیشـتنی ئەوانـدا، دانیشـتوانی رەسـەنی زاکـرۆس زۆر لـەو خێڵـە ئاریـە هاتووانـە- ئەگـەر هاتنەکەیـان راسـت بێـت- زیاتـر بـوون. بۆیـە ئەگـەر ئـەو خێڵـە ئاریانـە هەبووبن و تـا سـەروەختی بـە ئیتنۆسـبوونی کوردیـش مابنـەوە، ئـەوە لـە کەمینەیـەک زیاتـر نەبـوون. هـەروەک خاڵێکـی تـری گرنـگ لـەم وتەیـەی سـەرەوەدا ئەوەیـە کـە دەرکەوتنـی کـورد یـان ئـەو جوگرافیایـەی کـە کـورد لەسـەری بووەتـە ئیتنـۆس، لـە ناوەنـدو باشـووری خۆرهـەڵات و تەنانـەت لـە خۆرئـاوای ئێرانیشـەوە دوورە، بەڵکـو لـە خۆرئـاوای ئاسـیادایە، کـە مەبەسـت لەمـەش باکـووری میسـۆپۆتامیاو ئەناتۆڵیایـە.

رەنگە یەکێک لەو هۆکارانەی کە پێش خەڵکی تر، مێژوونووسانی کوردو ناسیونالیستانی کورد خۆیان بە ئاری داناوەو بێ هیچ گومان و دوو دڵیەک خۆیان گەڕاندووەتەوە بۆ نەژادی ئاری، لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ئەمان بە متمانەوەو بێ هیچ گومانێک کوردیان نەک هەر بە نەوەی میدیەکان داناوە بەڵکو کوردیان وەکو درێژکراوەی میدیەکان دانانەوەو ئەو بۆچوونانەشی کە میدیەکانیان بە رەچەڵەک بردۆتەوە سەر نەژادی ئاری وەکو راستیەکی رەتنەکراوە وەرگرتووە. واتە لەسەر بنەمای بڕوابوون بەوەی کە کورد نەوەی میدیەکانەو میدیەکانیش سەر بە نەژادی ئارین، کەواتە دەبێ کوردیش سەر بە نەژادی ئاری بێت. بابەتی ئارییبوونی میدیەکانیش ئەوەی وەکو کۆنترین سەرچاوە باسی دەکات و تا ئەم دواییانەش وەکو راستیەکی رەتنەکراوە باسکراوەو بڕوای پێهێنراوە قسەو بۆچوونەکانی باوکی مێژوو هیرۆدۆت و بۆچوونەکانی سترابۆیە کە ئەوەی ئەوان سەبارەت بە بنەچەی میدیا و پارسەکان و گەلانی تری ناوچەکە گوتوویانە وەکو راستیەکی چەسپاوی لێهاتووە» بەپێی وتەکانی هیرۆدۆت و سترابۆ ماد-میدیەکان لقێکن لە خێزانی مرۆڤایەتی ناسراو بە ئاری، یان ئێرانی کە خۆی ژێر لقیکی سەرەکییە لە نەژادی هیندۆ ئەوروپی..پارسەکان، میدیەکان، ساگارتتیەکان، خەوارِیزمیەکان، باکتەرییەکان، سوغدییەکان، هیرکانییەکان، زارانگیەکان، قەندەهارییەکان، هیندیەکانی سانسکریتی، هەموویان لە یەک ریشە بوون(١٥). بەڵام ئەو ریشەیە چیە؟ لە راستیدا لەسەردەمی هێرۆدۆت و سترابۆ و کتسیاس...دا باسی نزیکی و هاونەژادی پێکهاتەکان کراوە، نەک ناوی نەژادەکان دیاری کرابێت، چونکە ناوی نەژادەکانی وەکو سامی و ئاری و... لە سەدەی هەژدە بۆ دواوە دەرکەوتوون.

بێگومان ئەگەر ئەوە راستبێت کە کوردەکانی ئێستا نەوەی راستەقینەو خوێنی خاوێنی میدیەکان بن -هەرچەندە خوێنی خاوێن بوونی نیە- ئەگەر ئەوەش راستبێت کە میدیەکان لە نەژادی ئاری بن، بەوپێیە کورد لە بنەچەو نەژادی ئاریە. بەڵام زۆرینەی بەڵگەو بۆچوون و لێکدانەوەکان پشتگیری ئەوە دەکەن کە کوردەکان هەرگیز یەک بنەچەو نەژادییان نیەو بەڵگەی روون و سەلمێنەریش لەبەردەستدا نیە بۆ پێداگری کردن لەوەی کە کوردەکان تەنیا

نـەوەی میدیـەکان بـن. ئێمـە پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد دەشـێت میدیـەکان یەکێـک لـەو چەندیـن پێکهاتانـە بـن کـە کوردیـان بـۆ دەگەڕێتـەوە، بـەڵام هەرگیـز ناشـێت زۆرینـەی کـوردەکان نـەوەی میدیـەکان بـن.» ئـەوە سـەلمێندراوە کـە مێـژووی کەلتـووری کـورد لـە تیۆریـی مـادەکان جیایـە، ئـەوەش بەپێـی ئـەو بەڵگانـەی کـە لـە لایـەن بارپۆڵـد جـۆرج ١٧٧٦-١٨٣١ لـە سـەرەتاکانی نیـوەی سـەدەی نۆزدەیەمـدا لێـی کۆڵراوەتـەوە و بڵاوکراوەتـەوە(١٦).

تەنانـەت ئەگـەر وەکو گریمانەیەک بەشـێک لـە کوردی ئێسـتا نەوەی مـادەکان بـن، هێشـتا گومانـی زۆر دەوری ڕەچەڵـەک و نـەژادی مادەکانـی داوەو زیاتـر لەوەی کە لـە کۆچـەرە ئاریـەکان بن، لـە خێڵە کۆچـەری و شـوانکارە ناوخۆییەکانی زاکـرۆس و باکـووری میسـۆپۆتامیان. تەنانـەت بۆچوونـی لەوجـۆرەش هەیـە کـە توێـژەران و لێکۆڵەرانـی ڕۆژئـاوا نـەک هـەر مادەکانیـان وەکـو پێکهاتەیەکـی بـە نـەژاد ئـاری بـۆ مەبەسـتی خۆیـان دانـاوە، بەڵکـو تەنانـەت هەمـان بۆچـوون بـۆ دانانـی پارسـەکانیش بـە نـەژادی ئـاری و بـە بەشـێک لـە هیندۆئەورپییـەکان ئامانجدار بـووەو لەژێر کاریگـەری چەمـک و ڕوانیـن و سـتراتیژو ئایدۆلۆجیای ئۆرێنتالیزمدا بووە. لـەم ڕووەوە ئیقرار عەلی بێف دەڵێت: هێنانـە گـۆڕی ئـەوەی کـە مـادەکان تەنیـا هـەر ئێرانـی بـوون، بێگومـان بەرهەمـی لایەنگریـی ئامانجدارو بیرۆکـەی لـە ڕووی زانسـتیەوە ڕووکەشـیی کۆچکردنـی هیندۆئەورووپییەکانـە. ئـەم بیرۆکەیـە بـەدەر لـە هەندێ حاڵەتـی ناوازە، زیاتـر لەسـەر بنەمـای ڕوانگـە مـردوو و میتافیزیکییـەکان بینـا کـراوە. ئاشـکرایە کـە نابـێ وەک لایەنگرانـی ن.ی. مـار دژایەتـی بیرۆکـەی کۆچبـەری بکەیـن{ مـار پێیوایـە کـە مـاد بـە تـەواوی دانیشـتوانی خۆجێـی ناوچەکـەن و کۆچبەرانـی ڕۆژهالاتـی لـە نێـو مادەکانـدا بوونـی نیـە..}، بـەڵام هـاوکات نابـێ وەک زۆربـەی هـەرە زۆری لێکۆڵـەرە بـۆرژواکان -لـە ڕابـردوو ئێسـتادا- هەمـوو کۆچبەرییـەکان بـە بەشـێک لـە مێـژووی مـاد لـە قەڵـەم بدەیـن. ئـەوان بۆیـە پێویسـتیان بـە داهێنانـی ئاخێزگـەی هیندۆئەورووپی[ئێرانـی] بـۆ مـادەکان بـوو، کـە بیسـەلمێنن ئێرانیـەکان تەنیـا بەهـۆی «کۆچـی ئاریەکانـەوە» توانیـان بـە ژیانـی مێـژووی سـەربەخۆ بگـەن- ئەمـەش ڕای زانـای بەناوبانگـی کۆتایـی سـەدەی نـۆزدەو سـەرەتای سـەدەی بیسـت بـوو-(١٧). کەواتـە لێـرەدا باسـی ئـەوە دێتـە پێشـەوە کـە نووسـەران و لێکۆڵەرانـی ڕۆژئـاوا، واتـە ئەوانـی

کە ئیقرارعەلی یێف و دیاکۆنۆف بە لێکۆڵەرانی بۆرژوا ناویان دەبەن، کە زۆرینەیان بەپێی بنەچەو رەچەڵەک ئاری نەژادن، وای دەبینن هەر شارستانێتی و پێشکەوتنێک لە مێژووی پێش دەرکەوتن و بوون بە دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە رۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیادا بەرهەمهاتبێت، بەپێویست دەبێ بەرهەمی هیندۆئەوروپیەکان یان نەژادی ئاری بووبێت. ئەمەش نەک هەر بۆ مێژووی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوا لە مێژووی نوێدا، بەڵکو بۆ نووسین و تۆمارەکانی هێرۆدۆت و سترابۆ-ش دەمانخاتە بەردەم گومانەوەو ئەوەمان وەکو راستیەک نیشان دەدات کە رۆژئاواییەکان بەرهەمهێنانی شارستانێتیان بە هیچ رەچەڵەک و نەژادێکی تری غەیری رەچەڵەک و نەژادی ئاری رەوا نەبینیووە، هەربۆیە هەوڵیانداوە شوناسی سارستانێتی میدیەکان و پاشانیش شارستانێتی پارسەکان بە هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکان و ساسانیەکانیشەوە کە لە دەرەوەی هەژموونی رۆژئاوابوون، بکەن بە بەرهەمی نەژادی ئاری و بەرهەمی هیندۆئێرانیەکان. بۆ ئەو مەبەستەش کورتترین رێگا ئەوە بووە کە میدیەکانیان بە نەژادی ئاری و بە نەوەی کۆچبەرە هیندۆئەورپیەکان داناوە. دیارە دەشێ هەمان لێکدانەوەو بۆچوونیش بۆ بە ئاری دانانی پارسەکانیش بەجۆرێک نزیک بێت لە راستی. لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەش دیسان ئەگەر گریمانەی ئەوە راستبێت کە کورد بە گشتی یان تەنانەت بەشێک لە کورد نەوەی میدیەکان بێت، هێشتا لە رووی رەچەڵەک و بنەچەوە کورد ناچێتەوە سەر نەژادی ئاری و هیندۆ-ئێرانیەکان.

بێگومان ئەوەی پەیوەندی بە بوونی کورد بە نەژادی ئاری و بە میلەتانی هیندۆئێرانی و تەنانەت لە ئاستیکی تردا بە هیندۆئەوروپییەکانەوە هەیە، ئەوەی هێناوەتە بەرباس کە ئایا کورد نەوەی ئەو خێڵە ئاریە هیندۆئەوروپیانەیە کە گوایە لە رۆژهەڵاتەوە کۆچیان کردووە بۆ بانەکانی ئێران، یان لە راستیدا کورد نەوەی ئەو پێکهاتانەیە کە دانیشتووانی رەسەنی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا بوون؟ هەڵبەت زۆرینەی میدیاناسان و مێژوونووسانی مێژووی دێرینی میسۆپۆتامیاو پارس و نووسەرانی رۆژئاوایی کە زۆرینەی ئەمەی دواییان لە روانگەی ئۆرێنتالیزمەوە کە گەوهەرەکەی بە ئاریکردن و بە هیندۆئەوروپاییکردنی میلەتانی دیارو خاوەن شارستانێتی رۆژهەڵاتە، ئەوەی

پێیگەیشتوون وەکو دەرئەنجام ناجێگیرەو تەنانەت دژایەتی تێدایە. ئەمەش پەیوەندی بە چۆنێتی نووسینەوەی مێژووەوە هەیە وەکو نووسینەوەی رووداوەکان. واتە ئەگەر مێژوو تەنیا بریتی بێت لە نووسینەوەو تۆماری رووداوەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە مەبەست و ئامانجی مێژوونووس رۆڵی دیار دەبینێت لە چۆنیتی نووسینەوەی رووداوەکاندا. دیارە ئەگەر ئەم قسەیە بۆ مێژووی نوێ یان بۆ ئەو مێژووەی لە کاتی رووادنی رووداوەکاندا دەنووسرێتەوە زۆر نزیک بێت لە راستی، ئەوا لێکۆڵینەوە لە مێژووی دێرین کە رووداوەکان زۆریان بەسەردا تێپەڕیوەو لە سەروەختی روودانیاندا تۆمار نەکراون، میزاجی مێژوونووس رۆڵی گرنگ دەبینێت لە خراپ یان بە ئاوەژوونووسینەوەی مێژوودا. بێگومان ئەگەر ئەمە بۆ میلەتانێک کە مێژووی خۆیانیان نووسیوەتەوە بە تایبەتی ئەو میلەتانەی کە لەو قۆناغانەدا نووسینی خۆیانیان هەبوبێت بە جۆریک راستبێت، ئەوا بۆ میلەتانی دەرەوەی مێژوو، واتە ئەو میلەتانەی کە نەبوونەتە خاوەنی دەوڵەت و لە رابردووشدا نووسینیان نەبووە، لە جۆری کورد، ئەوە راستیەکی رەتنەکراوەیە. بە تایبەتی لەبەرئەوەی خۆیان نەیانتوانیووە مێژووی خۆیان بنووسنەوە، ئەوا یان ئەوانی تر مێژوویان بۆ نووسیونەتەوە، کە دەشێ نەیارەکانیشیان بووبن، یان ئەوانە بووبن کە لە پێناوی جوانکردنی مێژووی خۆیاندا، مێژووی ئەوانیان ناشیرین کردبێت، یان وەکو ئەوەی خۆیان ئارەزوویان کردووە، بەوجۆرە مێژووی میلەتانی وەکو کوردیان نووسیووەتەوە. کە ئاشکرایە بە ئاری دانانی باپیرانی کورد، یان بە هیندۆئێرانی و هیندۆئەورپی دانانی باپیرانی کورد، یان بە شوانکارەو دڕندەو سەرەتایی دانانی باپرانی کوردو کورد خۆی، یان بە نەوەی دێوو جنۆکە دانانی کورد.. بەگشتی دەرئەنجامی ئەو بۆچوونانەن کە بە نابابەتی سەیری کوردو باپیرانی کوردیان کردووە.

بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە میدیەکان بە ئاری بزانرێن یان ناوببرێن، دەگەڕیتەوە بۆ قسەکانی کستیاس و هیرۆدۆت کە ئەوان لە رووی کاتەوە لە مێژوونووسانی تری میدیا نزیکتربوون لەو سەردەم و رووداوانەوە کە مێژووەکەیان نووسیوەتەوە. بە تایبەتی کستیاس کە پەیوەندی بە پارسەکانەوە هەبووەو دەسەڵاتی پارسەکانیشی وەکو درێژەپێدەری دەسەڵاتی

میدیا سەیرکردووەو هەردووکیانیشی بە دەسەڵاتی نەژادی ئاری و ئێرانی داوەتە قەڵەم. ئەم بۆچوونەش لەگەڵ روانینی نووسەرانی نوێی رۆژئاوادا سەبارەت بە میدیاو پارس و نەژادی ئاری و هیندۆئێرانی و هیندۆئەوروپیەکان هاوشێوەیە. راولینسۆن دەڵێت: یەکەمین بەیەکگەیشتنی میدیاو ئاشوور لە کاتێکدا بوو کە ئاشوور لە لوتکەی هێزی خۆیدا بوو، میدیا تەنها دوای ماوەیەکی درێژ لە لاوازی و نادیاری، تازە دەرکەوتبوو. ئەم یەکەمین بەیەکگەیشتنە هەر ئەوەیە کە کستیاس وەکو رۆژی شۆڕشی گەورە ناوی دەهێنێت، کە بوو بە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆریەتی خۆرهەلات لە ژێر دەستی سامییەکان بێتە دەرەوەو بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئاریەکان. نیشتەجێبوونی درێژمەودای کتسیاس لە نێوان پارسەکان، بووەتە هۆی لایەنگریکردنی لە ئەم خەڵکە و ئەم لایەنگرییە تەنانەت خزمە نزیکەکانی ئەوان، واتە میدیەکانیشی گرتووەتەوە. ئەو-کستیاس- بەهۆی درەوشانەوەی ئەم دوو نەژادە ئاریەوە، دەستپێکی ئیمپراتۆریەتەکەیان بۆ بەرواریکی زۆر پێشووتر لە بەرواری راستەقینە دەگەڕێنێتەوە(١٨).

لێرەدا راولینسۆن باسی دەرکەوتنی میدیا لە قۆناغێکی زۆر پێشتر لە دروستبوونی دەوڵەتی میدیا دەکات، کە دواتر بۆ ئاخاوتنی ئەوە دەگەڕێینەوە، بەلام ئەوەی لەم وتەیەدا ئاشکرایە ئەوەیە یەکەم میدیەکان کە پێشتر لاوازو نادیاربوون، بەلام دواتر بەهێزەوە دەرکەوتوون و ئاشکرایە بوونەتە ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز کە لە ساڵی ٦١٢ی پێش زاییندا، دەوڵەتی ئاشوورییان روخاندووە. کتسیاس لەبری ئەوەی بڵێت دەسەڵات کەوتە دەستی میدیەکان، دەڵێت دەسەڵات کەوتە ژێر دەستی ئاریەکان، واتە ئەو وای داناوە کە میدیەکان ئارین، یان راستتر وایە بڵێین ئەو دڵنیابووە لەوەی کە میدیەکان سەربە نەژادی ئارین. هەڵبەت ئەگەری راستی گریمانەیەکی لەم جۆرە زۆر کەمە. دووەم راولینسۆن باسی ئەوە دەکات کە کتسیاس گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دەستی میدیەکان کە دیارە ناویشیان نابات وەکو درەوشانەوەی ئەو دوو نەژادە ئاریە سەیر دەکات. دیارە مەبەستی لە دوو نەژادی ئاری میدیەکان و پارسەکانە، کە لە راستیدا بۆ ئەو مێژووە پارسەکان هێندە ناسراو نەبوون، چونکە مێژووی دیاری پارسەکان لە بنەماڵەی هەخامەنشیەکانەوە دەست پێدەکات، کە ئەوانیش دەسەڵاتێکی ناوچەیی بوون، هەتا ئەو کاتەی لە ساڵی

٥٥٠ی پێش زایینـدا، کۆرشـی یەکـەم دەوڵەتـی میدیـای روخانـد، واتـە مێـژووی دەسـەڵاتی پارسـی لـەو کاتـەوە دەسـتپێدەکات نـەک لـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی میدیـاو گەشـەکردنی دەسـەڵاتی میدیـاوە. ئاشـکرایە کـە پارسـەکان دەوڵەتـی میدیـان روخانـدووە، ئیتـر چ بنەمایـەک هەیـە بـۆ ئـەوەی دەوڵەتـی روخێنـراوی میدیـاو دەوڵەتـی روخێنـەری پارسـی هەخامەنشـی وەکـو دەسـەڵاتی نـەژادی ئاری لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی سـامیدا دابنرێن، یان سـەیر بکرێن. وەکو پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد باسـکردنی میدیـەکان وەکـو میلەتێکـی سـەربە نـەژادی ئـاری زیاتـر پەیوەنـدی بـەو بۆچوونـەی کتسیاسـەوە هەیـە کـە وەکـو راسـتی چەسـپاو خسـتوویەتیە ڕوو.

دیـارە ئـەوە ئاشـکرایەو وەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد هیـچ بەڵگەیەکـی بەهێـزی ئەوتـۆ لەبەردەسـتدا نیـە کـە بیسـەلمێنێت کـورد بـە تەواوەتـی نـەوەی میدیەکانن، بۆیـە ئەگـەر گریمانـەی ئـەوەش بکرێـت کـە ئـەو بۆچوونـەی کتسیاس راسـتەو میدیـەکان لـە نـەژادی ئارین، هێشـتا ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێـت کـە کـورد لـە نـەژادی ئاریـە، چونکـە لـە زیاتریـن ئەگـەردا ئەوەیـە کـە بەشـێک لـە کـورد نـەوەی میدیـەکان بن.

بـەڵام بۆچوونـی ئـەوە هەیـە کـە میدیـەکان زۆر لـە پێـش کۆچـی خێڵـە هیندۆئەوروپیـە ئـاری نەژادەکانـەوە بـەرەو رۆژئـاواو بانەکانـی ئێـران هاتبـن، لـە باکـووری میسـۆپۆتامیاو ئـەو شـەش یـان حـەوت زنجیـرە چیایـەدا ژیابـن کـە بـە زاکرۆس ناسـراوە. لـەم بارەیـەوە جـۆرج راولینسـۆن ئامـاژە بـۆ گریمانـەی بـوون و دەرکەوتنـی میدیـەکان لـە هەمـان ئـەو جوگرافیایـەی کـە تیایـدا بـوون دەخاتـە ڕوو. ئەویـش یەکـەم لەسـەر بنەمـای بوونـی نـاوی «مـادای»ە لـە کتێبـی وەچـەی نەوەکانـی نوحداو دووەم ئەوەیـە لـە لایـەن بروسـەوە لـە نووسـینەکانیدا سـەبارەت بـە بنەماڵـە کـۆن و بوومییەکانـی کلدانیـدا خراوەتـە روو، کـە تیایـدا باسـی ئـەوە دەکات لـە دوو هـەزار سـاڵ پێش زایینـدا خەڵکـی مـاد بابلیـان داگیـر کـردووە. لـەم رووەوە راولینسـۆن دەڵێـت: دوو تێبینـی راچڵەکێـن لـە کارەکانـی دوو کەسـایەتی زۆر دوورو جیـاواز لـە یەکتریـدا دەبینرێـن. لـە کتێبـی تۆڵـدۆس بەنـی نـوح یـان هەمـان[ کتێبـی وەچـەی کوڕەکانـی نـوح] کـە تـەوەری دەیەمـی کتێبـی پەیدابـوون [تـەورات] پێکدەهێنێـت و هەروەهـا لـە کاری مووسـا کـە بـە

ئەگەرێکی زۆر لە نزیکەی ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین نووسراوە، ئێمە وشەی مادای کە لە هەموو شوێنێکی تردا نیشاندەری مادەکانە- لە بنەچەنامەی کوڕەکانی یافسدا دەبینین. ئەم وشەیە لەوێدا لەگەڵ چەند ناونیشانی رەگەزی گرنگی دیکەی وەکوو گۆمەر، ماجوج، جاوان، توبال و مێشێ یەکدەگرنەوەو بێ گومانێکی بەجێ، پیشاندەری خەڵکی میدیایە(١٩). کەواتە بوونی وشەی مادا کە بە مانای مادەکان دێت لە تەوراتدا، ئەوە دەگەیەنێت کە لە کاتی نووسینی یان هاتنی تەوراتدا مادەکان بوونیان هەبووەو بوونێکی دیاریش بۆیە ناویان لەو کتێبەدا هاتووە. ئاشکرایە کە هاتنی تەورات پێش کۆچی خێڵە ئاریەکان بووە بۆ بانەکانی ئێران و چیاکانی زاکرۆس. ئەمەش ئەوە لە راستی نزیک دەکاتەوە کە مادەکان لە پێش ئەو شەپۆلی کۆچەی ئاریەکاندا بوونێکی دیارو لەبەرچاویان هەبووە، بۆیە ناشێت ئەو گریمانەیە راستبێت کە مادەکان سەر بە نەژادی ئاری بن. هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرەش دەبینرێت کە باسی ئەوە دەکات کە ئاریەکان لە دوو قۆناغی جیادا هاتوونەتە ناوچەکەو قۆناغی یەکەم دەگێڕنەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر. دیارە ئەم بۆچوونەش کاتێک هاتۆتە ئاراوە کە بەڵگەی ئەوە دەرکەوتووە بوونی مادەکان لە ناوچەکەدا بۆ پێش کۆچی خێڵە ئارایییەکان دەگەڕێتەوە. باسکردنی کۆچی کۆنتری خێڵە ئارایییەکان بۆ رۆژئاوای ئاسیا دوای دەرکەوتنی ئەو بەڵگانە سەریهەڵداوە، کە ئەوەش هەر بەو مەبەستە بووە لە هەموو بارێکدا میدیەکان ببەسترێنەوە بە نەژادی ئاریەوە.

هەروەها لە لایەکی ترەوە باس و خواسێک سەبارەت بە بوونی زۆر کۆنتری میدیەکان دێتە ئاراوە، کە دەشێ هەمان شێوەی زۆرێک لەو بۆچوونانەی تری پەیوەست بە میلەت و پێکهاتە دێرینەکانی نەک هەر ناوچەکەی ئێمە بەڵکو هەموو جیهان وەکو ئەفسانە لێکبدرێتەوە، بەڵام دیسان ئەو بۆچوونانە ئەگەر ئەفسانەش بن هێشتا بەجۆرێک خەیاڵ بە لای هەندێ لێکدانەوەو شیکردنەوەدا دەبەن کە دەشێ رووتکراوە نەبێت لە راستی. وەکو ئاماژەمان پێکرد بۆچوونێکی شێوە ئەفسانەیی سەبارەت بە بوونی مادەکان لە دوو هەزار ساڵ پێش زاییندا هەیە، کە نەک هەر ئەوە نیە ناوی ماد هاتبێت بەڵکو باسی بەهێزی و ئامادەبوون و دەسەڵاتی مادەکان دەکات لە مێژوویەکی وەها

دێریندا، کە ئەگەر بتوانرێت ئەم بۆچوونە بسەلمێندرێت، ئەوا هیچ بەڵگەیەک بۆ پەیوەندی نێوان مادەکان و نەژادی ئاری نامێنێت. ئەویش بریتیە لە تێبینی و بۆچوونێک کە لە لایەن برۆسۆسەوە خراوەتە ڕوو. برۆسۆس مێژوونووسێکی دێرینی گرنگی بابلیە. ئەم مێژوونووسە گرنگە لە نووسینەکانیدا سەبارەت بە بنەماڵە کۆن و بوومییەکانی کلدانی رایگەیاندووە کە لە رۆژگارێک پێش لە دوو هەزار ساڵی پێش زاییندا، خەڵکی ماد بە هێرشێکی لە ناکاو بابلیان داگیرکردووەو پاشایەتییەکیان لەوێدا دامەزراندووەو بۆ ماوەی ٢٢٤ ساڵ دەسەڵاتداریتی ئەو شارەو ناوچەکانی دەوروپشتیان بە دەستەوە بووە. هەشت پاشا لە نەژادی ئەوان لەسەر تەختی پاشایەتی بابل دانیشتوون(٢٠). لێرەدا سەرباری ئەوەی ئێمە بەجۆرێک وەکو خەیاڵی ئەفسانەیی باسی ئەم رووداوەمان کرد، بەڵام لەگەڵ پەیوەست بەم سەرگوزشتەیە چەند پرسیارێک سەرهەڵدەدات، وەکو ئەوەی ئایا دەشێ بروسوس بێ بنەماو لە خۆیەوە رووداوێکی وەهای دروست کردبێت؟ ئایا دیاریکردنی ساڵانی فەرمانڕەوایی مادەکان لە بابل و دیاریکردنی ژمارەی ئەو پاشایانەی ماد کە لەو ماوەیەدا لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتوون و فەرمانڕەواییان کردووە، دەشێ هەمووی بەرهەمی خەیاڵ بێت؟ ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم مێژوونووسە خۆی بابلیە، ئایا دەشێت بە دەستی ئەنقەست چیرۆک بۆ شکستی دەسەڵاتی میلەت و نەژادی خۆی دروست بکات؟ ئەویش لە لایەن پێکهاتەیەک یان میلەتێکەوە کە لەو قۆناغە مێژووییەدا باسێکی ئەوتۆیان لێنەکراوە. بۆیە لە هەر گۆشەیەکەوە سەرنج بدەین، دەشێ ئەوەمان بۆ دەربکەوێت کە بۆچوونەکانی بروسوس دەبێ جۆرێک لە راستیان تێدا بێت. بێگومان ئەم دوو بۆچوونەی کە لێرەدا ئێمە لە جۆرج راولینسۆن-مان وەرگرتوون، هەریەکەیان بەجۆرێک پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن کە مادەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە نەژادی ئاریەوە نەبێت. دیارە ئەوەش ئاشکرایە بەستنەوەی کوردی ئێستا بە نەژادی ئاریەوە لەو سەرچاوەیەوە سەریگرتووە کە گوایە کورد نەوەی میدیەکانەو ئەوانیش سەربەنەژادی ئارین، کەواتە بەم پێیە دەبێ کوردیش سەربە نەژادی ئاری بێت. بەڵام ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد بەهیچ شێوەیەک ناشێت کورد بە تەواوی نەوەی میدیەکان بن، بەڵکو کورد نەوەی کۆمەڵێک پێکهاتەی جۆراوجۆرە کە لە زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆلیا ژیاون، کە

دەشێ یەک لەو پێکهاتانە میدیەکان بن. کەواتە لە بەستنەوەی داوەکانی ئەم لێکدانەوانە بەیەکترەوە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ئەوە روون دەبێتەوە کە ئەگەری ئاریبوونی کورد ئەگەرێکی زۆر لاوازە.

ئایا دەشێ ئەو گریمانەیە رووی راستی هەبێت کە خێڵە ئارياييەکان لە مێژوویەکی کۆنتر لەو مێژووەی باس دەکرێت بۆ کۆچی ئەوان بۆ بانەکانی ئێران و زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا، هاتبنە ئەم ناوچەیە؟ لەمبارەیەوە باسی ئەوە دەکرێت کە تاکو ئێستا باسکردن لە بابەتێکی لەو جۆرە تەنیا قسەو هۆنینەوەیە بە مەبەستی نیشاندانی باڵادەستی رەگەزی ئاری لە زۆرینەی ئەو شوێنانەی کە شارستانێتیان تیدا بەرهەم هاتووە. بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە خراپ خوێندنەوەی وشەی هۆری– hurri ئەم بۆچوونەی دروستکردووە، کە بە هاری– harri خوێندراوەتەوەو سەرئەنجام وا لێکدراوەتەوە کە هاری ئاریەکانن. لەم بارەیەوە ئیقرار عەلی ئیف دەڵێت: دەقە هۆرییاییەکان یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە بوغازکۆی بینران. وینکلێر بە دیتنی دەقەکانی باسکراو، لە دیاریکردنی خاوەنەکانی ئەم زمانەدا تووشی هەڵە بوو. ئەو بەپێی خوێندنەوەی هەڵەی ناوی قەومی هاری لە جیاتی وشەی دروستی هۆری بەو دەرئەنجامە گەیشت کە هاری هەمان ئاریەکانن، واتە هیندۆئەوروپییەکان... وینکلێر، زانایەکی گەورە بوو کە حەزێکی زۆری لە ئەنجامگیری و هەڵێنجانە زەینیە مەترسیدارەکان بوو، بە پشتبەستن بەم تۆزە زانیارییانە بەو ئەنجامە گەیشت کە هاری واتە هۆرییەکان، ئەو ئاریانە بوون کە چینی باڵای کۆمەڵگەیان لە دەوڵەتی میتانی پێکدەهێنا(٢١). کەواتە ئەگەر ئەم لێکدانەوەیەی وینکلیر راستبێت، ئەوا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە گریمانەی گەیشتنی خێڵە ئاریەکان بەو جوگرافیایەی کە دواتر بە وڵاتی میدیەکان و ئێستاش نیشتیمانی کوردەکانە، دەبێتە گریمانەیەکی تەواو لاواز.

هۆرییەکان کە لە هەمان جوگرافیادا ژیاون و وەکو باسمان کرد ناوەکەیان لەگەڵ ناوی ئاریایی تێکەڵ کراوەو سەرباری ئەوەی کە دەشێ هۆرییەکان باپیرەی بەشێک لە کورد بن یان بەشدارییان کردبێت لە ئیتنۆگینزی کوردیدا، بەڵام..ئەوەی زیاتر باس دەکرێت ئەوەیە کە هۆرییەکان و ئۆراتۆییەکان وەکو جەوهەری قەومەکانی ئەرمەنی و هێندێکی دیکە تاوتوێ بکەین(٢٢). دیارە

هۆکارێکی تری ئاشکراش هەیە کە بووەتە بەڵگەو یارمەتیدەر بۆ ئەوەی هۆرییەکان وەکو ئاریەکان یان نەژادی ئاری ناوببرێن، ئەگەرچی دەشێ ئەوە بەڵگەیەکی لاوازیش بێت..لە نێو هۆرییەکاندا کۆمەڵێک ناوی هیندی وەبەرچاو دەکەون و هەرئەمەش هۆکارێک بوو بۆ کۆچی قەومە هیندییەکان بەرەو ئاسیای پێشەنگ لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا، کە بەوپێیە چەندین جۆرە گریمانە- یان تەنانەت خراپتریش واتە بیرۆکەی لێبڕاوانە- سەبارەت بە بوونی رەچەڵەکی «ئاریایی» لە میسۆپۆتامیا و سووریاو ناوچەکانی دیکەو رۆڵی ئەوان لە مێژووی ئاسیای پێشەنگ و...هاتنە ئاراوە(٢٣). بێگومان پشتبەستن بە نزیکی زمان یان بوونی هەندێ لێکچوون لە وشەو ریزماندا بۆ سەلماندی رەچەڵەک و نەژاد بنەمایەکی لاوازە، چونکە نزیکی جوگرافی و تێکەڵاوبوون دەبنە هۆکاری ئەم جۆرە نزیکی و لێکچوونانە لە زماندا. هەربۆیە بوونی چەند وشەیەکی هیندی بەس نیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هۆرییەکان هیندۆئەوروپی بن و بەوپێیەش لە نەژادی ئاری بن. هەچۆن بوونی چەندین وشەی هاوبەش لە نێوان زمانی کوردی و زمانی سۆمەریدا بەس نیەو نابێتە بەڵگە بۆ سەلماندی ئەوەی کە کوردو سۆمەر یەکن یان تەنانەت هاو نەژادن. تەنانەت ئەو بۆچوونە زمانیەی کە ماکینزی پشتی پێبەستووە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە زمانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ زمانی پارسی یان سەربە زمانی پارسیە(٢٤)بەس نیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە زمانی کوردی و فارسی یەک زمانن یان کوردی سەربە زمانی فارسیە یان بەشێکە لێی، کە لەسەر بنەمای دۆزینەوەی وشەی هاوبەش و پێکهاتەی سینیتاکسی- پێکهاتەی رستە-ی هاوبەش بنیادی ناوە.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، هۆرییەکان لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوون کە دواتر میدیەکان و باپیرانی تری کوردی تێدا ژیاون. دەرکەوتنی هۆرییەکان هاوسەردەمی ئەو قۆناغەیە کە گوایە تیایدا کۆچی ئاریەکان بۆ رۆژئاوای ئاسیا روویداوە، بەم پێیە دەبوا هۆرییەکان لە ئاریەکان بوونایە یان بەشێک بوونایە لەوان. بەڵام دەردەکەوێت کە ئەمان هیچ پەیوەندییەکیان بە نەژادی ئاریەوە نیە. ئەمەش زیاتر بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا دەمانبات کە ئەگەری گەیشتنی خێڵە هیندۆئەوروپیە ئاریەکان لەو سەردەمەدا بە ناوچەکە ئەگەرێکی لاوازە. لەم بارەیەوە جارێکی تر ئیقرار عەلی بێف دەڵێت: گریمانەی ئاخیزگەی ئاریایی-

هیندیی زمانی هۆریایی بێبنەما دەرچوو. سەبارەت بە پێکهاتەی زمانی هۆریایی پێویستە بگوترێت کە» نە ئارییایەو نە هیندۆئەوروپی...ناتوانین سەبارەت بە هیندۆئەوروپی بوونی هۆرییەکان هیچ قسەیەک بکەین... بەڵام سەبارەت بە ئاخیزگەو شوێنی نیشتەجێبوونی هۆرییەکان... ئەوان لە دەڤەری نێوان رووباری فورات و چیاکانی زاکرۆسدا نیشتەجێبوون و پاشان لە ناوچەکانی باکووری میسۆپۆتامیاو تەنانەت ئەوپەڕتریش(٢٥). وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بۆچوونێکی لەو جۆرە هەیە گوایە ئارییەکان زووتر گەیشتوونەتە رۆژئاوای ئاسیاو هەر لەسەر ئەو بنەمایەش زیاتر میلەتانی ناوچەکە بە تایبەتی مادەکان و پارسەکان بە ئاری نەژاد دانراون. هەڵبەت ئەوە بەڵگە نەویستە کە ئەگەر هۆرییەکان کە لە پێش دەرکەوتنی ئاشکرای میدیەکاندا لە هەمان جوگرافیادا ژیابن و هیچ پەیوەندییەکیان بە نەژادی ئارییەوە نەبێت، میدیەکان میلەتی هەمان جوگرافیاو لە دوای هۆرییەکان و ئەو کۆچە گریمانە کراوەی ئارییەکان بۆ ناوچەکە دەرکەوتبن، بۆ دەبێت بە ئاری نەژاد دابنرێن؟

بێگومان وەکو راستی دانانی ئەو بۆچوونەی کە کورد نەوەی میدیەکانەو میدیەکانیش گەلێکی ئاری نەژادی هیندۆ ئێرانین، پشتی بە بۆچوونەکانی هیرۆدۆت و ئەوانەی دوای ئەو بەستووە کە بەبێ لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانە، بۆچوونەکانی ئەویان وەکو راستی وەرگرتووە. وەکو پێشتریش گوتمان کۆی ئەو مێژووەی کە رۆژئاواییەکان بۆ رۆژهەڵات و بەگشتی بۆ دەرەوەی رۆژئاوایان نووسیووەتەوە، لە چوارچێوەی ئۆرێنتالیزم و لەسەر بنەماو پرینسیپەکانی ئۆرێنتالیزم نووسراوەتەوە، کە نەژادی ئاری و کۆی رەگەزەکانی رۆژئاوا یان ئەوروپا لە سەرووی ئەوانی ترەوە دادەنێت و وەکو ناوەند سەیری رۆژئاوا دەکات و هەموو ئەوانی تریش بە پەراویزو پاشکۆ دادەنێت. بۆیە لە کاتێکدا دەبینێت لە شوێنانی تر شارستانێتی بەرهەمهاتووە، هەوڵیداوە بە رێگایەک ئەو شارستانێتیانە بێگەوهەر نیشان بدات یان وەکو بەرهەمی نەژادی ئاری و پێکهاتە هیندۆئەوروپیەکان نمایشیان بکات. دیارە بە ئاریکردن و بە هیندۆئەوروپیکردنی شارستانێتی سۆمەرو ئەکەدو بابل و ئاشوورو میسری کۆن کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵام هەوڵدان بۆ بە ئارياييكردنی شارستانێتی میدیاو پارس ئاسانتر بووە، ئەویش لە رێگای هەوڵدان بۆ بە ئاریایی کردن

و بە هیندۆئەوروپی کردنی میدیەکان و پارسەکان، کە ئەوەش لە سەردەمی هێرۆدۆت و سترابۆو کستیاسی پزیشکی کۆشکی پارس و گەزنەفۆن و مێژوونووسانی تری دێرینی رۆژئاواوە بنچینەکەی دانراوەو مێژوونووسانی دواتری رۆژئاواو بەشێک لە رۆژهەڵاتیش پشتگیرییان کردووەو لەسەر هەمان بۆچوون رۆیشتوون.

مێژوونووسی کوردیش بێ هیچ بیرکردنەوەو عەقڵێکی رەخنەگرانە، هەمان ئەو بۆچوونانەی وەرگەرتووە کە گوایە کورد هیندۆئەوروپی ئاری نەژادە، هەرئەوەشنا بەکو مێژوونووسی کوردی هەر لە شەرەفخانی بەدلیسیەوە تا ئەو مێژوونووسانەی کە خۆیان بە ناسیونالیستیش زانیووە، ئەو بۆچوونانەیان وەکو خۆی وەرگرتووەو شانازیشیان بە هیندۆئەوروپی بوون و ئاری بوونی خۆیان و تەنانەت بە ئێرانی بوونی خۆیان و کوردیشەوە کردووەو وایان لێکداوەتەوە ئەگەر کورد سەربە نەژادی ئاری و هیندۆئەوروپییەکان بێت، ئەوە مانای وایە جیاوازە لە میلەتانی تری وەکو عەرەب و تورک و ئەمەش لە خەیاڵێکی بێ بنەمادا وەکو بنەمای پێشکەوتن و شارستانی بوون و تەنانەت باڵاتربوونی کورد بەسەر میلەتانی تری ناوچەکەدا لە لایەن مێژوونووسانی ناسیونالیستی کوردو بەشێک لە میلەتی کوردیشەوە سەیر کراوە. دیارە ئەمەش بەڵگەی تینەگەیشتنە لە پێشکەوتن و پەرەسەندن و شارستانی بوون، کە هیچ کام لەمانە پەیوەندییان بە نەژادو رەچەڵەکەوە نیە بەڵکو لە سەر بنەمای ئامادەبوون و بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا بڕیار دەدرێت. کەواتە لێرەوە دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە بەستنەوەو گێڕانەوەی کورد بۆ هیندۆئەوروپییەکان و نەژادی ئاری لە چوارچێوەی ئەگەرێکی لاواز زیاتر دەرناچێت و ئەگەر لە نێو کورددا کەسانی سەربەنەژادی ئاری هەبێت، ئەوە لەو چوارچێوەیەدایە کە زیاتر لە پێکهاتەو نەژادێک بەشدارییان لە ئێتنۆگینزی- بە ئێتنۆسبوونی- کورددا کردووە، واتە کورد ئێتنۆسێکی فرە نەژادەو ئەوەش راستیەکی رەتنەکراوەیە، نەک هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی تریش کە خاوەنی ئامادەبوون و شارستانێتی گەورەو ئیمپراتۆرێت و دەوڵەتن، تاکە نەژاد بە مانای خوێنی خاوێن بوونی نیە، بەڵام دەشێ رێژەو ئاستی فرە نەژادی و فرە خوێنیان جیاواز بێت.

ئاشکرایە لەو کاتەی تۆماری مێژووی دەستیپێکردووە، بابەتی کۆچکردن وەکو دیاردەیەک وابووەو بەردەوام بووە. لە ئاستی یەکەمیشدا کۆچکردن دەرئەنجامی گەڕان بووە بە دوای پێداویستیەکانی ژیاندا، کە بۆ ئەو مێژووە مەبەست دەستکەوتنی خۆراک بووە. ئەمەش وامان لێ دەکات بڵێین شەپۆلەکانی کۆچکردن هەمیشە لە ناوچەو جوگرافیا بێ بەرهەمەکانەوە بووە بۆ ناوچە و جوگرافیا بەرهەمدارەکان. لەم روانگەیەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە لە بەشی باکووری گۆی زەوییەوە کە سەهۆڵبەندان بووەو خۆراکی تێدا بەرهەم نەهاتووە نەک هەر مرۆڤ بەڵکو زیندەوەرانی تریش بۆ بەدەستهێنانی خۆراک کۆچیان بۆ ئەو ناوچانە کردبێت کە خۆراکیان تێدا بەرهەم هاتووە. لە بیابانە وشک و بێ بەرهەمەکانی دوورگەی عەرەبییەوە کۆچیان کردبێت بۆ میسۆپۆتامیا، لە بیابانی ئەفەریقاوە کۆچیان کردبێت بۆ میسرو سەرکەنارەکانی دەریای ناوەڕاست. هەروەک باسی ئەوەش دەکرێت کە لە قۆناغی دێرینتردا مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە بیابانی ئەفریقاوە کۆچی کردبێت بۆ میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆس. لە قەوقازو سیبریاوە کۆچیان بەرەو باشوور کردبێت بۆ زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا. بەڵام ئایا هیندو رۆژهەڵاتی ئاسیا لەو سەردەمە مێژووییانەدا هێندە رەقەن و بێبەرهەم بووبن کە خێڵە هیندۆئەورووپیە ئاریەکان بە ئاراستەی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا کۆچیان کردبێت؟ مەبەستمان لەم لێکدانەوەو پرسیارانە سەبارەت بە کۆچکردن ئەوەیە کە نەک هەر زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا بەڵکو ناوەڕاست و باشووری میسۆپۆتامیاش ناوچەی بەرهەمداربوون و بەوپێیەوە لەو ناوچانە بوون کە لە شوێنە بێبەرهەمەکانەوە روویان تێکردبن. هەر ئەوەش وایکردووە کە ئەو پێکهاتانەی لەم ناوچە بەرهەمدارانەدا ژیاون جێگیربن و بۆ شوێنانی تر نەچن، مەگەر تەنیا گەرمیان و کوێستانیان کردبێت کە ئەوەش پێی دەگوترێت کۆچی ناوخۆیی و بە خەڵکەکەش دەوترێت کۆچەری ناوخۆیی. کە ئەم جۆرە کۆچکردنە کە بە گەرمیان و کوێستان ناوبراوە، هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستیش لە کوردستاندا بەردەوامبووە. بەڵام رێگای تیناچێت خێڵە ناوخۆیی یان ئەو خێڵ و پێکهاتانەی لە هەر ناوچەیەکی بەرهەمداردا ژیابن، کۆچیان بۆ دەرەوەی ئەو ناوچەو جوگرافیایە کردبێت. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات لە کاتێکدا بە درێژایی مێژووی زانراو چەندین پێکهاتە

لە باکووری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆسدا ژیاون و ڕێگایشی تێناچێت ئەم پێکهاتانە بۆ شوێنانی تر کۆچیان کردبێت، بەڵکو بۆچوونی زیاتر بەلای ڕاستیدا ئەوەیە کە لەم جوگرافیایەدا مابنەوەو لە قۆناغەکانی دواتردا لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا بەشدارییان کردبێت. هەروەک مانەوەی ئەم پێکهاتانە لە ناوچەکەدا ئەگەر بە تەواوی ڕێگریش نەبووبێت لەبەردەم کۆچبەرانی تازەدا، کە مەبەست کۆچی خێڵە هیندۆئەوروپیە ئاریەکانە، ئەوا ئەو کۆچبەرە تازانەی کە هاتوون لە چاو ئەوانەی پێش ئەوان لە ناوچەکەدا ژیاون زۆر کەمتر بووە. هەربۆیە ئەگەر خێڵی کۆچبەری هیندۆئەوروپی ئاری گەیشتبنە باکووری میسۆپۆتامیاو زاکرۆس و دواتر بەشداریشیان لە ئیتنۆگینزی کوردیدا کردبێت، ئەوا ڕێژەیەکی هێندە بەرز نەبوون لەچاو دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەدا هەتا خاسێتی هیندۆئەوروپی ئاری زاڵبێت بەسەر پێکهاتە ڕەسەنەکانی ناوچەکەدا کە لە پێش ئەو کۆچەرییانەدا ڕەگوڕیشەیان لەم جوگرافیایەدا داکوتاوە.

لەبارەی دانیشتوانی کۆنی باکووری میسۆپۆتامیاوە لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زاینەوە باسی ئەوە دەکرێت کە چەند پێکهاتەیەک لەم جوگرافیایەدا ژیاون تەنانەت ئەگەر لە پێش ئەم مێژووەشدا لە شوێنانی ترەوە بۆ ئەم ناوچەیە کۆچیان کردبێت، لێکدانەوەی نزیک لە ڕاستی ئەوەیە کە پێش کۆچی گریمانەکراو یان دانراو و دروستکراو یان با بڵێین کۆچی ڕاستی خێڵە هیندۆئەوروپیە ئاریەکان بووە بۆ ناوچەکە. لەوانەش هۆرییەکان، سوبارییەکان، گووتیەکان، لولوبییەکان یان کاشییەکان. ئو. ل. ڤیلچێڤسکی دەڵێت: بەپێی ئەو سەرچاوە کۆنانەی زانستی ئەمڕۆ بەدەستی خستوون، لە هەزارەی سێیەمی پێش زاییداو هەندێ دواتریشدا، بەگشتی نەخشەی ئیتنیکی ناوچەکە بەم جۆرەی- سەرەوە- بووە(٢٥). هەریەکە لەم پێکهاتانەی سەرەوە وەکو گوتمان ڕەنگە لە شوێنی ترەوە هاتبن یان خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بووبن. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەمانە لە مێژوویەکی زۆر کۆنتر لەچاو ئەو مێژووەی بۆ کۆچی ئاریەکان یان هیندۆئەوروپیەکان باس دەکرێت لێرە بوونیان هەبووە. تەنانەت بوونی ئەمانە لە ناوچەکەدا دەکەوێتە پێش ئەو کۆچە گریمان کراوەوەی کە هەندێ لە توێژەران بە کۆچی یەکەمی ئاریەکانی بۆ ناوچەکە دادەنێن و پێیان وایە خێڵە کۆچەرییە هیندۆئەوروپیە ئاریەکان بە دوو قۆناغ یان

دوو شەپۆلی کۆچ هاتوونەتە زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا. وەکو گوتمان تەنانەت ئەگەر هەردوو بۆچوونەکە بۆ کۆچی خێڵە هیندۆئەوروپیە ئاریەکان بۆ ئەم ناوچەیە راستبێت، هێشتا ئەو دوو شەپۆلەش ناشێت باڵادەست بووبن بەسەر رێژەی دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکەدا، هەرچەندە بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە پەیوەندی لە نێوان هۆرییەکان و نەژادی ئاریدا دروستبکەن، بەڵام ئەمەیان وەکو جۆرێک لە ئەفسانە دەردەکەوێت. تەنانەت ئەگەر ئەوەش راستبێت هێشتا دەتوانین بڵێین یەکێک لەو چەندین پێکهاتەیەی کە بەشدارییان لە ئیتنۆگینزی کوردیدا کردووە دەشێ هیندۆئەوروپیە ئاریەکان بن، نەک کورد بە گشتی لە رەگەزێکی خاوێن بێت کە ئەویش رەگەزی ئاری بێت.

سەبارەت بە هیندۆئەوروپایی بوونی کوردەکان. ڤیلچێڤسکی بەجۆرێک لە گومان یان نادڵنیاییەوە سەیر دەکات. بۆ زیاتر روونکردنەوەی تێڕوانینی ئەم توێژەرە دیارەی روس ئاماژە بە هەندێ بۆچوونی ئەو دەکەین. ئەم توێژەرە دەڵێت: گریمانی هاتنی زووی هیندۆئەوروپاییەکان بۆ ئاسیای بچووک لە زانستدا جارانیش هەبوو.. لە بنچینەی ئەم گریمانەدا ناکۆکیەک هەیەو هەر زوو هەستی پێدەکرێ- ناکۆکی لە نێوان شێوەی ئیتنیکی و کەلتووری کورد کە خەسڵەتی ناوچەیی رەسەنیان هەیە لەگەڵ سیمای ئێرانیی زمانی کوردیدا-(٢٦). لێرەدا دەردەکەوێت کە نووسەر یەکەم باسی ئەوە دەکات کە مەرج نیە گریمانەی هاتنی زوو یان زووتری خێڵە ئاریە هیندۆئەوروپاییەکان بۆ ئاسیای بچووک یان زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیاو بانەکانی ئێران کە پێشتر لە زانستدا باسکراوە، وەکو ئەوەی هەندی دەیڵێن بەوجۆرە بێت. دیارە نازانرێت مەبەست لە زانست لێرەدا چیە. ئایا زانستی سروشتیە یان مەبەستی مێژووە؟ چونکە ئەم رووداوانە لە مێژوودا تۆماردەکرێن و باسیان دەکرێت. بەڵام ناتوانین وای لێکبدەینەوە کە مەبەستی نووسەر زانست بێت تەنانەت زانستی نەژادناسیش، بەڵکو زیاتر وای بۆ دەچین کە مەبەستی مێژووە، کە مێژوویش بەو شێوە گێڕانەوەیە کە زیاتر لەوەی لە زانستەوە نزیک بێت، لە ئەفسانەو حیکایەتەوە نزیکتر بووە.

هەروەک لە لایەکی ترەوە ئەو باسی ئەوە دەکات گریمانەی هاتنی هیندۆئەوروپاییەکان بۆ ئەم ناوچەیە جێگای گومانەو ناکۆکی لەخۆدەگرێت،

ئەویش لەو روانگەیەوە کە شێوەی ئیتنیکیی و کەلتوریی کوردی خاسێت و خەسڵەتی ناوچەییان هەیە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمی پێکهاتەی رەسەنی ناوچەکەن نەک بەرهەمی خێڵ و دەستەو گروپی تازە هاتوو. زیاتر لەوەش باسی ئەو ناکۆکیە دەکات کە لە نێوان خەسڵەتی رەسانەیەتی خەڵکی ناوچەکەو سیمای ئەوانەدا هەیە کە لە شوێنی ترەوە هاتوون. هەروەها ناکۆکی لە نێوان ئیتنیکی کوردی و کەلتوری کوردی کە بەرهەمی رەسەنی ناوچەکەن لەگەڵ سیمای ئێرانی زمانی کوردیدا هەیە. واتە ئەو سیما ئێرانیەی کە بە بۆچوونی ئەو زمانی کوردی هەیەتی، بەرهەمی ئەم رەسەنایەتیە ناوچەییە نیە. ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا دەگونجێت کە کوردەکان نەوەی پێکهاتە ناهینۆئەوروپاییەکانی ناوچەکەن، بەڵام دواتر زمانی ئێرانییان وەرگرتووە یان بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەگەر ئەو بۆچوونە بسەلمێندرێت کە زمانی کورد سەربە زمانە ئێرانیەکانە. نووسەر لێرەداو لەسەر بنەمای پشتبەستن بە بۆچوونی لێرخ باسی نەژادی کوردەکان دەکات و ئاماژە بە بۆچوونێکی لێرخ دەکات کە دەڵێت: ب. لێرخ کوردەکان بە نەوەی خالدیەکانی سەرووی هیندۆئەوروپایی دەزانی کە ناخیان پڕ لە هێزی ئاریایی بوو. بەڕای لێرخ کوردەکان لە دەستپێکی مێژووەوە هاتوونەتە ناوچە شاخاوییەکانی ئێستایان و زۆر بە پاکی خۆبوونی خۆیان پاراست(٢٧). ڤیلچێڤیسکی دەڵێت لێرخ کوردەکانی بە نەوەی خالدیەکانی سەرووی هیندۆئەوروپایی دەزانی. ئەم دەربڕینە واتە دەربڕینی «دەزانی» جۆرێک لە گومان و نادڵنیایی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، واتە ئەو وای دەزانی مەرج نیە زانینەکەی راست بێت، یان تەنانەت ئەوە نیشان نادات کە لێرخ بەتەواوەتی لەوە دڵنیابووە. ئەگەر دەربڕینەکە بەمجۆرە بووایە» لیرخ دەڵێت: کوردەکان نەوەی هیندۆئەوروپاییەکانن»، ئەوە مانای ئەوە بوو کە لێرخ رایەکی پڕ لە دڵنیایی دەربڕیووە. هەروەها دەربڕینی» ناخییان پڕ لە هێزی ئاریایی بوو»، ئەمیش ئەوە ناگەیەنێت کە کوردەکان ئاریایی بوون، بەڵکو ناخیان هێزێکی تێدا بووە کە ئاریایی بووە. ئەمەش دیسان مەبەستی سووربوونی لێرخ لەسەر ئاریایی بوونی کوردەکان نیشان نادات. ئەگەر ئەو بیگوتایە «کوردەکان ئارياييين» مانای ئەوە بوو کە ئەو لەو بۆچوونەی خۆی دڵنیایە. ئەم دەربڕینانەش ئەوە دەگەیەنن کە تەنانەت لێرخیش وەکو لایەنگرێکی هیندۆئەوروپایی بوون و ئاریایی بوونی کوردەکان،

نەیتوانیـووە رایەکـی یەکلاکـەرەوەو رەهـای هەبێـت. بەڵکـو رووبەرێکـی بـۆ گومانکـردن و لێکدانـەوەی تـرو تەنانـەت رەتکردنـەوەش هێشـتووەتەوە. ب. لێـرخ دەڵێت: کـورد لـە زۆر رووەوە بوونەتـە جێگای بایەخـی مێژووی ئیتنۆگرافی. لـە رووی مێژوویـەوە وایـان دەبینین کە نـەوەی ئـەو خاڵدانیە ئێرانیە توونداتـەن، کە دانیشـتوانی چیاکان بـوون و گیانێکـی جەنگاوەری بەرزیـان هەیـە. لـە هـەزارەی سـێیەمی پێـش زاییـندا چوونەتـە خـوارەوە بـۆ دەشـتی دیجلـە و فـورات(٢٨).

هـەروەک لێـرخ باسـی ئـەوە دەکات کـە کـوردەکان لـە دەسـتپێکی مێـژووەوە هاتوونەتـە ناوچـە شـاخاوییەکانی ئێسـتایانەوە. لێرەدا ئاشـکرایە کـە مەبەسـت لـە دەستپێکی مێژوو، ئەوەیە کە لە چ کاتێکەوە تۆماری رووداوەکان دەستپێکردووە، کـە ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ نزیکـەی پێنـج هـەزار سـاڵ پێـش ئێسـتا، واتـە بـۆ سـەردەمی سـۆمەریەکان و دەرکەوتنـی نووسـینی بزمـاری یـان مێخـی سـۆمەری لـە باشـووری میسـۆپۆتامیا کـە لـە نێوانـی سـێ هـەزار بـۆ دوو هـەزارو شـەش سـەد سـاڵ پێـش زایـن دەکات. بەپێـی ئـەم قسـەیەی لێـرخ بێـت کـوردەکان بـە لایەنی کەمەوە لە نێوان سـەدەی سی بۆ سـەدەی بیست و شەشی پێش زایین هاتوونەتـە ناوچـە شـاخاوییەکانی باکووری میسـۆپۆتامیاو زاکرۆس، بـەلام دیـارە لـەو مێـژووەدا پێکهاتەیـەک نەبـووە بـە نـاوی کـورد بەڵکـو مەبەسـت باپیرانـی کوردەکانـە.

ئـەوەش ئاشـکرایە ئەمـەی لێرخ باسـی دەکات سـەبارەت بـە بوونـی کـوردەکان لـەم ناوچایـەدا، نـەک پێش کۆچـی خێڵـە ئاریەکانـە لـە سـەدەی دەیـەم و نۆیەمـی پێش زاینـدا، بەڵکـو پێش ئـەو کۆچکردنـە گریمانـە کراوەشـە کـە گوایـە لـە پێش هـەزارەی یەکەمـدا خێڵـە ئاریـەکان بـۆ بانەکانـی ئێـران و زاکـرۆس کردوویانـە. ئەمـە بێجگـە لـەوەی کـە نـەک بـۆ ئـەو مێـژووەی لێـرخ باسـی دەکات، بەڵکـو بـۆ کۆچـی خێڵـە ئاریەکانیـش لـە سـەرەتای هـەزارەی یەکەمـی پێش زاییـندا، هێشـتا پێکهاتەیـەک نەبـووە بـە نـاوی کـوردەوە، چونکـە ئاشـکرایە کـە بـە ئیتنۆسـبوونی کـورد یـان ئیتنۆگینـزی کـوردی لـە مێژوویەکـی زۆر درەنگتـردا روویـداوە. بۆیـە بۆچوونەکانـی لێـرخ لـە رووی زانسـتیەوە نابـن بـە بەڵگـەی یەکلاییکـەرەوەو سـەلمێنەر، نـە بـۆ بەسـتنەوەی کـوردی ئێسـتا بەتـەواوی بـە نـەژادی ئـاری و هیندۆئەوروپاییەکانـەوە، نـە بـۆ دەرکەوتنـی کـورد وەکـو نـاوی ئیتنۆسـێک لـەو

مێـژووەدا کـە ئـەو بـە پێنـج هـەزار سـاڵ پێـش ئێسـتای دانـاوە. دەشـێ ئـەو بۆچوونـەی لێـرخ بـۆ بوونـی ئـەو پێکهاتـەو گروپانـەی کـە بەشـدارییان کـردووە لـە ئیتنۆگێنـزی کوردیـدا راسـتبێت، کـە چەندیـن پێکهاتـەو گروپـن، چونکـە هیـچ گومانێـک لـەوەدا نیـە کـە هـەروەک برۆنیسـین دەڵێـت: «کـە بـڕوا وایـە میلەتـی کورد لـە رەچەڵەکی هەمـە چەشنن(٢٩). ئاشـکرایە لێـرخ لـە دریـژەی بایەخدانیدا بـە زانسـتی زمـان و نووسـینی سـێ بـەرگ لەسـەر زمانـی کـوردی گەیشـتووە بـەو دەریەنجامـەی کـە زمانـی کـوردی زمانێکـی سـەربەخۆیە لـە زمانـە ئێرانیەکانـی تـر کـە حـەوت زمانـن(٣٠). ئـەم بۆچوونـەش لەبـەردەم ئـەو پرسـیارەدا رامـان دەگرێـت: ئایـا بەراسـتی زمانـی کـوردی زمانێکـی سـەربەخۆیەو ناگەڕێتـەوە بـۆ زمانـی خێزانـی هیندۆئێرانـی، یـان درووسـتتر بڵێیـن ئایا دەتوانرێـت بسـەلمێنرێت کـە زمانـی کـوردی زمانێکـی ئێرانـی نیـە؟

هەرچەنـد ئێمـە لـە پێشـتر لەسـەر ئـەو بابەتـە راوەسـتاوین کـە پێیوایـە کـورد نـەوەی دانیشـتوانە رەسـەنەکانی باکـووری میسـۆپۆتامیاو زاکرۆسـن، بـەڵام لـە گۆڕانکاریـدا زمانەکەیـان بووەتـە یەکێـک لـە زمانـە ئێرانیـەکان. هەرچەنـدە ف. پۆسـتی زمانـی کـوردی وەکـو زمانێکـی هیندۆئەوروپایـی زۆر بـەرز هەڵدەسـنگێنێ، بـەڵام ناکـرێ، بـەڕای ئـەو ئـەم زمانـە لەگـەڵ ئاسـتی زۆر نزمـی بنەمـای کۆمەڵایەتـی و کەلتـوورو ژیـاری کـوردان بـەراورد بکەیـن(٣١). ئـەم بۆچوونـە بێگومـان لەگـەڵ پەیوەنـدی لۆجیکـی نێـوان ئاسـت یـان قۆناغـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و زمانـدا وەکـو بەشـێک لـە کەلتـوور یـان سـەرخان ناگونجێـت. زمـان بەرهەمـی کۆمەڵگایـەو ئاسـتی گەشـەکردن و پەرەسـەندنی پەیوەسـتە بـە گەشـەکردن و پەرەسـندنی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگاوە. واتـە ناشـیت خەیاڵـی بوونـی زمانێکـی پەرەسـەندو بکرێـت بـە بـێ بوونـی کۆمەڵگایەکـی پەرەسـەندو. ئەگـەر ئـەوە راسـتبووایە کـە زمانـی کـوردی زمانێکـی پەرەسـەندو زۆر بەرزبووایـە، ئـەوا بێگومـان دەبـوا خاوەنـی ئـەو زمانـەش کۆمەڵـگا یـان نەتەوەیەکـی زۆر پێشـکەتوو پەرەسـەندوو بووایـە. هـەروەک زمانـی کـوردی لەبەرئـەوەی زمانێکـی هیندۆئەورووپـی بێـت، نابێـت بـە زمانێکـی پەرەسـەندو ئەگـەر خاوەنـی ئـەو زمانـە لـە رووی بنیـادی کۆمەڵایەتیـەوە لـە جوڵـەدا نەبێـت و بەرەوپێشـەوە نەچێـت و پەرەنەسـەنێت. ئـەم بۆچوونـەی ف. پۆسـتی دەشـێ وا لێکبدرێتـەوە کـە ئـەو مەبەسـتی ئـەوە بێـت زمانـی کـوردی مـادام

سەربە خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکانە کەواتە زمانێکی بەرزو پەرەسەندووە، ئیتر گرنگ نیە خاوەنی زمانەکە لە چ بارێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدایە. ئەم بۆچوونەش لە ئاراستەیەکی ترەوە لە هەمان ئەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێت کە پێیوایە نەژادی ئاری و زمانی هیندۆئەوروپی بێ بەستنەوەیان بە کۆمەڵگاکان و خەڵکەوە لە خۆیاندا پەرەسەندو بەرزن، کە ئەمەش دەرئەنجامی چەمک و روانینی ئۆرێنتاڵیزمە. هەر ئەم جۆرە بۆچوونانە بە پێچەوانەکردنەوەیان دەشێ وەکو بەڵگە بەکاربهێنرێن کە کوردی ئێستا بە خۆی و زمانەکەیەوە کە لە بارێکی دواکەوتووی پەراوێزیدایەو تاکو ئێستا لە پەراوێزی مێژوودایە ناشێت بەشێک بێت لە زمانی ئاری یان لە پێکهاتەی هیندۆئەوروپی، ئەگەرچی ئەم بۆچوونەش هەمان شێوەی بۆچوونەکەی ف. پۆستی ناتوانرێت بسەلمێندرێت، چونکە مەرج نیە هەر زمانێک سەربە خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکان بوو، ئیتر زمانێکی بەرزو پەرەسەندو بێت.

ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە کۆی میلەتانی دێرینی ناوچەکە بەشدارییان کردووە لە ئیتنۆگینزی کوردیدا، بۆ نموونە: گۆتی، لولوبی، کاسپی، میتانی، هۆریای-سوباری، کاشی، کاردۆخی، میدیەکان. ئەمەس زیاتر ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت کە کورد رەچەڵەکی هەمە چەشنیان هەیە. بێگومان ئەم پێکهاتەو میلەتە جیاوازانە بێجگە لە بەشداریکردن لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کورددا، دەشێ بەسداری پێکهێنانی میلەتانی تری ناوچەکەشیان کردبێت. لەم رووەوە ڤیلچێڤسکی دەڵێت: نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە هەر ئەم خێڵ و میلەتانە، بەهەمان شێوە بوون بە بنچینەی دروستبوونی میلەتانی تری ئاسیای بچووک. هەر ئەو بنچینە هاوبەشەیە کوردەکان لە میلەتانی هاوسێیانەوە نزیک دەکاتەوەو رێگامان دەدات وەکو دانیشتوانی کۆن و رەسەنی ناوچە سەرەکیەکانی جێگەی ژیانی ئێستایان باسی کوردان بکەین(٣٢). تەنانەت خودی ڤیلچێڤیسکی باسی ئەوە دەکات کە کاردۆخیەکان بەشێوەیەکی زیاتر بەشدارییان کردووە لە ئیتنۆگینزی کوردیداو ئەو بۆچوونەی هیرۆدۆت دووبارە دەکاتەوە کە پێیوابووە کوردەکان نەوەی تەواوی کاردۆخیەکانن. لەم بارەوە دەڵێت: ئەو میلەتەی لە هەموو لایەکەوە دانی پیانراوە کە راستەوخۆ بەشداری لە ئیتنۆگێنزی کوردەکانی ئێستادا کردووەو ئەوەش گەیشتۆتە رادەیەک کە

لە هەندێ حاڵەتدا کاردۆخیەکان هەربە کورد ناودەبەن. بەڵام بەشداریکردنی مادەکان و خێڵە ئێرانیەکانی تر لەم پرۆسێسەدا هەرگیز نەبۆتە سەلمێندراوێکی زانستی دانپیانراو(٣٣). سەرجەمی ئەم بۆچوونانە تا ئەندازەیەک دەبنە پاڵپشت بۆ پشتگیریکردنی ئەوبۆچوونەی کە پێیوایە کورد تەنیا یەک رەچەڵەکی نیەو ئەو بۆچوونەشی کە پێداگری ئەوە دەکات کورد نەوەی خێڵە هیندۆئەوروپیە ئاریە کۆچەرەکانن کە لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین یان وەکو هەندێک دەڵێن لە کۆچی یەکەمی پێشتری خێڵە ئاریەکانن بۆ بانەکانی ئێران و زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا، دەخاتە بەردەم گومانی تەواوەوە. واتە راستی هیندۆئەوروپیی و ئاری بوونی باپیرانی کورد یان کورد خۆی لەبەردەم گوماندایەو ناسەلمێنرێت.

بەشێک لەوانەی کە هەوڵی بەهیندۆئەوروپایی و هیندۆئێرانی و بە ئاری کردنی کوردیان داوە، زیاتر لە رووی زمانەوە پشتیان بە هەندێ لێکچوونی زمانی بەستووە، لەکاتیکدا تەنیا لێکچوون لە زماندا بەس نیە بۆ ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکان بکرێن بە هاونەژاد، چونکە ئاشکرایە کە تێکەڵاوبوون و کاریگەری لەسەر یەکتری رۆڵی دیار دەبینێت لە تێکەڵاوی و بەرهەمهێنانی لێکچوون لە زماندا، ئەوەش نەک هەر لە ئاستی وشەدا، بەڵکو لە ئاستی رێزمانیشدا. بۆ نموونە ئەوە ئاشکرایە کە هەرگیز کورد لە نەژادی سامی نیە، هاوکات سامی بوونی عەرەب هیچ گومانێکی تێدا نیە، بەڵام بە کاریگەری نزیکی و تێکەڵاوبوون و پێکەوەژیان و رۆڵی ئایینی ئیسلام، کەریگەری زمانی عەرەبی بە ئاشکرا لەسەر زمانی کوردی دەبینرێت.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە لێرخ کوردی بە نەوەی خاڵدییەکان دەزانی، بەڵام بۆچوونی لەوجۆرەش هەن کە ئەم تێزەی لێرخ بەتەواوی رەت دەکەنەوەو پێیانوایە زمانی کوردی هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی خاڵدیەکانەوە نیە، بەڵکو زمانی کوردی وەکو زمانێکی نزیک لە زمانی فارسیەوە نیشان دەدەن و تەنانەت وەکو بەشێک لە زمانی فارسی باسی زمانی کوردی دەکەن. ئەو رێزمانەی کارتسۆنی لە ساڵی ١٧٨٧دا دایناوە لەم رووەوە پێداگری دەکات و..ناوەرۆکی ئەم رێزمانە دەریخست کە زمانی کوردی هیچی هاوبەشی لەگەڵ زمانی خاڵدیەکانی ئینجیل دا نیەو لە زمانی فارسیش یەکجار نزیکە(٣٤). تەنانەت

لێکۆڵینەوەکانی ڕێدیگێر و پۆنت لەبارەی زمانی کوردیەوە لایەنگیری ئەوەیان کرد کە زمانی کوردی سەربە گروپی زمانە ئێرانیەکانە. لێرەدا ناکۆکی و بەرامبەری لە نێوان دوو بۆچووندا دەردەکەوێت، بۆچوونی دانانی کورد وەکو میلەتێک کە ڕەگوڕیشەی بگەڕێتەوە بۆ ئاسیای بچووک و بۆچوونی دانانی کورد بە بەشێک لە هیندۆئێرانی ئاریایی و دانانی زمانەکەشی بە بەشێک لە زمانی ئێرانی یان یەکێک لە زمانە ئێرانیەکان. لەسەر ئەم بنەمایانە ئا.ئا. کۆنیک کە توێژەرێکی سۆڤیتی بوو هەوڵدەدات نەک هەر ئێرانیبوون و ئارییبوونی کورد وەکو ڕاستیەکی ڕەتنەکراوە دابنێت بەڵکو هەوڵدەدات سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە ئاری و ئێرانی نیشان بدات.. ئا.ئا. کۆنیک بە پشتگیری زانیارییە مێژووییەکان پەیوەندارێتی کوردو کەلتوورە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک نیشان دەدات و بە یاریدەی مەسەلەی ڕەسەنی ئێرانیی زمانی کوردی، کە ئەوساکە لە زانستدا چەسپابوو، هەوڵدەدات ڕەسەنی ئێرانێتی و ئاریەتی نەک هەر خاڵدییەکانی ئینجیل، بەڵکو هەموو کەلتوورە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بسەلمێنی(٣٥).

لێرەدا دەردەکەوێت کە هەوڵی بەرنامە بۆ داڕێژراو هەبووە بۆ سەلماندن یان باشتر بڵێین دانانی پێکهاتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە ئێرانی. بەڵام وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد ب. لێرخ بۆچوونی کوونیک و لایەنگرانی ڕەتکردەوەو پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە کوردەکان نەوەی ئەو خاڵدیە ئێرانی و چیاییە بەهێزو جەنگاوەرە ئازایانەن کە لە مێژوویەکی زۆر کۆنتردا لەچاو ئەوەی توێژەرانی تر سەبارەت بە باپیرانی کورد لە کاردۆخی و میدیەکان باسیان کردووە، دابەزیوونەتە ناوەڕاست و باشووری میسۆپۆتامیا، ئەوەش لە مێژووی هەزارەی سێیەمی پێش زایندا، واتە پێش هەر کۆچێکی خێڵە هیندۆئەوروپاییە ئاریەکان بۆ زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا.

بە دوای ئەم بۆچوونانەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ تێڕوانینی نیکۆلای یاکۆبیس. مار سەبارەت بە نەژادی کوردو پەیوەندی بە هیندۆئەوروپاییە ئاریەکانەوە بکەین، کە ئەویش بەجۆرێک ڕووناکی دەخاتە سەر نەژادی کورد. تیۆرییەکەی ن.ی. مار کە پێی دەگوترێت جافیتیک یان یافیتی، بریتی بوو لە گریمانە کردنی ڕیشەی هاوبەشی زمانەکانی قەوقازی، سامی–هامیتی

و باسکی، لە ساڵی ١٩٢٤داو ن.ی. مار لەوەش زیاتر رۆیشت و رایگەیاند کە هەموو زمانەکانی جیهان لە چوار-هاوار یان دەربرینی سەرسورمان-ی جیاواز پێکهاتوون، کە بریتین لە:[ سال، بێر، یو، رێش]. هەروەها گریمانەی ئەوەی داناوە کە زمانەکانی کارتڤێلی قەوقاز دەگەڕێنەوە بۆ زمانە سامیەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئا.ئا.کونیک بە پشتگیری زانیارەییە مێژووییەکان پەیوەندی کوردو کەلتوورە دێرینەکانی رۆژهەلاتی نزیک نیشان دەدات و بە یاریدەی مەسەلەی رەسەنی ئێرانی زمانی کوردی، کە ئەوساکە لە زماندا چەسپابوو، هەوڵدەدات رەسەنی ئێرانێتی و ئاریەتی نەک هەرخاڵدیەکانی ئینجیل، بەڵکو هەموو کەلتورە کۆنەکانی رۆژهەلاتی نزیک بسەلمێنێ. لێرخ لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا کوردەکان بە نەوەی ئەو خاڵدیە ئێرانی و چیاییە بەهێزو جەنگاوەرە ئازایانە ناودەبات کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایندا بەرەو ناوەراست و باشووری میسۆپۆتامیا رۆیشتوون. لەپاڵ ئەم بۆچوونەی ب. لێرخداو لەپاڵ ئەو بۆچوونانەی کە کوردییان بە نەوەی پێکهاتە رەسەنەکانی ئەو جوگرافیایە دەزانی کە ئێستا نیشتیمانی کوردەکانە، هێشتا بابەتی کۆچکردنی خێڵە هیندۆئەورووپیە ئاریەکان بۆ باکووری میسۆپۆتامیاو زاکرۆس، لە نێوەندی کوردناسی رۆژئاواو لای فارسەکان و تەنانەت مێژوونووسی کورد خۆیشی وەکو راستیەکی چەسپاو سەیرکراوەو تەنانەت تا ئێستاس سەیر دەکرێت. بەلام ئاشکرایە کە بەشێوەیەکی نزیک لە گشتی رۆژهەلاتناسی روسی نەک هەر بە گومانەوە لە بابەتی هیندۆئەوروپی و ئاریبوونی باپیرانی کوردو کوردیش دەڕوانێت. هەر لەم رووەوە بۆ لە رووداوەستانی بۆچوونی رۆژهەلاتناسی رۆژئاوا بە گستی و بۆ رەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئا.ئا. کونیک، سەبارەت بە نەژادی کورد، ن.یا. مار لەسەر بنەمای زمان و مێژوو جوگرافیاو لە چوارچێوەی تیۆرییەکەیدا واتە تیۆریی جافیتیک یان یافیتی کورد لە شوێنێکی تردا دادەنێت و هەوڵدەدات بەجۆرێک دڵنیایی لەسەر هیندۆئەوروپی نەبوون و ئارینەبوونی کورد بخاتە ڕوو. لەم رووەوە ڤیلچێڤیسکی دەڵێت: ن.یا. مار کە هەوڵی دەدا مەسەلەی نەژادی کورد بەم بۆچوونانەی پێشتر هەبوون، دەربارەی پەیوەندی نێوان کاردۆخیەکانی گزینیفۆن و میلەتانی تری ئاسیای بچووک و قەفقاس و پێش هەمووشیان گورجەکان، توانی بە ئاسانی ئەم گریمانە- گریمانەی کونیک-

رەتبکاتەوە(٣٦). واتە ن.یا. مار بوونی هەر ئەگەرێکی پەیوەندیبوونی کوردی بە هیندۆئەورپیە ئاریەکانەوە رەتکردەوەو باسی نزیکی نێوان وشەو زاراوەکانی کوردو کاردۆخی کردو لەپاڵ ئەوەشدا پێداگری ئەوەی کرد کە.. کوردەکان لە رووی جێنەتیکەوە دەبێ خەڵکی رەسەنی ئاسیای بچووک بووبن و تەنها لە دواتردا زمانێکی ئێرانییان بەسەردا بڕا(٣٧). ن.ی. مار باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان لە رووی بۆماوەوە دەبێ خەڵکی رەسەنی ئاسیای بچووک بن، ئەگەر پشتگیری ئەم بۆچوونە بکرێت مانای وایە پەیوەندی لە نێوان کوردو هیندۆئەوروپیە ئاریەکاندا بوونی نابێت، چونکە ئەوەی لەبارەی کۆچی خێڵە هیندۆئەوروپیە ئاریەکانەوە باس دەکرێت، ئەگەر راستبێت و ئەوە روویدابێت، ئەوا ئەو خێڵە ئاریانە بۆ بانەکانی ئێران و زاکرۆس کۆچیان کردووەو باسی کۆچکردنی ئەوان بۆ ئاسیای بچووک یان ئەناتۆلیا لە ئارادا نیە.

باسیلی نیکتین تاوتوێی بۆچوونەکانی ن.ی. مار سەبارەت بە نەژادی کورد دەکات و لەوبارەیەوە دەڵێت: بە بۆچوونی ن.ی. مار کورد دانیشتوانی رەسەنی ناوچە چیاییەکانی ئاسیای بچووکن. زمانەکەیان لەو سەرزەمینەدا پێکهاتووە نەک لە هیچ شوێنێکی تری گۆی زەوی. بە کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری قسەکەرانی ئەم زمانەدا روویانداوەو بەو کاریگەرییەی کە بۆ شارستانێتیەکان لەو ناوچەیەدا رەتناکرێتەوە، بەدواداچوون کراوە کە کورد خۆیان چالاکانە بەشدارییان تێیدا کردووە، زمانی کوردی ملکەچ بووە بۆ گۆڕانکاری بنچینەیی و لە ئەسڵی جافیتیک-یافیتی-ەوە، کە نزیک بووە لە زمانەکانی جۆرجی و کالدیەوە گۆڕاوە بۆ هیندۆئەوروپایی، کە زمانی کوردی دەبەستیت بە زمانە ئێرانیەکان و زمانە ئەرمینیەکان و تەنانەت بە رەگەزی هیندۆئەوروپایی زمانە حیسیەکانەوە(٣٨). کەواتە لێرەدا ن.ی.مار روناکی دەخاتە سەر دوو خاڵی گرنگ، کە یەکێکیان نەژادی کوردەو ئەویتریان زمانی کوردیە. بە گوێرەی نەژادی کورد ئەو کورد بە یەکێک لە نەتەوەکانی ئاسیای بچووک دادەنێت کە خاوەنی زمانی خۆیان بوون و ئەو نزیکیەشی کە لە نیوان کوردو کاردۆخیەکاندا دەیدۆزێتەوە، بەکاردەهێنێت بۆ سەلماندی بۆچوونەکەی خۆی لەو رووەوە کە.. زمانی کاردۆخیەکان وەکو زمانی یافیتی- جافیتیک- سەیر دەکات، کە زمانانی کۆنی خەڵکی رەسەنی

ئاسیای بچووک وپشت قەفقاس بوون(٣٩). دووەمیان کە بابەتی زمانە مار پێداگری ئەوە دەکات کە کورد خاوەنی زمانی خۆیان بوون کە زمانی یافیتی- جافیتیک- بووە، بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا دەستبەرداری ئەم زمانە بوون و زمانێکی تریان بۆ خۆیان دارشتووە یان دروستکردووە. لەم رووەوە ن.ی. مار دەگاتە ئەنجامێک کە: لە چەرخەکانی دواتردا زمانی کوردی گۆڕا و زمانی ئێرانی بە تەواوی جێگەی یافیتی-جافیتیک-ی گرتەوە(٤٠). هەروەک لەبارەی ئەوەی ئایا کورد خۆیان وازیان لە زمانەکەیان هێناوەو زمانێکی نوێیان هەڵبژاردووە، یان دارشتووە، دیسان مار.. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات گوایە کوردەکان خۆیان وازیان لە زمانی کۆنی خۆیان هێناوەو زمانێکی نزیک لە فارسییان دارشتووە(٤١). هەرچەندە ئەم قسەیەی دوایی ن.ی. مار جێگای تێڕامانە چونکە ئاسان نیە پێکهاتەیەک لە خۆیەوە ئاسایی دەستبەرداری زمانی خۆی بێت و زمانێکی تر دابڕێژێت، یان تەنانەت ببێتە بەکارهێنەری زمانێکی تر، مەگەر لەژێر فشاردا یان لە ئەنجامی رێگانەدان بە بەکارهێنانی ئەو زمانە لە لایەن هێزێکی باڵادەستەوە ئەوە رووبدات، واتە لە ئەنجامی قەدەغەکردنی ئەو زمانە هەرچۆن لە مێژووی نویدا، دەوڵەتی کەمالیستی تورکی ئەوەی بەسەر باکووری کوردستاندا سەپاندوەو نەک زمانی خوێندن و پەیوەندیکردن، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو رێگرییەی دەوڵەتدا، رووبەرێکی فراوان لە کوردی باکوور زمانی دایکیان نازانن. هەربۆیە ئاسان نیە بڕوا بەوە بکرێت کە کورد لە مێژووی کۆندا بە خواستی خۆیان دەستبەرداری زمانی رەسەنی خۆیان بووبن و لەبری ئەوە زمانێکی تریای دروستکردبێت یان تەنانەت بەکاریان هێنابێت، بەڵکو ئەوە، یان لەژێر فشاردا روویداوە، یان زمانەکەی خۆیان بەشی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی نەکردوون و ناچاربوون زمانی تر بەکاربهێنن. لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا لە رێگای بەکارهێنانەوە، زمانە نوێیەکە جێگای زمانی یەکەمی گرتبێتەوە، کە ئەوەش بارێکی چاوەڕوان نەکراو و دەگمەنە.

لە بۆچوونەکانی ن.ی. مار ئەوە تێدەگەین کە راستە زمانی ئێستای کوردی سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە، بەڵام بە بۆچوونی ئەو لە رووی نەژادەوە کورد ناچێتەوە سەر رەگەزی ئاری و کورد هیچ پەیوەندیەکی بە هیندۆئەوروپیەکان و کۆچی خێڵە هیندۆئەوروپیەکانەوە نیە. واتە ئەو گریمانەی

کە زمانی کوردی سەربە زمانە ئێرانیەکانەو نزیکە لە زمانی فارسیەوە، نابێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کورد سەربە بنەماڵەی هیندۆئێرانی یان هیندۆئەوروپاییە ئاریەکانە.. تەنها بەڵگەیەک بۆ نەژادی ئاری کوردو باپیرە گەورەیان [خاڵدیەکانی سەرو]، لە لایەن کونیکی مێژوونووس زمانی کوردی بوو، کە ئەوساکە لە کارەکانی ریدیگێر و پۆنتدا برابووەوە سەر یەک زمانی گەورەی هیندۆئەوروپایی هاوبەش. ئەم بەڵگە سەرەکی و پێشڕەوە بەسەر هەموو بەڵگەکانی ئەنترۆپۆلۆجی، مێژوویی، کەلتووری، ئیتنۆگرافی و هی تری لەم بابەتانەدا زاڵ بوو(٤٢). واتە بەڵگەی کۆنیک بۆ بە ئاری دانانی کورد لە رووی نەژادیەوە تەنیا زمانی کوردی بووە، لەبەرئەوەی کە زمانێکی سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە. واتە کونیک بێ لەبەرچاوگرتنی بەڵگەی نەژادناسی و ئەنترۆپۆلۆجی و مێژوویی و.. تاد، لەسەر بنەمای بەڵگەی زمان کورد و تەنانەت خاڵدیەکانیشی بە هیندۆئەوروپایی ئاری داناوە. بەڵام ن.ی. مار بڕوای وابوو کە تەنیا یەک جۆر بەڵگە ناتوانێت راستی گریمانەیەک بسەلمێنێت، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە دەبێ بەڵگەی کۆی بوارەکانی تری پەیوەست بە رەچەڵەک و بوونی کۆمەڵایەتی و تەنانەت جوگرفیاش دەبێ کاریان پێبکرێت. هەروەک ن.ی. مار ڕای وابوو: سروشتی ئێرانیی زمانی کوردی بە پلەی یەکەم نایەت، چونکە ئەمە خێڵە هیندۆئەوروپاییە کۆچەرەکان بەسەر خەڵکە رەسەنەکەیاندا سەپاندووە(٤٣). هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت کە کوردەکان بە خواستی خۆیان دەستبەرداری زمانی رەسەنی خۆیان نەبوون و زمانێکی تریان بۆ خۆیان دارشتبێت نزیک لە زمانی فارسی، بەڵکو ئەوەیان بەسەردا سەپێندراوە. هەروەها مار باسی ئەوە دەکات کە راستە زمانی کوردی نزیکیی هەیە لەگەڵ خێزانی زمانە ئێرانیەکاندا، بەڵام خاسێتی سەرەکی یان یەکەمی زمانی کوردی خاسێتی ئێرانیبوون نیە، یان بە دەربڕینێکی تر، بنەمای ئێرانیبوون یەکەمین بنەمای زمانی کوردی نیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرباری ئەوەی زمانی کوردی بە یەکێک لە زمانە ئێرانیەکان دادەنرێت بەڵام سروشتی ئێرانیبوونی ئەم زمانە خاسێتی باڵادەست یان بنەمای باڵادەست نیە لەم زمانەدا. ئەمەش جارێکی تر سەرنجمان بەلای بوچوونەکەی کونیکدا رادەکێشێت کە بەڵگەی سەرەکی بۆ ئارییبوونی کورد زمانی کوردی بوو، کە گوایە زمانێکی ئێرانیەو بە بۆچوونی ئەویش تەنیا ئێرانیبوونی زمانی کوردی بەسە بۆ سەلماندنی

ئـەوەی کـە کـورد لـە نـەژادی ئـاری بـن. بـەڵام وەکـو ئاماژەمـان بـۆ کـرد مـار ئـەم بۆچوونـەی رەتکـردەوە، بـەوەی کـە کـورد پێشـتر زمانـی تایبەتـی خۆیانیـان هەبـووەو دواتـر دەسـتبەرداری زمانـی رەسـەنی خۆیـان بـوون و ئـەم زمانـەی ئێسـتایان نزیـک لـە زمانـی فارسـی دارِشـتووە، بـەڵام دیسـان هـەر مـار خـۆی رای وایـە سـەرباری نزیکـی ئـەم زمانـەی ئێسـتایان لـە زمانـە ئێرانیـەکان، بـەڵام سروشـتی ئێرانێتی سروشـتی یەکەمی زمانی کوردی ئێستا نیە. ئەمەش دیسـان بەڵگەکـەی کونیـک بـۆ بەئـاری دانانـی کـورد لاوازتـر دەکات. واتـە مـار دژی بۆچوونـی کۆنیـک و رێنـان و تەنانـەت ب. لێرخیـش بـوو لـە بـە ئێرانـی دانانـی کـورد یـان ئـەو پێکهاتانـەی کـە بەشـدارییان لـە ئیتنۆگێنـزی کـورددا کـردووە.

دەشـێ سـەبارەت بـە ئارییـوون یـان هیندۆئەوروپاییبوونـی کـورد، سـەرنجی بۆچوونەکانی مینۆرسکی بدەین، کە ئەویش تا ئەندازەیەک لە بەرژەوەندی ئەم گریمانەیە ناشکێتەوە. مینۆرسکی دەڵێت: تا ماوەیکی نزیکی لەمەوبەر، وا بڵاو بوو کە کوردەکان نەوەی ئەو کاردۆخیانەن کە گەزنەفوون لە ساڵی ٤٠١ی پێش زاییندا و کاتێک سەرکردایەتی دە هەزار یۆنانی کردووە، بینیوونی و پەیوەندی پێوەکـردوون(٤٤). دیـارە یەکێـک لـەو بۆچوونانـەی سـەبارەت بـە نـەژادی کـورد جێگای بـاس بـووەو وەکـو گریمانەیەکـی نزیـک لـە راسـتی دانـراوە سـەیرکردنی کـورد بـووە وەکـو نـەوەی کاردۆخیـەکان، کـە لـەو رووەشـەوە بەڵگـەی زمانـی و جوگرافیش هێنراونەتـەوە. بەڵام ئاشـکرایە کۆی ئەو بۆچوونانـەی سـەبارەت بە نـەژادو رەگورِیشـەی کـورد خراونەتـە رِوو لـە چوارچێوەی گریمانـەدا ماونەتـەوەو ئـەو بەڵگانەشـی بـۆ سـەلماندنی هـەر گریمانەیـەک خراونەتـە رِوو، نەیانتوانیـووە دەرئەنجامێکی یەکلاییکەرەوە بەدەستبهێنن. لەم رووەوە» لە جیاتی کاردۆخیەکان، مینۆرسـکی بـۆ باپیـرە گـەورەی کـوردان، لـە نـاو میلەتـە کۆنەکانـی ناوچـەی چیایـی میسـۆپۆتامیای سـەرو و دەوروبەریـدا، پاکتییـەکان دیـاری دەکات، کـە نزیکتریـن هاوسـێی کاردۆخیـەکان بـوون، بـە قسـەی هێـرۆدۆت، پاکتـی لەگـەڵ ئەرمـەن و میلەتانـی تـردا لـە سـاتراپی سـیانزەیەمیندا دەژیـان. مینۆرِسـکی پشـتگیری تیـۆدۆر. نیلیدکـە و هارتمـان دەکات و نـاوی ئـەم لـە نـاوی بوهتـان و ئەمـەی دوایـش لـە پاکتیـکای هێـرۆدۆت نزیـک دەکاتـەوە(٤٥). لێـرەوە ئـەوە تـا ئەندازەیـەک ئاشـکرا دەبێـت، کـە هەرچەنـدە مینۆرسـکی بـرِوای بـەوە هەبـووە کـە باپیـرەی کوردەکان

دەشێ لە شوێنی ترەوە کۆچیان بۆ ئەو جوگرافیایە کردبێت کە ئێستا نیشتیمانی ئەوانە، بەڵام هاوکات پێیوایە کە گریمانەی نزیک لە راستی ئەوەیە کە میلەتانی کۆن و رەسەنی ناوچەکە ئەگەر باپیرەی تەواوی کوردەکان نەبن، ئەوا باپیرەی زۆرینەی کوردەکانن، یان بەشدارییان کردووە لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا. هەر بۆیە لە ناو پێکهاتە کۆنەکانی باکووری میسۆپۆتامیاو دەوروبەریدا بە دوای باپیرانی کورددا دەگەڕێت. لەو نێوەندەشدا نزیکترین گریمانە بۆ ئەو، ئەوەیە کە باپیرە گەورەی کوردەکان پاکتییەکان بن. هەروەک ئەوەش ئاشکرایە کە پاکتییەکان دراوسێی کاردۆخیەکان بوون و لێیانەوە نزیک بوون. بێگومان ناتوانرێت کاردۆخیەکان ببرێنەوە سەر نەژادی ئاری یان هیندۆئەوروپاییەکان. بە گوێرەی پاکتییەکان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەی رەگوڕیشەو سروشتی بوونیانەوە لەبەردەستدا نیەو تاکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکیش بۆ پەیوەستکردنیان بە هیندۆئەوروپاییە ئاریەکانەوە نابینرێت. ئەگەر ئەم بۆچوونەی مینۆڕسکی جۆرێک لە راستی تێدابێت، ئەوا دەبێتە بەڵگە بۆ زیاتر دوورخستنەوەی پەیوەندی کورد بە نەژادی ئاری و هیندۆئەوروپاییەکانەوە.

دیارە ئاشکرایە کە مینۆرسکی لە لایەنگرانی دانانی زمانی کوردیە لە نێو خێزانی زمانە ئێرانیەکاندا، بەڵام ئەو سەرباری هەوڵدانی بۆ بەکارهێنانی زمان وەکو بەڵگەو پاساو بۆ دیاریکردنی نەژادی کوردی، بەڵام ئەو لە پاڵ زماندا بایەخی بە بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی داوەو نەیتوانیووە تەنیا لەسەر بنەمای زمان بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات.» مینۆڕسکی پێیوایە سیمای ئێرانی زمانی کوردی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی مێژووی ئیتنیکی میلەتی کورد گرنگترین فاکتەرە، بۆیە لە شیکردنەوەی زمانی کوردیەوە دەست پێدەکات..ئەو دەڵێ: زمانی کوردی وەکو ئاشکرایە زمانێکی لقی رۆژئاوای گروپی خوارووی رۆژئاوای زمانە ئێرانیەکانە. لەباری ئێستاکەیدا زمانێکی تەواو سەربەخۆیە»(٤٦). هەڵبەت ئەم سەرباری ئەوەی کە زمانی کوردی بە زمانێکی ئێرانی دەزانێت بەڵام هاوکات پێیوایە زمانێکی سەربەخۆیەو بە پێچەوانەی هەندێ لە کوردناسانەوە کە پێیان وایە سیماو خاسێتی هاوبەش لە نێوان دیالیکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا لاوازە و تەنانەت کوردناسێکی وەکو نادر ئینتیسار پێداگری ئەوە دەکات کە سێ زمانی کوردی هەیە کە

بریتین لە یەکەم: کوردی کە دایالێکتی گۆرانی و سلێمانی دەگرێتەوە. گۆرانی زیاتر کوردەکانی کرماشان لە ئێران پێی دەدوێن کە زۆر نزیکە لە لوڕیەوە کە زمانێکی ئێرانیەو لورەکان قسەی پێدەکەن. دووەم: کرمانجی و سێیەم زازا(٤٧). ئەویش لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو خاسیێتی هاوبەش لە رووی زاراوەو رێزمانیشە لە نێوان ئەم سێ زارەدا لاوازە، بۆیە بە سێ زمان دایان دەنێت. هەروەک لوڕ بە پێکهاتەیەکی جیاواز لە کورد دادەنێت و زاری لوڕیش بە زمانێکی سەربەخۆی ئێرانی دەزانێت و پێیوایە پەیوەندی و لێکچوون لە نێوان زاری لوڕی و زارەکانی تری زمانی کوردیدا کە ئەو زاری لوڕی بە زمانی لوڕی ناو دەبات، زۆر کەمە.

بە لای مینۆرسکیەوە سەرباری بوونی دیالیکتی جۆراوجۆر لە زمانی کوردیدا، بەڵام ئەم زمانە خەسڵەت و سیماو بنەمای هاوبەش لە نێوان دیالیکتە جیاوازەکانیدا هەیەو ئەوەش دەبێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە یەک زمانە. بێگومان بوونی دیالیکتی جیاواز و هەمەچەشن لە زمانی کوردیدا دەشێ هاوشانی ئەو بۆچوونە بێت کە پێیوایە کورد لە یەک خوێن پێکنەهاتووەو لە رووی نەژادەوە فرە چەشنە، بەڵام لە پرۆسێسی ئێتنۆگێنزدا بووەتە یەک ئیتنۆس و زمانەکەشی سەرباری پێکهاتنی لە زیاتر لە دیالێکتێک، سیماو خاسێتە هاوبەشەکان کردوویەتی بە یەک زمان.

مینۆرسکی خۆی سەبارەت بە پەیوەندی کورد بە کاردۆخیەکانەوە، پێشتر گووتی وابڵاوبوو کە کوردەکان نەوەی کاردۆخیەکانن، بەڵام پاشتر پێداگری لەسەر ئەم بۆچوونە ناکات و دەڵێت: ئەم بیروڕایە لەم ماوەیەی دواییدا گۆڕا، چونکە هەندێ لە زانا تازەکانی ئەم سەردەمە ئەو گەلانەیان کردووە بە دوو بەشەوە کە پەیوەندییان بەو ناوانەوە هەیە. بەشی یەکەم (بەشێوەیەکی تایبەتی کاردۆخیەکان)ن، وایان پێ ئەڵێن کە لە رەگەزدا ئاری نین، بەڵام ئەو کۆرتییانەی لە بەشی رۆژهەڵاتی کاردۆخییەکاندا دەژین، دانراون بە باوباپیری کوردەکان(٤٨). کەواتە لێرەدا لەم قسەیەی مینۆرسکیدا لە لایەک ئەوە دەردەکەوێت کە کورد یەک باپیرەی هەبێت، کە ئەمەش سەلماندنی ئاسان نیە، چونکە گومان لەوەدا نەماوە کە کوردەکان زیاتر لە باپیرەیەکیان هەیە، ئەمەش وادەکات کە ئاسان نەبێت کورد ببەسترێتەوە بە تاکە نەژادێکی وەکو

ئاری یان جافیتیک-یافیتی- یان وەکو دواتر بەشێک لە مێژوونووسانی عەرەب و ئیسلام هەوڵدەدەن بیان بەستنەوە بە رەگەزی سامیەوە. لە لایەکی ترەوە ئەم بۆچوونەی مینۆرسکی ناڕاستەوخۆ ئەوە نیشان دەدات کە کوردەکان زیاتر نەوەی پێکهاتە رەسەنەکانی ناوچەکەن و تەنانەت وەکو هەندێک باسی ئەوە دەکەن دەشێ لە شوێنانی ترەوە هاتبن، ئەگەر ئەم بۆچوونەش راستی تێدابێت، ئەوا هێشتا دەتوانرێت بگوترێت لە هەموو بارێکدا کوردەکان نەوەی ئەو پیکهاتانەن کە پێش کۆچی گریمانەکراوی خێڵە هیندۆئەوروپاییە ئاریەکان، لە زاکرۆس و بانەکانی ئێران و باکووری میسۆپۆتامیدا ژیاون. لەم رووەوە مینۆرسکی هەوڵیداوە لە رووی جوگرافیەوە شوێنی راستەقینە یان بڕواپێکراو بۆ باپیرانی کورد دیاری بکات. دەشێ ئەم هەوڵەی ئەم زانایە لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتبێت کە پێیوایە بە بێ بوونی شوێن روداو دروست نابێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ مێژوویەک لە دەرەوەی جگرافیا بوونی نیە. بۆیە کاتێک ئەو دەیەوێت مێژووی نەژادی کورد دیاری بکات، پێویستە ئەو دیاریکردنە لەسەر جوگرافیایەک بێت.»مینۆرسکی ناچار دەبێت بە دوای شوێنێکدا بگەڕێت کە میلەتی کوردو زمانی کوردی تیا دروست بووبێت، ئەو شوێنەش کەوتبێتە نێوان ئاسیای ناوەڕاست، کە گوایە نیشتمانی جارانی خێڵە ئێرانیەکان و جێگای ئێستای کوردانە. ئەم شوێنە بە بڕوای ئەو دەبێ میدیای بچووک یان ئەترۆپاتین بێت(٤٩).

راستە دواتر میدیای بچووک یان ئاترۆپاتین بووەتە شوێنی ئازەرییەکان و ئازربایجانی ئێستایە، بەڵام بۆ مێژووی دوورودرێژ دەسەڵاتی میدیای بچووک لەسەر ئەو جوگرافیایە بەردەوام بووە، کە لە راستیدا بەشێک بووە لە وڵاتی میدیاو تەنانەت لە روخاندنی دەوڵەتی میدیاشدا، میدیای بچووک پارێزگاری لە خۆی کردووەو ماوەتەوە. سەرباری بوونی خەڵکی تر لە جوگرافیای ئاترۆپاتیندا، بەڵام پێکهاتەی سەرەکی و خاوەن دەسەڵاتی ناوخۆی میدیای بچووک میدیەکان بوون. ئاشکرایە هەرچەند بەڵگەی سەلمێنەری تەواو بۆ ئەو مەبەستە لەبەردەستدا نیە، بەڵام تاکو ئێستاش جگە لە بەشیک لە مێژوونووس و ناسیونالیستانی کورد، کەسانی تریش لە ریزی لێکۆڵەرانی مێژوودا هەن کە کورد وەکو نەوەی مادەکان سەیر دەکەن. بێگومان وەکو گوتمان سەلماندنی

ئەم بۆچوونە ئاسان نیە، بەڵام مینۆڕسکی هەوڵدەدات ئەم جوگرافیایە بکات بە شوێنی دروستبوونی کوردو زمانی کوردی. لە راستیدا ئەگەر تەنانەت نەشتوانرێت بۆچوونەکەی مینۆرسکی بسەلمێندرێت، ئەوا نکوڵی ئەوە ناکرێت کە میدیەکانیش بەشدارییان هەبووە لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا، بەڵام دیارە نە میدیەکان و نە هیچ پێکهاتەیەکی تر تاکە باپیرەی هەموو کورد نین.

ن.ی. مار لەسەر بنەمای بەستنەوەی زمانی کاردۆخیەکان بە زمانی یافیتی-ەوە، سەیرکردنی زمانی کوردیش وەکو درێژکراوەی زمانی کاردۆخی، پێیوابوو ئەم زمانە گۆڕاوە بە زمانێکی ئێرانی یان کوردەکان وازیان لە زمانی خۆیان هێناوەو زمانێکی ئێرانیان بۆ خۆیان داڕشتتوە. واتە بۆچوونی مار بەتەواوی رەتکردنەوەی پەیوەندی کوردو تەنانەت زمانی کوردیش بوو بە خێڵە کۆچەرە هیندۆئەوروپاییە ئاریەکانەوە. بۆچوونی مینۆرسکی لەم رووەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لە بۆچوونی مار. مینۆڕسکی دەڵێت: ئێمە زۆر باش دەزانین کە کوردەکان لە رووی زمانەوە ئاری نین، بەڵکو زمانەکەیان دەچێتە ناو کۆمەڵی زمانە ئێرانیەکانەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش من وا ئەزانم کە وڵات و (زمانەکەشیان) لە رۆژهەڵاتدایە(٥٠). لێرەدا مینۆڕسکی نائاری بوونی زمانی کوردی دەسەلمێنێت، خۆی لە راستیدا زمان پایەکی سەرەکی شوناسە. کاتێ زمانی کوردی زمانێکی ئاری نەبێت، کەواتە هەر ئەوە بەسە بۆ دروستبوونی گومانێکی گەورە لەسەر ئەو بۆچوونەی کە وای داناوە کورد سەربە نەژادی ئاریە. بە مانایەکی تر کە زمانی کوردی زمانێکی ئاری نەبێت، دەشێ هەر ئەم بەڵگەیە بکرێت بە بنەما بۆ رەتکردنەوەی گریمانەی ئارییوونی نەژادی کورد. ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆرینەی بەڵگە مێژوویی و جوگرافی و نەژادناسیەکانیش شانبەشانی بەڵگەی زمان، دەکرێت ببنە پاساوی بەهێز بۆ سەلماندنی نائارییوونی نەژادی کورد. ڤیلچێڤێسکی دەڵێت: دوای دامەزراندنی دەوڵەتی میدیاو لەو کاتەی هێزەکانی میدیا بەرەو رۆژئاوا- بەرەو ئاشوور- کەوتنەڕێ، بە رای مینۆڕسکی هەر ئەو کاتەش خێڵەکانی کۆچەرو زمان ئێرانی لە میدیای بچووکەوە بەرەو هەمان رۆژئاوا رێگایان گرتەبەر. ئەمە لە لایەکەوە بووە هۆی نیشتەجێبوونی باپیرە گەورەی کوردەکان لە میسۆپۆتامیای سەرودا، واتە شوێنی ژیانی ئێستایان، لە لایەکی ترەوە، ئەمە وایکرد لەو ناوچانەی

سەرچاوەکانی یۆنانی دەستنیشانیان کردوون ئەو خێڵانەی بە ناوی ماننا، یان بە فۆنەتیکی جۆراوجۆری ئەو زاراوەیە، ناودەبرا، بڵاوببنەوە. مینۆرِسکی ماتینەکانی هێرۆدۆت و ماردەکانی گەزنەفوون بە مانایی دەزانی و وەکو بەشێکی مادەکان کە بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردبوو، سەیریان دەکات(٥١).

دەشێ مەبەست لە رۆیشتنی هێزی میدیەکان بەرەو رۆژئاوا ئەو کاتە بێت کە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیاندا پەلاماری دەوڵەتی ئاشووریان داوە. ئاشکرایە لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایندا دەوڵەتی ئاشووریان روخاندووە. لەو مێژووەدا کە سەدەی حەوتی پێش زایین دەکات بە رِای مینۆرسکی هاوشانی هێزەکانی میدیا، کە مەبەست میدیای گەورەیە، لە میدیا بچووکیشەوە خێڵە کۆچەرو زمان ئێرانیەکان بەهەمان ئاراستەی هێزەکانی میدیای گەورە بەرەو رۆژئاوا رۆیشتوون. مینۆرسکی ئەم خێڵە کۆچەرو زمان ئێرانیانەی لە میدیای بچووکەوە بەرەو رۆژئاوا چوون وەکو باپیری کوردەکان باس دەکات، کە لە باکووری میسۆپۆتامیدا نیشتەجێبوون. واتە لێرەوە ئاماژەیەک هەیە کە باپیرانی کوردەکان لە میدیای بچووکەوە چوونەتە باکووری میسۆپۆتامیا. دیارە پێش گەیشتنی ئەم خێڵە کۆچەرییە زمان ئێرانیانە، باکووری میسۆپۆتامیا چۆل نەبووەو دانیشتوانی رەسەنی خۆیی هەبووە کە ئەوانیش خێڵە کۆچەری و شوانکارەکان بوون. ئەم دوو بەشە نە ئەوانەی لە میدیای بچووکەوە کۆچیان کرد بۆ باکووری میسۆپۆتامیا و نە ئەو دانیشتوانە رەسەنەشی کە لەوێ بوون شوانکارە بوون و ئەوانی دامێنی چیاکانیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریک بوون. هیچیان لە رووی نەژادەوە ناتوانرێت بە بەڵگە بسەلمێندرێت کە سەربە نەژادی ئاری بوون. لە کاتێکدا ئەوانەی لە میدیای بچووک و لە میدیای گەورەوە هاتوون، لەگەڵ دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکەدا، هەموویان هەریەکە بە رێژەو قەبارەی ئامادەبوونی خۆی بەشداریکردووە لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا. هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە کە دەتوانرێت بگوترێت کورد نەوەی ئەو خێڵ و پێکهاتە رەسەنانەیە کە لە دێرزەمانەوەو بۆ ماوەی دوورودرێژ لە چیاکانی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیادا ژیاون. «مینۆرسکی سەبارەت بە دەوری پێشڕەو و سەرباشقەی سوبستراتی ئاسیای بچووک- ئەناتۆلیا- لە مەسەلەی کورداو پەیوەندی کورد بە کاردۆخیەکانەوە، پشتگیری ن.ی. ماری

دەکرد و لە دواتریشداهەموو قورسایی لێکۆڵینەوەکانی خۆیی خستبووە سەر روونکردنەوەی پەیوەندی جێنەتیکی کورد لەگەڵ خێڵەکانی میدی و سکێفی و کیمیریدا، هەر وەکو چۆن مار گریمانەی ئەم جۆرە پەیوەندییانەی کردبوو(٥٢).

سەرئەنجام: دەتوانرێت بە کۆکردنەوەو لێکدانی راوبۆچوون و بەڵگەی مێژوونووسان و ئەوانەی سەبارەت بە بنەچەی کورد دواون، سەرباری رێنەکەوتن لەسەر ئەوەی کە ناوی کورد لە چیەوە هاتووەو چۆن هاتووە، تا مێژوویەکی درەنگ، دەگەین بەو ئەنجامەی کە کورد نەوەی ئەو پێکهاتە رەسەنانەیە کە لە باکووری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆس و ئەناتۆڵیا ژیاون، لەگەڵ نەوەی ئەو خێڵە ئێرانیانەی کە لە میدیای گەورەو میدیای بچووک- ئەترۆپاتین-ەوە بەرەو رۆژئاوا هاتوون لە سەردەمی دەسەڵاتی میدیادا. هەروەک ئەگەرێکی لاوازیش هەیە کە ژمارەیەکی کەمی کورد نەوەی ئەو خێڵە هیندۆئەوروپاییانە بن کە گوایە لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا بەرەو ناوچەکە کۆچیان کردبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد زیاتر لە باپیرانێکی هەیەو لە نەژادی هەمەچەشن پێکهاتووە. ئەمەش گریمانەی ئارییبوونی کورد رەت دەکاتەوە، هەرچۆن ئەوەش رەت دەکاتەوە کە کورد لە یەک رەچەڵەک و لە یەک خوێن و دەمار پێکهاتبێت. واتە کوردی ئێستا کە وەکو پێکهاتەیەکی تا ئەندازەیەک یەکگرتوو یان وەکو نەتەوەیەک بە چەمکی کلاسیک دەردەکەوێت لە رەچەڵەکی جۆراوجۆر یان هەمەچەشن پێکهاتووەو لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنز یان بە ئیتنۆسبووندا لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا ئەو شێوەی وەرگرتووە کە هەم ناوی کورد بووەتە ناوێکی گشتی بۆی و هەم ناوی کوردستان بووتە ناوی ئەو جوگرافیایەی کە ئەم میلەتەی لەسەر دەژی.

# بەشی پێنجەم

## ئیتنۆگێنزی کوردی- بەئیتنۆسبوونی کورد-

مەبەست لە ئیتنۆگێنز چیە؟ کاتێ دەڵێین ئیتنۆگێنزی کوردی مەبەستمان چیە؟ ئەو بوارەی کە ئەم چەمکە پێوەی پەیوەستە چیەو خاسیەتەکانی چین؟ ئەو زاراوانەی تر کە لەم زاراوەوە نزیکن چین، یان زاراوەکانی تر کە لە رەگی ئەم وشەیەوە دارێژراون کامانەن و چ پەیوەندییەکیان بە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی و کۆمەڵناسی بە تایبەتی هەیە؟

زاراوەی ئیتنۆگێنز «Ethnogenesis» لە وشەی کۆنی «ئیتنۆ- ethno»وە هاتووە، کە مانای نەتەوەو گروپی خەڵک یان میلەت یان گەلە. وشەی «-gen esis» بەمانای ئەسڵ، رەسەن، بنەچە. واتە ئیتنۆگێنز بریتیە لە پێکهاتن و پەرەسەندنی گرۆپێکی ئیتنیکی. ئەمەش دەشێت لە رێگای خودناسینەوەی گروپی یان لە رێگای ناسینەوەی دەرەکیەوە سەرچاوە بگرێت(١). وەکو گوتمان زاراوەی سەرەکی لەم بوارەدا کە مەبەستی کار لەسەرکردنی ئیمەیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەست بە کورد زاراوەی «ئیتنۆگێنز- ethnogenesis»ە،- کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە ئیتنۆگێنز دەخوێندرێتەوە- بە واتای پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوون، خۆ ئەگەر ئیتنۆ وەکو نەتەوە یان میلەت سەیر بکرێت ئەوا ئەم زاراوەیە بە مانای بە نەتەوەبوون یان کۆبوونەوەی خەڵک و درووستبوونی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت کە بە میلەت یان گەل ناودەبرێت.» زاراوەی ئیتنۆگێنز لە وشەی گریکی «ئیتنۆس»ەوە دادەڕێژرێت کە ئاماژە بۆ خەڵکێک یان میلەتێک دەکات کە لە هەمان زمان و کەلتوردا هاوبەشن. زاراوەی ئیتنۆس هاوواتای وشەی «جینس- gens» یان لەباری کۆدا «جێنتس- gentes»ی

لاتینیەو بەشێوەیەکی کەمتر گشتی بە مانای «نەتەوە- nation» بەکاردێت. ئەم وشە گریکی و لاتینیانە بە ڕێگای خۆیان هاتوونەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوەو لە ئینگلیزی ناوەندا بە مانای نەتەوە- nation و لە ئینگلیزی هاوچەرخدا بە مانای گروپی ئیتنیکی بەکارهاتوون(٢).

ئەم زاراوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت. لەم قۆناغەداو لەم چوارچیوەیەدا زاراوەی ئیتنۆگێنز دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی لەبەرچاوی دەرکەوتنی گروپە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان. واتە ئەو گروپانەی لەو روانگەیەوە کە شوناسی پێکەوە گونجاو و یەکگرتوویان هەیە دەناسرێن. هەروەک هاتووە: ئیتنۆگێنز پرۆسێسێکە بەهۆیەوە گروپێک لە خەڵک لە رووی ئیتنیکیەوە دیاری دەکرێت یان جیادەکرێتەوە. ئەمەش مانای پێکهاتن و گەشەکردنی گروپێکی ئیتنیکیە(٣). بێگومان بۆ ئەوەی گفتوگۆی ئیتنۆگێنزی کوردی بکەین کە مەبستمان ئەوەیە کەی و چۆن و لە کوێ و لە کێ ئیتنۆسی کوردی پێکهاتووە؟ بەڵام بۆ تاوتوێکردنی ئەم باسە پێویستمان بەوەیە، سەرەتا بە کورتی باسی ئەو زاراوەو چەمکانە بکەین کە پەیوەستن بە چەمکی ئیتنۆگێنزەوەو دەشێ وەکو داڕێژراوەکانی وشەی» ئیتنۆ» سەیر بکرێن، کە مەبەست لە پێکهاتنی ئیتنۆس گەیشتنە بە ئاستی بەدەستهێنانی شوناس. هەر لەسەر ئەم بنەمایە» ئیتنۆگێنز ئاماژە بۆ لە دایکبوونی شوناسە کەلتوریە نوێیەکان دەکات، واتە دەرکەوتنی شوناسێکی ئیتنیکی نوێ یان دووبارە پێکهاتنەوەی ئیتنیکی پێشتر هەبوو(٤). کەواتە ئیتنۆگێنز بریتیە لە پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوون یان درووستبوونی ئیتنۆس و ئەو هەنگاوانەی دەیبڕێت تا دەبێتە گروپێکی ئیتنیکی، کە ئەوەش مانای بوون بە پێکهاتەیەکی خاوەن شوناس، واتە پێکهاتەیەکی جیاواز یان گروپێکی جیاوازو خاوەن تایبەتمەندی، کە ئەو تایبەتمەندیانە بریتین لەو خەسڵەتانەی کە دەبنە بنەما بۆ جیاکردنەوەی ئەو پێکهاتە یان گروپە لە گروپ و پێکهاتەکانی ترو ناسینەوەی.

یەکەم وشەی گرنگ لەم بابەتەدا بریتیە لە «ئیتنۆ یان ئیتنۆس- eth-no,ethnos» کە لەباری کۆدا بە مانای گروپی خەڵک- میلەت-گەل-، نەتەوە دێت، هەروەک لە باری تاکدا زیاتر مانای رەگەز یان رەچەڵەک دەگەیەنێت. ئاشکرایە وشەی «رەگەز- Race» بریتیە لە بنەچە یان سەرچاوەو ئەسڵ، کە

پۆلێنکردنی مرۆڤ دەگرێتەوە لەسەر بنەمای خاسێتی فیزیایی یان کۆمەڵایەتی هاوبەش بۆ چەندین گروپ، کە سەربارى ئەوەى مرۆڤایەتی لە بنچینەدا یەک رەگەزە ئەویش رەگەزی مرۆڤە، بەڵام پۆلێنکردنی مرۆڤ لەسەر بنەمای رەگەز بەگشتی لەگەڵ خۆیدا یان لە ئاستی روانینی کۆمەڵایەتیدا وادەبینرێت یان سەیر دەکرێت جۆرێک لە جیاوازی بونیادی هەڵبگرێت. زاراوەی «رەگەز بەگشتی لە سەدەی شانزەیەمدا بەکارهات بۆ ئاماژە کردن بە چەشنە جۆراوجۆرەکان، لەناویاندا ئەوانەی بە پەیوەندی نزیکی خزمایەتی دەناسرانەوە»(٥).

بێگومان وشەی ئیتنۆس لەو چوارچیوەیەدا بۆ هەر دەستە یان پێکهاتە یان گروپە خەڵکێک بەکاردێت کە کۆمەڵێک خاسێتی هاوبەش لە نێوان خۆیان و جیا لەوانی تریان هەبێت و ئەوەش ببێتە بنەما بۆ جیاکردنەوەیان، واتە ئەو خاسێتە هاوبەشانە دەبنە تایبەتمەندی ئەو پێکهاتە یان گروپەو هەوکات خەسڵەتەکانی شوناسیشی پێ دەبەخشن. لەم روانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت ئیتنۆس بریتیە لە جۆرێک لە کۆمەڵایەتیبوون، لەو روانگەیەوە کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی خەڵک پێکەوە پێکدێت، بەڵام کۆبوونەوەیەکی هوشیارانەو لە سەر بنەمای بڕیارو نەخشەبۆدانان نیە، بەڵکو یان دەرئەنجامی رەگەزی هاوبەشە کە مەبەست لەمەش بوونی پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارە، واتە خزمایەتی، یان دەرئەنجامی پەرەسەندی کۆمەڵایەتیە، ئەوەش وەکو خاسێتی جوڵەی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا، کە ئەویش لە یەکە سنووردارەکانی سەرووی خێزان و بنەماڵەوە دەست پێدەکات. ئەمەس مانای وایە ئیتنۆس بە مانای تیرە، خێڵ، فیدراسیۆنی خێڵەکانیش دێت کە هەریەکە لەمانە بریتین لە کۆبوونەوەی گروپی خەڵک، بەڵام ئاستی پەرەسەندوتری ئیتنۆس لە نەتەوە و میلەت یان گەلدا خۆی دەبینێتەوە.

ئیتنۆگرافیا لە بنچینەدا لە وشەی «ئیتنۆ» و وشەی «گرافی» پێکدێت. وشەی ئیتنۆ وەکو گوتمان بە مانای خەڵک، میلەت، نەتەوە دێت، هەروەک «گرافی» مانای وەسفکردنە. واتە وشەکە وەکو زاراوەیەکی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بە مانای وەسفی میلەت یان گەل یان خەڵک دێت. بەو پێیە ئیتنۆگرافیا لقێکە لە زانستی ئەنترۆپۆلۆجی و بایەخ دەدات بە توێژینەوەی سیستێماتیکانەی داب و نەریت و ئکەلتورە جیاوزەکان، یان دەتوانرێت بگوترێت ئیتنۆگرافیا بریتە لە وەسفی زانستیانەی میلەتان و ئکەلتورەکان لەگەڵ داب و

نەریت و جیاوازیە ئاڵوگۆڕەکانیانداو شانبەشانی ئەوەش دەکۆڵێتەوە لە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەو میلەتان و شێوازی پەرەسەندنی مێژووییان و چۆنێتی پێکەوە کارکردنی ئەو توخم و پێکهێنەرانە و بەشدارییان لە پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوون یان بە نەتەوەو بە گەل بوون، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی پرۆسێسی کۆمەڵایەتیبوونەوە.. هەروەک ئیتنۆگرافیا کاری دەرخستنی ئەو نەریتە میلییانەیە، کە گەوهەرو بناغەی شێوازی ئیتنۆس پێکدەهێنن. واتە ئیتنۆگرافیا هەم ئەرکی وەسفکردنی گروپە کۆمەڵایەتیەکانە بە نەتەوەو میلەتانەوە، هەم ئەرکی شیکردنەوەی رەگەزو توخم و پێکهێنەرەکانی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەیە لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و پرۆسێسەکانی ئیتنۆگێنز یان بە ئیتنۆسبووندا. لێرەوە دەردەکەوێت سەرباری ئەوەی باسکردنی پرۆسێسی کۆمەڵایەتیبوون و توێژینەوەی ئەو بوارە وەکو ئەرکی کۆمەڵناسی دەبینرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئینۆگرافیا توێژینەوەی میلەت، گەل و نەتەوە دەکات، یان بە دەربڕینێکی تر لێکۆڵینەوەی گروپە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، مانای وایە پەیوەستە بە گرنگیدان بە یەکەی کۆمەڵایەتی تا ئەندازەیەک پەرەسەندوەوە لە رووی کۆبوونەوەوە، کە ئەو کۆبوونەوەیەش بەرهەمی شێوازی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیبوونە. کۆمەڵایەتیبوونیش دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵایەتیەو فاکتەرو پاڵنەرەکانی روودانی لەناوخۆیدایە. هەموو کۆمەڵایەتیبوونێکیش یاساو رێسای سروشتی خۆیی هەیەو لەسەر بنەمای جوڵەی دیالیکتانە و بەردەوامی جوڵەی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی نێو سروشت رێکخراوە. لەم پرۆسێسی بە کۆمەڵایەتیبوونەدا سەرئەنجام کۆبوونەوەی خەڵک پێکدێت و ئەم کۆبوونەوەیەش وەکو دیاردەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیداو لە هەناوی خۆیدا یاساو رێساو رێکخستنی خۆی بەرهەم دێنێت، کە ئەوەش دەبێتە سیستێمی ئەو یەکەیەی لەو کۆمەڵایەتیبوونە یان لەو کۆبوونەوەیەی خەڵک بەرهەم دێت.

هەر کاتێک ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەی کە لە بنەڕەتدا گروپی ئیتنیکین، بە سیستێمی رێکخستنیانەوە پێکبێن، مانای وایە بنەمای سیستێمی کۆمەڵایەتی پێکدێت، کە ئەوەش وەکو قۆناغی پێکهاتنی کۆمەڵگا سەیر دەکرێت. کەواتە لێرەوە ئیتنۆگرافیا ئەگەرچی ئەرکی سەرەکی وەسفکردنی میلەتان و شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو توخم و پێکهاتەو رەگەزانەیە کە بەشداری

دەکەن لە پرۆسێسی بەئیتنۆسدا، هەروەها لەو یەکە کۆمەڵایەتیەش دەکۆڵێتەوە کە لە پرۆسێسی بە ئیتنۆسبووندا پێکدێت کە دەشێ لەبەرزترین ئاستیدا کۆمەڵگا یان سیستێمی کۆمەڵایەتی بێت.

ئیتنیک، ئەم زاراوەیە ئاوەڵناوی ناوی ئیتنۆ-یان ئیتنۆسە، کە لە پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوون- ئیتنۆگێنز- بەرهەم دێت و ئاماژەیە بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتی یان گرۆپێک لە خەڵک کە تایبەتمەندی خۆی بەدەستدەهێنێت و دیارو جیاواز دەبینرێت. ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەسڵ و پاشخانی رەگەزی و کەلتوری و نەریتی و زمانی و مێژوویی هەوبەشییان هەیە. هەروەک دەشێ بگوترێت مەبەست لە ئیتنیک گرۆپیکی کۆمەڵایەتیە کە بەجۆرێک کۆدەبێتەوە شێوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی، ئایینی، کەلتوری.. یان فیزیکی و خاسیتە رەچەڵەکیەکانە. هەروەک دەشێ بگوترێت ئیتنیک مەبەست گروپێکە لە خەڵک کە هاوبەشن لە کەلتورو زمان و ئایین و باپیراندا، یان هاوبەشن لەو خەسڵەتاندا کە لە نەوەیەکەوە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەی دواتر. هەروەها دەشێ لە هەمان خاک یان هەمان ناوچەدا پێکەوە بژین.

لە کۆی ئەم قسانەی سەرەوەدا لەسەر ئیتنیک، باسی گرۆپێک لە خەڵکمان کرد کە هاوبەشن لە کۆمەڵێک بنەماداو پێکەوە لە رووبەرێکی جوگرافیدا دەژین. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیتنیک بەرهەمی کۆبوونەوەی خەڵکە یان بە دەربڕینێکی تر بەرهەمی جۆرێک لە کۆمەڵایەتیبوونە و بنەمای هاوبەشیان هەیە، یان لەم پرۆسێسەدا دەبن بە خاوەنی خەسڵەتە هاوبەشەکان و ئەم خەڵکانەش لە رووبەری جوگرافی دیاریکراودا پێکەوە دەژین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سێ بنەمای سەرەکی بۆ بوونی ئیتنیک لە بنەماکانی تر گرنگترن کە ئەوانیش بوونی کۆمەڵی خەڵک و خەسڵەتی هاوبەشی زمان و جوگرافیایە. دیارە پێداگری ئێمە لەسەر زمان و دانانی لە پێش بنەماکانی تری وەکو ئایین، رەگەز، بیروباور، داب و نەریت... لەبەرئەوەیە کە لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا زمان یەکێکە لە نیشاندەرەکانی ئیتنۆس و گروپی ئیتنیکی بە تایبەتی کە جەختکردنی باسەکەی ئێمە سەرئەنجام بۆ نیشاندانی پرۆسێسی بەئیتنۆسبوونی کوردە.

یەکێکی تر لەو زاراوانەی کە بنەچەکەی ئیتنۆ-یەو پەیوەندیدارە بە پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوونەوە، وشەی ئیتنیکیەتە- ethnocity، کە «پەیوەندی

بەو تایبەتمەندییە کەلتورییەکانەوە هەیە، کە هەموو گرووپە مرۆییەکان دیاری دەکات. هەروەک ئەم چەمکە ئاماژە بە هەستی پەیوەست بە ناسنامە و ئەندامێتی لە گروپێکدا دەکات کە بەشداری لە زمان، کەلتور، خەسڵەتی [بەهاکان، باوەڕەکان، ئایین، خووەکانی خۆراک، نەریتەکان] هاوبەش و هەستی مێژووی هاوبەشدا دەکات(٦). هەروەک دەشێ بگوترێت گروپی ئیتنیکی یان ئیتنیکیەت بریتییە لە گروپێک لە خەڵک کە لەسەر بنەمای خەسڵەتە هاوبەشەکان پێکەوە دەناسرێن و ئەو خەسڵەتانە لە گروپەکانی تر جیایان دەکاتەوە. ئەو خەسڵەتانەش بریتین لە نەریتی هاوبەش، باوباپیران، زمان، مێژوو، کۆمەڵگا، کەلتور، ئایین، رەفتارو مامەڵەی کۆمەڵایەتی...

چەند بنەماو خەسڵەتێکی پێویست هەن بۆ ئەوەی ئیتنۆس یان گروپی ئیتنیکی پێکبێت، یان بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەک لە خەڵک یان کۆمەڵێک لە خەڵک بەئیتنۆس یان بە گروپی ئیتنیک دابنرێن. لە سەرەکیترینی ئەو بنەمایانە ناو یان ناوی ئیتنۆس لە سەرەتاوە دێت، هەرچەند بە چەمکی کلاسیک و پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزم، ناوی ئیتنۆس وەکو ناوی نەتەوەش بەکارهێنراوە. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە بە چەمکی نوێ نەتەوە لە قۆناغێکی درەنگترداو بە بوونی پێشمەرجێکی سەرەکی دروست دەبێت کە دەوڵەتی نەتەوەیە، بەڵام بە چەمکی کلاسیک پێکهاتەی ئیتنیکی یان گروپی ئیتنیکی-ئیتنۆس- وەکو نەتەوە سەیرکراوە، یان بە نەتەوە دانراوە. هەروەک بنەما، یان ئەو مەرجانەی تر کە پێویستن بۆ بوون بە ئیتنۆس یان نەتەوە بە چەمکی کلاسیک بریتین لە خاک، زمان، مێژووی هاوبەش، نەریتی هاوبەش، کەلتور. بەڵام لە راستیدا نە ئیتنۆس و نە گروپی ئیتنیکی بە چەمکی سەردەمی مۆدێرنێتەو روانینی سەردەمی مۆدێرنێتە بە نەتەوە دانانرێن. لە راستیدا سنووری جیاکەرەوەی نێوان گروپی ئیتنیکی و ئیتنۆس هێندە پتەو نیەو پایەکانی هەردووکیان هاوبەشن. «گروپی ئیتنیکی گروپێکی کۆمەڵایەتیە یان گروپێکە لە دانیشتوان-خەڵک-، کە بە رایەڵەی هاوبەشی رەگەزی- باپیران- و زمان و کەلتورو مێژوو، ئایین و رەفتاری کۆمەڵایەتی پێکەوەبەستراون، کە ئەم خاسێت و بنەما هاوبەشانە لە گروپەکانی تریان جیادەکاتەوە»(٧). لێرەوەو بە پشتبەستن بەم پێشەکیە دەمانەوێت باس لە بە ئیتنۆسبوونی- ئیتنۆگێنز-ی کورد بکەین، یان بە چەمکی کلاسیک باس لە

بەنەتەوەبوونی کورد بکەین. کەواتە کورد کەی بووە بە ئیتنۆس، یان کەی لە رووی ئیتنۆگرافیەوە وەکو گروپێکی ئیتنیکی یان وەکو گوتمان نەتەوە بە چەمکی نەریتی و کلاسیک کەی دەرکەوتووە؟

دیارە ئیتنۆس چەند پایەیەکی سەرەکی هەیە، کە لە چەمکی کلاسیکدا وەکو پایە یان بنەماکانی نەتەوە باسکراون، لەوانەش زمان، کەلتور، مێژوو، خاک یان جوگرافیا. زمانی هاوبەش کە دەشێ پێش پرۆسێسی ئیتنۆگێنز زمانی یەکێک لە توخمەکانی بەشداربووی ئەو پرۆسێسە بووبێت، یان لە ئەنجامی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا پێکبێت، سەرباری ئەوەی وەکو بەرهەمی ئەو پرۆسێسەو پەیدابوونی ئیتنۆس دەردەکەوێت، دیسان یەکێکە لە کارکەرە گرنگەکان کە رۆڵی کارا دەبینێت لە پێکهێنانی گروپێکی ئیتنیکیدا، چونکە دروستبوونی زمانی هاوبەش کە خاسێتی ناسینەوەو جیاکردنەوەی ئەو گروپەی هەبێت، دەبێتە بنەماو هۆکار بۆ دروستکردن یان بەرهەمهێنانی شوناسێکی هاوبەش. دیارە شوناس دەبێتە ئەو ناونیشانەی کە گروپێکی ئیتنیکی یان ئیتنۆسێک دەناسێنێت.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد یەکێکی تر لە پایەکانی پێکهێنانی هەر ئیتنۆسێک- گروپێکی ئیتنیکی- بریتیە لە کەلتور. هەڵبەت کەلتور داب و نەریت و بەهاو بیرو باوەڕی هاوبەش دەگرێتەوە. دیارە پێکهاتەکانی پێش پێکهاتنی ئیتنۆس کە زیاتر لە شێوەی خێزان، بنەماڵە، تیرە، خێڵ یان ئەو پیکهاتانەدان کە پەیوەندی خوێن و خزمایەتی بنەمای پێکهاتنیانە، ئەوانیش جۆرێک لە کەلتوریان هەیە، بەڵام کەلتوری خێڵ و یەکەی دروستکەرو پێکهێنەری خێڵیش کە تیرەیەو یەکە پێکهێنەرەکانی تیرە، هاوشێوەن و ناتوانن ئەرکی کەلتور کە جیاکردنەوەی پێکهاتە یان گروپەکانە ببینن. لە کاتێکدا گروپە ئیتنیکیەکان- ئیتنۆس- کە دەبنە خاوەنی کەلتوری خۆیان و ئاسایی پیادەکردنی کەلتوری دیارو دەگمەنی خۆیانیان هەیە، لە ئاستێکی پەرەسەندوتردان لەچاو ئەو پێکهاتە سەرەتاییانەدا کە کەلتورەکانیان ناتوانن لە گروپە هاوشێوەکانی تر جیایان بکەنەوە.»خێڵ بە مانای هاچەرخ نەتەوە- ئیتنۆس-ی پێکنەهێناوە. خێڵ دەشێ لە چەند تیرەی بنەچە جیاواز- یان هاوشێوە- پێکهاتبێت، تەنانەت بە زمانی جیاوازەوە(٨)، لە کاتێکدا گروپی ئیتنیکی – ئیتنۆس- ئاستێکی لە پیادەکردنی کەلتوریی هەیە کە وای لێ دەکات لە گروپەکانی تر جیای بکاتەوە.

پایەیەکی تری پێکهێنانی گرووپی ئیتنیکی یان ئیتنۆس بریتیە لە مێژووی هاوبەش. مێژووی هاوبەشیش ئەفسانەو بەسەرهات و رووداوە هاوبەشەکانی پێشتر و یادەوەری هاوبەشی رابردوو دەگرێتەوە. ئەم رووداو و بوارانەی پەیوەندییان بە رابردووەوە هەیە، ئاماژە بۆ بوون و ئامادەبوونێکی هاوبەشی پێشتر دەکەن و لە پشتی ئەوەشەوە جۆرێک لە پێکەوەبوون و هاوچارەنووسی نیشان دەدەن.

هەروەک پایەیەکی تری پێکهێنانی ئیتنۆس یان پێکهێنەری گرووپی ئیتنیکی خاکی هاوبەش یان جوگرافیایە. ئەو گرووپانەی کە لەسەر هەمان خاک یان لە هەمان روبەری جوگرافیادان ئاسایی هەستێکی پتەو و بەهێزی پەیوەستبوون بە خاک و کۆمەڵایەتیبوونیان بۆ دروست دەبێت، کە دەبێتە هەستی پەیوەستبوون و ئینتیما بۆ کۆمەڵگاو بۆ شوناس. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە دەکرێ جوگرافیای هاوبەش بەکاربێت بۆ جیاوازیکردن لە نێوان گرووپە جیاوزەکانداو هەستی پەیوەستبوون بە یەکترەوەو وابەستەبوون یان سەربەبوون لە نێو ئەندامانی گرووپێکدا دروست بکات. هەروەک ئایینیش لە هەندێ دۆخدا وەکو پایەیەکی ئیتنۆس دادەنرێت، ئەگەرچی هەندێ بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە پێیانوایە ناکرێت ئایین ببێتە پایەی پێکهێنانی ئیتنۆس، چونکە دەشێت چەندین پێکهاتەی ئیتنیکی یان ئیتنۆس هەڵگرو پەیڕەوکەری هەمان بیروباوەڕی ئایینی بن. بۆ نموونە چەندین گرووپی ئیتنیکی یان نەتەوە لە رۆژئاوا پەیڕەوکەری ئایینی مەسیحین، هەروەک چەندی گرووپی ئیتنیکی و نەتەوە لە جیهانی ئیسلامیدا پەیڕەوکەری ئایینی ئیسلامن و گرووپ و نەتەوەی جیاوازیشن. بەڵام لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، بۆچوونیکی تر هەیە کە پێیوایە بیروباوەڕی ئایینی بەشدارییەکی لەبەرچاو لە پێکهێنانی گرووپە ئیتنیکیەکاندا دەکات، ئەویش لەو روانگەیەوە کە بیروباوەڕیی ئایینی هاوبەش رۆڵی دەبێت لە کۆکردنەوەو یەکخستنی ئەندامانی هەر گرووپێکداو دەتوانێت بیانکات بە یەکەیەکی یەکگرتوو، کە خاوەنی جۆرێک لە شوناسی تایبەتی خۆی بێت کە شوناسی ئەو گرووپەیە کە پێکیدەهێنن و دەشتوانێت لە رێگای ئەو شوناسە بەرهەمهاتووەوە لە گرووپەکانی تریان جیابکاتەوە.

ئاشکرایە کە ئەو جوگرافیایەی ئێستا کوردی تێدا دەژی، پێشترو لە قۆناغەکانی پێش بە ئیتنۆسبوونی کورددا، پێکهاتەی جۆراوجۆری تیادا ژیاوە،

کە دیارە ئەو پێکهاتانە بە ئاستی جیاواز بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کورددا کردووە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە تاکو ئیستاش بەڵگەی یەکلاییکەرەوەی تەواو سەبارەت بە چۆنێتی وردەکاریی پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوونی کورد وەکو پێویست لەبەردەستدا نیە،.بەڵکو کۆی ئەو بەڵگە جیاوازانەی کە هەن هەوڵدانن بۆ دیاریکردنی توخم و رەگەزە بەشداربووەکانی پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوونی کورد. بەڵام بەگشتی بەڵگە جۆراوجۆرەکان سەرباری ناکۆکی نێوانیان و هەندێجار دەرکەوتنیان وەکو دژی یەکتری، ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە بە ئیتنۆسبوونی کورد لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بووە. واتە ئەو پێکهاتانەی کە بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە، دەشێ بەشداری پێکهاتنی ئیتنۆسی جیاوازی تری ناوچەکەیان کردبێت. ئەوەش هۆکارێک بێت بۆ بوونی یان دەرکەوتنی نزیکی لە نێوان کوردو ئەو ئیتنۆسانەی تری ناوچەکەدا. لە راستیشدا لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەو پێکهاتانەی کە بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کورددا کردووە خۆیان پێکهاتەی ئیتنیکی بوون یان نەگەیشتوونەتە ئاستی بە ئیتنۆسبوون؟ یان بە مانایەکی تر ئەگەر ئەوانە خۆیان ئیتنۆسبوون ئایا دەتوانرێت بۆ نموونە وەکو ئیتنیکی کاردۆخی، لۆلۆبی، میتانی، هۆری، حیسی، میدی، سوباری، کاشی،کیمیری...، ناوببرێن؟ ئەگەر ئەمانە خۆیان ئیتنۆسبوون بەو مانایەی کۆبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بووبن کە زمان و باپیر-رەگەز-و مێژوو، داب ونەریت و کەلتورو ئایین و خاکی هاوبەشیان هەبووبێت؟ بێگومان ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن کە ئەگەر بە بەڵێ وەڵام بدرێنەوە، واتە ئەمانە پێکهاتە یان گروپی ئیتنیکی بووبن، ئێمە رووبەڕووی پرسیارێکی تر دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا دەرکەوتنی ئیتنیکی کوردی لەمانەوە یان پێکهاتنی لەمانە، پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوونە یان گۆڕینی ئیتنۆس یان چەند ئیتنۆسێکە بۆ ئیتنۆسی کوردی؟

رەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، هەمان شێوەی پرسی بە ئیتنۆسبوونی کورد پێویستی بە بەڵگەی ورد هەبێت بۆ سەلماندنی، کە تاکو ئێستاش وەکو گوتمان بەڵگەی یەکلاییکەرەوە لەم روانەوە کەمن، یان ئەو بەڵگانەشی هەن لەگەڵ یەکتر ناکۆکن و بەو ئەندازەی کۆمەڵە بەڵگەیەک پشتگیری سەلماندنی

بۆچوونێک دەکەن لە بەرامبەردا کۆمەڵێک بەڵگەی تر پستگیری ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە دەکەن. بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین هەرچۆن پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوون وەکو پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات کە ئەویش پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی‌یەو لە کۆمەڵایەتیبوون یان کۆبوونەوەی خەڵک پێکدێت، هاوکات لەبەرامبەر ئەم پرۆسێسەدا، دیاردەیەکی تر هەیە کە پێچەوانەی ئەوەی یەکەمە واتە دژ یان بەرامبەرە لەگەڵ پرۆسێسی کۆبوونەوە یان یەکگرتندا، ئەویش پرۆسێسی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەیە. مەبەست لەمەش هەڵوەشاندنەوەی ئیتنۆسێکە. لە مێژوودا ناوی چەندین ئیتنۆس و گروپی ئیتنیکی و نەتەوەو گەل هەن کە تەنیا وەکو ناو ماون، ئەگینا وەکو پێکهاتەیەک لە خەڵک هیچیان نەماوە، واتە هەڵوەشاونەتەوە. دیارە ئاشکرایە لە هەڵوەشاندنەوەی ئیتنۆسەکان لەبەرامبەردا، پرۆسێسی بەئیتنۆسبوون هەبووە کە وەکو جۆرێک لە یەکگرتن دەردەکەوێت یان هەر لە ڕاستیدا بریتیە لە پرۆسێسی یەکگرتن و بوون بە یەکەیەکی یەکگرتوو.

سەبارەت بە ئیتنۆسبوونی کورد، سەرەتا ئاماژە بە بۆچوونی ڤلادیمیر مینۆرسکی دەکەین، بە تایبەتی ئەو بۆچوونەی کە لە کۆنگرەی بیستەمی جیهانیی ڕۆژهەڵاتناسان لە ساڵی ١٩٣٨، لە برۆکسیل سەبارەت بە نەژادی کورد خستوویەتە ڕوو.» مینۆرسکی وەکو زۆربەی لێکۆڵەران، بۆ نزیککردنەوەی کوردان لە کاردۆخیەکانەوە بەڵگەی تەواوی بەدەستەوە نیەو هەموو ئەو بۆچوونە زمانەوانی و مێژوویی و کەلتوریە سەلمێنراوانەی ئەم جۆرە نزیکبوونەوەیە بەزەحمەت دەخەن، دووپات دەکاتەوە. لە جیاتی کاردۆخیەکان، مینۆرسکی، بۆ باپیرە گەورەی کوردان، لەناو میلەتە کۆنەکانی ناوچەی چیایی میسۆپۆتامیای سەرو و دەوروبەریدا، پاکتییەکان-نزیکترین هاوسێی کاردۆخیەکان- دیاری دەکات(٩). لێرەوە بۆچوونی مینۆرسکی ئەوەیە کە ڕەگەزی یەکەم کە ئیتنۆسی کوردی لێ کەوتووەتەوە یان کوردی لێ پەیدابووە پاکتیەکانن. کەواتە دەبێ پاکتیەکان کێ بن، کە مینۆرسکی بە گونجاوی دەزانێت پێمان بڵێت کورد ئەو ئیتنۆسەیە کە لە پاکتیەکانەوە دروست بووە؟ ئاشکرایە زانیاری ئەوتۆ لەبارەی پاکتیەکانەوە لەبەردەستدا نیە، کە بتوانرێت بۆ پشتگیریکردنی بۆچوونەکەی مینۆرسکی یان بۆ ڕەتکردنەوەی پشتی پێببەسترێت.

بە قسەی هێرۆدۆت: پاکتی لەگەڵ ئەرمەن و میلەتانی تردا لە ساتراپی سیانزەیەمدا دەژیان. بەڵام لە کوێوە هاتوون و نەژادیان چی بووە، جێگای پرسیارەو وەڵامەکەشی تەمومژاویە. ئێمە ئەوە دەزانین کە بۆ بە ئیتنۆسبوون بنەماو هۆکاری گرنگ هەن. لەم رووەوە دەگوترێت» لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا هەمیشە سێ پایە یان هۆکاری گرنگ دەوردەبینن. ئەمانیش (کات ماوەی پرۆسێسەکە)، شوێن، توخم و رەگەزی جۆراوجۆر. بەکارلێکردنی ئەم سێ هۆکارەو رەنگە هۆکاری تریش، ئیتنۆسێک لە دایک دەبێت و دەچێتە نێو رەوتی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیەوەو روخسارو قەبارەو چوارچێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت(١٠). بێگومان بە ئیتنۆسبوون ئەنجامی پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی مێژوویە، بۆیە خاسێتی رووداوی هەیە. هەموو رووداوێکیش دەبێ لە شوێنێکداو لە کاتێکی دیاریکراودا رووبدات. هەروەها خودی ئەم پرۆسێسە وەکو هەر پرۆسێسێکی تر لە ئەنجامی کارلێکی چەندین رەگەزو توخم روودەدات، کە ئەو کارلێکانەش پاڵنەرو هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیشیان هەیە کە دەشێ بە هۆکارو پاڵنەری خودی و بابەتی ناوببرێن. کەواتە لێرەدا دەبێ کاتێ باسی بە ئیتنۆسبوونی کورد دەکەین یان باسی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی دەکەین، دەبێ هاوکات ئەم پرۆسێسی بەئیتنۆسبوونە لەسەر جوگرافیایەک و لە کاتێکی دیاریکراو یان زانراودا روویدابێت.

«سەبارەت بە دەرکەوتنی کورد یان بە ئیتنۆسبوونی کورد، لە ناوەندە زانستیەکاندا تیۆرییەکی باو هەیە کە راڕەوەکەی بەوجۆرەیە کە کوردەکان دەگەڕێنەوە بۆ کاردۆخیەکان، بەڵام سەرباری ئەوە تیۆدۆر نولدکەو کەسانی ترلایەنگیری ئەو رایە دەکەن، کە هاتنی کوردەکان لە کیرتییەکانەوە دیاری دەکات، کە رایەکە پاشتر پشتگیری وایسباخی بەدەسیهێنا، هەروەها لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، گ.ڕ. درایڤەرهەوڵیدا ئەم دوو ناوهێنانە ببەستێت بە هەموو ناوهێنانەکانی ترەوە کە بەشێوەیەکی رووکەش لەو ناوهێنانە نزیک دەبنەوە وەکو هەوڵدانێک بۆ نزیککردنەوەی دۆزینەوەی پەیوەندی ئیتمیۆلۆجیانە لە نێوان ئەو ناوهێنانانەو ناوهێنانی کوردی ئێستادا»(١١). تا ئیستا ئەم بیرۆکەیە بڵاوەو لە ناوەندە تا ئەندازەیەک لە ناوەندە زانستیەکاندا باس دەکرێت کە کاردۆخیەکان کە دانیشتوانی دێرینی ناوچەی بۆتانی ئیستان- کە بۆ یەکەمجار

گەزنەفۆنی سەرکردەی یۆنانی لە ساڵی ٤٠١ی پێش زاییندا ناوی هێناون، وا دەردەکەون کە باپیرانی گەلی کورد بن. بنچینەکانی ئەم بۆچوونە بە ئەگەرێکی زیاترەوە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیی دەنگیی لە نێوان ئەم دوو ناوەداو بۆ ئەوەی کە وڵاتی کاردۆ ئێستا ناوەندی سەرەکی بۆ کۆبوونەوەی کوردەکان پێکدەهێنێت(١٢).

هەر لەبارەی رۆڵی کاردۆخیەکان، یان ئەگەری بەشداریکردنیان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کاردۆخیەکان یەکێک لەو پێکهاتانە بوون کە لە هەمان جوگرافیای ئێستای کوردستاندا ژیاون و لە جەنگی نێوان دەوڵەتی هەخامەنشی و ئەسکەندەردا خۆیان پاراستووەو سەرباری ئەوەش کە پێشتر چەند جارێک بەر هێرشی فارسەکان کەوتوون، بەڵام بەرگرییان کردووەو فارسەکان نەیانتوانیوە ملکەچیان بکەن.» ئەردەشێری دووەم لەشکرکێشیەکی بردە سەر کاردۆخیەکان و سەرکەوتنێکی بچووکی بەدەستهێنا.. دووبارە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەردەشێری سێیەمدا[ ٣٥٨-٣٣٨ی پێش زایین،] لەشکرکێشییان بردەوە سەر کاردۆخیەکان. لەو شەڕەدا کۆدۆماین، کە لە دوایدا بەناوی داریۆشی سێیەمەوە چووە سەر تەختی شاهانە، دەستەویەخەی کاردۆخیەکان دەجەنگا. لێ دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەم لەشکرکێشیەی تری ئیمپراتۆرێتی پارسەکان نەیتوانی بە تەواوی کاردۆخیەکان ملکەچ بکات(١٣). لێرەدا دەردەکەوێت کە کاردۆخیەکان یەکێک لەو پێکهاتانە بوون لە کۆی ململانێ و ناکۆکیەکانی ناوچەکەدا لە نێوان میدیاو ئاشووردا، یان لە نێوان پارسە هەخامەنشیەکان و یۆناندا، خۆیان پاراستووەو تەنانەت پارسەکان کە زیاتر لە چەندجار هیرشیان کردۆتە سەریان بەڵام نەک نەیانتوانیوە لە ناویان ببەن، بەڵکو نەیانتوانیوە بەجۆرێک بەسەریاندا سەربکەون کە ملکەچیان بکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاردۆخیەکان لە دوای هەخامەنشیەکانیش ماونەتەوەو تەنانەت بوونەتە هاوپەیمانی میدیا و میدیا ئەترۆپاتین. مانەوەی کاردۆخیەکان لە لە رۆژئاوای ئێرانی ئێستاو باکوری میسۆپۆتامیادا، کە قسەکانی گەزنەفۆنی سەرکردەی یۆنانی لە ساڵی ٤٠١ی پێش زایندا زیاتر بەهێزی و جەنگاوەری کاردۆخیەکان و تەنانەت جیاوازی زمانەکەشیان لە زمانی فارسی دەسەلمێنێت، دەبێتە بەڵگە بۆ مانەوەی

کاردۆخیەکان لەم جوگرافیایەدا کە دواتر ئیتنۆسی کوردی تیادا دەرکەوتووە. بۆیە ئەو بۆچوونە تا ئەندازەیەکی دیار نزیکە لە راستی کە کاردۆخیەکان یەکێکن لەو پیکهاتانەی کە بەشدارییان لە دروستبوونی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە. هەر لەبارەی مانەوەی کاردۆخیەکان و چەند رەگەزو پێکهاتەی ترەوە لەم جوگرافیایەدا دیاکۆنۆف دەڵێت: بەدڵنیاییەوە لە سەدەی چوارەمی پێش زایینداا، کاردۆخییەکان و ماتێنییەکان بە ئەگەرێکی زۆرەوە نەوەی ماننایيەکان و لۆلۆبیەکان و هەروەها ئەو هۆزانەش کە بە کاسپییەکان ناسرابوون و پێشتر بەشێک بوون لە یەکێتی هۆزەکانی میدیا، تایبەتمەندییەکانی خۆیان لە نێو ئەو گەل و هۆزانەدا پاراست کە خۆیان بە میدیایی ناوزەند دەکرد(١٤). ئەم پێکهاتانە لێرەدا خاسیێتی خێڵیان دراوەتێ، چونکە لە کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکانی میدیادا بەشداربوون و لە دوای روخانی دەوڵەتی میدیا ماونەتەوەو تەنانەت بە گوێرەی کاردۆخیەکان هاوپەیمانی میدیای ئەترۆپاتین بوون. بۆیە ئەگەری زۆر ئەوەیە کە کاردۆخیەکان و ئەو پێکهاتانەی تریش کە ماونەتەوە دواتر لە دروستکردنی ئیتنۆسی کوردیدا بەشداربوون. کە ئەمەش دەشێ پەیڕەوی هەردوو پرۆسێسی هەڵوەشاندنەوەو یەکگرتینیشی تێدا بووبێت. هەندێ لەم پێکهاتانە کە دەشێ بنەمای ئیتنۆسیان هەبووبێت هەڵوەشاونەتەوەو تەنیا وەکو ناوێک لە مێژوودا ماونەتەوە، بەڵام بەش و رەگەزو توخمەکانی ئەو پێکهاتانە کە دوای هەڵوەشاندنەوە ماونەتەوە توانیویانە لە پرۆسێسی یەکگرتندا یەکەیەکی نوێ پێکبهێنن کە ئەو یەکە نوێیە خەسڵەت و بنەماکانی ئیتنۆسی هەبووە ئەویش ئیتنۆسی کوردیە.

سەبارەت بەو ناوانەی کە نزیکن لە ناو یان وشەی «کورد»وە، گ. ڕ. درایڤەر کۆمەڵێک ناوو وشەی نزیک دەهێنێتەوەو پێیوایە کە ئەو وشانە پەیوەندییان بە ناوی «کورد»ەوە هەیە. لەم بارەیەوە دەڵێت: جەدوەلی ئەو بیچمانەی وا لە سەدەی یەکەمی پێش زایین بەدواوە، لە لایەن نووسەرانی یۆنانی و لاتینییەوە بەکارهێنراون: لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا بریتین لە: کوردوەنی، کوردیێنێ، کوردیەئوس و کوردیەئا. لە سەدەی یەکەمی زایینیدا: کوردێنی و کوردییێنێ، کوردوێنێ، کوردیەئوس، کوردیائی، کۆردیائی. لە سەدەی دووەمی زایینیدا: کوردییێنێ، کوردیەئوس، کوردوێنێ، کەردینوس. لە سەدەی چوارەمی زایینیدا:

کەردووێنی، کەردوێنی، کوردیەئی. لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا: کەردوێنی، کوردوێنە، کوردییێنە، کەردوێنی. لە نووسراوی پیاوە ئایینیەکاندا: کەردیئوس، کوردولیە، کودریەلیە. پێویست ناکات گرنگایەتی بە شێوەکانی دیکەی [ئەم وشەیە] بدرێ کە زۆرو زەبەندە، لە دەستنووسەکاندا هاتوون یا بەشێوەیەکی دەسکردی وەک «کوردیەو» لە لایەن ستیپانووسی بیزانتییەوە، وەک ناوێک بۆ خاکی «کوردیەئی» داتاشراوە(١٥). لێرەدا لە رووی نزیکی سەرجەم ئەم وشانە لە یەکترەوە، درایڤەر دەیەوێت بڵێت کە بنچینەی هەموو ئەم وشانە یەکەو هەمووشیان بۆ گوزارشت کردن لەو پێکهاتەیە بەکارهێنراون کە لەو ناوچە جوگرافیەدا نیشتەجێبوون یان ژیاون کە دواتر نیشتیمانی کوردان بووە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لەسەر ئەم جوگرافیایە ئیتنۆسی کوردی دەرکەوتووە، کە دەشێ ئەم ناوانە بۆ زیاتر لە پێکهاتەیەک یان نەژادێک بەکارهاتبن، کە هەموویان پێکەوە بەشدارییان کردبێت لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونە یەکدەگرێتەوە کە کوردی ئێستا لە نەژادی هەمەچەشنن و هەگیز ناتوانرێت پێداگری لەسەر یەک نەژادی کورد یان خوێنی خاوێن یان نەژادی خاوێنی کوردی بکرێت. هەرچەندە بۆچوونی درایڤەر زیاتر بە لای ئەوەدا دەڕوات کە کاردۆخیەکان بە باپیرەی کورد دابنێت.» قەردەی» سۆمەرییەکان لەسەر گۆلی وان و هەروەها ئەو»قورتی»یانەی وا ئاشورییەکان لە چیای ئازو چوونە شەڕیان و زەحمەتیشە لە» حەزوو»ی نوێ جیاوازبن، هەردووکیان راستەو راست شوێنی خاکی»کەردۆخی»یەکان دەگرنەوە، کە پێشیان بە گەڕانەوەی دە هەزار کەسەکە گرتبوو. لە کاتێکدا ئەو خاکەی کە بە شوێنی «کوردیەئی» یا «کوردوێنی»دانراوە، تەنیا درێژەیەکی «کەردۆخیا»یە، وەک چۆن کوردستانی ئێستایش هەر ناوچەی «کوردیەئە» یا «کوردوێنێ»یەو بەرینتر بۆتەوە(١٦).

بێگومان لە بۆچوونەکەی درایڤەردا هەوڵی پێکەوەبەستنی دووان لە پایە سەرکیە پێویستەکانی دروستبوونی ئیتنۆس دەبینرێت، کە یەکەمیان ناوەو دووەمیان شوێن یان جوگرافیایە. ئەم لە هێنانەوەی زۆرینەی ئەو وشانەوە کە نزیکی یان لێکچوونیان لەگەڵ ناوی یان وشەی کورددا هەیە، هەڵدەدات ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆسێک جێگیر بکات و وشەو ناوە جۆراوجۆرەکانی

کە دەیەوێت کوردیان بباتەوە سەر، وەکو ئەو توخم و ڕەگەزانە سەیر دەکرێن کە بەشدارییان کردووە لە پێکهێنانی ناو یان وشەی کورددا وەکو ناوەکەو هەروەها بەشداریشیان کردووە وەکو توخم و ڕەگەزەکانی پەیدابوونی کورد یان ئەو توخم و ڕەگەزانەی کە کوردیان لێ پەیدا بوو. بە گوێرەی شوێنیش هەم لە ڕووی مێژوویییەوە ئەو ناوچەیە دەکات بە شوێنی دروستبوونی ئەم ئیتنۆسە کە ئەو پێکهاتانەی تێدا ژیاوە کە هەریەکە بە جۆرێک و بە ئاستێک بەشدارییان لەو پرۆسێسەدا کردووە، بەڵام بە لای ئەوەوە پێگەو ڕۆڵی کاردۆخیەکان زیاترە. هەروەک لە ڕووی ئەو شوێنەوە کە ئیتنۆسی کوردی تیادا دروست بووە، درایڤەر باسی ئەوە دەکات کە هەمان ئەو جوگرافیایە کە ئێستا نیشتیمانی کوردەکانە. هەر پەیوەست بە دیاریکردنی شوێن وەکو یەکێک لە پایەکانی دروستبوونی ئیتنۆسی کوردی بۆچوونی باڵادەست ئەوەیە کە کوردەکان وەکو کورد لەسەر ئەو جوگرافیایە دەرکەوتوون کە ئێستاس لەسەری دەژین. هەرچەندە یەکێک لە کێشەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد ئەوەیە زیاتر نووسینەوەی مێژووە لە دەرەوەی شوێن یان لە دەرەوەی جوگرافیا. لەمبارەیەوە درایڤەر دەڵێت: ئەو خاکەی وا لە سەردەمی مێژوویيدا زێدی ڕەگەزی کورد بووە، وێدەچێ هەر ئەو ناوچەیە بێت کە یۆنانیەکان بە کەردۆخیەو هەردوولایەنی یۆنانی و ڕۆمی بە کوردوینی یا کوردیەئە ناویان بردووە. نووسەرە سوریانیەکان، ناوی «قەردوو»یان پێبەخشیووەو نووسەرانی کۆنی عەرەبیش «قەردا»یان لە سوریانیەکانەوە وەرگرتووە(١٧). بێگومان مەبەست لە زێدی کورد لە مێژووی دێریندا، مەبەست ئەوە نیە کە کورد لە مێژووی دێریندا وەکو ئیتۆسی کوردی یان پێکهاتەی کوردی یان نەتەوەی کورد بوونی هەبووبێت، بەڵکو لێرەدا مەبەست باپیرانی کوردە، یان ئەو پێکهاتانەی کە بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە. ئەو ناوچەیەش هەروەکو گوتمان بە بۆچوونی درایڤەر زیاتر سەرزەمینی کاردۆخیەکانە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا نیشتیمانی کوردە، لە ڕابردوودا یان لە مێژووی پێش دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیدا تەنیا کاردۆخیەکانی تێدا نەژیاون، هەتا بگوترێت کورد تەنیا لە کاردۆخیەکانەوە هاتووە. بەڵکو وەکو زیاتر لە جارێک ئاماژەمان بۆ کردووە، ئیتنۆسی کوردی لە زیاتر لە توخم و ڕەگەزێک پێکهاتووە، کە ئەوانیش ئەو گروپ و پیکهاتانە بوون کە تا کاتی

پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی لەم جوگرافیایەدا ژیاون و بێگومان کاریگەرییان لەسەر دوای خۆیان بەجێهێشتووە. «ئێمە دەتوانین بڵێین ئەو میلەت و خێڵانە لە مێژووی هەرە کۆنیاندا، پێش ئەوەی کۆمەڵگای چینداریپیان لا دروست بووبێ، لەم ناوچەیەدا دەژیان و نابێ جێپەنجەیان لە نەخشەی گشتیی سیمای ئیتنیکی و کەلتوریی ناوچەکەدا بەجێ نەمابێ. ئەم میلەت و خێڵانە ئەو بنەچانە بوون کە خێڵ و میلەتانی چەرخی دواتر لەسەر بناغەیانەوە دروستبوون(١٨).

ئاشکرایە لەو جوگرافیایەدا کە ئیتنۆسی کوردی تیادا پەیدا بووە، پێشتر چەند گروپ و پێکهاتەیەک ژیاون وەکو هۆری و گووتی و لولوبی و کاسپی یان کاشی و مانایی و میتانی و مهرانی و مادو کاردۆخی و کیرتی و خاڵدی و..هی تریش، ئەمە بێچگە لەو خێڵە کۆچەرییە هیندۆئەوروپی و رەنگە عیلامی و سامیانەی دەشێ لە رێی کۆچەوە گەیشتنبە ئەو ناوچەیە و لەوێ ژیا بن. بێگومان ئەمانە کاریگەری و شوێنەواریان بەسەر دوای خۆیانەوە بەجێهێشتووەو بەوپێیەس لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و رەنگە ئیتنۆسەکانی تریشدا بەشدارییان کردبێت، واتە بوونەتە ئەو توخم و رەگەزانەی کە ئیتنۆسی کوردی و ئیتنۆسی تری ناوچەکەشیان پێکهێنابێت.

لە راستیدا سەرباری بوونی ئەم گروپ و پێکهاتە جۆراوجۆرانە لەو سەرزەمینەداو دواتر لە سەروەختی پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردیەوە کە دوای ماوەیەکی مێژوویی درێژ لە سەروەختی سوڵتان سەنجەری سەلجوقیەوە بە کوردستان ناسراوە، سەبارەت بە ریشەی ئیتنۆسی کورد، چوار بۆچوون هەیە کە یەکێکیان کورد بە ئاری دادەنێت کە ئەمەش مانای پەیدابوونی کوردە لە خێڵە کۆچەریە هیندۆئەورپاییە ئارییەکان. دووەمیان دانانی کورد بە نەوەی خەڵکی رەسەنی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیتنۆسی کوردی لەو پێکهاتە رەسەنانەی ناوچەکە پێکهاتووە. بۆچوونی سێیەم کورد بە رەگەزی یافیتی دادەنێت. بۆچوونی چوارەمیش بۆچوونێکی بێ بنەماو نازانستیە کە زیاتر لای مێژوونووسانی پێشەنگی عەرەبەوە سەریهەڵداوە کە هەندێکیان کورد دەبەنەوە سەر عەرەب و هەندێکیشیان باسی ئەوە دەکەن کورد جۆرێکن لە جنۆکە یان کوردەکان لە ئەفریدەبووی جنۆکەن(١٩)، هەروەک مەسعودیش بۆچوونی نزیک لەم بۆچوونەی هەبووە کە گوایە لە سەردەمی

حەزرەتی سلیماندا خودا ژنە برواداڕەکانی لە شەیتان پاراستووە، بەلام ژنە دوو رووەکان دوای شەیتان کەتوون و شەیتان لەگەڵیان جووت بووەو سکیان پڕ بووە، خودا فەرمانی بە سلێمان کردووە ئەوانە دەرکەن بۆ - بیانکەن بە کورد لە- چیاو دۆڵەکان(٢٠) واتە کورد بەرهەمی جووتبوونی شەیتانە لەگەڵ ژنە دوو رووە بێ ئابڕووەکان. هەروەک لە ناو کورددا ئەوەش باوە کە مەسعودی رای وابووە کورد نەوەی جنۆکەیە. بەهەرحاڵ ئەوە ئاشکرایە کە نەژاد یان رەچەڵەک ناتوانێت ببێتە بەڵگەی کێویی بوون و دڕندەبوون یان شارستانێتی بوونی ئیتنۆسێک یان نەتەوەیەک. بەڵکو لە رووی زانستیەوە دەشێ ئیتنۆسی فرە سەرچاوە، یان رەچەڵەک هەمەچەشن کە بنەماکانی کۆمەڵایەتیبوون تیایاندا دەکەوێتە دەرەوەی پەیوەندییەکانی خزمایەتیەوە، واتە دەرەوەی پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار، کۆمەڵایەتیبوونێکی ئاسۆیی یان ئاڵوگۆڕ دەبێت لەسەر بنەمای پێداویستی ژیان. ئیتنۆسی فرە توخم و فرە رەگەز دەشێ لە قۆناغەکانی دواتری ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەگەری کرانەوەو پەسەندکردنی ئەوانی تری زیاتر بێت.

یەکێک لەو کارانەی پەیوەست بە رەچەڵەکی کوردو بە زمانی کوردی و بە ئیتنۆسی کوردی پشتبەستوو بە سەرچاوە دێرین و رەسەنەکان شایانی سەرنج لیدانە، کارەکەی سۆران حەمە رەشە بە ناوی «کورد کێیە؟». ئەم توێژەرە سەرباری رووناکی خستنەسەر ئەو هەوڵانەی پێشتر بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەو ناوانەدا دەشێ مەبەست لێیان کورد بێت یان هەریەکە بەجۆرێک گوزارشت لە ناوی کورد بکەن، بۆچوونەکەی درایڤەر دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: درایڤەر سەلماندوویەتی کە ناوەکانی کورت، کاردوخ، گۆرتو، قورتی، قارتا، کاردا، سەرەڕای جیاوزییان، هەموویان کۆمەڵێک ناوی ترن بۆ کورد (Drivwer, 1992, p.p.67-68)(٢١). سەرباری هێنانەوەی ئەم بۆچوونەی درایڤەر، ئەم توێژەرە لە رێگای درووستکردنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندەوە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئەو میلەتانەی کە لە پێش دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیدا لەم ناوچەیەدا ژیاون، هەوڵدەدات بیسەلمێنێت کورد پێکهاتەیەکی کۆنترە لە زۆرینەی ئەو میلەتانەی لە ناوچەکەدا ژیاون و ئەو پێیوایە بوونی ئەو هەموو وشە هاوبەشانە لە نێوان کوردی و زمانی ئەو گروپ و پێکهاتانەدا، کاریگەری زمانی کوردیە بەسەر

ئەوانەوە. لەم رووەوە لە زمانی مادەکان و مانیەکان و لوڤیەکان و هیتیەکان و هۆرییەکان و سۆمەرییەکان و کاریەکان و سراسیەکان و لیدیەکان و تەنانەت لە زمانی فارسی و هیندۆئەوروپیدا.. بە دوای وشە کوردیەکاندا دەگەڕێت و وشە گەلێکی زۆر دەدۆزێتەوەو پێیشی وایە کە ئەو وشانە لە رەچەڵەکدا زیاتر کوردین و ئەو میلەت و گروپ و پێکهاتانەی تر گوایە لە کوردەوە وەریانگرتووە. دیارە ئەم بۆچوونەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیوایە کورد لە زۆرینەی ئەو پێکهاتانە کۆنترە کە لە ناوچەکەدا شارستانێتیان بەرهەمهێناوەو لە مێژوودا ناویان تۆمارکراوەو تەنانەت هەندێکیان خاوەنی نووسینی خۆیان بوون، لە کاتێکدا کورد بەپێی ئەم بۆچوونانە گوایە لە کۆنترینی میلەتانی ناوچەکەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی تۆمارو مێژووی تایبەت بەخۆی تەنانەت وەکو ناوێکی جێگیریش بوونی نەبووەو لە چەندین ناوی نزیک لەیەک یان هاو واتا هەوڵی دۆزینەوەی ناوی بۆ دەدرێت. لە مێژووی کوردناسی و رۆژهەڵاتناسیشدا ئەم قسەوباسانە نەک نەبوونەتە جێگای بایەخ بەڵکو شتێکی ئەوتۆ لەو بارەیەوە تۆمار نەکراوە. بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدە باس دەکرێت هاوبەشیە لە نێوان زمانی کوردی و ئەو زمانانەی تردا، کە زۆر روون نیە ریشەی وشەکان لە بنەڕەتدا کوردین یان لە زمانەکانی تردان و کورد لەوانی وەرگرتووە. هەربۆیە رەنگە هێندە ئاسان نەبێت کە راستەوخۆ ئەم وشە هاوبەشانە بە کوردی دابنرێن و پێداگری ئەوەش بکەین کە کورد خاوەنیانەو ئەوانی تر لە کورد وەریان گرتووە، ئەوەش لە سەردەمێکی مێژوویدا کە زۆرینەی ئەو میلەت و پێکهاتەو گروپانە مێژووی تۆمارکراوی ئەو قۆناغانەیان هەیەو زۆریشیان ئامادەبوونیان لەو قۆناغەدا هۆکارو بنەمایە بۆ مانەوەی ناویان و تەنانەت هەندێکیان وەکو خاوەنی شارستانێتیش ناویان ماوەتەوە. بەڵام بە گوێرەی کورد تەنانەت بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە وەکو پێویست و لە شێوەیەکی بڕواپێکراودا ناویشی نیە، بۆیە بڕواهێنان بەوەی کە خاوەنی زمانێکی ئەوتۆبووبێت لەو سەردەمەدا جێگای گومانە، چونکە ئاشکرایە زمان بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئامادەبوونی کۆمەڵایەتیە. ئامادەبوونی کۆمەڵایەتیش لە دوای خۆیەوە جێکەوت و شوێن پەنجەی خۆی بەجێدەهێڵێت. یەکێک لە پایەکانی ئامادەبوونی هەر ئیتنۆس و میلەت و پێکهاتەو گروپێک لە رابردوودا زمانە، زمانیش لە رێگای نووسینەوە پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆی دەکات، بەڵام ئاشکرایە نەک بۆ قۆناغە دێرینەکانی مێژوو بەڵکو بە گوێرەی

کوردو ئەو میلەتانەشی کە راستەوخۆ لە لایەن هەندێ لە کوردناسانەوە وەکو باپیرەی کورد دادەنرێن یان سەیردەکرێن، لەوانەش کاردۆخی و مادەکان، هیچ بەڵگەیەک نیە کە ئەوانیش نووسینیان هەبووبێت. بۆیە دیسان دێینەوە سەرئەو بۆچوونەی کە پێیوایە بوونی رابردووی گەش لەسەر بنەمای ئامادەبوون و بەجێهێشتنی شارستانێتی دەسەلمێندرێت، کە ئەویش بەبێ بوونی نووسین سەلماندن و بڕواپێکردنی ئاسان نیە.

بەڵام کارەکەی ئەم توێژەرە لە دۆزینەوەی ئەو هەموو وشە هاوبەشانەدا لە نێوان زمانی کوردی نوێ و ئەو زمانە دێرینانەدا، پاڵپشتیەکی گرنگ و بەهێزە بۆ ناساندنی ئەو توخم و رەگەزانەی کە بەشدارییان کردووە لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا. بە مانایەکی تر دەتوانین ئەو بەڵگە بەهێزانەی زمانی هاوبەش کە لەو فەرهەنگە پڕ بایەخەی سۆران حەمە ڕەشدا دەبینرێت، بکەینە بەڵگە بۆ ئەوەی کە زمانی هەریەکە لەو پێکهاتانە ئاسەوارو جێکەوت و شوێن پەنجەیان لەسەر زمانی کوردی هەیە، چونکە زمانی کوردی لەو کاتەوە ناوی زمانی کوردیە کە ئیتنۆسی کوردی پیکهاتووە. هەرچەندە ئەو پێیوایە زمانی کوردی سەرچاوەو ناوەندەو ئەوانی تر لە کوردەوە هەموو ئەو وشانەو چەندین شتی تریشیان وەرگرتووە. واتە زیاتر راستی ئەم بۆچوونە بەو لایەدا دەشکێتەوە کە ئەو وشانەی لە کوردی ئێستادا هەن و لەو زمانە دێرینانەشدا ئەو وشانە یان بە تەواوی هەمان مانایان هەبووە کە ئێستا لە زمانی کوردیدا هەیانە، یان مانای نزیک لەو مانایانەیان هەبووە کە ئێستا لە زمانی کوردیدا هەیانە، لەو زمانانەی ترەوە گواستراونەتەوە بۆ ناو زمانی کوردی، کە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم گواستنەوەیە پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردە لە کۆی خاوەنی ئەو وشانەو لە مێژوویەکی درەنگتردا. دەشێ ئەمەس بەڵگەیەکی تر بێت بۆ ئەوەی بگوترێت میلەتانی دێرینی خاوەنی ئەو وشانە هەریەکە بە ئاستێک بەشدارییان کردووە لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. ئەمەش لە لایەک لەگەڵ ئەو رایەدا یەکدەگرێتەوە کە کوردی ئێستا لە تاکە نەژادێکەوە نەهاتووەو هەر لە راستیشدا بوونی نەتەوەی یەک نەژادو خاوەن خوێنی خاوێن جێگای گومانە. لە لایەکی ترەوە بەشداری ئەم میلەتانە کە لە بنەڕەتدا دانیشتوانی رەسەنی زاکرۆس

و باکوری میسۆپۆتامیا بوون، ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد نەوەی پێکهاتە ڕەسەناکانی ئەو ناوچەیە کە ئێستا نیشتیمانی خۆیەتی و ئەمەش دەبێتە بەڵگە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە کوردی ئێستا نەوەی خێڵە کۆچەرییە هیندۆئەوروپاییە ئارییەکان بێت.

یەکێکی تر لەو توێژینەوە زانستیە پڕ بایەخانەی ڕووناکی زۆر دەخاتە سەر ئیتنۆگێنزی کوردو بە ئیتنۆس بوونی کورد کتێبی «کوردناسی»ە کە بە پێنووسی توێژەری لێهاتووی کورد زەکەریای قادری نووسراوە. لە خوێندنەوەی ئەم باسە پڕ بەهایەدا، سەبارەت بە دەرکەوتنی ناوی کوردو بە ئیتنۆسبوونی کوردو جوگرافیای کوردستان و ئەو میلەت و پێکهاتەو گروپانەی کە باپیرانی کوردن یان بەشدارییان کردووە لە ئیتنۆگێنزی کوردی و پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، دوو ئاراستە لە نووسینەوەی مێژوی باپیرانی کورددا دەردەکەوێت. یەکەمیان ئەوەی ئێرانیەکان و لایەنگرانی بەستنەوەی کوردو باپیرانی کورد بە ئێرانەوە نووسیوویانە، چ مێژوونووسانی ئێرانی بن، یان ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان بن، کە ئەم ئاراستەیە ئەگەر وایشی دابنێین بە مەبەستەوە نەیاننووسیەوە، بەڵام هێشتا مەبەستی نووسینەکانیان بۆ بە ئێرانی داننای کوردو دروستکردنی چەمکی هاو کەلتوری و هاونەژادیە لەگەڵ ئێرانیەکانداو ئەوەش سەرئەنجام بۆ وابەستەکردن و پەیوەستکردنی کوردە بە ئێرانەوە. ئەمەش نەک هەر لە ڕووی سیاسیەوە، بەڵکو لە ڕووی هەست و نەستەوە، جۆرێک لە ئینتیمای ئێرانیبوونی لای کورد دروستکردووە. ئەوەش مانای ئەوەیە ئەم ئاراستەی نووسینەوەی مێژووی کوردو باپیرانی سەرکەوتوو بووە لە هەوڵی بە ئێرانی کردنی کورددا، هەرچۆن لەپاڵ ئەمەدا دروستبوونی هەستی خۆ بە هیندۆئەوروپایی و ئاریزانی ڕووبەرێکی فراوانی لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردیدا داگیرکردووەو ئەوەش سەرئەنجام جۆرێک لە ئینتیمای کوردی بۆ ئێران و چەمکی ئێرانیبوون بەرهەمهێناوە. ڕەنگە بە هەڵەدا نەچووبین ئەگەر پێمان وابێت، ڕێنیسانسی کوردی، سەرەتاکەی لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە بریتیە لە دابڕان لە پەیوەستبوون بە چەمکی ئێرانیبوون و خۆ جیاکردنوە لە کەلتوری ئێرانی و هاتنەدەرەوە لەژێر هەژموونی هەست و عەقڵ و کەلتوری ئێرانی.

ئاراستەی دووەمی لێکدانەوەی پشتی لێکۆڵینەوە بەهادارەکەی زەکەریای قادری، ئەوەیە کە مێژووی کورد پێویستە بەجۆرێکی تر بنووسرێتەوە کە مێژووی راستەقینەی باپیرانی کورد، کورد خۆی بێت، واتە مێژووی ئیتنۆگێنزی کوردی و ئەو رەگەزو توخمانەی کە بەشدارییان لە پرۆسێسی بە ئیتنۆسبوونی کورددا کردووە تا دەکرێت لە ژێر هەژموونی عەقڵ و کەلتوری فارسی یان ئێرانی و لەژێر کاریگەری چەمکی ئۆرێنتالیزم دەربکرێت و وەکو خۆی بنووسرێتەوە. ئەوەش بێگومان کات و شوێنی هەیە، شوێن بە مانای ئەو جوگرافیایە کە ئەم پرۆسێسەی تیادا بەئەنجام هاتووە، کاتیش ماوەی خایەندراوی ئەو پرۆسێسەیە، کە سەرجەم توخم و رەگەزەکانی دروستکەری ئیتنۆسی کوردی بەشدارییان تێداکردووە. ئەم ئاراستەیەی نووسینەوەی مێژووی باپیرانی کوردو کورد خۆیشی تا ئەندازەیەکی ئاشکرا سەربەخۆیانە نووسراوەتەوەو توێژەرانی دیاری وەکو دیاکۆنۆف و ڤیلچێڤسکی و مارو لیرخ و ئیقرار عەلی بێف و فتردیناند مێنەر بیشلەرو تەنانەت مینۆرسکیش.. هەریەکە بەجۆرێک و بە ئاستێک پشتگیری ئەوە دەکەن کە ئیتنۆسی کورد زیاتر لە خەڵکی رەسەنی دێرینی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا، یان» قەوقاز» پێکهاتووە. ئەم توێژەرانەو هی تریش بە پشتگیریکردنیان لەوەی کە ئیتنۆسی کوردی لە خەڵکی دێرینی رەسەنی ناوچەکە پەیدابووە، یەکەم پێگەی ئاراستەی بەستنەوەی کورد بە ئێرانەوە یان بە هیندۆئەوروپاییە ئارییەکانەوە لاواز دەکەن. دووەم یەک نەژادی و بنەچەخاوێنی کورد رەت دەکەنەوە.

ئێمە ئێستا زیاتر لە سنووری ئەو بۆچوونەدا دەجوڵێین کە کوردەکانی ئێستا نەوەی میلەتان و پێکهاتە رەسەنەکانی ئەو جوگرافیایەن کە ئێستا نیشتیمانی ئەوانە. لەو پێکهاتە دیارانەش لۆلۆبییەکان و گۆتیەکان و مادەکان و کاردۆخیەکان دەشێ لە پێش پێکهاتەکانی ترەوە بێن، یان رۆڵی زیاتریان هەبووبێت لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا.» لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین بەدواوە، دەبینین کە ناوە مادییەکان بنەڕەتی ئێرانی بەخۆوە دەگرن و زمانی ئاریایی بووە بە زمانی هاوبەشی عەشیرەتە یەکگرتووەکانی ماد، بەڵام پێکهاتەی سەرەکی و رەچەڵەکی قەومی ماد لە گۆتیەکان و لولوبیەکان و مەهرانیەکان و هۆرییەکان و هەروەها کاسپییەکان پێکهاتووە، نەک لە رەچەڵەکی ئاریایی. لەوانەیە بەشێ لە

دەستەواژەکان و ناوە عەشیرەتیەکان گۆڕدرابێت، بەڵام بۆ کۆچ و گواستنەوە گرینگیەکانی قەوم و نەتەوەیەک لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە، هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە، واتە پێکهاتەی قەومی ئەو وڵاتە (ماد) بەگشتی، لە هەزار ساڵی سێیەمی پێش زایین تاکوو هەزار ساڵی یەکەمی پێش زایین وەکو خۆی ماوەتەوەو نەگۆڕاوە(٢٢). ئەم وتەیەی سەرەوە زیاتر رووناکی دەخاتە سەر ئەوەی کە توخم و رەگەزەکانی بە ئیتنۆسبوونی کورد رەگەزی خۆماڵی و رەسەنی ناوچەکەن و لە هەمان شوێندا پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی روویداوە کە ئەو پێکهاتە رەسەنانەی بوونەتە توخم و رەگەزی ئیتنۆسی کوردی، تیایدا ژیاون. هەروەک لە دەرکەوتن یان پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردیدا ناوی کوردیش لە کۆی ئەو وشەو زاراوە نزیکانەی بۆ بنەچەکانی ئەو پێکهاتانە بەکارهێنراوە فۆرمەلە بووە. ئەوەش ئاشکرایە ناوی شوێن وەکو شوێنی ئیتنۆسی کوردی لە ناوی ئیتنۆسە پێکهاتووەکەوە بەرهەمهاتووە. لێرەوە دەردەکەوێت کە لەسەر بنەمای سەرچاوە دیارو جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە بنەچەکان یان توخم و رەگەزەکانی پێکهێنەری ئیتنۆسی کوردی، زەکریا قادری گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کە کوردی ئێستا نەوەی پێکهاتە رەسەنەکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیایە. سەرباری ئەوەی لە قۆناغێکدا کە دەشێ ئەویش قۆناغی بەردەوامی پرۆسێسەکانی ئیتنۆگێنزی کوردی بووبێت، زمانەکەیان گۆڕاوە بە لقیک لە زمانە ئێرانیەکان، بەڵام لە رووی رەسەنایەتی و بنەچەوە کوردەکان نە ئارییین و نە هیندۆئەوروپایی و تەنانەت نە ئێرانی، بەڵکو ئیتنۆسێکی رەسەنی ئەو جوگرافیایەن کە ئێستا زیدو نیشتیمانی خۆیانەو هەر لەوێشدا پێکهاتوون و دەرکەوتوون و باپیرانیان پێکهاتە زۆرو جۆراوجۆرەکانی ئەم جوگرافیایەن.

ئاشکرایە یەکێک لەو بۆچوونانەی کە لە لای هەندێ لەوانەی لەبارەی رەسەنی کوردەوە نووسیوویانەو تەنانەت لای رووبەرێکی فراوانی خەڵکی کورد خۆیشی، بە تایبەتی ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری عەقڵی ئێرانی و کەلتوری ئێرانی و وایان لێهاتووە کوردو فارس بە برا بزانن، بەدڵنیاییەوە پێداگری ئەوە دەکەن کە کورد نەوەی مادەکانە، یان بە واتایەکی تر ئیتنۆسی کوردی لە مادەکانەوە پەیدابووە. هەرچەندە بەڵگەی پێویستی ئەوتۆ بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە تا ئێستا لەبەردەستدا نیەو داکۆکیکەرانی ئەم تێزە

پێیان وایە لێکچوون و هاوشێوەبوونی زۆر لە نێوان زمانی نوێی کوردی و زمانی مادەکاندا هەبووە، بەڵام ئەم بۆچوونە بنەمایەکی بەهێزی نیە چونکە لە زمانی ماد تەنیا چەند وشەیەکی کەم ماوەتەوەو ئەو وشانەش زیاتر ناون.

ئاشکرایە کوردناسێکی دیاری وەکو مینۆرسکی لە سەرەتادا لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە وای داناوە کورد نەوەی مادەکانەو مادەکانیش گەلێکی ئێرانین. ئەمەش لە ئاستێکی تردا پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات کە گوایە کورد لە بنەڕەتدا ئێرانیە. بەڵام دیارە سەلماندنی ئەم بۆچوونە نە ئەوساو نە ئیستاش ئاسان نیە، بە تایبەتی ئەگەر پێمان وابێت ئیتنۆسی کورد لە تاکە باپیرەیەک پەیدابووە کە ئەویش مادەکانن. بەڵکو ئەوەی نزیکترە لە راستی ئەوەیە بڵێین کە مادەکانیش وەکو پێکهاتەو میلەتانی تری ناوچەکە بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردی و پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە.

هەروەک د. ن. ماکینزی کە توێژەرێکی بە رەچەڵەک ئێرانی و وڵاتنامەی بەریتانی هەبووە، لە نۆڤێمبەری ١٩٦١دا، توێژینەوەیەکی لە سەر رەچەڵەکی زمانی کورد نووسیووە کە زیاتر بۆ پشتگیریکردنە لە تێزی ئێرانیبوونی کورد تا ئەو ئاندازەی کو زمانی کوردی وەکو شێوەزاری زمانی فارسی سەیر دەکات بە پشتبەستن بە بەڵگەی مێژووییش هەوڵدەدات لە رووی رەچەڵەکیشەوە کورد ببەستێتەوە بە ئێرانەوە. لەو رووەوە ئاماژە بۆ بۆچوونی جۆراوجۆر دەکات و لەو نێوەندەدا دەڵێت: لە راستیدا تاکە بەڵگەگەلێکی نووسەرانی کلاسیکی پێش سەردەمی ئێمە کە ئاماژە بە کورد دەکەن، بەڵگەکانی پۆلیبۆیس و لیڤی و سترابۆنن(٢٣). بەڵام هەر لەم چوونە ناوەوەیەدا دەردەکەوێت کە ماکینزی ئەو پێکهاتانەی کە بە کورد ناوی بردوون، پێکهاتە دێرینرکانی باکوری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆسن، کە بەهیچ جۆرێک لە سەردەمی ئەم مێژوونووسانەدا پێیان نەگوتراوە کورد، چونکە سترابۆ لە ساڵی ٦٤ی پێش زاین لە دایکبووەو لە ٢٤ی زاینی مردووە، واتە نزیکەی دوو سەدە پێش دەرکەوتنی ناوی کورد. هەروەک دەڵێت: ئەم دوو مێژوونووسە- پۆلیبۆیس و لیڤی- باسی کوردەکانیان وەکو چەند دەستەیەک لە چەقۆکێش کردووە لە سوپاکانی میدیاو ئاسیای بچووکدا، لە کاتێکدا سترابۆ زۆر بە روونی وەکو چیایی درند ناویان دەهێنێت کە لە میدیاو ئەرمینیا دەژین.. هەموو بەڵگە ئەرێنیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد

کەلێکی میدیاییین، ئەمەش روانینێکە پرۆفیسۆر مینۆڕسکی بە توندی پشگیری دەکات(٢٤). ئەم توێژەرە بە رەگەز ئێرانیە وەکو خەیاڵ سەیری رەگەڕیشەو رەچەڵەکی کورد دەکات و پێیوایە بەڵگە زمانیەکان زیاتر یارمەتی سەلماندنی رەچەلەکی کورد دەدەن و لەم رووەوە دەڵێت: لەبەرامبەر ئەم تێکەڵاویەدا کە کەمێک لە راستی و زۆرێک لە خەیاڵی تێدایە، بەڵگە زمانەوانیەکان گرنگن(٢٥). هەروەک سەبارەت بە بۆچوونی ئەم توێژەرە، فیردیناند مێنەربیشلەر دەڵێێت: مەکینزی ئەوەی دەربڕی کە پێویستە بۆ دەربازبوون لە لەمپەرەکانی بەردەم ناسینەوەو دۆزینەوەی رەگەزو رەچەڵەکی کورد، مەرجە ئەو بەڵگانە بدۆزینەوە کە لەسەر بنەمای زمانەوانی نووسراون(٢٦). دیارە لە پشتی وشەکانی ماکینزیەوە، ئەوە دەبینرێت کە هێشتا ئەو بەڵگە زمانیە پێویستانە نەدۆزراونەتەوە کە دەبنە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئێرانیبوونی زمانی کوردی، یان بۆ سەلماندنی نزیکی نێوان زمانی کوردی و زمانی فارسی. هەروەک دەبێ ئەوەش وەکو راستیەک بخەینە ڕوو، کە تەنیا بەڵگەی نزیکی دوو زمان لە یەکترەوە یان هاوشێوەبوون بەس نیە بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە بۆ هاونەژادی دوو ئیتنۆس یان دوو نەتەوە. بەڵام وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد باسی ئەوە دەکرێت کە کە لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا کە ئیتنۆس بە بێ زمان بوون یان پیناسەی نیە، ئەم ئیتنۆسە پەیدابووە دەستبەرداری زمانی توخم و رەگەزە پێکهێنەرەکانی بووەو زمانێکی نویی دارشتووە کە سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە. بۆیە لێرەدا زمان نابێتە بەڵگەی سەلمێنەر بۆ دیاریکردنی رەچەڵەکی ئیتنۆس و نەتەوەو گەلان، بە تایبەتی بۆ ئیتنۆسە فرە بنەچەکانی وەکو کورد.

هەروەک توێژەری پایەداری کورد تۆفیق وەهبی بە بەڵگەی زانستی و سەلمێنەر بۆچوونە پان ئێرانیەکانی ماکینەزی بۆ بە ئێرانیدانانی کورد لەسەر بنەمای نزیکی زمانی کوردی لە زمانی فارسیەوە پوچ دەکاتەوە کە وەکو گوتمان ماکینزی هەوڵیداوە لە رێگای بەراوردکردنی شێوەزارەکانی زمانی کورد بە زمانی فارسی لە رووی وشەو فیلۆلۆجی و ڕێزمانەوە بیسەلمێنێت کە کوردی وەکو دیالکتێکی زمانی فارسی وایە. دیارە ئەمەش بەو ئامانجەیە کە بیسەلمینێت کورد پێکهاتەیەکی ئێرانیە.

ئـەم بۆچوونـەی ماکینزیمـان بـۆ ئـەوە هێنایـەوە کـە پێداگری ئـەوە بکەیـن کـە ناشـیت ئیتنۆسـی کـورد تەنیـا لـە مـادەکان پەیدابووبێـت. هەروەهـا گرنگـە ئـەو بۆچوونـەی کـە لـە ڕێگای مادەکانـەوە، کـورد بـە ئێرانـی دادەنێـت تەنیـا وەکـو بۆچوونـی توێژەرانـی لایەنگـری ئێرانیبـوون سـەیر بکەیـن.»کـوردو ئەوانـەی بـە کـوردی دواون، لـە پێـش زاییندا، دەشـێت لـە ڕووی زمانەوانیـەوە کرابـن بـە بەڵگـە بـە تایبەتـی لای ئێراننـاس جێرنـوت ونیدفۆهـەر، کـە نموونـەی زۆری پێشـکەش کـردووە لـە دووبـارە بونیادنانـەوەی قۆناغـە هـەرە سـەرەتاییەکانی پێکهاتـەی کـوردی- کـە سـەرباری ئـەو ڕاسـتیەی هـی سـەردەمی کـۆن و ناوەنـدی ئێـران بـوون، تاکـو ئێسـتا پێشـینانی زمانـی کـوردی نەزانـراوە (لودویـگ پـاوڵ: زمانـی کـوردی لـە ئیلـر ئۆنلایـن)، لـە ڕاسـتیدا، هەمـوو زانیارییـەکان ئەوەیـان خسـتووەتە ڕوو کـە باپیرانـی ڕەچەڵـەک کۆچکـەری کـورد لـە باکـوری ئۆراسـیاوە بـەرەو باشـور کۆچیـان کـردووە کـە شـێوە کۆنەکانـی ئێرانییـان -زمانـی ئێرنـی-بـۆ ڕەسـەنایەتی زووتـری کـورد هێنـا لـە باکـورەوە نـەک لـە لـە باشـور یـان باشـوری ڕۆژئـاواوە، وەکـو لـە لایـەن هەنـدێ زمانەوانـەوە گریمانـە کـراوە. لـە هەمـوو زاراوە هەڵسـەنگێنراوە یەکلاییکەرەوەکانـی- بۆمـاوەیی-ئیتنـی، زمانەوانـی و جوگرافیایـی،- کـورد لـەوە (قسـەکەرانی کـوردی) وادەردەکـەون بـە ئاشـکرا فـرە پێکهاتـە بـن و تـاک بونیـات نەبـن. ئەمـە لـە لایـەک بـەرەو ئـەو دەرئەنجامەمـان دەبـات بەکارهێنانـی زاراوەیەکی میلـی -گشـتی- بەتەنیـا وەکـو -کورتـی، سـیرتی، یـان کاردۆخـی ناتوانێـت ئـەوە بسـەلمێنێت کـە ڕەچەڵەکـی کـورد- قسـەکەری کـوردی- لـە یـەک تیرەوە هاتبێـت و نەشـتوانرێت ئـەوە بسـەلمێنرێت کـە لـە جوگرافیایەکـی تایبەتـەوە هاتبێـت(٢٧). ئەمانە زیاتـر ڕووناکـی دەخەنـە سـەر ڕاسـتی نزیکبوونـی ئـەو بۆچوونـەی کـو کـورد نەوەی ئـەو پێکهاتـە ڕەسـەنانەیە کـە لـە مێژوویەکـی زووترەوە لەچـاو مێـژووی کۆچـی خێلـە کۆچەریـە هیندۆئەوروپاییـە ئارییەکانـدا لـەم ناوچەیـەدا ژیـاون. هـەروەک لـە لایەکـی تریشـەوە هیـچ گومـان و تەمومژێـک لەسـەر فـرە ڕەچەلەکـی کـورد نامێنێـت، کـە ئەمـەش لـە خۆیـدا دەبێتـە ڕەتکردنـەوەی ئـەو بۆچوونـەی کـە وەکـو شـتێکی چەسـپاوی لێهاتـووەو پێیوایـە کـورد لـە ڕەچەڵەکـی ئاریـە. واتـە سـەرئەنجام دەگەیـن بـەو بۆچوونـەی کـە تـا ئەندازەیـەک پێداگـری لەسـەر ئـەوە بکەیـن کـە کـورد نـە ئارییاییـەو نـە یـەک ڕەچەڵەکـی هەیـەو نـە نـەوەی کۆچەریـە هاتووەکانـە، بەڵکـو نـەوەی میلەتـان و گـروپ و پێکهاتـە ڕەسـەنەکانی ناوچەکەیـە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە توخم و ڕەگەزەکانی پێکهێنانی کورد یان ئەو توخم و ڕەگەزانەی کە بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردووە، توخم و ڕەگەزی ڕەسەنی ناوچەکەن. ڕەنگە بەڵگەیەکی مینۆکی تریش پشتگیری ئەم بۆچوونە بکات کە لە ڕاستیدا بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی هەیە، ئەویش ئەوەیە لە سەروەختی پێکهاتنی ئیتنۆسی کۆردیەوە، یان باشتر وایە بڵێین لە مێژووی تۆمارکراوی کوردیدا هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ نادۆزرێتەوە کە کورد لە سەر ئاستی هەموو میلەت یان لە سەر ئاستی گروپە پێکهێنەرەکانی لە بنەماڵەو تیرەو هۆزو خێڵ، یان لەو گروپە کۆمەڵایەتیانەی تر کە لە کۆمەڵگای کوردیدا دروستبوون، هەستی نامۆیی یان باری نامۆیی نەبینراوە لەسەر ئەو جوگرافیایەی لێی ژیاون. واتە بەگشتی لە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیەوە، کورد بە گشتی کە پێکهاتەیەکی دواکەوتوویش بووە، بەڵام بە بەهێزی بەو جوگرافیایەوە بەستراوەتەوە کە لەسەری دەژی و ئەویش جوگرافیاو زێدی پێشتری ئەو پێکهاتەو گروپانەیە کە کوردیان لێوە پەیدابووە. نەبوونی هەستکردن بە نامۆیی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، واتە کۆمەڵ وەکو یەکەیەک یان ئیتنۆسێک یان لەسەر ئاستی گروپە پێکهێنەرەکانی، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم ئیتنۆسە، کە لێرەدا مەبەستمان ئیتنۆسی کوردیە، نەوەی ڕەسەنی ئەم جوگرافیایە کە ئێستا لەسەری دەژی. بە مانایەکی تر لە دروستبوونی ئیتنۆسی کوردیەوە لەسەر ئەم جوگرافیایە، دیوارو بەربەست لەنێوان پێکهاتەی مرۆیی ئەم ئیتنۆسەو زێدەکەیدا- خاکەکەی- نیشتیمانەکەی-دا دروستنەبووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەم ئیتنۆسە لەم خاکەدا پەیدابووەو لە شوێنی ترەوە نەهاتووە، هەربۆیە هیچ دیوارێک لە نێوان ئەم و خاکەکەیدا دروست نەبووە.» زانیاری ترشە ناوکی (دی ئێن ئەی) لە بەردەستدابوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باپیرە گەورەکانی کوردەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا لە سەرەتایەکی زووەوە پێکەوە لەیەک کاتدا لە ناوچەکانی باکوری دوور، واتە لە ئەناتۆڵیای ڕۆژهەڵات و باکوری میسۆپۆتامیا و لەوپەڕی باکوری ڕۆژهەڵات واتە لە زاکرۆس و دەشتەکانی-بانەکانی- باکوری ڕۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆ دەرکەوتوون(٢٨).

**سەرنجدان لە ئەگەرەکانی ئیتنۆگێنزی کوردی لە رووی کرۆنۆلۆجیەوە:**

بێگومانی لەبەرئەوەی بە دیاریکراوی مێژوویەکی چەسپاو یان نزیک لە چەسپاو نیە بۆ دەستپێکردن و تەواوبوونی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و لەبارەی رەگەزو توخمەکانی بەشداربووی ئەو پرۆسێسەشەوە کە ئیتنۆسی کوردی بەرهەمهێناوە رایەکی یەکلاییکەرەوە نیە، بەلام ئەوەی کە جێگای هیچ گومانێک نیە ئەوەیە کە کورد نەوەی زیاتر لە باپیرەیەکە. ئەمەش بە چەمکی خەلدوونی ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمی یەک خوێن نیەو یەک دەمار پەیوەستیان ناکات یان یەک دەمارییان نیە. بەلام ئەوەی جێگای گومان نیە پەیوەست بە بنەما سەرەکیەکانی پێکهاتنی ئیتنۆس، شوێن یان جوگرافیایە، چونکە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا جۆرێک لە کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی ئەو جوگرافیایەی کە ئیتنۆسی کوردی تیادا دەرکەوتووە بە پێی ریزکردنی کرۆنۆلۆجی ئەو پێکهاتانەی دەشێ بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردبێت، بریتین لە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا ئەمەیش قۆناغی پێکهاتەکانی پێش دەرکەوتنی مادەکانە، پاشان جوگرافیای باکوری رۆژئاوای ئێران و زاموا دێت، هەروەها ناوچەی ئاناتۆلیا دێت کە پێکهاتبوو لە لیدیا و ئۆراتوو، کە ئەم رووبەرەش لە دوای میدیەکان لە ژێرسایەی هەژموونی هاخامەنشیەکاندا بوو هەتا ئەو کاتەی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ساڵی ٣٣٠ پێش زایندا کۆتایی بە هەژموون و دەسەلاتی هاخامەنشیەکان لەو رووبەرەدا هێنا. لە سەردەمی ساسانیەکاندا رۆژئاواو باشوری رۆژئاوای ئێران بە بەشێکی تری ئەو جوگرافیایە دادەنرێت کە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی تیایاندا روویداوە. سەرجەمی ئەم شوێنانەش لە سنووری چوارچێوەی ئەو جوگرافیایەدایە کە ئێستا نیشتیمانی کوردە. کەواتە ئەو جوگرافیایەی کە بەپێی سەرچاوەکان شوێنی بەردەوامی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی بووە، هەمان ئەو ناوچانەن کە ئێستا خاکی کوردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شوێن پەیوەست بە کورد هەمان ئەو شوێنەیە کە باپیرە جۆراوجۆرەکانی ئەوی تێدا ژیاوە..

لە رووی کرۆنۆلۆجیەوە چەندین پێکهاتەی یەک بە دوای یەک یان هەندێکیان هاوکات لە زنجیرە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاو

ئەناتۆڵیاو سوریا ژیاون کە هەریەکە بە ئاستێک رۆڵ و بەشدارییان هەبووە لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا، یان لە درووستبوونی ئیتنۆسی کوردیدا. لە پێشەنگی ئەو پێکهاتانە لۆلۆییەکان دێت. لە راستیدا مێژووی دەرکەوتنیان ئاشکرا نیەو هەروەک ناشزانرێت ئایا خەڵکی رەسەنی ناوچەکەن یان لە شوێنی ترەوە هاتوونەتە چیاکانی زاکرۆس. بەڵام ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە لە سەردەمێکی کۆنەوە لەم ناوچەیەدا بوون. تەنانەت باسی ئەوە دەکرێت کە لۆلۆ لە سەدەی ١٩ و ١٨ ی پێش زایندا، هەندێ پێگەی بەرزی دەسەڵاتیان لە دەوڵەتی ئاشوریدا بەدەستەوە بووە. محەمەد ئەمین زەکی، لۆلۆ بە باپیرەی لوڕ دەزانێت(٢٩). دانانی یان زانینی لۆلۆ بە باپیرەی لوڕ مانای ئەوەیە ئەم مێژوونووسەی کورد هەوڵیداوە رۆڵی لۆلۆ لە پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردیدا دەربخات. ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەوە دەگەیەنێت کە پێمان بڵێت کوردی ئێستا نەوەی پێکهاتە دێرینەکانی ناوچەکەن.

لە دوای ناوی لۆلۆ و بوونیان لە ناوچەکەدا، ناوی گۆتیەکان دێت، کە چەندین زاراوەی وەکو کورتی، کۆرتی کوهی، گۆتی.. دەربڕینن لە هەمان پێکهاتەو بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە هەموو ئەم وشانە نزیک یان هاوشێوەی زاراوەی کورد-ن. ئەم پێکهاتەیە لە چیاکانی زاکرۆس ژیاون و بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە ئەمانە دابەزیوونەتە خوارەوە بۆ ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیاو دەستیان بەسەر سۆمەرو ئەکەددا گرتووە، بەڵام لە سەدەی ٢٥ی پێش زایندا پاشای ئور لێیان راپەڕیوەو پاشەکشەی پێکردوون و ناچاربوون بگەڕێنەوە بۆ چیاکانی زاکرۆس.

کاشای، کاسای، کاشی، کاسی یەکێکی ترە لەو پێکهاتانەی کە لە زاکرۆس ژیاون و بە کاشوش یان کوسی ناوبراون. لە راستیدا سەبارەت بە رەچەڵەکی کاشیەکان زانیاری ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایەو لە سەرچاوەکاندا باس کراوە ئەوەیە کە کاشیەکان پێکهاتەیەکی چیایی یان چیانشین بوون و لە مێژوویەکی کۆنەوە لە بەشی ناوەڕاستی زنجیرە چیاکانی زاکرۆسدا ژیاون، واتە لە باشوری ئاکبتان یان هەمەدانی ئێستا یان روونتر بڵێین لەو جوگرافیایەی کە ئێستا پێی دەگوترێت لوڕستان. کاشیەکان لە سەدەی هەژدەی پێش زاییندا زیاتر دەرکەوتوون و دەستیان بەسەر بابلدا

گرتووەو دەوڵەتێکیان بە ناوی دەوڵەتی کاشی دامەزراندووە، کە ئەو دەوڵەتە پێیشی وتراوە دەوڵەتی کاردۆنیا. کاشیەکان نزیکەی پێنج سەدە فەرمانڕەوایی بابلیان کردووە.

سوباری یەکێکی ترە لەو پێکهاتانەی کە لە میسۆپۆتامیاو ئەناتۆڵیاو سوریا ژیاوەو زۆر جار لە رووی ئاشوریەکاندا وەستاوە، بەڵام لە کۆتایی دەسەڵاتی ئاشوریەکاندا ناوی سوباری نەماوەو لە شوێنی ئەو یان لەبری ئەو ناوی نایری دەرکەوتووە، کە هەندێ پێیانوایە نایری هەر سوباریەکانن و ناویان گۆڕاوە. هەروەک بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە نایری بە پێکهاتەیەکی سەربەخۆو جیاواز لە سوبارییەکان سەیر دەکەن. هەروەها بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە میتانی بە بەشێک لە سوباری دادەنێت، کە میتانیەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایندا جۆرێک لە دەسەڵاتیان هەبووە. ئاشکرایە ئەم پێکهاتەیەش لە ژێر هەرکام لەو ناوانەی سەرەوەدا باس بکرێت، گومانی تیدانیە کە پاشماوەو نەوەکانیان لە قۆناغەکانی دواتردا بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردی و پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە. بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە مانی و میتانی و سوباری دەبەنەوە سەر هۆرییەکان. ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە لە لایەک پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیەو دەشێ لە رووی رەچەڵەک و رەگوڕیشەوە هاوبەش بن. دووەم زۆری ناوی پێکهاتەکان دەشی گوزارشت لەوە بکات کە تەرازووی هێز دەوری بینیووە لە دەرکەوتنیاندا. لە ئەنجامی بەهێزبوون یان لاوازبووندا ناو بەناو پێکهاتەیەک دەرکەوتووەو یەکێکی تر لەبەرچاو ونبووەو لە شوێنەکەیدا پێکهاتەیەکی تر دەرکەوتووە، بەڵام دەشێ ئەو پێکهاتە تازە دەرکەوتووە درێژکراوە یان نەوەی پێکهاتەکانی پێشووتر بووبێت.

ئاشکرایە لە باکوری میسۆپۆتامیاو ئاناتۆڵیاو سوریادا لە مێژووی پێش دەرکەوتینی مادو پارسدا چەند پێکهاتەیەکی تر بۆ ماوەی دووروودرێژ ژیاون کە تێکەڵاوی و رەنگە خزمایەتیشیان لەگەڵ ئەو پێکهاتانەدا هەبووبێت، کە پێشتر باسمان کردن. لە پێشەنگی ئەو پێکهاتانە هۆرییەکان یان خۆرییەکان دێت کە وشەی هۆری یان خۆری هەڵگری مانای پەرستنی خۆرەو ئەوانەشی کە بە

هـۆری ناوبـراون، واتـە خۆرپەرسـتبوون. هۆرییـەکان لـە باکـوری میسـۆپۆتامیا ژیـاون و خەڵکـی ڕەسـەنی ناوچەکەبـوون. ئـەوەی ئاشـکرایە بەپێـی سـەرچاوە مێژووییـەکان هۆرییـەکان نـە لـە ڕەچەڵەکـی ئاریـن و نـە لـە ڕەچەڵەکـی سـامین. لـە سـەروەختی لاوازبوونـی سـۆمەرییەکان لـە باشـورو هیتیـەکان لـە باکـور، هۆرییەکان بە نـاوی میتانیەکان گەشـەیان بە دەسـەڵاتی خۆیـان داو لە سـەدەی یانزەیەمدا دەسـەڵاتەکەیان زۆر فراوانبـوو، بەڵام دەسـەڵاتی هیتیەکان جارێکـی تـر لە باکوری سـوریادا دەرکەوتـوو، بووە هـۆی سنووردارکردنی دەسـەڵاتی میتانیە هۆریـەکان. لـەو سـەروەختەدا دەسـەڵاتی ئاشـورییەکان تـەواو پـەرەی سـەندو هـەردوو دەسـەڵاتی هیتیـەکان و هۆرییـە میتانیەکانـی تـەواو لاواز کـرد.

یەکێکی تر لـەو پێکهاتانـەی کـە لـە ناوچەکـەدا ژیـاوە، مانیەکانـە، کـە لـە باکـوری ڕۆژئـاوای ئێراندا بوون و باسـی ئـەوە دەکرێت کـە ئەمانە لە دەوروبەری سـەدەی چـواردە تـا کۆتایـی سـەدەی نۆیەمـی پێش زایـن خاوەنـی دەسـەڵاتی خۆیـان بـوون. دیاکۆنـۆف دەڵێـت: مانـا لـە کۆتایـی سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاینـدا سـوودی لـە شـەڕو ناکۆکیەکانـی نێـوان ئاشـوورو ئۆراتـو وەرگـرت، خـۆی بەهێزکـرد و تـەواوی ناوچەکانـی دەوروبـەری دەریاچـەی ورمـێ تـا دەگاتـە چیاکانـی ناوچـەی ژمـارە سـێ و بەشـێکی ناوچەکانـی ژمـارە چـواری- ڕۆژئـاوای گەڕاندەوە ژێـر رکێفـی خـۆی... مانیـەکان بـە یارمەتـی ئاشـورییەکان لـە سـاڵی ٧٤٣ی پێش زاییندا، توانیـان دەسـەڵاتی ئۆراتـو تێکبشـکێنن(٣٠). لـە ڕاسـتیدا دەرکەوتنـی مـادەکان لـە قۆناغێکدا بـووە، کـە مانیەکانی ئامادەبوونیـان هەبـووەو شـوێنی نیشـتەجێبوون و ژیانیشـیان هەمـان ناوچـە بـووە، بۆیـە جۆرێـک لـە تێکەڵاوبـوون یـان تێکەڵاوکـردن لـە نێـوان ئـەم دوو پێکهاتەیـەدا دەبینرێـت. تەنانـەت سـەرچاوە ئاشـوریەکان، دامەزرێنـەری دەوڵەتـی میدیـا کـە بـە دیاکۆ ناودەبـەن وەکـو سـەرکردەیەکی مانـی نـاوی دەهێنـن. بـەڵام ئـەوە هیـچ لـەو ڕاسـتیە ناگۆڕێـت کـە مانیەکانیـش وەکـو پێکهاتەکانـی تـری ناوچەکـە دواتـر بەشـدارییان لـە ئیتنۆگینـزی کـوردی و پێکهێنانـی ئیتنۆسـی کوردیـدا کـردووە.

لۆڤیـەکان پێکهاتەیەکـی کۆنـی ناوچەکـەن کـە لـە باشـورو باشـوری ڕۆژزاوای ئاناتۆلیا ژیاون و لە سـەدەی شـانزە بۆ سـەدەی سیانزەی پێش زاین لەم ناوچەیەدا دەسـەڵاتیان هەبـووە، بـەڵام پێدەچێـت دواتـر لـە نێـو هیتیەکانـدا توابنـەوە. بـە پێـی

ئەو فەرهەنگەی کە سۆارن حەمەڕەش بۆ پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئەو پێکهاتانەی ناوچەکەی کردووە کە پێش دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی لە ناوچەکەدا ژیاون، دەردەکەوێت کە نزیکی و پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان زمانی لۆڤی و زمانی کوردیدا، کە ئەوەش تەنیا لە چوارچێوەی کارتێکردن و دراوسێیەتیدا نیە، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە دەچێت کە لۆڤیەکان بەشدارییان کردبێت لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیداو ئەو هاوشێوەبوونەی چەندین وشەو زاراوە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی لۆڤیدا، ئەوە دەگەیەنێت کە لۆڤیەکان بەشداربوون لە پێکهێنانی کورددا.

پێکهاتەیەکی تری دیاری ناوچەکە هیتیەکانن، کە لە سەدەی هەژدەیەمی پێش زایندا دەرکەوتوون و بەپێی سەرچاوەکان دەسەڵاتێکیان دروستکردووە، ماوەی نزیکەی پێنج سەدە بەردەوامبووە. ئەم پێکهاتەیە لە باشورو باشوری رۆژئاوای ئەناتۆلیاو باکوری سووریادا ژیاون. دەسەڵاتەکەیان بەجۆرێک بەهێزبووە، لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمی پێش زایندا پەلاماری بابلیان داوەو داگیریان کردووەو چییان دەستکەوتووە لەگەڵ خۆیان بردوویانە، بەڵام تیایدا نەماونەتەوە. دوای ئەوە دەسەڵاتەکەیان لاواز بووە، بەڵام هەتا کۆتایی سەدەی هەشتی پێش زاین ماون تا ئەوکاتەی دەوڵەتی ئاشوری پەلاماری داون و دەستی بەسەر ناوچەکانیدا گرتووەو کۆتایی بە دەسەڵاتیان هێناوە. هیتیەکان زمانی تایبەتی خۆیانیان هەبووەو بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە ئەمان سەربە خێزانی زمانی هیندۆ ئەوروپیەکان بووبن. بەڵام ئەم بۆچوونەش تا ئەندازەیەکی زۆر تەمومژاویە، چونکە گومان دەکرێت کە لە سەدەی هەژدەی پێش زایندا کۆچی هیندۆ ئەوروپیەکان گەیشتبێتە باکوری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆلیاو زاکرۆس، بۆیە دەشێ کاتێ خێڵە کۆچەرە هیندۆ ئەوروپیە ئارییەکان بە ئاراستەی بانەکانی ئێران و ناوچەکە کۆچیان کردبێت، هەندێ لەو خێڵانە تێکەڵاوی هیتیەکان بووبن و لەو رێگایەوە زمانی خێڵە ئارییەکان باڵادەست بووبێت بەسەر زمانی هیتیەکاندا. بێگومان هیتیەکانیش وەکو پێکهاتەکانی تری ناوچەکە بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردووە.

رەنگە جێگای خۆی بێت باسی ئەوە بکرێت کە بوونی رەگەزی ئاری وەکو توخمێکی سادە لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا لە رێگای هیتیەکانەوە

بەشداری کردبێت، کە ئەوان پێشتر تێکەڵاوی خێڵە کۆچەرە ئارییەکان بوون. ئەمەش تا ئەندازەیەک ئەو راستیە پاساودەدات کە رەگەزی بەشداربووی ئاری لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا رەگەزێکی لاواز بێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە رەگەزی ئاری تەنیا لە رێگای ئەو خێڵە کۆچەرییانەوە بەشداری لە پرۆسێسی پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردبێت کە لە رێگای تێکەڵبوونیان بە پێکهاتە رەسەنەکانی ناوچەکەوە بەشداری ئیتنۆگێنزی کوردییان کردووە. بێگومان ئەو بەشداریکردنەش هەرگیز ئەوەندە بەهێزنەبووە کە ئامادەبوونی رەگەزی ئاری لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا بووبێتە رەگەزێکی باڵادەست، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر رەگەزی ئاری لەو رێگایەشەوە کە باسمان کرد بەشداری پرۆسێسی پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردی کردبێت، ئەوا وەکو رەگەزێکی لاوازو تەنانەت ناکاراو بەزیوو بووە لەو پرۆسێسەدا، کە دەشێ لە ئایندەدا زانستی نەژادناسی لە رێگای بۆماوە زانی و پشکنینی ترشی DNA یەوە ئەوە بە ئاسانی بسەلمێنێت.

هەڵبەت ئەم پێکهاتانەو دەشێ چەندین پێکهاتەی تریش کە لە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیادا ژیاون لە ماوەی ساڵی ٢٥٠٠ ی پێش زاینەوە هەتا دەرکەوتنی مادەکان یان هەتا دەوروبەری سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین، وەکو یەکەمین ئەو پێکهاتانە سەیر بکرێن کە هەریەکەیان خۆیان یان نەوەو وەچەکانیان بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردووە.

ئەگەر ئەم پێکهاتانەی لە پێشەوە ناوهێنران، وەکو خەڵکی رەسەنی باکوری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆڵیاو زاکرۆس سەیربکرێن، کە خۆیان یان نەوەکانیان هەریەکە بەجۆرێک و بەرێژەیەک بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردبێت، ئەوا دەبێ ئاماژە بۆ پێکهاتەی تریش بکرێت کە یان نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاکرۆس بوون، یان ئەو خێڵ و پێکهاتە کۆچەرە ئێرانیانە بوون کە بەرەو باکوری میسۆپۆتامیاو دۆڵی نێوان چیاکانی ئەرمینیا هاتوون، هەرچەندە لە لایەکی تریشەوە باسی شالاوی سکیفی و کیمیری بۆ جوگرافیای میدیا دەکرێت و بەوپێیەش دەبێ ئەوانیش کاریگەری یان بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا هەبووبێت، بەلام ئەمە تەنیا ئەگەرو گریمانەیەکە، چونکە پێناچێت شالاوی ئەمان گەیشتبێتە باکوری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆس و بەوپێیەش ناشێت

رۆڵێکی دیاری ئەوتۆیان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا هەبووبێت، هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە پێداگری لە رۆڵی ئەم خێڵانە دەکات و لە بەشەکانی دواتردا رووناکیان دەخریتە سەر. ئەوەی لەم قۆناغەدا واتە لە هەزار ساڵی یەکەمی پێش زایندا، دیارو لەبەرچاوە، کۆچی خێڵە ئێرانیەکانە بەرەو رۆژئاوا کە دەشێ بە شەپۆلی مادو پارسوا ناوببرێت لەگەڵ بوونی کاردۆخیەکان. لەم بارەیەوە ڤیلچێڤسکی دەڵێت: هاتنی ئەمانە گۆڕانێکی بنەڕەتی سیمای ئیتنیکی زۆربەی شوێنە چیاییەکانی ناوچەکەی داهێناو ئاخافتنی ئێرانی دەست پێدەکات و جێگای زمانانی ناوچەیی، کە جاران لێرەدا باوبوون، هەروەها جێگای زمانانی سامیەکان کە لە رۆژئاواوە هاتبوون، دەگرێتەوە(٣١).

کاتێ باسی کۆچی ئەو خێڵە ئێرانیانە دەکرێت کە بەرەوە رۆژئاوای ئێران کۆچیان کردووە، مەبەست لە دوو گروپە کە یەکەمیان مادەکانن و دووەمیان پارسوا-ن، کە پارسوا لە بنەڕەتدا خێڵێکی کۆنی ئێرانین و لە نێوان سەدەی نۆ بۆ حەوتی پێش زاین لە باشوری رۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون و یەکێکن لە خێڵە سەرەکیەکانی ئێران و بنەماڵەی هەخامەنشیەکان کە مێژووی فارس یان روونتر بڵێین مێژووی ئێران، لەوانەوە دەست پێدەکات. بێگومان دەرکەوتنی مادەکان و بڵاوبوونەوەیان لە چیاکانی زاکرۆس و باکوری رۆژئاوای ئێران و باکورو باکوری رۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا لەگەڵ ئەم شەپۆلی کۆچکردنە دەردەکەوێت، بە تایبەتی لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی میدا زیاتر رۆڵی میدیەکان ئاشکرا دەبێت. خاڵی گرنگ کە بەرهەمی ئەم کۆچکردنەی خێڵەکانی میدیاو پارسوا بوو بەرەو رۆژئاوا، ئەوە بووە کە ئەم خێڵانە کە زمانیان ئێرانی بوو، لەگەڵ خۆیاندا زمانی ئێرانیان گواستۆتەوە بۆ ئەو ناوچانەی لێی نیشتەجێبوون و تیایدا ژیاون. پێشتر دانیشتوانی ناوچەکە زمانی ناوچەیی خۆیانیان هەبووە، بەڵام لەگەڵ تێکەڵاوبوونی ئەم خێڵانە بە دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە، زمانی ئەمان، واتە زمانە ئێرانیەکە باڵادەستبووە بەسەر زمانە ناوچەییەکاندا. هەر لێرەوەیە کە باسی ئەوە دەکرێت زمانی کوردی کە لە ئەنجامی باڵادەستبوونی زمانی ئەم خێڵە کۆچەرییانە بەسەر زمانە ناوچییەکاندا پێکهاتووە. زمانی دانیشتوانی ناوچەکە بووەتە زمانێکی سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکان، یان بە واتایەکی تر زمانی کوردی کە لە دوای ئەم کۆچکردنەو

پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی پێکهاتووە، ڕەگوڕیشەی ئێرانی هەیە، یان بە دەربرینێکی تر سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە، ئەگەرچی ئەوەش یەکێکە لە بۆچوونەکان کە کورد پێشتر زمانەکەیان یافیتی بووەو دواتر گۆڕاوە بۆ زمانێکی سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکان.

بێگومان زیاتر بەهێزبوونی مادەکان و دروستبوونی دەوڵەتی میدیا و مانەوەی وەکو دەسەڵاتێکی بەهێز بۆ ماوەی سەدەو نیوێک لە باکوری رۆژئاوای ئێران و گەیشتنی هەژموونی بە باکوری میسۆپۆتامیا بە تایبەتی دوای روخاندنی دەوڵەتی ئاشووری، کاریگەری زۆری لەسەر ناوچەکە هەبووەو ئامادەبوونی دەوڵەتی میدیا و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە وای لە زۆرینەی دەستەبژێری رۆشنبیری ناسیونالیستی کوردی کردووە، بەشێوەیەکی نزیک لە رەها پێداگری ئەوە بکەن کە کورد نەوەی مادەکانە. راستە ناکرێت بەشداری مادەکان لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا رەتبکرێتەوە، بەڵام بەڵگەی پێویست لەبەردەستدا نیە بیسەلمێنێت مادەکان یەکێکن لەو پێکهاتە سەرەکیانەی کە ئیتنۆسی کوردییان پێکهێناوە، نەک ئەوەی کورد نەوەی خوێن پاکی ئەوان بێت، بەتایبەتی کە نەک هەر بەڵگەی مێژوویی و نەژادناسی پێویست بۆ سەلماندنی ئەوە لەبەردەستدا نیە، بەڵکو لە رووی زمانیشەوە ناتوانرێت پەیوەندی پتەو و بەهێز لە نێوان زمانی کوردی ئیستاو مادەکاندا بدۆزرێتەوە، بە تایبەتی لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەوەی لە زمانی مادەکان ماوەتەوە کۆمەڵێک وشەی کەمەو زۆرینەی ئەو وشانەش ناون. دووەم لەبەر ئەوەی میدیا زمانی نووسینی تایبەتی خۆیی نەبووەو بەو پێیەش تۆماری سەبەخۆی خۆیی نەبووەو بەگشتی مێژووی میدیا لە پەراوێزی مێژووی ئاشوورو بابل و یۆنانەوە هەڵهێنجراوە. هەروەک ئاشکرایە کە کەلتوری میدیا بە تایبەتی ئەوەی کە کەلتوری دەوڵەتداری و بەڕێوەبردن بووە، کەوتووەتە دەستی هەخامەنشیەکان و ئەوانیش وەکو کەلتوری خۆیان واتە کەلتوری هەخامەنشی تۆماریان کردووە، یان لە باشترین باردا بە کەلتوری ئێرانی تۆمار کراوە.

دوای ئەوەی کە کۆرشی هەخامەنشی دەوڵەتی میدیای لەناوبردو لە شوێنەکەیدا یەکەم دەوڵەتی فارسی بە ناوی دەوڵەتی هەخامەنشی دامەزراندو بۆ ماوەیەک وانیشان دەدرا کە دەوڵەتی هەخامەنشی هەر درێژکراوەی

دەوڵەتی میدیایە، بەڵام دواتر ئەوە ئاشکرا دەبێت کە دەوڵەتی تازە دروستبوو، دەوڵەتی فارسەو ناوهێنانی میدیا، یان مادەکان تەنیا هەر بۆ دوورخستنەوەی کێشەیە لە لایەن مادەکانەوە. هەرچەند لە سەرەتاوە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی میدیا هێڵرانەوەو لە باکوری رۆژئاوای ئێران یان لەو ناوچەیەی کە ئێستا ئازەربایجانی ئێرانیە میدیای بچووک وەکو دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوچەیی مایەوە، بەڵام لە راستیدا دەوڵەتی نوێ، دەوڵەتی بنەماڵەی هەخامەنشیەکان بوو، کە بنەماڵەیەکی فارسی ئێرانی خاوەن هەژموون و دەسەڵات بوون.

بێگومان دەسەڵاتی دەوڵەتی میدیا بۆ ماوەیەکی مێژووی تا ئەندازەیەک درێژو، دەسەڵاتی بەسەر زۆرێک لەو جوگرافیایەدا کە دواتر وەکو زێدو نیشتیمانی کورد ناسراوەو، رەچەڵەکی میدییەکانیش وەکو گەلێکی ئێرانی و نیشاندانی میدیەکان وەکو باپیرەی تەوای کورد، رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی هەست و ئینتیمایی ئێرانیبوون لای کورد لە قۆناغەکانی دواتردا، بەڵام سەرباری نزیکی یا بەشداریکردنی میدیا یان ماد لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا، ناشێت ئەو بۆچوونە بسەلمێندرێت کە کورد تەنیا نەوەی میدیەکانە. لێرەشەوە ئەو بۆچوونە بە تەواوەتی دەکەوێتە بەردەم گومانەوە کە دەوڵەتی میدیا دەوڵەتێکی کوردی بووبێت، بەڵکو بۆچوونی دروست ئەوەیە کە دەوڵەتی میدیا دەوڵەتێک بووە کە خێڵەکانی ماد لە باکورو رۆژئاوای ئێراندا دروستیان کردووەو دەوڵەتێکی ئێرانی بووەو بۆ ماوەی سەدەو نیوێک بەردەوام بووە، ئەگەرچی بۆ ئەو سەردەمە وشەی ئێران بوونی نەبووە.

پاشان بنەماڵەیەکی تری ئێرانی کە هەخامەنشیەکان بوون بنەماڵەی میدیایان لە دەسەڵات دوورخستۆتەوەو خۆیان دەستیان بەسەر دەوڵەتەکەدا گرتووە. لە راستیدا زۆرێک لە سەرچاوە مێژووییەکان، دەوڵەتی هەخامەنشی وەکو درێژکراوەی دەوڵەتی میدیا باس دەکەن، بەڵام دروستتر ئەوەیە کە هەردوو دەوڵەتەکە وەکو دەسەڵاتی ئێرانی باس بکرێن، کە لە هەر قۆناغەو بنەماڵەیەک فەرمانڕەوایی کردووەو تەنانەت لە دوای هەخامەنشیەکانیش دروستبوونی دەوڵەتی ئەشکانی و پاشان ساسانی هەر درێژکراوەی هەمان دەسەڵاتداری ئێرانیە، کە بنەماڵەیەک دەسەڵاتی تیدا گرتوونەتە دەست. دەوڵەت و دەسەڵاتی ئێرانی بە ئەرێنی یان بە نەرێنی تا چەندێک رۆڵیان هەبووە لە ئیتنۆگێنزی

کوردیدا، ئەوەیان بابەتێکە ناکرێت بە تەواوەتی رەتبکرێتەوە، ئەویش یەکەم لەبەر ئەوەی ئەو جوگرافیایەی کە ئیتنۆسی کوردی تێدا دەرکەوتووە، بەشێکی لە سنووری دەسەلاَت و قەلَمەڕەوی دەولَەتە ئێرانیەکاندا بووە.، بێگومان ئەوەش کاریگەری خۆیی هەبووە. دووەم بەهۆی کۆچی بەرەو رۆژئاوای خێلَە میدیایی و پارسیەکانەوە، زمانی ئێرانی گەیشتووەتە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاو لە ئەنجامی تێکەلاَوبوون بە زمانی پێکهاتە ناوچەییەکانی ئەو پێکهاتانەی کە ئەو کات لە ناوچەکەدا ژیاون لەگەلَ رۆیشتنی کاتدا زمانی کوردی دروستبووە، کە دیارە رەگەزو توخمی ئێرانی لەو زمانە نوێیەدا کە دروستبووەو زمانی کوردیە لە توخم و رەگەزی زمانە ناوخۆیی یان ناوچەییەکان زیاتر بووە، هەربۆیە سەرئەنجام زمانی دروستبووی کوردی زیاتر بە لای رەگەزە ئێرانیەکەدا شکاوەتەوەو ئەوەش هۆکاری سەرەکیە کە زمانی کوردی ببەسترێتەوە بە خێزانی زمانە ئێرانیەکانەوە.

هەروەک کاتێ ئیمە باسی توخم و رەگەزە هاوبەشەکانی پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردی دەکەین، ئەوەشمان لەبەرچاوە، کە بۆچوونێک لە لای کورد خۆی جێگیربووە، کە ئەویش ئەوەیە گوایە کورد لە رەگەزی ئاریەو بەو پێیەش کورد پێکهاتەیەکی هیندۆئێرانیەو لەم روانگەیەشەوە، تا ئەندازەیەک پێداگیری لە خوێنی پاکی کورد دەکرێت بەوەی راستەوخۆ سەربەرەگەزی ئارییە. بەلاَم ئەوە ئاشکرایە کە ئەستەمە خوێنی خاوێن و رەگەزی تاک دەمار بدۆزرێتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ناتوانرێت بسەلمێندرێت کورد لە رەگەزی ئاریە، هەروەها باسکردن لە خوێنی پاکی کوردی هەرگیز ناسەلمێندرێت. هەر لێرەدا بۆچوونێک سەبارەت بە رای پ. لێرخ سەبارەت بە کوردەکان هەیە کە دەلَێت: پ. لێرخ کوردەکان بە نەوەی خالَدیەکانی سەرووی هیندۆئەوروپایی دەزانی کە ناخیان پڕ لە هێزی ئاریایی بوو.. بەڕای پ. لێرخ کوردەکان لە دەستپێکی مێژووەوە هاتوونەتە ناوچە شاخاوییەکانی ئێستایان و زۆر بە پاکی خۆبوونی خۆیان پاراست(٣٢). سەبارەت بە رەچەلَەکی کوردەکان پ. لێرخ دەلَێت: کوردەکان نەوەی ئەو خالَدیە ئێرانیە جەنگاوەرە جەربەزانەن کە دانیشتوانی چیاکان بوون و گیانێکی جەنگاوەرانەی بەرزیان هەبوو، لە هەزارەی سییەمی پێش زایندا هەتنەخوارەوە بۆ دەشتەکانی دیجلەو فورات(٣٣). مەبەستمان لە

هێنانەوەی راوبۆچوونی پ. لێرخ ئەوەیە کە بڵێین سەرباری ئەو بۆچوونانەی پێشتر بۆ شێوازی پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردی هێنامانەوە، بۆچوونی تریش هەیە کە پێیوایە کورد نەوەی راستەخۆی خاڵدی یان کاڵدیەکانن. بێگومان لێرەدا مەبەست رەتکردنەوەی تەواوی بۆچوونەکەی لێرخ نیە، چونکە دەشێت خاڵدیەکانیش وەکو چەندین پێکهاتەو گروپی تر بووبنە رەگەزو توخمی بەشدار لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، بەڵام هەرگیز ناتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە کوردەکانی ئەمڕۆ نەوەی راستەوخۆ یان خاوێنی خاڵدیەکانن. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە ناشێت کوردەکان تەنیا یەک سەرچاوەی نەژادییان هەبێت.

دیارە ئەو بۆچوونەی لێرخ سەرچاوەیەکی کۆنتری هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ ئا.ئا. کوونیک، کە کوونیک سەرچاوەی بۆچوونەکەی پ.لێرخی پێشتر بەمشێوەیە دارشتووە: کوونیک بە پشتگیری زانیاریە مێژووییەکان پەیوەندارێتی کورد و کەلتورە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی نزیک نیشان دەدات و بە یاریدەی مەسەلەی رەسەنی ئێرانی زمانی کوردی، کە ئەوساکە لە زانستدا چەسپابوو، هەوڵدەدات رەسەنی ئێرانێتی و ئاریەتی نەک هەر خاڵدیەکانی ئینجیل، بەڵکو هەموو کەلتورە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی نزیک بسەلمێنێ(٣٤). کەواتە بۆچوونی لێرخ ئەوەیە، کورد بە نەوەی خاڵدی و خاڵدیش بە ئێرانی و ئاری نیشان دەدات. بەڵام وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لە لایەک دانانی کورد بە نەوەی خاڵدیەکان و بەستنەوەی خاڵدیەکانیش بە رەسەنی ئێرانی و ئارییەوە ناسەلمێندرێت، لە لایەکی ترەوە ئەمە دژی ئەو تێزەیە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کورد نەوەی خاوێنی تاکە پێکهاتە یان گروپێک بێت.

بێگومان سەبارەت بە پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی، بۆچوونی مینۆڕسکی و بۆچوونی ن. ی. مار بایەخی تایبەتیان هەیە. بەڵام تیۆریی مینۆرسکی بۆ ریشەی کوردو چۆنێتی پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی سەرباری لێکۆڵینەوەکانی خۆی زیاتر پشتی بە بۆچوونێکی مێژوونووسی ئەڵمانی بارپۆڵد جۆرج (١٧٧٦-١٨٣١) بەستووە، کە دەڵێت: کورد نیوەی لە ئارامەیک واتە ئەرمەنیەکان و نیوەکەی تری لە مادەکانەوە هاتووە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە جیهاندا تیۆری (ماد)ەکان گەشەی پێدرا(٣٥). دواترمینۆڕسکی پەرەی بەم بۆچوونەی بارپۆڵد جۆرج داو بەستنەوەی کورد بە مادەکانەوە، یان دانانی کورد بە

نەوەی ماد، یان نیشاندانی کورد وەکو گەلێکی ئێرانی، یان نزیک لە فارسەکان و تەنانەت دانانی کورد بە گەلێکی ئێرانی هیندۆ ئەورووپی و تا ئەولاتریش بە رەگەز ئاری بەشێکی لەم بۆچوونەی بارپۆلد جۆرجەوە هاتووەو مینۆرسکی لە چوارچێوەی لیکۆڵینەوەدا پەرەپێداوەو خستوویەتیە چوارچێوەی تیۆرییەکەوە، کە لە بەرامبەر تیۆریی ماردا دادەنرێت.

مینۆرسکی زیاتر دەیەوێت رەچەڵەکی کورد بباتەوە سەر ئێرانی یان هیندۆئەورووپی، ئەوەش لە رێگای بەستنەوەی کوردەوە بە میدیەکانەوە وەکو گەلێکی ئێرانی نیشان دەدات. لەم رووەوە دەڵێت: زۆر رێی تێدەچێت کە کورد لە تێکەڵاوبوونی دوو خێڵی چوونیەک پێکهاتبێت کە بریتین لە ماردونی و کیرتیونی، کە بە زاری میدی زۆر لەیەکتر نزیک دەدوان، لە لایەکی ترەوە بەدڵنیاییەوە لەکاتی کۆچکردنیان بەرەو رۆژئاوا، لایەنی تر لە بنەماڵەو رەگەزی تریان تێکەڵاو بووە(٣٦). واتە مینۆرسکی لە جیاتی پرۆسێسیکی ئالۆزی ئیتنۆگێنزی کوردی کە توخم و رەگەزی جۆراوجۆر بەشداری تێدا کردبێت بە تایبەتی لە پێکهاتە رەسەنەکانی باکوری میسۆپۆتامیا، ئەم کورد وەکو نەوەی لە دەیکبووی میدیەکان سەیر دەکات بەوەی کە لە تێکەڵاوبوونی دوو خێڵی میدی یان دوو خێڵ کە بە زمانی میدی قسەیان کردووە لەگەڵ تێکەڵاوبوونی رەگەزی تری ناوچەییدا پێکهاتووە، بەڵام ئەم بایەخێکی کەم دەدات بە رەگەزو توخمە رەسەنە ناوخۆییەکان. بۆ ئەمەش مینۆرسکی دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوە لە باپیرانی کورد بکەین، ئەوا پێویستە بزانین کە ئەوان بوکهتانی- بوهتانی- ن نەک کاردۆخی(٣٧). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مینۆرسکی بە تەواوی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە کورد نەوەی ئێرانیەکانن و بە دیاریکراوی دەچنەوە سەرخێڵە میدیەکان، نەک نەوەی پێکهاتە رەسەنەکانی باکوری میسۆپۆتامیا بن، هەر لەبەر ئەوەش پەیوەندی کوردو کاردۆخیەکان رەت دەکاتەوە. بێگومان ئەمە یەکێکە لەوبۆچوونانەی کە سەبارەت بە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی تا ئەندازەیەک لە مێژووی نوێی کوردناسیدا جێگای گرتووە، بەڵام لە راستیدا ئەم تێروانینەش بەجۆرێک لەژێر کاریگەری و هەژموونی عەقڵی رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوادایە، لە کاتێکدا کە ناڕاستەوخۆ وەکو هەوڵێک دەردەکەوێت بۆ دانانی کورد لە چوارچێوەی گەلانی ئێرانی

هیندۆ ئەوروپی و رەگەزی ئاریدا. دیارە گۆڕینی زمانی ئەو پێکهاتانەی کە ئیتنۆسی کوردییان پێکهێناوە بە زمانێکی ئێرانی، یارمەتیدەر بووە بۆ داڕشتنی تیۆرییەکەی مینۆرِسکی.

یەکێکی تر لەو بۆچوونانەی کە هەندێک وەکو تیۆریی سەبارەت بە ئیتنۆگێنزی کوردی، یان پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی باسی دەکەن، بۆچوونی یان تیۆریی ن. ی. مارە. کە بە تیۆریی یافیتی یان جافیتی-ش ناودەبرێت. مەبەست لە یافیتی کۆمەڵەی زمانی کۆنی قەفقاسە. بۆچوونی ن.ی. مار سەبارەت بە: ئەگەری یەکێتی ئەسڵی کاردۆخ- کورد- لەگەڵ کارتی جۆرجی و پاشان لێکتر جیابوونەوەیان لە سەردەمێکی زۆر کۆندا، مار بە پێچەوانەی مینۆرِسکیەوە هەوڵدەدات تیۆرییەکەی بە بە پشتبەستن بە بەڵگەی مێژوویی و نەژادی پاساو بدات، وەکو بینیمان ئەم واتە مار لە لێکدانەوەی تیۆرییەکەیدا پشت بە بەڵگەی پێچەوانە دەبەستێت کە بریتیە لە جیابوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیە مێژووییەکان لە نێوان کوردو کارتفیلدا (کارتفیل کۆمەڵە خێڵێکی قەوقاسی بوون)، کە ئەوەش بوو بەهۆی دەرکەوتنی بۆشاییەک کە دەبوو پڕبکرێتەوە. دیارە گرنگی ئەو بۆشاییە زۆر کەم دەبێتەوە، ئەگەر ئەو هاوکێشە سیانیەمان پەسەند کرد کە بریتیە لە: کاردۆخ، کارتفیل، کورد(٣٨). لەم رووەوە، تیۆرییەکەی مار یان تیۆریی یافیتی، کە گێڕانەوەی کوردە بۆ خێڵە قەوقاسیەکان-کارتیل-و کاردۆخیەکان، رووبەڕووی کێشەی زمانی کوردی دەبووەوە، بەڵام ن. ی. مار هەوڵیداوە ئەوە بە رێگایەکی تر چارەسەر بکات، بەجۆرێک کە گەڕانەوەی زمانی کوردی بۆ زمانە ئێرانیەکان وەکو دیاردەیەکی ئاسایی نیشان بدات، بەجۆرێک کە مەسەلەی ئێرانیبوونی زمانی کوردی کاریگەری نەرێنی لەسەر بۆچوونەکەی ئەو سەبارەت بە گەڕانەوەی کورد بۆ کاردۆخیەکان و کارتیلەکان نەبێت. لەم رووەوە ن. ی. مارنەیدەتوانی نکوڵی ئەوە بکات کە زمانی کوردی ئەمرۆ سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە. لەبەر ئەوە» ناچار بوو ئەو گریمانەیە بکات کە زمانی کوردی لە راستیدا ملکەچی گۆڕانکاری قوڵ بووەو بەتەواوەتی لە زمانی یافیتیەوە گۆڕاوە بۆ زمانی ئاری- سەر بە خێزانی زمانە ئێرانیەکان-. بە گێڕانەوەیەکی کۆن گەواهی لەسەر ئەمە دەدا کە گەوهەرەکەی ئەوە بوو گوایە کورد خۆیان وازیان لە زمانی کۆنی خۆیان

هێناوەو زمانێکی نزیک لە زمانی فارسییان داڕشتووە(٣٨). کەواتە ئەوەی ن. ی. مار دەیڵێت راستەوخۆ دانانی کوردە بە نەوەی کاردۆخیەکان.

بێگومان بە گوێرەی کاردۆخیەکان و پەیوەندییان بە کوردەوە، یان دانانیان وەکو باپیرەی کورد، یان وەکو یەکێک لەو پێکهاتانەی کە بەشداربوون لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، شتێکی رەتنەکراوەیە، چونکە بە پێی گێرانەوەکانی گەزنەفۆن لە ئاناباسیسدا، کاردۆخیەکان لە ساڵی ٤٠١ی پێش زایندا هێرشیان کردۆتە سەر ئەو دە هەزار کەسەی کە بریتیبوون لەو بەکرێگیراوە یۆنانیانەی لە بابلەوە گەڕاونەتەوەو بە سەرزەمینی کاردۆخیەکاندا تێپەڕیوون، کە هەندێ بە ناوچەی هەکاری و هەندێکی تریش بە ناوچەی زاخۆ و زنجیرە چیاکانی باکوری میسۆپۆتامیا ناوی دەبەن. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەو مێژووەدا کاردۆخیەکان ئامادەبوونێکی تەواویان هەبووە لە زێدی ئێستای کورددا. بەپێی هەندی بۆچوون وشەی «کاردۆخ» ناوی ئەرمەنیەکانە بۆ ئەو پێکهاتەیەی بە کورت یان کورد ناوبراون. بێگومان ئەم پێکهاتەیەش کە لە هەمان ئەو شوێنەدا بوون کە دواتر ناوی بووە بە نیشتیمانی کوردان یان کوردستان و لە رووی لێکچوون و نزیکی وشەی کاردۆخ لە کورد یان کورتەوە دەردەکەوێت کە نزیکی هەیە لە نێوان کوردی ئێستاو کاردۆخیەکاندا. ئەمەش دیسان دەبێتە پاڵپشت بۆ تیۆرییەکەی ن. ی. مار سەبارەت بەوەی کە ئەو کورد بە نەوەی کاردۆخیەکان دادەنێت. هەر سەبارەت بە پەیوەندی کورد بە کاردۆخیەکانەوە هاتووە: کاردۆخیەکان ئەو میلەتەن کە لە هەموو لایەکەوە دانی پیانراوە کە راستەوخۆ بەشداری لە ئیتنۆگێنزی کوردەکانی ئێستادا کردووەو ئەوەش گەیشتووەتە رادەیەک کە لە هەندێ حاڵەتدا کاردۆخیەکان هەر بە کورد ناودەبەن، بەڵام بەشداریکردنی مادەکان و خێڵە ئێرانیەکانی تر لەم پرۆسەیەدا هەرگیز نەبووەتە سەلمێندراوێکی زانستی دانپیانراو(٤٠).

بەهەرحاڵ، یەکێک لە کێشەکانی هەم تیۆریی مینۆڕسکی و هەم تیۆریی ن. ی. مار، یان تیۆریی یافیتی یان جافیتیک، ئەوەیە کە کورد وانیشان دەدەن کە لەیەک سەرچاوە یان رەچەڵەکەوە هاتووە، بەتایبەتی لە تیۆریی ماردا. کێشەی ئەم دوو تێڕوانینەش ئەوەیە کە تەنیا پشت بە بەڵگەی زمانی یان رەچەڵەکی و مێژوویی دەبەستن، کە لە راستیدا بۆ یەکلاییکردنەوەی سەرچاوەی پێکهێنانی

هەر ئیتنۆسێک دەبێ هەموو بوارەکانی رەچەڵەک، مێژوو، جوگرافیاو دیاردە و خاسیێتە کۆمەڵایەتیەکان و زمان بەکاربهێنرێت. بێگومان بۆ سەردەمی نوێ زانستی بۆماوەزانی رۆڵێکی گرنگ لە یەکلاییکردنەوەی نەژادی ئیتنۆس و نەتەوە جیاوازەکاندا دەبینێت، کە ئەویش پشت بە پشکنینی ترشی (DNA) دەبەستێت و لەوەشدا راستیەک هەیە کە خوێنی خاوێن یان نەژادی خاوێن نادۆزرێتەوەو ناشێت هیچ ئیتنۆسێک لە یەک سەرچاوەوە، یان لە یەک باپیرەوە پەیدا بووبێت. بەڵکو پەیدابوونی ئیتنۆسە جیاوازەکان لە ئەنجامی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزەوە هاتووەتە ئەنجام و لە پرۆسێسێکی لەمجۆرەشدا زیاتر لە توخم و رەگەزێک بەشداری کردووەو دەشێ رێژەی ئەو بەشداریکردنانە سەرئەنجام لە رێگای پشکنینی بۆماوەییەوە دیاری بکرێت. بۆیە دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە بڵێین دەشێت هەریەکە لەم بۆچوونانەی لە سەرەوە لەسەر پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی باسمان کردن، بەشێک لە بەشدارییان هەبێت و هەر یەک لەو پێکهاتانە بەرێژەی جیاواز بەشدار بن لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، بەڵام هەگیز ناشێت کورد تەنیا یەک باپیرەی هەبێت و تەنیا بگەرێتەوە بۆ یەکێک لەو توخم و رەگەزانەی لەسەرەوە باسکران. ئەمەش پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات کە ئیتنۆسی کورد لە سەرچاوەو رەگەزی جۆراوجۆرەوە پەیدا بووەو لەوانەیە جۆراوجۆری رەنگ و پێکهاتەی جەستەیی یان فیزیکی و تەنانەت لە ئاستی زمانیشدا ئەو فرە زارەی لە زمانی کوردیدا هەیە دەرئەنجامی ئەو فرە سەرچاوەییەی نەژادی ئیتنۆسی کوردی بێت.

ئاشکرایە لە روخاندنی دەوڵەتی میدەوە بە دەستی کۆرش و بنەماڵەی هەخامەنشیەکان، میدیای گەورە یان خواروو لە ماوەیەکی کورتدا بە تەواوی کەوتە ژێر سایەی دەسەڵاتی فارسە هەخامەنشیەکانەوە، بەڵام میدیای بچووک یان میدیای ئەترۆپاتین مایەوەو تەنانەت دوای روخانی دەسەڵاتی هەخامەنشی لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی و پاشانیش دروستبوونی دەوڵەتی ئەشکانی- سلوقی دەسەڵاتی میدیای ئەترۆپاتین هەر بەردەوامبوو هەتا نزیکەی سەرەتای زایین. دیارە مینۆرسکی پێیوایە ئەو دوو خێڵە سەرەکیەی میدیا کە بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردووەو هەندێ خێڵی ناوچەییان تێکەڵاو بووەو پێکەوە ئیتنۆسی کوردییان پێکهێناوە لە میدیا بچووک یان ئەترۆپاتینەوە بەرەو

ڕۆژئـاوا کۆچیـان کـردووەو هـەر ئەمانیـش زمانـی ئێرانیـان سـەپاندووە بەسـەر زمانـە ناوچەییەکانـی خێڵـە ناوخۆییـە ڕەسـەنەکانی باکـوری میسـۆپۆتامیدا.

هـەروەک لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئەشـکانیەکاندا و لـە دەوروبـەری «سـاڵی ١٣٨-١٤٨ی زاینیـدا لـە دەستنووسـێکی سـڤیانیدا دەربـارەی مێـژووی هەولێـر- ئادیابینا- مێژوونووس مەشیحا زخا دەڵێت لە ناوچـە چیاییەکانی کاردۆ، گەلێک بەسـەرکردایەتی کیـزۆ بـە دژی دەوڵەتـی پارڤیـا ڕاپەڕینـی بەرپاکـردووە(٤١). ئەمـەش دەریدەخـات کە لـەو سـەردەمەدا ئـەم پێکهاتەیە یان ئـەم گەلە لە ئادیابینا و ئەربخـادا ژیـاون. ناوچەکـە لـە لایـەک بە کاردۆ ناوبـراوە کـە ئـەم وشـەیە نـەک هەر نزیکـە لـە وشـەی کورد بەڵکو هاوشـێویە لەگەڵیداو لـە هەمـان ئەو جوگرافیایەشـدا ژیـاون کـە دواتـر بووەتـە نیشـتیمانی کـورد. ئەمـەش دیسـان ئـەوە دەگەیەنێت کـە نـاوی کـورد لـە ڕووی ئیتمۆلۆجیـەوە ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە وشـەکانی کاردۆ، کاردۆخ، کـورت، کورتـی.. هـتد هەیـە. هـەر بەوپێیـەش ئـەم پێکهاتانـە وەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـردووە بوونەتـە توخـم و ڕەگەزەکانـی ئیتنۆگێنـزی کـوردی و بەشـدارییان کـردووە لـە پەیدابوونـی ئیتنۆسـی کوردیـدا.

بێگومـان لـە دوای ڕوخاندنـی دەوڵەتـی هەخامەنشـی لـە لایـەن ئەسـکەندەری مەکدۆنیـەوە، دەسـەڵاتی فـارس ئـەو ئامادەبوونـەی نەمـا. بـەڵام ئەسـکەندەر دوای ماوەیەکـی کـورت لـە سـاڵی ٣٢٣ی پێـش زاینـدا مـرد. لـە دوای مردنـی ئـەو سـەردەمی هیلینیسـتی دەسـت پێدەکات. واتـە فەلسـەفەو عەقڵ و کەلتـوری یۆنانـی کـە پێشـتر تەنیـا هەژموونـی بەسـەر ڕۆژئـاوادا کردبوو، لەگەڵ هێرشـی ئەسـکەندەردا گەیشـتە ڕۆژهـەڵات و هەژموونـی فەلسـەفەو عەقڵ و کەلتـوری یۆنانـی گەیشـتە ڕۆژهـەڵات. بـەڵام ڕۆژهـەڵات وەکـو خـۆی، واتـە وەکـو سـەردەمی هیلینـی وەرینەگـرت، بەڵکـو بـە ڕۆحـی ڕۆژهەڵاتـی و بارگاویبـوون بـە ڕۆحـی ڕۆژهەڵاتیـەوە وەرگیـرا. دوای ڕوخاندنـی دەوڵەتـی هەخامەنشـی و مردنـی ئەسـکەندەری گـەورە بـە ماوەیەکـی کـەم جۆرێـک لـە پشـێویی لـە قەڵەمـڕەوی ئیمپراتۆرێتـدا درووسـتبوو. زۆرێـک لـە فەرماندەکانـی ئەسـکەندەر خۆیـان بـۆ شـوێنگرتنەوەی ئـەو ئامادەکردبـوو. سـەرئەنجام ناکۆکی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرێتی گرتەوە، تا دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەت دابەشـبوو بـۆ چەنـد بەشـێک. بـەڵام ئـەوەی گرنگـەو پەیوەنـدی بـەو ڕووبـەرە جوگرافیایـەوە هەیـە کـە ئـەو پێکهاتانـەی تیـادا دەژیـان کـە دواتـر بەشـدارییان

لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردووە، دەوڵەتی سەلوقیە. ئەم دەوڵەتە بە ماوەیەک لە دوای مردنی ئەسکەندەری گەورە لە رۆژئاوای ئاسیادا دروستبوو، بە دیاریکراوی لە ساڵی ٣١٢ بۆ ٦٣ی پێش زاین بەردەوامبوو. بێگومان لەم مێژووەدا نەک میدیا بەڵکو بەشێکی فراوانی قەڵەمڕەوی هەخامەنشیەکان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەلوقیدا بوو، بەڵام میدیای بچووک یان میدیای ئەترۆپاتین لە سەردەمی سلوقیەکاندا وەکو دەسەڵاتێکی ناوخۆ یان ناوچەیی مایەوە. هەڵبەت ئاشکرایە کە دەسەڵاتی دەوڵەتی سەلوقی لە سەرزەمینی ئێران و تەنانەت لە میسۆپۆتامیاش لەگەڵ دەرکەوتنی ئەشکانیەکان و بەهێزبوونیاندا، ئەم لاواز دەبوو. لە راستیدا ئەشکانیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی سییەمی پێش زایندا دەرکەوتن و لە دواچارەکی سەدەی دووەمی پێش زایندا زۆر بەهێزبوون و بە کردەوە دەسەڵاتیان بەسەر ئێران و بەشێکی فراوانی میسۆپۆتامیدا هەبوو. لەم کاتەدا دەسەڵاتی سەلوقی هەر بە رووکەش مابوو هەتا لە ساڵی ٦٣ی پێش زایندا، بەتەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی سلوقیەکان هات. لەم مێژووەدا کە زنجیرە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا کە ماوەیەک لە ژێر دەسەڵاتی سلوقیەکان و پاشتریش لە ژێر دەستی ئەشکانیەکاندا بوون، ئایا چی بەسەر پێکهاتەکانی پێشتردا هات کە لەم ناوچەیەدا دەژیان، بە تایبەتی میدەکان کە پێشتر خاوەنی دەسەڵات بوون، پاشماوەکانی لۆلۆو گۆتی و کاشی و هۆری و سوباری و نایری و میتانی و کاردۆخی....چیان لێهات؟

بێگومان لە سەردەمی دەسەڵاتی سەلوقی و ئەشکانیەکان و دواتریش ساسانیەکاندا، بەگشتی ئەو جوگرافیای کە دواتر بووەتە نیشتیمانی کورد، یان ئیتنۆسی کوردی تیادا دەرکەوتووە، مەگەر دەسەڵاتی ناوچەیی بچووکی تیادا دروست بووبێت، کە ئاشکرایە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بەشێکی خەریکی ئاژەڵداری و بەشێکی خەریکی کشتوکاڵ بوون و هەندێ نیشتەجێ و هەندێکی تریش کۆچەری بوون. سەرباری ئەوەی باسی ژیانی کۆیلایەتی دەکرێت لەم ناوچەیەدا، واتە لە باکوری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆس، بەڵام لە راستیدا لە ژیانی کۆچەری و ئاژەڵداریدا سیستێمی کۆیلایەتی بەو شیوەیە دروست نابێت کە لە کۆمەڵگای نیشتەجێی سەرقاڵ بە کشتوکاڵەوە دروست دەبێت. ئێستا لەبەرامبەر پرسیاریکدا راوەستاوین: ئایا سیستێمی کۆیلایەتی لەم جوگرافیایەدا

پێکهاتووە؟ ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە بەڵێ یان نەخێرشتێکی ئەوتۆ نەدات بەدەستەوە، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە سیستێمی کۆیلایەتی لە ڕەوتی پەرەسەندن و لە ئەنجامی پەرەسەندنیدا دەگۆڕێت بۆ سیستێمی دەرەبەگایەتی، دیسان دەپرسین: ئایا سیستێمی دەرەبەگایەتی کوردی بەشێوەیەکی تەواو پێکهاتووە؟.

ئەوەی ئاشکرایە لە دوای دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی و لە ڕەوتی مێژوویی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەم ئیتنۆسەدا، سیستێمی دەرەبەگایەتی وەکو سیستێمیکی خاوەن خاسێتی پێگەیشتوو، خاوەن شوناس دروست نەبووە. هەرچەندە دەشێ جەنگ و پێکدادانەکانی نێوان ئاشوورو بابل و میدیاو هەخامەنشیەکان و دواتریش هێرشی یۆنانی بە سەرۆکایەتی ئەسکەندەری مەکدۆنی و دروستبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی سەلوقی و ململانێی لەگەڵ ئەشکانی و هێرشی ڕۆم و دواتریش دەرکەوتنی دەسەڵاتی بەهێزی ساسانیەکان و ئەو هەموو پێکدادان و شەڕو ململانێیەی کە هەبووە لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا، کە زۆربەیان دەوڵەتی کۆیلەدار یان خاوەن کۆیلەبوون و پێدوایستی جەنگ هەم بە شەڕکەرو هەم بە خەرجی و داهات، ڕووبەری کۆیلەدارییان فراوانتر کردووەو لەو سەروبەندەشدا ململانێی نێوان کۆیلەو کۆیلەدار کە خاسێتی ناکۆکی و ململانێی چینایەتی هەبووە، زیاتر توندو بەرفراوان بووەو سەرئەنجامیش بەرەو هەڵوەشاندنەوەی یاساو ڕێساکانی سیستێمی کۆیلایەتی هەنگاوی ناوەو کۆمەڵگا لە ململانێی لەم جۆرەدا لە ناوەوەڕا پاڵنەری گۆڕانکاری تیادا دروست دەبێت، کە بەپێی ڕەوتی مێژوو لە هەناوی کۆمەڵگای کۆیلایەتیەوە بنەماو یاساو دوو جەمسەرەکەی سیستێمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی لە دایک دەبێت، کە دەرەبەگی خاوەن زەوی و جوتیاری خاوەن هێزی کارە. ڕاستە ئەو جوگرافیایە کە ئێستا کوردستانە یان شوێنی ئیتنۆسی کوردیە، کەوتووەتە ژێر دەسەڵات و ژیر پێی دەوڵەتە خاوەن کۆیلەکان، بەڵام پێناچێت بە کاریگەری تۆپۆگرافیاو سروشتی ئاژەڵداری و ئاژەڵ بەخێوکردن و کۆچەری بە ڕێژەیەکی زیادە کستوکاڵ کردن و بە ڕێژەیەکی کەمتر ئەگەر کۆیلایەتیش هەبووبێت لەم جوگرافیایەدا پێناچێت لە ئاستێکدا بووبێت کە خاسێتی سیستێمی کۆیلایەتی پێگەیشتووی هەبووبێت. لەسەر ئەم بنەمایەش نە ململانێی ناوخۆ لە نێوان

ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا- ئەگەر ئاستی جیاوازی چینایەتی بە ئاشکرا هەبووبێت- ئەوەندە بەهێز نەبووە کە بووبێتە مۆتیڤ و پاڵنەری بەرهەمهێنانی سیستێمێکی نوێ کە سیستێمی دەرەبەگایەتیە.

بێگومان سیستێمی ئابووری و کۆمەلایەتی دەرەبەگایەتی هەرچەندە جەختی لەسەر لادێ و کۆمەڵگای لادێیە، بەڵام ئاستی تێکەڵاوبوون تیایدا لەچاو قۆناغی پێشتردا زیاترەو لە ئاستی پەرەسەندنیدا وەکو سیستێمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی ئاستێکی بەهێزتر و پەرەسەندووتر لە کۆمەڵایەتیبوون درووست دەکات. ئەمە بێجگە لەتێکەڵاوبوون بە رەگەزو توخمی زیاتر و جیاواز لە رێگای بەرهەمهێنان و پێویستبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی بە تێکەڵاوبوونی زیاتر لەگەڵ دەرەوەی کۆمەڵگا ناوخۆییەکانداو هەروەها هۆکارەکانی جەنگ و پەلاماردانی یەکتری و کۆچ و گواستنەوە لە نێوان جوگرافیا جیاوازەکاندا زیاتر بوونەتە پاڵنەرو بزوێنەری کۆمەڵایەتیبوونی زیاتر، کە ئەو کۆمەڵایەتیبوونە ئەگەرچی لە رووی پێوانەکردن و لێڕوانینیەوە لە روانگەی کۆمەڵایەتیبوونی سەردەمی سەرمایەداری عەقڵانیەتەوە، سەرەتایی و سادە بووە، بەڵام رۆڵی گرنگی هەبووە لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا. هەڵبەت لێرەدا بە گەڕانەوە بۆ جەختکردنە سەر ئاستی کۆیلایەتی لەم جوگرافیایەداو بەو پێیەش دروستنەبوونی سیستێم و یاساو رێساکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی لەم رووبەرەدا، کە دواتر ئیتنۆسی کوردی تێدا دەرکەوتووە، ئاستی کۆمەڵایەتیبوون لاواز بووەو هەر ئەوەش دەریدەخات کە دروستبوونی ئیتنۆسی کوردی بەراورد بە دروستبوون و پەیدابوونی زۆرێک لە ئیتنۆسەکانی تر لە مێژوویەکی درەنگتردا گەیشتووەتە ئەنجام. تەنانەت لە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیشدا دروسنەبوونی دەوڵەتی فیودیالی یان خێڵایەتی کوردی پەیوەندی بەم پاشخانە مێژووییەوە هەیە.

بێگومان ڤێلچێڤسکی، ئەو زانا روسیەی کە بە وردی باسی نەژادی کورد دەکات، لە پشتی لێکدانەوەکانیەوە تارمایی لایەنگیری بۆ بە ئێرانیکردنی یان بە هیندۆئەوروپاییکردنی ئەو پێکهاتانە دەبینرێت کە بوونەتە توخم و رەگەزی ئیتنۆگێنزی کوردی و بەشدارییان کردووە لە پێکهێنان و پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردیدا. لەم رووەوە ئەو باسی باکوری میسۆپۆتامیا یان کاردا دەکات کە مەبەست ئاراپخای سەردەمی هۆری یان هورییەکانە. لە لایەک باسی ئەوە

دەکات لە دوای روخانی دەوڵەتی ئاشووری کە چەند خێڵێکی رەسەن لەم ناوچەیەدا ژیاون، کە بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریکبوون. بەڵام هاوکات باسی کۆچی پارس و مادەکان دەکات بۆ ئەم ناوچەیە. لە خستنە ڕووی بیروبۆچوونەکانیدا ڤیلچیڤسکی پشت بە تۆمارێکی دێرین دەبەستێت بەناوی خرۆنیکای سووریی شاری کارکادی بیت سێلۆخ، کە بە قسەی ن. ڤ. پیکۆلێڤسکەیا کە ئەم خرۆنیکایەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی رووسی و شیکردۆتەوە، لە سەدەی شەشەمی زاییندا دانراوە، دەتوانین چاودێری نەژادی ئیتنیکی جیاوازی گروپە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکانی ناوچە چیاییەکانی میسۆپۆتامیای سەروو بکەین(٤٢). کەواتە لێرەدا پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەو خێڵە پارس و مادانە بکەین کە لە سەردەمی میدیاو هەخامەنشی و سلوقی و ئاشکانیدا هاتوونەتە باکوری میسۆپۆتامیا، جەخت دەکەینە سەر خاڵێکی گرنگ لە قسەکەی ڤیلچیڤیسکیدا، کە ئەویش» نەژادی ئیتنیکی گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانە» لەم ناوچەیە، واتە باکوری میسۆپۆتامیا. دەشێ مەبەست لە گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، جیاوازی چینایەتی بێت، واتە گرۆپی کۆمەڵایەتی ئاستی کۆمەڵایەتی جیاواز، بەڵام کاتێ وشە یان چەمکی نەژاد دێتە پێشەوە، راستەوخۆ خەیاڵمان بۆ پێکهاتەی جیاواز لە رووی نەژادیەوە دەچێت، یان مەبەست ئیتنۆسی جیاوازە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بیرۆکەی ئەوەی کە کورد لە یەک نەژاد بێت و هەڵگری خوێنی خاوێن بێت، لێرەدا رەت دەکرێتەوە. ئەوەی باس دەکرێت ئەوەیە کە کاردای بیت سێلۆخ یەکێک لە شارە گەورەکانی ناوچەی گارمای بووەو بەشی هەرە زۆری باکوری میسۆپۆتامیای بە زنجیرە چیای حەمرینیشەوە گرتۆتەوە کە ئەوکات پێیووتراوە (ئووروک- ئۆرییکۆن)(٤٣).

بە پێی خرۆنیکای شاری کارکادی بیت سێلۆخ، «دوانزە بنەماڵەی نەجیبزادە لە کارکادا هەبوون و هەریەکەیان لە شەقامێکدا دەژیا، کە بە ناوییەوە ناونرابوو. هەموو ئەو بنەماڵانە... زنجیرەی نەژادی خۆیان هەبووە و جینالۆجیا و ئێپۆنیمیای خۆیان بە وردی پاراستبوو...ئەم بنەماڵانە، کە لە کاتی جیاوازداو بەهۆی جیاوازەوە بۆ کارکا هاتبوون، رەسەنی خۆیان بۆ سەر فارسەکان دەبردەوە(٤٤). راستە ئەم زانیاریە لە خرۆنیکای کارکادا هاتووە، بەڵام ئەم خرۆنیکایە لە سەدەی سەشی زاینیدا نووسراوەو سەردەمی

دەسەڵاتی ساسانیەکان بووە، کە کەلتوری ساسانی و ئێرانی هەژموونی بەسەر هەموو میسۆپۆتامیدا هەبووە. بۆیە زۆر ڕێی تێدەچێت کە ئەم بنەماڵانە لە پێناوی بەرژەوەندی مادی و مەعنەویدا خۆیان بردبێتەوە سەر نەژادی فارسی، هەرچۆن لە مێژووی دوای بە ئیسلامبوونی کورددا، زۆرێک لە بنەماڵەو عەشیرەتەکان درەختی بنەماڵەیان بۆ خۆیان دروست کردووەو خۆیان بردوەتەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام و کەسوکاری. ئەوە ئاشکرایە ئەو بنەماڵەو پێکهاتانەی کە پێگەیان لاوازەو لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتن، زۆرجار هەوڵدەدەن بەهەر شێوەیەک بۆیان بلوێت خۆیان لە بازنەی دەسەڵات نزیک بکەنەوە. ئەوەی پەیوەندی بە دە بنەماڵە نەجیبزادەکەی کارکادایەوە هەیە، بەشێکی عەقڵی نووسینەوەی ئەو خرۆنیکایە بەرهەمیهێناوە، ئەگەر شتێک لە راستیشی تیدابێت، ئەوا لەژێرکاریگەری خۆ پەیوەستکردن بە ناوەند یان بە رەگوڕیشەیەکی دیارەوە هاتووە. هەروەک دیارە بۆ سەردەمی هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکان و دواتریش ساسانیەکان پێگەی نەژادی فارسی لە ئاستێکی وەهادا بووە، کە پێکهاتەو خێڵ و بنەماڵەکانی تر کە نەژادو ڕیشەی دیارو بەهێزیان نەبووە، هەوڵیانداوە خۆیان ببەنەوە سەر فارسەکان.

دیارە ئەگەر ئەوە راستیەکی تێدا بێت کە ئەو بنەماڵە فارسانە، کە دەشێ هەندێکیان خۆیان بە فارس دانابێت و هەندێکیان لە رووی ئایینیەوە هاوئایینی فارسەکان بووبن، لە سەردەمی سێ دەسەڵاتی بەدوای یەکدا هاتوودا کە دەسەڵاتی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی بوون، کۆجیان کردبێت بۆ کارکادا، یان ئەو دەسەڵاتانە بە مەبەستی جێگیرکردنیان رەوانەی ئەوێیان کردبن. ئاشکرایە دەسەڵاتی کارکاداو بەڕێوەبردنیشی دراوەتە دەستی ئەم بنەماڵە نەجیبزادە فارسانە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا خەڵکی رەسەنی کارکادا بە تایبەتی و خەڵکی رەسەنی گارما بەگشتی چیان لێ بەسەرهاتووە؟ ئاشکرایە خەڵکی رەسەنی ناوچەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوون، ئەوانەی بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون و ئەوانەی خەریکی ئاژەڵداری بوون، واتە شوانکارەکان کە ئەمانەش لە کەمتر لە دانیشتوو زیاتر لە کۆچەری پێکهاتوون. هەرچەندە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە پێناچێت لە باکوری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆس سیستێمی کۆیلایەتی

بەهەمان شێوازی سیستێمی دەوڵەتی کۆیلایەتی پێکهاتبێت، بەڵام با وای دابنێین ئەم بنەماڵە نەجیبزادە بەناو فارسانە دەسەڵاتی شارەکەیان گرتۆتە دەست و لەو سەروبەندەدا ئەوانەی کە بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون لەبەرئەوەی پەیوەستبوون بە خاکەوە، کرابن بە کۆیلە، بەڵام ئاشکرایە شوانکارەکان و کۆچەرییەکان کە لە گەرمیان و کوێستاندا بوون لە نێوان بەرزایی و دۆڵ و شیوەکانی نێو چیاکان و پێدەشتی دامێنی چیاکاندا، هیچ یاساو رێسایەکی کۆیلایەتی نەیتوانیووە رکیفیان بکات و لە شوێنێکدا بیانبەستێتەوەو بیانکات بە کۆیلە. بۆیە هەرگیز رێی تێناچێت کە زۆرینەی خەڵکی رەسەنی کارکاداو هەموو باکوری میسۆپۆتامیا کە شوانکارەو کۆچەری بوون کەوتبنە بندەستی خێڵ و بنەماڵە نەجیبزادە هاتووەکان یان هێنراوەکان. هەربەوپێیەش ناشێت دانیشتوانی رەسەن، کە زۆرینە بوون لە نێو کەمینەیەکی هاتوو یان هێنراودا توابنەوە. بەڵکو لە رووی پرۆسێسی کۆمەڵایەتیبوونەوە، پێچەوانەی ئەمە راستەو هاتووەکان یان هێنراوەکان تا ئەو کاتە رۆڵیان هەبووە کە دەسەڵاتی بەهێز لە پشتیان بووبێت، لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتەکەی پشتیان رۆڵیان نەماوەو لەبەرئەوەی کەمینەش بوون زیاتر رێی تێدەچێت لە نێو خەڵکی رەسەنی ناوچەکەدا بەپێی رۆیشتنی کات توابنەوە، بە تایبەتیش کە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد گومانی تەواو لە رەسەنایەتی فارسیبوونی ئەو بنەماڵەو خێڵانە کراوە کە خۆیان بە فارس داناوە. هەربۆیە ناشێت کارکادا یان ئاراپخای سەردەمی هۆرییەکان یان حورییەکان و کەرکوکی ئێستا بەو شێوەیە بووبێتە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو خێڵ و بنەماڵانەی کە خۆیان بە فارس داناوەو ئەمەش بە بارێکی تردا مانای ئەوە بێت کە هیندۆئەوروپایی بووبن. هەرچەندە هێرۆدۆت بۆچوونی لەوجۆرەی هەبووە، بەڵام سەلماندنی بۆچوونێکی لەمجۆرە بێ بەڵگەی یەکلاییکەرەوە ئاسان نیە. بەپێچەوانەوە دەشێت ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو بنەمای ئەو لێکدانەوەیە رەتبکرێتەوە کە تەنانەت هێرۆدۆتیش لەو مێژووە دێرینەدا پێدەچێت هەمان بۆچوونی هەندێ لەوانەی هەبووبێت کە رەگەزی هیندۆئەوروپی و نەژادی ئاری بگەیەننە هەموو ئەو شوێن و سەرزەمینانەی کە ئامادەبوون و شارستانێتیان تێدا تۆمار کراوە، کە کارکادای یان ئاراپخا-ش یەکێک بووە لەو شوێنانە.

«ئاراپخـا کـە یەکێکـە لـە ناوچەکانـی میسـۆپۆتامیای سـەروو، توخمەکانـی هیندۆئەوروپایـی، لـە لایەنـی زمـان و کەلتـورەوە، زۆر زوو کاریـان تێکردبـوو. لـە ئاراپخـادا بـە تایبەتی خێڵـە شـوانکارو خێڵـە ئاژەڵداره هینـدۆ ئەوروپاییـەکان- هینـدی و ئێرانـی- گەلێـک پێش هێرشـی مـادو فارسـەکان لێره پەیـدا بـوون(٤٤). بێگومـان کاتێ لـەم بۆچوونـە وردبببینـەوە، ئەوەمـان بۆ دەردەکەوێت کە بەگشتی دانیشـتوانی گارمـا یـان بـە تایبـەت کارکادا وەکـو بەشـێکی فـراوان لـە باکـوری میسـۆپۆتامیا، بـە گشـتی لـە دوو بـەش پێکهاتـوو. بەشـێکیان ئـەو خێڵـە ئاژەڵداره هیندۆئەوروپاییانـە بـوون کە پێش هێرشـی مـادو فارسـەکان لـەم ناوچەیـەدا بوون، بەشـێ دووەمیش ئەوانـەن کە لەگـەڵ هێرشـی مـادو فارسدا هاتـوون. دیاره ئـەم لێکدانـەوەی ڤیلچێڤسکی لـە هەمـان تێڕوانی ڕۆژهەڵاتناسـی ئەوەروپاوە سـەرچاوە دەگرێت، ئەویـش لـەو ڕوانگەیـەوە کـە خاسـێتی هیندۆئەوروپایـی یـان ئاریـی بـە هەمـوو ئەوانـی تر ببەخشـن. بـە تایبەتـی بۆ ناوچەیەکی بەرفراوانـی وەکـو کارکادا کـە پێشـتر لەژێـر هەژموونـی سـۆمەرو ئاشـوورو ئەکـەددا بـووەو پێکهاتەکانـی وەکـو لۆلـۆو گۆتـی و هـۆری و ئەوانـی تریشـی تێـدا ژیـاون، ناشـێت بەمجـۆره هەمـوو ئـەم پێکهاتانـە سـڕابنەوەو هینۆئەوروپیە کۆچەرییـەکان جێگایـان گرتبنەوه. بێگومـان وەکـو پێسـتریش چەنـد جارێـک ئاماژەمـان بـۆ کـردووه، مەبەسـت لـە باسـکردنی دانیشـتوانی ڕەسـەنی کارکاداو هەمـوو باکوری میسـۆپۆتامیاو تەنانـەت هەمـوو زاکرۆسـیش لەگـەڵ ئـەو خێـڵ و بنەماڵـە کۆچەرییانـەی کـە هاتـوون لـە ئێرانـی هیندۆئەوروپی و تەنانـەت دەشـێ خێـڵ و بنەماڵـەی گـەورەی سامیەکانیش کـە هاوسـنووربوون لەگـەڵ باکـوری میسـۆپۆتامیادا، ئـەوە دەگەیەنێت کـە ئەمانـە یـان نـەوەو پاشـماوەکانی هەمـوو ئەمانـە بـە ڕێگای جۆراوجۆرو بـە ڕێژەی جیاواز بەشـدارییان کردبێـت لـە ئیتنۆگێنـزی کـوردی و پێکهێنانـی ئیتنۆسـی کوردیـدا. بـەڵام ئەوەی دەشـێ پێداگری لەسـەر بکرێت ڕۆڵـی زیاتری پێکهاتـە ڕەسـەنەکانی ناوچەکەیـە. سـەرباری ئـەوەی کـە دەزانیـن لـە سـەروبەندی پێکهاتنـی ئیتنۆسـی کوردیـدا، ئـەم ئیتنۆسـە زمانێکـی ئێرانـی بۆخـۆی پێکهێنـاوه یـان داڕشـتووه، کـە ئـەوەش جێـگای ئاخاوتـن و قسـەکردنی تایبـەت بـە خـودی ئیتنۆسـەکەو ئـەو هۆکارانەیـە کـە وایـان کـردووه لـە بری بوونـی زمانـە ناوچەییەکانی ئـەو پێکهاتـەو گروپانـەی بـوون بـە ڕەگـەزو توخمـی پرۆسێسـی پەیدابوونـی ئـەم ئیتنۆسـە، زمانێکـی تـر یـان زمانێکـی نوێ دابڕێژن یـان وەربگرن. هەرچەنده کاتێ لە ئێسـتادا

سەیری زارەکانی زمانی کوردی دەکەیت، دەشێ ئەو گومانەت لا دروست ببێت کە هەر زارەو لە زمانی یەکێک لەو پێکهاتە رەسەنانەی ناوچەکەوە هاتبێت کە بەشدارییان کردووە لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. واتە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی سەلمێنەری بەشداریکردنی پێکهاتەی جۆراوجۆرە لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. بێگومان نەگەیشتنی ئەم ئیتنۆسەش لە رووی پەرەسەندنی کۆمەلایەتییەوە، بە ئاستی بەرهەمهینانی دەولەت، تاکو ئێستا رێگربووە لەوەی زمانی یەکگرتووی کوردی وەکو یەک شێوە زاری زمانی نەتەوە پێکنەیەت.

دیارە لە دوای روخانی هەخامەنشیەکان لە لایەن ئەسکەندەری گەورەوە، دەولەتی سەلوقی تا هاتنە سەر کورسی دەسەلاتی ئەشکانیەکان فەرمانرەوا بوون. ئەشکانیەکان لە (٢٤٩ ی پێش زاین تا ٢٢٤ی زاین) دەسەلاتیان بەدەستەوە بوو، واتە نزیکەی ٤٧٣ سال بەردەوامبوون. دوای ئەوان دەسەلاتی ساسانی دامەزرا (٢٢٤-٦٥١) کە رووبەرێکی بەرفراوانی جوگرافیای لەژێر دەستدا بوو، لە٣ ناویدا ئەو رووبەرەی ئێستا نیستیمانی کوردە لە سایەی قەلەمرەوی ئەودا بوو. بێگومان سەرباری هەژموون و دەسەلاتی پێشتری هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکان، ئەم دەسەلاتە بەربلاوەی ساسانی رۆلی دیارو لەبەرچاوی هەبووە لە دروستکردنی ئینتیمای ئێرانی بوون یان هاو کەلتوری کە مەبەست لەوەش وابەستبوون بووە بە کەلتوری ئێرانیەوە، لای ئەو پێکهاتانەی کە لە سەردەمی ساسانیەکاندا لەو جوگرافیایەدا ژیاون کە دواتر بووەتە زێدی کورد. بەلام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، دەرکەوتنی ناوی کوردە لە سەردەمی ساسانیەکاندا. هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرە هەیە بە تایبەتی لای مێژوونووسان و بەشێک لە ناسیونالیستانی کورد کە ساسانیەکان بە کورد دادەنێن، بەلام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، دەرکەوتنی ناوی کوردە لە بەلگەنامەیەکی گرنگی ئەو قۆناغەدا کە ئەویش (کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان) ە. هەرچەندە کارنامەی ئەردەشێر بە نووسراوێکی مێژوویی دانانرێت و زیاتر نووسراوێکی شێوە حیکایەت یان داستانە سەبارەت بە رووداوەکانی سەرەتای دروستبوونی دەولەتی ساسانی، بەلام لە ناوەرۆکدا پەیامێکی گەورەی هەلگرتووە کە بریتە لە» بردنی ولات بۆ یەکخودایی یان یەک کوێخایی(٤٥)، کە ئەوەش سەرباری ئەوەی خواستێکی رەگورپشەداری دەسەلاتخوازیە، بەلام

ئەگەر چاوپۆشی لە قۆناغە مێژووییەکە بکەین، چونکە لە رووی زانستیەوە ناشیت باسی بابەتی نەتەوەیی و نیستیمانی بە چەمکی ئێستا بکەین، بەلاّم یەکخودایی و یەک کوێخایی، هەمان مانای ئەو یەکێتی و یەکبوونەی هەیە کە دەوڵەت فەراهەمی دەکات و زیاتریش بۆچوونێکی لەوجۆرە بارگاویبوون بە رەگەزەکانی ناسیونالیزم نیشان دەدات. با واز لەوە بهێنین کە ناسیونالیستانی کورد بنەماڵەی ساسانی وەکو کورد باس دەکەن، چونکە ئەوە نە لە رووی بەڵگەی مێژووییەوە دەسەلمێندرێت، نە هیچ سوودێکی بۆ ئێستای کورد هەیە. بەلاّم ئەوەی گرنگە ناوهێنانی کوردە لە کارنامەدا بۆ زیاتر لە جارێک. ئەوەشی جێگای سەرنجە لە رووی کۆمەڵناسی و ئیتنۆگرافیاوە بۆ ئەو سەردەمەی کە کارنامەی ئەردەشێری تیادا نووسراوە، ئیتنۆسی کوردی بە شێوەیەک پەیدا نەبووە کە بووبێتە ئیتنۆسێکی خاوەن شوناس. کەواتە ناوهێنانی کورد لە کارنامەدا چی دەگەیەنێت؟ بە تایبەتیش پێدەچێت کارنامە لە کاتێکدا نووسرابێت کە هێشتا دەوڵەتی ساسانی رەگوڕیشەی بەتەواوی دانەکوتابێت و سنووری دەسەلاّتی فراوان نەبووبێت و پەیامەکەی کە بریتی بوو لە یەکخودایی و یەک کوێخایی جێبەجی نەبووبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کارنامە بەرنامەی کار یان پێشبینی کردن بووە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی لەوجۆرە، کە دیارە نە لە سەردەمی ئەردەشێر خۆیی و نە لە سەردەمی شاپوری کوڕیشیدا ئەوە بەدەستنەهاتووە.

لە کارنامەدا هاتووە: بابەک مەڕسەوان بوو، شارەوانی پارس و نێردراوی دەستی ئەردەوان بوو، ئەردەوان بەخۆی لە ئەستەخیر دادەنیشت. بابەک چ رۆڵەی ناوداری نەبوو. ساسان شوانی بابەک بوو. ئەو لە نەژاد و ناوکی دارای پادشا بوو. ئەو هەردەم لەگەڵ رانە مەڕان بوو. لە سەردەمی بێداگەری پاشایەتی ئەسکەندەردا، خۆی شاردبووەوە و رۆژگاری لەگەڵ شوانانی کورد بەسەر دەبرد(٤٦). ئەردەشێری پاپەکان» لەشکرێکی دلاوەری لە زابل پێکەوەناو بەرەو شەڕی کوردان شای ماد چوو(٤٧). دوای ئەوەی کە ئەردەشێر لەم شەڕەدا سەرکەوتنی بەدەستنەهێناو لەشکرەکەی پەرش و بلاّوبووەوە، جارێکی تر لەشکری رێکخستەوە بۆ هێرشێکی تر.» ئەردەشێر چوار هەزار پیاوی ئامادەکردو شەبەیخونی کردە سەریان و لەو کوردانە هەزار پیاوی کوشت و

ئەوانەی تریشی بە هیلاکی و ماندوویی گرت. کەلوپەل و پێویستیەکی زۆریشی لە کوڕان و برایانی کوردانشا گرت و رەوانەی پارسی کرد(٤٨). هەروەها هاتووە» ئەردەشێر هاتە سەر ئەوەی بچێتە ئەرمەن بە ئاتەربادگاندا، چونکە یەزدان کوردی شارەزووری لەو ناوچەیەدا بە سوپایەکی گرانەوە هاتبووە پاڵ ئەردەشێر(٤٩). لە کارنامەی ئەردەشێردا چەند جارێک ناوی کورد وەکو ئەوەی ئیستا بەکاردەهێنرێت، هاتووەو ئەوەش تاکو ئیستا بە کۆنترین ناوهێنانی کورد دادەنرێت لە مێژوودا. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە بەکارهێنانی ناوی «کورد» بۆ یەکەمجار بەو شێوە ئاشکرایە، بەڵگەی دەرکەوتنی ناوی ئیتنۆسی کوردە. واتە چەندجار ناوهێنانی کورد لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا دەبێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لەو کاتەدا کە سەدەی سێیەمی زاینی بووە، ئیتنۆسی کوردی پەیدابووە، واتە ناوی کورد لە لایەن کارنامەی ئەردەشێرو پارسەکانەوە بۆ ئەو پێکهاتانە بەکارهاتووە کە لە سەرزەمینی میدیاو میدیای ئەترۆپاتین و باکوری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆڵیاو هەکاری نیشتەجێبوون، یان کۆچەری بوون، بەڵام لە هەموو دۆخێکدا ئەو بەکارهێنانەی ناوی کورد دەرکەوتنی ناوی ئیتنۆسەکەیە لە جوگرافیایەکی دیارو لە کاتێکی مێژوویی دیاریکراودا، بەڵام ئاشکرایە کە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی تاکو ئێستاش هەر بەردەوامەو هەتا بنیادنانی نەتەوەش هەر بەردەوام دەبێت، کە ئەوەش دەوڵەت دروستی دەکات.

# بەشی شەشەم

## کات و شوێنی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی.

پێشتر ئێمە لە بارەی ئیتنۆسەوە دواین و گوتمان ئیتنۆس وشەیەکی کۆنی یۆنانیە و بە مانای میلەت، گروپی خەڵک یان نەتەوە بەکاردێت، هەرچەندە لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا پێناسەیەکی تر بۆ نەتەوە دەکرێت و لەو پێناسە نوێیەشدا ئیتنۆس ناتوانێت هەڵگری مانای نەتەوە بێت. بۆیە لەم روانگەیەوە ئیتنۆس دەبێتە هاوواتای نەتەوە بە چەمکی کلاسیک، نەک بە چەمکی نوێ، چونکە نیشاندەرەکانی ئیتنۆس هەمان ئەو نیشاندەرانەن کە لە چەمکی کلاسیکدا بۆ ناسینەوەو دیاریکردنی نەتەوە بەکاردەهاتن کە بریتی بوون لە ناوی نەتەوە یان ناوی ئیتنۆس، شوێن- خاک-، مێژوو-کات-، زمان و کەلتووری هاوبەش.

کەواتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە کەی و لە کوێ ئیتنۆسی کوردی دەرکەوتووە؟ پێویستە ئێمە بە دوای ئەوەدا بگەڕێین کە لە کەیەوە پێکهاتەیەک لە ژێر ناوی کورددا دەرکەوتووەو خاکێکی دیاری کراوی هەبووەو ئەندامانی ئەو پێکهاتەیە بە زمانێکی هاوبەش دواون کە زمانی کوردی بێت و لە کەیەوە ناوی کورد بۆ گروپێکی ئیتنیکی یان کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە، کە ئەویش دوو ئاستی بەکارهینانی هەیە، یەکەمیان لە سەر ئاستی ناوخۆ، واتە لە کەیەوە کورد خۆیان بە کورد ناوبردووە؟ دووەم لە سەر ئاستی دەرەوە، واتە لە کەیەوە ئەوانی تر ناوی کوردیان وەکو ناوی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی یان کۆمەڵایەتی یان وەکو ناوی گروپێک بەکارهێناوەو ئەو پێکهاتەیەیان بەو ناوە ناسیووەتەوە؟ ئەو شوێنەی ئەم گروپە ئیتنیکی یان کۆمەڵایەتیەی تێدا پەیدابووەو بەو ناوەوە دەرکەوتووە کوێ بووەو لە رووی جوگرافیاوە

کوێـی گرتووەتـەوە؟ هەمـوو ئـەم پرسـیارانەو چەندیـن پرسـیاری تریـش کـە لەپـاڵ ئەمانـەدا سـەرهەڵدەدەن پێویسـتیان بـە هەڵکۆڵیـن و تاوتوێکردنـی وردی سـەرچاوەکانی مێـژووی میسـۆپۆتامیاو ئێـران و ئاناتۆلیـاو مێـژووی ئەرمەنـی هەیـە، ئەمـە بێجگـە لـە مێژووی یۆنـان و ڕۆمـان، چونکـە ئاشـکرایە نـەک کـورد خـۆی لـە دەرکەوتنیـەوە نووسـینی نەبـووە تـا ڕووداوەکانـی ژیانـی تۆمـار بـکات، بەڵکـو زۆرینـەی ئـەو پێکهاتـەو گروپانەشـی کـە لـە ناوچەکـەدا ژیـاون و بـە ئەگـەری زۆرەوە هەریەکەیـان بـە جۆرێـک و بـە ڕێژەیـەک بەشـدارییان لـە ئیتنۆگێنـزی کوردیـدا کـردووە خاوەنـی نووسـین نەبـوون، بۆیـە لـەم ڕووەوە دەبێ لـە مێـژووی ئەوانـی تـری دەوروبـەرو ناوچەکـەدا کـە خاوەنـی نووسـین بـوون و ڕابردوویـان نووسـیووەتەوە، بـە دوای مێـژووی کـورددا بگەڕێیـن.

لێرەدا پێش ئەوەی باسی کات و شوێنی دەرکەوتن یان پەیدابوونی ئیتنۆسی کـوردی بکەیـن، باشـتر وایـە سـەرنجێکی خێـرا لـە هەندێ لـەو بۆچوونانـە بدەیـن کـە مێـژووی دەرکەوتنـی کـورد نـەک هـەر وەکـو ئیتنـۆس بەڵکـو وەکـو نەتـەوەش زۆر دەبەنـە دواوەو هەندێجـار بـە جۆرێـک پێشـکەشـی دەکـەن کـە کـورد کۆنتریـن میلەتـی میسـۆپۆتامیاو ئێـران بێـت. بەهەرحـاڵ ئێمـە نامەنەوێـت دژی ئـەو بۆچوونانـە بووەسـتین، بـەڵام ئـەو پرسـیارە دەکەیـن ئایـا چـۆن کـورد کۆنتریـن میلەتـی ناوچەکـە بێـت، کـە ئاشـکرایە دەرکەوتنـی نـاوی کـورد لـە مێژوویەکـی زۆر درەنگتـردا بـووە لەچـاو ئـەو سـەرەتایانەی کـە کوردیـان بـۆ دەگێڕێتـەوە؟

سـەرەتا پێمباشـە لە بۆچوونی ئەو مێژوونووسـانەی کوردەوە دەسـتپێبکەم کە لەبـارەی مێـژووی کۆنـی کـوردو دەرکەوتنـی نـاوی کـورد یـان ئیتنۆسـی کوردەوە دواون. هەرچەنـدە بێجگـە لـە دکتـۆر جەمـال ئەحمـەد ڕەشـید ئەوانـی تـر باسـی ئیتنیـک یـان ئیتنـۆس یـان ئیتنۆگرافیـای کوردییـان نەکـردووە. هـەر لەبـەر ئـەوە بۆچوونەکانـی دکتـۆر جەمـال دەخەمـە کۆتاییـەوەو دەیکەمـە ئەڵقـەی پێکەوەبەسـتن لەگـەڵ بۆچوونـی ئـەو کوردناسـانەی کـە هەریەکەیـان بەجۆرێـک ئاخاوتنـی دەرکەوتنـی نـاوی کوردیـان کـردووەو هەریەکـەش بەجۆرێـک پشـتی بـە بەڵگـەی نـەژادی و زمانەوانـی بەسـتووە. ئێمـە لـەم نێوەنـدەدا دەمانەوێـت ڕووناکـی بخەینـە سـەر دوو خـاڵ. یەکەمیـان کاتـی دەرکەوتنـی ئیتنۆسـی کـوردی، کـە بێگومـان ئـەوە کارێکـی ئاسـان نیـەو پێـش وەختـەش دەزانیـن ئەسـتەمە مێژوویەکـی چەسـپاو یـان

بڕواپێکراوی تەواو بۆ دەرکەوتنی یان پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی دابنرێت وەکو رۆژو مانگ و ساڵ. هەروەک لە راستیدا ناشیت خەیاڵی ئەوە بکرێت کە ئیتنۆسی کوردی یان هەر ئیتنۆسیکی تر وەکو رووداوێکی خێراو لە کاتێکی کوردتدا دروست بوویبیت، بە تایبەتی کە ئاشکرایە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی ماوەی زۆری خایاندووەو تاکو ئێستاش بەردەوامە.

لەبارەی دەرکەوتنی ناوی کوردەوە یەکەم مێژوونووسی کورد شەرەفخانی بەتلیسی باسی سەردەمی ئاستیاک یان وەکو لە کوردەواریدا باوە زوحاک دەکات، کە چۆن لە گێڕانەوە شێوە ئەفسانەییەکەدا باسی ئەوە دەکرێت گوایە زوحاک بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئازارەی بەدەست مارەکانی سەرشانیەوە چەشتوویەتی رۆژانە مێشکی دوو لاوی داوە بە مارەکان. لەم رووەوە شەرەفخان پەیوەست بە دەرکەوتنی کورد دەڵێت: دزینەوەی رۆژانەی یەکێک لەو دوو لاوەی کە دەبوو سەربېڕرێن و مێشکیان بدرێت بە مارەکانی سەرشانی زوحاک... ئەم لاوانە روویان دەکردە چیا، لەو تاک تاک و کەمە کەمە کۆمەڵێکی زۆر لە هەموو رەنگ و جۆرو لە شێوەی زماندا لێک جیا لە چیا لێک کۆبوونەوە، ژن و ژنخوازی کەوتە نێوان و خزمایەتی هەمووی لە نەوەو نەتەوەو تۆرمەو زاروزیچی زۆریان لێ کەوتەوەو ناویان بوو بە کورد(١). خۆی لە خۆیدا ئەم بۆچوونە پشتی بە خەیاڵێکی ئەفسانەیی بەستووە کە درووستبوونی دوو مارە لەسەر هەردوو شانی ئاستیاکی دوا پاشای میدیەکان.

لە راستیدا ئەوەی ئاشکرایە ئاستیاک یەکێک لە باشترین پاشاکانی میدیا بووەو لایەنگری چینی خوارەوەی کۆمەڵگا بووە، لەبەرامبەر موغەکان و نەجیبزادەکاندا. لەبەر ئەو سیاسەتەی ئاستیاک، موغەکان و نەجیبزادەو خانەدانەکان دژی وەستاونەتەوەو بەسەرۆکایەتی ئارپاک چوونەتە پاڵ کۆرشی هەخامەنشی بە دژی دەسەڵاتی ئاستیاک و سەرئەنجام دەسەڵاتی ئاستیاک کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی میدیا بوو، روخاو کۆرشی هەخامەنشی لە شوێنەکەیدا دەوڵەتی هەخامەنشی دامەزراندووە. هەرچەندە زۆربەی مێژوونووسانی کورد ئەو رووداوە وەکو خاڵێکی ئەرێنی باس دەکەن و کۆرش بە کۆرشی گەورەو بە رزگارکەر ناودەبەن، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ئەگەر مادەکان پەیوەندییەکی کەمیشیان بە کوردی ئێستاوە هەبووبێت و بەشدارییەکی رێژەییان لە ئیتنۆگێنزی

کوردیدا کردبێت، هێشتا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە روخاندنی دەسەڵاتی ئاستیاک تەنانەت ئەگەر لە رووی مینۆکیشەوە بێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسێتی دواتر دروستبووی کوردی و ئیتنۆسی دواتر پەیدابووی کوردی هەبووەو تاکو ئێستاش کاریگەری ئەو رووداوەو باڵادەستبوونی هەژموون و عەقل و کەلتووری هەخامەنشی فارسی و ئیرانیزم لەسەر کەسێتی کوردو ئیتنۆسی کوردی کاریگەرییەکی خراپە.

لێکدانەوەی دروست بۆ بنیادنانی ئەفسانەی مارو زوحاک بۆ ئامادەکردنی زەمینەی نیشاندانی توندوتیژی و خوێنڕێژی زوحاکە لە پێناوی ئاسودەیی تایبەتی خۆیدا، کە زیاتر واپێدەچێت ئەم ئەفسانەیە درستکراوی دەستی نەیارانی میدیاو دۆستان و لایەنگرانی هەخامەنشی یان فارس بووبێت. دیارە ئەگەری زۆریش هەیە کە خانەدان و نەجیبزادەکان و موغەکانی میدیاو سەردەمی ئاستیاک و دواتریش رۆڵ و کاریگەرییان هەبووبێت لەسەر دروستکردنی ئەم ئەفسانەیە. ئەوەش بەمەبەستی رەوایەتیدان بەو ناپاکیەی بە سەرۆکایەتی ئارپاک بەرامبەر بە مادەکان و دەوڵەتی میدیا کردوویانە، بەتایبەتیش کە پاش ماوەیەکی کەم هەخامەنشیەکان خانەدانەکانی میدیاو زۆرینەی موغەکانیان فڕێداوەتە دەرەوەی دەسەڵات و لە بەرژەوەندییەکانیان داون و خستوونیانەتە پەراوێزەوە.

راستە یەکێک لە پایەکانی ناسیونالیزم، کە کرۆکی ناسیونالیزم پەیوەستە بە ئیتنۆسەوە، ئەفسانەیە، بەڵام ئەفسانەی ئەرێنی. مەبەست لە ئەفسانەی ئەرێنی دروستکردنی رووداو و قارەمانی خەیاڵیە بە مەبەستی دروستکردنی رابردوو بۆ ئەو ئیتنۆسە. ئەگەر ئەم رووداوی زوحاک و مارو سەربڕینی یان ملپەڕاندنی لاوەکان بکرایە بە بنەمایەک بۆ دروستبوونی ئیتنۆسی یان رەگەزی کوردی، ئەوا دەبوو لەم گێڕانەوەیەی شەرفخاندا، ئەو پیاوە ببوایەتە قارەمانی ئەم ئەفسانەیە کە هەر رۆژەو یەکێک لە لاوەکانی لە سەربڕین رزگار دەکرد. بەهەرحاڵ لە رووی راستیەوە ناتوانرێت ئەم بۆچوونەی شەرەفخان وەکو یەکەم مێژوونووسی کورد بۆ دروستبوون و دەرکەوتنی ئیتنۆسی کورد وەکو فاکتێکی جێگای باوەڕ سەیر بکرێت، بەڵکو زیاتر وەکو بەرهەمی خەیاڵ سەیر دەکریت، کە دەشێ خەیاڵی شەرەفخان خۆی بێت، یان خەیاڵی سەردەمی کۆن بووبێت و ئەم وەریکرتبێت. ئەم حیکایەتە دەشێ وەکو ئەفسانەو فۆلکلۆر

رووبەرێکی دیاری لە پانتایی کۆنەستی کۆمەڵگای پێشتر یان سەردەمی ئەودا داگیرکردبێت و شەرەفخان ئەو خەیالەی وەکو راستی وەرگرتبێت و نووسیبیتەوە.

هەر لەبارەی زوحاک و کوردەوە» لە ساڵی ١٨١٢دا، مۆری لە گەشتی دووەمدا، باسی زەماوەندێک دەکات کە هەموو ساڵێک لە ٣١ی ئابدا بە بۆنەی رزگاربوونی ئێران لە چنگی زوحاک- ئاستیاک- ی زۆردارو خوێنڕێژ ساز دەکرێ و خەڵکی شادومانی و خۆشحاڵی خۆیانی تێدا دەردەبڕن، کە لە دەستی دەسەڵاتی پاشایەکی ستەمکاری وەکو زوحاک رزگاریان بووە، ئەو زەماوەندە لە لایەن ئێرانیەکانەوە پێی دەگوترێت «جەژنی کوردی». بێگومان بە دڕندە نیشاندان و بە ستەمکار باسکردنی ئاستیاک نەک لای فارس و ئێرانیەکانی تر، بەڵکو لای کوردیش وەکو راستیەکی رەتنەکراوەی لێهاتووە، لە کاتێکدا ئەگەر بۆچوونی ناسیونالیستانی کورد بە راست وەربگیرێت، ئەوا ئاستیاک وەکو دوا پاشای میدیەکان کە ئەوان کورد بە نەوەی میدیەکان دەزانن، ئەوگێڕانەوەیە لێدانی گەورەیە لە رابردووی کوردو باپیرانی. بەڵام کاریگەری هەژموونی هاوکەلتووری فارس و کورد ئەو ئەفسانەیەی دژ بە دواپاشای میدیەکان، لای کورد کردۆتە راستی و جێگۆڕکێی بە کەسێتەکان و راستی رووداوەکان کردووە. ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە ئەفسانەش بێت یان بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت پەیوەندی بە رابردووی کوردەوە هەبێت، کە مەبەست میدیەکانە کە ئاستیاک-زوحاک- پاشای ئەوان بووە، ئەم پاشایە کراوەتە شەیتان و نەیارانی ئەو کە روخێنەری دەسەڵاتی میدییەکان بوون، کە مەبەست کۆرشی هەخامەنشیە کراوەتە فریشتەو رزگارکەر. ئەمەش لە عەقڵ و کەلتووری کوردیدا جێگیر بووە.

هەروەک شەرەفخان بۆچوونی تریش دەگێڕێتەوە سەبارەت بەوەی کە کورد چۆن دروستبووە. بۆ نموونە لە شوێنێکی تردا دەڵێت: دێو بە بنیادەم گەیشتووەو قەوارەی کوردیان دارشتووە(٢). بێگومان ئەمەش یەکێکە لەو بۆچوونە نازانستیانەی کە تەنیا یەک ئامانج لە پشتیانەوە بووە، ئەویش ناشیرین نیشاندانی ئەم پێکهاتە مرۆییەیە. دیارە چەندین بۆچوونی هاوشێوەی ئەمەش لە لایەن مێژوونووسانی ئیسلامەوە سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد خراوەتە روو، کە دواتر دێینە سەرباسی ئەو بۆچوونانەش.

لە بارەی دەرکەوتنی ناوی کوردەوە، کە دیارە ناو لێرەدا مەبەست ناوی تاکەکەس نیە بەڵکو مەبەست دەستەو گرۆپی کۆمەڵایەتیە، کە ئەوەش روناکیەک دەخاتە سەر سەرەتای پەیدابوونی ئیتنۆس. دووەم مێژوونووسی دیاری کورد کە لە چاو شەرفخان و هاوچەرخەکانی خۆی و دوای خۆیشیدا لێکۆڵینەوەکانی زیاتر بنەمای زانستی و میتۆدییان هەیە، محەمەد ئەمین زەکیە. ئەم مێژوونووسە دەڵێت: لە مەبدەئی تەئریخدا ئەقوامی زاکرۆس لە کوردستاندا بینراوەو ئەم ئەقوامە، لۆلۆ، گۆتی، کاسای، سوباری- هوری- بووەو لە مونتەهای جنوبی شەرقیشیانا قەومی ئیلام بووە، بە گوێرەی بەعزێ موناسەبەت و موشابەهەتی زمانەکەیانەوە بەعزێ موستەشریقین ئەڵێن لە عرقی قەفقاسن. ئەم ئەقوامە بێجگە لە ئیلامی ئەبێ ئەسڵی هەرە کۆنی کورد بن و لە تەواوی سۆمەری و ئەکەدی و لە مەبادیی دەوری ئاشوریدا فەعالیەتی سیاسیان بینراوە(٣). ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە ئەم مێژوونووسە باسی ئەوە ناکات کە کورد لە تەنیا سەرچاوەیەکەوە، یان لە تەنیا باپیرێکەوە هاتبێت، واتە ئەم لایەنگری یەک رەگوڕیشەیی کورد و خوێنی پاک و تاکە دەمارێک نیە بۆ کورد. بەڵکو باسی سەرجەمی ئەو پێکهاتانە دەکات کە لە مێژوویەکی زۆر کۆندا لەچاو دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیدا هاتوونەتە ناوچەکە، یان لە ناوچەکەدا کە مەبەستمان چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیایە بوونیان هەبووە.

ئەم مێژوونووسە پێیوایە ئەو پێکهاتانە باپیری کوردی ئەمرۆن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم پێکهاتانە یان پاشماوەکانی ئەم پێکهاتانە بوونەتە توخم و رەگەزی بەشدار لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیداو لە ئەنجامی ئەو پرۆسێسەدا، کە دیارە کاتی دوورو درێژی خایاندووە، ئیتنۆسی کوری پێکهاتووە یان پەیدا بووە. کەواتە ئەم بۆچوونەی محەمەد ئەمین زەکی سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە مەرجیش نیە تەنیا ئەو چەند پێکهاتەیەی کە ئەو لێرەدا ناوی هێناون باپیرەی کورد بن، بەڵکو ئەگەری هەیە کە زۆرینەی ئەو پێکهاتانەی کە لە زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاو تەنانەت سۆمەرو دوای ئەویش پێکهاتەکانی تری میسۆپۆتامیا بە تایبەتی ئەوانەیان کە گەیشتوونەتە باکوری میسۆپۆتامیا بە رێژی جیاواز با رێژەکە کەمیش بێت بەشدارییان لە

ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردبێت. لە راستیدا ئەم مێژوونووسە باسی پرۆسێسی پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی دەکات، نەک بوونی کورد وەکو پێکهاتەیەکی ناسراو و دیار هەر لە سەرەتای میژووەوە، یان نەک وەکو ئەوەی کە هەندێ لە مێژوونووسان و لێکۆڵەران راستەخۆ ئەو پێکهاتە دێرینانە بە کورد دادەنێن.

مەلا جەمیلی رۆژبەیانی سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد دەڵێت: نەتەوەی خالدی- هاڵدی- کالدی- ئورارتو، هەرچەندە کەوتوونەتە لای باکوری خۆرئاوای زاکرۆس و دەوروبەری چیای ئارارات، بەلام لە ئاری نەژادی بوونیان گومان نیە. کوردەکان و ئەرمەنیەکان بە ریشەی بنەچەکی خۆیانی دائەنێن(٤). بێگومان ئەم بۆچوونەی رۆژبەیانی گواستنەوەی هەمان بۆچوونی پ. لێرخە کە دەڵێت: کوردەکان نەوەی ئەو خاڵدیە ئێرانی و چیاییە بەهێزو جەنگاوەرە ئازایانەن کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایندا بۆ دەشتاییەکانی دیجلەو فورات دابەزین(٥). دیارە بە بۆچوونی پ. لێرخ، خاڵدیەکان سەربە رەگەزی ئاری-ن، بەهەمان شێوە رۆژبەیانی ئەوەندەی مەبەستیەتی بڵێت کورد لە رەگەزی ئاریە، ئەوەندە بەدوای چۆنیتی پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردیدا ناچێت و ناگەڕێت. لە کاتێکدا ئەو شارەزاییەکی باشی مێژووی کۆنە، بەلام هەوڵنادات لە سەرچاوەیەکی فراوانترو لە رووبەرێکی فراوانتردا بە دوای چۆنێتی دەرکەوتنی کورددا بگەڕێت کە مەبەست گەڕانە لە پانتایی جوگرافیای زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیادا، بەڵکو ئەو لە بری پێکهاتە جۆراوجۆرەکان، تەنیا باسی خاڵدیەکان و لە بری هەموو ئەو جوگرافیایەی کە ئێستا نیشتیمانی کوردانە تەنیا باسی باکوری خۆرئاوای زاکرۆس و ئارارات دەکات. هەروەک ئەم پەیوەندی کورد بە خاڵدیەکانەوە وەکو پەیوەندی باوک و کوڕ باس دەکات، واتە وەکو لە دایکبوونی یان کەوتنەوەی کورد لە خاڵدیەکانەوە لەو بابەتە دەدوێت، لە کاتێکدا ئاشکرایە کە کورد لە پرۆسێسی دوورودرێژو بەردەوامی یەکگرتن و هەڵوەشاندنەوەو جێگرتنەوەدا لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا پیکهاتووە.

یەکێکی تر لەو مێژوونووسانەی کورد کە باسی رەگوڕیشەی کوردی کردووە، ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشایە. ئەم ئەفسەرە سەرکردایەتی راپەڕینی ئاراراتی کردووەو پاشان لە تاران جێگیر بووە. ئەو لەبارەی رەچەڵەک یان

دەرکەوتنی کوردەوە دەڵێت: میلەتی کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەبووەو بە ناوی جۆراوجۆرەوە بەشداری حەشرونەشری مرۆڤایەتی کردووە. جڵەوی فەرمانڕەوایی بەشێک لە ئاسیای ناوەندی و رۆژئاوای بەدەست بووە(٦). لەراستیدا ئەگەر سەرنجی ئەم بۆچوونەی ئیحسان نوری پاشا بدەین لەبارەی رەگوڕیشەی کوردەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت بۆچوونێکی گشتیەو هیچ بنەمایەکی زانستی نیە. کاتێ ئەو دەڵێت کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەبووە. رووبەڕووی دوو پرسیار دەبینەوە. یەکەمیان ئەوەیە مەبەست لە بەرەبەیانی مێژوو چیەو ئەو میژووە لە کەیەوە دەستپێدەکات و تا کەی دەگرێتەوە؟ دووەم کاتێ دەڵێ کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەبووە، واتە مەبەستی ئەوەیە لەو کاتەی مێژوو هەیە کوردیش هەبووە، کەواتە کەی کورد دەرکەوتووە، یان کەی ئیتنۆسی کوردی پێکهاتووەو لە چی پیکهاتووەو رەگەزو توخمەکانی پێکهێنەری چین و کامانەن؟ بێگومان هیچ کام لەم پرسیارانە لای ئەم مێژوونووسە وەڵام نادرێنەوە. هەر بۆیە بۆچوونەکەی ئیحسان نوری پاشا هیچ زانیارییەک سەبارەت بە رابردووی نادیاری دەرکەوتنی کورد، یان پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی پێشکەش ناکات.

یەکێک لەو زانا کوردە دیارانەی کە هاوشێوەی مێژوونووسانی دێرین و رۆژهەڵاتناسان باسی دەرکەوتنی کورد یان پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی دەکات تۆفیق وەهبی بەگە. بە تایبەتی ئەم توێژەوە دیارەی کورد لەو وەڵامەی کە بۆ رۆژهەڵاتناسی بەریتانی بە رەچەڵەک ئێرانی د. ن. ماکینزی نووسیوویەتی سەبارەت بە ئەسڵی زمانی کوردی یان سەبارەت بە رەتکردنەوەی بۆچوونی ماکینزی دەربارەی بەستنەوەی زمانی کوردی بە زمانی فارسیەوە، رووناکیش دەخاتە سەر رەگوڕیشەی کوردو تەنانەت چۆنێتی دەرکەوتن یان پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی. لەم رووەوە دەڵێت: کوردەکان نەوەی مادەکانن(٧). هەروەها بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی خۆی ئەم قسەیەی مینۆڕسکی دەهێنێتەوە کە دەڵێت: پێویستە یەکێتی کوردان لەسەر ئەو بنەمایە لێکبدرێتەوە کە ئەوان ماد-ن- یان لە مادەکانن-(٨). لێرەدا دەردەکەوێت کە تۆفیق وەهبی بەگ، سەبارەت بە رەگوڕیشەی کوردو پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی لایەنگری تێزی مینۆڕسکیە. هەروەک خاڵێکی گرنگیش هەم لە لێکدانەوەکانی مینۆڕسکیدا و بەو

پێیە لە تێڕوانینی وەهبیشدا سەبارەت بە کاتی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی دەردەکەوێت. دیارە دیاریکردنیکی لەوجۆرە نا کە پێمان بڵێت لە فلانە ساڵدا پرۆسێسێکی وەها گەیشتووەتە ئەنجام، بەڵکو لەو رووەو ئەگەر گریمانەی گەڕانەوەی کوردی ئێستا بۆ مادەکان بە ڕاست دابنرێت، ئەوا ئاشکرایە دەوڵەتی میدیا لە ناوەڕاستی سەدەی شەشی پێش زایندا روخاوەو دوای ئەوەش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەرەتایی هەخامەنشیەکاندا هێشتا مادەکان کە مەبەست مادی گەورەیە وەکو خەڵک و میلەت لە دەرەوەی دەسەڵات ماون و لە لایەکی تریشەوە میدیای بچووک یان میدیای ئەترۆپاتین بۆ ماوەی دوورودرێژو هەتا سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی هەر مابوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەپێی تێزی مینۆڕسکی و تێڕوانینی تۆفیق وەهبی لە هەموو بارێکدا دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی لە دوای روخاندنی دەوڵەتی میدیاوە دەستی پێکردووە. هەروەک بەوپێیەش دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی لەو جوگرافیایەدا بووە کە پێشتر جێگای قەڵەمڕەوی میدیا بووە. بێگومان وەڵامەکەی تۆفیق وەهبی بەگ بۆ ماکینزی تەنیا سەبارەت بە پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانی فارسیەوە نەبوو، بەڵکو وەڵامیش بوو بۆ دژوەستانی تێزی گەڕانەوەی کورد بۆ مادەکان، چونکە ئاشکرایە کە ماکینزی دژی ئەو تێزە بوو، کاتێ گووتی: دەرکەوت کە بەڵگەی مێژوویی بۆ گەیشتنی ماد بە کوردەکان وەکو» تێکەڵاوێکە لە راستی کەم و خەیاڵی زۆر»(٩). واتە ماکینزی تێزی مینۆرسکی بۆ دانانی کوردەکان بە نەوەی مادەکانی رەت کردۆتەوەو بە جۆرێک لە خەیاڵ پڵاوی داوەتە قەڵەم. بەڵام وەڵامەکەی تۆفیق وەهبی لە رووی راستیەوە لەچاو بۆچوونەکانی ماکینزیدا بەڵگەدارو سەلمێنەرەو ئەو پێیوایە کە سەرباری روخانی دەوڵەتی ماد وەکو دەسەڵات، بەڵام هێشتا ماد وەکو میلەت یان پێکهاتە ماوەو ئەمەش بە بۆچوونی ئەو زەمینە خۆشکەرە بۆ ئەوەی بڵێت کە لە قۆناغەکانی دواتردا لەم پێکهاتەیە ئیتنۆسێک پەیدا بووە کە ئیتنۆسی کوردە. لەم رووەوە دەڵێت: ئەگەرچی ناوی ماد (وەکو دەسەڵات) نەمابێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە هێشتا مادەکان ماون و دانیشتوانی مەدەنی کوردەکان بە رای من نەوەی مادن(١٠). هەروەها دەڵێت: من دەبینم کە ناوی ماد پێچراوەتەوەو ناوی کورد شوێنی گرتۆتەوە(١١).

کەواتە ئێستا دەبینین کە بۆچوونی تۆفیق وەهبی بەگ سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد بۆچوونێکی کورد بۆچوونێکی روون و ئاشکرایەو راستەوخۆ ئەو کورد بە نەوەی مادەکان دادەنێت. هەر لەم رووەوە ئەم لێکۆڵەرە راوبۆچوونی هەندێ لەو کەسانەی تر رەت دەکاتەوە کە سۆمەرییەکان، یان گۆتی، یان کاردۆخی یان ساسانی بە کورد دادەنێن. بەڵکو ئەم راستەوخۆ کورد بە نەوەی مادەکان دادەنێت، هەرچەندە وەکو ئاماژەمان بۆ کرد تێزی مینۆڕسکی هەمان بۆچوون سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد دەخاتە روو، بەڵام دەشێ هەم تێزی مینۆرسکی و هەم بۆچوونەکەی وەهبی بەگیش مایەی لەسەر وەستان بێت، لەو رووەوە کە ئەگەری نزیک ئەوەیە کە رەگوڕیشەی کورد بۆ زیاتر لە سەرچاوەیەک بگەڕێتەوەو زیاتر لە پێکهاتەو گروپێک بەشداری پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی کردبێت. واتە ناشێت کوردی ئێستا بە تەنیا نەوەی مادەکان، یان نەوەی خالدیەکان یان گۆتی و کاردۆخیەکان بێت بە تەنیا، بەڵکو ئەوەی زیاتر لە راستی نزیک دەبێتەوە، ئەوەیە کە سەرجەم پێکهاتەکانی پێشتری زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردبێت.

یەکێکی تر لەو مێژوونووسانەی کورد کە باسی رەگوڕیشەی کوردی کردووە، حوسێن حوزنی موکریانیە. ئەو دەڵێت: رەگی میلەتی کورد لە شوعبەیەکی زۆر گەورەی ئەقوامی ئێرانین و میلەتی ئێران ئارییین(١٢). بۆچوونی ئەم مێژوونووسە سەبارەت بە رەچەلەکی کورد شتێکی نوێ، یان زانستی ئەوتۆمان پێشکەش ناکات و لەگەڵ زۆربەی بەڵگەکاندا یەکناگرێتەوە. راستەوخۆ بە ئێرانی دانانی کوردو ناڕاستەوخۆش بە ئاری دانانی کورد لەبەرئەوەی گوایە هەموو گەلانی ئێرانی ئاری نەژادن بۆچوونێکە پێویستی بە تێڕامانە. واتە خستنە ڕووی بۆچوونێکی لەمجۆرە بە پێی زۆرترین بەڵگە مێژوویی و نەژادناسی و ئەنترۆپۆلۆجیەکان جێگای لەسەر راوەستانەو سەلماندنی کارێکی ئاسان نیە، بە تایبەتی کە ئەوە روون بووەتەوە کورد بەرهەمی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی پێکهاتە رەسەنەکانی باکوری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆس و هەندێ لەو خێڵە کۆچەرییە هیندۆئەوروپیانەشە کە بەرەو ناوچەکە کۆچیان کردووە، بەڵام بەپێی هەموو بۆچوونەکان رێژەی بەشداری توخم و رەگەزی

هیندۆئەوروپایی- ئاریی- لەو پرۆسێسەدا ڕێژەیەکی کەمە لەچاو دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەدا. ئەوەی دەشێ پەیوەست بە کورد ببەسترێتەوە بە ئێرانیە هیندۆئەوروپاییەکانەوە، دەشێ بابەتی زمانی کوردی بێت کە بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە پێکهاتە ڕەسەنەکانی ناوچەکە دەستبەرداری زمانی ڕەسەنی خۆیان بووبن و زمانێکی سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانیان بۆ خۆیان داڕشتبێت. ئەگەر ئەم بۆچوونەش بە تەواوەتی بسەلمێنرێت، ئەوا هێشتا دەبێ بگوترێت زمانی کوردی سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە، نەک کورد لە ڕەچەڵەکی ئێرانی بێت. یەکێک لە گرفتی ئەم بۆچوونەی حسێن حوزنی موکریانی و زۆربەی مێژوونووسانی تری کورد و هەندێ لە مێژوونووسانی ئیسلامی و ئەوروپیەکانیش ئەوەیە کە وەها باسی کورد دەکەن کە نەوەی یەک پێکهاتە بێت، واتە لە خوێنی پاک بێت، کە ئەمەش وەکو پێشتریش چەند جارێک ئاماژەمان بۆ کردووە، بۆچوونێکە سەلماندنی ئاسان نیە. خۆئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕێگای پشکنینی بۆماوەییەوە، پشکنینی سەرتاسەری بۆ هەموو کورد بکرێت ئەوسا دەردەکەوێت لە چەندین ڕەگەز پێکهاتەو چەندین دەستەو گروپ بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە. ئەوکاتە ئەم بۆچوونە گشتگرانە لە بنچینەوە هەڵدەوەشێنەوە.

عەلادین سەجادی بۆچوونێکی ڕوونترو زانستیانە تری هەیە سەبارەت بە ناو و ڕەچەڵەک و دەرکەوتنی کورد. ئەو دەڵێت: کوردەکان دەچنەوە سەر ماد و بەرەی زاکرۆس لە (لۆلۆ و گۆتی و کاسی و مانای و کاردۆخ و خاڵدی و کاردوها و ماد)(١٣). ئەگەر سەرنجی ئەم بۆچوونەی سەجادی بدەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، ئەم مێژوونووسە بە وردی ئاگاداری بۆچوونی ئەو سەرچاوانە بووە کە باسی ڕەگوڕیشەو ڕەچەڵەکی کوردیان کردووە، چ سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان، چ سەرچاوە ڕوسیەکان و چ سەرچاوە ئیسلامی و ئەرمەنیەکان. ئەویش بەوەدا دەردەکەوێت کە لەم وتە کورتەیدا کە ئێمە لێرەدا هێناومانەتەوە، سەرجەم بۆچوونەکانی پێکەوە کۆکردووەتەوە. دەرئەنجامی ئەم بۆچوونەی سەجادی ئەوەیە کە کورد یان پەیدابوونی ئیتنۆسی کورد، زیاتر لە توخم و ڕەگەزێک یان زیاتر لە سەرچاوەیەکی هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیتنۆسی کوردی لە ئەنجامی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی درێژخایەندا دروستبووە،

کە سەرجەم پێکهاتە دێرینەکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاو تەنانەت ئەو خێڵە کۆچەریە هیندۆئەوروپاییانەش بەشدارییان لەم پرۆسێسەدا کردووە کە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوای ئاسیا، یان ئاسیای بچووک کۆچیان کردووە. بەڵام پێداگری سەجادی لە سەر مادو بەرەی زاکرۆس روانینێکی وردترە، چونکە بەرەی زاکرۆس سەرجەم ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە کە لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش زاینەوە لە زنجیرە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیادا ژیاون. ئەمانەش هەم چەند پێکهاتەیەکی جۆراوجۆر بوون و هەم لە ژمارەشدا لە چاو خێڵە کۆچەرییە ئارییەکاندا زۆرتربوون. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە سەجادی لایەنگری ئەوەیە کە پەیدابوونی ئیتنۆسی کورد زیاتر پشتی بە دانیشتوانی رەسەنی ئەو جوگرافیایە بەستووە کە ئێستا زێدو نیشتیمانی کوردی ئەمڕۆیە.

شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی لەبارەی نەژادو رەچەڵەکی کوردەوە دەڵێت: مادایان بریتین لەو ئارییانەی بۆ مادا کوڕی یافس کوڕی نوح دەگەڕێنەوە، هۆزەکانی کوردو ئەلوارو گیلان و دەیلەمیەکان و خەزەران لەم هۆزەن. وشەی مادا لەم دواییانەداو لە سەدەی نۆی پێش زایندا دەرکەوتووەو وشەی کورد پێش ئەم وشەیە بەکاربراوە(١٤). هەروەها دەڵێت: کوردان خەڵکانێکن ئاری نەژاد، لە رەگەزی هیندۆئەوروپایی، کە لەسەردەمێکی نائاسایی یانی چەند هەزار ساڵ پێش زاین هاتوونەتە ناوچەکانی ئێستا، کە لە باشوری ئەرمەنستان جێگیرەو بە کوردستان ناسراوە(١٥). دیسان دەڵێت: کوردەکان لە باشور یان باکوری دەریای باڵتیک بەرەو قەوقاس و ئەرمەنستان هاتوون و بەرەو رۆژهەڵات تا کەنارەکانی دەریای عەمان و بەرەو رۆژئاوا تا کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بڵاوبوونەتەوە(١٦). مێژووی کوردان بەپێی شوێنەوارە مێژووییەکان زۆر کۆنترە لە مێژووی کلدو ئاشورو پێشدادیەکان، چونکە ئەو بەڵگەو ئاسەوارانە نیشانی دەدەن چەندین هۆز لە هۆزە رەسەنەکانی کورد کە بریتین لە لۆلۆ، گۆتی، کاسی، هووری، لەگەڵ هۆزەکانی شومیر-سۆمەر-و ئەکەدو عیلام... هاوسەدە بوون(١٧).

ئەم مێژوونووسە پێیوایە ناوی کورد وەکو ناو، یان وەکو وشە کە بێگومان دەبێ گوزارشت لە بوونی گروپ یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کردبێت، لە

پێش سەدەی نۆی پێش زاییندا هەبووە، واتە پێش دەرکەوتنی ناوی ماد یان مادەکان بەکارهێنراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەبەستی ئەوەیە کورد لە پێش دەرکەوتنی مادەوە هەبووە. ئەگەر مەبەست لەم قسەیە بوونی کورد و دەرکەوتنی وشەی کوردە بەهەمان نووسین و بە هەمان مانای ئێستای کورد، ئەوا ئەم قسەیە جێگای گومانەو تەنانەت نووسەر خۆی هیچ بەڵگەیەکی بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە نەهێناوەتەوە، بەڵام ئەگەر مەبەست وشەی نزیک لە کورد بێت وەکو کورت، کورتی، کاردا، کاردۆ، کودۆئەن، کوردۆیەن.. ئەوە راستە ئەم وشانە پێشتر یان لە سەروەختی میدیادا یان دواتر هەبوون و بۆ ئەو پێکهاتانەش بەکارهاتوون کە لە هەمان ئەو جوگرافیایەدا ژیاون کە ئێستا کوردستانەو بەشداریشیان کردووە لە ئیتنۆگێنزی کوردی و پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردیدا، بەڵام ناتوانرێت راستەوخۆ ئەو ناوانە وەکو کورد دابنرێن.

هەروەک ئەم مێژوونووسە، کوردەکان بە نەوەی یافسی کوڕی نوح دادەنێت. بێگومان ئاشکرایە لە بارەی ئەفسانەی نوح و تۆفانی نوح و نیشتنەوەی کەشتی نوح لەسەر چیای جودی یان ئارارات، زۆری لەبارەوە گوتراوەو هەر نەژادو چەند دەستەو گروپێک براونەتەوە سەر یەکێک لە کوڕەکانی نوح و لەم چوارچێوەیەشدا کورد کراون بە نەوەی یافس. لە راستیدا ئەفسانە تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵدا گفتوگۆدەکرێت و ناشێت وەکو راستی، یان فاکت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەربۆیە بەستنەوەی کورد بە یافسی کوڕی نوح و ئەفسانەی لافاو و کەشتی و لە هەرجۆرێک جووتەیەک نێرو مێ، تەنیا لە فەزای خەیاڵدا جێگای دەبێتەوەو هەر لە چوارچێوەی ئەو خەیاڵە ئەفسانەییەدا، هەموو مرۆڤایەتی دەگەڕێنەوە بۆ رزگاربووانی نێو کەشتیەکە، واتە بۆ کوڕانی رزگاربووی نوح و ئەوبڕوادارانەی لەگەڵ ئەواندا رزگارییان بووە. لەم روانگەیەوە رووبەرێک بۆ بەڕاست دانانی بۆچوونەکەی مەردۆخ لە چوارچێوەی ئەفسانەکەدا هەیە، واتە کوردیش وەکو پێکهاتەیەکی مرۆڤایەتی دەبێ بگەڕێتەوە بۆ نەوەکانی کوڕانی نوح، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەفسانەییە لە بواری لێکدانەوەو هەڵکۆڵیندا بە ئاسانی جێگای بۆ ناکرێتەوە.

هەروەها مەردۆخ بە پێداگرییەوە باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان مێژوویەکی دێرینیان هەیە و بوونیان دەکەوێتە پێش مێژووی کلدو ئاشوورو

پێشدادیەکانەوە، کە مەبەستی لەم قسەیەش ئەوەیە کە ئەو لۆلۆو گۆتی و کاسی و هووری بە کورد دادەنێت، یان ئەوانە بریتین لە هۆزە دێرینەکانی کورد کە ئەمانەش بە ئاری نەژاد دادەنێت و پێیوایە لە مێژوویەکی زۆر کۆندا هاتوونەتە ناوچەکە، کە مەبەستی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیایە. بێگومان رەنگە ئەم بۆچوونە لە دەربڕینەکەی مەردۆخدا جۆرێک لە تەمومژی تێدابێت ئەویش لەو روانگەیەوە کە ئەو پێکهاتە دێرینانە واتە لۆلۆو گۆتی و کاسی و هووری بە هۆزە رەسەنەکانی کورد دادەنێت، کە لە راستیدا ناوبردنی ئەو پێکهاتانە بە کورد لە رووی زانستیەوە ناتوانرێت بسەلمێنرێت. بەڵکو بە هەڵگێڕانەوەی ئەم هاوکێشەیە دەشێت سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد گریمانەیەک بنیاد بنرێت کە زیاتر لە راستی نزیکمان بخاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم پێکهاتانەو پێکهاتەکانی تری زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاو خاڵدیەکان و ئەو خێڵە کۆچەریە ئێرانیە هیندۆئەوروپاییە ئاری نەژادانەی کە لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا گەیشتوونەتە ناوچەکە، هەموویان بوونەتە توخم و رەگەزی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و بەشدارییان کردووە لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیداو لە پێش دەستپێکردنی ئەو پرۆسێسەدا کە پرۆسێسێکی درێژخایەن و بەردەوامبووەو تاکوئیستاش بەردەوامی هەیە، ئیتنۆسی کوردی بوونی نەبووە. مەردۆخ باسی رەگەزو توخمەکانی ئەو پرۆسێسە دەکات بەڵام وەکو توخم و رەگەزی پرۆسێسی پێکهێنانی ئیتنۆسی کورد نا، بەڵکو وەکو خودی ئیتنۆسەکە باسیان دەکات، واتە ئەو راستەوخۆ پێش دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی ئەو پێکهاتانە بە کورد ناو دەبات. دیارە ئەمەش لەگەڵ دەرکەوتنی کورددا وەکو ئیتنۆسێکی خاوەن شوناس یەکناگرێتەوە، چونکە هیچ بەڵگەیەک نیە بۆ سەلماندنی بوونی ئیتنۆسی کوردی لە پێش زایندا.

مەردۆخ باسی پێنج قۆناغ بۆ مێژووی کورد دەکات، کە قۆناغی یەکەم بە قۆناغی پێش مێژوو دادەنێت، کە ئەو قۆناغەش هەتا ٣٦٠٠ساڵ پێش زایین دەکشێت، کە گوایە لەو کاتەدا بە بۆچوونی مەردۆخ دەسەڵاتی نارامسین لە سەردەستی هۆزەکانی گۆتی یان کوردە ئاراراتیەکان لە ناوچووە. زنجیرەی پاشاکانی گۆتی لە دەستپێکەوە تا کۆتایی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە بەردەوام دەبێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەم مێژوونووسە باسی بوونی کوردە

ئاراراتیەکان لە مێژوویەکی زۆر کۆنتردا دەکات بەراورد بەو مێژووەی کە ئەگەری زیاتر هەیە ئیتنۆسی کوردی تیادا دەرکەوتبێت. هەروەک قۆناغی دووەم لە سەدەی سی و شەشی پێش زاین تا دەرکەوتنی مادەکان و دروستبوونی دەوڵەتی میدیا دەگرێتەوەو لەم قۆناغەدا باسی لۆلۆو گۆتی و کاسی و هووری و میتانی و سوباری دەکات. هەرچەندە ئەم وەکو هۆزو هاو هۆزی یەکتری باسی ئەم پێکهاتانە دەکات، بەڵام بە کورد ناویان دەبات، بۆ نموونە دەڵێت: لە دەوروبەری ساڵی ١٧٦٠ی پێش زایندا، کوردەکانی کاسی لەگەڵ عەشیرەتە هاونەژادەکەی خۆیان گۆتی و لۆلۆ، بە فەرماندەی خاندێژن سەرۆکی کاسیەکان، هێرشیان کردۆتە سەر وڵاتی کەلدەو دەستیان بەسەردا گرتووەو حکومەتێکی بەهێزیان لە لاگاس دامەزراندووە کە بە حکومەتی کاردۆنیا بەناوبانگە، یانی دەوڵەتی کوردان کە بۆ ماوەی شەش سەدە بەردەوام بووە(١٨).

قۆناغی سێیەم، قۆناغی دەسەڵاتی دەوڵەتی میدیایە، کە لە دەرکەوتنی مادەکانەوە وەکو پێکهاتەیەکی بەهێزو دامەزراندنی دەوڵەتی میدەوە دەست پێدەکات هەتا روخاندنی ئەم دەوڵەتە لە لایەن کۆرشی هەخامەنشیەوە لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا. کاتێ قۆناغی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی میدیا بە قۆناغێکی مێژووی کورد دادەنێت، مانای ئەوەیە کە ئەم بێ هیچ دوودڵیەک مادەکان بە کوردو دەوڵەتی میدیا بە دەوڵەتێکی کوردی هەژمار دەکات. دیارە ئەم دەوڵەتە لەسەر دەستی هەخامەنشیەکان دەڕوخێت، ئەم مێژوونووسەش هەمان شێوەی زۆرێک لە مێژوونووسانی تر سەرسامە بە کەسێتی کۆرش. ئەم سەرسامیەش وای لێ دەکات، دوا پاشای مادەکان کە ئاستیاکە وەکو نموونەیەکی ناشیرین و دەسەڵاتەکەشی بە توندو تیژو ستەمکار ناوببات، بۆ ئەوەی رەوایەتی بدات بە کۆرش و بە مۆغەکان و بە خانەدانەکانی میدیا و بە ئارپاکی سەرکردەی دژەکانی ئاستیاک بۆ هاوکاریکردنی کۆرش و روخاندنی دەوڵەتی میدیا. ئەم بۆچوونە هەرچەندە بە پێی زۆرێک لە سەرچاوە رۆژئاوایی و رووسیەکان دوورە لە راستیەوە، بەڵام مێژوونووسی کورد، لەژێر کاریگەری چەمکی دروستکراوی هاونەژادی کوردو فارس و هاوکەلتووری کوردو فارسدا، ئەم وابەستبوونەیان بۆ ئێرانیبوون و پەیوەستبوون بە ئێرانەوە بۆ دروستبووە، کە تەنانەت مێژوونووسێکی وەکو مەردۆخیش وەکو زۆرێک لە مێژوونووسانی

تـری کـورد لـەو کاریگەریـە دەربازنەبـووە. نـەک هەرئـەوە بەڵکـو زۆرینـەی مێژوونووسـانی کـورد هاوشـێوەی فارسـەکان، کۆرش بـە رزگارکـەرو دەوڵەتـی هەخامەنشـی بـە دەوڵەتـی پـارس و مـاد دادەنێـن، لـە کاتێکـدا دوای روخانـی دەوڵەتـی مـاد لـە ماوەیەکـی کورتـدا، ئـەو مادانـەی هـاوکاری کۆرشـیان کردبـوو بـۆ روخاندنـی میدیـا، بێدەسـت کـران و فڕێدرانـە دەرەوەی بازنـەی دەسـەڵاتی هەخامەنشـیەکانەوە. ملکەچـی مـادەکان بـۆ هەخامەنشـیەکان بابەتێکـە جێـگای لەسـەر وەسـتانە، ئەگـەر مـادو پارسـەکان دوو پێکهاتـەی جیـاوازن و پێشـتر مـادەکان خاوەنی دەسـەڵاتی خۆیـان بـوون و پارسـەکان هێندە دیارنەبوون و لـە سـەردەمی مـاددا تەنیا دەسـەڵاتی لاوازی ناوچەییـان هەبـووە ئەویـش لـە سـایەی دەوڵەتـی میدیـادا. کەواتـە دەبـێ چـۆن مـادەکان بـەوە رازی بووبـن بجنـە ژێـر سـایەی فەرمانڕەوایـی ئەوانـەوەو دەوڵەتـی پـارس- هەخامەنشـی- بـە دەوڵەتـی هـەردوو لایـان بزانـن؟

بێگومـان ئەمـە بۆچوونێکـە هـەر ئـەوە نیشـان دەدات کـە بـە زۆری هێـز مادەکان خراونەتـە ژێـر سـایەی دەوڵەتـی هەخامەنشـیەوەو ئـەوەی بـەو کارە رازیبـوون، موغـەکان و خانەدانەکانی مـاد بـوون نـەک میلەتـی مـاد. لـە راستیشـدا دەبێ لەسـەر ئـەم رووداوە هەڵوەسـتە بکرێـت، چونکـە لـە هەمـوو دەوڵەتێکـدا دوو پێکهاتـە دەوری کاریگـەر دەبینـن و هـەر دەوڵەتێـک ئـەم دوو پێکهاتـەی کۆمەڵگاکـەی خـۆی دژی بـن ئەسـتەمە بـە پێـوە بووەسـتێت، یەکەمیـان خانـەدان و نەجیبـزادەکان بـۆ میـژووی کـۆن و چینـی ناوەنـدو سـەرمایەدارەکان بـۆ مێـژووی نـوێ. دووەمیـان پیاوانـی ئایینـی و دامـەزراوەی ئایینـی لـە هـەر دەوڵەتێکدا دژی دەوڵەتەکـە بێت، دەتوانێت کێشـەی زۆر بۆ سیاسـەتەکانی دەوڵەت و چۆنێتی بەڕێوەبردن دروست بکات. راسـتە باسـی ئـەوە دەکرێـت کـە ئاسـتیاک پاڵپشـتی چینەکانـی خـوارەوەی کردووەو دژی خانەدانـەکان و پیاوانـی ئایینـی و مۆغـەکان بـووە، بـەلام ئایـا ئـەو هەڵوێسـتە چەنـد راسـتبووەو تـا چ ئاسـتێک لـە خزمەتـی دەسـەلاتەکەیدا بـووە؟ ئاشـکرایە بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵات ئـەوە هەڵوێسـتێکی ناجـۆرە، گومانـی تێدا نیـە کـە هـەر ئـەو شـێوە مامەڵەکردنـە یەکێـک بـووە لـە هۆکارەکانـی لـە روخاندنـی دەسـەڵاتی میدیـا. ئەمـەش واتـە هـەردوو هەڵوێسـتەکە، هـەم دژایەتـی ئاسـتیاک بـۆ خانـەدان و موغـەکان، هـەم پشـتگیریکردنی ئـەوان لـە دەوڵەتـی میدیـاو پشـتگیری

کردن کۆرش پێویستی بە لەسەر راوەستانە نەک رەوایەتیدان بە هەڵوێستی ئاستیاک دژی ئەوان و نە رەوایەتیدان بەو هەڵوێستەی کە خانەدەناکانی مادو پیاوانی ئایینی دژی ئاستیاک و دەوڵەتی میدیا وەریان گرتووە.

قۆناغی چوارەم لە روخانی دەوڵەتی میدیاوە ساڵی ٥٥٠ی پێش زاین دەست پێدەکات تا دەستپێکردنی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامی و دەرکەوتنی دەسەڵاتی عەرەبە مسوڵمانەکان و دەستپێکردنی لەشکرکێشی ئیسلامی پرۆسێسەکانی فەتح لە دەیەی چوارەمی سەدەی حەوتی زاینیدا. ئەم قۆناغە بە قۆناغی دەسەڵاتی فارسەکانیش دەناسرێت، کە سەرەتا دەوڵەتی هەخامەنشی (٥٥٠ بۆ ٣٣٠)ن پێش زاین واتە تا روخانی ئەم دەوڵەتە لە لایەن ئەسکەندەری مەکدۆنیەوەو پاشان دروستبوونی دەوڵەتی سەلوقی یۆنانی و دروستبوونی دەوڵەتی ئەشکانی-فارس- (٢٤٧ ی پێش زاین بۆ٢٢٤)ی زاینی و، پاشان دروستبونی دەوڵەتی ساسانی (٢٢٦- ٦٥١)ی زاینی. کە ئەم ماوە درێژە مێژوویە بێجگە لەو ماوەی دەسەڵاتی سەلوقیەکان، ئیتر ئەو رووبەرەی کە ئێستا نیشتیمانی کوردە لە ژێردەستی فارسەکاندا بووە. بێگومان سەرباری دەرکەوتنی سیما و خاسیتە ئیتنۆسیەکانی کورد لەم قۆناغەدا بە تایبەتی قۆناغی دەسەڵاتی ساسانەیەکان، پێدەچێت بنەماکانی خۆ بە ئێرانی زانینی کوردو بە هاوکەلتووردانانی فارس و کورد لەم قۆناغەدا دەستی پێکردبێت، کە ئەوەش لە قۆناغەکانی دواتردا کاریگەری نەرێنی لەسەر ئیتنۆسی کوردی و لەسەر کەسێتی کوردیش هەبووە. دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ئەم باسە.

دیارە ئاشکرایە وەکو پێشتر باسی دەرکەوتنی ناوی کورد-مان لە قۆناغی سەرەتای دەسەڵاتی ساسانیدا کرد لە کارنامەی ئەردەشێردا وەکو ئێتنۆنیم بۆ ئەم گروپە یان ئیتنۆسە بەکارهاتووە. واتە لە رووی راستیەوە دەرکەوتنی ئێتنینیکی کورد بۆ ئیتنۆسی کوردی بە ئاشکرا لەم قۆناغەدا بەکار هاتووە. وەکو پێشتر باسمان کرد ناکرێت باسی دەرکەوتنی ئەم ئینۆسە وەکو رووداوێک بکرێت کە راستەخۆ لە کاتێکی کورتدا روویدابێت، نەخێر بەڵکو ئاشکرایە کە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی زۆر پێشتر دەستی پێکردووەو بنەماو توخم و رەگەزەکانی بە هیواشی و لە پرۆسێسێکی بەردەوام و درێژخایەندا خەملیوون، کە دەشێ لەسەروەختی منداڵیی ئەردەشێرەوە کە لەناو شوانانی کورددا

پەروەردە بووە تا ئەو کاتەی بووەتە پاشاو شەڕی مادیک شای کوردانی کردووە، ماک و رواڵەت و سیمای ئەم ئیتنۆسە بە ئاستەم خەملّی بن و ناوی ئیتنۆسەکەش لەگەڵ ئەوەدا بەرەو دەرکەوتن چووە یان بیستراوە.

لە قۆناغەکانی سەرەتای فەتحی ئیسلامی و هێرشی سوپای عەرەبی ئیسلامی بەرەوە میسۆپۆتامیاو پێرشیا-ئێران- دەسەلاتی ساسانیەکان زۆر خۆی رانەگرت و لەبەردەم سوپای فەتحدا هەرەسیهێنا. ئەو جوگرافیای کە ئێستا نیشتیمانی کوردانە، کەوتە ژێر سایەی دەسەلاتی دەولّەتی ئیسلامیەوە. بۆیە لێرەوە قۆناغێکی تر دەستپێدەکات کە قۆناغی دەرکەوتن و تەواو خەملاندنی ئیتنۆسی کوردیە لە ژێر هەژموونی دەسەلاتی عەرەبی ئیسلامیدا، کە دەشێ بە قۆناغی ناوبردنی کورد بە نەوەی جنۆکەو دێو و درنج و دڕندەو کێوی ناوببرێت کە ئەمە بۆچوونی بەشێک لە مێژوونووسانی عەرەبی ئیسلامیە لەسەر کورد.

پسپۆڕێکی کوردی مێژووی کۆن کە سەبارەت بە دەرکەوتنی ناوی کوردو تا ئەندازەیەکیش ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی گفتوگۆی کردووە، دکتۆر جەمال ئەحمەد رەشیدە. ئەم مێژوونووسە زیاتر هاوشێوەی رۆژهەلاتناسانی رۆژئاواو روسەکان باسی مێژووی کۆنی میسۆپۆتامیاو زاکرۆس و ناوچەکە دەکات و لەو سەروبەندەشدا دەیەوێت لە بارەی رەگوڕیشەی کوردو کات و شوێنی دەرکەوتنی ناوی کوردەوە بدوێت. ئەم زیاتر بەڵگە نەژادی و زمانیەکان تاوتوێ دەکات و لەو میانەشدا رووناکی دەخاتە سەر ئەو ئەگەرانەی بۆ رەگوڕیشەو دەرکەوتنی کورد لە ئارادان.

ئەم مێژوونووسە باسی زیاتر لە باپیرەیەک بۆ کورد دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو پێیوایە ئەستەمە کورد بگێڕدرێتەوە بۆ تاکە سەرچاوەیەک. لەم رووەوە دەلّێت: هۆزە کۆنەکانی نیشتەجێی چیاکانی زاکرۆس و ناوچەکانی رۆژهەلاتی ئاسیای بچووک و رۆژئاوای ئێران و سەروی میسۆپۆتامیا، کە هەندێکیان بە رەگەز باپیرە گەورەی کوردەکانن، بە زمانێک قسەیان کردووە، دوورە لە خێزانی زمانی کوردی ئەمڕۆ.. بەلام لە هەمان کاتدا بێگومان زمانی چینی دەسەلاتداری دەولّەتی میتانی کۆن پەیوەندی لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا هەیە(١٩). سەرەتا ئەم مێژوونووسە پێکهاتەو گروپەکانی ناوچەکە بە هۆز

ناودەبات، هەرچەندە لە رووی کۆمەڵناسیەوە لە زمانی کوردیدا وشەی هۆز وەکو هاوواتای خێڵ و هەندێجار هاوواتای تیرە بەکارهاتووە، کە دیارە خێڵ و تیرەو بەوپێیە دەبێ هۆزیش سەر بە یەکەیەکی گەورەتر بن وەکو ئیتنۆس، یان نەتەوە یان میلەت، بەڵام پێناچێت ئەو پێکهاتانەی لە زاکرۆس و رۆژئاوای ئێران و باکوری میسۆپۆتامیا ژیاون لە شێوەی هۆز یان تیرەو خێڵدا بووبن، چونکە زۆرجار هیچ پەیوەندیەکی رەچەڵەکی یان نەژادی لە نێوانیاندا نەبووە، لە کاتێکدا بنەمای خێڵ، تیرە، هۆز، عەشیرەت خوێن و دەمارە، واتە خزمایەتی هەروەک ئیبن خەلدون دەڵێت: پەیوەندی دەمار لە پەیوەستبوون بە رەچەڵەک- درەختی بنەماڵە- یان هەر شتێک ئەوە بگەیەنێت، پێکدێت. لەبەرئەوە پەیوەندی دایک- خوێن- لە مرۆڤدا شتێکی سروشتیە(٢٠).

بێگومان دەبێ ئەوە ئاشکرابێت کە مەرج نیە بەکارهێنەرانی هەمان زمان یان خاوەنی هەمان زمان، هەمان نەژادو رەچەڵەکیان هەبێت، هەروەک دەشێت پێکهاتەی نەژاد جیاواز، یەک زمان کۆیان بکاتەوەو ئیتنۆسێکیان لێ پەیدا ببێت، بەڵام ئاشکرایە کە پێکهاتە جیاوازەکان پێش ئەوەی بەشداری پرۆسێسی ئیتنۆگێنز بکەن و ئیتنۆسێکیان لێ پەیدا ببێت، زمانی ناوچەی تایبەت بە خۆیانیان هەبووە. لەم رووەوە جەمال رەشید دەڵێت: شێوە زمانەکانی پێش زمانێکی یەکگرتوو (هۆری، گۆتی، لولوبی، کاسی)، هەرچەندە کۆمەڵێک دیاردەی زمانەوانی هاوبەشیان لەناو خۆیاندا هەبووەو کۆمەڵێک وشەو رستەیان شیکردۆتەو لەبەردەستدایە.. بەڵام دوو دیاردەی گرنگی ئاڵۆز تاکو ئێستا روون نەکراونەتەوە. یەکەم ئایا هەریەکە لەو شێوە زمانانە زمانێکی سەربەخۆبوون؟ دووەم ئایا ئەم شێوە زمانانە چ کەلەپورێکی زمانەوانیان لە زمانەکانی ئەمڕۆی سەروی میسۆپۆتامیا، بەتایبەتی لە کوردی دا، بەجێهێشتووە؟(٢١). لە راستیدا وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارەی لێرەدا کراون تا ئەندازەیەک رووناکی دەخاتە سەر پەیوەندی ئەو پێکهاتانەو مەودای نزیکی و دووری نێوانیان. بەڵام ئاشکرایە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە تەنیا لە چوارچێوەی هەمان ئەو ئەگەرو گریمانانەدا دەمێنێتەوە کە بۆ پەیوەندی و نزیکی نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی مێژووی کۆن هەن. لێرەدا تەنانەت ئەگەر ئەم پێکهاتانە لە رووی رەچەڵەک و بنەچەشەوە لەیەکتر دوور بووبن، بوونیان لە هەمان جوگرافیادا، ئەگەر بە

تەواوی هاو مێژووش نەبووبن، ئەوا کاریگەری ئەوی پێشوو بەسەر ئەمی دوای خۆیەوە هەبووە. هەر لەم رووەشەوە هەمان ئەو کاریگەرییانە لەسەر نزیکی و دووری و پەیوەندی ئەو زمانانەی بەکاریان هێناون دەرکەوتوون.» پەیوەندی روون و ئاشکرا لە ناو ئەم زمانانەی زاکرۆس و کوردستاندا هەبووە. لە سەرەتای هەزارەی دووی پێش زایندا، کۆچەرانی هیندۆئەوروپایی زوبان لە ناویاندا بڵاوبوونەتەوە..لەپاڵ سەدەها وشەی هاوبەش، چەند ژمارەیەک خوداوەندو جۆری بیری ئایینی یەکگرتوو لەناویاندا پەیدابووە. ئەم دیاردەیەش دەتوانرێت لە نووسراوەکانی دەوڵەتی میتانیا تا کاردۆنیاش دا بەدی بکرێت، تا وای لێهات لە سەرەتای هەزارەی یەکی پێش زایندا جۆری وشەو نێوی کەسی و رستە پەیدا ببێت و ئەمڕۆ پێوەندیەکی پتەو لەگەڵ زمانی کوردیدا پەیدا بکات. بەم جۆرەش دەتوانرێت بە بناخەی سەرەتایی ئەم زمانە بناسرێت(٢٢).

نووسەر هەوڵدەدات پێمان بڵێت کە زمانی ئەو پێکهاتانەی لە چیاکانی زاکرۆسدا ژیاون پەیوەندی ئاشکرایان بە زمانی کوردیەوە هەیە، کە ئێستا زمانی ئەو میلەتەیە کە لە هەمان جوگرافیای ئەواندا دەژی. ئەم نایەوێت پێمان بڵێت زمانی کوردی درێژکراوەی زمانی ئەو پێکهاتانەیە یان درێژکراوەی زمانی یەکێک لەو پێکهاتانەیە، بەڵکو دەیەوێت رووناکی بخاتە سەر ئەوەی کە زمانی کوردی کە دواتر دروستبووە پەیوەندی ئاشکرای بەو زمانانەوە هەیە. هەروەک باسی ئەوەش دەکات لە قۆناغێکدا کە ئەو دەڵێت سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاینە کە پێدەچێت مەبەستی کۆتایی هەزارەی دووەم یان سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاین بێت کە خێڵە کۆچەرییە هیندۆئەوروپاییەکان بە ئاراستەی رۆژئاوا یان ناوچەکە هاتوون، ئەوانیش وشەو خواوەندو بیری ئایینیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەو ئەمانە ئاوێتەی یەکتر بوون و پاشان لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا وشەو نێوی کەسی و رستە بەرهەمهاتوون و دەرکەوتوون کە پەیوەندی بەهێزیان بە زمانی کوردیەوە هەیە.

لێرەدا نووسەر ناڕاستەوخۆ دوو خاڵی گرنگ دەوروژێنێت، یەکەمیان ئەوەیە زمانی کوردی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوبوون و کارلێککردنی زمانە ناوچەییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی میسۆپۆتامیای کۆتایی هەزارەی دووەم

و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاین و تێکەڵاوبوونی کارلێکی ئەم زمانە ناوچەییە رەسەنانەی پێکهاتە رەسەنەکانی زاکرۆس لەگەڵ زمانی ئەو خێڵە هیندۆئەوروپاییانەی کە کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکە. ئەمەش هەم لە ئاستی زماندا، هەم لە ئاستی پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردیدا پشتگیری بەشداری توخم و رەگەزەکانی سەرجەم پێکهاتە رەسەنەکانی زاکرۆس و سەروی میسۆپۆتامیاو خێڵە کۆچەریە هیندۆئەوروپاییەکان دەکات لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا. هەم ناڕاستەوخۆ لە ئاستێکدا رەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەیشە کە پێیوایە زمانی کوردی سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد بۆچوونی ئەم مێژوونووسە زیاتر بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە هەرچۆن سەرچاوەی پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی زیاتر لە سەرچاوەیەکەو توخم و رەگەزی جۆراوجۆر لە پرۆسێسێکی لەمجۆرەدا بەشدارییان کردووە. هەروەها زمانی کوردیش کە پەیدابوونی هاوکاتی پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردیە، لەبەرئەوەی زمانی ئەو ئیتنۆسەیە، ئەویش زیاتر لە سەرچاوەیەکی هەیە. واتە هەم زمانە رەسەنەکانی پێکهاتە رەسەنەکانی ناوچەکەو هەم زمانی خێڵە کۆچەریە هیندۆئەوروپاییەکانیش لە پێکهێنانی ئەو زمانەدا بەشدارن.

بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە تەنانەت توخمی زمانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلیش لە پیکهێنانی زمەنی کوردیدا بەشدارییان کردبێت.» لە هەزارەی دووی پێش زایندا، کۆچەرانی هیندۆئەوروپایی لەم وڵاتانەی کوردەواری و چیاکانی زاکرۆسدا جێگیربوون و ژمارەیەکی باش لە واژەو وشەکانیان لای میتانیان و کاسیاندا بەرچاو کەوتووە،...دانیشتوانە کۆنەکان تاوەکو ناوەڕاستی هەزارەی یەکی پێش زاین، داب و نەریتی نێو زمان و ئایینی خۆیان پاراستووەو پلە بە پلە لەژێر کاریگەری شەپۆلی کۆچەرانی مادو سەکەس و کیمیری دا لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا، ئەو دیاردانە بەرەو کزی و گۆڕین چوون و لەم سەردەمەدا ئەو کارەساتانە رێیان خۆشکردووە. بەتێکەڵاوبوونی شێوە کۆنەکانی میتانی لەگەڵ شێوەکانی ئەم کۆچەرە نوێیانەدا، بۆ پەیدابوونی زمانێکی هاوبەش بۆ گشت دانیشتوانی هەرێمەکە، بێگومان دەشێ پلە بە پلەی سەرەتای زمانی کوردی بزانرێت»(٢٣). نووسەر باسی تێکەڵاوبوون و کارلێکی

نێوان زمانە رەسەنەکانی زاکرۆس و بەشەکانی تری ناوچەکەو زمانی ئەو خێڵە کۆچەرە هیندۆئەوروپاییانە دەکات کە هاتوونەتە ناوچەکەو سەرئەنجام لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاوبوون بەریەککەوتنانەی زمانە جیاوازەکان، زمانی دانیشتوانی رەسەن و زمانی هاتووەکان، کە دیسان دەشێ دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکەش زیاتر لە زمانێکی ناوچەییان هەبووبێت، بنەمای زمانی هاوبەش دروستبووبێت، کە ئەوەش وەکو سەرەتای دارشتن و دروستبوونی زمانی کوردی لێکبدرێتەوە. ئەم رووداوەش کە دیارە درێژخایەن و بەردەوامیش بووە، بەلای نووسەرەوە لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا بووە. بەم پێیە سەرەتای دروستبوونی زمانی کوردی دەکەوێتە پێش دروستبوونی دەوڵەتی میدیاوە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو باسی ئەم سەرەتای دەرکەوتنەی زمانی کوردی لە چیاکانی زاکرۆس دەکات و مادەکانیش لە ریزی ئەو کۆچەرانەدا دادەنێت کە بەرەو رۆئاوا کۆچیان کردووەو ئەوانیش لەگەڵ خێڵە کۆچەرەکانی هیندۆئەوروپایدا هاتوونەتە ناوچەکەو دیارە بە پێی قەوارەی هاتووەکان دەبێ رۆڵی خۆیانیان لەو پرۆسێسەدا بینیبێت. بەڵام نووسەر لە شوێنێکی تردا نەک هەر باسی مادەکان وەکو باپیری کوردی ئێستا ناکات، بەڵکو پێیوایە خێڵە کۆچەریە ئێرانیەکان بەوانەشیانەوە کە بە کورد ناویان دەبات، بە باپیری کوردی ئێستا دانانێت. لەم رووەوە دەڵێت: لە راستیدا کورد وەکو ناوێک لە ناوچە چیاییەکانی کوردستاندا دەرکەوتووە، کە ئەم ناوە ئەو خێڵانەی گرتووەتەوە کە خاوەنی بنیادی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی خێڵە ئێرانیە کۆچەرەکان بوون، بێ رەچاوکردنی ئەسڵ و ئیتنیکیان و تەنانەت زمانیشیان. بەواتایەکی تر، ئەو کوردانەی لە باشورو ناوەراستی ئێران بوون، باپیرەی گەلی کوردی کوردستانی ئێستا نەبوون(٢٤).

لەم بۆچوونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم مێژوونووسە، بۆ دەرکەوتنی کوردو دیاریکردنی رەگوریشەی و کاتی دەرکەوتنی و بەستنەوەی کورد وەکو ئیتنۆسێک بەو شوێنەوە تیایدا دەرکەوتووە پەیوەست بە کاتی دەرکەوتنی، پشت بە لێکدانەوەی زمان و مێژووی دەرکەوتنی زمانی کوردی دەبەستێت وەکو ئامرازی پەیوەندیکردن و یەکێک لە سەرەکیترین پایەکانی پێکهاتنی ئیتنۆس. هەوکات باس لەوە دەکات هەم زمانی کوردی زیاتر لە

سەرچاوەیەکی هەیە، هەم پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی بەرهەمی بەشداریکردنی چەندین توخم و رەگەزە لە پرۆسێسێکی درێژخایەن و بەردەوامدا، کە ئەویش پرۆسێسی پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی یان پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیە، کە پرۆسێسێکی بەردەوامە.

سۆران حەمەڕەش تێڕوانینیکی جیاوازی هەیە بۆ مێژووی کوردو شوێنی کورد لە مێژووداو ئەو پێیوایە کورد کۆنترین گەلی میسۆپۆتامیا و زاکرۆسە، بە جۆرێک ئەو سۆمەریەکان بە کورد دادەنێت و لە رێگای ئەو فەرهەنگە پڕ بایەخەوە بۆ پەیوەندی زمانی کوردی و زمانە دێرینەکانی میسۆپۆتامیاو زاکرۆس و ئەناتۆلیا کردوویەتی، گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە زمانی کوردی یەکەمین و کۆنترین زمانی ناوچەکەیەو کاریگەری بەسەر نەک هەر زمانەکانی تری ناوچەکەوە هەبووە، بەڵکو جێکەوتی بەسەر زۆرینەی زمانە هیندۆئەوروپایی یان ئارییەکانەوە دیارەو هەر لەم سەروبەندەشدا، ئەو سۆمەرییەکان و کورد بەیەک دادەنێت و ئەو گرێیەی سەبارەت بە رەچەڵەکی تەمومژاوی سۆمەرییەکان هەیە، دەکاتەوەو پێیوایە سۆمەرییەکان گەلێکی ئارین. ئەوەش بە پشتبەستن بە پەیوەندی زمانی سۆمەری و زمانی کوردی لە لایەک و هەردووکیشیان پێکەوە لەگەڵ زمانە ئارییەکانی تر لە لایەکی ترەوە، دەخاتە ڕوو. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە خستنەڕووی بابەتێکی لەم جۆرە پێویستی بە بەڵگەی زیاتری نەژادناسی و تەنانەت بۆماوەزانیش هەیە و رەنگە تەنیا پشتبەستن بە نزیکی و هاوشێوەبوون لە زماندا بەس نەبێت بۆ سەلماندنی رەچەلەکی پێکهاتەیەکی گرنگ و دیارو بەناوبانگی وەکو سۆمەرییەکان و بە کورد دانانیان. ئەگەر نووسەر لە ئاراستەیەکی ترەوە باسی لە پەیوەندی کوردو سۆمەرییەکان بکردایەو کوردی بە نەوەی سۆمەرییەکان دابنایە، یان سۆمەرییەکانی بە یەکێک لەو پێکهاتانە دابنایە کە بەشدارییان کردووە لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، بۆچوونەکەی بۆ سەلماندن ئاسانتر بوایە. هەرچەندە ئەم توێژەرە لە درێژەی کارەکەیدا سۆمەرییەکان بە کورد دادەنێت، بەڵام پێداگری لەسەر دوو خاڵی گرنگ دەکات. یەکەمیان رەچەڵەکی کورد بۆ زیاتر لە پێکهاتەیەک دەگەڕێتەوە. دووەم ئەو پێکهاتانە پێکهاتەی رەسەنی ناوچەکەن و هەموو ئەو پێکهاتانەش دەگرێتەوە

کـه لـه ناوچەکـەدا هەبـوون و نیشـتەجێبوون یـان ژیـاون و بـە نـەژاد سـامی نەبـوون. لـەم رووەوە دەڵێت: کـورد وەک نەتـەوە پێکهاتـووە لـە کـۆی کۆمەڵێـک گروپـی ناسـامی میسـۆپۆتامیاو ئەناتۆلـی وەک میـدی، مانـی، لوڤـی، سـۆمەری، هـوری، کاسـی، گۆتـی، ئیلامـی و هیتی. لـە دوای سـەدەکانی زایینـەوە نـاوی کـورد دراوە بـە هەمـوو خەڵکـە ناسـامیە رەسـەنەکانی میسـۆپۆتامیاو ئەناتـۆڵ(٢٥).

لـەم وتەیـەی سـەرەوەدا دوو خاڵـی گرنـگ دەخاتـە ڕوو. یەکەمیـان ئەوەیـە کـورد لـە کـۆی پێکهاتـە ناسـامیەکانی میسـۆپۆتامیاو ئەناتۆلیـا پێکهاتـووە. واتـە کۆمەڵێـک دەسـتەو گـروپ و پێکهاتـە بوونەتـە توخـم و رەگـەزی بەشـداربووی پرۆسێسـی ئیتنۆگێنـزی کـوردی و پێکهێنانـی ئیتنۆسـی کـوردی. ئـەم توێـژەرە وەکـو نەتـەوە باسـی کـورد دەکات کـە دروسـتتر وایـە وەکـو ئیتنـۆس بـاس بکرێـت، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی رووبـەڕووی ئـەو ناکۆکیـە نەبینـەوە کـە توێژەرانـی بـواری نایونالیـزم و نەتـەوە لـە سـەردەمی مۆدێرنیتەدا، پێیانوایە دەوڵـەت نەتـەوە دروسـت دەکات و بـێ بوونـی دەوڵـەت نەتـەوە بـەم چەمکـەی سـەردەمی نـوێ پێکنایـەت. هـەر لـەم روانگەیـەوەو لەسـەر بنەمـای ئـەم تێـزە نوێیـە، کـورد تاکـو ئێسـتاش مـادەم دەوڵەتـی نیـە، مـادەم خاوەنـی وڵاتـی خـۆی نیـە، واتـە نەبووەتـە نەتـەوە. دووەم هەرچەنـدە ئـەم باسـی بوونـی کـورد لـە مێژوویەکـی زۆرکۆنتـر و تەنانـەت لـە سـەردەمی سـۆمەرییەکان و گۆتیەکانـدا دەکات، بـەڵام کاتـێ دێتـە سـەر باسـی دەرکەوتنی کـورد، دەستبەرداری بۆچوونـی باسکردنی کـورد وەکـو کـورد لـە مێـژووی کۆنـدا دەبێـت و بـاس لـەوە دەکات کـە لـە سـەدەکانی زاینیـدا و بـە دیاریکراویش باسـی دەرکەوتنی کـورد وەکـو ناوێکـی دیـارو بەربـای گـوێ کەوتـوو بەکارهێنـراو دەکات، دیـارە لـە لایـەن ئەوانـی تـرەوە نـەک لـە لایـەن کـورد خۆیـەوە. وەکـو ئاشـکرایە ئـەوەش لـە سـەدەی سـێی زاینیـدا بـووە. لـەم رووەوە دەڵێت: نـاوی کـورد لـە مێـژوودا لـە نزیکـی سـەدەی سـێیەمی زایینـەوە زۆربـەی جـار وەک چەترێـک بەکارهاتـووە بـۆ ئاماژەکـردن بـە هەمـوو گروپـە دێرینەکانـی میسـۆپۆتامیا و ئەناتـۆل لـە پێـش ئـەو مێـژووەدا هەندێجـار نـاوی گـووت و هەندێجـار نـاوی میـد بەهەمـان مەبەسـت بەکارهاتـوو(٢٦).

نووسـەر لـە رێگای بیرخستنەوەی ناوەکانی وەکو گوتـی یان میدی دەیەوێت بڵێت ئەمانـەش چەنـد ناوێکن لـە پێـش دەرکەوتنی نـاو یـان وشـەی کورددا بـۆ

هەمان ئیتنۆس بەکارهاتوون، یان دەیەوێت بڵێت ئەو ناوانەش بۆ هەمان پێکهاتە بەکارهاتوون. بەهەرحاڵ ئەوەی جێگیرە لە بۆچوونەکانی ئەم توێژەرەدا ئەوەیە کە کۆی پێکهاتەکانی ناوچەکە بەشدارن لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کورددا، هەروەها وەکو زمان و وەکو ناوی نزیک لە هەمان وشەی کورد یان ناوی پێکهاتە کە هەمان ئیتنۆسیان نواندووە لە مێژوویەکی کۆنتردا لە میسۆپۆتامیاو ئەناتۆلیا دەرکەوتووە. هەروەک ئەم نەک هەر کورد بە رەگەزی ئاری دەزانێت بەڵکو سۆمەرییەکانیش بە هەمان رەگەز دەزانێت و تەنانەت ئەو دەڵێت: میدیەکان خەڵکی رەسەنی میسۆپۆتامیان و هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نیە بیسەلمێنێت کە لە جێگای ترەوە هاتبنە ناوچەکە. بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆربەی بەڵگەکان وای دەردەخەن کە میدییەکان خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بن و لەگەڵ سۆمەرییەکاندا هەمان نەتەوە بن(٢٧).

لێرەدا دەردەکەوێت هاوشێوەی بەشێک لە ناسیونالیستانی کورد، ئەم توێژەرەش، کوردو میدیەکان بە یەک دەزانێت، یان بە واتایەکی تر ناوی گۆتی و میدی بە ناوی پێشتری کورد دادەنێت، هەرچەندە بەڵگەی سەرەکی ئەو بۆ پەیوەندی کوردو سۆمەرییەکان، کوردو مانیەکان، کوردو لۆڤیەکان، کوردو هۆریەکان، نزیکی زمان یان هاوبەشی زمان یان هاوشێوەبوونی زمانە، بەڵام لە نێوان کوردو میدیەکاندا بنەمای پەیوەندی زمان زۆر لاوازە چونکە شتێکی ئەوتۆ لە زمانی میدیەکان نەماوەتەوەو ئەوەشی ماوەتەوە ناوی شوێن و کەسەو لەو فەرهەنگەشدا کە ئەم بۆ نزیکی زمانی کوردی و میدی دروستی کردووە، ناوی شوێن و کەس هەیە، کە ئەوەش بەس نیە بۆ سەلماندنی پەیوەندی نزیکی زمانی کوردی بە زمانی میدیەکانەوە. بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین کە میدیەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە سۆمەرییەکانەوە نیەو ئەگەر هەیشیان بێت، ئەوا ناتوانرێت بەئاسانی بسەلمێنرێت سۆمەرییەکان لە رووی نەژادەوە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە کوردەوە هەبێت، بەڵام هێشتا گریمانەی ئەوە بەهێزە کە میدیەکان و تەنانەت سۆمەرییەکانیش بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردبێت.

توێژەرێکی تری بواری کوردناسی، زەکەریای قادریە، ئەویش کورد دەبەستێتەوە بە پێکهاتە رەسەنەکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاوەو لەو

رووەشەوە ناڕاستەوخۆ لەوە دەدوێت کە سەرچەمی پێکهاتە ڕەسەنەکانی پێشتری ئەم جوگرافیایە کە ئێستا کوردستانە، بەشدارییان کردووە لە ئیتنۆگێنزی کوردی و پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. لەم رووەوە دەڵێت: پێش ناولێنانی وڵاتی کوردەکان بە ناوی کوردستان، لە سەردەمی سوڵتان سنجەری سەلجوقیدا، واتە لەسەردەمی کۆندا، کوردستانی ئێستا بە وڵاتی ماد ناسراوە، هەروەها پێش سەردەمی ماد، وڵاتی ماد بە ناوی گۆتی و مانایی و هوری و...ناسراوە. بەداگیرکردنی وڵاتی ماد لە لایەن پارسەکانەوە، وشەی کورد/ کورت جێگای وشەی مادی گرتەوە کە بە واتای کۆیلە دێت. هەروەها لە سەردەمی ساسانیەکاندا وشەی ماد بۆ وشەی مای و لە دوایدا بۆ وشەی ماە گۆڕدراوە(٢٨). ئاشکرایە ناوی کوردستان یان وشەی کورد هەتا ئێستا ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا بەکارهاتووە، بەڵام ناو یان وشەی کورد لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا بەکارهێنراوە. دیارە کارنامەی ئەردەشێر لە قۆناغەکانی سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتی ساسانیەکاندا نووسراوە. هەڵبەت مەبەست ئەوە نیە کە لەسەردەمی ئەردەشێر خۆیدا نووسرابێت، بەڵکو پەیامی ئەردەشیر بووەتە ناوەرۆکی کارنامە بۆ دوای خۆی کە ئەویش دروستکردنی یەک دەسەڵاتی بەهێزو ڕەهابووە، واتە «بردنی وڵات بۆ یەکخودایی، یان یەک کوێخایی(٢٩).

بەهەرحال ئەوەی قادری دەیەوێت پێداگری لەسەر بکات ئەوەیە کە هەرچەندە تا سەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی ناوی کوردستان بۆ ئەو خاکە بەکارنەهاتووە کە ئێستا نیشتیمانی کوردانەو ناوی کوردیش وەکو ئاماژەمان بۆ کرد بۆ یەکەمجار لە کارنامەی ئەردەشیردا دەرکەوتووە، بەڵام ئەو سەرزەمینەی کە گۆتی و مانایی و هۆری و مادی لێ ژیاون، هەمان خاکەو ئەو پێکهاتانەش بە باپیری کورد دادەنرێن. ئەوەی ئەم توێژەرە پێداگری لەسەر دەکات کە کورد نەوەی پێکهاتە ڕەسەنەکانی هەمان ئەو خاکەیە کە دواتر ناوی کوردستانی لێنراوە.

ئەوەی تا ئێستا لەم بەشەدا لێی دواین، ڕاوبۆچوونی مێژوونووسانی کوردە سەبارەت بە دەرکەوتنی ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆس یان پێکهاتەیەک، کە هەندێکیان سەرجەم ئەو پێکهاتانەی لە مێژووی تۆمارکراودا لە باکوری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆلیاو زاکرۆس ژیاون، هەر ناوێکیان هەبووبێت بە کوردیان

داناون. هەندێکی تریان لە رووی نزیکی و هاوشێوەبوون لە زماندا یان تەنانەت لەو ناوانەی ئەوانی تر یان دەرەوە پێیان گووتوون نزیکیان لە وشەی «کورد»ەوە هەبووە، ئەو پێکهاتانەیان بە کورد داناوە، یان وەکو باپیری کورد ناویان بردون. هەندێکی تریشیان باسی کورد وەکو ئیتنۆس لەو کاتەوە دەکەن کە ناوی کورد بە ئاشکرا دەرکەوتووە، کە ئەویش سەردەمی ساسانیەکانە، وەکو ئەوەی لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا هاتوو. لەبارەی دەرکەوتنی ناو یان وشەی کوردستان وەکو نیشتیمانی کورد کە لە سەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقیدا ئەم وشەیە دەرکەوتووەو بۆ ئەو سەرزەمین و خاکە بەکارهێنراوە کە کوردەکانی تێدا ژیاون. هەرچەندە لەو مێژووەشدا ناوی کوردستان بۆ رووبەرێکی دیاریکراو لەو خاکە بەکارهاتووە، کە ئێستا نیشتیمانی کوردە. لە راستیشدا زۆربەی مێژوونووسانی کورد، لە لێکدانەوەکانیاندا زیاتر پشتیان بە بۆچوونی کوردناسانی ئەوروپایی و روسی و مێژوونووسانی ئیسلامی بەستووە. بە گشتیش کۆی بۆچوونەکانیان سەبارەت بە کورد یان باپیرانی کورد، بێجگە لە بۆچوونەکانی هێرۆدۆت و کاتسیاس و گەزنەفۆن و هەندێ لە میژوونووسانی بابل و ئاشوورو پارس و فارسەکان، ئەوانی تر بەرهەمی سەدەی هەژدە بۆ دواوەن و زیاتریش پشتیان بەو مێژووە بەستووە کە لە کۆندا نووسراوە، یان تا ئەندازەیەک پشتیان بە پاشماوەو شوێنەوارە دێرینەکان و زانستی نەژادناسی بەستووە. ئایا لای ئەوانی دەرەوەی کورد، یان لای مێژوونووسانی تر، دەرکەوتنی کورد وەکو ناوی ئیتنۆس یان گروپێکی کۆمەڵایەتی لەکەیەوە دەرکەوتووە؟

ئەوەی لە ئاستی دەرەوەدا سەبارەت بە ئیتنۆگێنزی کوردی گرنگە، ئەوەیە کە ئایا بۆ یەکەمجار ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆسێک کەی و لە کوێ و لە لایەن کێوە بەکارهاتووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش دروست وایە لای کوردناسان و رۆژهەڵاتناسان و تویژەرانی بیانی ئەو بوارە بگەڕێین. بەڵام راستیەک هەیە دەبێ پێشوەختە ئاماژەی پێبدەین ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لەم رووەوە رووبەرووی دوو بۆچوون دەبینەوە، یەکەمیان ئەو وشەو ناوو زاراوانەی کە لە رووی زمانەوە نزیکن لە وشەی کورد. دووەم ئەو کاتە مێژووەییەی کە وشەی یان ناوی کوردی تێدا دەرکەوتووە کە سەرەتای دەسەڵاتی ساسانیەکانە.

ئەوەی ئاشکرایە کە هیچ کام لە هێرۆدۆت کە لە سەدەی پێنجی پێش زاین و گەزنەفۆن لە سەدەی چواری پێش زاین و نیکۆلای سوری یان دیمەشقی و کەستیاس هیچ کامیان ناوی کوردیان نەهێناوە. هەرچەندە هیرۆدۆت باسی مادەکان و گەزنەفۆن باسی کاردۆخیەکان دەکەن و هەریەکەش بە جۆرێک وەکو باپیری کورد ناویان دەبەن و بەپێی قسەی گەزنەفۆن ئەو خەڵکانەی کە لە چیاکانی باکوری میسۆپۆتامیا رووبەڕووی دە هەزار کەسە یۆنانیە بەکرێگیراوەکە بوونەوە لە کاتی گەڕانەوەیاندا، خاوەنی زمانی خۆیان بوون و وەرگیڕە فارسیەکە لێیان تینەگەیشتووە، کە ئەوانە کاردۆخیەکان بوون و بەپێی لێکدانەوە زمانیەکانیش نزیکی هەیە لە نێوان وشەی کاردۆخی و کورمانجی و کورت و کارداو کورددا. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیت کە لەو مێژووەدا ئیتنۆسێک هەبووبیت بە ناوی کورد.

لە مێژووی هەخامەنشیەکاندا کە لە روخاندنی دەوڵەتی میدەوە لە لایەن کۆرشەوە دەست پێدەکات و هەتا هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی دەخایەنێت، کە ماوەی دەسەڵاتدارییەکەی لە (٥٥٠ی پێش زاین هەتا ٣٣٠ی پێش زاین) بەردەوام بووە، ناوی کورد نەهێنراوە، بەڵکو لە سەرەتاوە ناوی ماد بە دوو شێوە هێنراوە مادی گەورەو مادی ئەترۆپاتین، کە دیارە ئەم ئیمپراتۆریتە کە یەکەمین ئیمپراتۆریتی پارسەکان بووە، شوێنی دەوڵەتی پاشایەتی میدیای گرتۆتەوەو بە پێی هەندێ لە بۆچوونەکان بە تایبەتی بۆچوونی مینۆڕسکی مادەکان باپیرەی کوردن، بەڵام لە سەردەمی ئەم ئیمپراتۆریتەدا ناوی کورد نەهاتووە، ئەمەش دەریدەخات کە لەو قۆناغە مێژووییەدا ئیتنۆسی کوردی دروست نەبووە، چونکە ئەگەر پێکهاتەیەک هەبووایە بە ناوی کوردەوە بێگومان لە مێژووی هەخامەنشی و لە نووسراوەکانی ئەو سەردەمەدا ناوی دەهات، بە تایبەتی کە هەر لە کاتی کودەتای کۆرشەوە بەسەر ئاستیاکداو سەرکەوتنی بەسەریدا بە هاوکاری خانەدان و موغەکانی مادو بە سەرکردایەتی ئارپاک، مادەکان جموجوڵیان کردووەو ئەگەر بەشێکیان دەسەڵاتی هەخامەنشیەکانیان وەکو دەسەڵاتی خۆیان واتە دەسەلاتی پارس و ماد سەیر کردبێت، ئەوا بەشیکی تریان دژی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان بوون و راپەڕینەکانی ئەو قۆناغەش بەڵگەی ئەو نارەزای بوونەیە.

لە دوای هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی و روخانی دەوڵەتی هەخامەنشی و پاشانیش پێکهاتنی دەوڵەتی سەلوقی وئەنجا دەسەڵاتی ئەشکانیەکان، دیسان ناوی کورد وەکو ناوی پێکهاتەیەک کە خاسیێتی ئیتنۆسی هەبێت بەرچاو ناکەوێت، ئەگەرچی بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە باسی ئەوە بکات گوایە لەم قۆناغەدا ئیتنۆسی کوردی پێکهاتبێت.

لە سەردەمی فەرمانرەوایی ساسانیەکاندا کە بنەماڵەیەکی فارس یان ئێرانی بوون، هەرچەندە هەندێ لە ناسیونالیستانی کورد ساسانیەکان بە کورد دەدەنە قەڵەم، بەڵام لە راستیدا ئەوە لە رووی رەگورێشەوە جۆرێکە لە بەرهەمی خەیاڵ، لە رووی ئامادەبوونیشەوە، مێژووی ساسانی مێژووی گەلی فارس و ئێرانەو پەیوەندی بە کوردەوە نیە. دەسەڵاتی ساسانی هاوشێوەی هەخامەنشیەکان کەلتوری میدیای کردووەتە بەشێک لە کەلتووری ئێرانی، کە ئەوەش مانای کەلتووری فارسیە. ئەمەش لەو روانگەیەوە کە مادەکان ئەگەر باپیرەی تەواوی کوردیش نەبن، بەڵام بەشداربوون لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ساسانیەکان لەم رووەوە زیانیان بە توخم و رەگەزەکانی پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردی گەیاندووە. هەروەها ساسانیەکان رۆڵی کاریگەرییان هەبووە لە دروستکردنی عەقڵی پان ئێرانی و ناوبردنی هەموو شتیک بە ناوی ئیرانەوە، کە ئەوەش لە قۆناغەکانی دواتردا جۆرێک لە پەیوەستبوون و وابەستەیی لای کورد بۆ ئێرانیبوون و خۆ بە هاوکەلتوورزانی فارسەکان لا دروستکردووە،. سەرئەنجام ئەو ستراتیژە بە زیانی کوردو بنەماکانی پێکهێنانی شوناسی کوردی کەوتووەتەوەو لە کۆنەستی رووبەرێکی فراوانی کورددا هەستی خۆ بە جیاوزدانەنانی کورد لەوانی فارس یان لەوانی ئێرانی دروستکردووە.

ئاشکرایە لە مێژووی نووسراوی ساسانیەکاندا، راستەخۆ ناوی کورد وەکو پێکهاتە، یان ئیتنۆس نەهاتووە، بەڵام لە کارنامەی ئەردەشیری پاپەکان کە ئەردەشێر دامەزرێنەری ئیمپراتۆرێتی ساسانیە، چوارجار بە ئاشکرا ناوی کورد هاتووە. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەردەشێر بە منداڵی لەناو شوانانی کورددا پەروەدە بووە، دووەمیان شەڕکردنە لەگەڵ شای کوردان، سێیەم لەو کوردانە هەزار پیاوی کوشت، چوارەم یەزدان کوردی شارەزووری(٣٠). لە راستیدا

ناوهێنانی کورد یان کوردان وەکو کۆی ناوی کورد، ئەگەر بە تەوایش هەڵگری ناوی پێکهاتەیەک نەبێت وەکو ناوی ئیتنۆسێک، بەڵام ناتوانرێت نکوڵی ئەوە بکرێت کە کورد بە لایەنی کەمەوە لە سەروەختی نووسینی کارنامەی ئەردەشێردا وەکو پێکهاتەیەک دەرکەوتووە یان گرۆپێکی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە. لە دەرکەوتنی یەکەمیاندا شوانانی کورد ناوێکی کۆیەو ئەوەش نیشان دەدات بێجگە لە شوانکارەیی، کورد کارو پیشەی تریشی هەبووە، هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە کورد نەک هەر لە دەرکەوتنیدا وەکو ئیتنۆسێک بە شوان دانراوە، بەڵکو ئەو پێکهاتەو گروپانەشی کە لە پێش دەرکەوتنی کورددا لە هەمان ئەو جوگرافیایەدا ژیاون کە ئێستا نیشتیمانی کوردە، بە شوانکارە ناوبراون. بەهەرحاڵ بەهەر لایەکدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت، لە کاتی نووسینی کارنامەدا کورد خاسێتی کۆیان هەبووە، کە مەبەست کۆمەڵە خەڵکە، ئەوەش بەلایەنی کەمەوە ئەگەر سەرەتاش بێت، بەڵام سەلمێنەری دەرکەوتنی بنەماکانی ئیتنۆسی کوردیە کە یەکێک لە خاسێت یان بنەما سەرەکیەکانی ئیتنۆس دروستبوون یان دەرکەوتنی ناوەکەیەتی. هەروەک شەڕکردنی پاشای کوردان-یش دیسان ئەوە نیشان دەدات کە ئەم پاشایە ئەگەر تەنانەت سەرۆکی دەستەیەک لە خەڵکی شەڕکەریش بووبێت، مانای وایە پێکهاتەیەک یان دەستەو گروپێک بەو ناوەوە دروست بووە، کە ئەوەش دیسان نیشاندەری ئەوەیە کە بەلایەنی کەمەوە بنەما سەرەتاییەکانی ئیتنۆسی کوردی لە سەروەختی نووسینی کارنامەدا پێکهاتووە، کە وەها لێکدەدرێتەوە ئەم کارنامەیە لە سەردەمی هورمزی ساسانیدا نووسرابێت کە یەکخەری ئیمپراتۆریێتی ساسانی بووەو لە سەردەمی ئەودا یەک پاشایی یان یەک کوێخایی دروستبووەو دەسەڵاتی ساسانیەکان گەیشتووەتە ئاستێک لە لوتکەی هێزو یەکگرتوویدا بووە. لە راستیشدا کارنامە هەرچەند لە شێوەی چیرۆکێکی ئەفسانەیدا نووسراوە بەڵام بەرنامەی کارە بۆ یەکبوونێکی لەو جۆرە، کە دیارە خواست و ویستی ئەردەشێری پاپەکان بووە، بەڵام ئەو لەسەروەختی دەسەڵاتداری خۆیدا نەیتوانیووە ئەو یەکبوون و یەک کوێخاییە بنیاد بنێت.

هەروەک ئاشکرایە ناوی کورد لە سەردەمی ساسانیەکانەوە بەمجۆرەی باسمان کرد دەرکەوتووە، بەڵام ناوی کوردستان بۆ یەکەمجار لە لایە سوڵتان

ئەحمەد سەنجەری سەلجوقیەوە لە سەدەی دوانزەی زاینیدا بۆ ئەو سەرزەمینە بەکار هاتووە کە کوردەکانی تیادا ژیاون، واتە کوردستان لەم مێژووەدا بۆ یەکەمجار وەکو ناوێکی جوگرافی بەکارهێنراوە. بەڵام تاکو ئێستا ئەوەی پرسیارە ئەوەیە ئایا کەی کورد وەکو ئیتنۆس نەک تەنیا وەکو ناو دەرکەوتووە؟

توێژەرو کوردناسی دیاری روس ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی کە بە وردی توێژینەوەی نەژادی کوردی کردووە، لەبارەی پێکهاتنی کورد یان پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردیەوە دەڵێت: کاتێک پرۆسەی دروستبوونی میلەتی کورد دەست پێدەکات، ئەو هەموو خێڵانەی ئەوساکە تێکەڵ بە یەکتری بووبوون، یەکێک لەو توخمانەی کوردەکانی ئێستایان لێ پەیدابوو(٣١). لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەم توێژەرە پێیوایە کە پێکەوە تێکەڵاوبوونی خێڵەکانی ناوچەکە زەمینەی بۆ پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردی خۆشکردووە. ئەمەش لە راستیدا لە رووی کۆمەڵناسیەوە جۆرێکە لە کۆمەڵایەتیبوون. واتە دەتوانین بڵێین پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی دەرئەنجامی جۆرێک لە کۆمەڵایەتیبوون یان گەیشتنی پرۆسەی بەردەوامی کۆمەڵایەتیبوونە بە ئاستێکی گەشەسەندوو تر لەچاو کۆمەڵایەتیبوونی یەکە سەرەتاییەکانی خێزان، بنەماڵە، خێڵ. ئەمەش لە رووی کۆمەڵناسیەوە لێکدانەوەیەکی دروستە چونکە لە ئەنجامی کۆمەڵایەتیبووندا دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان هەر لە یەکەی سەرەتایی خێزانەوە بۆ تیرەو خێڵ و ئیتنۆس، دروست بوون یان دروست دەبن. هەڵبەت پاڵنەری کۆمەڵایەتیبوونیش پێش هەموو شتێک پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی ژیان و درێژەپێدانی ژیانە کە لەو ئاقارەشدا واتە لە کۆمەڵایەتیبووندا هەمیشە جوڵە بە ئاراستەی پەرەسەندن و گەشەکردنە. هەربۆیە ئەوە بۆچوونێکی دروست و گونجاوە لەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا، پێکەوە تێکەڵاوبوون و کارلێکی نێوان خێڵە جۆراوجۆرەکان کە وەکو یەکەی کۆمەڵگای سەرەتایی دادەنرێت، پێکەوە یەکبگرن و ئیتنۆس یان وەکو نووسەر دەڵێت میلەت پێکبهێنن.

ڤیلچێڤسکی باسی ئەوە دەکات کە کورد ئێستا میلەتێکە بوونی هەیەو دانی پێدانراوە، واتە مەبەستی ئەوەیە خاسیەتەکانی میلەتی هەیە، هەرچەندە لە راستیدا میلەت وشەیەکی گشتیەو نازانرێت لە کوێی ئیتنۆس یان نەتەوەدا دابنرێت. بەڵام لە بۆچوونەکانی ئەم توێژەرەدا وادەردەکەوێت کە ئەو وشە

یان زارەوەی میلەت لە بری زاراوەی خەڵک یان گەل بەکار بهێنێت. ئەو رۆڵی کاردۆخیەکان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا لەبەرچاو دەگرێت و وای بۆ دەچێت کە یەکێکن لەو رەگەزو توخمە سەرەکیانەی کە بەشداری پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیان کردووە، بە جۆرێک کە باس لەوە دەکات تەنانەت کاردۆخیەکان وەکو کورد ناوبراون. بەڵام لە راستیدا ئەم ناوبردنەی کاردۆخیەکان بە کورد لە قۆناغەکانی دواتردا سەریهەڵداوەو لەسەردەمی کاردۆخیەکان خۆیاندا و بۆ ماوەی مێژوویی تا ئەندازەیەک درێژی دوای کاردۆخیەکانیش هێشتا ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆسێک دەرنەکەوتووە. دیارە خێڵەکانی کاردۆخی لە باکوری میسۆپۆتامیادا، لە ناوچە شاخاویەکاندا ژیاون و سەرگەرمی ئاژەڵداری بوون. هەروەک دەشێ لە دۆڵ و دامێنی چیاکانیشدا کشتوکاڵیان کردبێت، چونکە ئاسایە تەنیا نەیانتوانیبێت بە ئاژەڵداری بژین.

هەڵبەت ئاشکرایە کە نەک بۆ ئەو سەردەمە، کە سەدەکانی پێش زاین دەکات، بەڵکو هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستیش ژیانی کۆچەری لە ناوچەکەدا مابوو. دیارە ژیانی کۆچەری ژیانی ئاژەڵداریە، نەک ژیانی کشتوکال، چونکە کشتوکال بە مانای جێگیربوون و پەیوەستبوون بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە. لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات: ئایا دەشێ ژیانی کۆچەری زەمینەی لەبارو گونجاو برەخسێنێت بۆ بەشداریکردنی خێڵە کۆچەرییەکان لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا؟ بێگومان لێرەدا تەنیا وەڵامیکی کورتی ئەم پرسیارە دەشێ ئەوە بێت کە پەیدابوونی ئیتنۆس دەبێ لەسەر خاکێکی دیاریکراو رووبدات. کەواتە بەم پێیە بەشداری خێڵە کۆچەرییەکان- نۆماندیەکان- ئەگەر لە پرۆسێسێکی وەهاشدا بەشداری هەبێت، ناشێت بەشدارییەکی کەریگەر بێت، ئەگەر ئەو کۆچکردنە بەسەر سنوورو لەمپەرەکاندا بپەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر کۆچی وەرزی بێت، واتە گەرمیان و کوێستان لە رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراودا، ئەوا بەشداریکردنی ئەو خێڵانەی گەرمیان و کوێستان دەکەن واتە کۆچەریی ناوخۆ، کارێکی ئاسایی دەبێت لە پێکهێنانی ئیتنۆسدا.

ئاشکرایە لە باکوری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆس و ئەناتۆڵیا، سەباری خێڵە نیشەجێبووەکان، خێڵە کۆچەرییەکانیش هەبوون، کە مەرج نیە تەنیا خێڵە کاردۆخیەکان بووبن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنانەت لە سەردەمی

کاردۆخیەکانیشدا تێکەڵاوبوونی پێکهاتەی جیاواز بە کاردۆخیەکان روویداوەو بەوپێیەش لە پاڵ باشداری کاردۆخیەکان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا، ئەو خێڵانەش بەشدارییان کردووە. بەڵام دیارە رۆڵی کاردۆخیەکان بەربڵاوترو کاریگەرتر بووە.» کاردۆخیەکان، ئەو میلەتەی لە هەموو لایەکەوە دانی پێدانراوە، راستەوخۆ بەشداری لە ئیتنۆگێنزی کوردەکانی ئێستادا کردووەو ئەوەش گەیشتۆتە رادەیەک کە لە هەندێ حاڵەتدا کاردۆخیەکان هەر بە کورد ناودەبەن. بەڵام بەشداریکردنی مادەکان و خێڵە ئێرانیەکانی تر لەم پرۆسەیەدا هەرگیز نەبۆتە سەلمێندراوێکی زانستی دان پیانراو(٣٢).

لێرەدا باسی ئەو پرۆسێسە دەکرێت کە تیایدا ئیتنۆسی کوردی پەیدا بووە، بەڵام دیارە ئەگەر ئەو پرۆسێسە سەرەتاکەی لە مێژووی پێش کاردۆخیەکان یان لە سەردەمی کاردۆخیەکانەوە دەستی پێکردبێت، ئەوا پرۆسێسەکە درێژ خایەن بووەو زۆر لە دواتر ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆسێک دەرکەوتووە. بەڵام ئەم بۆچوونە لە لایەن مینۆرسکیەوە رەت دەکرێتەوەو ئەو مادەکان بە رەگەزی سەرەکی بەشداربوو لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا دادەنێت. بە تایبەتیش لەو راپۆرتەی بۆ کۆنگرەی بیستەمی جیهانیی رۆژهەڵاتناسانی برۆکسلی ١٩٣٨ساڵی ی نووسیووە، ئەو بابەتە تاوتوی دەکات، بەڵام ڤیلچێڤیسکی دەڵێت «مینۆرسکیش وەکو زۆربەی لێکۆڵەران، بۆ نزیککردنەوەی کوردان لە کاردۆخەکانەوە، بەڵگەی تەواوی بە دەستەوە نیە(٣٣). هەرچەندە دواتر مینۆرسکی لە گەڕانیدا بە دوای رەچەڵەکی کورددا ئاماژە بۆ پاکتیەکان دەکات کە دراوسێی کاردۆخیەکان بوون. بەهەرحاڵ لە بۆچوونەکانی مینۆرسکیشدا، نەک باسی ناوی کورد لەو قۆناغە مێژووییەدا نەهاتووە، بەڵکو ئاماژەیەکی ئاشکراش بۆ کاتی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی و تەنانەت پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیش نابینرێت. ئەو پێشترلایەنگری پەیوەندی کورد بوو بە ئاسیای بچووک و کاردۆخیەکانەوە، بەڵام لە دوا بۆچوونەکانیدا رەچەڵەکی کوردی دەبەستەوە بە خێڵەکانی میدی و سکیفی و کیمیریەوە. واتە دەردەکەوێت ئەو بۆچوونە راست نیە کە گوایە مینۆرسکی تەنیا ماد بە باپیرەی کورد دەزانێت، بەڵکو ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت کە پێیوابووە زیاتر لە توخم و رەگەزێک بەشداریان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە.

ئـەم توێـژەرە دەیەوێت مێـژووی دەرکەوتنـی نـاوی کـورد بگێڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی کاردۆخیـەکان. لـەم رووەوە بـە پێی بۆچوونـی ڤیلچێڤسکی، مینۆرسـکی پێیوابوو»ناوی کـورد لـە رووی ئیتمۆلۆجیـەوە لەگـەڵ زاراوەی کورمانج)دا تاکو ئێسـتا یەکینەگرتۆتـەوەو لەبـەر رۆشـنایی تیۆرییەکەیدا دەربـارەی نـەژادی کـورد، هەوڵـدەدات ئەمـە روون بکاتـەوە. بـە لای ئەمــەوە دیمەنـی ئێسـتاکەی زاراوەی (کورمانـج) لـە ئەنجامی نەمانی پیتی (د) لـە بەشـی یەکەمـی و زیادبوونـی پیتی (ج) لـە بەشـی دووەمیدا هاتۆتـە کایـەوە، ئـەم زاراوەیـە دەبێت (کورد-مـان) بووبێت. ئەمـەش تێکەڵبوونێکی نـاوی خێڵـەکان بـووەو رەگـی (کورد) لە نـاوی (کاردۆخ) یان کووتیەکانـەوەو رەگـی (مـان) لـە نـاوی میدیایی یـان ماننابیەکانـەوە هاتـووە. کەواتە مانـای ئـەم زاراوەیـە دەبێتـە کاردۆخـە میدیـەکان، یـان کـوردە ماننایـیـەکان(٣٤). راسـتە مینۆرسـکی هەوڵـی ئـەوە دەدات لـە رێگای ئـەم نزیککردنـەوەی زاراوەکانـی کـوردو کورمانـج و کاردۆخـی و کووتیـەوە، مێژوویـەک بـۆ دەرکەوتنـی نـاوی کورد دەستنیشـان بکات، بـەڵام هێشـتا لـەم لێکدانەوەیـەی ئـەودا ناتوانرێت نـاوی کـورد وەکـو وشـە یـان نـاو کـە مەبەسـت نـاوی ئیتنۆسـی کوردیـە ببینرێت. ئەمــەش ئـەوە نیشـان دەدات لـەو قۆناغـەدا کـە ئـەم مەبەسـتیەتی و زیاتـر ئـەو سـەردەمە دەگرێتـەوە کـە هێرۆدۆت و دواتریش گەزنەفۆن تیایدا ژیاون و خۆیان هاوچەرخـی کاردۆخیـەکان بـوون، هێشـتا نـاوی کـورد دەرنەکەوتـووە. ن. ی. مـار پێیوایە کـوردو کاردۆخیـەکان یەکن، هـەروەک تیۆریـی یافیتـی- جافیتیک-ی مـار لـە سـاڵی ١٩١١دا، باسـی ئەگـەری یەکێتـی رەچەڵەکـی کاردۆخـی و کـورد لەگـەڵ کارتیـە جۆرجیـەکان و پاشـان جیابوونەوەیـان دەکات، لـەوەش دەدوێـت کـە» کـورد نـەوەی کاڵـدی یـان خاڵدیـە ئێرانیەکانـن(٣٥).

ن. یا. مـار لـە لێکدانـەوەی تیۆرییەکەیدا پشـت دەبەسـتێت بـە بەڵگـەی پێچەوانـە، واتـە جیابوونـەوەو نەمانـی پەیوەنـدی لـە نیـوان کـوردو کارتفیلـددا، کـە ئـەوەش بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی بۆشـایی لـە نێوانیاندا و ئـەو بۆشـاییەش پێویسـتی بـە پڕکردنـەوە بـووە، کـە لـە کاردۆخـەوە دەسـت پێدەکات بـۆ کارتفیـل و بۆشـاییەکە بـە دروسـتبوونی کـورد پڕدەکرێتـەوە. ئەمـەش لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبـوو کـە مـار پێیوابـوو زمانـی کـورد کـە سـەربە کۆمەڵـەی زمانـی یافیتـی یـان جافیتیک بـووە، گۆڕاوە بـۆ زمانـی ئێرانـی یـان ئاریایی. بێگومـان بۆچوونەکانـی ن. ی. مـار-

یش دەبێ بەوجۆرە وەربگیرێت کە ئەگەری ئەوە هەیە توخم و ڕەگەزی کاڵدی یان خاڵدیەکانیش بەشدارییان کردبێت لە پرۆسێسی دروستبوونی ئیتنۆسی کوردیداو، بەڵام گومانمان لەوەش نیە کە ناشێت تاکە توخم یان ڕەگەزی ئەو پرۆسێسە بووبێت، هەروەک چۆن پێمانوایە کوردی ئێستا بەرهەم یان نەوەی هیچ تاکە ڕەگەزێک نیە بە تەنیا.

هەروەک سەبارەت بە کاردۆخیەکانی گەزنەفۆن (٤٠٠-٤٠١)ی پێش زاین، دەگوترێت: کاردۆخیەکان هیچ کەس نین تەنیا باپیرەی ڕاستەوخۆی کورد نەبێت. کاردۆخیەکان چیایی توونەدو تیژ بوون، هاوشێوەی کوردەکان لە هەمان وڵاتدا نیشتەجێ بوون و ناوی کوردەکان لە ناوی کاردۆخیەکان دەچێت(٣٥). لێرەدا کاردۆخیەکان بە باپیرەی ڕاستەوخۆی کوردەکانی ئێستا دانراون و بنەمای ئەم ڕایەش لە سەر دوو پایە وەستاوە، یەکەمیان نزیکی یان هاوشێوەیی نێوان ناوی یان زاراوەکانی کاردۆخ و کورد، دووەمیان ئەوناوچە جوگرافیایەی کە کوردی لێ دەژین و ئێستا کوردستان هەمان ئەو ناوچەیەیە کە کاردۆخیەکانی لێ ژیاون. بێگومان ئەم بۆچوونەش ناشێت بە ئاسانی ڕەتبکرێتەوە، بە تایبەتی کە بەڵگەی ئاشکراو بڕواپێکراو لەبەردەستدا نیە بۆ لەناوچوونی تەواوەتی کاردۆخیەکان. هەر لە ڕاستیشدا ناکرێت پێکهاتەیەک بە تەواوەتی لەناو بچێت و هیچ پاشماوەیەکی لێ بەجێنەمێنێت و دواتر لە شوێنی ئەودا پێکهاتەیەکی تری نوێ دروست ببێت و هیچ پەیوەندیەکی بەوی پێش خۆیەوە نەبێت. هەربۆیە لێرەدا دەشێ بگوترێت، کە ئەوەی کاردۆخیەکان تاکە باپیرەی کوردی ئێستا بن، جێگای پەسەندکردن و پشت ڕاستکردنەوە نیە، بەڵام نکوڵی ئەوە ناکرێت کە کاردۆخیەکان لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ناوچەکەدا بەشدارییان کردبێت لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ ڕاوبۆچوونی پ. لێرخ کرد سەبارەت بە ڕەگوڕیشەی کورد، کە ئەو پێیوایە» کوردەکان نەوەی ئەو خاڵدیە ئێرانی و چیاییە بەهێزو جەنگاوەرە ئازایانەن کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایندا هاتوونەتە ناوچە دەشتاییەکانی ڕووباری دیجلە و فورات»(٣٧). کەواتە بۆچوونی لێرخ-ش بەو ئاراستەیە، کە کوردەکان نەوەی یەک باپیرن، واتە بەرهەمی یەک خوێن و یەک دەمارن. هەڵبەت ئەمەش بابەتێکە ناشێت بەڵگەی

پێویست بۆ سەلماندنی هەبێت. هەروەک ئەوەشی ئاشکرایە لەو مێژووەدا کە لێرخ دەستنیشانی کردووە، پێکهاتەیەک نەبووە بە ناوی کورد، یان تەنانەت ناوی کورد یان وشەی کورد دەرنەکەوتووە. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لە بەرامبەر بۆچوونی پ. لێرخدا، بۆچوونی ن.ی. مارو مینۆرسکی ئەوەیە کە میدیەکان رۆڵی گرنگیان بینیووە لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا.

هەروەها درایڤەر هەوڵیداوە بە نزیککردنەوەی زاراوەکانی کوردیەئی و کوردوێنی پەیوەندی لە نێوان کوردو کاردۆخیەکاندا بدۆزێتەوە. هەروەک لە هەمان کاتدا بۆ جێگیرکردنی ئەم بۆچوونەی، گەڕاوەتەوە بۆ ئاماژەدان بەو جوگرافیایەی کە کاردۆخیەکانی ئەوسای تێدا ژیاون و کوردی ئێستای تێدا دەژی. لەم رووەوە درایڤەر دەڵێت: ئەو خاکەی کە بە شوێنی کوردیەئی یان کوردوێنی دانراوە، تەنیا درێژەیەکی کاردۆخیایە، وەک چۆن کوردستانی ئێستا هەمان ناوچەی کوردیەئە یان کوردوێنیەو فراوانتر بووەتەوە(٣٨). دیسان درایڤەر وای بۆ دەچێت ئەو خاکەی ئێستا کوردی لەسەر دادەنیشیت و نیشتیمانی کوردە، هەر هەمان شوێن و ناوچەیە کە کاردۆخیەکانی لەسەر نیشتەجێبوون و ژیاون.» ئەو خاکەی کە لە سەردەمی مێژوویيدا، سەرزەمینی رەگەزی کورد بووە، پێدەچێت هەر ئەو رووبەرە بێت کە یۆنانیەکان بە کەردۆخیا و هەردوو لایەنی یۆنانی و رۆمی-ش بە کوردوینی یان کوردیەئە ناویان بردبێت(٣٩).

فێردیناند هێنەربیشلەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەسەر رەگوڕیشەی کورد کە ساڵی ٢٠١٢دا بڵاوی کردۆتەوەو تیایدا زیاتر پشت بە تاقیکردنەوەی بۆماوەزانی بەستووە، دەڵێت: گۆڕانکاری خاسیێتەکانی زمان بە درێژایی کات لە کوردستان دەریدەخات باپیرە پێشینەکانی ئیتنۆسی کورد بە کۆمەڵێک زمان قسەیان کردووە(٤٠). هەروەها دەڵێت: کوردو ئەوانەی بە کوردی دواون، لە پێش زایینداا، دەشێت لە رووی زمانەوانیەوە کرابن بە بەڵگە بە تایبەتی لای ئێرانناس جێرنوت ونیدفۆهەر، کە نموونەی زۆری پێشکەش کردووە لە دووبارە بونیادنانەوەی قۆناغە هەرە سەرەتاییەکانی پێکهاتەی کوردی- کە سەرباری ئەو راستیەی هی سەردەمی کۆن و ناوەندی ئێران بوون، تاکو ئێستا پێشینانی زمانی کوردی نەزانراوە (لودویگ پاوڵ: زمانی کوردی لە

ئیلر ئۆنلاین)، لە راستیدا، هەموو زانیارییەکان ئەوەیان خستووەتە روو کە باپیرانی رەچەڵەک کۆچکەری کورد لە باکوری ئۆراسیاوە بەرەو باشور کۆچیان کردووە کە شێوە کۆنەکانی ئێرانییان - زمانی ئێرانی- بۆ رەسەنایەتی زووتری کورد هێنا لە باکورەوە نەک لە باشور یان باشوری رۆژئاواوە، وەکو لە لایەن هەندێ زمانەوانەوە گریمانە کراوە. لە هەموو زاراوە هەڵسەنگێنراوە یەکلاییکەرەوەکانی- بۆماوەیی- ئیتنی، زمانەوانی و جوگرافیایی،- کورد لەوە (قسەکەرانی کوردی) وادەردەکەون بە ئاشکرا فرە پێکهاتە بن و تاک بونیات نەبن. ئەمە لە لایەک بەرەو ئەو دەرئەنجامەمان دەبات بەکارهێنانی زاراوەیەکی میلی -گشتی- بەتەنیا وەکو -کورتی، سیرتی، یان کاردۆخی ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە رەچەڵەکی کورد- قسەکەری کوردی- لە یەک تیرەوە هاتبێت و نەشتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە لە جوگرافیایەکی تایبەتەوە هاتبێت(٤١)

هەروەها دەڵێت: زانیاری ترشە ناوکی (دی ئێن ئەی) لە بەردەستدابوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باپیرە گەورەکانی کوردەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا لە سەرەتایەکی زووەوە پێکەوە لەیەک کاتدا لە ناوچەکانی باکوری دوور، واتە لە ئەناتۆڵیای رۆژهەلات و باکوری میسۆپۆتامیا و لەوپەڕی باکوری رۆژهەلات واتە لە زاکرۆس و دەشتەکانی-بانەکانی- باکوری رۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆ دەرکەوتوون(٤٢). هەموو ئەم قسانەی هێنەربیشلەر ئەو بۆچوونە بەهێز دەکەن کە کورد پێکهاتەیەکی فرە رەگوڕیشەیە و دەشێ لە زۆرینەی خەڵکی رەسەنی ناوچەکەو کەمینەی هاتوو لە شوێنەکانی ترەوە پێکهاتبێت. ئەمەش لە بارێکی تردا ئەوە دەردەخات کە چەندین توخم و رەگەز بەشدارییان کردووە لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە ئەم توێژەرە باسی هیچ قۆناغ یان مێژوویەک ناکات کە ناوی کورد یان وشەی کوردی تیادا دەرکەوتبێت. واتە ئەمیش باسی ئەو پێکهاتانەی ناوچەکە دەکات کە دەشێ کوردیان بۆ بگەڕیتەوە، یان بەشدارییان کردبێت لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا.

بێگومان جۆرج گلێن کامێرۆن لە کتێبەکەیدا بەناوی» ئێران لە بەرەبەیانی مێژوودا» هیچ باسی کوردی نەکردووەو ناوی کورد یان وشەی کورد لە کتێبەکەیدا نەهاتووە. هەروەک لە مێژووی هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکان و

ساسانیەکانیشدا باسی کورد و ناوی کورد نەهاتووە. هەرچەندە نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان لە سەردەمی ساسانیەکاندا نووسراوە، کە دوو جار ناوی کوردی تیدا هاتووە. هەروەک جۆرج راولینسۆن لە کتێبەکەیدا» میژووی مادەکان»، باسی مادەکان دەکات و دەڵێت: دانیشتوانی کۆن ئەم ناوچەیان بە ناوی زاکرۆس دەناسی، بەڵام لە جوگرافیای نوێدا بە ناوی کوردستان و لوڕستان ناسراوە(٤٣).

کەواتە تا ئێرە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە تا سەردەمی ساسانیەکان و بە دیاریکراوی تا نووسینی کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان وشەی کورد یان ناوی کورد دەرنەکەوتووە، بەڵکو ئەوەی هەبووە نزیک کردنەوەی ناو و وشەی تر بووە لە ناو و وشەی کورد و دانانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکان بە باپیری کورد. سەبارەت بە ئیتنۆگێنزی کوردی و پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی یان میلەتی کورد، (کە وەکو پێشتریش گوتمان وشەی میلەت وشەیەکی گشتیە)، ڤیلچێڤسکی دەڵێت: لە ناوەڕاستی کوردستانی ئێستادا، لەسەر بنچینەی کۆمەڵێ خێڵی شوانکارەی هەمەجۆر، کە زۆرینەی توخمی ئێرانی بوو، وردە وردە پرۆسەی دروستبوونی میلەتی کورد دەست پێدەکات. ئەم پرۆسەیەش لە دەوروبەری ماوەی نێوان سەدەکانی دووەم و شەشەمی زاینی، لە رۆژگاری دەسەڵاتدارێتی پارڤیاو ساساندا، روودەدات(٤٤). کەواتە لێرەدا ئەم توێژەرە سێ بنەمای سەرکەی ئیتنۆگێنزی کوردی دیاری دەکات. یەکەمیان رەگەزەکانی بەشداربووی ئەو پرۆسێسەیە، کە وەکو ئەو دەڵێت زۆربەیان خێڵی شوانکارەی ئێرانین. لێرەدا دوو دیمەنمان بۆ ئاشکرا دەبێت، یەکەمیان ئەوەیە کە لە توخمێک زیاتر بەشداری ئەم پرۆسێسەی کردووە، کە زۆرینەیان کۆمەڵێ خێڵی شوانکارەن. هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە بیسەلمێنێت ئەم خێڵە شوانکارانە لە یەک رەگەز بن. دووەم ئەگەر ئەم خێڵە شوانکارانە لە یەک رەگەزیش بن، ئەوا ئەمان تەنیا زۆرینەی ئەو توخمانە پێکدەهێنن کە کوردیان لێ پەیدا بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەمینەی ئەو توخمانە لەو شوانکارانە نەبوون و دیارە مەرجیش نیە ئێرانی بووبن. ئەمەش دەریدەخات کە زیاتر لە توخمێک و زیاتر لە خەڵکی تاکە شوێنێک بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە. هەروەک خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەم توێژەرە ناوی ئەو شوێنەی

دیاریکردووه کە ئەم ئیتنۆسەی تیادا پەیدابووە، کە ناوەڕاستی کوردستانی ئیستایە. سێیەم کاتی بەردەوامی ئەو پرۆسێسەو پەیدابوونی ئیتنۆسی کوردی دیاری کردووە کە لە سەدەی دووەمی زاینیەوە دەست پێدەکات بۆ سەدەی شەشەم. لە سەرووی ئەمانەشەوە دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە مادەم ئەو باسی پێکهاتنی میلەتی کورد دەکات، واتە ناوی ئەم ئیتنۆسەشی دیاریکردووە کە ئیتنۆسی کوردیە.

بێگومان بەڵگەیەکی تریش کە پاڵپشتی ئەو لێکدانەوەیەی ڤیلچێڤسکی دەکات ناوهێنانی کوردە لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا. دیارە ماوەی دەسەڵاتداری ساسانیەکان لە (٢٢٤ بۆ ٦٥١) بەردەوامبووەو هەروەک ڤیلچێڤسکیش دەڵێت لە ماوەی فەرمانڕەوایی پارڤیاو ساسانیەکاندا میلەتی کورد وەکو میلەت کە مەبەست ئیتنۆسە دەرکەوتووە. کەواتە ئێستا تا ئەندازەیەک ئەوە ئاشکرایە کە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ساسانیەکانداو لە ناوەندی کوردستانی ئیستادا بووە.

# بەشی حەوتەم

## میدیا و ئایینی زەردەشتی: ئایا میدیا زەردەشتی بووە؟

بێگومـان بەرزکردنـەوەی پرسـیارێکی لەمجـۆرە دەشـێ تـا ئەندازەیـەک لای ڕووبەرێکـی فروانـی خەڵکـی کـورد جێـگای سـەرسـوڕمان بێـت، لەکاتێکـدا لـە کۆنەسـتی کۆمەڵایەتـی کـورددا بابەتـی زەردەشـتیبوونی میدیـاو دواتریـش زەردەشـتیبوونی کورد لـە رابردوودا هەمان شـێوەی ئارییبوونی کورد ڕووبەرێکی فراوانـی داگیرکـردووە. واتـە دەتوانیـن بڵێیـن ڕووبەرێکـی فراوان لـە کـورد نـەک هـەر هیـج گومانێکیـان سـەبارەت بـە زەردەشـتیبوونی باپیرانیـان نیـە، بەڵکـو بـە جۆرێـک لـە دڵنیابوونـەوە بـێ گەڕانـەوە بـۆ بەڵگـەو سـەلماندن هەربۆچوونێکـی لەمجـۆرە رەتدەکەنـەوە. ئەمـەش هۆکارێکـی سـەرەکی لـە پشـتیەوەیە کـە ئەویـش دروسـتبوونی هەسـتی خۆبـە ئێرانـی زانینـە لای کـورد. دیـارە ئـەم هەسـتەش دەرئەنجامـی کاری جیدی فارسـەکانە هـەر لەسـەردەمی کۆرشـی هەخامەنشیەوە هەتـا رۆژگاری ئەمڕۆمـان.

کەواتـە جێگای خۆیەتـی ئـەم بەشـەی کتێبەکەمـان بـەو پرسـیارەی سـەرەوە دەسـتپێبکەین و لـە ڕێگای هێنانـەوەی بەڵگـەی سـەلمێنەرەوە، هەوڵبدەیـن وەڵامێکی دروست یان تـا ئـەو ئەندازەی دەشـێت نزیک لـە راستی ئـەو پرسـیارە بدەینـەوە. بێگومـان لـە ڕووی زانسـتیەوە ناتوانرێت راسـتەوخۆ ئـەو پرسـیارە بـە بەڵـێ یان بـە نەخێر وەڵام بدرێتـەوە، چونکـە هـەر جۆرە وەڵامێک کـە بنەماکـەی راسـتەوخۆ و بـێ بەڵگـە، پەسـەندکردن یـان رەتکردنـەوە بێـت، هیـچ سـوودێک بـە ئامانجـی پرسـیارەکەو ئـەو پاڵنـەرەی پرسـیارەکەی بەرزکردۆتـەوە ناگەیەنێـت. هەڵبـەت پێـش ئـەوەی بـەدوای خسـتنەڕووی بەڵگـەو هەڵسـەنگاندنی بەڵگـەو بۆچوونـە

جۆراوجۆرەکاندا بگەڕێین، پێویستە ئەوە بەیادی خۆمان بهێنینەوە، کاتێ باسی کورد دەکەین، مەبەستمان لەو کاتەوەیە کە کورد وەکو ئیتنۆس دەرکەوتووە. هەروەک بێ سوودیش نابێت ئەگەر زیاتر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی پێشتر و بەدوای ئایینی ئەو پیکهاتانەدا بگەڕێین کە پێش دروستبوونی دەوڵەتی میدیا، لە زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆلیا ژیاون و بە ئەگەری زۆرەوە هەریەکەیان بەجۆرێک و بەڕێژی جیاواز بەشدارییان لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردووە. ئایا ئەو پێکهاتانە بپەرست بوون، یان چ ئایینێکیان پەرستووە، یان ئایا دەشێت شوێنکەوتووی هیچ بیروباوەڕێکی ئایینی نەبووبن وهیچ خوداو ئایینێکیان نەپەرستبێت، یان ئەگەر ئایینیان هەبووە، ئایا هەموویان هەر لە گۆتی و لۆلۆیی و میتانی و کاشی و هۆری و سوباری و کاردۆخی و ماد.. هەموویان یەک ئایین و یەک خودایان هەبووە یان خوداو ئایینی جیاوازیان پەرستووە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی سەرەوە، ئاماژە بە بۆچوونی هەندێ لەو مێژوونووسانە دەکەین کە لەو بارەیەوە دواون. سەبارەت بە بیروباوەڕی ئایینی میلەتانی ناوچەکە لە پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتێدا ماری بۆیس دەڵێت: لە پێش زەردەشتیەتدا گەلانی ناوچەکە زیاتر بتپەرست بوون. ئایینی هیندۆسی لە نیمچە دوورگەی هینددا پەیڕەو کراوە. سەرەکیترینی ئەو خواوەندانەی لە ئێرانەوە تا رۆم پەرستراون ڤارونـاو میترابوون(١). هەروەها مێژوونووس و توێژەری میدیاناس دیاکۆنۆف دەڵێت: ئەو نووسراو و تابلۆ ئایینیە نەخشێنراوانەی کە لە لایەن مانناییەکان و لورستانیەکانەوە دروستکراون، هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە ئایینی ئاهورامەزداو ئامۆژگارییەکانی زەردەشتەوە نیە. ئایینە کۆنەکانی گۆتیەکان و لۆلۆییەکان و کاسپیەکان بەبێ هیچ دەستکارییەکی ئەوتۆ لە نێو هۆزە نائێرانیەکانی بەشێک لە دانیشتوانی میدیای سەدەکانی نۆیەم و هەشتەمی پێش زایندا بە زیندوویی مابوونەوە(٢).سترابۆ دەڵێت: میدو هەخامەنشیەکان زیاتر لە خوایەکیان هەبوو. خودای میدو هەخامەنشیەکان بە کۆ ناوهێنرێن(٣). هیرۆدۆت باسی ئەوە دەکات کە هەخامەنشیەکان هیچ وێنەیەکی خواکانیان نیە، هیچ پەرستگەو شوێنی پەرستنیان نیەو بڕوایان بەوە نیە خواو مرۆڤ هەمان سروشتیان هەبێت. هەروەک هەخامەنشیەکان لەسەر

بەرزترین جێگا قوربانیان بۆ جیوپیتەرو بۆ ئاسمان و بۆ رۆژو مانگ و زەوی و ئاگرو ئاو و با کردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەخامەنشیەکان ئەم رەگەزانەیان بەخودا زانیووە، یان وەکو خودا سەیریان کردوون.

یەکێک لەو ئاییینانەی کە باس دەکرێت و بە دوو شێوە یان شوناس ناودەهێنرێت ئاییینی میترابیە، کە ئەویش میترای رۆمانی و میترای ئێرانیە، بەڵام لە راستیدا ئاییینی میترایی لەم دوو ناوە کۆنترەو هەریەکە لەم دوو ناوە لە قۆناغی دواتردا پەیدابوون یان دروستکراون و هەم لە ڕووی ناوەرۆک و هەم لە ڕووی خاوەنی ئاییینەکەشەوە جیاوزان لە ئەسلی ئاییینی میترایی. زەکەریای قادری دەڵێت: ئاییینی کوردەکان لە سەردەمی گۆتی تاکو سەردەمی میتانی و مادەکان ئاییینی میترایی بووە. میترا وەکو خودایەکی ئاسمانی و بۆ پەرستش نەبووە. بەڵکو ئاییینێکی کۆمەڵایەتی بووەو بە مانای گرێبەست و پەردیس- بەهەشت- بووە(٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە میترا لە ناوەرۆکداو بە مانای گرێبەست و پەیمان هاتووەو هیچ پەیوەندییەکی بە خۆرپەرستی ئێرانی یان میترای رۆمانیەوە نیە، کە ئەویش دیسان بە مانای خۆرپەرستی هاتووە. لە کاتێکدا میترای ئێرانی وەکو ئاییینێک پێناسە دەکرێت کە لە چوارچێوەی خۆردا بەرجەستە دەکرێت و راستەوخۆ شوێنکەوتوانی ئەم ئاییینە خۆر دەپەرستن. میترای میدیای و گۆتی و لۆلۆو میتانی هیچ بڕوایەکی بە پەرستن نیەو دوای هیچ بیروبۆچوونێکی میتافیزیکی یان ئایدیالی ناکەوێت. لە کاتێکدا هەموو ئاییینەکانی تر لەسەر بنەمای بڕوابوون بە نادیارو نەزانراو بنیادنراون، ئاییینی میترایی بڕوای بە میتافیزیک و ئاسمان بە مانای خودای نادیار نیەو هەرگیز ڕووەو ئاسمان و سەرکەوتن و بەرزبوونەوە بۆ پێگەی باڵا نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە میترا هەمیشە هاتنەخوارەوەیە. ئەمەش مانای ئاراستە جوڵەی بەرەو ژێر زەوین و جەستەیە، ک ئەوەش مانای رەهابوون و ئازادبوونی هەموو سنوورەکانی ژیانە.

بیڤار ئەی دی ئەیچ سەبارەت بە ئاییینی میدییەکان دەڵێت: ئەگەر ئەو شێوە پەردە لەسەر نراوانەی ئاییینی میترایی کە لە سەردەمی رۆمدا پشتڕاست کراونەتەوە، بگێڕینەوە بۆ رابردووی کۆنتر، ئەوا دەشێ هێماو ئایکۆنەکانی میترایی یارمەتیدەر بن بۆ نیشاندانی هەندێ بەرهەمی میدیایی و پشتگیری

دەرئەنجامەکان پەیوەست بە ئایینی ئەو دەوڵەتە بکەن(٥). هەرچەندە ئەم توێژەرە زیاتر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئایینی میترایی بریتە لە خۆرپەرستی و زیاتر باسی میترای رۆمانی دەکات و لەو سەروبەندەشدا هەندێجار ئاماژە بۆ میترای ئیرانی دەکات، بەڵام لە پشتی دێڕەکانیەوە ئەوە دەخوێندرێتەوە، کە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ میترای میدیایی و پێش میدیایش بکات بەوەی کە باسی هێما نائاشکراو شاراوەکانی میترایی لەسەردەمی دێریندا دەکات، یان باسی ئەو هێماو نیشانانەی میترایی دەکات کە لەسەردەمە کۆنەکاندا لە لایەن خەڵکانێکی کەمەوە زانراون و خەڵکانێکی کەم شارەزاییان لێیان هەبووەو تێیگەیشتوون. ئەوە ئاشکرایە کە ئایینی میترا یان میهر بە ئایینی خۆرپەرستی دادەنرێت و وەکو ئایینێکی کۆنی ئێرانی دەناسرێت. هەرچەندە لە لایەکی ترەوە باسی ئایینی میترایی رۆمانی دەکرێت، بەڵام ئەوە جێگای گومان نیە کە لە سەرزەمینی ئێرانەوە ئایینی میترایی بە مانای خۆرپەرستی گواستراوەتەوە بۆ رۆمان. بەڵام وەکو دەردەکەوێت لە پێش میترای خۆرپەرستی ئێرانی و میترای خۆرپەرستی رۆمانیدا، ئایینی میترایی میدیایی یان پێش میدیاییش هەبووە، کە ئەمەیان هیچ پەیوەندییەکی بە خۆرپەرستیەوە نەبووەو هەر لە راستیدا بنەماو پرینسیپی پەرستنی نەبووە، واتە بنەماکانی ئایینی نەبووە، بەڵکو بریتی بووە لە پەیماننامە یان رێکەوتن کە وەکو پەیماننامەی کۆمەڵایەتی سەیرکراوە.

لە ویکیپیدیادا بەمجۆرە پێناسە ئایینی میترایی کراوە: میتراییزم کە هەروەها بە ئاڵۆزی و نادیاری میترایی یان بە ئایینی میتراس دەناسرێت، ئایینێکی تەمومژاوی رۆمانی بوو، هەرچەندە لە لایەن پەرستیارانی ئێرانیەوە سرۆشی لە خواوەندی زەردەشتیەوە – یەزەتا- میتراوە وەرگرتووە، میترای رۆمانی پەیوەستە بە وێنەیەکی دیارەوە، لەگەڵ ئاستێکی بەردەوامی نێوان پیادەکردنی گفتوگۆکراوی فارسی و گریکی و رۆمانی(٦). نهێنیەکانی- ئاڵۆزییەکانی- ئەم ئایینە لە نێو سوپای ئیمپراتۆریتی رۆمانیدا لە سەدەی یەکەمەوە بۆ سەدەی چوارەمی زاینی باوو بڵاو بوون و سروتەکانی ئایینەکە لەو شێوەیەیدا کە ناونراوە میترای رۆمانی جێبەجێکراون. ئاشکرایە پەرستیاران و شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە سیستێم و رێبازێکی ئاڵۆزی حەوت قۆناغی دەستپێشکەری کردن، سروتی خواردنی گشتی هەبووە. کە ئەم سروتانە بە یەکگرتنی پەرستیاران بە

تەوقەکردن ئەنجامدراوە کاتێ لە ژێر پەرستاگاکاندا کۆبوونەتەوە یان بەیەکتر گەیشتوون. ئەمەش ئەم شوێنەیە کە وەکو ژێر زەمین یان ژێر پەرستگاکان لە میترای ڕۆمانیدا باس کراوە، وەکو هاوشێوە یان شوێنگرەوەی ئەشکەوتە لە میترای میدیایدا.

وەکو گوتمان میترای میدیایی هیچ پەیوەندییەکی بە خۆرپەرستی و پەرستن و سروتەکانی میترای ئێرانی و میترای ڕۆمانیەوە نیە، بەڵکو هەر ئەوەیە کە ناوی ئایینی لێنراوە ئەگینا لە راستێدا میترای میدیایی ئایین نیەو بریتیە لە گرێبەست و پەیماننامەو رێکەوتن، کە دواتر باسی ناوەرۆک و گوتاری ئەو گرێبەست و رێکەوتنە دەکەین. لە راستێدا ئەوانەی میترایان گۆڕیووە بۆ خۆرپەرستی و خاسێتی ئاینێکی نوێیان پێبەخشیووە، پیاوانی ئایینی زەردەشتی بوون. لەم ڕووەوە زەکریای قادری دەڵێت: خۆرپەرستی ئایینی میهر، ئایینێکی نوێیە لە بەئێرانیکردنی میتراوە هاتووە، کە لە لایەن پیاوانی ئایینی زەردەشتیەوە داهێنراوەو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ بنەماکانی ئایینی میترادا نیە(٧). لە راستێدا میترا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ زەردەشت و ئایینی زەردەشتێدا نیە، کە لە قۆناغێکی دواتردا کە قۆناغی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ساسانیە، ئایینی زەردەشتی کراوەتە ئایینی فەرمی دەوڵەت. لە ڕاستێدا نەک هەر هیچ نزیکی و پەیوەندییەک لە نێوان میتراو زەردەشت نەبووە بەڵکو زەردەشت میترای بە خراپەکارو ئەهریمەن زانیووە. تا ئەو ئەندازەی کە نەک هاوتایی و رێکەوتن لە نێوان ئایینی زەردەشتی و میترایدا نەبووە، بەڵکو ئایینی زەردەشتی بە هەموو شێوەیەک دژی ئایینی میترایی بووە، تا ئەو ئەندازەی کە پێدەچێت ئایینی زەردەشتی لەسەر بنەمای دژایەتی و رەتکردنەوەی میترایی بەرهەمهاتووەو دروستکراوە.» سەرەتا ئایینی میترا لە رۆژئاوای ئێران لە نێو مادەکاندا باو بووە(٨).هەروەها بەپێی قسەکانی هیرۆدۆت مادەکان ستایشی خودای میترایان کردووە(٩). هەروەک ئاشکرایە لە سەروەختی هێرۆدۆتدا خەڵکی رۆژئاوای ئێران، کە دیارە مەبەست مادەکانە، ئاگاداری ئایینی ئەهورامەزدا نەبوون و ئەو ئایینەیان نەناسیووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە مادەکان نە پەرستیارو نە شوێنکەوتووی ئایینی زەردەشتی نەبوون. هوفر کلوسکا باسی ئەوە دەکات کە لە سەردەمی پێش ئاوێستاو هەخامەنشیداو لە وڵاتیکی غەیری ئاریایدا، واتە لە

وڵاتی ماددا، خودای میترا پەرستراوە(١٠). لێرەدا لە لایەک ڕووناکی دەخرێتە سەر ئەوەی کە لە وڵاتی مادەکانداو لە پێش روخاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی میدیا لە لایەن هەخامەنشیەکانەوە، خەڵک خودای میترایان پەرستووە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە میدیەکان زەردەشت پەرست نەبوون. هەروەها خاڵێکی گرنگی تریش روناکی دەکەوێتە سەر ئەویش ئەوەیە کە وڵاتی میدیەکان وەکو وڵاتێکی نا ئاریایی ناودەبرێت، واتە نیشتیمانی میدیەکان نیشتیمانی رەچەڵەکی ئاریایی نەبووە. کەواتە لێرەوە لەو بۆچوونە نزیک دەبینەوە کە دەشێت زیاتر وەکو راستیەکی رەتنەکراوە باس بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە یەکەم میدیەکان ئاری نەژاد نەبوون، دووەم میدیەکان میترایی بوون نەک زەردەشتی. هەروەک هوفر کلوسکا باسی دەکات: وشەی میترا لە هەموو زمانەکاندا، نیشاندەری ناوی میترا بووە لە نێو قەومی ماددا. وشەی میترا لە سەرچاوە ئیلامی و یۆنانیەکاندا- میترۆباس- و لە سەرچاوە ئارامیەکاندا هەموو ئاماژە بە ناوی تایبەتی میترا لە نێو قەومی ماد دەکەن(١١).

سەبارەت بە ئایینی میترایی، رۆناڵد میرکیلباخ دەڵێت: میترایی واتە پەرستنی میترا، خودای ئێرانی خۆرو دادپەروەری و گرێبەست و شەڕ لە پێش زەردەشتیەتی ئێرانیدا. ئەم خواوەندە لە ماوەی سەدەی دووەم و سێیەمی زاینیدا لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا ناسراوە(١٢). لە پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی و پەیدابوونی زەردەشت بە تایبەتی لە سەدەی شەشەمی پێش زاین بۆ دواوە، باسی ئەوە دەکرێت کە لە سەرزەمینی ئێراندا، نەک فرە ئایینی بەڵکو فرە خودایی هەبووە. لەو سەروبەندەو لە نێو ئەو فرە خوداییەدا، میترا لە هەرە گرنگترین و دیارترین خواوەندی سەرزەمینی رۆژئاوای ئێران بووە. ئەو خودای گرێبەست و پەیوەستبوونی ئاڵوگۆڕ یان دوو سەرە بووە.. لە تابلۆیەکی بسماری سەدەی پانزەیەمی پێش زایندا کە رێکەوتنێک لە نێوان هیتیەکان و میتانیەکان لەخۆدەگرێت، میترا وەکو خواوەندی شوێند بانگهێشت کرا(١٣). هەروەها لە» هەندێ دەقی ڤێدیکدا خواوەندی میترا (شێوەی هیندی میترا) وەکو هاوڕێ و گرێبەست هەردووکیان دەردەکەوێت. ئەمەش واتە هاوڕێ و بنیادنانی گرێبەست وەکو رێکخستنی پەیوەندی نێوان کەسەکان وایە، هەر لەبەرئەوەیە هەندێجار میترا وەکو نێوەندگیر ناوبراوە.

گرنگترین سروتەکانی میترای ئێرانی قوربانی کردنی مانگایە، کە لە رونگەی زەردەشتیەوە ئەو قوربانیکردنە جۆرێکە لە بتپەرستی کۆنی ئێرانی. هەروەک هەمان قوربانیکردنی مانگا لە میترایی رۆمانیشدا هەیەو ئەوان مانگای سپی دەکەن بە قوربانی کە پێیانوایە ئەو قوربانیە پاشان دەگۆڕێت بۆ مانگ. هەروەک بڕوا وابووە کە قوربانی و گرێبەست پێکەوە دەبەسترێن چونکە لەو سەردەمەدا وا باوبووە کە رێکەوتنەکان لە سەر خوانی گەورەو گشتی ئەنجام بدرێن. ئەوە جێگای گومان نیە کە ئایینی میترایی ئایینی میدیەکان بووە. ئەوەش دەریدەخات کە میدیەکان میلەتێکی کردەیی بوون و بڕوایان بە ڕووبەری میتافیزیک و نادیار لاواز بووە. هەروەک میتراییبوونی ئەوان جیاوز بووە لە میترای ئێرانی یان فارسی کە لە هەخامەنشیەکانەوە دەست پێدەکات. لای فارسەکان ئایین بریتی بووە لە دڵسۆزی بۆ پاشا و هەر پاشایش پارێزەری ئەو دڵسۆزی و دادپەروەری و گرێبەستە بووە، کە ئایینی میترای ئێرانی پێداگری لەسەر کردووەو ئەم ئایینە ئایینی خۆرپەرستی بووەو جیاواز بووە لە میترای میدیایی کە تەنیا گرێبەست بووە.

کاتێ کۆرش دەوڵەتی هەخامەنشی لە شوێنی دەوڵەتی ماددا دامەزراند، وای نیشاندا، دەوڵەتی نوێ هەر درێژکراوەی دەوڵەتی پێشووە. لە سەرەتادا پلەو پایەی دا بە خانەدانەکانی ماد، بە تایبەتی موغەکان و نەجیبزادەکان، کە بە سەرۆکایەتی ئارپاک هاوکاری هەخامەنشیەکانیان کردبوو بۆ روخاندنی دەسەڵاتی ئاستیاگی دوا پاشای میدیەکان. بەرامبەر بە ئایینی مادەکانیش کە ئایینی میترایی بوو، لە سەرەتاوە هەخامەنشیەکان هەمان نەرمونیانیان نواند و رێگرییان لە پەرستن و سروتە ئایینیەکانی میترا لە لایەن مادەکانەوە نەکرد. بەتایبەتی لە سەردەمی داریوشدا (٥٢٢ بۆ ٤٨٦ی پێش زاین) کە پاشای هەخامەنشیەکان بوو، پشتگیری ئایینی زەردەشتی دەکردو بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە داریوش خۆی بڕوادارو شوێنکەوتووی ئایینی زەردەشتی بووبێت.» داریوش و ئەو پاشایانەشی لە دوای ئەو هاتن نیازیان نەبوو بە هەوڵدانیان بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی ئایین و بیروباوەڕانی پێشتر، کێشەی سیاسی دروستبکەن، لەکاتێکدا ئایینی پێشوو هێشتا لە دڵی زۆر لە خانەدانەکاندا خۆشەویست بوو(١٤).

لە کتێبی پاشایەتی میدیادا، توێژەری ئازەری عەلی ئیقرار یێف باسی ئەوە دەکات کە ئەو ناوانەی میلەتانی دێرینی زاکرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا هەڵیان گرتووە، ناو بوون بۆ گوزارستکردن لە میلەتی کۆنی ماد یان باپیرانی ماد. بۆ ئەو مەبەستە وتەیەکی ئنگاند دەهێنێتەوە کە دەڵێت: ناوە جۆراوجۆرەکانی ماد، گۆتی، ئومان ماندا،ماننا، هۆری، مهری (میترا)، مادەکان،... بۆ ئاماژەکردن بوون بە قەومێکی تایبەت واتە کوردەکان(١٥). ئەوەی جێگای سەرنجە، لەم وتەیەی سەرەوەدا ناوی میهرو میترا لە ریزی ناوی پێکهاتە دێرینەکاندا بەکارهێنراون، لە کاتێکدا ناوی میهرو میترا لەبری رەگەز یان رەچەلەک و نەژاد ناوی ئایینین. بەڵام لە پشتی ئەم ناوهێنانەوە دیسان ئاماژەی ئەوەیە هەیە کە دەشێ بەو پێکهاتانەی باوەڕدارو شوێنکەتووی ئایینی میترایی بوون گوترابێت میلەتی میترایی یان میلەتی میهری، هەرچۆن دەگوترێت میلەتی مسوڵمان، میلەتی مەسیحی، میلەتی جولەکە. واتە ناوە ئایینیەکە گوزارشت لەو پێکهاتەیە دەکات کە پەیڕەوکەری ئەو ئایینەن.» ناوی میترا لە وشەی –میهر–ەوە خودای قەومی مادەوە سەرچاوەی گرتووە، ماد بە واتای ناوەڕاست هاتووەو هەروەها بە واتای میتانی یان ناوەندیش بەکارهێنراوە(١٦). ئەم بۆچوونەش زیاتر جەخت لەوە دەکات کە میترا خوای مادەکانە. ئاشکراشە کە پێش مادەکان ناو و بوون و مێژوویەک نیە بە ناوی ئێران یان پێرشیا. کەواتە ئەوەی ناونراوە میترای ئێرانی و بریتی بووە لە خۆرپەرستی لە دوای مادەکانەوە دەرکەوتووەو وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد دەستکردی پیاوانی ئایینی زەردەشتی بووەو بە ئارەزووی خۆیان گۆڕانکارییان بەسەر بنەماو پرینسیپەکانی ئایینی میتراییدا هێناوەو لە ئایینێکەوە کە بەرنامەی بەڕێوەبردن بووە، واتە لەو روانگەیەوە کە گرێبەست بووە، کردوویانە بە ئایینێکی میتافیزیکی و لەبری خزمەتی خەڵک خستوویانەتە خزمەتی پاشاوە.

بێگومان ئەو پێداگریەی کە زەکەریای قادری سەبارەت بە شوێنکەوتنی ئایینی میترایی لە لایەن میدیەکانەوە دەیکات، لای میدیاناسێکی وەکو دیاکۆنۆف بەوجۆرە نیە. راستە دیاکۆنۆف بە ئاشکرا پێداگری لەسەر ئەوە ناکات کە ئایینی زەردەشتی تاکە ئایینی میدیەکان بووبێت، بەڵکو ئەو باسی دەرکەوتنی ئاڤێستاو زردەشت و ئایینی زەردەشتیش دەکات لە سەردەمی میدیەکاندا.

بـەڵام لەپـاڵ ئەوەشـدا لـە پشـتی دێرەکانـی دیاکۆنۆفـەوە ئـەوە دەخوێندرێتـەوە کە لـە سـەردەمی پاشـایەتی میدیـادا تاکە ئایینێکی باڵادەسـت بوونـی نەبووبێت، کـە هەمـوو میلەتـی میدیـا شـوێنکەوتووی بووبـن. لەمبـارەوە دیاکۆنـۆف دەڵێـت: هەرچۆنێـک بێـت ئـەم ئایینـە- ئایینـی زەردەشـتی- لـە سـەرەتای سـەدەی سەشـەمی پێش زایندا، لـە میدیا بووەتـە ئایینی فەرمی. هەرچەنـدە گومانـی تێدا نیـە لـە لایـەن بەشـێکی کۆمەڵگاوە پەیڕەوی لـێ نەدەکرا، دەبێت ئـەوەش بڵێیـن کـە تەنانـەت چاودێری پەیڕەوکەرانیـش دەکـرا(١٧). ئـەم وتەیـەی دیاکۆنـۆف کـە دەرئەنجامـی ئـەو لێکۆڵینـەوە پڕ لـە وردەکارییەیـە کە سـەبارەت بـە ئایینـی میدیـا کردویەتـی، ئـەوە نیشـان دەدات لـە پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشـتی و تەنانـەت بـە درێژایـی فەرمانڕەوایـی میدیەکانیـش نـە ئایینـی زەردەشـتی بووەتـە ئایینـی بـڵاوو پەیڕەوکـراوی هەمـوو سـەرزەمینی میدیـا، نـە تاکـە ئایینێکـی تـر بووەتـە ئایینـی هەمـوو میدیـا. هـەروەک پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد لـە سـەرزەمینی میدیـاو ئێرانـدا فـرە ئایینـی و فـرە خودایـی هەبـووە، کـە لـە راسـتیدا یەکێـک لـەو ئایینانـە ئایینـی میترایـی بـووە.

هەروەکـو لـە وتەکـەی دیاکۆنۆفـدا هاتـووە، لـە سـەرەتای سـەدەی شەشـی پێش زایندا، ئایینی زەردەشتی کراوەتە ئایینی فەرمـی میدیا. ئاشکرایە دەوڵەتی میدیـا لـە سـاڵی ٥٥٠ی پێش زایندا روخـاوە، واتـە ئەگـەر ئـەم بـە فەرمیکردنـەی ئایینـی زەردەشـتی لـە میدیـادا لـە سـاڵی ٥٩٩ی پێش زاینیش دەسـتی پێکردبێت، هێشـتا ناتوانرێت بگوترێت ئایینـی زەردەشـتی لـە مـاوەی پێنـج دەیـەی کۆتایـی دەسـەڵاتی میدیـادا بـە تەواوەتـی رەگـی داکوتـاوەو بووەتـە ئایینـی زۆرینـەی میدیـا یـان مـادەکان.

بێگومـان کاتـێ باسـی فـرە ئایینـی دەکرێت لـە کۆمەڵگای میدیـادا، یـان لـە هـەر کۆمەڵگایەکـی تـردا، ئـەوە ئاشـکرایە دوو ئاسـت هەیـە بـۆ فـرە ئایینـی، یەکەمیـان فـرە ئایینـی قۆناغـی پێش دەرکەوتـن یـان سـەرهەڵدانی ئایینـە ئاسـمانیەکانە، یـان بـە دەربڕینێکـی تـر قۆناغـی ئایینـە خۆڕسـکی و ئایینـە ناوچەییەکانـە. دووەمیـان قۆناغـی ئایینـە ئاسـمانی و ئایینـە دیارەکانـە، کـە دەشـێ بـە قۆناغـی ئایینـە میلـی یـان بەرفراوانەکانیـش ناوببرێـت. لـە پێـش ئایینـی زەدەشـتیدا، لـە سـەرزەمینی میدیـا، ئایینـە خۆڕسـکی یـان ناوچەییـەکان هەبـوون کـە دەشـێ خێـڵ و پێکهاتـە

جیاوازەکان و پێکهێنەرەکانی کومەڵگا ئایین و خواوەندی تایبەتی خۆیانیان هەبوویێت، بەڵام هیچ کام لەو ئایینانە نەبۆتە ئایینی هەموو کۆمەڵگا.» ئامۆژگارییەکانی زەردەشت و موغەکان نێوەندگیرێکی ئەرێنیانە بوون لە نێوان ئایینی خۆڕسکی گەل و هۆزەکان و ئایینە دۆگماکانی ڕۆژگاری دواتر. لەو دەمەدا کۆمەڵگای میدیا و باکتیریاو پارسیا تازە چووبوونە نێو قۆناغی دابەشکاری چینایەتی کۆمەڵگاوە، هۆزەکانیش تازە بەرەو پێکهێنانی نەتەوە هەنگاویان دەنا، لەبەر ئەوە ئایینی زەردەشتی نەیدەتوانی وەکوو ئەو ئایینانە بێت کە لە ڕۆژگاری قەیرانی کۆمەڵگای کۆیلەگەریدا سەریان هەڵدەدا. لێ دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئایینەکان لەو کاتەدا خۆڕسکانە سەریان هەڵنەدەدا، بەڵکوو کۆمەڵێک ئامۆژگاری و یاسای دیاریکراو بوون و لە لایەن مامۆستا ئایینیەکانەوە دروست دەکران(١٨). ئەم وتەیە پەیوەندی بە سەردەمی میدیاوە هەیە، کە وەکو دواتر باسی دەکەین، بەپێی بۆچوونەکان زەردەشت و پەیامەکەی لە سەردەمی میدییەکاندا دەرکەوتوون و دڵنیاییەکی تەواویش دەربارەی نە مێژووی دەرکەوتنەکەو نە شوێنی دەرکەوتنەکەش لەبەردەستدا نیە، بەڵام ئەوەی مایەی دڵنیاییە گەیشتنی ئامۆژگارییەکانی پەیامی زەردەشتیە (گاتاکان و یەشەت)، کە کەم تا زۆر لە سەرزەمینی میدیا بڵاوبوون یان بیسترابوون. بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نیە کە ڕەگیان بەناو کۆمەڵگادا داکوتابێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت لە نێوان ئایینە خۆڕسکەکانی خێڵ و هۆزە جیاوازەکان و ئایینە توونددو بە دۆگمابووەکاندا ڕووبەرێکیان داگیر دەکردو ڕۆڵی نێوەندگیریان دەبینی، بەڵام ئاشکرایە کە ئاستی پەیڕەوکردنیان هەرگیز فراون نەبووە، بەڵکو زیاتر وەکو ئامۆژگاری و لە لایەن موغەکانەوە بەکاردەهێنران. هەروەک لێرەدا ئەو پرسیارەش سەرهەڵدەدات: ئایا موغەکان تەنیا بریتی بوون لە پیاوانی ئایینی زەردەشتی، یان پیاوانی ئایینە دۆگماو خۆڕسکیەکانیش بە ئایینی میتراییشەوە بە موغ ناودەبران یان موغەکان خێڵ یان پێکهاتەیەکی دیارو تایبەتی کۆنفیدراسیۆنی میدیا بوون؟

ئەوە ئاشکرایە کە باوکی مێژوو، سەرباری باسکردنی میدیەکان بەڵام هێندە بایەخ بە ئایینی میدیەکان نادات و لێی نادوێت. تاکە شتێک لەو بارەوە باسی لێوە کردبێت باسکردنی موغەکانە، ئەویش بەشێوەیەکی سادە لێیان

دەدوێت و بە فاڵگرەوەو جادوگەر ناویان دەبات. دیارە لەسەردەمی هیرۆدۆتدا لە کەلتووری یۆنانیدا، پیاوانی ئایینی میدیەکان بە موغ ناوبراون. هەروەک هیرۆدۆت «موغەکان بە کۆمەڵەیەکی تیرەگەر یاخود پیشەوەر دانانێت، بەڵکو بە یەکێک لە هۆزە میدیەکانیان دادەنێت.. هەروەک لە نووسراوەکەی بێستووندا، لای داریوشی یەکەم وشەی موغ بە مانای پیشە یاخود توێژێک نەهاتووە، بەڵکو مانای نەژاد دەگرێتەوە. سەرئەنجام لە رۆژگاری فەرمانڕەوایی ئەسکەندەری مەکدۆنی و دواتریش لە سەردەمی گەل و هۆزە دێرینەکاندا، پێیان وابوو موغەکان بریتین لە کاهینی نێو هۆزە نائێرانیەکان و ئەو هۆزانەش کە ریشەیەکی ئێرانیانەیان هەیە.. هەروەها لە کۆتایی رۆژگاری پارتەکان و سەردەمی ساسانیەکاندا، رۆمی و یۆنانیەکان، ئەو کەسانەیان بە موغ لە قەڵەم دەدا، کە خزمەتی ئایینی زەردەشتییان دەکرد کە لەو کاتەدا ئایینی رەسمی ئێرانیەکان بوو(١٩). بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە موغەکان لە سەردەمی دوا پاشای میدیەکاندا کە ئاستیاگ بوو، شانبەشانی خانەدانەکان دژی پاشای میدیا وەستان و ناپاکیان لێ کردو پشتگیری کۆرشی هەخامەنشییان کرد بۆ روخاندنی دەسەڵاتی میدیەکان. بەڵام ئایا ئەو موغانە پیاوانی ئایینی زەردەشتی بوون، یان پیاوانی ئایینی ئەو ئایینە خۆڕسک و ناوچەییانەی سنووری قەڵەمڕەوی میدیا بوون کە زیاتر لە ئایینێک بوون، یان هەموویان بوون پێکەوە؟ ئایا لەو سەربەندەدا هەڵوێستی ئایینی میترایی چی بووبێت؟

دیارە ئەوەی ئەم بابەتە پێوەی خەریک دەبێت، دیاریکردنی ئایینی میدیەکانە. لە لایەک ئەو بۆچوونە تا ئەندازەیەک لای کوردی ئێستا جێگیرە کە گوایە میدیەکان شوێنکەوتووی ئایینی زەردەشتی بوون و ئێستاش ئەو کوردانەی کە بێ بیرکردنەوەو بێ بەڵگە خۆیان بە نەوەی میدیەکان دەزانن، هەم گومانیان لە زەردەشتیبوونی میدیەکان نیە، هەم لە ناخی خۆیاندا شانازی بە زەردەشتی بوونی باپیرانیانەوە دەکەن و ئایینی زەردەشتیش بە ئایینی دێرینی خۆیان دەزانن. تەنانەت بۆچوونی لەوجۆرەش هەبووەو ئێستاش دەشێ لە ئاستی لاوازدا هەبێت، کە پێیوایە کورد بگەڕێتەوە بۆ ئایینی زەردەشتی و بیکاتە بنەما بۆ خۆدروسستکردنەوەو خۆبونیادنانەوە (رابەرانی کاژیک بە تایبەتی جەمال نەبەز لە تیۆرییە خەیاڵیەکەیدا بەناوی قوتابخانەی سۆشیالیستی

کوردی پێیوایە ئایینی زەردەشتی دەبێتە پایەی سەرەکی کوردایەتی، رەنگە هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بووبێت کە بە رێوشوێنی زەردەشتیانە بەخاکیان سپارد). لە لایەکی ترەوە توێژەرێکی وەکو زەکەریای قادری بە پشیبەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوە هەوڵدەدات بیسەلمێنێت کە میدیەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینی زەردەشتیەوە نەبووە، بەڵکو میدیەکان شوێنکەوتووی ئایینی میترایی بوون، کە ئەویش نەک هەر ئایینێکی ئاسمانی نیە، بەڵکو بنەماکانی ئایینی نیەو بڕوای بە میتافیزیک نیەو بریتیە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی. کەواتە ئێستا قسە لەسەر ئەم پرسەیە کە دەپرسێت: ئایا میدیەکان میترایی بوون؟ یان ئایا میدیەکان زەردەشتی بوون؟

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە میترایی ئایینێکی کۆنی ئێرانیەو بریتیە لە پەرستنی خواوەندی میترا، کە خواوەندی رۆژو دادپەروەری و گرێبەست و جەنگ بووە لە قۆناغی پێش دەرکەوتنی زەردەشت و ئایینی زەردەشتێدا. کۆمۆنت فرانز دەڵێت: مێژووی میترایزم رەگوڕیشەی لە قوڵایی رابردوودایە. بەڵگەی سەدەی چواردەی پێش زاین دۆزراوەتەوە لە پایتەختی هیتیەکان لە (بوغازی کوی)، کە تیایدا ناوی میترا، ڤانونا، ئیندراو دووانەیەکی ئاسمانی تۆمارکراوە(٢٠). بەپێی ئەم وتەیە دەرکەوتنی خواوەندی میترا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر پێش دەرکەوتنی میدیەکان و لە هەمان کاتدا بەڵگەی بوونی ئەم خواوەندە لە پایتەختی هیتیەکان و لە هەمان ئەو جوگرافیایەدا کە دواتر بووەتە زێدی میدیەکان دۆزراوەتەوە. دواتر ئێرانیەکان پێگەیەکی بەرزیان بە میترا رەوابینیووەو وەکو ئەفرێنەدەری یان وەکو فریشتەی ئاسمانی ڕووناکی سەیریان کردووە. دواتر لەگەڵ فراونبوونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتی فارسیدا ئایینی میترایی زیاتر بڵاوبووەوەو بەهێز بوو بەتایبەتی لە ئاسیای بچووکدا. تۆفیق وەهبی دەڵێت: میترا یەکێکە لەو خواوەندانەی کە هێشتا لە ئێران دەپەرسترا، سەرباری ئەوەی زەردەشت میترای رەت کردۆتەوە..دەرکەوتنی ئایینی میترایی لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی چینی کاهینەکانی فارس بوو بە کاهینە بابلیەکانەوە لە دوای داگیرکردنی بابل لە لایەن کۆرشەوە ساڵی ٥٣٩ ی پێش زاین(٢١)..لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتووە: میترایزم ئایینێکی کۆنی ئێرانیە، بریتیە لە پەرستنی میترا، کە لە گەورەترین خواوەندەکانی ئێران بوو

لە پێش هاتنی زەردەشت لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا. لە تابلۆیەکی پسماری سەدەی پانزەی پێش زایندا کە ڕێکەوتنێکی تێدایە لە نێوان هیتیەکان و میتانیەکاندا، میترا وەکو خودای شوێند- پەیمان- ناودەبرێت(٢٢). دیاکۆنۆف دەڵێت: ئایینەکانی تر جگە لە ئاهورامەزدا، بە تایبەتی ئایینی میترا ئاناهیت لە سەردەمەکانی زەردەشتیەتی دواتردا پەیدابوون و هێشتا لێرە بوونیان نەبوو(٢٣). هەروەها دەڵێت: دەشێت گریمانەی ئەوە بکەین کە زاراوەناسی ئایینی- ئیتنیکی نێو نووسراوەکانی هەخامەنشیەکان زەردەشتین، یاخود نزیکن لە زەردەشتێتەوە. لێ گومانی تێدا نییە کە لە نێو ئەو نووسراوانەدا ئاهورامەزدا خودای گەورەیە، لە تەنیشت ئەویشدا ئاماژە بە چەند خودایەکی تریش کراوە، (داریوشی یەکەم تەنها باسی تایبەتمەندیە گشتیەکانی کردووەو ئاماژەی بەناو نەکردووە، بەڵام کسێرکسی دووەم –خشاریاشا- بە تایبەت ئاماژەی بە ناوی میترا و ئاناهیت کردووە(٢٤).

هەرچەندە بابەتی ئایین لە کۆمەڵگا دێرینەکانداو بەپێی سروستی مرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورە لە بوونیدا بەدوای هێزو پالپشتێکدا گەڕاوە کە ئەو بۆشاییەی پێ پڕبکاتەوەو دروستبوونی یان دروستکردنی خواوەندەکان و ئایین بەگشتی لە مێژووی دێریندا بەمجۆرە پەیدا بووەو دەرکەوتووە. بە واتایەکی تر مرۆڤ خۆی دروستکەری خواوەندو ئایینەکان بووە. هەندێجار ئەو خواوەندانەی کە دروستی کردوون و پیرۆزیی پێبەخشیوون لە نێوان زیندەوەران و ئەو بتانەی دروستی کردوون، نەک هیچ پیرۆزییەکیان نەبووە، بەڵکو ناشیرین و دزێویش بوون. بەڵام لە ئایین و ڕووبەری رۆحیدا ئەوەی گرنگە چۆن نموونەی ئەو خواوەندانە دەکرێن بە هێماو پیرۆزییان پێدەبەخشرێت. ئەم قسانە بۆ سەردەمی میدیەکانیش وەکو هەر سەردەمێکی تری کۆن و هەر کۆمەڵگایەکی تری کۆن راستە. ئاشکرایە کۆمەڵگای میدیا کۆمەڵگایەکی فرە ئایینی بووە. هەر لە راستیشدا لە سەروەختی میدیەکان و پێش میدیەکانیشدا، کۆمەڵگای میسۆپۆتامیا لە سۆمەرو ئەکدو بابل و ئاشوور هەر یەکە زیاتر لە خوایەکیان هەبووە. واتە دەتوانرێت بگوترێت هەر پێکهاتەو خێڵ و ناوچەیەک خواوەندی تایبەتی خۆیانیان هەبووە. بۆ نموونە لە سەردەمی دەوڵەتۆچکەی

شاردا لای بابلیەکان هەر دەوڵەتۆچکە یان هەر شارەو خواوەندی خۆیی هەبووە، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە مەردۆخ گەورە خواوەندی بابلیەکان بووە. کەواتە دەبێ بارودۆخی ئایینی و پەرستن لەسەردەمی میدیا و لەسەر خاکی میدیا چۆن بووبێت؟

«کۆنترین شێوەی ئایینی خەڵکی ماد لە ئەو بەشانەی زەند ئاڤێستادایە کە بەپێی هەندێک نیشانەی ناوەرۆکی دەقەکان، کۆنترین بەشەکانی ئەم دەقە پیرۆزەن(٢٥). راستە لێرەدا باسی کۆنترین ئایینی خەڵکی ماد دەکرێت کە بە زەند ئاڤێستا دادەنرێت، بەڵام گومانی تێدا نیە کە پێش دەرکەوتنی ئاڤێستاش، خەڵکی ماد یان باوباپیری مادەکان ئایینی تریان هەبووەو ئەگەر تاکە ئایینێکی دیاریش نەبووبێت، ئەوا هەر کۆمەڵە کەس یان خێڵ و هۆزێک خواوەندی تایبەتی خۆیانیان هەبووەو پەرستوویانن، چونکە ناشێت خەیاڵی بوونی کۆمەڵگایەک بکەین بەبێ بوونی ئایین. لە سەردەمانی کۆندا، سروشتپەرستی و فرە خودایی باوبووە. «هەموو خواکان بەبێ جیاوازی بە ئەهورا یان دێوا بانگ دەکران. هەر کام سەربەخۆ بوو لە ئەوانی دیکەو وا دیارە هەموویشیان هێزی سروشتی بوون نەک کەس و تەن. یەزدانی رەشەبا یان گرمەی هەور گرنگترین یەزدانە. میترا یەزدانی خۆرو ئاراماتی یەزدانی زەوی و ڤایۆڤایۆ یەزدانی باو و ئاگنی یەزدانی ئاگرو سۆما یان هۆمایش یەزدانی سەرخۆشی و سەرمەستی بوون(٢٦).

لێرەدا دیارە کە پەرستن بۆ توخمەکانی سروشت یان خاسیەتەکانی توخمەکانی سروشت بووە. هەربۆیە ئایینەکانی سەردەمانی دێرین زیاتر بە سروشت پەرستی ناوبراون. بەڵام دواترو لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا پەیوەستبوون بە سروشتپەرستی و شوێنکەوتنی توخمەکانی سروشت بەرەو لاوازی چووە. بە پێی سەرچاوەکان لە سەر زەمینی میدیا یان پارسدا، سەرەتای لاوازبوونی سروشت پەرستی دەرکەوتووە کە پەیوەستبوونێکی هەستی و ڕووکەش بووە بە توخمەکانی سروشت و خاسیەتەکانیانەوە. لەبری ئەوە سیستێمی نوێی ئایینی» بە ناسینەوەی ئاشکراو جیاجیای توانا رۆحیەکان- جەوهەرە راستەقینەکان- کە بە جیا لە هەر هێزیکی دیکە، بەس خۆیان بۆ ئایینەکە گرنگ بوون، دەستی پێکرد. ئەم هێزو تواناگەلەیشی دابەش کرد بۆ چاک و

خراپ، رەسەن و ناڕەسەن، بە بەزەیی و کیناوی، بۆ دەستەی یەکەم چەمکی ئەهورای بەکارهێنا، بە واتای ژیان، یان جەوهەری رۆحانی کە چاکە بوون. دەستەی دووەمیش بە چەمکی دیوا کە خراپ بوون، ناسێنران(٢٧).

بێگومان ئەوەی ئاشکرایە ئایینەکان لە سەر بنەمای دووانەی چاکە/ خراپە، خێر/ شەڕ بنیادنراون، ئەمەش گەوهەری هەموو ئایینەکانە. کە ئەهورا لە بەرامبەر ئەهریمەن، یان رەحمان لەبەرامبەر شەیتان و بەگشتی هێزی خێرو چاکە لە بەرامبەر هێزی شەڕو خراپەدایە. ئەم دووانە دژانەش هاوشێوەی سەرجەم ئەو دووانە دژانەن کە هاوسەنگی و هارمۆنیای سروشتیان بەرهەمهێناوە. بە واتایەکی تر ئایینەکان لەو کاتەوە کە خاسێتی ئایینیان وەرگرتووە، لەپاڵ لایەنە رۆحیەکانیاندا، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئامانجیان دروستکردنی جۆرێک لە هاوسەنگی و ئارامی بووە، کە ئەوەش لە ئەنجامی بوونی دووانە دژەکاندا بەرهەم دێت. ئەوەی سەبارەت بە کۆمەڵگای میدیا لە ڕووی ئایینیەوە پێویستە باس بکرێت، ئەوەیە ئایا بارودۆخی ئایینی ئەم کۆمەڵگایە چۆن بووە؟ ئایا ئایینی باو و باڵادەستی خەڵکی میدیا کام ئایین بووە؟ میترایی یان زەردەشتی یان هەر ئایینێکی تر، یان ئەم دوو ئایینە هەردووکیان، یان ئەم دوو ئایینەو چەند ئایینێکی تریش؟ مەبەست لە گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەشدا ئەوەیە ئایا ئەگەر پێکهاتەی میدیایی بەشداری کردبێت لە ئیتنۆگێنزی کوردیداو بەو پێیەش مادەکان یەکێک بن لە باپیرەکانی کورد، ئایا ئایینی مادەکانیش، هەر ئایینێک بووبێت گواستراوەتەوە بۆ ئەو ئیتنۆسەی کە لە ئەنجامی پرۆسێسی درێژخایەنی ئیتنۆگێنزی کوردی پێکهاتووە؟

ئەوە ئاشکرایە کە لەسەر دوو بنەما دەتوانرێت باسی ئایینە کۆنەکان بکرێت، کە یەکەمیان پەیام و دەق و بنەماو یاساو رێسای ئەو ئایینەیە بە شێوەی نووسراو، واتە ئایینەکە کتێبی هەبێت. دووەم سرووتەکانی ئەو ئایینەو شێوازو چۆنێتی پیادەکردنیانە لە لایەن شوێنکەوتووانی ئەو ئایینەوە، کە ئەمەش دیسان ئەگەر ئایینەکە کتێبی هەبێت دەبێ سروتەکانی ئەو ئایینەش لەو کتێبەدا چوارچێوەیەکیان بۆ دانرابێت و شێوازی پیادەکردنیان باسی لێوە کرابێت. بە گوێرەی ئەو ئایینانەی کە کتێبیان نیە، ئەوا دەشێ لە بوارەکانی

تری نووسیندا بە تایبەتی لە بواری مێژوودا باسی ئەو ئایینانەو بنەماکانیان کرابێت، چی بنەمای رۆحی یان میتافیزیکی بێت یان بنەمای مادی و پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکەوە بێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر میلەتی هەڵگرو شوێنکەوتووی ئەو پەیامە ئایینیە نووسینی هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو میلەتە نووسینی نەبوو ئەوا هەمان شێوەی مێژووەکەی دەبێ لە مێژووی میلەتانی دراوسێ و دەسەڵاتە هاوچەرخەکانیدا مێژووی بوونی ئەو میلەتە بە هەموو خاسیەتەکانیەوە پەیجوور بکرێت و بزانرێت ئەوانی تر چیان لەبارەوە گووتووەو نووسیووە، کە ئەمەش زۆرجار پشت پێبەستنی ئاسان نیە، چونکە دەشێ میلەتانی ترو دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی ئەو میلەتەو مێژوونووسەکانیان بە ئارەزووی خۆیان و لەسەر بنەماو ئاستی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو میلەتە، باسیان کردبن و لەبارەیانەوە نووسیبێتیان. رەنگە بە هەڵەدا نەچووبین ئەگەر بە گوێرەی کۆمەڵگای میدیای بڵێین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگایەکی بێ نووسین بووە، مێژووەکەی بەم جۆرە نووسراوەتەوە چونکە ئەوانی تر بۆیان نووسیووەتەوە، ئەویش لە پەراوێزی خۆیانداو لە میانەی ئەو ڕووداوانەوە کە پەیوەندییان بە خۆیان و میدیاوە هەبووە.

ئەی دی ئێچ بیڤار لەبارەی کۆمەڵگای میدیایی و نەبوونی نووسین و ئاڤێستاوە دەڵێت: روانینی برواپێکراو ئەوەیە کە میدیەکان زمانی نووسینیان نەبووە، لەبەر ئەوە بابەتی کتێبی پیرۆزی زەردەشتی ئاڤێستا کە بەهەموو حسابێک بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میدیەکان، دەزانرێت بۆ چەندین سەدە ئەم کتێبە بەشێوەی زارەکی گواستراوەتەوەو تەنانەت دوای دەرکەوتنی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکانیش هەر بەو جۆرە ماوەتەوە(٢٨). بێگومان ئایینی میترایی کە لە هیندەوە بۆ ئێران و بە تایبەتی رۆژئاوای ئێران، واتە لە مەملەکەتی میدیا بڵاوبووەتەوەو دواتریش گەیشتووەتە سنووری قەڵەمڕەوی رۆمان، لە هەمان ناوچەو لە مێژوویەکی زووتریشدا بڵاوبووەتەوە. واتە ئەگەر پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە ئایینی میترایی بووەتە ئایینی میدیەکان، دیسان دەبێ باسی ئەوەش بکەین کە یەکەم ئەم ئایینە ئایینی کۆمەڵگایەکی بێ نووسین بووە، هەروەک باسی هیچ کتێبێکی ئەم ئایینەش ناکرێت تەنانەت وەکو ئاڤێستا دەماودەم گواسترابێتەوە. ئەم قسەیەش بەو مانایە نیە کە

بنەماو پەیام و سروتەکانی ئایینی میترایی هیچیان لەبارەوە نەزانراوە. نەخێر بەپێی سەرچاوەکان و بە پێی ئەو بەڵگەیەی لە (بوغازی کوی) دۆزراوەتەوەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەو چواردەی پێش زاین، دەردەکەوێت کە ئەم ئایینە پەیام و بنەمای خۆیی هەبووم. دیارە ئەو پەیام و بنەماو سروتانەی کە لە چوارچێوەی ئایینەکەدا پەیڕەوکراوە، دیسان بەشێوەی زارەکی و دەماو دەم بووە. هەروەها لە ڕێگای پیادەکردنی سروتەکانیەوە درێژەی بەخۆی داوە تا ئەو کاتەی لە سەردەمی دەرکەوتن و بەهێزبوونی ئایینی عیسایی لە رۆمدا دژایەتی کراوەو بەرەو نەمان چووە.

بێگومان ئاشکرایە کە ئایینی میترای لە سەر زەمینی میدیاو ئیرانەوە گەیشتووەتە سنووری ئیمپراتۆریتی رۆمان. واتە «ئەو گریمانەی کە میترایزمی سەردەمی رۆمانەکان لە مادەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، شتێکی نوێ نیە. بەڵگەی زۆر ئاشکراش بۆ ئەمە ناوی خواوەندی میترا خۆیەتی. میترا لە زمانی لاتینیدا، نموونەیەکی وەرگیراوە لە دیالێکتی- زمانی- میدیای دێرینی رۆژئاوای ئێران(٢٩). هەڵبەت ئەوەی بەلای ئەم بابەتەوە گرنگە بوونی ئایینی میترایە لای میدیەکان، چونکە گەیشتنی ئایینەکە بۆ سنووری ئیمپراتۆریتی رۆمان دەکەوێتە قۆناغی دوای فەرمانڕەوایی پاشایەتی میدیاوە. هەروەها مەبەستی ئێمە ئەوەیە بزانین ئایا بە راستی ئایینی میترایی بووەتە ئایینی میدیا، ئەگەر ئەم ئایینە لە سنووری پاشایەتی میدیادا پەیڕەوکراوەو مادەکان شوێنکەوتووی بوون، ئاستی ئەو شوێنکەوتن و پەرستنە چۆن بووە؟

پێشتریش ئەوە ئاشکرایە کە خواوەندی میترا وەکو خواوەندێکی هیندۆئێرانی دەناسرێت و باسی ئەوەش دەکرێت کە خواوەندی میترا خواوەندی خۆرەو هەر لەسەر ئەم بنەمایەش شوێنکەوتووانی ئایینی میترایی بە خۆرپەرست ناوبراون. بەڵام لەپاڵ ئەم بۆچوونانەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا میترای هیندۆئێرانی و میترای میدیای و میترای رۆمانی جیاوازییان هەیە، یان هەمان خواوەندن و هەمان پەیام و بنەماو یاساو رێساو سروتیان هەیە؟ «ناوی خودای میترای هیندۆئێرانی (ڤێدیک، میترا، میترای ئاڤێستا، میترای فارسی کۆن...)دەوەستنە سەر ناوی گشتی میترا بە واتای- گرێبەست-، پەیمان، رێککەوتن، هاوپەیمانی، بەڵێن. ئەم واتایانەی ئەم ناوە گشتیە- میترا-

لە سەدەی نۆزدەدا زانراوەو بارسۆلۆمیا ئەم ناوەی وەکو هێما یان کۆد لێ کرد، کاتێ خواوەندی میترای وەکو خواوەندی خۆری ئاریایی وەرگرت(٣٠). کەواتە لێرەدا ناوی میترا وەکو ناوی خواوەندێک تەنیا ناوێکی تایبەتی نیە بۆ میترای میدیایی، بەڵکو لای هیندیە کۆنەکان و لای ئێرانیەکان و لای میدیەکان و پاشانیش لای هەخامەنشی و ئەشکانیەکانیش یان بە دەربڕینێکی تر لای پارتەکان و فارسەکان و هەروەها لای رۆمانەکانیش ئەم ناوە هەمان ناوە، بەڵام ئایا سروشتی ئەم خواوەندی لە نیوان ئەم پێکهاتە جیاوازانەدا هەمان سروشتەو ئایینەکەی هەمان ئایینەو سروتەکانی ئایینەکەی هەمان سروتن و بەهەمان شێوە جێبەجێ دەکرێن، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازن؟

ئاشکرایە کە میترا لە نێو خواوەندانی هیندیدا یان لە پەرستگای خواوەندانی ڤێدیکدا، یەکێکە لەو خواوەندانەی کە لە ریزی ئەدیتیاس و لە خواوەندانی کۆمەڵەی خۆرن، واتە لە بنەما باڵاو سەروەرو پایەدارەکانی گەردوونن. میترا نیشانەو هێمای هاوڕێیەتی و یەکگرتن و پێکەوە گونجانە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە گرنگ و پڕ بایەخن و دەور دەبینن لە پاراستنی رێکخستن و پێکەوە هەڵکردن لە بوونی مرۆڤدا. ئەگەر لێرەوە سەرنج بدرێتە ئەرکی خواوەندی ڤارونای هیندی یان ڤێدیک ئەوا جۆرێک لە نزیکی و هاوڕایی و هاو ئەرکی لە نێوانیاندا هەیە، لە کاتێکدا ڤارونا وەکو خواوەندی پارێزەری رێکخستنی مرۆڤ سەیر دەکرێت. ئاشکرایە میترای هیندی یان ڤێدیک وەکو گەوهەر یان تەنانەت وەکو رۆحی رۆژ سەیر دەکرێت، تا ئەو ئەندازەی هەندێ جار خاسیێتەکانی هەساڕەی پێدەدرێت و بەو خاسیێتانەوە وێنا دەکرێت. لە بەرامبەر میترای هیندۆیزمیدا، میترای ئێرانی دیسان وەکو خواوەندی خۆر سەیر دەکرێت و هەر ئەوەش هۆکار بووە کە شوێنکەوتووانی وەکو خۆرپەرست ناوببرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میترای ئێرانی وەکو خواوەندی یەکێک لە ئایینە ئاڵۆزو تەمومژاویە گەورەکان سەیر دەکرێت کە ئایینی میتراییەو ڕووبەرێکی فراون لە شوێنکەوتووی هەبووە. لە راستیدا لێرەدا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات بۆ ئەو سەردەمەی کە میتراو ئایینی میترایی دەرکەوتووە، کە دەپرسێت: ئایا لەو قۆناغە مێژووییەدا سەرزەمین و

جوگرافیایـەک هەبـوو بـە نـاوی ئێـران، هەتـا بـاس لـەوە بکرێـت کـە ئایینـی میترایی ئایینێکی ئێرانی بووە؟ یان هەرچۆن ناوی ئێران داتاشراوێکی نوێیە، بەهەمـان شـێوە میتـرای ئێرانیـش ناوێکـی نوێیـە؟

هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە ناوی ئێران ناوێکی زۆر نوێیەو بۆ یەکەمجار لە نەورۆزی ساڵی ١٩٣٥دا، رەزا شا، داوای لە نوێنەرانی بیانی کرد لەبری وشەی پێرشیا یان پێرشیا ناوی ئێران بەکاربهێنن کە بە مانای سەرزەمینی ئاری یان خاکی گەلی ئاری دێت. کەواتە ئەوەی رۆژئاواییەکان لە دوای ئەو بڕیارەی رەزا شا ناویان لێناوە ئێران، مەبەست لەو سەرزەمینەیە کە پێشتر پێی وتراوە پێرشیا یان سەرزەمینی ئاری، کە بێگومان بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان یەکەم دەسەڵاتی دیاری ئەو سەر زەمینەو یەکەم پێکهاتەی دیاری ئەو سەر زەمینە میدیەکان بوون کە لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا لە چیاکانی زاکرۆس دەرکەوتوون. لە «نووسراوی سەدەی نۆیەمی پێش زاینی ئاشووری نوێ لە سەر موسەلەی رەشی شالماسەری سێیەم، کە لە نەمرود دۆزراوەتەوە، لە دواین شێوەکانی ئاشووریدا پارسوا و پارسوماش وەکو هەرێمێک یان میلەتێک نیشان دەدات کە کەوتوونەتە چیاکانی زاکرۆسەوە(٣١). ئاشکرایە ئەوانەی لە چیاکانی زاکرۆس ژیاون میدیەکان و هۆری و کاسی و گۆتی و لۆلۆیی میتانیەکان بوون، ئەمانەش لەبری ئەوەی بە ئێرانی ناوببرانایە، دەبوو بە زاکرۆسی ناوببرانایە، چونکە ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بە پارسوا یان پارس و پارت و فارسی دواترەوە نیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وشەی ئێران وشەیەکی نوێیەو وشەی پێرشیاش کە دەرکەوتنی ئاشکرای لە دوای روخاندنی دەوڵەتی میدیاوە دێت، دەکەوێتە دوای ئەو قۆناغەوە کە پەیوەندی بە ئایینی سەردەمی میدیەکانەوە هەیە. هەر لەم ڕووەوە ناوهێنانی ئایینی میترایی بە ئایینی ئێرانی لەبەردەم پرسیاردایە. خۆ ئەگەر مەبەست لەوەش بێت کە میترایی بریتی بێت لە ئایینی میهر ئەوا مانای وایە پەیوەندی نیە بە ئایینی میتراییەوە. لەم بارەیەوە زەکەریای قادری دەڵێت: بەگشتی دینی میهر بە دینی خۆرپەرستی و بە ئایینێکی ئێرانی دادەنرێت.. خۆرپەرستی لایەنگرانی ئایینی میهر، ئایینێکی نوێیە لە بە ئێرانیکردنی میترا لە لایەن پیاوانی ئایینی زەردەشتیەوە داهێنراوەو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ بنەماکانی ئایینی میتراییدا نیە(٣٢).

بەپێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە سنووریکی دیاری جیاکەرەوە لە نێوان ئایینی میترایی کە مێژوویەکی کۆنتری هەیەو لە سەر زەمینی میدیادا ی‌لاوبووە، لەگەڵ ئایینی میهری خۆرپەرستی کە لە ئێرانداو لە قۆناغێکی دواتردا بڵاوبووە هەیە. هەڵبەت ناڕاستەوخۆش لە پشتی ئەم بۆچوونەوە ئەوە دەخوێندرێتەوە ئایینی میهر کە ئایینی ئێرانی خۆرپەرستیە لە دروستکراوی پیاوانی ئایینی زەردەشتیەو ئەمەش بەجۆرێک ئاماژەی ئەوە دەدات کە نزیکی لە نێوان ئایینی میهرو ئایینی زەردەشتێدا هەبێت. لەبەرامبەردا، نەک نزیکی لە نێوان ئایینی میترایی و زەردەشتێدا نیە، بەڵکو ئایینی زەردەشتی ناکۆک بووە لەگەڵ ئایینی میترایدا. بەجۆرێک کە» زەردەشت، میترا بە ئەهریمەن و شەیتان دەناسێت و ئایینی زەردەشتی لەسەر بناغەی ڕەتکردنەوەی میترا داڕێژراوەو دروست بووە(٣٣). دیاکۆنۆف مێژووی میدیەکان پەیوەست بەو ئایینانەی کە دەشێ لەو قۆناغەدا بڵاو و پەیڕەوکراوبوون دەکات بە دوو قۆناغەوە، قۆناغی پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی و قۆناغی دوای دەرکەوتنی زەردەشت و ئایینەکەی. دیارە دیاکۆنۆف جیاواز لە زەکەریای قادری کە پێداگری ئەوە دەکات تاکە ئایینی میدییەکان ئایینی میترایی بووە، ئەو پێیوایە لە پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتێدا، میدیەکان شوێنکەوتووی ئایینی تر بوون، کە گومانی تێدا نیە یەکێک لەو ئایینانە ئایینی میترایی بووە، بەڵام ئاماژەی ئەوەش دەدات کە ئەوە تاکە ئایین نەبووە. لەم ڕووەوە دەڵێت: ناوە میدیایە ئێرانیەکانی سەدەی نۆ تا سەدەی حەوتی پێش زاین، بەڵگەی بوونی بیروباوەڕی (مادو ئاهورا) و چەند بیروباوەڕێکی بەربڵاوی ئایینی ترن کە لە نێو گەل و هۆزە ئێرانیەکانی ئەو ڕۆژگارەدا باوبووە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو ناوانە پەیوەندییەکی ئاشکرایان لەگەڵ بیروباوەڕی ئاڤێستادا نیە، بەڵام هیچ دژایەتیشیان لەگەڵیدا نیە. تەنها لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا کۆمەڵێک ناو پەیدابوون کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی زەردەشتدا هەبوو(٣٤). بەپێی ئەم بۆچوونەی دیاکۆنۆف هەتا سەدەی شەشەمی پێش زاین هیچ نیشانەیەکی زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت و بەگشتی ئایینی زەردەشتی دەرنەکەوتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنانەت ئەگەر لە یەکەمساڵی سەدەی شەشەمی پێش زاینیشدا ناوە زەردەشتیەکان دەرکەوتبن، دەسەڵاتی میدیەکان ماوەیەکی

هێندە درێژ لە دوای ئەوە بەردەوام نەبووە، کە بەشی ئەوەی کردبێت ئایینی زەردەشتی بووبێتە ئایینی میلەتی میدیا. ئەمەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کە میدیەکان شوێنکەوتووی ئایینی تر بوون.

راستە دەشێ کاریگەری ناڕاستەوخۆی ئایینەکانی میسۆپۆتامیا بە تایبەتی ئایینی بابلیەکان و کاریگەری خواوەندی مەردۆخ بە شێوەی لاواز لە سەرزەمینی میدیادا بینرابێت، بەڵام ناشیت و بەڵگەی ئەوەش بەدەستەوە نیە کە ئایینەکانی میسۆپۆتامیاو خواوەندەکانیان لە سنووری قەڵەمڕەوی میدیادا کاریگەری لەبەرچاویان هەبووبێت. ئەمەش پێمان دەڵێت لە سەرەتای دەرکەوتنی میدیەکانەوە هەتا نیو سەدە پێش روخاندینان ئایینی دیار لەسەر زەمینی میدیادا ئایینی میترایی بووە، کە دیاکۆنۆف بە بیروباوەڕی ماد ناوی دەبات کە دیارە مەبەست لە بیروباوەڕی ماد ئایینی مادە. هەروەک زەکەریای قادریش میترا بە میترای ماد دەزانێت و رەتی دەکاتەوە کە میترای ئیرانی بوونی هەبێت. بەڵکو ئەوەی رۆژئاواییەکان بە میترای ئێرانی ناوی دەبەن، ئەو بە ئایینێکی دروستکراو یان دەستکاری کراوی دەستی پیاوانی زەردەشتی دادەنێت. کەواتە لێرەدا بۆچوونەکانی زەکەریای قادری لە بۆچوونی ماری بۆیس و کۆنت فانوز و جۆرج راولینسۆن و زۆرینەی مێژوونووسانی کۆنی ئێرانی و مێژوونووسانی عەرەبی و ئیسلامی و زۆرینەی مێژوونووسانی کورد، زیاتر لە راستیەوە نزیکە. بایەخی ئەم بۆچوونەی زەکەریای قادری زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وەکو لێکۆڵەرێکی ورد هەوڵی ئاوەژووکردنەوەی بۆچوونێکی داوە کە نەک هەر لای ئەو بیانیانەی باسی مێژووی مادو کوردیان کردووە وەکو راستیەکی جێگیرو رەتنەکراوە نیشانیان داوە، بەڵکو لای کورد خۆیشی تاکو ئێستا ئەوە وەکو راستیەکی چەسپاو سەیر دەکرێت، کە گەوهەرەکەی بریتیە لەوەی گوایە میدیەکان پەرستیارو شوێنکەوتووی ئایینی زەردەشتی بوون و پێداگری ئەوەش دەکرێت کە گوایە کورد هەتا فەتحی ئیسلامی و گەیشتنی سوپای عەرەبی ئیسلامی بە کوردستان شوێنکەوتووی ئایینی زەردەشتی بووە. ئەم توێژەرە ئەم بابەتەی خستووەتە بەردەم پرسیارەوەو لە رێگەی ئەو بەڵگەو سەرچاوانەشەوە کە پێشکەشی کردوون، هەوڵیداوە راستی بۆچوونەکانی خۆی بسەلمێنێت و بەڵگەو پاساوەکانیشی لە کۆی بەڵگەی ئەوانەی کە میدیەکانیان بە زەردەشتی داناوە، بەهێزترە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە لە پێش دەرکەوتنی زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی زەردەشتدا، میلەتانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا بێ ئایین نەبوون. هەروەک دەشێت بەشێک لە میلەتێک هیچ ئایینێکی نەبێت، بەڵام ناکرێت میلەتێک بەگشتی هیچ ئایینێکی نەبێت، چونکە خەیاڵکرنی میلەتێک بە بێ ئایین چاوەڕوان نەکراوە. دیارە بۆ مێژووی ئەم ناوچەیە لە پێش دەرکەوتنی زەردەشتیەتدا، دەشێ ئایینی جۆراوجۆر هەبووبێت کە ئاشکراشە ئایینەکانی ئەو سەردەمە بەگشتی لە نێوان سروشتپەرستی و بت پەرستیدا بوون، بۆیە ئاساییە کە میلەتی میدیاش هەم سروشتپەرستی و هەم بت پەرستیشیان تێدا بووبێت، بەڵام نکوڵی ئەوە ناکرێت لە پاڵ ئایینەکانی تردا، ئایینێکی سەرکی هەبووە کە پێدەچێت خەڵکی میدیا شوێنکەتوو یان پەرستیاری ئەو ئایینە بووبن کە ئەویش ئایینی میترایيە.» میدیەکان ئایینێکی کۆنی ئێرانیان هەبوو، کە مەزداپەرستی واتە شێوەیەکی پێش زەردەشتی، یان میترایزم بوو، هەروەک بەپێی قسەی هێرۆدۆت، مادەکان ستایشی خودای میترایان کردووە(٣٥). ئەمەش گومانێک لەوەدا ناهێڵێتەوە کە میدیەکان شوێنکەوتووی ئایینی میترایی بوون. بەڵام ئایا بۆچی و لە چ پێناوێکدا لە لایەن هەندێ لە مێژوونووسانی بیانی و زۆرینەی مێژوونووسانی کوردو فارسەوە میدیەکان بە زەردەشتی ناو دەبرێن؟

ئایا پەیوەندی میدیەکان بە ئایینی مەجوسیەوە چی بووە؟ پەیوەندی ئایینی مەجوسی و ئایینی زەردەستی چی بووە؟ «کاتێک کە نەتەوە ئێرانیەکان لە ناوچەکانی خۆرهەڵات و باشوری دەریای خەزەردا تووشی کەمی شوێن بوون، وردە وردە بەرەو ناوچە خۆرئاوایی ترەکان و پاشان بەرەو باشور هێرشیان برد، ئەوان وردە وردە گەیشتنە هۆزە سکاییەکانی نیشتەجێی ناوچە کوێستانییەکانی ئەرمەنستان و ئازربایجان و کوردستان و لورستان، کە وا دیارە ئایینیان مەجوسی بوو(٣٦)». بێگومان لەم وتەیەی سەرەوەدا ئەوەی گرنگە سەرنجی لێ بدرێت ئەوەیە کە ئەم توێژەرە میدیاناسە باسی ئەوە دەکات کە لە قۆناغی کۆچی میلەتە ئێرانیەکان بەرەوە ئەو ناوچانەی کە ئێستا کوردستانە و شوێنی پێشتری مادەکان و ئەو میلەتانە بووە کە دەشی کوردیان بۆ بگەڕێتەوە، شوێنکەوتووی ئایینی مەجوسی بوون. بەڵام ئەم توێژەرە کاتی کۆچی ئەو پێکهاتانە دیاری ناکات.

ڕەنگە جێگای خۆی بێت بپرسین ئایینی مەجوسی چیە؟ مەجوسی ئایینێکی دێرینە، پێش نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش ئیستا لەو سەرزەمینەی ئیستا ناودەبرێت بە ئێران دەرکەوتووە. ئەم ئایینە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی کۆنی ڤیدیکی هیندی و باس لەوەش دەکرێت کە شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە ئاگر دەپەرستن. هەر ئەمەش وایکردووە کە مەجوسیەکان بە ئاگرپەرست ناوببرێن. هەروەک بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە ئایینەکانی مانی و مەزدەکی و زەردەشتی بگەڕێنەوە بۆ ئایینی مەجوسی یان لقی ئەو ئایینە بن. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئایینی مەجوسی لەو ئایینانەی تر کۆنترە. جۆرج راولینسۆن دەڵێت: ئایینی مەجوسی بەشێوەیەکی بنچینەیی، ئایینی پەرستنی توخمەکان و ناسینی ئاگر، هەوا، خاک و ئاو، وەکو تەنها شتەکانی شایستەی ڕێزی مرۆڤ بوو. مەجوسەکان هیچ خودایەکی کەسییان نەبوو، هەر بۆیە پەرستگاو مەرقەدو بتەکانیان ڕەتکردەوە، چوکە ئەوانە ئەو ئەندێشەیەیان پەروەردە دەکرد کە خوداکان سروشتێکی وەکو مرۆڤیان هەیە، واتە کەسایەتییان هەیەو بوونێکی زیرەک و زیندوون. ئایینی ئەوان پەرستنی سروشت بوو، بەڵام لە جۆرێکی زۆر تایبەت(٣٧).

ئەوە ئاشکرایە کە سروشت پەرستی پێش ئەو ئایینانە هاتووە کە خودایەکی کەسییان هەبووە، کە ئایینی زەردەشتی لە جۆری دووەمیانە، هەرچەندە وەکو ئایینێکی جووت خودایی یان دووانە پەرستی دەردەکەوێت. ئەمەش واتە سروشت پەرستی نیشانی دەدات کە ئایینی مەجوسی لە پێش ئایینی زەردەشتیەوە هەبووە. هەروەک وشەی ماجی- ماگی Magi کە بە مانای پیاوانی ئایینی بەکارهاتووەو بە ماگ یان ماگیو، پاشانیس بە مۆغ بەکارهاتووە، پێش بڵاوبوونەوەی ئامۆژگارییەکانی زەردەشت بە پیاوانی ئایینی گوتراوەو تەنیا تایبەتیش نەبووە بە ئایینی زەردەشتی، بەڵکو پیاوانی ئایینی مەجوسیش بەهەمان ناو ناسراون، کە خودی وشەکە نزیکە لە ناوی ئایینەکەوە مەجوسی. هەر لێرەشەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت بەشێک لەو موغانەی لەگەڵ خانەدانەکانی میدیادا پشتگیری کۆرشی هەخامەنشیان بە دژی ئاستیاک کرد، موغە مەجوسیەکان بووبن. هەرچەندە زۆرینەی ئەوانەی باسی ئایینی مەجوسییان کردووە لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا وەکو یەک ئایین باسیان دەکەن، بەڵام ئەوەی ئەگەری راستی زیاترە ئەوەیە سەرباری بوونی ئایینی

میترایی لە چیاکانی زاکرۆس و ئەوەی ئێستا بە رۆژئاوای ئێران ناودەبرێت لە پێش ئامۆژگارییەکانی زەردەشتدا، ئەوەیە کە ئایینی مەجوسی ی لاوبووبێت.

لە ئینسایکلۆپیدیای ئێرانیکا سەبارەت بە ناوی ماجی Magi هاتووە: ماگو، ماگوش، ماگوس تاکە تۆماری دیاریکردنی پیاوانی ئایینی بووە لە هەموو رۆژئاوای ئێراندا لە سەردەمی میدیەکان و هەخامەنشیەکان و پارسەکان- ئەشکانیەکان- و ساسانیەکاندا...لە سەردەمی پارسەکان- ئەشکانی- و ساسانیەکاندا ئەم ناوە بەکاردەهات بۆ پیاوانی ئایینی زەردەشتی(٣٨). لێرەدا ئاشکرایە کە وشەی موغ لە سەرزەمینی رۆژئاوای ئێراندا کە دیارە ناوی ئێران زۆر نوێیە، بۆ پیاوی ئایینی بەکارهاتووە، بە تایبەتی لە سەردەمی میدیەکانەوە، چونکە ئاشکرایە کۆنترین دەسەلاتی دەولەت لە ئێرانی ئێستادا دەسەلاتی میدیەکان بووە. هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە میدیەکان زەردەشتی پەرستبوون، بەلام وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد سەلماندنی ئەوە ئاسان نیە. هەربۆیە کاتێ باسی پیاوانی ئایینی سەردەمی میدیەکان دەکرێت پێناچێت مەبەست تەنیا پیاوانی ئایینی زەردەشتی بێت، چونکە ئاینی زەردەشتی لە کۆتاییەکانی دەسەلاتی میدیەکاندا دەرکەوتووە. لەم بۆچوونەی پێشەوەشدا کە دەلێت: لە سەردەمی پارسەکان و ساسانیەکاندا ئەم ناوە واتە موغ بۆ پیاوانی ئایینی زەردەشتی بەکارهێنراوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە پێشتر واتە لە پێش هاتنی پارسەکان- ئەشکانیەکان- وشەی یان ناوی موغ مەرج نیە بۆ پیاوانی ئایینی بەکارهاتبێت. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا موغ وەکو ناوی خێل یان تیرەیەک بەکارهاتووە. ئاشکرایە ئەشکانیەکان لە سالی ٢٤٧ی پێش زایین و لە دوای روخانی هەخامەنشیەکان و لاوازبوونی دەسەلاتی سەلوقیەکان هاتوون و هەتا سالی ٢٢٤ی زاینی بەردەوام بوون. لەو کاتەشەوە ساسانیەکان جێگایان گرتوونەتەوەو ئەمانیش هەتا هاتنی ئیسلام و روخاندنی ئیمپراتۆریتەکەیان لە لایەن عەرەبە مسولمانەکانەوە بەردەوامبوون. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ساسانیەکاندا کراوەتە ئایینی فەرمی دەولەت، واتە پێش ئەوە هیچ خاسیەتێکی فەرمی نەبووە، هەرچەندە لە هەندێ شوێندا ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە هەخامەنشیەکان ئەم ئایینەیان کردووە بە ئایینی فەرمی، بەلام بەلگەکان پشتگیری بۆچوونێکی لەوجۆرە ناکەن.

هەروەک دەزانین سەرباری ئەوەی کە وشەی موغ بۆ پیاوانی ئایینی بەکارهاتووە. بەڵام وەکو ئاماژەمان بۆ کرد پێناچێت لەسەردەمی میدیەکاندا ناوی موغ پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە پیاوانی ئایینی زەردەشتیەوە هەبووبێت، هەرچەندە لە بەشەکانی کۆتایی فەرمانڕەوایی میدیەکاندا ئایینی زەردەشتی کەم تا زۆر لە ڕێگای ئامۆژگارییەکانی زەردەشتەوە بڵاوبووە، بەڵام نەبووەتە ئایینی گشتی میلەت و دەوڵەتەکەو بەوپێیەش پیاوانی ئایینی ئەو هێزو هەژموونەیان نەبووە. بەتایبەتی کاتێ باسی ئەوە دەکرێت کە موغەکانی و خانەدانەکانی میدیا دژی ئاستیاک وەستان و بە سەرۆکایەتی ئارپاک چوونە پاڵ کۆرشی هەخامەنشی و دەوڵەتی میدیان روخاند. لە راستیدا رۆڵی موغەکان لێرەدا رۆڵێکی خراپەو پێدەچێت خاوەن هێزو هەژمونیش بووبن. بەڵام بەپێی ئەو ئامادەبوونە لاوازەی کە ئایینی زەردەشتی لەو قۆناغەدا هەیبووە ناشێت ئەو موغانە پیاوانی ئایینی زەردەشتی بووبن، بەڵکو ئەگەر مەبەست لە ناوی موغەکان لەو قۆناغەدا پیاوانی ئایینی بووبێت، پێدەچێت زیاتر مەبەست پیاوانی ئایینی مەجوسی بووبێت. هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە موغەکان وەکو خێڵێکی میدیایی سەیر دەکات، زیاتر لەوەی وەکو پیاوانی ئایینی باسیان بکات. هەر لەم بارەیەوە هاتووە: بەپێی قسەی هێرۆدۆت، ماجی- موغ- یەکێک لە شەش خێڵی پێکهێنەری میدیەکان بوون، کە تیرەیەکە بە میراتی پیاوانی ئایینیان پێکدەهێنا. هێرۆدۆت لەسەری دەڕوات و دەڵێت ئەم موغانە پێگەیەکی کاریگەرییان لە تەختی دەوڵەتی میدیا گرتبوو وەکو لێکدەرەوەی خەون و ئەستێرەناس(٣٩).

دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ئاڤێستا بە هەموو بەشەکانیەوە کە کتێبی پەیامی ئایینی زەردەشتیە، چۆن باسی موغەکان، یان پیاوانی ئایینی زەردەشتی دەکات و ئەو کارو ئەرکانەی خستوویەتیە ئەستۆیان چین؟ جارێکی تر ئینسایکلۆپیدیای ئێرانیکا دەڵێت: ئەو بەشانەی ئاڤێستا کە پارێزراون ئاماژەی ڕوون یان حاشا هەڵنەگریان بۆ موغەکان تێدا نیە(٤٠). ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە موغەکان لە هاتنی پەیامی ئایینی زەردەشتی، یان لە بڵاوبوونەوەی ئامۆژگارییەکانی زەردەشتدا، بوون و ئامادەبوونیان نەبووە لە بنەماکانی ئەو ئایینەدا، ئەمەش دەریدەخات کە بوونی موغەکان لە سەردەمی دەوڵەتی میدیادا

بە تایبەتی لە نیو سەدەی دوایی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەدا، مەبەست پیاوانی ئایینی زەردەشتی نیە، بەڵکو بۆچوونی نزیکتر لە راستی ئەوەیە کە ناوی موغ لەو قۆناغەدا مەبەست پیاوانی ئایینی مەجوسی یان هەر بیروباوەڕێکی ئایینی تر بووبێت کە دەشێ شوێنکەوتووی هەبووبێت، یان ئەندامانی ئەو خێڵە بووبێت کە هێرۆدۆت بە یەکێک لە شەش خێڵەکەی میدیای دادەنێت.

بێگومان دەبێ ئاماژەیەکی ڕوون بۆ ئەوەش بکەین کە بەشێک لەوانەی کە باسی ئایینی مەجوسییان کردووە، بەتایبەتی مێژوونووسانی ئیسلامی زیاتر مەجوسی و زەردەشتی وەکو یەک ئایین ناودەبن و تا ئەندازەیەک روانینێکی خراپیان بۆی هەیە، یان بە سووک سەیری دەکەن و وەکو ئاگرپەرستی لێی دەڕوانن. بێگومان لە روانگەی ئایینە ئاسمانیەکانەوە ئاگرپەرستی سەرباری ئەوەی کە ئاگر یەکێکە لە چوار توخمە سەرکیەکەی سروشت، بەڵام هەروەکو جۆرێک لە بتپەرستی سەیری دەکەن. جۆرج راولینسۆن دەڵێت: کاتێک هۆزە ئارییەکان بەرەو خۆرئاوا رۆیشتن، گەیشتنە تیرەگەلێک کە بوون بە پەیڕەوکەری ئایینی مەجوسی، بۆیە بە هێزێکی تەواوەوە چینێکی رۆحانیان لە نێوان زۆربەی نەتەوەکانی سکاییدا بنیات نا. رۆحی ئایینی زەردەشتی تیژو پاوەنکراو بوو، بەڵام کاتێک زەردەشتیەکان گەیشتنە مەجوسەکان، پەیوەندییان لەگەڵیان گرت.. وا دیارە دەرئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ ئایینی مەجوسی تێکەڵبوون و هەڵمژینی هەموو خاڵە سەرەکیەکانی باوەڕی مەجوسی و هەموو بەشە گرنگەکانی ئاهەنگە ئایینیەکانی مەجوسی بۆ ناو ئایینی زەردەشتی بووبێت. وا دیارە ئەم تێکەڵبوونە لە میدیا ڕوویدابێت(٤١). بێگومان لێرەدا دەردەکەوێت کە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە خێڵە ئارییەکان، پێش ئەوەی بەرەو رۆژئاو کۆچ بکەن پەیڕەوکەری ئایینی مەجوسی بوون، چونکە لە گەیشتنیان بە رۆژئاوا ئەو خێڵ و کۆمەڵە مرۆییانەی پێیان گەیشتوون و لەگەڵیان تیکەڵاو بوون، چوونەتە سەر ئایینی ئەوان کە ئایینی مەجوسی بووەو دەستە یان چینێکی رۆحانی مەجوسییان پێکهێناوە.

بێگومان ئاشکرایە ئەم کۆچی خێڵە ئارییانەی کە باس دەکرێت، هەر هەمان ئەو کۆچەیە کە چەند خێڵێکی ئاری بە ئاراستەی چیاکانی زاکرۆس و رۆژئاوای ئیران کردوویانەو تێکەڵاوی دانیشتوانە رەسەنەکەی ناوچەکە بوون.

ئایا ئایینی دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە لەو سەروەختەدا چ ئایینێک بووە؟ بێگومان پێدەچێت دانیشتوانی ناوچەکە پەرستیاری ئایینێکی پتەو و چەسپاو نەبووبن، ئەگینا بە ئاسانی نەدەچوونە سەر ئایینی مەجوسی. هەروەک هاوکات باسی توندو تیژی ئایینی زەردەشتی لەو کاتەدا دەکرێت. بەڵام لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ئەم دوو ئایینەو کاریگەری و کارلێکتر کردنیان سەرئەنجام ئایینی زەردەشتی خاسێت و لایەنە ئەرێنیەکانی ئایینی مەجوسی وەرگرتبێت. واتە بەجۆرێک ئایینی مەجوسی لە لایەن ئایینی زەردەشتیەوە هەڵمژرابێت و بنەماکانی خۆیی پێ بەهێزکردبێت. ئەمەش لە دوو ڕووەوە ڕێگای تێدەچێت. یەکەمیان ئەوەیە کە ئایینی مەجوسی کۆنترەو وەکو دەگوترێت و پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد ئایینی مانی و مەزدەکی و زەردەشت درێژکراوەی ئایینی مەجوسی بن. دووەمیان ئەوەیە کە تێکەڵاویەکی ئاشکرا لە نێوان ئایینی مەجوسی و زرەدەشتێدا هەیە تا ئەو ئاستەی کە بەیەک ئایین دابنرێن، بەتایبەتی تێڕوانینی ئیسلام و مێژوونووسانی ئیسلام بۆ ئەم دوو ئایینە ئەوەیە کە هەمان سەرچاوەیان هەیەو سەرباری ئەوەی کە مەجوسی بریتی بووە لا ئاگرپەرستی و ئایینێکی تاک پەرستی بووەو ئایینی زەردەشتی سیمای ئایینێکی دووانە پەرستی هەبووە لە نێوان ئاهورامەزداو ئەهریمەندا، بەڵام ئەو تیکەڵاوکردنە کراوەو وەکو یەک ئایین لێیان روانراوە.

ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا میدیەکان کە هەندێ بە زەردەشتی و هەندێ بە میترایی ناویان دەبەن و ئەگەری بەهێزیش هەیە کە ڕووبەرێکی فراوانی میدیەکان شوێنکەوتووی ئایینی مەجوسی بووبن، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم ئایینە ناکۆک و لەگەڵ یەکتر نەگونجاوانەدا کردووە؟ ئایینی زەردەشتی یان سادەتر بڵێین دووتا پەرستی ئاهورامەزداو ئەهریمەن، ئاگرپەرستی مەجوسی و پەیمانی کۆمەڵایەتی میترایی چۆن پێکەوە کۆکراونەتەوە؟ بێگومان بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە نزیکی ئایینی لە نێوان میدیەکان و ئایینی پێکهاتەکانی میسۆپۆتامیاشدا هەبووبێت، بە تایبەتی ئایینی بابلیەکان و کاریگەری یان وێنەی خواوەندی مەردۆخ.» گومانی تێدا نیە کە میدیەکان هەرگیز هەموویان وازیان لە پەرستنی ئاهورامەزدا نەهێنا، یان بەشێوەیەکی فەرمی ڕێبازی ئایینی دوو خودایی خۆیان بەرنەدا، بەڵام وادیارە کە ڕێبازو ئاهەنگەکانی- سروتەکانی-

مەجوسی- پەرستنی توخم، پێشبینی بە یارمەتی تولـە پیرۆزەکان، لێکدانـەوەی خـەون، ویـرد خوێنـدن لـە ئاگـرگاکان، قوربانیکـردن لەبـەردەم مەجـوس- زاڵ بووبـن(٤٢). ئـەم زانیارییانـە ئـەوە دەسـەلمێنن کـە سـەرباری ئـەوەی میدیـەکان زیاتـر دووتاپەرسـت بـوون و خواوەنـدی ئاهـورا شـوێن و پێگـەی بـەرزی هەبـووە، بـەڵام نەیانتوانیـووە لـە کاریگـەری ئایینـی مەجوسـی دەربـاز بـن. هـەر ئـەم کاریگەرییانـەش کـە هەژموونـی ئـەم ئایینـە دەردەخـەن، کاریگـەری لەسـەر ئایینـی زەردەشـتی دانـاوەو خاسـێت و سـروتەکانی هاتوونەتـە نـاو سیسـتێم و پێکهاتـەی ئایینـی زەردەشـتیەوەو ڕەنگـە ئـەوەش یەکێـک لـە هـۆکارەکان بێـت کـە وایکـردووە. نـەک لای خەڵکـی ئاسـایی، بەڵکـو لای ئایینناسـان و هەنـدێ لـە توێژەرانیش مەجوسـی و زەردەشتی بەیـەک بزانـن. بێگومـان ئەوەی کـە میدیەکان شـوێنکەوتووی ئایینـی زەردەشـتی بووبـن، لای ناسـیونالیسـتانی کـوردو بەشـێک لـە توێـژەران و ڕۆژهەڵاتناسـان وەکـو ڕاسـتیەکی ڕەتنەکراوەی لێهاتـووە، بـەڵام پرسـیاری سـەرەکی ئەوەیـە ئایـا ئـەم بۆچوونـە تـا چ ئاسـتێک ڕاسـتە؟ ئایا بەڵگـەی یەکلاکـەرەوە هەیـە بـۆ سـەلماندنی ئـەم بۆچوونـە؟

بـۆ زیاتـر ڕووناکـی خسـتنە سـەر ئایینـی زەردەشـتی و ئەگـەری هـەرە لاوازی ئـەوەی کـە میدیـەکان و پاشـانیش کـوردەکان شـوێنکەوتووی ئایینـی زەردەشـتی بووبـن، پێویسـتمان بەوەیـە لەبـارەی دەرکەوتـن وکات و شـوێنی دەرکەوتـن و پەرەسـەندنی ئایینـی زەردەشـتی و بوونـی بـە ئایینـی فەرمـی دەوڵـەت، ئاخاوتـن بکەیـن. مـاری بۆیـس دەڵێـت: ئایینـی زەردەشـتی بـە کۆنتریـن ئایینـی نێـو ئایینـی بـە سـرۆش هاتـووی جیهانـی دەژمێردرێـت، لەبەرئـەوە بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆو ناڕاسـتەوخۆ کاریگـەری زیاتـری لـە هـەر ئایینێکـی تـری گەورەتـر لـە سـەر مرۆڤایەتـی هەبـووە. ئـەم ئایینـە، ئایینـی سـێ ئیمپراتۆرێتـی گـەورەی ئێرانـی بـووە، کـە لـە سـەدەی شەشـەمی پێـش زاینـەوە هەتـا سـەدەی حەوتەمـی پـاش زایـن بـەردەوام بـووە(٤٣). لێـرەدا باسـی سـەرەتای ئایینەکـە ناکرێـت، بـەڵام، یەکـەم باسـی کاریگـەری و گەورەیـی ئایینەکـە دەکرێـت بـۆ مرۆڤایەتـی. دووەم باسـی ئـەوە دەکرێـت کـە ئـەم ئایینـە بووەتـە ئایینـی سـێ ئیمپراتۆرێتـی گەورەی ئێرانـی کـە دەسـەڵاتی یەکەمیـان لـە سـەدەی شەشـی پێـش زاینـەوە دەسـتپێدەکات، کـە دیـارە ئەویـش ئیمپراتۆرێتـی هەخامەنشـیەکانە کـە لـە سـاڵی ٥٥٠ی پێـش زاینـەوە

دەست پێدەکات، واتە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زاین هەتا ساڵی ٢٤٧ی پێش زاین بەردەوام دەبێت، دوای ئەو سەرباری دەسەڵاتی ئەسکەندەر بۆ ماوەیەک و دەسەلاتی دەوڵەتی سەلوقی، ئیمپراتۆریێتی پارت یان ئەشکانی دێت کە هەتا ساڵی ٢٢٤ی زاینی فەرمانرەوا بووەو لەوکاتەش بە دواوە ئیمپراتۆریێتی ساسانی دێت هەتا لە لایەن سوپای عەرەبی مسوڵمانەوە لە ساڵی ٦٥١ی زاینیدا دەڕوخێنرێت.

کەواتە بەپێی قسەی ماری بۆیس ئایینی زەردەشتی ئایینی ئەو سێ ئیمپراتۆریێتە فارسیە بووە، کە یەکەمیان دەوڵەتی میدی لەناو بردووە. لە کاتێکدا میدیا لە پێش هەخامەنشیەکاندا سەدەو نیوێک فەرمانڕەوایی کردووەو دەسەڵاتێکی فراوانی هەبووە، نەک هەر لە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا، بەڵکو دەستی بەسەر ئاشوردا گرتووەو پاشانیش بەرەو رۆژهەڵاتی ئێران یان سەرزەمینی فارس رۆیشتووە، کە بنەماڵەی هەخامەنشیەکان فەرمانڕەواییان کردووە. ئەگەر ئایینی ئەم دەوڵەتە واتە دەوڵەتی میدیا زەردەشتی بووایە، ئەوا دەبوو ماری بۆیسی پسپۆڕو شارەزای بواری ئایینی زەردەشتی و ئایینە ئێرانیەکانی پێش ئایینی زەردەشتی، لەبری سێ ئیمپراتۆریەت، بیگوتایە ئایینی زەردەشتی ئایینی چوار ئیمپراتۆریێتی سەرزەمینی ئەو وڵاتە بووە کە ئێستا پێی دەگوترێت ئێران و دەبوو لەبری سەدەی شەشەم بیگوتایە لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زاینەوە ئایینی زەردەشتی ئایینی چوار ئیمپراتۆریێت بووە. بەڵام ئەم مێژوونووسە سەدەو نیوێکی فەرمانڕەوایی میدیەکانی لە مێژوو ئایینی زەردەشتی دەرکردووەو باسی قۆناغی دوای فەرمانڕەوایی میدییەکان دەکات، وەکو مێژوویەک کە تیایدا ئایینی باڵادەست ئایینی زەردەشتی بووە. هەروەک دەڵێت: میدیەکان هەستیان بە شانازییەکی گەورە کرد کاتێ بە هاوپەیمانی بابلیەکان لە ساڵی٦١٢-٦١٤ی پێش زایندا ئیمپراتۆریێتی ئاشورییان روخاند، پاشان کۆڵۆنیەکانی ئاشوریشیان دەست بەسەردا گرت، لەناویدا هەندێ بەشی ئاسیای بچووک، هەروەها ملیان بە فارسەکان کەچ کرد کە دەستیان بەسەر ئانزان لە باشووری رۆژئاوای ئێراندا گرتبوو، ئەم ناوچەیە لە دویدا بە پارس یان فارس یان بە زمانی یۆنانی بە پرسیدیا ناودەبرا. بەمشێوەیە

دەسـەڵاتی میدیـەکان پەلـی کێشـا هەتـا رۆژهەڵاتـی ئێرانـی گرتـەوە، کـە لـەو ماوەیـەدا ئایینـی زەردەشـتی لـەوێ چەسـپابوو، ئیمپراتۆریێتـی میدیـا نزیکـەی شەسـت سـاڵ لەگەشـەدا بـوو(٤٤).

ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئایینی زەردەشتی کەی دەرکەوتووە؟ لە پێش دروستبوونی دەوڵەتی میدیا یان لە کاتی دەوڵەتی میدیادا یان دواتر؟ ئایا زەردەشت خۆی کەی لە دایکبووەو کەی کۆچی دوایی کردووە؟ ئایا لە راستیدا زەردەشت پەیامبەری ئەم ئایینەیە یان ئایینەکە لەپێش لەدایکبوونی زەردەشتدا بوونی هەبووە؟ سەرباری ئەوەی کە دیاریکردنی شوێنی ئایینەکە پەیوەست بە مادەکان گرنگە، هەروەها لەوەش گرنگتر ئەوەیە، ئایا ئایینی زەردەشتی هیچ پەیوەندییەکی هەیە بە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیەوە؟ یان بەشێوەیەکی تر ئایا ئەم ئایینە توانیوێتی ببێتە توخم یان رەگەزی بەشدار لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا؟ ئایا بەشێوەیەکی گشتی ئایین دەبێتە رەگەزی دروستکەری ئیتنۆس؟ کە ئاشکرایە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی لە سەدەی دووەم و سێیەمی زاینیدا دەستی پێکردووە، واتە لە سەروەختی سەرەتای دەسەڵاتی ساسانیەکاندا. ئەوەش ئاشکرایە کە ئایینی زەردەشتی ئایینی فەرمی دەوڵەتی ساسانی بووەو ئەو دەوڵەتەش دەوڵەتی فارس بووە. هەرچەندە هەندێ لە ناسیونالیستانی ئاسۆتەنگ و بیرداخراوی کورد تەنیا لەسەر بنەمای سۆزو عاتیفە کورد بە چەقی جیهان دادەنێن و لەو ڕووەشەوە بە خەیاڵ میلەتانی خاوەن شارستانێتی دێرینی ناوچەکە، میلەتانی واتە سەرزەمینی پێرشیاو میسۆپۆتامیا، نەک بە باوکی کورد دادەنێن، بەڵکو ئەو میلەتانە بە کورد ناودەبەن. لەو چوارچێوەیەشدا بەدڵنیاییەوە باسی کوردبوونی ساسانیەکان دەکەن. بێگومان ئەوە بۆچوونێکە لە دەرەوەی عەقڵ و لۆجیکی لێکدانەوەدایە. بۆیە هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە لە سەروەختی دەسەڵاتی ساسانیدا سەرەتای سادەی ئیتنۆسی کوردی دەرکەوتووەو پێناچێت ئەو پێکهاتە ئیتنۆسیەی کوردیی لەو کاتەدا لە خانەی سەرەتایی یان لە پێکهاتەیەکی دۆڵمە زیاتر هیچی تر بووبێت. هەربۆیە ئەگەری بەشداریکردنی ئایینی زەردەشتی یان بنەماو پرینسیپەکانی ئایینی زەردەشتی وەکو رەگەزێک لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا ئەگەرێکی هێجگار لاوازە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەگەری رۆڵبینینی

ئایین لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزو پێکهێنانی ئیتنۆسدا بەگشتی ئەگەرێکی زۆر لاوازە. هەر لێرەوە بۆچوونێکی نزیک لە راستی ئاشکرا دەبێت سەبارەت بە زەردەشتیبوونی کورد لە پێش ئیسلامدا، چونکە ئەوەی ئاشکرایە کە لە سەردەمی ساسانیەکاندا، ئیتنۆسی کوردی وەکو ناوک یان پێکهاتەیەکی دەڵەمە و نەمەیوو بووە. ئەوەش مانای ئەوەیە نەبووەتە پێکهاتەیەکی ناسراو کە مەبەست لە پێکهاتەی ناسراو، پێکهاتەیەکە لەسەر بنەمای جیاوازبوون خۆی لەوانی تر جیاکردبێتەوە. ئاشکرایە لەو قۆناغەدا کورد نەبووەتە «ناو» لە چوارچێوەی دەسەلاتی ساسانیدا، بۆیە هەر شتیکی تری بخرێتە ئەستۆ، تەنیا جۆرێکە لەبارکردن و پێدانی کۆمەڵێک خاسێت کە ناشیت لە راستیدا هەبووبن.

لەبارەی دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتیەوە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ماری بۆیس هەرچەندە باسی ئەوە دەکات کە ئایینی زەردەشتی لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایندا دەرکەوتووە، بەلام نە بەڵگەی بڕواپێکراو بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی دەهێنێتەوە، نە لەوەش دەدوێت کە شوێن و پێگەی ئەم ئایینە لەم قۆناغە درێژەدا، واتە لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمەوە تا نزیکەی ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زاین چۆن بووە. بەڵکو باسی ئەوە دەکات کە لە سەدەی شەشەمی پێش زاینەوە هەتا سەدەی حەوتی زاینی ئایینی زەردەشتی بی پچڕان بەردەوام بووە(٤٥). ئەمە بێجگە لەوەی کە بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە زەردەشت خۆی لە مێژوویەکی درەنگتر لەو میژووە لە دایکبووە کە ئایینەکەی تێدا دەرکەوتووە.

هەندێ لە› توێژەران وای دەخەملێنن کە زەردەشت لە دەوروبەری ساڵی ٦٢٨ی پێش زاین لەدایکبووەو لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زاین کۆچی دوایی کردووە(٤٦).» زەردەشت لە باکوری رۆژهەلاتی ئێران یان لە باشوری رۆژئاوای ئەفغانستان لە کەلتورێکی فرە خوداپەرستێدا لە دایکبووە(٤٧). بەلام هەر ماری بۆیس خۆی جارێکی تر لە بەرگی دووەکی کتیبەکەیدا» مێژووی ئایینی زەردەشتی» باس لەوە دەکات کە زەردەشت لە قۆناغی برۆنزیی ئێرانیدا ژیاوە، کە سێ چارەکی دوایی هەزارەی دووەمی پێش زاین دەکات. لەم ڕووەوە دەڵێت: زەردەشت لەسەردمی ناسەقامگیریدا ژیاوە، کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی برۆنزی ئێرانیدا (١٧٠٠ بۆ ١٠٠٠ ی پێش زاین). بنەماڵەکەی تا ئەوکاتە هەڵگری کەلتوری

سەردەمی بەرد بوون، چونکە خۆی لە گاتاکاندا دانی ناوە بە خاسیێتەکانی کۆمەڵگای سێ پێکهاتەیی برۆنزیدا کە بریتی بوون لە مەڕدارو شەڕکەرو پیاوانی ئایین(٤٨). هەروەک نزیکی و لێکچوون هەیە لە نێوان سرودەکانی ئایینی ریگڤیدای کۆنی هیندی و سرودەکانی ئایینی زەردەشتی- گاتاکان-، پێدەچێت سرودەکانی ریگڤیدا لە ١٧٠٠ی پێش زایندا دەرکەوتبن. هەروەک وشەی کۆن و ناوەرۆکی گاتاکان دەریدەخات کە زەردەشت لە دوای ساڵی ١٠٠٠ی پێش زایین نەژیاوە(٤٩). سەرچاوە ناوەکیەکانی گاتاکان دەریدەخات کە زەردەشت لە نێوان ١٤٠٠ بۆ ١٢٠٠ی پێش زاین ژیاوە(٥٠). لەم بەڵگانەی سەرەوەدا، هەر کام لەو دوو ریکەوتە بۆ لە دایکبوونی زەردەشت راستبێت، دەردەکەوێت کە هەرچۆنێک بێت زەردەشت لە نێوان ساڵی (١٤٠٠ بۆ ٥٥٠) ی پێش زاین ژیاوە. واتە ئەگەر مێژووی دووەمیشیان راستبێت، ئەوا مردنی زەردەشت هاوکاتی روخانی دەوڵەتی میدیایە. بەڵام ئەوە ئاسکرایە کە ئایین پەرستی بەگستی و ئاهورا پەرستی بە تایبەتی لە پێش هەزارەی یەکەمی پێش زاینیشدا هەبووە، کە ئەمەش دەریدەخات وەکو ماری بۆیس خۆیشی ئاماژەی بۆ دەکات هەم نزیکی هەبووە لە نێوان ئایینی ریگڤیدادی کۆنی هیندی و ئایینی زەردەشتیدا. هەروەک ئەم زەردەشتیناسە باسی ئەوەش دەکات، سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی لە رۆژهەڵاتی ئەو سەر زەمینەددا بووە کە ئێستا پێی دەگوترێت ئێران و لە مێژوویەکی درەنگتردا گەیشتووەتە رۆژئاوای ئێران. ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا ناکۆکە کە گوایە ئایینی زەردەشتی لە سەرزەمینی میدیا دەرکەوتووە، بە تایبەتی لە پێش سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا، کە نە پێکهاتەیەک هەبووە بە ناوی ماد یان میدەوە، نە جوگرافیایەکیش هەبووە کە ئەو ناوەی هەبێت. هەروەک هیچ بەڵگەیەکیش لە ئارادا نیە کە بیسەلمێنێت ئایینی زەردەشتی و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت لە پێش میدیەکاندا لە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا، لە سادەترین شێوەشدا بوونیان هەبووبێت.»
میدیەکان و فارسەکان لە رۆژئاوا دوور لە رۆژهەڵات نیشتەجێبوون، لەو خاکەدا بەدرێژایی ڕووی ناوەوەی زاکرۆسە، واتە ئەو زنجیرە چیا دژوارەی کە بانی ئێران لە دەشتەکانی میسۆپۆتایا جیادەکاتەوە. ئایینی زەردەشتی بەئاشکرا گەیشتە ئەو دوو میلەتە، ئەوەش بە ماوەیەکی درێژ دوای ئەوەی بوو بە بڕوای باڵادەستی ئامۆزاکانیان لە رۆژهەڵات(٥١).

لەم وتەیەی سەرەوەدا دوو خاڵ بە ئاشکرا خۆیان دەنوێنن، یەکەمیان ئەوەیە ئایینی زەردەشتی لە ڕۆژهەڵات سەریهەڵداوە، کە دیارە مەبەست لە ئەو جوگرافیایە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو سەرزەمینەوە کە ئێستا پێی دەگوترێت ئێران. ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئایینی زەردەشتی لەسەر زەمینی میدیا و تەنانەت لەسەر زەمینی فارسیشدا دەرنەکەوتووەو وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئایینێکی ڕۆژهەڵاتیەو دواتر گەیشتووەتە سەرزەمینی میدیەکان. دووەم میدیەکان هەروەها فارسەکانیش لە ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا نیشتەجێ بوون. هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە لە شوێنی ترەوە بەرەو ئەوێ هاتبن، بەڵام نکوڵی ئەوە ناکرێت کە میدیەکان زیاتر خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن و نەوەی ئەو پێکهاتە دیرینانەی پێش خۆیانن کە لە چیاکانی زاکرۆس و ناوچەکەدا ژیاون. ئەوەی لێرەدا گرنگە ماری بۆیس دەڵێت ئایینی زەردەشتی گەیشتووەتە ئەو دوو میلەتە، واتە ئەم ئایینە لەناو ئەم دوو میلەتەدا، کە مەبەستی مادو فارسە، دەرنەکەوتووە، بەڵکو لە شوێنی ترەوە گەیشتووەتە ئەوان و لە کاتێکی زوویشدا نا، بەڵکو بە ماوەیەکی دوورو درێژ دوای ئەوەی ئەم ئایینە لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووەتەوەو باڵادەستی خۆیی سەپاندووە، ئەوسا بەرەو ڕۆژئاوا پەلی هاوێشتووەو لەو سەروبەندەشدا گەیشتووەتە ناو مادەکان و فارسەکان.

ئاشکرایە بۆ یەکەمجار» ناوی میدیەکان لە تۆماری ئاشوورییەکاندا لە ساڵی ٨٣٦ی پێش زایندا بووەو ئەویش بە مادای ناویان هاتووە. هەروەک ناوی فارسەکان یان پارسای لە هەمان تۆماری ئاشوورییەکاندا لە ساڵی ٨٤٤ی پێش زایندا هاتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە پارسای لە پێش مادای دەرکەوتوون(٥٢)». هەروەک ماری بۆیس-یش دەڵێت: یەکەم تۆماری مێژوویی لەبارەی ڕۆژئاوای ئێرانی-ئێستاوە-، ساڵی ٨٣٤ی پێش زاینە. لەو ساڵەدا شەلمانسەری سێیەمی پاشای ئاشور پەلاماری زاکرۆسی داو ماهی دەشتی وێرانکرد(٥٣). ئەمەش لە لایەک دەریدەخات کە لەپێش ئەم مێژووەدا ناوی میدیا نەبیستراوە، یان دروستتر بڵێین لە هیچ تۆمارێکی هەتا ئێستا بینراو یان بیستراودا ناوی نەهاتووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە پێش دەرکەوتنی ناوی میدیەکاندا، ئەم ئایینە نەگەیشتووەتە سەرزەمینی ئەم میلەتە، بەڵکو لە قۆناغەکانی دواتردا ئەوە ڕوویداوە. ئەنجا ئەو پرسیارەش سەرهەڵدەدات: ئایا

پاش چەند ساڵ لە دەرکەوتنی ناوی میدیەکان ئایینی زەردەشتی گەیشتووەتە ناو ئەم پێکهاتەیەو چەندی کات ویستووە تا بڵاوبووەتەوە، هەروەها ئایا توانیوێتی ببێتە ئایینی باڵادەستی میدیەکان؟ ئەی شێوەی گەیشتنی چۆن بووە؟

بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە بۆ یەکەمجار لە سەرزەمینی مادەکاندا، ئایینی زەردەشتی لە شاری ڕەی بڵاوبووبێتەوە. شاری ڕەی یەکێکە لە شارە دێرینەکانی ئەو جوگرافیایەی کە ئێستا پێی دەگوترێت ئێران. ڕەی دەکەوتە باشوری ڕۆژهەلاتی تارانەوەو لەگەڵ فراوانبوونی تاراندا بووەتە بەشێک لە تاران. ڕەی لە سەردەمی میدیەکاندا شارێکی بازرگانی بووەو بازرگانانی ڕۆژهەڵات بۆ ئاڵوگۆری کاڵاکانیان ڕوویان تێکردووە. واتە هەرچەندە ئەو دەمە ناوی ڕێگای ئاورێشمی نەبووە (ڕێگای ئاورێشمی لە لایەن جوگرافیاناسی ئەڵمانی فریدیناند فون ریتشهۆڤن لە ساڵی ١٨٧٧، بۆ ڕێگای بازرگانی نێوان چین و بەشی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا، بەکارهێنرا). دیارە ئەو شاروناوچانەی دەبنە بنکەی بازرگانی یان ڕێگای هاتووچۆی کاروانی بازرگانی، خێراتر گەشەکردن و پەرەسەندییان تێدا ڕوودەدات. ئاشکرایە بازرگانان و پیاوانی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونەتە شاری ڕەی. هەروەک باس دەکرێت ڕەی دوا خاڵی ڕۆژهەلاتی ژێر سایەی دەسەلاتی میدیا بووبێت، کە شوێنی ئاڵوگۆری بازرگانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە. ماری بۆیس دەڵێت: لە سەدەی هەشتی پێش زایندا، لە ڕەی بازرگانانی ڕۆژهەڵاتی ئێران و کارکەرەکانیان و پیاوانی ئایینی نیشتەجێ بوون. لەوانەیە ئەمانە یەکەمین زەردەشتیەکان بووبن، کە پیادەی بیروباوەڕی زەردەشتییان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران کردبێت. مێژووی دواتریان ئەوە نیشان دەدات، کە بیروباوەڕەکەیان و ڕێگای ژیانیان، بەرەبەرە لایەنگریان لەناو دانیشتوانە میدیەکەی شارەکەدا بۆ خۆیان ڕاکێشا. بەمجۆرە کۆمەڵێکی خاوەن بڕوای زەردەشتی دڵسۆز گەشەی کرد. بەمشێوەیە شاری ڕەی لە ڕۆژئاوا بۆ ئێرانیەکان بووەتە جێگایەکی پیرۆز. هەتا گەیشتە ئەوەی کە لە سەردەمی هەخامەنشیەکاندا نەریتێک پەرەی سەند کە گوایە زەردەشت لەوێ لەدایکبووە(٥٤). بەپێی ئەم بۆچوونەی پسپۆڕی بواری زەردەشتناسی، ماری بۆیس، یەکەم، ئایینی زەردەشتی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووەتە سەرزەمینی میدیا، ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونانە ناکۆکە کە ئەم ئایینە لە سەرزەمینی

میدیا دەرکەوتبێت. دووەم، مێـژووی لـە دایکبوونـی زەردەشـت و شـوێنی لـە دایکبوونیشی دەخاتـەوە بـەردەم پرسیارەوە. ئەنجا لە پشتی ئـەم لێکدانەوانەوەوە بۆچوونێکـی تـر خـۆی نمایـش دەکات ئەویـش ئەوەیـە ئەگـەر ئـەو بۆچوونانـە راستبێت کـە زەردەشـت لـە ڕەی، یـان لـە هـەر شـوێنێکی تـری سـەرزەمینی میدیـاو لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداریێتی میدیـادا لەدایـک بووبێـت، مانـای وایـە دەرکەوتنـی ئایینـی زەردەشـتی دەکەوێتـە پێـش لـە دایکبـوون و ژیانـی پەیامبەرەکەیـەوە، کـە ئەمـەش لـە ڕووی لۆجیکیـەوە جۆرێـک لـە نەگونجانـی تێدایـە. یـان دەبـێ خەیاڵـی ئـەوە بکرێـت کـە لـە پێـش لـە دایکبوونـی زەردەشـتدا، ئایینەکـە هەبووبێـت و دواتـر زەردەشـت خـۆی کردبێتـە خاوەنـی یـان پەیامبـەری ئایینەکـە، ئەمـەش دیسـان جۆرێـک لـە نالۆجیکـی تێدایـە.

ئەگـەر ئـەم بۆچوونـە لـە جێـگای خۆیـدا بێـت و پەیامـی ئایینـی زەردەشـتی لـە رێـگای پیاوانـی ئایینـی و بازرگانەکانـی رۆژهەڵاتـەوە گەیشـتبێتە شـاری ڕەی و لەوێشـەوە لەسـەرزەمینی میدیـادا بڵاوبووبێتـەوە، ئـەوا گومانـی تێـدا نیـە کـە ناشـێت بـە خێرایـی و لـە ماوەیەکـی کورتـدا ئـەم ئایینـە لـە ڕووبـەری جوگرافیـای فراوانـی میدیـادا بڵاوبووبێتـەوە. ئەمـەش ئـەو پرسـیارە دروسـت دەکات کـە ئایـا دەشـێت ئایینـی زەردەشـتی بووبێتـە ئایینـی هەمـوو یـان زۆرینـەی دانیشـتوانی میدیـا؟ لـەم بارەیـەوە دەشـێ بگوترێـت ئـەم ئایینـە لـە ماوەیەکـی دیاریکـراودا لـە رۆژئـاوای ئێرانـی ئێسـتادا بڵاوبووبێتـەوە.» لەوانەیـە ئایینـی زەردەشـتی بـە زوویـی لـە نێـو میدیـەکان و فارسـەکاندا لایەنگرانـی بەدەسـتهێنابێت، ئـەوەش لـە کۆتایـی سـەدەی حەوتەمـی پێـش زاینـدا(٥٥). کۆتایـی سـەدەی حەوتەمـی پێـش زایـن دەکاتـە نزیکـەی پێنـج دەیـە پێـش روخاندنـی دەوڵەتـی میـد. پەیدابوونـی لایەنگـران بـۆ ئایینـی زەردەشـتی لـە مێـژووی بـەرەو کۆتایـی چوونـی دەسـەڵاتی میدیـادا، ئەوەمـان پێدەڵێـت کـە ئاسـان نیـە لـە ماوەیەکـی کورتـی کۆتایـی دەسـەڵاتی میدیـادا، ئـەم ئایینـە رەگورپیشـەی لـە نێـو میدیـادا داکوتابێـت و بووبێتـە ئایینـی زۆرینـەی خەڵـک.

بێگومـان لـە نـاو تێکسـتەکانی ئایینـی زەردەسـتیشـدا، واتـە لـە یەسـنا و ڤێندیـدا و ویسـپەرد و یەشـت و گاتاکـان و خـوردە ئاڤێسـتادا، نـاوی میدیـا یـان مـادای بـە شـێوەی دیـارو لەبەرچـاو نەهاتـووە، هەرچەنـدە ئاشـکرایە کـە کۆکردنـەوەی تێکسـتەکانی ئـەم

ئایینە لە مێژوویەکی درەنگترو لەسەردەمی ساسانیەکاندا بووە.» ئەو تۆمارە کەمانەی کە ماون، ئەوەمان بۆ دروست دەکەن کە سەرەتاییترین بەڵگەی راستەوخۆی بوونی ئایینی زەردەشتی لە رۆژئاوای ئێران، ئەو بەڵگانەن کە لە ناوە تایبەتیەکانی بنەماڵەی شاهانەدا هاتوون، کە ئەو ناوانەش ناوی بنەماڵەی فارسە هەخامەنشیەکانە(٥٦). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە پێش هەخامەنشیەکان بەڵگەی تۆمارکراوی متمانە پێکراوی ئەوتۆ نیە کە بیسەلمێنێت ئایینی زەردەشتی لە ئاستی گشتی یان لە ئاستی فراواندا لە سەرزەمینی مادەکاندا پەیڕەو کرابێت. هاوکات ئەم وتەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە سەردەمی هەخامەنشیەکانەوە، ئایینی زردەشتی لە سنووری قەڵەمڕەوی ئەم ئیمپراتۆریەتەدا پەیڕەوکراوە. دیارە ئاشکرایە کە دەوڵەتی هەخامەنشی فارسی بەسەرۆکایەتی کۆرش، دەوڵەتی میدیای لە سەروەختی فەرمانڕەوایی ئاستیاگی دوا پاشای میددا لەناوبردووەو دەوڵەتی هەخامەنشی شوێنی گرتووەتەوەو وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، نەک هەر نووسەران و توێژەرانی ناکورد سنوورێکی ئەوتۆ لە نێوان دەسەڵاتی میدیەکان و دەسەڵاتی هەخامەنشیەکاندا دانانێن و دووەمیان وەکو درێژکراوە یان جێگرەوەی یەکەمیان دادەنێن، بەڵکو زۆرێک لە مێژوونووسان و خەڵکی کوردیش هەمان روانینیان هەیەو تەنانەت جۆرێک لە شانازیکردنیش بە کۆرش و دەسەڵات و تواناکانیەوە لای کورد هەست پیدەکرێت.» سەرەتاییترین بەرواری رەهای – دەقەکانی زەردەشتی- لە زمانە ئێرانیەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی داریوشی گەورەی پاشای هەخامەنشی (٥٢٢ بۆ ٤٨٦ی پێش زاین). چوونە سەر کورسی دەسەڵاتی داریوش لە نووسراوەکانی ئیلامی و بابلی و نووسراوی فارسی کۆن لەسەر تاشەبەردی بێستون لە سنووری میدیا تۆمار کراوە (هویسی- ٥٧). ئەوە ئاشکرایە کە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت و دەقەکانی ئایینی زەردەشتی بە هەموو بەشەکانی ئاڤێستاوە بەشێوەی زارەکی گواستراونەتەوەو هەتا دوا قۆناغی دەسەڵاتی ساسانیەکان تۆمارنەکراون. بەڵام پێدەچێت لە تۆماری بابلی و ئیلامیدا هەرچۆن دەرکەوتنی داریوش و روخاندنی ئاستیاکی دوا پاشای میدیاو گواستنەوەی دەسەڵات لە بنەماڵەی فەرمانڕەوای مادەوە بۆ بنەماڵەی هەخامەنشی باسکراوە، هەروەها دەشێ پەیڕەوکردنی ئایینی زەردەشتی و تا ئەندازەیەک شوێن و پێگەو سروتەکانی ئایینەکەش باسکرابێت.

بێگومان هەرچۆن گەیشتنی ئایینی زەردەشتی بەو جوگرافیایەی کە ئێستا پێی دەگوترێت رۆژئاوای ئێران، یان ئەوەی پێشتر سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی میدیا بووە، تەمومژاویە، بەهەمان شێوە مێژووی لە دایکبوون و شوێنی لە دایکبوونی زەردەشتیش وەکو پەیامبەری ئایینەکە دیسان تەمومژاویە. ئەویش لەو روانگەیەوە نە ساڵێکی دیاریکراو و نە شوێنێک بۆ لە دایکبوونی هەیە کە مایەی لەسەر رێکەوتن و دانپێدانانی ئەوانە بێت کە باسی ساڵ و شوێنی لە دایکبوونی ئەویان کردووە. واتە ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت هێشتا تەمومژاوی و نا ڕوونە. گراند نیولی پێیوایە» دەرکەوتنی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ نۆ سەد ساڵ پێش زاین. هەروەها براون دەڵێت: زەردەشت لەگەڵ کۆرش هاوچەرخ بووە، یان کەمێک پێش ئەو ژیاوە. واڵتەر هینتس دەڵێت: زەردەشت ٦٣٠ ساڵ پێش زاین لە دایکبووە. هنینگ دەڵێت: زەردەشت ٦٠٠ ساڵ پێش زاین لە دایک بووە. هیرتسفیلد زەردەشت بە نەوەی کچی ئاستیاک دادەنێت(٥٨). هەروەها ئیلتیهام ئیشتیل بە دروستی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ساڵی بەدنیاهاتنی زەردەشت ٥٩٨ی پێش زاینەو ساڵی مردنی ٥٢١ی پێش زاینی بووە. هەروەها زادسپێرم کاتی دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی تاکو هێرشی ئەسکەندەر بە ٣٠٠ ساڵ دەخەملێنێت. زەردەشت لە ٦٦٠ بۆ ٥٨٣ی پێش زاین ژیاوە(٥٩).

ئەوە ئاشکرایە کە تێکستەکانی ئایینی زەردەشتی بە هەموو بەشەکانیەوە لەژێر ناوی ئاڤێستادا کۆدەبنەوەو ئەویش مێژووی دەرکەوتنی دیار نیەو واش پێدەچێت مێژووی دەرکەوتنی بەشەکانی هاوکات نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاڤێستا لە ژێر دوو ناودا پۆلێن دەکرێت ئاڤێستای کۆن و ئاڤێستای نوێ. ئاڤێستای کۆن بە زارەکی بڵاوبووەتەوەو دەماودەم هاتووە، بۆیە ئاساییە کە دەقەکانی وەکو خۆی نەمابێت و گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت. ئاشکراشە کە دەرکەوتنی ئاڤێستا لە پێش زەردەشتەوەیە، هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە هاوکاتن، بەڵام ئەوەی وەکو بەڵگەی بەهێز دەهێنرێتەوە بۆ سەلماندنی دەرکەوتنی دەقەکانی ئاڤێستا لە پێش زەردەشتدا، ئەوەیە کە ناوی زەردەشت لەو دەقانەدا نەهاتووە. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا دەشیت پەیامێک بۆ پەیامبەرێک هاتبیت، بەڵام لە دەقەکانی ئەو پەیامەدا ناوی ئەو پەیامبەرە نەهاتبێت.» ئایا

ئاڤێستا هیچ بەڵگەیەکی بڕواپێکراوی تێدایە پەیوەست بەو شوێنە راستەقینەی کە زەردەشتی لێ ژیاوە؟ ئایا وەکو کەس لە گاتاکاندا ناوی ئەو شوێنە هاتووە؟ وەڵامەکە بە نەخێر دەدرێتەوە(٦٠). تەنانەت سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت کۆدەنگیەکی متمانە پێکراو نابینرێت.» نووسەرانی گریک ئاشنای ئەو زانیاریی- نەریت- انەن کە بەپێی ئەوان زەردەشت لە باکتریا دەرکەوتووە. لە لایەکی ترەوە ئەو زانیارییانەی لە نووسراوە- کتێبە- پەهلەویەکاندا پارێزراون، باسی ئەوە دەکەن کە زەردەشت یان لە ئازەربایجان یان لە شوێنێک بەناوی (ڕەی) لە میدیا لە دایکبووە. بۆ پێکەوە گونجاندنی ئەم دوو بۆچوونە، هەندێ لە نووسەران دەڵێن ڕەی لە ئازربایجانە. ئەوەش لەگەڵ جوگرافیای بەڕێوەبەرێتی ساسانیەکاندا ناگونجێت. واش دادەنرێت کە لەوێوە دواتر زەردەشت چووبێت بۆ سیستان(٦١). ئەم بوچوونە جیاوازانە ئەوە نیشان دەدەن کە نە ساڵ و نە شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت بە تەواوی دیاری نەکراون و جیگای گومانن. تەنانەت بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە زەردەشت نزیکەی شەش هەزار ساڵ پێش زاین لەدایکبووبێت و ژیابێت.» گروپێک لە نووسەران باسی ئەوە دەکەن کە زەردەشت پێش شەش هەزار ساڵ ژیابێت، دیۆجینیس دەڵێت بەپێی قسەی هێرمۆدۆرۆس زەردەشت پێنج هەزار ساڵ پێش جەنگی تەروادە ژیاوە (جەنگی تەروادە ١٢٠٠ ساڵ پێش زاین بووە)، بەوپێیە زەردەشت ٦٢٠٠ ساڵ پێش زاین ژیاوە. پلوتارک پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات(٦٢). لەبەرامبەردا ئەلبیرونی کە لە نێوان ساڵانی (٩٧٣ بۆ ١٠٤٨) ژیاوە دەڵێت: لە دەرکەوتنی زەردەشت هەتا هاتنی ئەسکەندەر ٢٥٨ ساڵە، واتە دەرکەوتنی زەردەشت ساڵی ٥٨٨ی پێش زاینە(٦٣). هەرچەندە نازانرێت مەبەست لە دەرکەوتنی زەردەشت ئایا لە دایکبوونیەتی یان دەرکەوتنیەتی وەکو پەیامبەر، بەڵام ئەو مێژووەی کە ئەلبیرۆنی لە دەوروبەری ساڵی هەزاری زاینیدا دیاری کردووە زیاتر نزیکە لەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە زەردەست لە سەدەی حەوت و شەشەمی پێش زایندا ژیاوە. ئەوەش ئاشکرایە کە ئاڤێستا زانیاری راست و دروست نە لەسەر ساڵی لە دایکبوون و نە لەسەر شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت و نە لەسەر شوێنی درەکەوتنی ئایینەکە یان ئاڤێستا پێشکەش ناکات. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بۆچوونی جۆراوجۆرو تەنانەت دژ بەیەکیش سەبارەت بە ژیانی زەردەشت و شوێنی دەرکەوتنی خۆی و کاتی دەرکەوتنیئایینەکەو پەیڕەوکەران و بڵاوبوونەوەی هەبێت.

دیـارە ئـەوە ئاشـکرایە کـە ئاییـن و ئەفسـانە تێکـەڵاوی یەکتـرن و زۆرێـک لـە بنەماکانـی ئاییـن تەنیـا لـە چوارچێـوەی خەیـاڵ و ئەندیشـەو ئەفسـانەدا جێگایـان دەبێتـەوە. بێگومـان ئـەم بۆچوونـە بـۆ ئایینـی زەردەشـتیش وەکـو زۆرینـەی ئایینەکانـی تـر راسـتە.» بەپێـی نەریتـی زەردەشـتی، زەردەشـت پەیامبەرێکـی کۆنـی ئێرانـی بـووە، لـە سـەدەی حەوتـەم و شەشـەمی پێش زایندا ژیاوە. شـوێنی لەدایکبوونـی ئازربایجـان- میدیـای ئەترۆپاتیـن- بـووە واتـە باکـوری رۆژئـاوای میدیـا. باوکـی پورشاسـنا لـە بنەماڵـەی سـپیتاما بـووە، دایکـی دۆگدهۆڤا لـە خێڵـی هڤۆگڤا بـووە. لەبـارەی دایکیـەوە دەگوترێـت لـە تەمەنـی پانزە سـاڵیدا بـە پاکیزەیی- بـە کچـی-زەردەشـتی بـووە(٦٤). سـەبارەت بـە چۆنێتـی لەدایکبوونـی زەردەشـت دینـگارد دەڵێـت: زەردەشـت بـەدەم پێکەنینـەوە لـە دایکبـووە، لەبـری ئـەوەی بـەدەم گریانـەوە لەدایـک ببێـت(٦٥). جگـە لـەوە بەپێـی زانیارییـەکان» زەردەشـت لـە تەمەنـی ٣٠ سـاڵیدا دەسـتی کـردووە بـە بڵاوکردنـەوەی پەیامەکـەی و لـە دە ساڵی دوای ئـەوەدا توانیوێتـی تەنیـا مایدیۆمـای ئامـۆزای بـڕوا پێبهێنێـت (یەسـنای ٩-٥١). هـەروەک زەردەشـت بـڕوای وابـوو لـە لایـەن ئاهورامـەزداوە رێـگای پێـدراوە بانگـەواز بـۆ ئاییـنێکـی بـاش بـکات.(٦٦). واتـە هەمـان ئـەو ئەفسـانانەی بـۆ چۆنیتـی هاتنـی پەیامـە ئاییـنیەکانـی تـرو هـەوڵ و کۆششـی پەیامبەرەکانیـان بـاس دەکرێـت، بـە تایبەتـی پەیامبـەران ئیبراهیـم و موسـا و عیسـا و تەنانـەت پەیامبـەری ئیسـلامیش، بـۆ زەردەشـتیش بـاس دەکرێـت. ئەمـەش ئـەو راسـتیە دووبـارە دەکاتـەوە کـە سـەرچاوەی هەمـوو ئاییـنەکان ئەگـەر بـە تەواویـش یـەک نەبـن، ئـەوا زۆر نزیکـن لەیەکـەوەو ئەوەشـی کـە زیاتـر نزیکیـان دەخاتـەوە لـە یەکتـر باڵادەسـتی رەگەزەکانـی ئەفسـانەو کارکردنـی خەیاڵـی قـوڵ و بەربـڵاوە لـە ئەفراندنـی کـەش و هەوایەکـدا کـە پێویسـتە بـۆ دەرکەوتـن و کارکـردن و بڵاوبوونـەوەو ئامادەبوونـی ئاییـن.

بێگومـان ئاشـکرایە کـە پەیامبەرانیش مرۆڤ بوون و هەمـان هەسـت و تواناو لێهاتوویـی مرۆڤیـان هەبـووە، بـەڵام دیـارە لـە ئاسـتێکی بـاڵادا، هەربۆیـە ئاسـاییە کـە ئەوانیـش مانـدوو بـوون و بێـزار بـوون و هەندێجـار بـێ ئومێدیـش ڕووی تێکردبن لـە گەیاندنی پەیامەکانیانـدا، کاتێـک وەڵامدانـەوەی خەڵـک بـۆ پەیامەکانیان نـەک وەکـو پێویسـت نەبووبێـت، بەڵکـو دژایەتیـش کرابێـت. بـۆ نموونـە نـوح هێنـدە

لە میلەتەکەی بێزار دەبێت پەنا بۆ خواوەند دەبات تۆڵەیان لێ بکاتەوە. بەهەمان شێوە زەردەشتیش کاتێ خەڵک ئامادەیی ئەوەی نابێت بچیتە سەر بیروباوەڕەکەی، ماندوو دەبێت و بێزاری خۆی دەردەبڕێت.» کاتێ زەردەشت بێزار دەبێت هاوار بۆ ئاهورا مەزدا دەکات و دەڵێت: بۆ چ سەرزەمینێ رابکەم؟ ئەوان منیان لە بنەماڵەو تیرەکەم کردە دەرەوە. ئەو کۆمەڵەی کە من پەیوەندیم پێیانەوە کردووە، قەناعەتیان بە من نیە. فەرمانڕەوا فێڵبازەکانی ئەم خاکە قەناعەتیان بە من نیە، سەروەری ژیرو زانا من چۆن رازیت بکەم- یەسنای ١-٤٦-(٦٧). ئەم زانیارییانە ئەوە دەردەخەن کە هاتنی زەردەشت و بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی کارێکی ئاسان نەبووەو بێ بەربەست و گیروگرفت تێپەڕ نەبووە. لە لایەک میلەت بە ئاسانی بڕوایان پێ نەکردووە، لە لایەکی ترەوە وەکو خۆی دەڵێت دەسەڵاتدارانی فێڵباز بە داواکاری و ئامۆژگارییەکانی ئەو رازی نەبوون.

ئێستا ئەوەی بۆ ئەم باسەی ئێمە گرنگە ئەم دوو خاڵەیە. یەکەم، ئەگەر ئەو بۆچوونە راست بێت کە زەردەشت لە سەدەی حەوتەم و سەشەمی پێش زایندا ژیابێت و لە سەرزەمینی یان لە قەڵەمڕەوی میدیادا بووبێت، ئەوا دەردەکەوێت ئەو خەڵکەی کە رازینەبوون بچنە سەر ئایینەکەی ئەو و بەئاسانی بڕوایان پێی نەهێناوە میدیەکان بوون. دووەم، ئەو فەرمانڕەوایانەی کە ئەو بە فێڵبازو ملهوڕ باسیان دەکات، دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی میدیا بوون. کەواتە دەبێ چۆن ئایینی زەردەشتی بووبێتە ئایینی ئەم خەڵکەو چۆن دەبێت میدیەکان پەیڕەوکەری ئایینی زەردەشتی بووبن؟ ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆرینەی بەڵگەکان ئەگەری زەردەشتیبوونی میدیەکان نەک بەتەواوی ناسەلمێنن، بەڵکو لە بەردەم گومانی تەواودا دەیهێڵنەوە، گومانێک کە زیاتر دڵنیایی لە زەردەشتینەبوونی ئەوان نیشان بدات. هەروەک زۆرینەی بەڵگەکان پشتگیری ئەوە دەکەن و ئەوە دەردەخەن کە لە نیوەی دووەم و بەرەو کۆتایی چوونی دەسەڵاتی میدیەکاندا ئایینی زەردەشتی گەیشتووەتە سەرزەمینی میدیاو دەشێت کەسانێک بووبنە پەیڕەوکەری ئەو ئایینە، بەڵام دیارە یەکەم ئایینەکە نەبووەتە ئایینی هەموو خەڵک، دووەم نەبووەتە ئایینی فەرمی دەوڵەت. ئەمەش گریمانەی زەردەشتیبوونی میدیەکان تەنیا لە سنووری گریمانەیەکی لاوازدا

دەهێڵێتەوە و لەسەر بنەمای لێکدانەوەی بۆچوون و زانیارییەکان و دەرکەوتنی پەیامەکەو مێژووی لە دایکبوونی پەیامبەرەکەی و دەرکەوتنی وەکو پەیامبەر، زەردەشتیبوونی تەواوی میدیەکان ناسەلمێندرێت.

سەبارەت بەوەی کە ئایینی زەردەشتی هەڵوێستی چۆن بووە بەرامبەر بە ئایینی پێشتری میدیەکان کە زیاتر میترایی بوون، یان شوێنکەوتووی ئایینی میترای بوون؟ دیارە شوێنکەوتووی ئایینانی تری وەکو مەجوسیش هەبوون، بەڵام ناشێت ڕووبەرێکی فراوانیان داگیر کردبێت. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە میترایی ئایینێکی میتافیزیک نەبووەو بڕوای بە شاراوەو نادیارو هێزی سەروی سروشت نەبووە، بەڵکو لە راستیدا ئەم ئایینە جۆرێک بووە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی.» ناوی ئاسایی میترا لە ئاڤێستادا بەشێوەیەکی سەلمێنراو مانای جۆرێک لە رێکەوتن، پەیماننامە یان گرێبەست دەگەیەنێت(٦٨)». ئەمەش بە زمانی سەردەم ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ئایینە بێجگە لەوەی کە ئایینێکی زەمینی بووە، ئایینی رێکخستنی کۆمەڵگاو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بووە. توێژەری هاوچەرخی ئێرانی زەکەریای قادری بە زانیاری زۆرو بە پێداگری زۆرەوە ئەوە رەتدەکاتەوە کە میدیەکان شوێنکەوتووی هەر ئایینێکی تر بووبن بێجگە لە ئایینی میترایی، تەنانەت باسی ئەوەش دەکات کە میترایی و میدیایی دووانەیەکی لێک جیانەکراوەن و هەوڵی ئایینی زەردەشتی ئەوە بووە کە ئەم دووانەیە لەیەکتر جیابکاتەوەو خۆی شوێنی ئایینی میترا بگرێتەوە. کاتێ ئەوەی راستەوخۆ بۆ فەراهەم نەبووە، هەوڵی تێکەڵاوکردنی بنەماو پرینسیپەکانی خۆیی لەگەڵ بنەماو پرینسیپەکانی ئایینی میترایدا داوەو لەو رێگایەوە هەم زیانی بە ئایینی میترایی و هەم بە میدیەکانیش گەیاندووە، چونکە هەوڵیداوە میدیەکان لە میلەت و پێکهاتەیەکی سروشت پەرستەوە بکاتە پێکهاتەیەکی میتافیزیک پەرست یان نادیار پەرست.

لەبارەی دەرکەوتن و رۆڵی ئایینی زەردەشتیەوە لە قەڵەمڕەوی میدیادا ئەم توێژەرە هاوچەرخە ئێرانیە دەڵێت: دینی زەردەشت لە دەوروبەری ٦٠٠ ساڵ پێش زاین بە دەستی کەسایەتی مێژوویی زەردەشت بنیاد نراوە. زەردەشت بە بینینی ئایینی میترایی مادەکان وێنەو خەیاڵی دونیای شەڕ لە بیرو هزریدا دروست دەبێت. لەبەرئەوە لە بەرامبەری میترا، بە دروستکردنی سیستێمی

دینی خۆی. وێنەی دنیای چاکی و ئەهورامەزدای دروست کرد(٦٩). لێرەدا ئەم توێژەرە بە دڵنیاییەوە باسی ئەوە دەکات کە مێژووی دەرکەوتنی زەردەشت لە دەوروبەری ٦٠٠ ساڵ پێش زایندا بووە. ئەم بۆچوونەش لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی توێژەرانی بواری زەردەشتناسی و میدیاناسی دا یەکدەگرێتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونەش بنیادنانی ئایینی زەردەشتی دەکەوێتە دوا قۆناغی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی میدیاوە، چونکە ئاشکرایە دەوڵەتی میدیا لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایندا لەسەر دەستی کۆرشی هەخامەنشی و بە پستگیری موغەکان و نەجیبزادەکانی میدیا بۆ پشتگیری کۆرش، روخێنراو دەوڵەتی هەخامەنشی شوێنی گرتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە دوای دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی دەوڵەتی میدیا هێندە لە دەسەلاتدا نەماتەوە. ئەمەش لەو راستیە نزیکمان دەکاتەوە کە ناشێت لەو ماوە کورتەی کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی میدیادا ئەم ئایینە نوێیە توانیبێتی جێ پێی خۆی لەناو میدیەکاندا بچەسپێنێت، هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە کە دوای روخاندنی دەوڵەتی مید لە ناو مادەکاندا ئایینەکە بە ئاستی جیاواز پەیڕەو کرابێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتی میدیا بوونی نەماوە بە تایبەتی میدیای گەورە، بۆیە گریمانەی ئەوەی کە میدیەکان بەگشتی بووبن بە شوێنکەوتووی ئایینی زەردەشتی ئەگەرێکی لاوازە.

ئایا ئایینی زەردەشتی وەکو هەر پەیامێکی ئایینی تر، ویستوویەتی لە سنووری میدیادا بوونی خۆی بسەلمێنێت، یان بە دەربڕینێکی تر ئامانجی ئەم ئایینە چی بووە و بۆچی زەردەشت ویستوویەتی ئایینەکەی خۆی لە ڕووبەری میدیا یان لە ڕووبەری شوێنکەوتووانی ئایینی میترایدا بڵاوبکاتەوەو بیچەسپێنێت؟ ئایا ویستوویەتی دژایەتی ئایینی میترا بکات و جێگای پێ لەق بکات و لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی میدیەکاندا بیسڕێتەوە؟ ئەگەر ئامانجێکی لەمجۆرە لە ئارادا بووە، ئایا هۆکارەکەی چی بووە؟ لەم ڕووەوە جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ لای زەکەریا قادری و روانینی ئەو لەسەر ئامانجی ئایینی زەردەشتی بەرامبەر بە ئایینی میترایی و میدیس دەخەینە ڕوو. ئەم توێژەرە دەڵێت: لە بنەڕەتدا دینی زەردەشت بە ئامانجی دژایەتیکردن و دژ بە ئایینی میترایی دروست بووە. مەبەست لە ئەهریمەنی زەردەشت هەمان میترا بووە، مەبەست لە دێوی زەردەشت هەمان دشۆ یان خوداکانی ماد

بووە. هەروەها ڤەندیداد لە دژایەتیکردن لەگەڵ مادەکان دروست بووە(٧٠). ئەمەی لێرەدا دەیبینین ئەوە نیشان دەدات کە ئایینی زەردەشتی بە بەرنامە بۆ دژایەتیکردن و روخاندنی ئایینی میترا دروست کراوە. ئەوە راستە هەر ئایینێکی نوێ دەرکەوتبێت یان سەریهەڵدابێت، ئایین یان ئایینەکانی پێش خۆی رەتکردۆتەوەو لەسەر بنەمای بە ناتەواودانان و خراپ دانان و بێ سوود دانان و لە رێگای راست لادەر وەسفی ئایینەکانی پێش خۆیی کردووەو لەم رێگایەوە هەوڵیداوە شوێنکەوتووانی ئایینی پێشتر هەڵگێڕێتەوەو بیانکاتە شوێنکەوتووی خۆی. دیارە لەم روانگەیەوە ئایینی زەردەشتیش هەمان کاری کردووە. هەڵبەت بێزاربوونی زەدەشت دوای ئەوەی لە ماوەی دە ساڵدا تەنیا توانیوێتی یەک کەس بکاتە بڕواداری خۆی، ئەویش ئامۆزاکەی بووە، دەشێت تێڕوانینێکی توندو زیاتر دوژمنکارانەی لای زەردەشت بەرامبەر بە کۆمەڵگای میدیا لادروست کردبێت، کە بە ئاسانی گوێیان بۆ ئامۆژگارییەکانی ئەو نەگرتووە. هەڵبەت دەشێ وەهاش لێکبدرێتەوە کە زەردەشت ئەو سەرسەختیەی کۆمەڵگای میدیاو رەتکردنەوەی پەیام و ئامۆژگارییەکانی ئەوی خستبێتە ئەستۆی ئایینی میترایی، کە بەجۆرێک لە دڵ و دەروونی مادەکاندا چەسپاوە، بە ئاسانی دەستبەرداری نابن. دەشێت لە ئەنجامی ئەمەدا، زەردەشت وەکو دوژمنێکی سەرسەخت دژی ئایینی میترایی وەستابێت و هەموو هەوڵێکی دابێت بۆ شلۆقکردنی و روخاندنی. بەڵام ئایا تا چەند لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە؟

بێگومان ئایین لە ڕووبەری رۆحدا کاردەکات و دەبێتە بەشێک لە کۆنەستی گشتی کۆمەڵگا، بۆیە مامەڵە کردن لەگەڵیدا کارێکی سەختەو سڕینەوەی ئەوەی لە ڕووبەری رۆح و کۆنەستدا جێگیر دەبێت و دەچەسپێت کارێکی ئەستەمە. زۆرینەی ئایینەکان لە رێگای مژدەبەرەکانەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەیان داوە، ئەوەی دیارە ئایینی ئیسلام جیاواز لە ئایینەکانی تر لە رێگای هێزو داگیرکاری و بە پشتی سوپای فەتح بڵاوکراوەتەوەو بوونی هێزو سوپای فەتحیش وایکردووە، هەموو ئەو بەربەستانەی رێگربوون لەبەردەم بڵاوکردنەوەی ئایینەکەدا بە ئاسانی تەخت بکرێن و لەناوببرێن. بۆ ئایینی زەردەشتی باسی سوپاو هێز لە ئارادا نیە، بەڵام گومانی تێدا نیە کە دژایەتیکردنی ئایینەکانی پێشترو بە تایبەتی ئایینی میترایی هەبووە، چونکە ئەگەر زەردەشت دژایەتی

ئایینی میترایی نەکردبێت و هەوڵی بۆ خراپنیشاندان و بێ سوود نیشاندان و بێ گەوهەرکردنی ئەو ئایینە نەدابێت، چۆن دەیتوانی خەڵکی شوێنکەوتووی ئەو ئایینە هەڵبگێڕێتەوەو بیانکاتە بڕواداری خۆی. بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانرێت بگوترێت بۆچوونەکەی زەکەریا قادری لە شوێنی خۆیدایە.

بەپێی قسەی ئەم توێژەرە زەردەشت کاتێ بۆی دەرکەوتووە کە ناتوانێت ئایینی میترا لەناوببات، لەبری درێژەدان بە دژایەتیکردن و هەوڵدانی بۆ شکستپێهێنانی ئەو ئایینە ڕێگایەکی تری لەبەرگرتووە، کە ئەویش ڕێگای ریککەوتنە، بەڵام بە ئامانجی گۆڕینی بنەماو پرینسیپەکانی ئایینی میترایی و شوێنگرتنەوەیان بە بنەماو پرینسیپەکانی ئایینی زەردەشتی. لەم ڕووەوە دەڵێت: لە دوای ئەوەی کە زەردەشت بۆی دەرکەوت کە بە تەواوی توانانی لەناوبردنی میترای نیە، زۆرینەی واتاکانی میترای قبوڵ کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا واتاو ناوەرۆکی گۆڕی، واتاو مانای زەوینی فرەوەشی گۆڕی و واتایەکی رۆحی میتافیزیکی بە بەردا کرد. لە جێگای میترا هۆمنەی هەڵبژارد. سەرەڕای ئەوەی کە زەردەشت بۆ دژایەتیکردنی میترا/ ماد دەرکەوت و مادەکانی بەناوی ئاژی دهاک، میترای بە ئەهریمەن ناساند، کەلتورو زمانی ماد/ میترای داگیرکرد(٧١). بێگومان لەم قسەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە زەردەشت زیرەکانە هەوڵی بێ ناوەرۆککردنی ئایینی میترای داوە، تا بە ئاسانی بتوانێت شوێن پێی خۆی بکاتەوەو لەو ڕێگایەوە کە دروستکردنی بۆشاییە لە بوونی تاکەکاندا جێگا بۆ ئاراستەکردنی پەیامەکەی خۆی بۆ ئەو بۆشاییە خۆش بکات، کە لە ریگای گۆڕینی ماناو ناورۆکی ئایینی میتراوە دروستی کرد. پێدەچێت ئەم شێوە کارکردنەش شێوەیەکی هێمنی بەخۆوە گرتبێت و لای زۆرینەی ئەوانەی بڕوایان بە زەردەشت و پەیامەکەی کردووەو بوون بە زەردەشتی، وادەرکەوتووە کە جیاوازی ئەوتۆ لە نێوان ئایینی میترایی و ئایینی زەردەشتیدا نیە.

وەکو ئەوەی لە سەرچاوەکاندا دەبینرێت و ئاماژەمان بە زۆرێک لەو بەڵگانەدا کە باسی ئەوە دەکەن زەردەشت لە سەر زەمینی مادەکاندا دەرکەوتووەو ژیاوەو هەر لەوێش دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئامۆژگارییەکانی کردووە. ئاڤێستا وەکو کتێبی تێکستەکانی زەردەشت بە زمانی ئاڤێستا دەماودەم گواستراوەتەوەو تا ئەو کاتەی تۆمارکراوە، گۆرانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئاشکرایە کە

سیستێمی ئایینی زەردەشتی سیستێمێکی چەسپاو بووەو پرینسیپ و بنەماکانی ئایینەکەش ڕووی گەشی زۆری تێدایەو بەتایبەتی سیانەی بیرکردنەوەی چاک، کرداری چاک، گوفتاری چاک، بنەمان بۆ دروستکردنی تاکەکەسی ڕێک و دروست، هەروەها ئەم سێ بنەمایەش ئەگەر لە هەر کۆمەڵگایەکدا بچەسپێن بنەمای گەشن بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست. بەڵام دیارە ئایینی زەردەشتی بە تەواوی لەسەر زەمینی میدیادا نەچەسپاوە، چونکە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی میدیادا دەرکەوتووە، هەروەها کۆسپ و بەربەستیشی لەبەردەمدا بووە کە سەرەکیترینیان ئایینەکانی پێشتر بووە بە تایبەتی ئایینی میترایی. هەروەک لە دوای روخانی دەوڵەتی میدیاو گواستنەوەی دەسەڵاتی سەر زەمینی مادای و پارسوا بۆ دەستی هەخامەنشیەکان، ئایینی زەردەشتی خاسێتی میدیاییبوون و ئەو بنەمایانەی میتراییش کە تێکەڵاوی بوون لە دەست دەدات و لە بری زەردەشتیەتی میدیای دەبێتە زەردەشتیەتی هەخامەنشی، یان فارسی. بێگومان ئەوە ئاشکرایە ئایین یان خۆی دەبێتە دەسەڵات یان هەژموونی بەسەر دەسەڵاتدا دەبێت. کەواتە جێگای خۆیەتی بپرسین: ئایا ئایینی زەردەشتی لە سەروەختی هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکان و پاشانیش لە سەردەمی ساسانیەکاندا چۆن بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمەی دواییاندا کە بووەتە ئایینی فەرمی دەوڵەت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لێرەدا بەجێدەهێڵین بۆ بەشی دواتر.

دەرئەنجام: ئەوەی لەم بەشەدا گرنگە گەیشتنە بەو دەرئەنجامەی کە مادەکان بەشێوەیەکی سەرەکی شوێنکەوتووی ئایینی میترایی بوون، ئەویش ئایینی میترایی بە ناوەرۆک و گەوهەری میدیاییەوە کە بریتی بووە لە جۆرێک لە گرێبەست و مانای زەوینی هەبووەو هیچ بنەمایەکی میتافیزیکی نەبووەو جیاواز بووە لە میترای رۆمانی و میترای ئێرانی خۆرپەرستی. هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە کە ئایین نابێتە شونای پێکهاتەی ئێتنیکی یان نەتەوەیی و خۆ ئەگەر شتێکی لەوجۆرەش ڕووبدات ئەوا ئەگەری پێکهێنانی پێکهاتەیەکی داخراوی رەگەزپەرست چاوەڕوان کراوە. لێرەدا دەبێ گەلی جولەکە وەکو بارێکی دەگمەن و تایبەتی سەیر بکرێت، کە ناوی ئایینەکەو ناوی ئێتنۆسەکەی هەمان ناوە، بەڵام فرە رەچەڵەکی ئێتنۆسی جوو بەجۆرێک بەرفراوانە، ئەو داخرانەی شاردۆتەوە کە ئایین دروستی دەکات.

وەک زۆرینـەی بەڵگـەکان پشـتگیری دەکـەن، ئایینـی زەردەشـتی لـە قۆناغـی دوایـی سـەردەمی دەسـەڵاتداریتی دەوڵەتـی میدیـادا دەرکەوتـووەو زەردەشـت هەوڵیـداوە ئامۆژگارییەکانـی و پەیامـی ئایینەکـەی لـەو سـەر زەمینـەدا بـڵاو بکاتـەوە. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پێویسـتی بـەوە بـووە کـە لـە پێشـەوە جـێ پێـی خـۆی و ئایینەکەی پتەوبکات. ئەوەش لەسـەر بنەمـای هەوڵـدان بـۆ لاوازکـردن و روخاندنی ئایینی میترایی ئەنجام بدات. پێدەچێت لەوەدا سەرکەوتوو نەبووبێت، بۆیـە دوتـر هەوڵـی داوە لـە رێگای رێکەوتـن و جۆرێک لـە تێکەڵاوکردنـی هـەردوو ئایینەکـەوە ئـەوە بـکات و ئـەوەش بـە مەبەسـتی پتەوکردنـی ئایینەکـەی خـۆی و داماڵینـی ئایینـی میترایـی لـە مانـاو بنەمـاو پرینسـیپە سـەرەکیەکانی و گۆڕینـی لـە ئایینێکـی زەوینیـەوە بـۆ ئایینێکـی میتافیزیکـی. وا دەردەکەوێـت زەردەشـت لـەم کارەیـدا تـا ئەندازەیـەک سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنابێت، بـەڵام تـا ڕووخاندنـی دەسـەڵاتی میدیـەکان ماوەیەکی ئەوەنـدە دوورودرێـژی نەخایاندووە، کـە توانیبێتی ئایینـی زەردەشـتی وەکـو خـۆی بـە تـەواوی لەسـەر زەمینـی میدیـادا بچەسـپێنێت. بەڵکـو دواتـر و لەسـەردەمی هەخامەنشـیەکاندا زیاتـر ئایینـی زەردەشـتی بـرەوی سـەندووە. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە ئایینـی زەردەشـتی نـەک هـەر نەبووەتـە ئایینـی فەرمـی و سـەرەکی مـادەکان و دەولەتـی میدیـا، بەڵکـو تـا روخاندنـی دەوڵەتـی میدیـا ڕووبەرێکـی تەسـکی میلەتـی میدیـا بوونەتـە پەیڕەوکـەری ئـەم ئایینـە.

## بەشی هەشتەم

## لە دوای دەوڵەتی میدیا: نەوەکانی مادو کاردۆخی و ئەوانی تر.

ماوەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی میدیا هەتا سالی ٥٥٠ی پێش زاین بەردەوام بووە، واتە تا ئەو کاتەی کە کۆرشی هەخامەنشی بە یارمەتی خانەدان و موغەکانی زەردەشتی توانی پاش ماوەی چەند ساڵێک لە شەڕکردن ئاستیاکی دوا پاشای میدیەکان تێکبشکێنێت و بەوەش کۆتایی بە دەسەڵاتی سەدەو نیوێکی میدیەکان وەکو یەکەم دەسەڵاتی دەوڵەتی چیاکانی زاکرۆس و زۆرینەی ئەو جوگرافیایەدا بهێنێت کە لە مێژووی نوێدا پێی دەگوترێت ئێران.

ئێستا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە ئایا روخاندنی دەوڵەتی میدیا بە مانای کۆتاییهاتن و نەمانی رەگەزی ماد و میلەتی ماد دێت؟ یان دەشێت پرسیارێکی گشتگر تر بکەین کە ئەم پرسیارەی سەروەش بگرێتە خۆی، ئەویش ئەوەیە ئایا سەرجەمی ئەو پێکهاتانەی لە زنجیرە چیاکانی زاکرۆس و بانی ئێران و باکوری میسۆپۆتامیادا لە رابردوودا ژیاون، هەر لە لۆلۆو گۆتی و میتانی و کاشی و هۆری خالّدی و کاردۆخی و میدیەکان، دوای روخانی ئەو دەسەڵاتانەی هەیانبووە، چیان بەسەر هاتووە؟ ئایا دەشێت یەم میلەت و پێکهاتانە بەتەواوی لەناوچووبن و هیج پاشماوەیەکیان لێ بەجێنەمابێت؟ ئایا هێرشی ئەوانی تر، بۆ نموونە ئاشوریەکان، ئەکەدییەکان، بابلیەکان، گریک و رۆم، بووەتە هۆی ئەوەی ئەم پێکهاتانە بەتەواوەتی لەناوبچن، یان ئایا دەشێت دیاردەیەکی سروشتی لە جۆری بوومەلەرزە، لافاورووی‌دابێت و بووبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو پێکهاتانەو هیچ پاشماوەیەکیان لی نەمابێتەوە؟ یان بابەتەکە

بەجۆرێکی ترەو پاشماوەو نەوەی ئەو پێکهاتانە لە شێوەی ترو وەکو میلەتی نوێ دەرکەوتوون و میلەتانی دواتری ناوچەکە بە ئاست و ڕێژەی جیاواز نەوەی ئەوانن؟

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە ڕووناکی دەخاتە سەر نەوەی ئەو پێکهاتانە، بە تایبەتی ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە، پاشماوەی مادەکانە لە دوای روخاندنی دەوڵەتی ماد. ئایا لە ماوەی زیاتر لە یانزە سەدەی نێوان روخانی دەوڵەتی مادو گەیشتنی سوپای عەرەبی ئیسلامی بە سەرزەمینی مادو فارس، کە سێ ئیمپراتۆریەتی فارسی (هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی) فەرمانڕەواییان کردووە، مادەکان چیان لێ بەسەرهاتووە؟ ئایا وەکو پێکهاتە ماون، یان توێنراونەتەوەو لەناوچوون، یان لە دەرەوەی دەسەڵات و بە پاشکۆیەتی و ژێردەستەیی ماونەتەوەو دواتر رۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنانی ئێتنۆسی کوردیدا بینیووە؟

مێژووی یەکەم ئیمپراتۆریەتی فارسی بەمشێوەیە دەست پێدەکات «کەیخوسرەوی دووەم (سیروسی مەزن) کە بە کۆرش بەناوبانگە، لە ساڵی ٥٥٨ی پێش زایندا دەبێتە پاشای پارس. دواتر ئانزان (عیلامی) ملکەچی فەرمانەکانی خۆی کردووەو ساڵی ٥٥٠ی پێش زاین لە ئەنجامی رق و بێزاری مادەکان لە پاشایەتی ئازدیاک هێرسی کردۆتە سەر دەوڵەتی ماد. لە یەکەم هێرشڕووبەڕووی شکست بۆتەوە، بەڵام لە هێرشی دووەم شکستی بە سوپای ماد هێناوەو سەرئەنجام دەست بەسەر هەمەداندا دەگرێت و دەوڵەتی ماد دەڕوخێنێت و خۆی پاشایەتی پارس و مادی گرتۆتە دەست. لەم بەرواره بەدواوە مێژووی دەوڵەتی ئێران دەست پێدەکات، یانی سەرئەنجام وشەی ئێران بەسەر سنووری دەوڵەتی مادو پارس دەسەپێت(١)». ئەمە ئەو مێژووەیە کە کۆتایی بە دەسەڵاتی میدیەکان دەهێنرێت و لە شوێنی ئەودا یەکەم دەوڵەتی فارسی لە لایەن فارسە هەخامەنشیەکانەوە دادەمەزرێت. دیارە ئەم دەوڵەتەی هەخامەنشیەکان لە ئەنجامی روخاندن و لەناوبردنی دەوڵەتی مید دێتە ئاراوە، نەک هەر شوێنی دەسەڵاتی میدیەکان دەگرێتەوە بەڵکو دەسەڵات بەسەر هەموو قەڵەمڕەوی میدیادا دەکات و تەنانەت لە سەرەتاوە خۆی وەکو دەسەڵاتی پارس و میدیا نیشان دەدات و پلەو پایەش دەدات بەو خانەدانانەی

میدیا کە ناپاکییان لە ئاستیاک کردو لە دژی ئەو پشتگیری کۆرشیان کرد، بەڵام دواتر لەگەڵ چەسپاندنی جێ پێی خۆیدا، دەولەتی هەخامەنشی خانەدان و موغەکانی مید لە پێگەکانی دەسەڵات دووردەخاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دوای روخاندنی دەوڵەتەکەیان میدییەکان بە هیواشی خراونەتە دەرەوەی چەق و پێگەی دەسەڵات و خراونەتە پەراوێزەوە. هەروەک مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت: لە دوای سقوتی حکومەتی ماد، هەموو وڵاتی کوردستان (مەبەست کوردستانی ئێستایە) لەناو میراتی حکومەتی ماددا بەر حکومەتی ئاخەمەن یان (کیانی) کەوت و تا ئیستیلای ئەسکەندەر تەقریبەن دوو عەسر بەدەست حکومەتی ئێرانەوە بوو. لە کاتێکدا کە داریوشی ئەوەل لە بابلستاندا مەشغول بوو، وڵاتی میدیا لە ئیدارەی فەرەوەرتیسدا عوسیانی کرد، داریوش لەشکری نارده سەر میدیا، بەڵام بێ فائیده بوو. نیهایەت لەپاش ئیستیردادی بابل بیلزات خۆی چوو بۆ میدیاو عوسیانەکەی تەسکین کرد(٢).

ئەوە ئاشکرایە کە هەخامەنشیەکان بە شەڕو هێرشی توونڈو چەند جارەو درێژخایەن توانیوویانە دەسەڵاتی دەوڵەتی میدیا لەناوببەن و لە شوێنیدا دەسەڵات و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. هەرچەندە بۆچوونی لەوجۆره هەیە کە گوایە دەوڵەتی نوێی هەخامەنشی دەوڵەتی پارس و ماد بووە، بەڵام راپەڕینی مادەکان لە دوای روخانی دەوڵەتەکەیان، هەوڵی ئەوان بووە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆیان، ئەوەش مانای وایە کە میدیەکان دەوڵەتی هەخامەنشیان بە دەوڵەتی خۆیان نەزانیووە، هەر لەبەرئەوەش راپەڕینیان کردووەو راپەڕینەکەیشیان بەجۆرێک بەهێز بووە کە لە سەرەتادا، دەسەڵاتی دەوڵەتی نوێ نەیتوانیوە سەرکوتی بکات، تا ئەوکاتەی کە کۆرش خۆی لە بابل گەڕاوەتەوەو پەلاماری میدیای داوەو راپەڕینەکەی سەرکوت کردووە. بوونی نارەزایی و راپەڕینی میدییەکان ئەگەر لە ئاستێکی زۆر بەهێزو بەرفراونیشدا نەبوبێت، بەڵام بەڵگەی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە میدیەکان بە فشار ناچارکراون ملکەچی دەسەڵاتی کۆرش و پاشاکانی دواتری هەخامەنشی بن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کۆرش ئەو پاشا خۆشەویستە نەبووە لای میدیەکان کە زۆرینەی مێژوونوسانی کورد وەکو پاشای پارس و میدیا باسی دەکەن و بە کۆرشی مەزن و دروستکەری دەوڵەتی ئێرانی نەوی دەبەن، کە

گوایە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی گەلانی ئەو کاتەی ئەو جوگرافیایە بووە کە ئێستا پێی دەگوترێت ئێران. هەر بە بۆچوونی ئەو کوردانەی ئێستا فارس و کورد بە برا دەزانن، کۆرش دروستکەری برایەتی و هاوکەلتووریی فارس و کوردە. کە لە راستیدا ئەم بۆچوونە نەک بە پێوانەی ئێستا، بەڵکو بە لێکدانەوەی لۆجیکانە بۆ هەموو کات بۆچوونێکی ئاوەژووە، چونکە کۆرش روخێنەری دەوڵەتی ئەو میلەتەیە کە بەشداری دیاری هەبووە لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و دروستکردنی ئیتنۆسی کوردیدا.

دیاکۆنۆف لەبارەی چۆنێتی روخاندنی پاشایەتی میدیاوە، قسەو بۆچوونەکانی هێرۆدۆت و کتسیاس تاوتوێ دەکات و بەشی هەرەزۆری بۆچوونی ئەم دوو مێژوونووسە کەرووداوەکانیان لە دوای دەوەروبەری دووسەدە دوایرووودانیان نووسیوەتەوە، وەکو ئەفسانە باس دەکات، ئەمە لە کاتێکدا زانیاری نێو سەرچاوە بابلییەکان بە دروستترو نزیکتر لە راستی باس دەکات. لەبارەی روخانی پاشایەتی میدیاوە دەڵێت: لە سەرچاوە بابیلۆنیەکانەوە ئەوەمان بۆروون بووەتەوە کە جەنگی نێوان کۆرش و ئاستیاک سێ ساڵ درێژەی کێشاوە. بۆیەروون و ئاشکرایە هێرۆدۆت بە کورتی باسی ساڵیرووداوەکان دەکات، تەنها باسی دوو شەڕی میدیەکان دەکات، (لە یەکێکیاندا هارپاک سەرکردایەتی میدیەکانی کردووە. لە ئەوی دیکەیاندا خودی ئاستیاک سەرکردایەتی کردووە). خۆبەخۆ ئەم زانیارییانەی هیرۆدۆت راستن، چونکە راپۆرتەکانی لەبارەی لەشکرکێشی سوپای میدیەکانەوە بەسەرکردایەتی پێشەواکان بۆ پشتیوانی کۆرش، لە لایەن سەرچاوە مێژووییە بابیلۆنیەکانەوە پشتراست کراونەتەوە. مێژووی ئەورووداوانە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ٥٥٠ن پێش زاین(٣).

دیارە بۆچوونی ناکۆک و دژبەیەک سەبارەت بە رەگوڕیشەی کۆرشی هەخامەنشی هەیەو سەرباری ئەوەی کە ئەوە یەکلابووەتەوە، کە کۆرش لە بنەچەی بنەماڵەی هەخامەنشیەکانەو گوایە کچەزای ئاستیاکە، بەڵام کتسیاس وەکو کەسێکی بێ رەگوڕیشەو ئاست نزم باسی دەکات و پێدەچێت ئەم پزیشکە کەرووداوەکانی گێراوەتەوە لە روانگەی بۆچوونی میدیەکانەوەرووداوەکانی گێرابێتەوە، یان خۆی سۆزداری و لایەنگری بۆ میدیەکان هەبووبێت و لەو روانگەیەشەوە دژی روخاندنی پاشایەتی میدیا بووبێت و لەسەر ئەو بنەمایە

کۆرشی وەها نیشان دابێت کە لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتیەوە لەو ئاستەدا نەبووبێت ببێتە پاشا و دەوڵەتی میدیا لەناوببات.» بێگومان ئەو بۆچوونەی کتسیاس کە گوایە کۆرش سەربە خانەوادەیەکی شاهانە نیە، سەرلەبەری ناڕاستەو بەڵگە فەرمیە رەچەڵەکناسیەکان و چەندان شوێنەواری دۆزراوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە یەکەمین پادشاکانی هەخامەنشیەکان وەکو قەمبیزی یەکەمی باوکی کۆرش و کۆرشی یەکەمی باپیری کۆرش پادشا بوون(٤). بەهەرحال ئەوەی دەرئەنجامە، ئەوەیە کە کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی میدیا هاتوو، لە شوێنیدا هەخامەنشیەکان بوون بە خاوەنی دەسەڵات. هەڵبەت بێجگە لە کۆرش کە خواستی بەدەستگرتنی دەسەڵاتی هەبووە، هاوکات ئارپاکیش پێدەچێت هەمان خواستی هەبووبێت. دیارە بەپێی زۆرێک لە بۆچوونەکان کۆرش و ئارپاک هەردووکیان کچەزای ئاستیاکی دوا پاشای میدیا بوون. ئەوەش لە لایەک خواستی بوون بە پاشا و خۆ بەخاوەن مافزانینی ئەو پێگەیەی لە لا دروستکردوون، لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئەو بۆچوونە راست بێت کە کچەزای ئاستیاک بووبن، ئەوا هەردووکیان لە سەری دایکەوە پاشازادە بوون. بە گوێرەی کۆرش لە سەری باوکیشیەوە لە زنجیرەی فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی هەخامەنشی بووە. تەنانەت لەسەر بنەمای هەمان ئەم بۆچوونە کە گوایە کۆرش کچەزای ئاستیاکە، کۆرش وەکو نەوەی مادو تەنانەت لای هەندێ لە ناسیونالیستانی کورد وەکو کورد سەیر دەکرێت. لە کاتێکدا بۆچوونی لەم جۆرەو لەسەر بنەمای رەچەڵەک نابێتە بەڵگەی بەهێز بۆ میدیایی بوون یان کوردبوونی نە کۆرش و نە ساسانیەکان و نە هیچ کەسێکی تر، هەروەکو چۆن ئەو درەختی بنەماڵەیەی زۆرینەی سەیدو شێخەکانی کورد بۆ خۆیانیان دروستکردووەو خۆیان بردووەتەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام و کەسوکاری، هیچ کوردێک ناکات بە عەرەب

بێگومان سەرئەنجام دەسەڵاتی میدیا کۆتایی هات و لە هەمان سەرزەمیندا دەسەڵاتی پاشایەتی هەخامەنشی دامەزرا. دوا قۆناغی پاشایەتی میدیا، کۆتایی دەسەڵاتی ئاستیاک بوو لە ئێگباتانا. بۆیە لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات سەبارەت بە چارەنووسی میلەتی ماد لە دوای دەستگیرکردنی ئاستیاک و دەستبەسەردا گرتنی ئێگباتانا، واتە دەبێ دوای ئەورووداوە مادەکان چییان لێ

بەسەرهاتبێت؟ کاتێ بۆ دواجار سوپای ئاستیاک دووچاری شکست هات، ئەویش وەکو دەرئەنجامی هەڵوێستی بەشێکی زۆر لە کاهینە موغەکان و خانەدانەکان کە پەیوەندییان لەگەڵ پارسە هەخامەنشیەکان بەستبوو، دژی میدیاو ئاستیاک کەوتبوونە جوڵە. دواجار» ئاستیاک ئەو دانیشتوانەی لە ئیکباتانا مابوونەوە چەکداری کردن و چوونە دواین شەڕی خۆیانەوە. لێ سەرئەنجام تێکشکاو لە لایەن هۆزە پارسییەکانەوە بە دیل گیرا. شاری ئێکباتانا لە لایەن پارسەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا. بەپێی مێژووەکەی نابۆنیدی بابیلۆنی شارەکە تالان کراو بەشێکی دانیشتوانیش کران بە کۆیلە(٥). ئەو بەشەی دانیشتوان کە کران بە کۆیلە مادەکان بوون و لە لایەن پارسە هەخامەنشیەکانەوە ئەوەیان بەسەردا سەپێنرا. ئەمەش ئەو بۆچوونە بە درۆدەخاتەوە کە پێیوایە کۆرش پاشای هەخامەنشی و میدیا بووە پێکەوە. لەراستیدا ئەوەی هیچ گومانێکی تێدا نیە، ئەوەیە کە هەخامەنشیەکان بوونەتە خاوەنی دەوڵەت، کە دەوڵەتی پارسی بووەو میدیەکانیش کە پێشتر خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵات بوون و تەنانەت پارسەکانیش لە قەڵەمڕەو و بەجۆرێک لە ژێر فەرمانڕەوای ئەماندا بوون، ئێستا بوونەتە ژێردەستەو کۆیلەی دەسەڵاتی ئەوان. کەواتە ئەو دەوڵەتەی لە شوێنی پاشایەتی میدیادا دروستبوو، نەک دەوڵەتی میلەتی میدیا نەبوو، بەڵکو سەرباری نەگونجانی زاراوەی داگیرکەر بۆ ئەو قۆناغە بەڵام لە راستیدا دەوڵەتی هەخامەنشی رۆڵی روخێنەری دەوڵەتی میدیاو داگیرکەری خاک و میلەتەکەی بینیوە.

سەرچاوە مێژوویەکان لەسەر هۆکاری روخانی پاشایەتی میدیا دەبن بە دوو ئاراستە، یەکەمیان هۆکاری روخانی دەوڵەتی میدیا دەگێڕنەوە بۆ سیاسەتی خراپی ئاستیاک. دووەمیان هۆکاری کەوتنی دەوڵەتی میدیا لەسەردەمی ئاستیاکدا دەگێڕنەوە بۆ ناپاکی ژمارەیەکی زۆر لە کاهینە موغەکان و خانەدانەکان و کۆبوونەوەیان لە دەوری هارپاک و پشتگیریکردنی ئەمانە لە کۆرشی هەخامەنشی. دیارە مێژوونووسی کورد بێ لێکدانەوەو تاوتوێکردن لایەنگیری بۆچوونی یەکەمی کردووە، کە بۆچوونی هەخامەنشیەکان و موغەکان و خانەدانە میدیەکان و ئارپاکە. لەبەر ئەوەی ئاستیاک پشتی لە لە کاهینە موغەکان و خانەدانەکان کردووەو پشتگیری خەڵکە ئاساییەکەی کردووە، ئەم

موغ و خانەدانانە دژی ئاستیاک وەستاون و پشتگیری کۆرشیان کردووە. لەم بارەیەوە ئیقرار عەلی پێف دەڵێت: هەندێک لە مێژوونووسان لەبەرئەوەی کە نەیانتوانیووە هۆکارە سەرەکیەکانی روخانی دەوڵەتی ماد بدۆزنەوە، هەموو ئەم هۆکارەیان لە دڵرەقی و نەبوونی لێهاتوویی سەربازی و نابەرپرسیارێتی ئیشتۆویگۆدا- ئاستیاک- بینیوەتەوە. کۆنترین دادوەری لەسەر ئیشتۆویگۆ کە لە ژێر کاریگەری پاشماوەکانی هارپاکدا نەبووە، ئەوەی ئاشیلە. ئەو بە چاکە باسی پاشای ماد دەکات. هەروەها کتسیاس زۆر بە چاکی باسی دواین پاشای ماد دەکات. هەندێ راستی هەن کە گوایە خەڵکی ماد لە ژێر سەرکردایەتی ئیشتۆویگۆدا بۆ ماوەی سێ ساڵ ئازایانە دژ بە پارسەکان و خۆفرۆشانی سەربە خێوەتگەی هارپاک کە بە کۆرشەوە پەیوەست بووبوون، شەڕیان کردووە(٦). ئەگەر سیری ئەم بۆچوونەی سەرەوە بکەین ئەوە بە ئاشکرا دیارە کە هۆکاری سەرەکی روخاندنی دەوڵەتی میدیا هۆکاری ناوخۆ بووە، کە ئەویش هەرەسهێنانی ئەو دۆخی یەکگرتنە بووە کە بووەتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی میدیا. واتە ناکۆکی و دابەشبوونی ناوخۆ رۆڵی سەرەکی بینیووە لە روخاندنی ئەم دەوڵەتەدا. بێگومان ئەو ناکۆکی و دابەشبوونەش پەیوەندی بە دوو پێکهاتە یان دوو گروپی سەرەکیەوە هەبووە لە سنووری دەسەڵاتی میدیادا، کە ئەوانیش کاهینە موغەکان بوون لەگەڵ خانەدانە میدیەکان، کە لە لایەک لەسەردەمی ئاستیاکدا نەیانتوانیووە پەلاماری ئەملاو ئەولا بدەن و بە دزی و تاڵانکردن خۆیان زیاتر دەوڵەمەند بکەن، لە لایەکی ترەوە، هۆکارێکی تر ئەوە بووە کە خودی ئاستیاک ئەوەندەی بایەخی بە ئاستەکانی خوارەوەی میلەت داوە ئەوەندە خانەدان و کاهینە موغەکانی بەلاوە گرنگ نەبووە. ئەمەش زیانی گەورەی لە بەرژەوەندی ئەم دوو گروپەی کۆمەڵگای ماد داوە، بۆیە هەوڵیانداوە بەهەر شێوەیەک بێت دەسەڵاتی ئاستیاک لەناو ببەن بەو هیوایەی لە سایەی دەسەڵاتی دواتردا ئەوان بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەدیبهێنن و بیپارێزن.

ئاشکرایە کە هۆی سەرەکی روخانی دەوڵەتی ماد هۆکاری ناوخۆیی بووە، کە ئەویش دەرکەوتنی ململانێی توندو سەختی نێوان خانەدانەکان و بەشی خوارەوەی کۆمەڵگای ماد یان خەڵکی ماد بووە، کە خانەدانەکانی خێڵ و تیرەو

هۆزەکان ویستوویانە وەکو کۆیلە خەڵکەکە بەکاربهێنن بۆ کارو بەرژەوەندی خۆیان، یان تەنانەت بۆ شەڕکردن و پەلاماردانی ئەملاو ئەولاو تالانکردن، هەتا لەو ڕێگایەوە موغ و خانەدانەکان زیاتر خۆیان دەوڵەمەند بکەن. لەسەردەمی ئاستیاکدا دەوڵەتی ماد کەمتر چاوی لە هێرش و پەلاماردانی شوێنانی تر بووە، ئەمەش ڕێگای بۆ خانەدانەکان و کاهینە موغەکان خۆشکردووە کە ئاستیاک بە ترسنۆک و ناکارا لەڕووی سەربازییەوە سەیر بکەن و تاونباری بکەن. هەوەک لە ململانێی نێوان خانەدانەکان و خەڵکی خوارەوەی میدیادا، ئاستیاک پشتی خەڵکی گرتووە بە دژی خانەدانەکان و ڕێگای نەداوە بە خانەدانەکان بۆ مەرامی خۆیان خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگا بەکاربهێنن. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی خانەدانەکان و کاهینە موغەکان دژی دەسەڵاتی ئاستیاک بن و هەوڵبدەن دەسەڵاتەکەی لاواز بکەن بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان بتوانن زۆرینەی میلەتی ماد بکەنە کۆیلەو بۆ کارو بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بهێنن.» تا ڕادەیەکڕوون بۆتەوە کە ئیشتۆویگۆ لە شەڕکردن دژ بە ئەشرافەکانی هۆزە جۆراوجۆرەکان پشتی بە پشتیوانی کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵک بەستووەو ئەوە بابەتێکە کە خودی هیرۆدۆت شایەتی بۆ دەدات. هەر ئەم ئاماژەیە بە بارودۆخ و پێکهاتەی هێزە چینایەتیەکانی کۆمەڵگا دەرخەری ئەوەیە کە ئەشرافەکانی هۆزە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی فەرمانڕەوایی تەواو بەسەر کۆمەڵانی ئاسایی خەڵکی ماددا، هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لاواز بکەن. وادیارە ئەشرافە مادەکان بە نیازی ئەوە بوون کە پێگەی کۆمەڵایەتی خەڵکی ماد تا ئاستی کۆیلە دابەزێنن. ئیشتۆویگۆ وادیارە نەیویستووە ئەم نیازەی ئەشرافەکان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنرێت، چونکە ئەو کۆمەڵگەی بە بنەمای پتەوبوونی دەوڵەتی ماد و بەهێزبوونی هێزە چەکدارەکانی دەزانی(٧).

بە پشتبەستن بەم بۆچوونەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ناوخۆی دەوڵەتی میدیادا سەرباری ئەوەی کە ئەم دەوڵەتە لە یەکێتی و کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان پێکهاتووە، ناکۆکی بنەڕەتی هەبووە، بەڵام ئەو ناکۆکیە لەبری ئەوەی ناکۆکی نێوان خێڵە پێکهێنەرەکانی پاشایەتی ماد بووبێت، ناکۆکی و ململانێی دەرکەوتووی چینایەتی بووە. چینی سەرەوەی کۆمەڵگا کە لە

کۆمەڵگای خێڵایەتیدا خانەدان و خاوەن موڵکەکانن لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگادا کە خەڵکە ئاساییەکەن، بە سروشتی ناکۆک و ناتەبان. لەم ململانێیەدا، پیاوانی ئایینی یان کاهینە موغەکان نەک هەر پاڵپشتی خانەدانەکانیان کردووە، بەڵکو لەسەنگەری ئەواندا بوون. ئەمەش دیاردەیەکی ئاشکراو دیارە کە پیاوانی ئایینی نەک هەر لە سەردەمی ماددا، بەڵکو تا ئەندازەیەکی نزیک لە گشتی، پیاوانی ئایینی لەپاڵ چینی سەرەوەو خانەدانەکانی کۆمەڵگاو ئەو دەسەڵاتانەدا دەبن کە هەژموون بەسەررووبەرە فراوانەکەی کۆمەڵگادا دەکەن کە خەڵکی ئاساییە. ئەم دیاردەیەش لە کۆتایی فەرمانڕەوایی مادەکاندا بە ئاشکرا بینراوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو پیاوانی ئایینی میدیا دوای روخانی دەوڵەتی مید لە دەرباری کۆرش و هەخامەنشیەکاندا شوێن و پێگەیان پارێزراو بووە. ئێستا تا ئەندازەیەک دیارە کە بارودۆخی ناوخۆ چ دەورێکی هەبووە لەسەر روخاندنی دەوڵەتی میدیا. ئەمەش ئەوەمان پیدەڵێت کە هەمیشە دابەشبوون و ململانێی ناوخۆ یەکێکە لە هۆکارەکانی دابەشبوون نەک هەر لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەسەر ئاستی گوتاریش. ئاشکرایە لە هەموو کات و شوێنێکدا دابەشبوون یەکێکە لە هۆکارەکانی لاوازبوون و روخاندن.

لە دوای روخانی دەسەڵاتی میدیەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی هەخامەنشی و داگیرکردنی وڵاتی ماد لە لایەن ئەم دەوڵەتە نوێیەوە، بێگومان بارودۆخی وڵاتی میدیا گۆڕا، واتە گۆڕان لە سەربەخۆییەوە بۆ ژێردەستەیی، کەواتە مادەکان روو بە رووی بارێکی نائاسایی بوونەوە. هەروەک دەبوو کۆرشی پاشای هەخامەنشی رێ و شوێنی نوێ لەبەربگرێت بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر رووبەری فراوانی وڵاتی میدیادا. دیارە هەر ئەوەش نا، چونکە کۆرش بە هەموو لایەکدا پەلی هاوێشت و رووبەری دەسەڵاتی خۆی لە هەموو لایەکەوە فراوان کرد، بەڵام سەرئەنجام خواستی فراوانخوازی بوو بەهۆی ئەوەی لە هێرشەکانیدا بۆ رۆژهەڵات بکوژرێت.» سەرکەوتنەکەی کۆرش بەسەر ئاستیاکدا کە بە هاوکاری خانەدانە میدیەکان بەدەستی هێنابوو، دەبوو یاسای نوێی فەرمانڕەوایی کە کۆرش نوماینەدەی دەکرد بە رواڵەت چارەسەرێکی ناوەندی بێت بۆ هەمووان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێکباتانا تالان کراو بەشێک لە میدیەکان کران بە کۆیلەو میدیاش وەکو وڵاتێکی داگیرکراو

باجی خرایە سەر(٨). لێرەدا جارێکی تر جەخت لەسەر رۆڵی خانەدانە میدیەکان دەکرێتەوە لە روخاندنی دەوڵەتی میدیادا. ئەگەر بتوانرێت بسەلمێندرێت کە کورد نەوەی میدیایەکانە، ئەو رایەڵەی پەیوەندییەکی بۆماوەیی لەو سەردەمەوە بۆ قۆناغەکانی دواترو تا ئێستاش وەکو کاریگەری رابردوو، لە بوونی کوردی ئێستادا دەدۆزرێتەوە. هەرچەندە دیارە ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نیە کە بڵێین کورد بە تەواوی نەوەی راستەقینەی مادەکانە، نەخێر بە بۆچوونی ئێمە لەبەرئەوەی لەڕووی کۆمەڵناسیەوە رەگەزی خاوەن خوێنی خاوێن بوونی نیە، کەواتە ناشێت کورد تەنیا نەوەی میدیەکان بێت، بەڵکو پێمانوایە کە میدیەکان یەکێکن لەو رەگەزو توخمە سەرەکیانەی کە بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردووە. دەشێت ئەو بەشداریکردنەش بەس بێت بۆ دروستکردنی رایەڵەی پێکەوەبەستن و دەرخستنی بنەمای بۆماوەیی لە نێوان کوردی ئێستا و میدیەکاندا.

ئەو بارودۆخەی کە دوای روخاندنی دەسەڵاتەکەیان، میدیەکانی تێکەوتوون، دوو دەرئەنجامی روون و ئاشکرای دەبینرێت. یەکەمیان ئەوەیە کە ئیکباتانا لە لایەن هەخامەنشیەکانەوە تالان کراوە، دووەمیان بەشێک لە میدیەکان کران بە کۆیلە. هەڵبەت ئاشکرایە مەبەست لە بە کۆیلەکردن لێرەدا تەنیا سەرکوتکردن و چەوساندنەوە نیە، بەڵکو بەشێک لە میدیەکان بە کردەوە کراون بە کۆیلەو دراون بە خاوەن کۆیلەکانی هەخامەنشی. بێگومان بەشەکەی تری مادەکان کە وڵاتەکەیان داگیرکراوەو دەوڵەتەکەیان روخێنراوە، بوونەتە میلەتێکی داگیرکراو و ژێردەستە. پایتەختەکیشیان کە هێمای دەسەڵاتی ئەوان بوو، هەر ئەوە نیە دەستی بەسەردا گیرابێت، بەڵکو تاڵانیش کراوە. واتە سامانی مادی و مەعنەوی ئەوان براوە.

ئەوەی کە لە سایەی دەسەڵاتی کۆرشدا پێگەیەکی پێدرابێت رەنگە بەشێک لە موغەکان و خانەدانەکانی میدیا بووبن کە پشتگیری کۆرشیان کرد بە دژی ئاستیاک و دەوڵەتی میدیا، کە بەگوێرەی گەلی میدیا ئەوەش سوکایەتیکردنە بەوان چونکە ئەوانەی ناپاکییان لە میدیا کردووە پاداشتکراون. ئەمانەش تەنیا لە سەردەمی کۆرشدا لەپای ئەو ناپاکیەی لە ئاستیاک و دەوڵەتەکەی خۆیانیان کرد، پاداشت کران و هەندێ پێگەو پلەو پایەیان پێدرا، بەڵام دواتر،

هەموو ئەمانەش فرێدرانە دەرەوەی بەرپرسیاریتی.» لە نووسراوەکانی سەر بەردەکەی بێستوندا، داریویشی یەکەم ئاماژەی بە ناوی فەرماندە پارسە بە ڕەگەز میدیەکان کردووە کە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاخامەنشیەکاندا پلەو پایەی بەرزیان بەدەستەوە بووە. لێ بەگشتی خانەدانە میدیەکان زۆر کەم سوودیان لە داگیرکردنی میدیا لە لایەن پارسەکانەوە وەرگرت. هەر لە رۆژگاری فەرمانڕەوای داریوشی یەکەمەوە زۆرینەی زۆری پێگە گرینگەکانیان بە خانەدانە پارسەکان درابوون، بە تایبەت ئەو حەوت بنەماڵە خانەدانانەی کە لە کودەتاکەدا هاوکاری و پاڵپستی داریوشی یەکەم بوون. ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵە خانەدانە میدیەکان تێکەڵی بنەماڵە خانەدانە پارسەکان بوون، زۆرینەیان پلەو پێگەی نزمیان پێدرا، یاخود لە کاتی تەنگەژەی فەرمانڕەوایی داریوشی یەکەمدا (٥٢٢-٥٢١) ی پێش زاین، لەناو بران.. هەروەها دەشێت یەکێتی فەرمی نێوان میدیاو پارسیا تەنها لە ماوەی فەرمانڕەوایی داریوشی یەکەمدا بەرقەرار بووبێت، نەک زیاتر (لە ٥٢٢ بۆ ٤٨٠ی پێش زاین)(٩).

بێگومان لە سەرتاوە کۆرش لە لایەک خۆی وەکو پاشای مادو هەخامەنشی نمایس کرد و وەکو ئاماژەمان بۆ کرد پاداشتی ناپاکی خانەدانە میدیەکانی کە هاوکارییان کرد لە روخاندنی دەوڵەتی ماددا، دایەوە بەتایبەتی ئارپاکی سەرکردەی ئەم خانەدانانە. بەڵام ئەوە زۆر بەردەوام نەبووە، بە تایبەتی لە دوای کۆرش و لە سەردەمی داریوشی یەکەم بەدواوە، خانەدانە میدیەکان بەگشتی لە پێگەکانی دەسەڵات دوورخرانەوە، چونکە ئاشکرایە کە پاداشتی ناپاکی کاتیەو ناشێت هەتاهەتایی بێت. لە لایەکی ترەوە هەخامەنشیەکان دوای سەرکەوتنی بەربڵاویان لە میسۆپۆتامیاو میسرو لیدیاو پەلاماردانی هۆزەکانی رۆژهەڵاتی ئێران- پیرشیا-، بەجۆرێک بەهێزبووبوون کە مەترسی ئەوتۆی ناوخۆیان لەسەر نەمابوو، هەرچەندە لە کۆتایی فەرمانڕەوایی قەمبیزی کوڕی کۆرش و داریویشی یەکەمدا (٥٢٢-٥٢١)ی پێش زاین) هەڵگەڕانەوەی لەبەرچاو بەدژی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان لەسەر زەمینی میدیاوە سەریهەڵدا، کە ئەویش راپەڕینی گاوماتا بوو.

سەرهەڵدانی راپەڕین ئەوە دەسەلمێنێت کە سیاسەتی هاخامەنشیەکان بەرامبەر بە میدیەکان خراپ و نالەبار بووەو بە تەواوی سیاسەتی دەوڵەتێکی

داگیرکەر بووە بەرامبەر بە گەلێکی داگیرکراو و ژێردەستە. هەر ئەو سیاسەتەش هۆکاری سەرکی سەرهەڵدانی راپەڕین بووە بە دژی هەخامەنشیەکان لەسەر زەمینی میدیادا. لە سەروەختی کۆرشدا وڵاتی میدیاو باکوری میسۆپۆتامیا لەگەڵ روبەرێکی هێجگار فراوندا لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتەوە کەتۆتە ژێردەستی پارسە هەخامەنشیەکان.» وڵاتی مادو گۆتی تا دەرکەوتنی ئەسکەندەر بۆ ماوەی دوو سەدە ژێردەستەی ئێرانیەکان بوون(١٠). لەم وتەیەدا ئەوە بە ئاشکرا دەردەکەویت کە مادەکان و خەڵکی تریش ژێردەستەی دەوڵەتی پارسی هەخامەنشی بوون. راستە پێشتر خودی کۆرش خۆی وەکو پاشای میدیاو پارس ناوزەند کردووە، بەڵام وەکو دەردەکەوێت ئەوە تەنیا لە سەرەتای دەسەلاتیدا بووە، واتە تا ئەو کاتەی جێ پێی خۆیی قایم کردووە. هەڵبەت مەبەستی خاوەنی ئەم وتەیە ئەوەیە کە میدیا وەکو بەشێکی جیاواز لە ئێران باس بکات و مەبەستی ئەو لە ئێران دەسەلاتی پارسەکانە، هەرچەندە ئەم پێشتر باسی ئەوە دەکات کە کۆرشی گەورە پێکەوە پاشای پارس و میدیا بووە. ئێستا ناوی ئێرانی خستووەتە شوێنی پارسیاو میدیای لێ جیادەکاتەوە. ئەمەش لەڕوویەکی ترەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بڵێین بۆ ئەو سەردەمانە وڵاتێک نەبووە بە ناوی ئێران، پێرشیا یان پارسوا مەبەست وڵاتی پارسەکان بووە. ناوی ئێران لە مێژووی نوێداو لە سەروەختی دەرکەوتنی ناسیونالیزمی فارسیدا دەرکەوتووە، کە مەبەست لێی سەرزەمینی یان وڵاتی ئارییەکان بووە. لەم روانگەیەشەوە نە میدیەکان و نە کوردی دواتریش بەئاسانی لە ژێر ناوی ئاریاییدا لەم وڵاتەدا کە ناوەکەی بە واتای خاکی ئاراییەکان دێت، شوێنیان بۆ ناکرێتەوە.

بێگومان ئاشکرایە دوای مردن یان کوشتنی کۆرش لە رۆژهەڵات، کەمبوجیەی کوڕی کە لە پێش کوشتنی باوکیدا ساڵی ٥٣٠ی پێش زاین وەکو جێنشینی شا لە بابل فەرمانڕەوایی دەکرد، رێوشوێنی خۆی دانابوو بۆ شوێنگرتنەوەی باوکی. هەروەک باسی ئەوە دەکرێت کە کەمبوجیە بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لەبەردەمی خواست و ویستی بەهێزیدا بۆ بوون بە پاشا، هەموو هەوڵێکی داوەو تەنانەت بە پلانێکی تۆکمە داڕێژراو بەردیای برایی کوشتووە، نەوەکو بەردیا ببێتە مەترسی بۆ سەر چارەنووسی ئەو و رێگری لێ بکات.

بەڵام دیارە بەگشتی جۆرێک لە بێزاری بەرامبەر بە دەسەڵاتی کەمبوجیە هەبووە. ئەم بێزارییەش تەنیا لە لایەن مادەکان و ئەو میلەتانەی ترەوە نەبووە کە هەخامەنشیەکان کردبوونیانە ژێردەستەی خۆیان، بەڵکو پێدەچێت موغەکان و کەسانی تری پارسیشی گرتبێتەوە. بۆیە لەو سەروبەندەدا» موغێک بەناوی گێئۆماتا راپەڕی و پارسەکان و مادەکان و تێکڕای نەتەوە و هۆزەکانی ئیمپراتۆری...پشتیان لە کەمبوجیە کردو لەم کەینوبەینەدا کەمبوجیە سەری نایەوەو هیچ کەس نەیوێرا دژی گێئۆماتا راپەڕێ. هەتا ئاخیریەکەی خودی داریش لە بنەبانی ٥٢٢ی پێش زایندا، هاتە مەیدانەوە. ئەوسا داریوش لەگەڵ شەش پارسیی تر گێئۆماتاو داروودەستەکەیان لە کۆشکێکدا بەناوی سیکایووڤاتیس لە خاکی ماد قەڵت و بڕ کرد(١١). ئێستا دیارە کە بارودۆخی ناو بازنەی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکانیش وەکو هەر دەسەڵاتێکی تر بارگاوی کراوبووە بە ململانێ و ناکۆکی و بەرژەوەندی تا ئاستی ئەوەی کە برا لە پێناوی کورسی دەسەڵاتدا برای خۆی لەناو ببات. هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت کە سەرباری سەرقاڵبوون بە جەنگ و داگیرکارییەوە، تەنیا لە دوای نزیکەی دوو دەیەو نیو بێزاری خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان دروستبووەو راپەڕین روویداوە. ئایا هۆکارەکانی پشتی راپەڕینی گێئۆماتا چی بووە؟ ئایا بەهۆی خراپی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکانەوە بووە بەرامبەر بە کۆی خەڵک یان بەرامبەر بە دەستە گروپێک، بۆ نموونە پیاوانی ئایینی و خانەدانەکان؟ یان ئەم راپەڕینە رەتکردنەوەی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان بووەو هەوڵێک بووە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی پێشتر کە دەسەڵاتی میدیەکان بووە؟ ئایا گێئۆماتا خۆی کێ بووەو شوناسی راپەڕینەکەی چی بووەو چ پەیوەندییەکی بە میلەتی میدیای دوای روخانی دەوڵەتی میدیاوە هەبووە؟

دیارە ئاشکرایە بەشێک لە ئێراناسان وای نیشان دەدەن کە راپەڕینی گئۆماتا بەهۆی ئەوەوە بووە کە کەمبوجیە بە پلانێک بەردیای برایی کوشتووە، کە هەندێ پێیان وایە دوای هێرشی کەمبوجیە بۆ سەر میسر ئەو پلانە جێبەجێ کراوەو نووسینی سەر بەردی بێستون باسی ئەوە دەکات کە بەردیا پێش هێرش بۆ سەر میسر کوژراوەو رووداوەکە پەردەپۆشکراوە، کاتێک خەڵک ئەو نهێنیەیان بۆ ئاشکرا بووە، دژی دەسەڵاتی کەمبوجیە راپەڕیون و گئۆماتا

رابەرایەتی ئەو راپەڕینەی کردووە. لەم بارەیەوە زەکەریای قادری دەڵێت: گریمانەی ئێمە بریتیە لەوەی کە شۆڕشی گئۆماتاو درێژەپێدانی لە لایەن فرەوەرتیشەوە، پەرچەکرداری مادەکان بووە دژ بە هەژموونی پارسەکان و هەروەها تەقینەوەی نارەزایەتی لەناوچوونی سەربەخۆیی مادەکان بووە بە دەستی کۆرش(١٢). بێگومان لەم وتەیەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە هۆکاری راستەقینەی راپەڕینی گئۆماتا، هەوڵی مادەکان بووە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی لە دەستچوویان کە تا کاتی راپەڕینەکە ٢٨ ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە، ئەگەرچی بە رووکەش تا ئەو راپەڕینەش ناوی میدیا هێشتا بەکارهێنراوە. هەروەک لای گریک و ئەوانی تریش لەسەردەمی کۆرشدا هێشتا زیاتر ناوی میدیا بەکارهاتووە، هەرچەندە بە کردەوە میدیا بوونی نەماوەو دەوڵەتەکەی روخێندراوەو وڵاتەکەی لە لایەن هەخامەنشیەکانەوە داگیرکراوە. بەڵام دیارە ئەو ناوهێنانەی میدیا لە رووی هەست و سۆزی روکەشەوە کاریگەری هەبووە بۆ بێدەنگ بوون و ملکەچکردنی مادەکان.

وا پێدەچێت لەسەردەمی کەمبوجیەدا خانەدانە میدیەکان و موغەکانیش بە زنجیرە بێ دەسەڵاتکرا بن. ئەوەش ئاستی بێزارییەکەی زیاتر کردووەو بووەتە هۆکاری راپەڕین. دیارە بەشێک لە سەرچاوەکان گئۆماتا دەخەنە شوێنی بەردیاو گوایە لە بەرگێکی درۆزنانەو وەرگیراودا بەناوی بەردیاوە راپەڕینی بەرپاکردووە. هەڵبەت بۆچوونێکی لەمجۆرە زیاتر لە ئەفسانە دەچێت. هەرچەندە لە لایەکی ترەوە باسی ئەوەش دەکرێت بەردیا کە کوڕی کۆرشە کچەزای ئاستیاکەو بەو پێیەش لە سەری دایکیەوە مادە. ئەمە بێجگە لەوەی کە باسی ئەوەش دەکرێت کە گئۆماتا موغێکی ماد بووەو راپەڕینی ئەو بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی میدیەکان بووە. بەڵام ئەم بۆچوونانەش تەنیا گریمانەن ئەگەرچی قادری وەکو راستی رەها باسیان دەکات. لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەی سەرەوەدا، بۆچوونی میدیاناس دیاکۆنۆف هەیە لەبارەی گئۆماتاو راپەڕینەکەیەوە، کە دیاکۆنۆف وەکو کودەتا ناوی دەبات و باسی ئەو سەچاوانەش دەکات کە قسەیان لەبارەی گئۆماتاو راپەڕینەکەی یان وەکو ئەو دەڵێت کودەتاکەیەوە کردووە. هاوکات دیاکۆنۆف سەرهەڵدانی راپەڕینی گئۆماتا دەبەستێتەوە بە سیاسەتی خراپی کەمبوجیەو دەسەڵاتی رەهاو خواوەندانەی

پاشایەتی هەخامەنشیەوە. ئەو لەبارەی گئۆماتاوە دەڵێت: لە نووسراوەکانی سەر بەردەکەی بێستوندا ئاماژەی پێکراوە کە بارودۆخی گەلانی میدیا لە رۆژگاری فەرمانڕەوایی هەخامەنشیەکاندا بەرەو نالەباری رۆیشت و بارێکی گەلێک خراپی دروستکرد(١٣). ئەم وتەیەی ئێرانیست و میدیاناس دیاکۆنۆف دەشێت وەکو زانیارییەکی نزیک لە راستی وەربگیرێت سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی مادەکان لە سایەی دەسەڵاتی پارسە هەخامەنشیەکاندا، کە چەند بارودۆخیان خراپ بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مامەڵەی میلەتێکی ژێردەستەو وڵات داگیرکراویان لەگەڵ کراوە. ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ راپەڕین و تەنانەت کودەتاش. دیارە هەر راپەڕین و کودەتایەکیش بەرامبەر بە هەر دەسەڵاتێک و لە هەر سەردەمێکدا بکرێت، پاڵنەری رەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تر لە شوێنیدا هێزی بزوێنەری ئەو راپەڕینەیە. لەسەر ئەم بنەمایە هیچ گومانێک لەوە ناکرێت کە دەسەڵاتی هەخامەنشی بەتایبەتی بەرامبەر بەو میلەتانەی تر کە وڵاتەکانی داگیرکردون دەسەڵاتیکی خراپ بووەو هەرگیز جێگای رازیبوونی میلەتانی دەستبەسەرداگیراو نەبووە. دیارە بە گوێرەی میدیەکان بارودۆخەکە سەختتریشە، چونکە دروستبوونی دەسەڵاتی هەخامەنشی لەسەر لاشەی تیکشکێنراو و کوژراوی پاشایەتیەکەی ئەوان بووە.

ئاشکرایە سەرباری ناڕەزایی و بەرگری و لەڕووداوەستانی میدیەکان و بابل و میسرو شوێنانی تریش لەڕووی سوپاو هێزی پارسەکاندا، سەرئەنجام هێزی دەوڵەتی نوێ توانی لە ماوەیەکی پێوانەییدا دەست بەسەرروبەرێکی هێجگار فراواندا بگرێت، بەڵام دیارە دوای تێپەرینی ماوەیەکی کورت و پاش نزیکەی ٢٨ ساڵ، یەکەم راپەڕین بە دژی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان روویداو کۆشکی هەخامەنشی لەرزاند و بۆ ماوەی نزیکەی حەوت مانگ دەسەڵاتی لە دەستی هەخامەنشیەکان سەند. ئەویش راپەڕینی گئۆماتا بوو. ناڕەزایی بەرامبەر بە هەخامەنشیەکان» بە کودەتای کۆشکی گاوماتای-گاوماتا-ی موغەکان لە ساڵی ٥٢٢ی پێش زاین دەستی پیکرد(١٤). تا ئێستا ئەوەی ئاشکرایە کە گاوماتا یەکێک لە موغەکان بووە، کە دەشێت لەو موغانەی میدیەکان بووبێت کە لەگەڵ خانەدانە میدیەکاندا بە سەرۆکایەتی ئارپاک هاریکاری و پشتگیری

کۆرشیان کرد بە دژی ئاستیاک و ئەوەش بووە هۆی روخاندنی دەوڵەتی میدیا. ئەگەر ئەم گریمانەیە راست بێت، کەواتە گاوماتا یان تینوی دەسەلات بووەو ویستوویەتی ببێتە پاشاو دەسەلات و دیوان و کۆشکی هەبێت، یان لەو کارەی پێشتری موغ و خانەدانە میدیەکان پەشیمان بووەتەوەو ویستوویەتی لەم رێگایەوە دەسەلاتی میدیا بگێڕێتەوە.

دیاکۆنۆف دەڵێت: ناکرێت گاوماتا بە مرۆڤێکی نموونەیی دابنرێت و وەکو تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕ بۆ رزگارکردنی میدیا تەماشا بکرێت. کودەتاکەی گاوماتا جولانەوەیەکی جەماوەریی نەبوو، بەڵکو کودەتای خانەدانەکان بوو، هاوکات گاوماتا خۆی وەکو پارس و هەخامەنشی لە قەڵەم دا، لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەک مەبەستیان لە گێڕانەوەی سەربەخۆیی پێشوتری میدیا نەبوو. ئەگەرچی دەنگۆیەک لەبارەی رەچەڵەکی میدیاییبوونیەوە (کتسیاس وا باسی دەکات) بووە هۆی دروستکردنی هاوسۆزی بەشێک لە خەڵکی میدیا بۆی، هەروەها رەنگە خودی خۆیشی ویستبێتی لە میدیا بارەگایەک بکاتەوە. سەرئەنجام لایەنگرانی داریوش لە دوای قایلکردنی جەماوەری پارس بوون، تا گاوماتا سەربن بکەن، گوایا ویستوویەتی دەسەلات لە پارسەکان زەود بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ میدیەکان. ئەم شێوازی گێڕانەوەیە لە نێو نووسراوەکانی داریۆشی یەکەم و نووسراوەکانی هێرۆدۆتدا ئاماژەی پێکراوە، بەلام لە راستیدا هەرچەندە گاوماتا هەوڵی دابێت پشت بە جەماوەری ئازاد بەگشتی و میدیەکان بە تایبەتی ببەستێت، بەلام نە دیموکرات بوو نە لایەنگری گێڕانەوەی دەسەلاتی میدیەکانیش بوو(١٥).

ئەم وتانەی دیاکۆنۆفدا کە هەندێکیانی لە بۆچوونەکانی هێرۆدۆت و کتسیاسەوە هەڵهێنجاوەو خستۆنێتیە روو، لەبەرامبەر بۆچوونەکانی زەکەریای قادریدا رامان دەگرێت. ئەم پێیوایە کە گاوماتا نە مادەو نە بیرۆکەو پرۆژەی گێڕانەوەی دەسەلاتی مادی هەبووە، بەڵکو خواست و ویستی دەسەلاتی هەبووەو کودەتاکەی لەو پێناوەدا بووە. لەبەرامبەردا توێژەرە نوێ و هاوچەرخە ئێرانیەکە، گاوماتا بە موغێکی میدیای دادەنێت و وەکو کەسێکی شۆڕشگێڕ سەیری دەکات و راپەڕینەکەی بە راپەڕینی مادەکان دادەنێت لە پێناوی گێڕانەوەی دەسەلاتی میدیاو تەنانەت بەلاوەنانی دەسەلاتی شاهانەیی

هەخامەنشیدا، کە ئەو وەکو دەسەڵاتێکی خواوەندی رەها سەیری دەکات و بەدژو نەیاری دەسەڵاتی میدیایی مرۆیی دادەنێت، کە ئەمەی دووەمیان واتە میدیایی دەسەڵاتێکی مرۆیی زەمینی و سرۆش وەرگرتووە لە ئایینی میترایی، کە ئایینێکی زەمینی و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی بووەو ناکۆک و ناجۆر بووە لەگەڵ میترای ئێرانی کە خۆرپەرستیەو هەروەها لەگەڵ زەردەشتیەتی پارسییدا کە گۆڕاوە بۆ ئایینێکی میتافیزیکی.

بێگومان بێجگە لە مادەکان کە ئیمپراتۆریتی هەخامەنشی لەسەر تەرمی دەسەڵات و دەوڵەتی ئەوان دروستبوو، چەندین دەسەڵاتی ناوچەکە هەر لە بەڵقانەوە بۆ میسۆپۆتامیاو میسر بەدەستی ئەم ئیمپراتۆریتە نوێیە روخان و میلەتەکانیان دوچاری سەرکوتکردن و ژێردەستەیی بوون. بۆیە بەردەوام ئەگەری راپەڕین و هەوڵدانی ئەو میلەتانە بۆ زیندوکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان چاوەڕوانکراو بووە.» ئیمپراتۆریتی مەزنی هەخامەنشیەکان لە چەندین گەل و نەتەوە پێکهاتبوو، کە هەر یەک لەوانە لە سەردەمێکدا لوتکەی دەسەڵاتی خۆیان ئەزموون کردبوو. ئەوانە زۆر بە زەحمەت چووبوونە ژێر دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان و ئامادە بوون لە کاتی گونجاودا لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بێگانەکان خۆیان رزگار بکەن(١٦). زۆربەی نووسەرانی کۆن یاخیبوونی گۆماتایان بە پەرچەکرداری مادەکان دژ بە هەخامەنشیە پارسیەکان لە قەڵەم داوە. سەرجەم دەقە کۆنەکان دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتیان لە لایەن گۆماتاوە بێگومان بە نیشانەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ مادەکان زانیووە(١٧). هەروەک هیرۆدۆت پێیوابووە راپەڕین و کودەتای گۆماتا بە واتای لەدەستچوونی دەسەڵات لە لایەن پارسە هەخامەنشیەکان و دووبارە گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ میدیەکان، ئەمەش بە مانای زیندووکردنەوەی رابردووی پیرۆز دێت بە گوێرەی میدیەکان. هەروەک ئەفلاتوون بڕوای وابووە کە لە کودەتای گۆماتادا جارێکی تر میدیەکان دەسەڵاتی خۆیان لە کەمبوجیەی کوڕی کۆرشی هەخامەنشی وەرگرتووەتەوە، ئەمەش شکست و دۆڕانی پارسەکان بووە. بەهەرحاڵ زۆرینەی بۆچوونەکان و سەچاوەکان لایەنگری ئەوە دەکەن کە راپەڕینی گۆماتا کاردانەوەی میدیەکان بووە بەرامبەر بە دەسەڵاتی هەخامەنشی و هەلێک بووە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی میدیەکان. بەهەرحاڵ ئەوە ئاشکرایە بۆ ئەو

سەردەمەو تاکو سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی ناسیونالیزم شتێک نەبووە بە ناوی بابەتی نەتەوەیی، بەڵام ئاشکرایە تا دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئیمپراتۆریتە خێڵایەتی و فیودیالی و ئایینی و تەنانەت جوگرافیەکان، هەوڵیانداوە پارێزگاری لە بوون و شوناسی خۆیان بکەن. هەر لەم رووەوە پاشایەتی میدیاش هەوڵی خۆپاراستنی داوەو لە دوای روخانیشی بێگومان هەوڵی گەڕانەوەی ئەو دەسەڵاتەو دووبارە بنیادنانەوەی داوە. بۆیە دەشێت راپەڕینی گۆماتای موغ یەکێک بووبێت لەو هەوڵانەی میدیەکان بۆ رەتکردنەوەی دەسەڵاتی هەخامەنشی و دووبارە بنیادنانەوەی دەسەڵاتی میدیا.

سەرباری ئەم راوبۆچوونە جیاوازانەی سەرەوە سەبارەت بە پەیوەندی راپەڕینی گۆماتا بە میدیەکانەوە، شتێکی سروشتیە کاتێک دەسەڵاتێکی نوێ دێت و دەسەڵاتێکی پێشتر لەناو دەبات و خۆی شوێنی ئەو دەگرێتەوە، دەسەڵاتی نوێ هەرچۆن بۆی بلوێت، دەشێت هەموو هەوڵێک بدات بۆ خۆپارستن و مانەوە، بەهەمان شێوە لەهەر ساتێکدا بارودۆخ لەباربێت و بگونجێت پاشماوەکانی دەسەڵاتی لەدەستچوو هەوڵدەدەن دەسەڵاتەکەیان بگێڕنەوە. بۆیە لەم روانگەیەوە دەشێ بگوترێت راپەڕینەکەی گاوماتا لێرەوە سەرچاوەی گرتبێت. رەنگە ئەو پرسیارەش سەرهەڵبدات بۆچی ئێمە باسی نارەزایی میدیەکان دەکەین بەرامبەر بە دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان؟ بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە میدیەکان یەکێکن لەو پێکهاتانەی کە بەپێی شوێنی جوگرافییان و بەپێی بەشێک لە سەرچاوەکانیش بەشدارییان کردووە لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا. هەڵبەت جیگای خۆیەتی ئەوەش بڵێین ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە لایەنگیری ئەو بۆچوونە بکەین کە کوردی ئێستا بە دریژکراوەی یان بە نەوەی میدیەکان دادەنێت، بەڵام گومانمان لەوەش نیە کە میدیەکان لە توخم و رەگەزە بەشداربووەکانی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردە. لێرەوە دەمانەوێت بزانین لە روخاندنی دەوڵەتەکەیانەوە، میدیەکان چیان بەسەرهاتووەو ئایا تا سەدەی دووەمی زاینی کە سەرەتای دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیە، ئەوان وەکو پێکهاتەیەک ماونەتەوە؟ ئەگەر ماونەتەوە ئامادەبوونیان چۆن و چەند بووە؟ بێگومان زانینی قەوارەی ماوەی میدیەکان لە سەروەختی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیدا دەشێ بەشداری ئەوان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا زیاتر

روون بکاتەوە. هەروەها گەورەیی و بچووکی قەوارەی بوون مانەوەیان تا ئەو کاتە ریژەو قەوارەی بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا دەردەخات.

ئاشکرایە لە کاتی راپەڕینی گاوماتادا، لە شوێنەکانی تری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشیدا، راپەڕینی تر سەریان هەڵداوەو میلەتانی تری دەسەڵات و وڵات داگیرکراو لە لایەن کۆرش و کەمبوجیەی کوڕیەوە، لە خەیاڵی ئەوەدا بوون خۆیان لە دەسەڵات و هەژموونی هەخامەنشیەکان رزگاربکەن و دەسەڵاتی پێشتری خۆیان دروست بکەنەوە. بۆ نموونە لە ئیلام راپەڕین روویداوەو سەرکردەی ئەو راپەڕینە ناوی ئاشینا بووە، هەروەها لە بابل راپەڕین بە سەرکردایەتی نیدینتو فیل روویداوە، کە دەگوترێت ئەم کەسە کوڕی پاشای پێشتری بابل نابۆنید بووە. وەک دەردەکەوێت داریوش سەرقاڵی دامرکاندنەوەی ئەو راپەڕینانە بووە، بە تایبەتی راپەڕینی بابل بەهێزبووەو دامرکاندنەوەی سەخت بووە. لەم کاتەدا لە شوێنەکانی تری قەڵەمڕەوی پارسە هەخامەنشیەکانەوە چەندین راپەڕین سەریان هەڵداوە، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە جێگای بایەخە لە دوای راپەڕینی گاوماتا، ئەو راپەڕینەیە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە مادەکانەوە هەبووە، کە ئەویش راپەڕینی فرەوەرتیشە.

لەبارەی فرەوەرتیش و راپەڕینەکەیەوە دیاکۆنۆف دەڵێت: فرەوەرتیشی میدیایی سەرکردایەتی یەکێک لە راپەڕینەکانی دەکرد کە خۆی وەکو خشاترینی دووەم لە بنەماڵەی کیاکسار ناساندبوو. دانیشتوانی میدیاو هەروەها پارسیانی و گیرکانییەکان دایانە پاڵی. دانیشتوانی ئەرمینیاش کە پێشتر دەستیان بە راپەڕین کردبوو پشتیوانیان لێ دەکرد(١٨). هەر سەبارەت بە رەگوڕیشەی فرەوەرتیش و راپەڕینەکەی لە نووسراوەی سەر بەردی بێستووندا، کە لە سەردەمی داریوش خۆیدا نووسراوە هاتووە: پیاوێکی ماد بە ناوی فرەوەرتیش لە ماد راپەڕی. ئەو بە خەڵکی گووت: من خشەتریتە لە بەرەبابی هووەخشتەرەم، پاشان خەڵکی ماد یاخی بوون و بەرەو ئەو فراوەرتیشەیە رۆیشتن. ئەو لە ماد بوو بە پاشا(١٩).» بەهێزترین راپەڕین-شۆڕش- راپەڕینی فرەوەرتیش لە بنەماڵەی دیاکۆ بووە، کە هەوڵی زیندووکردنەوەی پاشایەتی مادی داوە. ئەو ویستوویەتی کە دەوڵەتی ماد سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە (یۆنگ). ئایا راپەڕینی فرەوەرتیش لە کوێ و کەی سەریهەڵدا؟ ئایا دەشێت وەکو

درێژکراوەی راپەڕینی گاوماتا سەیر بکرێت، یان پەیوەندی بەوەوە هەبووبێت، یان لە رووی ئامانجەوە لێکتر نزیک بووبن؟ لەم بارەیەوە دەگوترێت: راپەڕینی فرەوەرتیش هەر لەو ناوچەیە روویدا کە سیکایائۆڤاتیشە- کە شوێنی کوژرانی گۆماتای مۆغ-ی تیدا هەڵکەوتبوو. رەنگە بەهۆی تۆڵەخوازی و گوشارهێنان بۆ سەر پارسییەکانی داگیرکەری دەسەڵات بووبێت. هەرچۆنێک بێت، یەکەم تێهەڵچوونی نێوان لەشکری مادی- پارسیی ویدارنە، فەرماندەی سوپای داریوش و سوپای جەماوەریی مادی لە ١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ٥٢١ی پێش زاین، لە دەوروبەری شاری مارووش لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونی موغی باسکراو روویدا(٢١).

لە مێژووی هەخامەنشیەکاندا هاتووە: دوو کەس لە نەوەکانی کیاکسار- هووەخشتەرەی مەزن و دامەزرێنەری ئیمپراتۆرێتی ماد، داوای تەختی دەسەڵاتیان دەکرد. بزووتنەوەی ماد بە سەرکردایەتی فرەوەرتیش، رەنگە لە هەمووان شێلگیرانەتر بووبێ. ئەم جوڵانەوەیە لە رۆژهەڵاتەوە هەتا پارس باڵی دەنگاوت و رەنگبوو راپەڕیوانی ئەرمەنیش بگرێتەوە...داریوش بۆ خۆی بوو بە سەرکردەی هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر ماد لە باکور کە لە رێگا- راگا- رەی- هەتا ئەرمەنستانی دەگرتەوە. لە چلەی هاوینی ٥٢١ی پێش زایندا، دە مانگ زیاتر لە دوای کودەتاوە، گەلێک شەڕو تێکهەڵچوونی قورس و گران لە باکوری رۆژهەڵات قەومان و هیوای ژیانەوەی ئیمپراتۆریی ماد کۆتایی هات(٢٢). خودی داریوش بە سوپایەکی پێکهاتوو لە پارسیەکان دژ بە خەڵکی راپەڕیووی ماد چووە نێو شەڕەوە. شەڕی چارەنووسسازی نێوان سوپای پارس و سوپای جەماوەریی ماد لە رۆژی ٧ی مانگی مەی ساڵی ٥٢١ی پێش زاین لە دەوروبەری شاری خوندروش لە ماد روویدا. فرەوەرتیش تووشی شکست بوو لەگەڵ هەڤاڵانی خۆی بەرەو شاری مادیی رێگا هەڵات، بەڵام بە زوویی دەستبەسەر کراو بردیان بۆ هەگمەتانەو لەوێ بە توندی ئەشکەنجە درا(٢٣).

ئاشکرایە هێرشی بەربڵاوی هەخامەنشیەکان پاش زیاتر لە ماوەی حەوت مانگ، ئەوسا توانیان راپەڕینەکەی فرەوەرتیش دابمرکێننەوە. لەم بارەیەوە نوسراوی سەر بەردی بێستون کە لە سەردەمی داریوش خۆیدا نووسراوە،

یان بە فەرمانی خۆی نووسراوە، دەڵێت: فرەوەرتیش دیلکراو هێنرایە لای من، لوت و گوێ و زمانیم بڕی و چاوەکانیم هەڵکۆڵی. بەدەست و پێوەنکراوی هێنایانە کۆشکەکەمەوە، تەواوی هێزی گەل شایەتی ئەم دیمەنە بوون، پاشان فەرمانم دا، خۆی و هاوەڵە هەرە نزیکەکانی لە ئێکباتانا لە خاچ بدەن، لە ئێکباتانا لەنێو قەڵاکە لە خاچم دا (نووسراوی سەربەردی بێستون لە دیاکۆنۆف وەرگیراوە-(٢٤).

لە کۆی ئەم بەڵگانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە دوای کوشتنی گاوماتا و لە ناوبردنی راپەڕینەکەی لە لایەن داریوشەوە، نارەزایی لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریتی هەخامەنشیدا کۆتایی نەهاتووەو لە زۆر لاوە میلەتانی ژێردەستەکراو راپەڕینیان بەرپاکردووە، کە ئەگەرو گریمانەی زیاتر ئەوەیە ئەو راپەڕینانە رەتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی هەخامەنشی و هەوڵدان بووبن بۆ دووبارە بنیادنانەوەی دەسەڵاتی خۆماڵی ئەو میلەتانە. دیارترینی ئەو راپەڕینانەش لەسەر زەمینی میدیادا ڕوویانداوە کە راپەڕینی فرەوەرتیش و گاوماتایە. ئامانجی راپەڕینەکانی سەرزەمینی میدیاش دیارە، کە بەهەمان شێوە رەتکردنەوەی دەسەڵاتی هەخامەنشی بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە میدیەکان سەرباری ئەوەی کە گوایە نزیکترین پێکهاتەبوون لە پارسەکانەوە، بەڵام لەبەرامبەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی پارسەکاندا بێدەنگ نەبوون. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نیە کە وەکو سەردەمی نوێ پاڵنەری نەتەوەیی جوڵێنەری میدیەکان و میلەتانی تریش بووبێت دژی هەخامەنشیەکان، بەڵام هێشتا هەر میلەتەو تایبەتمەندی خۆیی هەبووەو هەوڵیداوە دەسەڵات و بڕیاری خۆیی هەبێت، ئەگەرچی دەسەڵاتەکانیش کە وەکو دەوڵەت یان زیاتر وەکو ئیمپراتۆریت ناوبراون، هێشتا بریتی بوون لە دەسەڵاتی بنەماڵە فەرمانڕەواکان، واتە بنەماڵەیەک لوتکەی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووەو زیاتریش ئیمپراتۆریتەکە بەناوی ئەو بنەماڵەیەوە ناوبراوە، وەکو بنەماڵەی هەخامەنشیەکان، بنەماڵە یان خێزانی فەرمانڕەوای مادەکان و بابیلەکان و دواتریش ساسانی و ئەوانی تریش. ئەوەی کە پێیان گوتووە گەل یان جەماوەر یان خەڵک ژێردەستەی ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارانە بووەو هاوکات هێزی پارێزەرو شەڕکەریش هەر لەوان واتە لە خەڵک پێکهاتووە.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، راپەڕینی دووەمی سەرزەمینی میدیا، راپەڕینی فرەوەرتیش بووە کە وەکو دەردەکەوێت ئامانجی ئەم راپەڕینە گێڕانەوەی دەسەڵاتی میدیا بووە. راستە ئەم راپەڕینەش بەهەمان شێوەی راپەڕینی گاوماتای موغ سەرکوتکراوە. دیارە جیاوازی راپەڕینی فرەوەرتیش لەگەڵ راپەڕینی گاوماتادا ئەوە بووە، کە راپەڕینی گاوماتا خراوەتە بەرگی کەسێکی ترەوە کە بەردیای کوڕی کۆرش و برای کەمبوجیەی جێنشینی پاشا بووەو دەشێ بەشداریکردنی زۆرێک لە خەڵک وەکو لایەنگری بۆ بەردیاو مافدان پێی بۆ ئەوەی ئەو لەبری کۆرشی باوکی پاشا بێت، روویدابێت. هەروەها شوناسی گاوماتا بەپێی بۆچوونەکان و ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدایە تەواو ڕوون نیە. وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد هەندێ بە موغێکی میدیای دادەنێن و هەندێکی تریش بە پارسێکی هەخامەنشی ناوی دەبەن. ئەوانەیش کە بە میدیایی دادەنێن، راپەڕینەکەی وەکو هەوڵێک بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی میدیەکان سەیردەکەن و ئەوانەشی بە پارسی دادەنێن راپەڕینەکەی وەکو هەوڵێک بۆ وەرگرتن و بەدەستگرتنی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان سەیری دەکەن. بەڵام بەپێی بەڵگەکان شوناسی فرەوەرتیش تا ئەندازەیەکی باش ئاشکرایەو جۆرێک لە هاوڕایی و کۆدەنگی لەسەر میدیایی بوونی هەیە. هەروەها میدیایی بوونەکەشی ئەو بۆچوونە بەهێزدەکات کە پێیوایە ئامانجی راپەڕینەکەی رەتکردنەوەی دەسەڵاتی پارسە هەخامەنشیەکان و گێڕانەوەی دەسەڵاتی میدیا بووە. بەڵام سەرئەنجام راستیەکە ئەوەیە کە راپەڕینەکەی فرەوەرتیش نەیتوانیووە بەردەوام بێت و لە ئاکامدا پارسەکان بەسەریدا سەرکەوتوون و راپەڕینەکەیان سەرکوت کردووەو خۆی و هاوەڵەکانیشیان لەناو بردووەو بەپێی نووسراوی سەربەردی بێستون داریوش بەشێوەیەکی لوتبەرزانە بە شانازییەوە شێوازی دڕندانەی لەناوبردنی فرەوەرتیش و هاوڕێکانی دەنووسێتەوە. دیارە ئەوەی داریوش سانازی پێوە دەکات کە چۆن فرەوەرتیشی لە سێدارەداوە، بەڵگەی هەوڵی داریوش و هەموو دەسەڵاتێکە چۆن هەوڵی خۆپارستن دەدات و چۆن لە پێناوی پاراستنی کۆرسی دەسەڵاتدا هەموو بنەما مرۆییەکان پێشێل دەکات و وەکو دڕندە رەفتار دەکات. ئەمەش ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە هەموو دەسەڵاتێک بارگاوی کراوە بە توندو تیژی و بۆ پاراستنی خۆی هەموو رەوایەتیەک بە خۆی دەدات.

دەشـێت دوای سـەرکوتکردنی راپەڕینـی فرەوەرتیـش، لـە سـنووری میدیـادا، وردە راپەڕینـی تـر روویـان دابێـت، بـەڵام نـە هێنـدە بەهێزبـوون کـە مەترسـییان لەسـەر دەسـەڵاتی هەخامەنشـی هەبووبێـت، نـە توانیویانـە جەماوەرێکـی ئەوتـۆ لـە خۆیـان کۆبکەنـەوە، کـە وا دەربکـەون بـەدوای ئامانجـی گێڕانـەوەی دەسـەڵاتی میدیـاوەن. عەلـی ئیقـرار یێـف دەڵێـت: راپەڕینـی مـادەکان بـە رێبەرایەتـی فرەوەرتیش بـە دواییـن هـەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەڕاندنـەوەی فەرمانڕەوایی سـەربەخۆی مـاد دەهاتـە ئەژمـار(٢٥). دیـارە دوو هـۆکاری سـەرەکی هـەن بـۆ ئەوەی ئـەم راپەڕینـە دوا راپەڕینی دیاری سـەرزەمینی میدیا بێت لـە سـەروەختی هەخامەنشـیەکاندا. هـۆکاری یەکـەم چەسـپاندنی دەسـەڵاتی پارسـەکان بـوو دوای ئـەوەی لـە سـەروەختی داریوشـدا توانـرا ئـەو راپەڕینانـەی لـە سـنووری قەڵەمـڕەوی ئیمپراتۆرێتەکـەدا سـەریان هەڵدابـوو هەموویـان سـەرکوت بـکات و دایانمرکێنێتـەوەو دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرێت زیاتـر بچەسـپێنێت. دووەمیـان پێدەچێت دوای ئـەو شکستانە، خەڵکی میدیا بێ ئومێدبووبن و گەیشتبنە ئـەو بڕوایـەی کە گێڕانـەوەی دەسـەڵاتی میدیا کارێکی ئەسـتەمە. لەو کاتـەوە میدیـەکان بۆ مـاوەی دوو سـەدە بـە ملکەچـی لـە ژێـر سـایەی دەسـەڵاتی هەخامەنشـیەکندا مانـەوەو بەگشـتیش ناوەندی دەسـەڵاتی دەوڵـەت لـەو خانەدانـە میدییانـە پاککرایـەوە کـە لـە سـەردەمی کۆرشـی گـەورەدا پلـەو پایەیـان پیدرابـوو. تاکـە شـتێک کە نـاوی میدیای بـە زینـدووی هێشـتبووەوە، جل و بەرگـی سـەربازی سـوپای هەخامەنشـیەکان لـە جل و بەرگـی مادەکانـەوە وەرگیرابـوو. هەروەهـا شـەڕکەرانی مـاد یەکێـک لـە پایـە بەهێزەکانـی سـوپای هەخامەنشـی بـوون. هـەروەک دەشـێت چەنـد فەرماندەیەکـی سـەربازی مادیـش لـە دەوروبـەری کۆشـکی دەسـەڵات و لـە دەربـاری شـادا خزمـەت و پاسـەوانیان پێکرابێـت.» لـە کۆتایـی سـەدەی پێنجـەم و سـەرەتای سـەدەی چوارەمـی پێـش زاینـدا، خانەدانـە میدیاییـەکان زۆر بـە کەمـی پۆسـتە باڵاکانـی ئیمپراتۆرێتـی هەخامەنشـیەکانیان بـە دەسـتەوە بـوو. وەکـو دەردەکەوێت بەشـێک لـە خانەدانـە میدییـەکان لـە نێـو پارسـەکاندا توانـەوەو بەشـێکی تریـان ئـاوارە و دەربەدەر کـران. سـەبارەت بـە خەڵـک و دانیشـتوانی میدیـا، بـۆ ئـەوان بوونـی ئیمپراتۆرێتـی پارسـی هەخامەنشـیەکان تەنیـا بارگرانـی بـوو(٢٦). لەگـەڵ دامرکاندنـەوەی ئـەو راپەڕینانـەی لـە سـەرزەمینی میدیـا روویانـدا، تـا ئەندازەیەکـی ئاشـکرا مـادەکان بەتـەواوی دەکەونـە پەراوێـزەوەو سـەرباری دروسـتبوونی

ستراپەکان- هەرێمەکان وەکو یەکەی بەڕێوەبردن لە سایەی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکاندا، بەڵام دەسەڵاتی هەخامەنشی باڵادەستبوو بەسەر هەموو رووبەری میدیا و میسۆپۆتامیاو میسرو چەندین ناوچەی تری بەرفراونداو میدیاو ئەوانی تریش خاسیّتی داگیرکراو و ژێردەستەیان هەبوو.

دوای نزیکەی دوو سەدەو دوو دەیە، ئیمپراتۆریّتی هەخامەنشی لە لایەن ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە روخێنرا. ئایا بارودۆخی میدیا و تەنانەت کاردۆخیەکان کە ئەوانیش پێدەچێت دواتر رۆڵ و بەشداری دیاریان هەبووبێت لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، لە سایەی دەسەڵاتی نوێدا چۆن بووە؟ ئاشکرایە میدیای گەورە یان میدیای خواروو وەکو هەرێم و ناوچەکانی تری سایەی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریّتی هەخامەنشیەکان کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە، بەڵام لەو کاتەدا میدیای بچووک یان میدیای سەروو وەکو هەرێمێکی پێشتری سایەی قەڵەمڕەوی هەخامەنشی کە میرهەرێمەکەی- ستراپ- ئەترۆپات بوو، بەجۆرێک پارێزراو دەسەڵاتەکەی وەکو دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن لە سایەی دەسەڵاتی ئەسکەندەری ئیمپراتۆری یۆناندا مایەوە.» ئەترۆپات لە رۆژگاری فەرمانڕەوایی داریوشی سێیەم، دواین پادشای هەخامەنشیەکان، ستراپی میدیا بوو. لە سەرچاوەکاندا ناوی ئەترۆپات بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٣٣١ی پێش زایندا تۆمار کراوە(٢٧). لە راستیدا میدیای ئەترۆپاتین دەسەڵاتێکی ناوچەیی بوو کە لە شێوەی هەرێمێکدا لە سەردەمی داریوشی سێیەمدا دامەزراو لە سەردەمی دەسەڵاتی کورتی ئەسکەندەردا مایەوەو نەڕوخێنرا.

دوای نەمانی ئەسکەندەر مەملەکەتی میدیا دابەشکرا بۆ میدیای گەورەو میدیای بچووک، یان میدیای ئەترۆپاتین. میدیای گەورە ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەما، بەڵام میدیای بچووک وەکو دەسەڵاتێکی ناوچەیی نیمچە سەربەخۆ هەتا سەردەمی ساسانیەکان مایەوەو باکورو باکوری رۆژئاوای ئێرانی ئێستای دەگرتەوە کە ئێستا بە ئازەربایجان ناودەبرێت. کاتێ سوپای ئەسکەندەر لە باکوری میسۆپۆتامیا بوو، بە تایبەتی لە سنووری پێشتری ئاشوردا، داریوشی سێیەم سوپای هەخامەنشیەکانی کۆکردەوە بۆ رێگریکردن لە پێشڕەویی سوپای یۆنان. لە ساڵی ٣٣١ی پێش زایندا، لە نزیک ئەربیل، واتە هەولێری

ئێستاو لە ناوچەی گاوگامیل هەردوو سوپا دایان بەیەکدا. لەم جەنگەدا هێزەکانی میدیاو ئەلبان و ساکاسی و کاردۆخی بە سەرۆکایەتی ئەترۆپات لە ریزی سوپای هەخامەنشیەکاندا دژی سوپای ئەسکەندەر جەنگان. سەرئەنجام سوپای داریوشی سێیەم تێکشکاو پاشەکشەی کرد. ئەترۆپاتس لە دوای ئەو شکستەی پارسەکان دڵسۆزی و لایەنگیری خۆی بۆ ئەسکەندەر دەربڕی. بەپێی سەرچاوەکان لەبەرامبەر ئەو دڵسۆزی دەربڕینەدا، ئەسکەندەر، ئەترۆپاتسی بە میرهەرێمی میدیا دانا. لە دوای مردنی ئەسکەندەر لە ساڵی ٣٢٣ی پێش زایندا، دەسەڵاتی مەسەدۆنیا ناوچە داگیرکراوەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیی لە نێو خۆیدا دابەشکرد. ستراپی میدیای سەردەمی هەخامەنشیەکان کرا بە دوو بەشەوە. میدیای گەورە یان خواروو درا بە پیتسۆن کە یەکێک لە پاسەوانە تایبەتەکانی ئەسکەندەر بوو. میدیای بچووک یان سەروو کە نیمچە هەرێم بوو، درا بە ئەترۆپاتیس، کە پێشتر لە سەردەمی داریوشی سێیەمدا ستراپی- میرهەرێمی- هەموو میدیا بوو، لیرەوە ناوی میدیای بچووک یان سەروو بوو بە میدیای ئەترۆپاتین.

هەرچەندە باسی ئەوە دەکرێت کە میدیای بچووک و کاردۆخیەکان لەگەڵ سوپای ستراپەکانی تردا بەشداری شەڕی گاوگامیل-یان کردووە بۆ پشتگیری هەخامەنشیەکان بە دژی سوپای ئەسکەندەر. هاوکات باسی ئەوەش دەکرێت کە ئەترۆپات و تەنانەت کاردۆخیەکانیش کە هاوپەیمانی ئەو بوون لە جەنگی داریوش و ئەسکەندەردا بێ لایەنییان هەڵبژاردووە. لەوانەیە ئەوەش رۆڵی هەبووبێت، یەکەم لە پاراستنی دەسەلاتی میدیای بچووکدا. دووەم لەوەی کە ئەترۆپات ببێتە جێگای سەرنجی ئەسکەندەرو بیکاتە ستراپی یان میرهەرێمی میدیای بچووک. هەر لەمبارەیە دیاکۆنۆف دەڵێت: لە راستیدا ئەترۆپات نەچووەتە پاڵ ئەسکەندەر، لێ دەبێت ئەوەش بڵێین کە هاوکاری داریوشیشی نەکردووە. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە لە ئیکباتانا خۆی قایم نەکرد، هەروەها کاردۆسیەکانی- کاردۆخیەکانی- هاوپەیمانی ئەترۆپاتیش نەچوونە ریزی داریوشەوە. ئۆکسۆدای جێی چاوەڕوانیەکانی ئەسکەندەر نەبوو، لەبەرئاوە نەختی دواتر و لەکاتی لەشکرکێشی بۆ سەر ئاسیای ناوەڕاست، واتە ساڵی ٣٢٨ی پێش زاین، ئەسکەندەر ئەوی دوورخستەوەو لە جێگای ئەو ئاترۆپاتی کرد بە ساتراپی

میدیا(٢٨). ئێستا میدیای بچووک وەکو ستراپێکی تا ئەندازەیەک سەربەخۆ مایەوەو پێدەچێت ئەترۆپات فەرماندەیەکی زیرەک و وریا بووبێت و توانیبێتی بەباشی هەم بگونجێت و هەم یاریش بکات و لەو ڕێگایەوە هەم پێگەی خۆی و هەم میدیای بچووکیش بپارێزێت. هەروەک دیارە جوگرافیای میدیای بچووک لەڕووی ئابووریەوە جۆرێک لە خۆژێنی هەبووە، بە تایبەتی لەڕووی کشتوکال و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە، تەنانەت باشترین جێگای بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئەسپ بووە. ئەم بنەما ئابووریە وایکردووە، خەڵکی میدیای بچووک لەڕووی ئابووری، یان پێداویستیەکانی ژیانەوە پێویستیان بە شوێنانی تر نەبێت. هەروەها بەپێچەوانەی میدیای گەورەوە، کە کەوتووەتە سەر ڕێگای بازرگانی لە نێوانی میسۆپۆتامیاو ئاسیای ناوەندو ڕۆژهەڵاتدا، میدیای بچووک تا ئەندەزەیەکی ئاشکرا شوێنەکەی چەپەک و لە دەرەوەی ڕێگای بازرگانی بووە، ئەوەش دووری خستووەتەوە لە چاوتێبڕینی هێزەکانی تر.

ئەوەی ئاشکرایە میدیای ئەترۆپاتین بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ ماوەتەوەو لە دوای مردنی ئەسکەندەر، فەرماندەکانی سوپاکەی و ساتراپەکان لە ساڵی ٣٢٣دا، لە بابل کۆبوونەوەیەکیان کرد، ئەترۆپات بەشداری ئەو کۆبوونەوەیەی نەکرد. بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوەکان لەو کۆبوونەوەیەدا ساتراپنشینی میدیا درا بە پیتۆنی مەسەدۆنی یان مەکدۆنیا. مەکدۆنیەکان دەیانوویست سەرزەمینی میدیا لە ژێردەستیاندا بمێنێتەوە، چونکە میدیا ڕێگای بەستنەوەی ساتراپنشینەکانی ڕۆژهەڵات بوو بە فەرماندە مەکدۆنیەکانەوە. هەروەک باسی ئەوە دەکرێت سوپای مەکدۆنیا میرهەرێمەکانی-ساتراپ- ڕۆژهەڵاتی لە شوێنی خۆیاندا هێشتەوەو دەسەڵاتیان بەسەردا کردن. دیارە ئەوانیش دڵسۆزی و بەڵێنی گوێڕایەڵیان دووبارە کردۆتەوە. لەم سەروبەندەدا ئەترۆپات بووەتە خەزوری پێردیکا، کە پیتۆن ئەم فەرماندەی کرد بە بەرپرسی ساتراپی میدیا. دیارە ئەیرۆپاتس بەرپرسی میدیای بچووک بووەو لەم بارەشدا پاڵپشتی بۆ پەیدابووەو دەشێ ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی میدیای بچووک بووبێت وەکو ستراپێکی نیمچە سەربەخۆ. دیاکۆنۆف دەڵێت: لە ساڵی ٣٢٣ دا، تەنیا ئەترۆپات- خەزوری پێردیکاو ئۆکسیارتی خەزوری ئەسکەندەر بێگانە بوون، لە ڕیزی نایۆنانیە مەکدۆنیەکاندا مانەوە. لە ڕاستیدا میدیا پشتیوانی

پیتۆنیان کرد. زۆر ڕێی تێدەچێت لە کۆبوونەوەکەی بابیلۆندا پیتۆن هەموو میدیای پێنەدرابێت، بەڵکو تەنیا میدیای خواروی پێدرا. لە راستیدا ئاترۆپات لە رابردوودا- لەسەردەمی هاخامەنشیەکاندا- فەرمانڕەوای ئەم بەشەی میدیا بوو(٢٩). پێردیکا لە ساڵی ٣٢١ دا دەکوژرێت و هەر بەدوای ئەوەدا بەرپرسانی سوپای مەکدۆنی ساترانشینەکانیان جارێکی تر دابەشکردەوە، بەڵام سنووری دەسەڵاتی ئەترۆپات واتە میدیای بچووک بەر دابەشکردن نەکەوت.» دەتوانین لەو کاتەدا ئەم ساتراپنشینە بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابنێین. میدیای رۆژئاوا یەکەمین وڵاتی رۆژهەڵات بوو کە توانی لە ژێر دەستی پارس و یۆنانیە داگیرکەرەکاندا سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت(٣٠).

بێگومان واپێدەچێت کە میدیای بچووک جۆرە سەربەخۆییەکی هەبووبێت بە تایبەتی لە ئاستی ناوخۆدا. هەروەک ئەوەش خاڵێکی گرنگە بە گوێرەی ئەم نیمچە ساتراپە کە هەندێک وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ سەیری دەکەن.، میدیای بچووک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەو بارەدا ماوەتەوەو ئەو بارودۆخەی بەسەر میدیای گەورەدا هاتووە، ئەوی نەگرتۆتەوە. دیارە دانیشتوانی میدیای بچووک یان میدیای ئەترۆپاتێن لەڕووی نەژادیەوە جۆراوجۆرو فرە رەنگ بوون.» بەدڵنیاییەوە لە سەدەی چوارەمی پێش زایندا، کاردۆخیەکان و ماتینیەکان و بە ئەگەرێکی زۆرەوە نەوەی مانناییەکان و لۆلۆییەکان و هەروەها ئەو هۆزانەش کە بە کاسپیەکان ناسرابوون و پێشتر بەشێک بوون لە یەکێتی هۆزەکانی میدیا، تایبەتمەندییەکانی خۆیان لە نێو ئەو گەل و هۆزانەدا پاراست کە خۆیان بە میدیایی ناوزەند دەکرد(٣١). لێرەدا لە سەر زمانی میدیانسێکی وەکو دیاکۆنۆفەوە دەردەکەوێت کە بێجگە لە هۆزەکانی میدیا چەندین پێکهاتەی تر لە سەرزەمینی میدیای بچووکدا ژیاون. تەنانەت ئەو میدیا وەک یەک پێکهاتە باس ناکات، بەڵکو باسی پێکهاتەی هۆزەکانی میدیا دەکات. هەروەک ئەوەش دەزانین کە میدیا بریتی بووە لە بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا، کە ئەمە پێشتر لە ئیمپراتۆرێتی میدیاوە یان لە میدیای گەورەدا وابووە. ئەمەش بەرەو ئەو دەرئەنجامە دەمانبات کە سەربارى ئەوەی ئیمپراتۆریتی میدیا لە یەکێتی یان فیدراسیۆنی خێڵەکان- شەش خێڵ- پێکهاتووە، میدیا ئەترۆپاتینیس نەک هەر یەکێتی چەند خێڵێک بەڵکو کۆمەڵێک پێکهاتەی لە رەگوڕیشەدا جیاوازی تێدابووە،

بەڵام مانەوەی ئەو دەسەڵاتە بۆ ماوەی دوورودرێژو پاراستنی لە هێرش و لەڕووخان، دەشێ بووبێتە هۆی جۆرێک لە سەقامگیری و تا ئەندازەیەک گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەگەر ئەم بۆچوونە لەجێی خۆیدا بێت ئەوا دەبێت زەمینەی ئیتنۆگێنزی کوردی یان دەرکەوتنی ئیتنۆس یان گەلی ئەترۆپاتین رەخسابێت. بەڵام ئایا ئیتنۆسێکی دیار لە میدیای بچووکدا پێکهاتووە؟ ئەگەر پێکهاتووە کام ئینۆسە: ئیتنۆسی کورد، یان ئیتنۆسی ئازەری یان هەر ئیتنۆسێکی تر؟ بە تایبەتی کە میدیای ئەترۆپاتین تاکو سەدەی سێی زاین و سەردەمی ساسانیەکان ماوە. بەپێی زۆرینەی ئەو سەرچاوانەی باسی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی دەکەن، مێژووی پرۆسێسی ئەو دەرکەوتنە دەکەوێتە پێش لەناوچوونی میدیای ئەترۆپاتینەوە، کە زیاتر سەدەی دووەم و سێیەمی زاینی بۆ دەستپێکردنی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی دەستنیشان دەکەن. بۆیە دەشێت لێرەدا ئەو پرسیارەی پێشتر بەرزمان کردەوە سەبارەت بە ئەگەری رۆڵ و بەشداریکردنی پێکهاتەکانی میدیای بچووک لەو پرۆسێسیەداو لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا چەندە؟

لەبەرئەوەی هیچ گومانێک لەوەدا نەماوە کە ئیتنۆسی کوردی فرە سەرچاوەیەو یەک باپیرەی نیە. بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە ئەو پێکهاتانەی لە میدیای بچووکدا ژیاون دەشێ بەگشتی بەشدارییان لە پێکهێنانی ئینۆسی کوردیدا کردبێت، بە تایبەتی بە پێی بۆچوونی مینۆڕسکی، مادەکان و خێڵە سکێفی و کیمیری و پێکهاتەکانی میدیای بچووک لەو پرۆسیسەدا بەشدارییان کردووە. بە بۆچوونی ن. ی. مار کاردۆخیەکان و بە پێی بۆچوونی لیرخ خالّدیەکان رۆڵی سەرەکییان لەم پرۆسێسەدا بینیووە.

راستە بارودۆخی میدیای گەورە، هەر لە روخاندنی دەوڵەتی میدیاوە، بارودۆخی ژێردەستەیی بووە، بەڵام خەڵکی میدیا بەردەوام بوون لەسەر ژیان و هیچ بەڵگەیەک نیە لەسەر لەناوچوونی میلەتی میدیا بە هەموو پێکهاتە خێڵایەتیەکانیەوە، کە وەکو ئاشکرایە کاتی خۆی ئیمپراتۆریتی میدیا لە یەکێتی حەوت خێڵ پێکهاتبوو. بێگومان هەروەک مینۆرسکی و ڤیلچێڤیسکی باسی کۆچی خێڵە میدیەکان و تەنانەت کۆچی هاوشێوە لە میدیای بچووکەوە بۆ باکوری میسۆپۆتامیا دەکەن و لەوەش دەدوێن هەموو ئەو کۆچکەرانەو

دانیشـتوانی رەسـەنی باکوری میسـۆپۆتامیاش پێکـەوە بەشـدارییان کـردووە لـە پرۆسێسـی پێکهێنانـی ئیتنۆسـی کوردیدا. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا جێگای خۆیەتـی سـەرنجی ئـەوە بدەیـن، کـە ئایـا دانیشـتونی میدیـا بـە تایبەتـی میدیـای گـەورە لـە دوای دەسـەڵاتی ئەسکەندەری مەکدۆنی و لەسـەردەمی دەسـەڵاتی ئەشکانیەکاندا چـۆن بـووە؟ یـان بـە دەربڕینێکـی تـر ئایـا دانیشـتوانی میدیـا هیـچ ئامادەبوونێکیـان هەبـووە کـە بایـی ئـەوە بێـت وەکـو بوویـەک ژیـان و بوونیـان تۆمـار بکرێـت؟

ئاشـکرایە لـە دوای مردنـی ئەسـکەندەری مەکدۆنـی لـە بابـل لـە سـاڵی ٣٢١ی پێـش زایـنـدا، قەڵەمـڕەوی ئیمپراتۆرێتـی مەکدۆنـی لـە نێـوان فەرمانـدە سـەربازیەکانی ئەسـکەندەردا دابەشـکرا، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی کـە ئەسـکەندەر جێگـرەوەی لـە نێـو بنەماڵەکەیدا نەبـوو. خـۆی تەمەنـی ٣٢ سـاڵ بـوو کـە مـرد، دوای خـۆی منداڵێکـی کـوڕی بـوو، هەروەهـا برایەکـی هەبـوو ئەویـش ناتـەواو بـوو. سـەرئەنجام بـۆ مـاوەی نزیکـەی دە سـاڵ بارودۆخەکـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی فەرماندە کانـدا مایـەوە. سـلوقی یەکـەم بـوو بـە یاریـدەدەری بردیـکاس کـە گوایـە رۆڵـی وەسـی- سـەرپەرشـتیار-ی بینیـووە لـە دوای مردنـی ئەسـکەندەر. لـە سـاڵی ٣١٢ی پێش زایندا ئـەم فەرماندەیـە دەوڵەتـی سـەلوقی دامەزراند. دەوڵەتـی سـەلوقی بـە هەردوو ئاراسـتەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا پەلـی هاوێشـت، بـە تایبەتـی میسـۆپۆتامیا و زاکـرۆس و بانـی ئێرانـی ئەمـڕۆو ئاسـیای ناوەنـدو بـە ئاراسـتەی رۆژئـاواش سـوریاو میسـری گرتـەوە. لـە راسـتیدا ئـەوەی جێگای بایەخـی ئێمـەو ئامانجـی ئـەم باسـەیە باکـوری میسـۆپۆتامیاو میدیایـە بـە هـەردوو بەشـەکەیەوە، میدیـای گـەورە کـە دەسـەڵاتێکی وای تێـدا نەمـاوە، لەگـەڵ میدیـای ئاترۆپاتیـن کـە وەکـو دەسـەڵاتێکی ناوچەیـی نیمچـە سـەربەخۆ ماوەتـەوە. ئامانجەکـەش ئەوەیـە کـە ئایـا میدیـەکان و کاردۆخیـەکان و پێکهاتـەکانـی تـری ئـەم رووبـەرە جوگرافیایـە لـە مـاوەی دەسـەڵاتداری سـەلوقیەکاندا کـە بـە گوێـرەی ئـەو جوگرافیایـەی ئێمـە مەبەسـتمانە سـاڵی ٢٤٧ی پێش زایـن کۆتایـی هاتـوو، چیـان بەسـەرهاتووە؟ هەڵبـەت ئاشـکرایە کـە دەوڵەتـی سـەلوقی لـە سـوریاو میسـرو رۆژئـاوا تـا ماوەیەکـی درەنگتـر مـاوەو لـە سـاڵی ٦٣ی پێـش زایـنـدا، ژەنەراڵـی رۆمـی پۆمپـی روخاندویەتـی، بـەڵام بـە گوێـرەی رۆژهـەڵات لـە دەوروبـەری سـاڵی ٢٤٧ی پێـش زایندا، پارتـەکان کۆتاییـان بـە دەسـەڵاتی سـەلوقیەکان لـە رۆژهەڵاتـدا هێنـاو دەوڵەتـی ئەشـکانی پارسـییان

دروستکرد، کە مەملەکەتی میدیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەشکانیەکانەوە.» لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەنتیوخۆسداو بە دیاریکراوی ساڵی ٢٥٠ی پێش زایین، پارتەکان بە سەرۆکایەتی ئەرشاق توانیان راپەڕین دژی دەسەڵاتی سەلوقیەکان رابگەیەنن... لە ماوەی نێوان ٢٥٠ بۆ ٢٤٧ن پێش زایندا، ئەرشاق و تیریداتسی برای توانیان دەستبەسەر هەرێمی پارتیا بگرن و فەرمانڕەوای سەلوقیەکان لەوێ بکوژن. هەرچەندە ئەرشاق لەم شەڕەدا کوژرا بەڵام براکەی جێگای گرتەوەو زۆربەی قەڵەمڕەوی پێشتری هاخامەنشیەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە(٣٢).

ئەو دەوڵەتەی پێکیانهێنا بە ناوی دەوڵەتی ئەشکانیەوە ناونرا کە لە ناوی ئەرشاک وەرگیراوە. ئاشکرایە سەردەمی دەسەڵاتی سەلوقیەکان کە بەسەردەمی هیلینیستی- دەناسرێت، واتە تێکەڵاوبوونی شارستانێتی کۆنی یۆنانی بە شارستانێتیەکانی رۆژهەڵات. کە بەگوێرەی جوگرافیای پێشتری هەخامەنشیەکان لە هاتنی ئەسکەندەرەوە نزیکەی سێ چارەکە سەدەی خایاندووە، کە قۆناغیکی نا سەقامگیرو پڕ لە کێشەو ململانێی و جەنەگ و ئاڵۆزی بووە. دیارە ئەو بارودۆخەش سەرجەم دانیشتوانی ناوچەکەی گرتۆتەوە. دەشێ بە گوێرەی میدیای بچووک کە راستەخۆ بەشداری جەنگ و ململانێکانی نەکردووە تا ئاستێک سەقامگیری هەبووبێت. بەڵام بە گوێرەی میدیای گەورەو تەنانەت باکوری میسۆپۆتامیا بەپێی رۆژمێری رووداوەکان بارودۆخ ئاڵۆزو ناسەقامگیر بووەو ئەوەش دیارە کاریگەری لەسەر دانیشتوان هەبووە کە زۆربەی کات ناوچەکانیان بووەتە مەیدانی جەنگ و پێکدادانی هێزە ناکۆک و نەیارەکان.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد هەتا ساڵی ٢٤٧ی پێش زاین، سەرزەمینی میدیا بە میدیای گەورەو میدیای ئاترۆپاتینەوە بەشێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی سلوقینەوە، کە مەبەست لە شێوەی راستەوخۆ دەسەڵاتی تەواوە بەسەر ئەو رووبەرەدا، سەلوقیەکان دەسەڵاتی تەوایان بەسەر میدیای گەورەدا کردووە. بە شێوەی ناڕاستەوخۆش میدیای ئەترۆپاتین لە ژێر سایەو هەژموونی سەلوقیەکاندا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە سەربەخۆییەکی ناوخۆی هەبووە. ئەوەی جێگای سەرنجە، زانیاری

ئەوتۆ لەبارەی رۆڵی میدیەکانەوە لەم قۆناغەدا نابینرێت. ئەوەشی پەیوەندی بە ئاترۆپاتینەوە هەیە، راسیە پێکهاتەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە رەگەزێک بوون، بەڵام دیارە بەشێکی ئەو پێکهاتەیە مادەکان بوون. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت ئەو پێکهاتەی ماد کە لە میدیای بچووکدا بووە، بەهۆی بوونی جۆرێک لە سەقامگیری و پاراستنی دەسەڵاتی میدیای بچووکەوە، دەتوانرێت بگوترێت وەکو پێکهاتەکانی تری سنووری میدیای بچووک پارێزراو بووە.

ئاشکرایە کە میدیای ئەترۆپاتین، لەگەڵ روخانی دەسەڵاتی سەلوقیەکاندا کۆتایی نەهاتووە بەڵکو لە سەردەمی دەوڵەتی پارتەکان یان ئەشکانیەکانیشدا کە ساڵی ٢٤٧ن پێش زاین دروستبوو، میدیای بچووک پارێزگاری لە نیمچە سەربەخۆیی خۆی کردووە. دواتر لە کۆتایی سەدەی یەکەمی پێش زایندا پاشای ئەشکانیەکان هێرشی کردۆتە سەر میدیای بچووک. بەڵام ئەم نیمچە سەربەخۆییەی کە هەیبووە بەشێوەی کەمتر یان زیاتر تا سەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی ماوەتەوە واتە تا دەوروبەری ٢٢٦ی زاینی.

ئێمە لە سەرەتای ئەم بەشەدا لەپاڵ میدیەکاندا، پرسیارمان لەبارەی چارەنووسی کاردۆخیەکانەوە کرد لە دوای دەسەڵاتی میدیا. بێگومان لەم پرسیارەدا پەیوەست بە کاردۆخیەکان مەبەستمان دەسەڵاتی میدیای ئەترۆپاتینە، چونکە ئاشکرایە ناوهێنانی کاردۆخیەکان لە پێش گەزنەفۆندا بەو ناوەوە نەبیستراوە. وەکو دەزانرێت کاردۆخیەکان ساڵی ٤٠١ ی پێش زاین رێگرییان لە دە هەزار بەکرێگیراوە یۆنانیەکان کرد بوو، گەزنەفۆن لە ئاناباسیسدا بازی ئازایی ئەوان و ئەو رووبەرە جوگرافیایەی کرددوە کە تیایدا ژیاون و تەنانەت باسی جیاوازی زمانەکەشیانی لە زمانی وەرگێڕە پارسیەکە کردووە. پێدەچێت بە درێژایی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی سەلوقیەکان و دوای ئەوانیش ئەشکانیەکان، کاردۆخیەکان لە شوێنی خۆیان مابن. ئەمەش لەو رووەوە گرنگە کە مانەوەی مادەکان و کاردۆخیەکان تا سەروەختی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کورد، دەبێتە بەڵگەی تا ئەندازەیەک پتەو بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. بەڵام دەبێ پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە کورد تەنیا نەوەی ئەم دوو پێکهاتەیە نیە، بەڵکو ئەم دوو پێکهاتەو نەوەو پاشماوەی پێکهاتە دێرینەکانی تری زاکرۆس و

باکوری میسۆپۆتامیا و ئەناتۆڵیا بەشداربوون لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. بەهەرحاڵ بۆچوونی لەوجۆرەش هەیە کە دەسەلاتی میدیای ئەترۆپاتین تا سەردەمی فەرهادی چوارەم بەردەوام بووبێت و گوایە ئەم پاشا ئەشکانیە میدیای بچووکی لەناو بردبێت، بەڵام هاوکات باسی ئەوەش دەکرێت کە دەسەڵاتی ئەترۆپاتین تا سەروەختی دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی ماوەتەوە. هەڵبەت گرنگی مانەوەی دەسەڵاتی میدیای بچووک ئەوەیە کە بەشێک لە میلەتی میدیا و تەنانەت کاردۆخیەکانیش لەپاڵ ئەودا پارێزراو بووبن، کە هەر لەو سەروبەندەوە بەشداربووبن لە پرۆسێسی ئیتنۆگینزی درێژخایەنی کوردیدا.

پێشتر ئاماژەمان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئەشکانی یان پارت کرد لە لایەن ئەرشاکەوە لە ساڵی ٢٤٧ی پێش زایندا. دیارە ئەم دەوڵەتەش لەسەر زەمینەی سێ دەوڵەتی یان سێ ئیمپراتۆریێتی پێشتر دروست بووە، کە هەرسێکیان هەریەکەو بۆ ماوەیەکی متژوویی فەرمانڕەوایەتی پیرشیاو-ئێرانی ئەمڕۆ-و رووبەرێکی فراوانیان لە رۆژئاوای ئاسیایدا کردووە، کە ئەوانیش ئیمپراتۆریێتی میدیا و هەخامەنشی و سەلوقی بوون. دووانی یەکەمیان دروستکراوی پێکهاتە رەسەنەکانی ئەو جوگرافیایە بوون کە تیایدا پێکهاتوون، بەڵام سییەمیان بەرهەمی داگیرکاری ئەسکەندەری مەکدۆنی بووە. لە کاتێکدا دووانی یەکەمیان وەکو بەرهەمی کۆمەڵگای ناوخۆ دروستبوون، کە پێکهاتەکەی بەرهەمی کۆمەڵگای بانەکانی ئێران و زاکرۆس بووە جونکە» ئێرانیەکان هەر لە رۆژگارێکی زۆر کۆنەوە کۆمەڵی خۆیان لەسەر بنچینەی زنجیرەی خانەدانێتی رێکخستبوو کە بە باری دابەشینی خاک و زەوی دا لەسەر چوار کۆڵەکە راوەستابوو، بەم شێوەیە: ماڵ- خێزان-، گوند، تایەفە، وڵات(٣٣). هەمیشە ئەوەی لەم سەرزەمینەدا بۆ پێکهێنانی دەسەڵات پشتی پێبەستراوە، جۆرێک لە جیاکاری خیزان و تایەفە بووەو بەردەوام خێزان و تایەفەی شایستە بوون بە خاوەنی دەسەڵات، واتە خێزانی دیارو سەربە بنەماڵەی خانەدان بوونەتە فەرمانڕەوا. بە شێوەیەکی تر دەتوانرێت بگوترێت ئەوە گریمانەیەکی زۆر لاوازە کە خەڵکی ئاسایی توانیبێتی دەسەڵاتداری بکات و ببیتە فەرمانڕەوا.» لە شانی ئێرانی رۆژئاوا، رێساو بنەمای قەوارەی خانەدانیی تەوەری کۆمەڵ تا رادەیەک

لەژێر توێژێکی خوازراوی شارستانێتی بابلی دا شاردرابووەوە. فەرمانڕەوایەتی هەخمانشینان بە درێژەی لیزگەی دەسەڵات و حوکمدارێتی ئاشورو بابل و ئیلام دادەنراو بەشێوازی بەڕێوەبردنی دامودەزگای سیاسی ئەم خانەدانانە هەر لەسەر باوی پادشایانی بابل و ماد بوو... سیستێمی خانەدان تەوەرە تۆماری تێکەوە نەپێچراو لە خاکی مادەکان و پارسەکانیشدا رایەڵ و پۆی لەجێی خۆی مابوو(٣٤).

بێگومان ئەم بنیادە کۆمەڵایەتیە کە راستەوخۆ سروشتی کۆمەڵگای شێوە خێڵایەتیە، تا ئەندازەیەکی ئاشکراو بەربڵاو خاسیتی دیاری کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات بووەو تاکو ئێستاش ئەم بنیادە هەندێ گۆڕانکاری رووکەشی بەسەردا هاتووەو دەتوانرێت بگوترێت ریزبەندیەکە بەمجۆرەیە: خێزان، خێڵ، ناوچە، وڵات یان دەوڵەت. کاتێکیش ناوی دامەزراوەی خێزان دێت ئەوەی پەیوەندی بە بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایەتیەوە هەیە، راستەوخۆ مەبەست خێزانی خانەدان و خێڵی خانەدان و رەسەنە کە شایانی ئەوە بێت ببێتە فەرمانڕەوا. دەوڵەتی مید لە کۆنفیدراسیۆنی شەش یان حەوت خێڵ پێکهاتووە، کە هەریەکە ناوی خۆیی هەبووە. خێڵی خانەدان و فەرمانڕەوا ناوی مید یان ماد بووە، کاتێ دەوڵەتیان دروستکردووە دەوڵەتەکە بە ناوی بنەماڵەو خێڵی فەرمانڕەواوە ناونراوە دەولەتی مید. بە هەمان شێوە دەوڵەتی هەخامەنشی پارسی بەناوی بنەماڵەی خانەدانی دامەزرێنەرو فەرمانڕەواوە ناونراوە. ئەم بۆچوونە بۆ ساسانیەکان و تەنانەت تا ئەندازەیەک بۆ ئەشکانیەکانیش راستە. هەروەک لەم وتەیەی سەرەدوەدا ئاماژەی پێکراوە هەمان لێکدانەوە بۆ دەوڵەتی بابلییش راست بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەگشتی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵات یان باشتر بڵێین رۆژئاوای ئاسیا لەسەر دەستی بنەماڵە خانەدانەکان دروستبوون. ئەمەش سەرنجمان بەو ئاراستەیە رادەکێشێت کە بپرسین ئایا لە روخاندنی دەوڵەتی میدیادا، تەنیا بنەماڵە یان خێڵی فەرمانڕەوا بێ دەسەڵاتکراون و سەرکوتکراون، یان هەموو گەلی میدیا واتە هەموو خێڵەکانی میدیا؟

ئەوە ئاشکرایە لە روخانی دەوڵەتی میدیادا، بنەماڵەی دەسەڵاتداری میدیا خراونەتە پەراوێزەوەو ناو و ئامادەبوونیان نەماوەو بنەماڵەی هەخامەنشیەکان شوێنیان گرتوونەتەوە، بەڵام ئایا چارەنووسی گەلی یان میلەتی میدیا یان

مادەکان چی لێهاتووە؟ ئایا دەشی میلەتێک بە تەواوی لەناو چووبن یان لە ناوبرابن؟ یان راستتر وایە بڵێین لە دوای روخانی دەسەڵاتی میدیا بنەماڵەی فەرمانڕەوا خراونەتە پەراوێزەوە، بەڵام میلەتی میدیا هەم لە سەروەختی هاخامەنشیەکان و هەم لە سەروەختی ئەسکەندەرو پاشانیش لە سەردەمی سەلوقیەکان و ئاشکانیەکانیشدا، فڕێدراونەتە دەرەوەی دەسەڵات و بەجۆرێک سەرکوتکراون و دەشێ لە ئاستی جیاوازیشدا لێیان کرابێتە کۆیلەو سوپایان لێ پیکهێنرابێت و دەسەڵات بەخواستی خۆی بەکاری هێنابن، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی لەناوچوون و نەمانی ئەو پێکهاتانەی خراونەتە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەم لێکدانەوەیە نەک هەر بۆ میدیەکان بەڵکو بۆ پارسەکان و سەرجەم پێکهاتەکانی تریش راستە. کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین لە سەروەختی سلوقیەکان و ئەشکانیەکاندا نەک هەر میلەتی میدیای بچووک یان ئەتروپاتین ماوەتەوەو دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆی هەبووە بۆ نزیکەی زیاتر لە سێ سەدە، بەکو میلەتی میدیای گەورەش ماوەو درێژەی بە ژیان داوە، بەڵام لە دەرەوەی دەسەڵات و بەژێردەستەیی و سەرکوتکراوی. بەڵام ئەمە نەیتوانیووە رێگربێت لە بەردەم بەشداریکردنی مادەکاندا لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا، بەتایبەتی کە ئەو پرۆسێسە لە کاتێکی زووەوە دەستی پێکردووەو لە سەدەی دووەم و سێیەمی زاینیەوە ئیتنۆسی کوردی دەرکەوتووە. بێگومان هەتا کورد دەبێت بە نەتەوە ئەو پرۆسێسە بەردەوام دەبێت. هەروەک بە چەمکی مۆدێرنێتەو تێزی هاوچەرخ سەبارەت بە دروستبوونی نەتەوە، تەنیا دەوڵەت دەتوانێت نەتەوە دروست بکات.

بێگومان ماوەی فەرمانڕەوایی ئەشکانیەکان دوورودرێژ بووەو وەکو ئاشکراشە هەمیشە مێژوو باسی پاشاو دەسەڵات و جەنگەکان و ئەو رووداوانە دەکات کە پەیوەندییان بە پاشاو دەسەڵاتەوە هەیە. مێژووی ئەشکانیەکانیش هەمان شێوەی مێژووی هەر قۆناغێکی تر، بریتی بووە لە تۆماری پاشاو بنەماڵەی دەسەڵات و جەنگەکانیان، نەک مێژووی میلەت، بۆیە ئاساییە کە لە مێژووی دوورودرێژی ئەو دەسەلاتە فارسیەدا، تۆماری رووداو و زانیاری ورد لەبارەی ئەو پێکهاتەو میلەتانەوە نەدۆزرێتەوە کە ژێردەستەبوون و رۆڵ و کاریگەری ئەوتۆیان لە درێژەی ڕووداوەکاندا نەبووە. لەم روانگەیەوە

دەردەکەوێت کە مادەکان لەسەردەمی ئەشکانیەکاندا لە پەراویزدا بوون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بوونیان نەمابێت.» لە زەمانی ئەشکانیەکاندا موسایی زۆر بوون، بە تایبەت لە[ نەهردا، لە باکوری بابل و لە سووراو بووم بادیساو ماحۆزە سلوکیە]. لە پارس و مادیش جەماوەرێک جولەکە نیشتەجی بوون. ئەم کۆمەڵە لە سەدەکانی سەرەتای زاینەوە بە سەرۆکایەتی رێس گالوتا ببوونە خاوەنی دامودەزگا و رێکخستنێک و پادشا ئەوانی لە ریزەی نەتەوەکانی تردا ناسیبوو، تا رادەیەکیش سەربەستی پێبەخشیبوون(٣٥). وەکو گوتمان ماوەی فەرمانڕەوایی ئەشکانیەکان زیاتر لە چوارسەدەو نیو بووەو دوو سەدەو نیوی دەکەویتە پێش زاینەوە. لێرەدا زیاتر جەخت دەکەینە سەرئەو خاڵەی کە باسی بوونی کۆمەڵە جولەکەکان دەکات لە زۆر شوێنی سنووری قەڵەمڕەوی ئەشکانیەکاندا، بە تایبەتی ئەوەی کە دەڵێت لە پارس و مادیس جەماوەرێک لە جولەکە نیشتەجێ بوون. ئەمەش لە لایەک باسی بوونی جولەکە دەکات لەو دوو جوگرافیایەدا کە جوگرافیای پارس و مادەکانە. لێرەدا دەردەکەوێت کە هەرچەندە پارسەکان- هاخامەنشیەکان- و مادەکان دەسەڵات و دەوڵەتیان نەبووە، بەڵام دیارە وەکو میلەت ماون و لە ناو ئەوانیشدا کۆمەڵی جولەکەش نیشتەجێ بوون. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لە سەرەتای زاینەوە مادەکان وەکو خەڵک ئەگەرچی لە دەرەوەی دەسەڵاتیش بوونبەڵام هەبوون و ماون. سەرەتای زاینیش مێژوویەکی هێندە دوور نیە لەو قۆناغەوە کە ئیتنۆسی کورد وەکو ناو دەرکەوتووە.

بەهەرحال ئەوەی ئاشکرایە کە ناوی میدیا تا ئەو کاتەی میدیای ئەترۆپاتین لە ساڵی ٢٢٦ی زاینیدا لە لایەن ئەردەشێری یەکەمەوە دەستی بەسەردا گیرا، ناوبەناو لە تۆمارەکانی مێژوودا دەبینریت. ئەمەس ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە میلەتان تەنیا ئەو کاتانە دەبنە بەشێک لە مێژوو کە خاوەنی دەسەڵات و هێز بن، هەرچندەرووبەری دەسەڵات و ئەندازەی هێزەکەشیان زۆر نەبێت، بەڵام هێستا ئەو دەسەڵات و هێزە کەمە باشتر دەبێتە هۆی مانەوەی ناویان لەجاو میلەتانی گەورەی دەرەوەی دەسەڵاتدا. بۆ نموونە هەم لەڕوویرووبەری جیۆگرافیەوەو هەم لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە،میدیای گەورە زۆر لە میدیای ئەترۆپاتین گەورەتر بووە، بەڵام لەو کاتەوە کە ئیمپراتۆریتی میدیا

لـە لایـەن هەخامەنشـیەکانەوە روخێنـراوە، نـاوی میدیـا یـان میدیـای گـەورە بـە دەگمـەن لـە تۆماریـرِووداوەکان و مێـژوودا بەرچـاو دەکەوێـت، بـەڵام میدیـای ئەترۆپاتین لەبەر ئەوەی توانیوێتی پاریزگاری لەو دەسەڵاتە سنووردارە بکات کە هەیبووە بۆ ماوەی نزیکەی چوار سەدەو نیو ناوی بە زیندووی ماوەتەوە.

بێگومـان وەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـردووەو زیاتریـش پشـت بـەو بۆچوونـە زانسـتیەی ڤیلچێڤسـکی دەبەسـتین بـۆ دەرکەوتنـی ئیتنۆسـی کـوردی، کە ئەو پێیوایە پرۆسێسی ئیتنۆگینزی کوردی لە قۆناغێکی زووترەوە دەستی پێکردووەو لە سەدەی دووەمی زاینیەوە بۆ سەدەی پێنجەم ئیتنۆسی کوردی دەرکەوتـووە. ئاشـکرایە تـا سـەرەتای دەسـەڵاتی ساسـانیەکان نـاوی مـاد هـەر ماوە تا چارەکی یەکەمی سەدەی سێیەمی زاین کە تیایدا میدیای ئەترۆپاتین روخێنـراوە. ئەمـەش ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات مانـەوەی رەگـەزی مـاد لەگـەڵ پرۆسێسـی بەردەوامـی ئیتنۆگینـزی کـوردی و تـا کاتیـک نزیـک لـە دەرکەوتنـی نـاوی کـورد وەکـو نـاوی ئیتنۆسـێکی سـەربەخۆ دەبێتـە بەڵگـەی بەهێـز بـۆ بەشـداریکردنی رەگـەزی مـاد وەکـو توخمێکـی ئـەو پرۆسیسـە. لـەم بارەیـەوە ڤیلچێڤیسـکی دەڵێـت: لـە ناوەراسـتی کوردسـتانی ئێسـتاکەدا، لەسـەر بنچینـەی کۆمەڵـێ خێڵـی شـوانکاری هەمەجۆر، کـە زۆربەکـەی توخمـی ئێرانـی بـوو، وردە وردە پرۆسـەی دروسـتبوونی میلەتـی کـورد دەسـت پێدەکات. ئـەم پرۆسـەیەش لـە دەوروبـەری مـاوەی نێـوان سـەدەکانی دووەم و شەسـەمی زاینـی، لـە رۆژگاری دەسـەڵاتدارێتی پارڤیـاو ساسـانیدا روودەدات(٣٦).

دیـارە ئەوەمـان لا روونـە کـە ناشـێت دروسـتبوونی ئیتنۆسـی کـوردی تەنیـا یـەک سـەرچاوەی هەبێـت کـە ئەویـش میدیـەکان بێـت. هـەروەک ئـەم توێـژەرەش پێداگـری لەسـەر دروسـتبوونی ئیتنۆسـی کـوردی لـە کۆمەڵـێ خێڵـی شـوانکاری هەمەجـۆر دەکات، کـە گومانـی تێدا نیـە هەمەجـۆر لێرەدا مەبەسـت جۆراوجۆرە لە رەگـەزدا، چونکـە ئەگـەر مەبەسـتی تەنیـا میدیـەکان بوایـە دەیگـووت کۆمەڵێـک خێڵـی شـوانکاری میـد. واتـە لێـرەدا ناڕاسـتەوخۆ ئـەم توێـژەرە بـۆ دەرکەوتنـی ئیتنۆسـی کـوردی رای مینۆرسـکی بـەوەی کـە کـورد نـەوەی راسـتەخۆی میدیـەکان، یـان رای مـار بـەوەی کـورد دەگەڕینـەوە بـۆ کۆمەڵـەی زمانـی یافیتـی و رایەکانـی تریـش بـۆ گەڕانـەوەی راسـتەوخۆی کـورد بـە تەنیـا بـۆ رەگـەزی

ئاری یان بۆ خاڵدیەکان و کاردۆخیەکان رەتدەکاتەوە. واتە دژی ئەوەیە کە کورد نەوەی تاکە پێکهاتە یان رەگەزێک بێت و بەرهەمی خوێنی خاوێن بێت.

تەنانەت کوردناسی هۆڵندی مارتین ڤان برۆنیسین ئەو بۆچوونە بە تەوای رەتدەکاتەوە کە کورد نەوەی راستەخۆی میدیەکان بێت و لەو بارەوە دەڵێت: هەرچەندە هەندێ لە رۆشنبیرانی کورد باسی ئەوە دەکەن کە گەلەکەیان نەوەی میدیەکانە، بەلاَم بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوە لە ئارادا نیە، کە بوار بە بەستنەوەی ئەو بۆشاییە بدات کە لەڕووی کاتەوە لە نێوان دەسەلاَتداریتی سیاسی میدیەکان و یەکەم دەرکەوتن و سەلماندنی کورد دا هەیە(٣٧). کۆی ئەم بۆچوونانەش پشتگیرمان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین کە کوردی ئێستا نەوەی تاکە پێکهاتەیەک نیەو ناشێت نەوەی تەنیا هیچ کام لەو پێکهاتانە بێت کە لە مێژووی تۆمارکراویانەوە لە زنجیرە چیاکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆلیا ژیاون. بەڵکو دروست ئەوەیە کە پاشماوەی زۆرینەی ئەو پێکهاتانە بەشدارییان لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردبێت. ئەمەش تیۆریی کوردو میدیا بەتەنیا یان کوردو کاردۆخی بە تەنیا یان بە کورد دانانی مید یان کاردۆخی یان لۆلۆو گۆتی یان میتانی و هۆری و کاشی و سۆمەری و هەموو ئەوانی تر رەتدەکاتەوەو رێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات کە بگوترێت: یەکەم، کورد نەوەی کۆمەڵێک پێکهاتەی جۆراوجۆرە. دووەم، سەپاندنی ناوی کورد بەسەر هەرکام لەو پێکهاتە دێرینانەی ناوچەکەدا لەسەر بنەمای لێکچوونی یان نزیکی زمان یان داب و نەریت و تەنانەت سیماو لێکچوونی رووخسار نابنە بەڵگەی بەهێز بۆ سەلماندنی وەها بۆچوونێک، بەڵکو ئەو جۆرە نزیکی و لێکچوونانە زیاتر بەرهەم و دەرهاوێشتەی تێکەلاَوبوونن.

هەروەها بە بەڵگەکردنی چەندین وشەی وەکو کوردۆین، کوردۆئین، کورت، کورتا، کیرت، خورت... ناتوانرێت بە کورد دابنرێت، چونکە لە کاتی بوون و بەکارهێنانی ئەو وشانەدا ئیتنۆسی کوردی دەرنەکەوتووە. لەڕووی کۆمەڵناسی و تیۆرییەکانی ناسیونالیزمەوە، هەتا ئیتنۆس پێکنەیەت و دەرنەکەوێت بە کۆی خاسێتەکانیەوە، ناتوانرێت پێکهاتەی نەتەوە نەک لەڕووی شوناسەوە بەڵکو

وەکو مادەی خاویش باس بکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە هەموو ئەو مێژووانەی بۆ هەر پێکهاتەیەک پێش دەرکەوتنی ئیتنۆسی ئەو پێکهاتەیە دەنووسرێتەوەو تۆمار دەکرێت مێژووی دەسەڵات یان بنەماڵە یان خێڵە. مێژووی نەتەوە لەگەڵ پێکهاتن و دەرکەوتنی ئیتنۆسدا دەست پێدەکات و تەنیا لە بوونی دەوڵەتیشدا ئەو پێکهاتەیە لە شێوەی مادەی خاوەوە کە لەمبارەدا ئیتنۆسە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی پێگەیشتن کە نەتەوەیە. ٢-٦-٢٠٢٣

# بەشی نۆیەم

## دەرکەوتنی ناوی کورد لە نێوان ناوی خێڵ و ئیتنۆسدا

کەی و لە چ سەردەمێک و لە چ چوارچێوەیەکدا ناوی کورد دەرکەوتووە؟ ئایا دەرکەوتنی ناوی کورد تا چ ئاستێک وەکو بەرهەمی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی سەیر دەکرێت و تا چەند وەکو بەرهەمی ئەو پرۆسێسە دادەنرێت؟ ئایا دەرکەوتنی ناوی کورد تەنیا وەکو ناو دەرکەوتووە، یان لەگەڵ دەرکەوتنیدا خاسیەتەکانی ئیتنۆسی کوردی هێناوە؟ بە واتایەکی تر ئایا دەرکەوتنی ناوی کورد هاوشان و هاوتا بووە لەگەڵ دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیدا وەکو بوویەکی کۆمەڵایەتی؟ ئایا دەرکەوتنی ناوی کورد وەکو ئیتنۆس، ناوی جوگرافی و رووبەری جوگرافیشی لەگەڵدا دەرکەوتووە یان دیاریکراوە؟

ئاشکرایە ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە رووی مێژووی دامەزراندنیەوە، بە سێیەم ئیمپراتۆریەتی گەورەی فارسی و چوارەم دەوڵەتی ئەو سەرزەمینە دادەنرێت کە لە مێژووی تازەدا پێی دەگوترێت ئێران. واتە لە دوای ئیمپراتۆریەتی میدیا و ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشیەکان ئەم سێیەم ئیمپراتۆریەتی ئێرانی و سێیەم گەورەترین دەوڵەتی فارسیە لە دوای هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکان. راستە لە دوای روخاندنی ئیمپراتۆریتی هەخامەنشیەکان لە لایەن ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە، لە ٣١٢ی پێش زاین بۆ ٢٤٧ و هەندێکیش ئەو مێژووە درێژدەکەنەوە بۆ ٦٣ی پێش زاین، دەوڵەتی سەلوقی هیلینیستی فەرمانڕەوایی کردووەو لە دوای ئەویش ئەشکانیەکان هاتوون هەتا دامەزراندنی ئیمپراتۆریتی ساسانی لە ساڵی ٢٢٤ی زاینیدا. ئەشکانیەکان وەکو دەوڵەتێکی

وابەستەی یۆنانی یان کەلتور هیلینیستی دادەنرێت، سەرباری دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی دووردرێژی بەڵام کەمتر وەکو دەوڵەتێکی ئێرانی ڕەسەن هەژمار دەکرێت.

دەوڵەتی ساسانی لەسەر دەستی ئەردەشێری یەکەمی ساسانی دامەزرا، دوای ئەوەی کە دوا پاشای ئەشکانیەکان ئەردەوانی پێنجەمی (٢١٤-٢٢٤) لەناوبرد. ئەم دەوڵەتە بە زوویی گەشەی کردووەو دەستی بەسەر رووبەرێکی فراوانی باشووری رۆژئاوای ئاسیادا گرتووە بە تایبەتی ئێرانی ئیستاو میسۆپۆتامیاو زۆرینەی تورکیای ئێستا، هەروەها رۆژهەڵاتی دوورگەی عەرەبی ئێستای لە بن دەستدا بووە. پایتەختی ئەم دەوڵەتە شاری تیسفون بووە کە کەوتووەتە سەر کەناری رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە لە نزیک مەدائین. وەکو دەگوترێت ئەم شارە لە پێش زایندا، یۆنانیەکان دروستیان کردووە، بەڵام ساسانیەکان مۆرکی خۆیانیان لەسەر دیاریکردووە، وەکو تاق و هەیوانی کیسرا کە شوێنی فەرمانڕەواییان بووە.

ئەردەشێری پاپەکان لە ساڵی ٢٢٤ی زاینیدا، دەوڵەتی ساسانی دروستکرد، کە ناوەکە لە باپیرە گەورەی یان لە ناوی بنەماڵەکەیانەوە وەرگیراوە، کە بنەماڵەیەکی پارسیە. دیارە ناوی پێرشیا ناوی کۆنی ئەو سەزەمینە بووە کە لە سەدەمی رەزا شای پەهلەویدا کراوە بە ئێران، گوایە ئاماژەیە بۆ سەرزەمینی ئێرانیەکان، کە مەبەست لەوەش وەکو روانین بۆ گەوهەرو ماهیەتی ناسیونالیزمی فارسی یان ئیرانیە گوایە سەربە رەگەزی ئارین و وشەی ئێرانیش بەو پێیە لە ناوی ئارییەوە هاتووە، واتە خاکی یان وڵاتی ئارییەکان. هەر ئەم لێکدانەوەیەش بووە رۆڵی دیاری بینیووە لەوەدا کە لە رابردوودا بەشێک لە کوردو زیاتریش ناسیونالیستی کوردی پرۆ ئاری و پرۆ زەردەشتی، کورد بە ئێرانی و هاو مێژوو هاو کەلتووری فارسی بزانن. دەوڵەتی ساسانی نزیکەی چوار سەدەو چارەکێک فەرمانڕەوایەتی کردووە، هەتا لە ساڵی ٦٥١ی زاینیدا، لە لایەن سوپای عەرەبی ئیسلامیەوە لە پرۆسێسەکانی فەتحدا روخێنراوە. ئەویش دوای ئەوەی لە ساڵی ٦٣٧دا لەو جەنگەی کە ناسیونالیستی عەرەبی وەکو شانازی خۆی سەیری دەکات کە جەنگی قادسیەیە، تیایدا سوپای عەرەبی ئیسلامی توانی سوپای ساسانی

بــە ســەرۆکایەتی رۆســتەم تێکبشــکێنێت. ئــەوەش کۆتاییهاتنــی دەســەڵاتی ساســانیەکان بــوو لــە میســۆپۆتامیداو بــە دوای ئــەوەدا ســەرزەمینی پێرشــیاش کەوتــە ژێــر دەســەڵاتی ســوپای عەرەبــی ئیســلامیەوە.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگەو مەبەستی ئەم باسەیە، گەڕانە بە دوای ناوی پاشماوەی میدیەکان و پێکهاتەکانی تری باکوری میسۆپۆتامیاو چیاکانی زاکرۆسداو هەروەها گەڕانە بە دوای ناوی کوردو دەرکەوتنیدا. هەروەک ئاشکرایە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی لە پێش هاتنی ساسانیەکاندا دەستی پێکردووەو لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەماندا بەردەوامبووەو بەپێی بۆچوونی زانستیانەی ئەو توێژەرو کۆمەڵناسانەی باسی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردییان کردووە، لە پێشی هەموویانەوە ڤیلچێڤسکی دەرکەوتنی کورد دەکەوێتە ئەم قۆناغەوە، واتە لە سەدەی دووی زاینی بۆ سەدەی پێنجی زاینی و دیارە پرۆسەکەش کۆتایی نەهاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەردەمی ساسانیەکان ئەو سەردەمە مێژووییەیە کە ئیتنۆسی کوردی تێدا دەرکەوتووە. یەکێک لە نیشانەکانی ئەم پرۆسێسەش دەرکەوتن و پێکهاتنی ناوی ئیتنۆسەکەیە. کەواتە بەم پێیە دەبێ ناوی کورد واکو ناوی ئیتنۆسێک بە ئاشکراو وەکو ناوی ئێستای لەم قۆناغەدا دەرکەوتبێت.

یەکێک لەو سەرچاوە گرنگانەی دەربارەی مێژووی ساسانیەکانە، کتێبە بەناوبانگەکەی ئاریوور کریستینسێنە بە ناوی» ئیرانی سەردەمی ساسانیەکان«. لەم کتێبەدا هەرچەندە هەندێ ناو و وشەی وەکو «دینکورد یان دینکورت، یان یەزدیکرد..وای لە هەندێ لە ناسیونالیستانی کورد کردووە کە ئەو ناوانە وەکو ناوی کورد هەژمار بکەن و تەنانەت زیاتر خۆیان بدەنە دەم شەپۆلی خەیاڵ و ساسانیەکان بە کورد دابنێن. بێگومان لە رووی زانستیەوە ئەم بۆچوونانە هیچ بەهایەکیان نیە. لە راستیدا لە بری ناوی کورد، لە مێژووەکەی کریستینسێندا چەندین جار ناوی مید یان ماد هاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا ماد و میدیا لە روانگەی ساسانیەکانەوە بوونیان هەبووە. هەروەک ئەوەش دەردەکەوێت کە ناشێت وای لێکبدەینەوە کە مادەکان بە گشتی گۆڕاون بۆ ئیتنۆسێکی نوێ کە ناوی کوردە. ئەم بۆچوونەش ئەو لێکدانەوەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە ناشیت کورد تەنیا نەوەی مادەکان بێت، واتە هیچ گریمانەیەک بۆ ئەوە نیە کە مادەکان لە قۆناغێکدا بووبن بە کورد.

پاش ئەوەی کە ئەردەشێر شاری ئەلحەزەر- هاترا-ی بۆ ماوەیەک گەمارۆدا و هیچی بە هیچ نەکرد، خوی دایە داگیرکردنی ولاَتی مادو شاری هەمەدان و هێرشی بردە سەر ئازەربایجان و ئەرمەنستان(١). بێگومان ئەم وتەیە باسی سەرەتای دامەزراندی دەوڵەتی ساسانی دەکات، کە سەردەمی ئەردەشێری پاپەکانی دامەزرێنەری دەوڵەتەکەیە. هەروەها هاتووە: ناوی هەرێمەکانی ئێران بە گوێرەی گێڕانەوەی ئامیانووس ئەمانە بوون: ئاشور، شووش، ماد، پارس، پارت، کرمانی گەورە، گورگان، مەرو، بەڵخ، سوغد، سەکێسان..(٢). لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە لە سەردەمی ساسانیەکاندا، ناوی سەرزەمینی ماد وەکو جوگرافیایەک کە مادەکانی لێ نیشتەجێبوون ماوە. بەلاَم لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا مادەکان وەکو میلەت یان پیکهاتەیەک لە سەردەمی ساسانیەکاندا ماون، یان ئەم ناوە تەنیا وەکو ناوی رووبەرێک یان هەرێمێکی جوگرافی ماوەتەوە کە پێشتر سەرزەمینی میلەتی مادو شوێنی دروستبوونی ئیمپراتۆرێتی میدیا بووە؟. لە دەوروبەری ساڵی ٢٤٤ی زاینیدا، بە گوێرەی نێوەرۆکی مێژووی ئەربیل- هەولێر-، شاپوور لە یەکەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا لەگەڵ خارزمییەکان و پاشان لەگەڵ مادەکانی چیانشین بەشەڕهات و لە تێکهەڵچوونێکی گەرمدا بەزاندنی(٣).

ئاشکرایە شاپوور کوڕی ئەردەشێرو پاشای دووەمی ساسانیەکان بوو، کە باوکی ساڵی ٢٤٢ی زاینی کۆچی دوایی کرد، ئەم چووە سەر کورسی فەرمانڕەوایی و دیارە لەپاش ماوەیەکی کورتی پاشایەتی هەڵمەتی بردووەتە سەر خارەزمییەکان و مادەکان و بەزاندوونی. ئەم دەربڕینە ئەوە نیشان دەدات کە ئەم دوو پێکهاتەیە دوای نزیکەی دوو دەیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی نەک هەر بوونیان هەبووە، بەڵکو هێزو پێگەیان هەبووەو بە ئاسانی ملکەچی دەسەلاَتی ساسانیەکان نەبوون، بۆیە پێشتر ئەردەشێر خۆی و ئێستاش پاشای نوێ شاپوور هێرشی کردۆتە سەریان و ئەوانیش بەرگرییان کردووەو بەرگرییەکی بەهێزیش، بۆیە دەڵێت لە تێکهەڵچوونێکی گەرمدا شاپوور ئەوانی بەزاند. بەم پێیە مادەکان هەتا ساڵی ٢٤٤ی زاینی ئامادەبوونێکی دیاریان هەبووەو توانیوویانە لە رووی سوپای ئەردەشێری دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی و لە دوای ئەیش لە رووی شاپووری کوڕیدا بووەستن و شەڕی

گەرمی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ساسانیەکان بکەن. هەروەک لە کتێبی» کورد کێیە؟»دا، نووسەر وتەیەکی فەروخی وەرگرتووە کە دەڵێت: کۆتایی بە دەسەڵاتی میدەکان هاتووەو ناویان بۆ دواین جار لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە لە کۆتایی سەدەی سێیەمی زاینیدایە، کاتێک کە ئەردەشێری ساسانی لە جەنگێکدا هێرشی کردۆتە سەر پاشای مید، سەرەتا پاشای میدو سوپاکەی ئەردەشێریان شکاندووە، بەڵام دوایی ئەردەشێر سوپایەکی گەورەتری پێکهێناوەو چووەتە سەر پاشای میدو خۆی و بنەماڵەکەی دەستگیر کردووە(٤).

ئاشکرایە ئەو هێرشەی ئەردەشێری پاپەکان بۆ سەر مادەکان لە پێش ساڵی ٢٤٢ بووە، کە ساڵی مردنی ئەردەشێرە. بەپێی بۆچوونەکەی پێشتری کریستینسێن، ئەردەشێر لەپاڵ هێرشکردنە سەر میدیا، پەلاماری ئازەربایجان و ئەرمەنستانیشی داوەو ئەم دووانەی دواییانی داگیرکردووە. بەڵام هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ بۆچوونێکی تری کریستینسێن سەبارەت بە هێرشی شاپوور بۆ سەر میدیاو داگیرکردنی کرد، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەردەشێر دەستی بەسەر میدیادا نەگرتووە، بەڵکو دوای ئەو شاپووری کوڕی ئەو کارەی تەواو کردووە. خۆ ئەگەر مەبەستی کریستینسێن لە ئازەربایجان میدیای ئەترۆپاتین بێت، ئەوا مانای وایە کە ئەردەشێر لە هێرشی دووەمیدا میدیای بچوک- ئەترۆپاتێن-ی داگیرکردووە. لێرەدا دیسان ئەو پرسیارە سەر هەڵدەداتەوە: ئەی چی سەبارەت بە میدیای گەورە؟ کە دەگوترێت ناوی میدیا هەتا کۆتایی سەدەی سێیەم مابێتەوەو دوای ئەوە بە تەواوی لە تۆماردا نەمابێت. دەشێ ئەم قسەیە ئەوە بگەیەنێت کە سەرباری ئەوەی میدیا وەکو ناوچەی جوگرافی دەستی بەسەردا گیرابێت و وەکو میلەتیش داگیرکرابێت و کرابێتە ژێردەستە، بەڵام هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە میدیا یان ماد وەکو ناوی ناوچەیەکی جوگرافی مابێتەوەو بۆ ماوەیەکی مێژوویی زیاتر لە یادەوەری خەڵکدا ژیابێت. بەواتایەکی تر، دەشێ ئەوەی لەبارەی مانەوەی میدیاوە باس دەکرێت مەبەست ئەو جوگرافیایە بێت کە پێشتر وڵاتی میدیا بووە.

یەکێکی تر لەو کتێبانەی بایەخێکی زۆری هەیە سەبارەت بە سەردەمی ساسانیەکان، «کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان»ە. ئەم کتێبە هەرچەندە وەکو بەرنامەی کاری ئەردەشێر نیشان دەدرێت، بەڵام پێدەچێت لە سەردەمی ئەودا

نەنووسرابێت، بەڵکو لە قۆناغەکانی دواتردا نووسراوەو زیاتر وەکو دەربڕینی خەونەکانی ئەردەشێر بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی بەرجەستە کراوە. هەرچەندە ئەم کتێبە وەکو چیرۆکێکی خەیاڵی یان ئەفسانەیەک دەگێڕدرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رووتکراوە نیە لە راستی سەبارەت بە سەردەمی ساسانیەکان. لەم کارنامەیەدا، چەند جارێک ناوی کورد بە ئاشکرا هاتووە، کە ئەوەی زانراوە هەتا ئێستا وەکو یەکەم سەرچاوەی نووسراو باس دەکرێت کە ناوی کوردی تێدا هاتووە. لەم بارەیەوە لە کارنامەدا هاتووە: پاپەک مەڕسەوان بوو، شارەوانی پارس و نێردراوی دەستی ئەردەوان بوو. ئەردەوان بەخۆی لە ئەستەخر دادەنیشت. پاپەک چ رۆڵەی ناوداری نەبوو. ساسان شوانی پاپەک بوو، ئەو لە ناوکی دارای پادشا بوو. ئەو هەردەم لەگەڵ مەڕان بوو. لە سەردەمی بێ دادگەری پاشایەتی ئەسکەندەردا، خۆی شاردبووەوەو رۆژگاری لەگەڵ شوانانی کورد بەسەر دەبرد(٤). دوای ئەوەی ئەردەشێر توانی پادشای ئەشکانی ئەردەوانی پێنجەم لەناوببات،» لەشکرێکی دلاوەری لە زابل پێکەوەنا و بەرەو شەڕی کوردان شای ماد چوو چ شەڕێک، سەر بەسەر خوێن ڕژان. ئەردەشێر لە لەشکرەکەی هەڵبڕا(٥).» لەشکری ماد وای دانا کە مەترسی لە دەست ئەردەشێر نەماوەو ئەو دڵی لێرە تەنگ بووەو بەرەو پارس وەڕێ کەوتووەو گەڕاوەتەوە. ئەردەشێر چوار هەزار پیاوی ئامادەکردو شەبەیخونی کردە سەریان. لەو کوردانە هەزار پیاوی کوشت و ئەوانەی تریشی بە هیلاکی و ماندوویی گرت. کەلوپەل و پێویستیەکی زۆریشی لە کوڕان و برایانی کوردانشا گرت و رەوانەی پارسی کرد(٦).» ئەردەشێر هاتە سەرئەوەی بچێتە ئەرمەن بە ئاتەربادگان دا، چونکە یەزدان کوردی شارەزووری لەو ناوچەیەدا بە سوپایەکی گرانەوە هاتبووە پاڵ ئەردەشێر، بە پەیمان و ژێر فەرمانیەوە(٧). بێگومان بایەخی ئەم داستانە بۆ بابەتەکەی ئیمە لە دوو رووەوە گرنگە، یەکەمیان هاتنی ناوی کورد تیایدا کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١٧٠٠ ساڵ پێش ئیستا، ئەگەر ئەم کارنامەیە لەسەردەمی ئەردەشێر خۆی یان تەنانەت ئەگەر لە سەردەمی هورمزی یەکەمیشدا نووسرابێت. ئەمەش پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات کە ئیتنۆسی کوردی لە سەدەی دووەم و سێیەمی زاینیدا دەرکەوتبێت. دووەم ئەوەی تیبینی دەکرێت بەشداریکردنی رەگەزی مادە لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا لە کاتێکدا تا ئەو قۆناغە ناوی ماد ماوە.

دەرکەوتنی ناوی کورد لێرەدا بایەخەکەی ئەوەیە، دەرکەوتنی تاکەکەسێک نیە کە تەنیا پاشناوی کورد، یان نازناوی کورد بە ناوەکەیەوە بێت، بەڵکو ناوی کورد لەم سیاقانەی کە دەرکەوتوون هەموویان بەڵگەن بۆ بوونی دەستەو گروپی کوردی. دەشێ تاکەکەسێک ناوی کوردی پێوەبێت بەلام نەبێتە بەڵگە بۆ بوونی دەستەو گرۆپ و پێکهاتەی کۆمەلایەتی. لە بارێکی وەهادا بەکارهێنانی ناوی کورد وەکو بەڵگە بۆ سەلماندنی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی نابێتە بەڵگەیەکی نەک بەهێز بەڵکو نابێتە بەڵگەیەکی بڕواپێکراوی سادەش. بەلام لەم دەربڕینانەی لە کارنامەی ئەردەشێردا هاتوون و لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن» شوانانی کورد، کوردان شای ماد، لەو کوردانە هەزار پیاوی کوشت، ئەوانی تریشی گرت، کوڕان و برایانی کوردانشا...). لەم بەڵگانەدا دەبینین ناوی کوردو ئەو دەربڕینانەی بۆیان بەکارهێنراوە دەربڕینی کۆو دەستەجەمی نیشان دەدەن. ئەمەش راست و دروست ئەوە نیشان دەدات کە یەکەم کورد وەکو ناوێکی ئاشکراو ناسراو کە بوون و ئامادەبوونی هەبووە لەو قۆناغەدا باس دەکرێت، دووەم هەر ئەوە نەبووە «کورد» ناوێک بووبێت و هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکی نەبووبێت، بەڵکو لە روانگەی ساسانیەکانەوە وەکو کۆسپ و بەربەست لێی روانراوەو ئەردەشێرو شاپورو پاشاکانی دوای ئەویش وەکو کۆسپ لەبەردەم خۆیاندا سەیریان کردوون. هەر لەبەرئەوە هێرشیان کردۆتە سەریان و هەوڵیانداوە لەناویان ببەن و رێگای بەردەمی خۆیان تەخت و کراوە بکەن. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە تەنانەت لەسەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانیدا واتە لەسەروەختی ئەردەشیری پاپەکان خۆیدا، کورد نەک هەروەک ناو دەرکەوتووە، بەڵکو توانای ئەوەشی هەبووە کە تا ئەندازەیەک بەرگری لەخۆی بکات و ببێتە کۆسپ و تەگەرەش لە بەردەم ساسانیەکاندا بۆ چەسپاندنی پێگەو دەسەلاتی خۆیان.

خاڵێکی تر کە جێگای لەسەر راوەستانەو لە کارنامەی ئەردەشێردا بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ کراوە، پەیوەندی نیوان کوردی تازە دەرکەوتووە لەگەڵ ماد کە مێژووی دەسەلاتداری دەکەوێتە پێش پارسەکانەوەو یەکەم دەوڵەتی پارسی کە هەخامەنشیەکانە لەسەر جەستەی کوژراو و پاشماوەی مادەکان دروستبووە. ئێستا کوردی تازە دەرکەوتوو وەکو نەوە یان درێژکراوەی مادەکان باس

دەکرێت. تەنانـەت هەنـدێ جـار بەجۆرێـک باسـی کـوردی تـازە دەرکەوتـوو دەکرێـت کـە هــەر بریتـی بێـت لـە مـاد. بێگومـان ئێمـە پێشـتر باسـی ئەوەمـان کـرد کـە جۆرێک پەیوەندی لـە نێوان کوردو مـاددا هەیـە بـەوەی کـە مـاد لەگـەڵ زۆرێـک لـە پێکهاتـە دێرینەکانی تـری زاکـرۆس و باکـوری میسـۆپۆتامیا بەشـداری کـردووە لـە پرۆسێسـی ئێتنۆگێنـزی کوردیـدا کـە پرۆسێسـێکی بەردەوامـەو بـۆ داهاتووش درێژەی دەبێت و دەرئەنجامەکەی پێکهێنانی ئێتنۆسی کوردیە. بەڵام ئـەم پرۆسێسـە لـە دەرکەوتنـی ئێتنۆسـدا وەکـو مـادەی خـاوی نەتـەوە کۆتایـی نایـەت، بەڵکـو بـەردەوام دەبێـت هەتـا ئـەو ئێتنۆسـە دەبێتـە نەتـەوەو لەوەشـدا ناوەستێت بەڵکو لەگەڵ گەشـەکردنی نەتـەوەدا درێژەی دەبێت. ئـەم پرۆسێسـی ئێتنۆگێنـزە کاتێـک دەوەسـتێت کـە ئێتنـۆس یـان نەتەوەیـەک بمرێـت و بەتـەواوی لەناوبچێت و ئەگـەری دروسـتبوونەوە یـان رابوونـەوەی نەمێنێت.

بێگومان ماد یەکێک لە رەگەزو توخمە بەشداربووەکانی پرۆسێسی بەردەوامی ئێتنۆگێنـزی کوردیـەو ئـەم پێکهاتەیـەش زیاتـر لـە پێکهاتەکانـی تـری بەشـدار لـەو پرۆسێسـەدا دیاربووەو یەکەمین دەسـەڵاتی دیاریشـی لەو سـەرزەمینەدا پێکهێناوە کـە دواتـر پارسـەکان تیایدا دەوڵەتدارییـان کردووەو هەمـوو هەوڵێکیشـیان ئـەوە بـووە کـە ئـەو سـەرزەمینە کـە لەسـەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیادا نـاوی میدیا بووە، چیتـر بـەو نـاوە نەناسـرێت یـان ناونەبرێت. بـەڵام نـاوی مەملەکەتـی میدیـا وەکـو خـۆی نەمـاوەو لـە قۆناغەکانـی دواتـرو گەشـەکردنی ناسیونالیسـتی فارسـیدا تـەواو پشـتگوێ خـراوە. لـە دەرکەوتنـی پارسـەکان بـە تایبەتـی لـە سـەروەختی کۆرشـی دامەزرێنـەری دەوڵـەتی هەخامەنشیەوە بـۆ سـەردەمی پارتەکان- ئەشکانیەکان -و پاشـانیش گەڕانـەوە بـۆ دەسـەڵاتی پارسـەکان واتـە ساسـانیەکان، چونکـە ساسـان وەکـو نـەوەی دارا یـان داریـوش نیشـاندراوە، نـاوی ئـەو سـەرزەمینە کـراوە بـە پێرشـیا، واتـە وڵاتـی فارسـەکان، کـە ئەمـەش لـە رووی راسـتیەوە جۆرێـک بـووە لـە قۆرخکـردن و سـەپاندنی ناوێـک کـە نـاوی پێرشـیایە بەسـەر وڵاتێکـدا کـە بێجگـە لـەوان و تەنانـەت لـە پێـش ئەوانیشـدا مـادەکان نیشـتەجێ و خاوەنـی رووبەرێکـی فراوانـی بـوون. ترسـی پارسـەکان ترسـێکی بـەردەوام و هەمیشـەیی بـووە لـە گەڕانـەوەی مـادەکان. لەسـەر ئـەم بنەمایـەش دەشـێ ئەردەشـێر و پاشـاکانی دواتـری ساسـانی هـەر نارەزاییەکیـان لەسـەر زەمینـی میدیـا و لـە لایـەن کـوردی

تازە دەرکەوتووەوە بینیبێت سەربارى ئەوەی کە زانیوویانە ئەوە ناڕەزایی یان بەربەست و کۆسپی کوردیە، بەڵام وەکو درێژکراوەی خۆبەدەستەوەنەدان و لە رووداوەستانی مادەکان سەیریان کردووە، چونکە لە کۆنەستی پارسەکاندا دەشێت ترسێک بەرامبەر بە ماد هەبووبێت و هەر رێگریی و راپەڕین و بەربەست دانانێک لە لایەن کوردەوە بووبێت ئەوان گەڕاونەتەوە بۆ کۆنەستی خۆیان و بە ملنەدان و بەرگری و کۆسپی مادیان داناوە. بەستنەوەی تەواوەتی کوردی تازە دەرکەوتووی سەردەمی سەرەتای دەسەڵاتی ساسانی بە مادەکانەوە لە لایەن ساسانیەکانەوە زیاتر پێدەچێت لێرەوە سەرچاوەی گرتبێت. لە کاتێکدا چەندین توخم و رەگەزی تر بەشدارییان لە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە، بەڵام ساسانیەکان ئەوانی تریان پشتگوێ خستووەو ئەم کوردە تازە دەرکەوتووەیان تەنیا وەکو درێژکراوەی مادەکان سەیر کردووەو بینیووە. هۆکاری ترسی بەردەوامی پارسەکانیش لە گەڕانەوەی مادەکان بۆ دەسەڵات لێرەوە سەرچاوەی گرتووە، هەربۆیە بەردەوام هەوڵی پارس و پارتەکان ئەوە بووە کە بوار بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی مادەکان نەکرێتەوە.

ئەوە ئاشکرایە کە هاوشانی میدیەکان و پێکهاتەیەکی تری گرنگ کە ئەویش کاردۆخیەکانن، پێدەچێت بەشداری دیاریان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا هەبووبێت. ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئیتنۆسە بەپێی سەرچاوەکان لە سەدەی دووی زاینەوە دەست پێدەکات، واتە لەسەروەختی دەسەڵاتدارێتی پارڤیاوە دەست پێدەکات و لە سەردەمی دەسەلاتدارێتی ساسانیەکاندا بەردەوام دەبێت. کاردۆخیەکان مێژوویەکی دیاریان هەیە لە باکوری میسۆپۆتامیداو وەکو نەوە یان درێژکراوەی گۆتیەکان سەیر دەکرێن و بە بۆچوونی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی کاردۆخی ناوێکی گۆڕاوی «گۆتی»ە(٨)، کە دیارە گۆتیەکانی مێژوویەکی کۆن و دێرینیان هەیە لە باکوری میسۆپۆتامیا و زاکرۆسداو بە نەوەی یەکەم یان پێکهاتە هەرە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە دادەنرێت. بەپێی ئەم خستنە ڕووەی ئەم مێژوونووسە سەنگینەی کورد کاردۆخیەکان رەگوڕیشەیەکی لەوە کۆنتریان هەیە لە ناوچەکەدا کە هەندێ وای بۆ دەچن یەکەم بینینی ئەوان یان دەرکەوتنیان لە ساڵی ٤٠١ی پێش زایندا بووە، لەو تۆمارەی کە گەزنەفۆن لە کتێبەکەیدا» ئاناباسیس» لەبارەی

کاردۆخیەکانەوە تۆماری کردووە. هەروەک هەمان مێژوونووس بۆچوونێکی سێر سیدنی سیمس سەبارەت بەم پێکهاتەیە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: ئەم قەومی کاردۆخیە موحتەمەلە لە وەقتی هاتنی «مەدو پارسی»دا یان لە دوای ئەوان لە ئەواسیتی عەسری حەوتەمی پێش زایندا هاتبێتە کوردستان و جێگیر بووبێ و لە دواییدا بەرەبەرە عەشائیری کوردستانی تەمسیل کردبێ(٩). هەروەک ئاشکرایە کە تیۆریی ن. ی. مار سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد، کاردۆخیەکان دەکات بە چەق و لایەنگری ئەوەیە کە کورد نەوەی کاردۆخیەکانە. دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ئاخاوتنی تیۆریی مار لەبارەی پەیوەندی کاردۆخی و خاڵدی یان کاڵدی و کوردەوە.

لەبارەی پەیوەندی کورد بە کاردۆخیەکانەوە، باسیلی نیکیتین دەڵێت: پەیوەندی کورد بە کاردۆخیەکانەوە وادەردەکەوێت ناشێت بە تەواوی رەتبکرێتەوە وەکو پێشتر بینیوومانە، ئێمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە کاردۆخیەکان وەکو ئەوەی گەزنەفۆن بۆی چووە دانیان بە دەسەڵاتی پادشا ئەرتاکسیرکیس و دەسەڵاتی ئەرمەندا نەناوە. لە سەرەتای سەدەی یەکی پێش زایندا، پادشا تیگران-ی دووەم دەسەڵاتی بەسەر وڵاتی کوردۆییندا کردو زار بیونیس-ن پاشای کوشت. لە ساڵی ١١٥ی زاینیدا، پادشای کوردۆیین ناوی مانیارۆس بوو، هەرێمی کوردۆیین تەنیا بەناو ملکەچی ئەرمەن بوو(١٠). لەم قسەیەی نیکیتین دا دوو خاڵ روون دەبێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە کاردۆخیەکان بوون و ئامادەبوونیان هەبووەو لە سەردەمی گەڕانەوەی دە هەزار بەکرێگیراوە یۆنانیەکەدا خاوەنی هێزو توانا بوون و رووبەرێکی جوگرافی تا ئەندازەیەک فراوانیان لەبن دەستدا بووەو پەیوەندی ئەوان بە کوردەوە ناشێت وەکو سەردەمانی پێشتر رەتبکرێتەوە. دووەم سەرباری ئەوەی ئەرمەن هەوڵیداوە دەسەڵاتیان بەسەردا بکات، بەڵام ئەو دەسەڵاتە تەنیا رووکەش بووەو هەتا سەرەتای سەدەی دووەمی زاینی وڵاتی کاردۆخیەکان کە پێی گوتراوە کوردۆیین تەنیا بە رووکەش لەبن دەستی ئەرمەندا بووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە کاردۆخیەکان لە چارەکی یەکەمی سەدەی دووەمی پێش زایندا کە سەدەی دەستپێکردنی ئاشکرای پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیە نەک هەر ماون بەڵکو بوون و ئامادەبوونیان هەبووە. ئەمەش رێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی

وەکو بەڵگەیەکی زیندوو دابنرێت بۆ بەشداریکردنیان وەکو توخمێکی دیاری بەشداربوو لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. هەروەک ڤیلچێڤیسکی دەڵێت: کاردۆخی ئەو میلەتە بوون کە لە هەموو لایەکەوە دانی پیانراوە کە راستەوخۆ بەشداری لە ئیتنۆگنیزی کوردەکانی ئێستادا کردووەو ئەوەش گەیشتۆتە رادەیەک کە لە هەندێ حاڵەتدا کاردۆخیەکان هەر بە کورد ناودەبەن. بەڵام بەشداریکردنی مادەکان و خێڵە ئێرانیەکانی تر لەم پرۆسەیەدا هەرگیز نەبۆتە سەلمێندراوێکی زانستی دان پیانراو(١١). بێگومان جیاواز لەوانەی کە باسی رەچەڵەکی کوردیان کردووەو بێ ئەوەی باسی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی بکەن، کوردیان بە نەوەی پێکهاتەی جۆراو جۆر داناوە، ئەم توێژەرە لەسەر بنەمایەکی زانستی باس لە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی دەکات و لەو رووەشەوە کورد ناباتەوە سەر تاکە رەچەڵەکێک یان پێکهاتەیەک. لێرەدا ئەو بەو ئەندازەی پێداگری لەسەر بەشداری لەبەرچاوی کاردۆخیەکان دەکات لە پێکهێنانی کوردی ئێستادا، بە هەمان ئەندازە رەتی دەکاتەوە کە میدیەکان یان خێڵە ئێرانیەکانی تر بەشدارییان لە پێکهێنانی ئینۆسی کوردیدا کردبێت.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە بۆچوونی ن.ی. مار کرد سەبارەت بە بۆچوونی ئەو و تیۆرییەکەی، واتە تیۆریی یافیتیک- یافیتی- سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد. بە روانینی مار کاردۆخیەکان پەیوەندییان بە کارتیە جۆرجیەکانەوە هەیە، کە گوایە یەک ریشەیان هەبووەو پاشان لەسەر بنەمای لیکتر جیابوونەوەو هەڵوەشاندنەوە بوونەتە دوو پێکهاتەی سەربەخۆ. هەروەک هەم ن. ی. مار و هەم مینۆرسکی باسی ئەوە دەکەن کە کورد لە قۆناغێکدا دەستبەرداری زمانی خۆیان بوون، کە لە ئەسڵی زمانی یافیتی و نزیک لە زمانی جۆرجی و کاڵدیەکان بووە، زمانێکی نوێیان بۆ خۆیان دارشتووە کە سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکان بووە» کورد بەپێی روانینی ن. ی. مار دانیشتوانی رەسەنی ناوچە چیاییەکانی ئاسیای ناوەندن، زمانەکەیان کە زمانی کوردیە لەو ناوچەیەدا پێکهاتووە، نەک لە هیچ شوێنێکی تری ئەم سەر زەویە. بەکاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری قسەکەرانی ئەم زمانەدا روویان داوەو بەکاریگەری نکوڵی نەکراوی ئەو شارستانێتیانەی لە ناوچەکەدا بەدوای یەکدا

هاتوون و کورد خۆیان بەچالاکی تیایاندا بەشدار بوون، زمانی کوردی مل کەچ بووە بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی و لە ئەسڵی یافیتی یان جافیتیەوە کە نزیک بووە لە زمانی جۆرجی و کالّدی گۆڕاوە بۆ دۆخی هیندۆ-ئەوروپی کە زمانی کوردی دەبەستێت بە زمانە ئێرانیەکان و زمانەکانی ئەرمینیاوەو تەنانەت بە رەگەزەکانی زمانی هیندۆئەوروپی حیسیەکانەوە(١٢). ن. ی. مار لە بنەڕەتدا کورد وەکو نەوەی کاردۆخیەکان دادەنێت و کاردۆخیەکانیش دەبەستێتەوە بە کارتیە جۆرجیەکانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کورد دەخاتە دەرەوەی ئەو بۆچوونەی کە وای دادەنێت کورد سەر بە خێزانی ئێرانی بێت، بەڵام هاوکات دان بەوەدا دەنێت کە زمانی کوردی بەشێکە لە زمانە ئێرانیەکان و بەوەش سەربە خێزانی زمانە هیندۆئێرانیەکانە.

ئێستا دوو بۆچوون سەبارەت بە پێکهاتە، یان توخم و رەگەزی سەرەکی بەشداربوو لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا هەیە، یەکێکیان بۆچوونی مارو تیۆریی یافیتی و شوێنکەوتووانی ئەم تیۆرییەیە کە کورد دەگێڕیتەوە بۆ ئەسلی کۆمەڵەی زمانی یافیتی و ئاسیای ناوەندو پاشتر دەستبەرداربوونی ئەو زمانەو وەگرتنی زمانێکی تر لە خێزانی زمانەکانی باکوری رۆژئاوای ئێران. ئەویتریان بۆچوون و تێڕوانینی مینۆڕسکی و شوێنکەوتووانی مینۆڕسکیە کە ئەو زیاتر لایەنگیری گەڕانەوەی کوردە بۆ ئەسڵی میدی. کە ئەو پێیوایە «بڵاو بوونەوەی کورد لە وڵاتی میدیای بچوکەوە- میدیای ئاترۆپاتین- یان ئازەربایجانی ئێستاوە بوو»(١٣).

هەروەک ئاشکرایە لە روخاندنی ئیمپراتۆریێتی ئاشوریدا لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایندا، بۆشاییەک لە ناوچەکەدا بە تایبەتی لە سەرزەمینی ئاشورو بەشێک لە باکوری میسۆپۆتامیدا دروستبووەو ئەوەش دەشێ هاندەر بووبێت بۆ ئەوەی خێڵ و پێکهاتەی تر خواستی پڕکردنەوەیان هەبووبێت. هەر لەمبارەیەوە باسیلی نیکیتین دەڵێت: روخانی ئاشوریەکان بۆشاییەکی دروست کرد، پێویست بوو لە لایەن رۆژئاواوە پڕبکرێتەوە. بەمشێوەیە بڵاوبوونەوەی خێڵە ئێرانیەکان بە ئاراستەی رۆژئاوا لێکدەدرێتەوەو سیاکریس شەڕی لیدیەکانی کردو لەژێر سایەی پاراستنی سوپاکەی ئەودا خێڵە میدیەکان بەرەو رۆژئاوا رۆیشتن و سەرکەوتنی ئاشکرایان بەدەست هێنا(١٤). هەروەک سەرباری

باسی هێرشی کاردۆخیەکان بۆ سەر دە هەزار یۆنانیە بە کرێگیراوەکە، باسی ئەوە دەکرێت کە ماردیی و ئەرمەنیەکانیش هێرشیان کردۆتە سەر دە هەزار یۆنانیەکەو لەم بارەیەوە مینۆرسکی باسی ئەوە دەکات: ناوی «مارد» کە لە لایەن نووسەرانی گریکیەوە هاتووەو وادەردەکەوێت کە دە هەزار یۆنانیەکە دوای ئەوەی لە راڕەوی- دەروازە-ی «کینتەرتیس» پەڕیونەتەوە، کەوتوونەتە بەر هێرشی کۆمەڵێک لە ماردییەکان و ئەرمەنیەکان. ستراباۆن باسی ئەوە دەکات کە ماردییەکان لە پاڵ کیرتیویی-دا لە کۆچەرییەکانی ئاترۆپاتین بوون. هەروەها بەتلیمۆس ماردییەکان بە دراوسێی کیرتیویی دادەنێت. مینۆرسکی دەگاتە ئەوەی کە بڵێت ماردییەکان لە چوارچێوەی خێڵە مادیەکاندا بوون و پەیوەندی خزمایەتی کۆی کردونەتەوە(١٥). نیکیتین زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێت: بەپێی راستیە مێژوویی و جوگرافیەکان، ئەگەری زۆری هەیە کە میلەتی کورد لە تێکەلاویێک لە دوو خێڵی چوون یەکی ماردۆنی و کیرتیۆنی پێکهاتبێت کە بە زاری میدی زۆر لەیەکتر نزیک قسەیان کردبێت. لە لایەکی ترەوە، بەدڵنیاییەوە، لە ئاراستەیاندا بەرەو رۆژئاوا، رەگەزی بنەماڵەکانی تریان تیکەلاو بووبێت(١٦). ئەم دوو بۆچوونە کە هەریەکەیان بەشی ئەوە بەڵگەیان هەیە کە پشگیری زیاتریان بکات لە بەستنەوەی کورد بە هەر سەرچاوەیەکی ترەوە بۆ دەرکەوتنی، زیاتر نزیکمان دەکەنەوە لە بۆچوونەکەی ڤیلچێڤسکی سەبارەت بە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی.

لە راستیدا کاتێ مینۆرسکی باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان سەر بە خێزانی زمانی باکوری رۆژئاوای ئێرانن و ن. ی. مار سەرباری ئەوەی کورد بە نەوەی کاردۆخیەکان دادەنێت و ئەوانیش دەبەستێتەوە بە کۆمەڵی رەگەزو زمانی یافیتیەوەو دان بەوەدا دەنێت کە لە قۆناغێکدا دەستبەرداری زمانی خۆیان بوون و زمانێکی ئێرانی لە خێزانی هیندۆئێرانیان بۆ خۆیان داڕشتووە یان وەرگرتووە، هەردووکیان سەرباری جیاوازی بۆچوونیان لە سەرەتاوە، بەلام لەم رووەوە دەگەن بە خاڵێک کە زمانی کوردی سەربە کۆمەڵەی خێزانی زمانەکانی باکوری رۆژئاوای ئێرانە. بەلام لێرەدا ئێمە رووبەڕووی پرسیارێک دەبینەوە ئەویش ئەوەیە ئایا کەی و لە چ قۆناغێکدا ئەم زمانە نوێیەیان وەرگرتووە؟

ئاشکرایە یەکێک لە پایەکانی پێکهاتنی ئیتنۆس زمانە کە هاوشانی ناوی ئیتنۆسە، واتە کاتێک دەگوترێت ئیتنۆسی کوردی مانای وایە لەگەڵیدا زمانی کوردیش هەیە. بۆیە ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێت، ئەوەیە: ئایا ئەو زمانی کوردیەی کە مینۆرسکی و ن. ی. مار باسی دەکەن، پێش دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی هەبووە، یان هاوکات پێکەوە دەرکەوتوون وەکو تەواوکەری یەکتری یان ئەو زمانە دوای دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی دەرکەوتووە؟ لە راستیدا ئەگەر وەکو زمانی کوردی کە زمانی ئیتنۆسی کوردی بووبێت، ئەوا دەبێ هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردیدا دەرکەوتبێت، یان ماوەیەکی کاتیی ئەتۆ لەنێوانیاندا نەبێت کە وەکو دوو بنەما یان دوو خاسیەتی دوو قۆناغی جیاواز نیشانیان بدات. خۆ ئەگەر دەرکەوتنی ئەو زمانەی کە باس دەکرێت لە پێش دەستپێکردنی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا دەرکەوتبێت، ئەوا دەشێت وەکو زمانی خێڵ و پێکهاتەی ناوچەیی بچوک و سنووردار دەرکەوتبێت، نەک خاسیەتی زمانی نەتەوەیی بەڵکو خاسیەتی زمانی ئیتنۆسیشی نەبووبێت. هەرچەندە هەر بە پشتبەستن بەو بۆچوونەی کە کوردەکان دەستبەرداری زمانی پێشتریان بوون، کە گوایە زمانی یافیتی بووەو زمانێکی سەربە کۆمەڵەی زمانە هیندۆئێرانیەکانیان وەرگرتووە، دەریدەخات مەرج نیە زمان بۆ دیاریکردنی رەچەڵەک بەکار بهێنرێت و بە پێچەوانەشەوە راستە. واتە مەرج نیە رەچەڵەک زمان دیاری بکات. بۆ نموونە باسی ئەوە دەکرێت کە لە پێکهاتنی ئیتنۆس و میلەتی تیورکدا، خێڵە کاردۆخی و سامیەکانیش بەشدارییان کردووە و دەستبەرداری زمانی خۆیان بوون و زمانی تورکیان وەرگرتووەو لە بنەڕەتیشدا لە رەچەڵەکی تورک نەبوون. کەواتە هەرچۆن لە پێکهاتنی ئیتنۆسی تورکدا خێڵی کاردۆخی و سامی و خێڵی رەسەنی تری ناوچەکە بەشدارییان کردووە، بەهەمان شێوە هەرچۆن خێڵە میدیەکان و خێڵە شوانکارەو نیشتەجێکانی کاردۆخی بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە، دەشێ چەندین خێڵ و پێکهاتەی تریش لەم پرۆسێسەدا بەشدارییان کردبێت.

ئێمە باسی دوو بۆچوونمان لەسەر رەگوڕیشەی کاردۆخیەکان کرد، کە یەکەمیان وەکو ناوێکی تر بۆ گۆتیەکان یان نەوەی گۆتیەکان سەیریان دەکات و ئەویتریشیان ئەوەیە کە دەشێ کاردۆخیەکان لە گەڵ مادو پارسوا یان

کەمێک دواتر هاتبنە باکوری میسۆپۆتامیا. تەنانەت ئەگەر ئەم دوو بۆچوونەش جۆرێک لە تەمومژیان پێوەبێت، ئەوا مێژوویەکی تر هەیە کە شوێن و سروشتی ئەمان دیاری دەکات ئەویش قسەی گەزنەفۆنە لەسەریان کە لە ساڵی ٤٠١- ٤٠٠ی پێش زاین هێرشیان کردۆتە سەر دە هەزار بە کرێگیراوە یۆنانیەکە کە گەزنەفۆن سەرکردایەتی کردوون بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان لە باکوری میسۆپۆتامیا ئەم پێکهاتەیە رووبەڕووی دە هەزار یۆنانیەکە بوونەتەوە. ئەم مێژووەی کە تیایدا گەزنەفۆن باسی کاردۆخیەکان و جیاوازییان لەگەڵ پارسەکاندا دەکات سەردەمی فەرمانڕەوایی هەخامەنشیەکانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە کاتێکدا میدیا لە ژێردەستی پارسە هەخامەنشیەکاندا بووە، کاردۆخیەکان لە باکوری میسۆپۆتامیدا جۆریک لە سەربەخۆییان هەبووە. هەر ئەو سەربەخۆییەش رێگای بۆ کردوونەتەوە کە رێگری لە رەوتی دە هەزار یۆنانیەکە بکەن. هەروەک باسی ئەوەش دەکریت کە خێڵە کاردۆخیەکان نەک تەنیا لە سەردەمی هەخامەنشی و سلوقی و ئەشکانیەکاندا هەبوون، بەڵکو لەسەردەمی ساسانیەکانیشدا بوونیان هەبووە. لەم بارەوە هاتووە: بەشێکی ئەم قەومە- کاردۆخیەکان- موحتەمەلە کە رووی کردبێتە ئێران و لەوێدا جێگیر بووبێ، چونکە لە زەمانی حکومەتی ساسانیدا گەلێک عەشایەری کورد لە ئێراندا بووە. سێر سیدنی سیمس تەسدیقی ئەم جیهەتە ئەکاو ئەڵێ زمانێکی جوێ و سەربەخۆیان هەبووەو لەگەڵ فارسیدا موناسەبەتی نەبووەو لەو کۆنترە(١٧). ئەم بۆچوونەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچۆن میدیەکان لە سەروەختی دەستپێکردنی پرۆسیسی ئیتنۆگێنزی کوردی تا دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی ماون و بوونیان هەبووە، بەهەمان شێوە کاردۆخیەکانیش بەو پێیە تا دەرکەوتنی ئەو ئیتنۆسە لە ئەنجامی پرۆسێسی درێژخایەندا ماون و بوونیان هەبووەو ئەمەش رێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین هەریەکە لەم پێکهاتانە بە ئەندازەیەک و بەرێژەی جیاواز لەگەڵ توخم و رەگەزی تردا بەشدارییان کردووە لەو پرۆسێسەدا کە دەرئەنجامەکەی پەیدابوون و دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیە.

سەرباری ئەوەی تا ئەندازەیەک ئەوە روونە کە ئیتنۆسی کوردی لە سەدەی دووی زاین بۆ دواوە پێکهاتووە، بەڵام ئایا شوێنی پێکهاتن و دەرکەوتنی ئەو

ئیتنۆسە کویێ بووەو رای کوردناسان لەم بارەیەوە چیەو ئایا بەشی ئەوە بەڵگەی سەلمێنەر هەیە کە شوێنی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی و کاتەکەی و رەگەزە پێکهێنەرەکانی لە هەموو تەمومژو گومانێک دووربخاتەوە؟

بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە رەگەزو توخمەکانی پیکهێنانی ئیتنۆسی کوردی بە شێوەی سەرەتایی لەگەڵ دەرکەوتنی کۆی ئەو پیکهاتە یان میلەتاندا دەرکەوتوون کە دواتر و بەشێوەی بەردەوام خۆیان یان پاشماوەکانیان بەشداری پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردییان کردووە. ئەمەس ئەوە دەگەیەنیت کە بەگشتی پێکهاتەکانی زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆڵیا بە ئاشکرا هەریەکە بە ئەندازەیەک وەکو رەگەزو توخمی ئەو پرۆسێسە بەشدارییان هەبووە، تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە میلەتانی ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیاو رەگەزە قەوقازی و خێڵە کۆچەرە هیندۆئەوروپی و تەنانەت رەگەزی یۆنانی و کۆی ئەوانەی پەلاماری ناوچەکانی قەڵەمڕەوی پێستری میدیاو باکوری میسۆپۆتامیاو بابل و هەخامەنشیەکانیان داوە، بە رێژەی زۆر کەم وەکو توخم و رەگەزی پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردی بەشدارییان کردبێت، هەرچۆن ئەگەری زۆری هەیە توخمی میدیایی و کاردۆخی و کیمیری و ئەوانی تریش کە لەو جوگرافیایەدا بوون کە دواتر بووەتە نیشتیمانی کورد، بەشدارییان لە پێکهینانی ئیتنۆسەکانی تری دەوروبەری نیشتیمانی ئێستای کورددا کردبێت.

بەلام ئایا شوێنی تەواوی پێکهاتن و دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی کویێ بووە؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارەو دیاریکردنی شوێن وەکو یەکێک لە پایەکانی ئینۆس لەگەڵ بوونی رەگەزو توخمەکانی پێکهێنەرو ناوی ئیتنۆس و کاتی پێکهاتنی ئینۆس و زمانی ئیتنۆسدا، گرنگی خۆیی هەیە. وەکو پێشتر ئاماژەمان بە راوبۆچوون و بەڵگەی توێژەران کردو بەپێی بۆچوونی زۆر لە کوردناسان، مادەکان یەکێکن لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی ئینۆسی کوردی و باسی ئەوەشمان کرد کە ناسیونالیستی ئاسۆی بینین تەنگی کوردی نەک هەر مادەکان بە یەکێک لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی کورد سەیر دەکات، بەڵکو کورد بە درێژکراوەی مادەکان دەزانێت و پێیوایە تەنیا ناوی ماد گۆڕاوە بۆ ناوی کورد، ئەگینا مادو کورد یەک نەتەوەن و ئەمەش بووەتە هۆی

دروستبوونی ئەو بۆچوونە کە کورد کۆنترین پێکهاتەی ناوچەکەیە. لە راستیدا ئەگەر ئەوە بسەلمێنرێت کە کورد و ماد یەکن، ئەوا ئەو بۆچوونە وەکو راستیەکی رەتنەکراوەی لێ دێت، چونکە ئاشکرایە لە سەدەی نۆیەمی پێش زاینەوە کۆچی ماداو پارسوا کە دوو کۆنترین پێکهاتەن لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا دەستی پێکردووە. کە یەکەمیان لە ناوچەکانی رۆژئاوای ئەو جوگرافیایەی ئێستا پێی دەگوترێت ئێران و دووەمیشیان، واتە پارسوا لە ناوەڕاست و خوارووی رۆژئاوا نیشتەجێ بوون. ئەو ناوچەیەی کە مادای یان مادەکانی تێدا نیشتەجێ بوون هەمان ئەو ناوچەیە ئێستا نیشتیمانی کوردە. ئەمەش دەبێتە بنەمایەکی گرنگ وەکو زەمینەی پێکهێنانی ئیتنۆس، چونکە هیچ ئیتنۆسێک لە دەرەوەی شوێن پێکنایەت. کە دواتر ئەو شوێنە واتە خاک لەگەڵ دروستبوونی یان دەرکەوتنی ناوی نەتەوەدا دەبێتە شوێنی پێکهاتنی نەتەوە واتە نیستیمان یان وڵات. ئەو شوێنەی مادەکانی تێدا نیشتەجێ بوون، دواترو لەگەڵ دەرکەوتنی کورددا بووەتە نیشتیمانی کورد.

مادەکان، هەرچەندە وەکو توێژەرانی بواری میدیاناسی باسی دەکەن، شتێکی ئەوتۆ لە زمانەکەیان نەماوەتەوە، کە توانای ئەوەی هەبێت ببێتە بەڵگە بۆ سەلماندی ئەوەی کە زمانێکی پێگەیشتوو بووەو خاسێتی زمانی ئیتنۆسی وەرگرتووە، بەڵام نکوڵی ئەوە ناکرێت کە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیان بوون کە زیاتر وەکو زمانی ناوچەیی خێڵەکان وابووە، بەتایبەتی کە ئەوە ئاشکرایە میدیا یان دەوڵەتی مید لە کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان پێکهاتووە، کە باسی ئەوە دەکرێت شەش یان حەوت خێڵی سەرەکی بوون و یەکێک لەو خێڵانەش خێکی موغەکان بووە، هەرچەندە موغەکان پیاوانی ئایینی سەردەمی میدیاو پاشانیش هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیەکان بوون. یان ئاشکراتر بڵێین لە دوای زیاتر چەسپاندنی ئایینی زەردەشتی بە تایبەتی دوای دەسەڵاتی میدیەکان موغەکان وەکو خێڵ باس ناکرێن بەڵکو وەکو زنجیرەی پیاوانی ئایینی زەردەشتی دادەنرێن.

بەهەرحاڵ بەهۆی ئەوەی کە مادەکان نووسینیان نەبووە، هەرچۆن خۆیان هیچ مێژوویەکیان بەجێنەهێشتووەو دەبێ لە مێژووی ئەوانی تردا بە دوای مێژووی مادەکاندا بگەڕێین، هەمان شێوە زمانەکەشیان شتێکی ئەوتۆی لێ

بەجێنەماوە کە یارمەتیدەربێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی زمانیی لە نێوان کوردی دوای دروستبوونی زمانی کوردی و مادەکاندا. بەڵام ئەوەی بە گوێرەی مادەکان گرنگە ئەوەیە کە لە رۆژهەڵاتەوە هاتوون و لە باکوری رۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون، واتە شوێنی ژیانیان ئاشکرایەو هەمان شوێن ئێستا ولاتی کوردە. دووەم کاتی دەرکەوتن و بەردەوامبوونیان زانراوە کە نزیکەی سەدەو نیوێک یەکێک لە بەهێزترین دەسەڵاتەکانی ناوچەکە بوون و تەنانەت توانیویانە ئیمپراتۆریتی ئاشوری بروخێنن و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر رووبەرێکی جوگرافیای فراواندا بسەپینن. دوای روخانی دەسەڵاتەکەشیان بێجگە لەوەی کە میدیای بچوک یان میدیای ئەترۆپاتین تا سەردەمی ساسانیەکان ماوە، هەروەها میلەتی ماد وەکو میلەتێکی ژێردەستەی هەخامەنشیەکان و پاشان سلوقی و ئەشکانی لە ئاستێکی لاوزدا ماوەو پاریزرراوە. بەڵام دواتر ناویان نەماوە کە دەشێ وەها لێکبدرێتەوە، دیارنەمانی ناوی ماد لەو کاتەوە وردە وردە روویدابێت کە لەو پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا رەگەزی ماد وەکو توخمێکی بەشدار لەو پرۆسێسەدا گۆڕابێت بۆ ئینۆسی کورد، یان بووبێتە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی ئیتنۆسی کوردی و لە دەرکەوتنی ناوی کورددا چیتر ناوەکانی پێشتری ئەو پێکهاتانەی لە پێکهێنانی ئیتنۆسە نوێیەکەدا بەشداربوون چ ناوی مادو چ ناوی کاردۆخی و ئەوانی تریش بەکارنەهێنرابن یان دروستتر بڵێین نەمابن.

ئاشکرایە شوێنی ماد بە مادی گەورەو مادی بچوکەوە رۆژئاواو باکوری رۆژئاوای ئێرانی ئێستا بووە. شوێنی کاردۆخیەکان باکوری میسۆپۆتامیا بووەو وەکو لە ئاناباسیسی گەزنەفۆندا هاتووە، کاردۆخیەکان لەو ناوچەیەدا بوون کە لە تەورێزەوە درێژدەبیتەوە بۆ ئامەد و بۆ باشوری دەریاچەی وان. هەروەک ئاشکراشە گەزنەفۆن باسی ئەوە دەکات کاتێ دە هەزار یۆنانیە بە کرێگیراوەکەی کە بۆ یارمەتیدانی کۆرشی بچوک دژی براکەی لە باکوری رۆژئاوای بابل تێکشکان و دەبوو بگەڕێنەوە بۆ یۆنان، کاتێ لە مسبیلا واتە نەینەوا دەرچوون رووبەڕووی هێرشی توندی میلەتێک بوونەوە کە پێیان دەوترا کاردۆخی. یەکەم دەردەکەوێت کە ئەو رووبەڕووبوونەوەیە لە باکوری نەینەوەو هەندێ دەڵێن لە دەوروبەری چیاکانی زاخۆی ئێستاو هەندێکیش

دەڵێن لە هەکاری بووە. هەرکام لەم بۆچوونانە راست بێت. زیاتر رووناکی دەخاتە سەر شوێنی کاردۆخیەکان کە ئەو ناوچەیەی ئەوانی تێدا ژیاون ئێستا وەکو شوێن خاکی کوردە. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە کاردۆخیەکان بە نەوەی گۆتیەکان دەزانێت و لەسەر ئەو بنەمایەش گۆتیەکان وەکو باپیری کورد سەیر دەکەن. هەرچەند گۆتیەکان ئەگەرچی وەکو خێڵێکی بەهێزی نێو کۆنفیدراسیۆنێک سەیرکراون کە سەرکردایەتی کۆنفیدراسیۆنی گەورەو سوپایان کردووە(١٨)، تا ئەو ئەندازەی کە توانیوویانە سەرزەمینی نێوان دوو زێ داگیر بکەن، بەڵام دواتر تیکشکاون و ناچاربوون بگەڕێنەوە بۆ ناوچە چیاییەکانی باکوری میسۆپۆتامیاو ئەو پێگە بەهێزەیان نەمێنێت.

سەبارەت بە پەیوەندی گۆتیەکان بە دروستبوونی ئیتنۆسی کوردیەوە ڤیلچێڤیسکی ئاماژە بە رای لێکچووی ئەمین زەکی و ی. ئا. شپینیزەر دەکات و بە هاوشێوەی راوبۆچوونی دیاکۆنۆفی دادەنێت لەم رووەوە. بۆیە دەڵێت: گەورەترین مێژوونووسی کورد پرۆفیسۆر ئەمین زەکی و پرۆفیسۆری دانیشگای پێنسلڤانیا ی.ئا. شپینیزەر گۆتیەکان بە باپیرە گەورەی کوردەکانی ئێستاکە دادەنێن، ئەو هیچ دژی ڕاکەی ی.م. دیاکۆنۆف نیە سەبارەت بەوەی خێڵەکانی گۆتی بەشدارییان لە دروستبوونی ئیتنۆسی میدیدا کردووە(١٩). کەواتە لێرەدا ئێمە رووبەرووی ئەو بۆچوونە دەبینەوە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گۆتیەکان بەشداری پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردییان کردووە. ئەوەش بە پێی بۆچوونەکەی دیاکۆنۆف لە ڕێگای بەشدارییان لە کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکانی پێکهێنەری میدیادا. هەروەک ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە چۆن میدیەکان بەشداری پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیان کردووەو بە یەکێک لە توخەمە بەشداربووەکانی پێکهێنەری ئیتنۆسی کوردی دادەنرێن.

ئەنجام: بێگومان لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوانە دەشێت ئەو دەرئەنجامە بەدەست بێت کە زۆربەی ئەو خێڵ و پێکهاتەو میلەتانەی لە مێژووی زانراودا لە باکوری میسۆپۆتامیاو زاکرۆس و ئەناتۆڵیاو تەنانەت لە ناوچە دراوسێکانی ئەو جوگرافیایەدا ژیاون، کە ئێستا نیشتیمانی کوردە، بەئەندازەو ڕێژەی جیاوازو راستەوخۆ خۆیان واتە ئەوانەی کە تا سەروەختی پێکهاتنی ئیتنۆسی

کوردی ماون، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئەو پێکهاتانەی لەوان کەوتوونەتەوە یان لەوان بەجێماون، بەشداری پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیان کردووە. ئەمەش دروست دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە زیاتر لە چەند توخم و ڕەگەزێک بەێدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووەو کورد پێکهاتە یان ئیتنۆسێکی فرە ڕەگەز یان فرە سەرچاوەیەو بە پێی شوێنی ژیانی ئەو پێکهاتانەی کە کوردیان لێ پێکهاتووە، ئەگەرو گریمانەی دروست ئەوەیە کە ئیتنۆسی کوردی لە باکوری میسۆپۆتامیاو باکوری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستادا پێکهاتبێت، واتە لەو ناوچەیەدا کە ئیستا نیشتیمانی کوردەو پێشتریش باسی بۆچوونی مینۆڕسکی-مان کرد کە ئەو زیاتر لایەنگری ئەوە دەکات کە ئیتنۆسی کوردی لە میدیای بچوک- ئەترۆپاتین- پێکهاتبێت. هەروەک ئەگەری نزیک لە ڕاستیش ئەوەیە کە ئیتنۆسی کوردی لە خێڵ و پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەم جوگرافیایە خۆی پێکهاتبێت و ڕێژەی ئامادەبوون و بەشداری توخم و ڕەگەزە دەرەکی و لاوەکیەکان، واتە کۆچکەرانی ئاری یان هەر توخمێکی تری لاوەکی یان ئاوەکی ئەگەرێکی لاوازەو ئەگەر بەشداریشیان هەبووبێت ناشێت باشداری کاریگەر بووبێت.

## بەشی دەیەم

### زمان وەک پایەیەکی ئیتنۆس، زمان و ئیتنۆسی کوردی.

سەرەتا پێویستە بزانین مەبەست لە زمان چیە، پاشان زمانی ئیتنۆس چیەو زمانی نەتەوە چیە؟ هەروەها دەبێ بزانین کەی و لە چ ئاستێکدا زمان پێی دەگوترێت زمانی ئیتنۆس یان زمانی نەتەوە؟ جیاوازی زمانی خێڵ و ناوچە لەگەڵ زمانی ئیتنۆس و لەگەڵ زمانی نەتەوەدا چیە؟ هەروەها زمان چ پەیوەندییەکی بە شوناس و لەپاڵ ئەوەشدا بە نەتەوەو ناسیونالیزمەوە هەیە؟ ئایا زمانی کوردی کەی و لە کوێ دەرکەوتووە؟ ئایا کەی و چۆن بووەتە زمانی ئیتنۆش؟

زمان ئامرازی پەیوەندیکردنە کە بەکاردێت بۆ گواستنەوەی زانیاری و بیرو هەستەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسیکی تر. هەروەها زمان بریتیە لە سیستێمێکی پەیوەندیکردن کە دەوەستێتە سەر وشەو یەکگرتنی وشەکان بۆ پێکهێنانی رستەکان. بەهۆی زمانەوە خەڵک دەتوانن پەرە بە زانیاری خۆیان بدەن و لەبارەی هەندێ شتەوە زانیارییان هەبێت.

ئاشکرایە زمان یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی ئیتنۆس، هەروەک روونە تاکە پایەش نیە، بەڵکو لەپاڵ زماندا چەندین پایەی سەرەکی تریش هەن. بایەخی زمان بەجۆرێکە کە هیچ گوتارێک بەبێ بوونی زمان دروست نابێت، یان بە دەربڕینێکی تر پایەی سەرەکی گوتار بەگشتی زمانە. کاتێک باسی گوتاری نەتەوەیی دەکەین، کەواتە وەکو پایەی سەرەکی ئەو گوتارە دەبێ زمان بوون و ئامادەبوونی هەبێت بۆ هەڵگرتنی ئەو رەگەزو توخمانەی کە زمان بارگاوی دەکەن بۆ ئەوەی خاسێتی

گوتار وەربگرێت.» زمان ئامرازێکی پەیوەندیکردنی مرۆڤە، بێ ئەملاو ئەولا شێوەیەکە لە بوون، تەنانەت بوونی سەرەکی ئیتنۆسە(١). ئەگەر سەرنجی ئەم وتەیەی سەرەوە بدەین، ئەوا دەبینین بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکرێت کە زمان و بوون هەمان شتن، یان زمان بریتیە لە بوون. هەڵبەت پێچەوانەی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بێ بوونی زمان هیچ بوونێک نیە. کەواتە مرۆڤ وەک تاکەکەس یان وەکو هەر گروپێکی کۆمەڵایەتیش، خێزان، بنەماڵە، تیرە، خێڵ، ئیتنۆس، نەتەوە بێ بوونی زمانی تایبەتی کە بتوانن پەیوەندی نێوان ئەندامانی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن بوونیان نابێت. خۆی هەر جێگای سەرنج و پرسیاریشە ئەگەر خەیاڵ لە بوونی بچوکترین یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگا بکەینەوە کە خێزانە بە بێ بوونی زمان، ئایا ئەو یەکە کۆمەڵایەتیە سادە بێت یان ئاڵۆز چ مانایەکی دەبێت؟. بێگومان مرۆڤ بەبێ زمان بوونی نیە. مرۆڤ بوونەوەرێکی قسەکەرە. ئەمەش بوونی مرۆڤ لە کۆی بوونەوەرانی تر جیادەکاتەوە. بەڵام بابەتەکە بە گوێرەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان دەکەوێتە رووبەرێکی تایبەتی تر لەچاو ئەو پەیوەندیە گشتیەی نێوان مرۆڤ و زماندا بە گشتی هەیە. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە پێکهاتەکان بە تایبەتی لە دوای بنەماڵەوە پێدەچێت هەر لە قۆناغی سەرەتایی مێژووی مرۆڤایەتیەوە زمانی تایبەتی خۆیانیان هەبووبێت و ناشێت بێ بوونی جۆرێک لە زمان توانیبێتیان پەیوەندی لە نێوان خۆیاندا ئەنجام بدەن، تەنانەت ئەگەر ئەو زمانە تا ئەو ئەندازەیەش سادە بووبێت کە لە سنووری ئاماژەو نیشانەو جوڵە تێپەڕی نەکردبێت.

ئاشکرایە دەرکەوتنی کۆمەڵ یان گروپە ئیتنیکیەکان لە چاو یەکە سەرەتاییەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگادا، ئاستێکی پەرەسەندووتر بووە، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا زمان کە یەکێکە لە پایەکانی پێکهێنانی ئیتنۆس، دەبێ ببێتە ئەو ئامرازەی کە پەیوەندیکردنی نێوان کۆی تاکەکانی پێکهینەری ئەو ئیتنۆسە بەهۆیەوە ئەنجام بدرێت. ئاشکرایە لە پێش دەرکەوتن و پێکهاتنی ئیتنۆسە جیاوازەکاندا، زمان رۆڵی خۆیی وەکو ئامرازی پەیوەندیکردنی یەکە سەرەتاییەکانی پێش پێکهاتن و دەرکەوتنی ئیتنۆسی بینیوە، وەکو زمانی ناوچەیی سنووردارو بەکارهێنراو لە لایەن یەکەی داخراوی وەکو خێزان و بنەماڵەو تیرەو خێڵەوە. بەڵام ئەم زمانە ناوچەییە کە لە باشترین باردا زمانی

خێڵ بووە، دەکەوێتە پێش پێکهاتنی زمانەوە وەکو پایەی گرنگ و سەرەکی ئیتنۆس کە زمانی ئیتنۆس بە سروشتی دەبێ زمانێکی پەرەسەندووتر بێت لە زمانی یەکە سەرەتاییەکان وەکو دەرئەنجامی پێکهاتنی ئیتنۆس. ئەوە ئاشکرایە نەک هەر لە یەکە زۆر سەرەتاییەکانی وەکو خێزان و بنەماڵە و تیرەو خێڵی پێش پێکهاتنی ئیتنۆسە جیاوازەکان، چەندین زمانی ناوچەیی وەکو زمانی ئەم پێکهاتانە هەبووە، بەڵکو ئێستاش لە کۆمەڵگا خێڵایەتیەکاندا زمانی ناوچەیی کە زیاتر وەکو زمانی خێڵ یان زمانی ناوچەیەکی جوگرافی سنووردارە، بوونی ماوەو زمانی پەیوەندیکردنە. لە راستیدا ئەو زمانە خێڵایەتی و ناوچەییانە ئەگەری هەیە لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا بگۆڕێن بۆ زمانی ئیتنۆس یان بەشداری بکەن لە پێکهێنانی زمانی ئیتنۆسدا.

وەکو لە وتەکەی سەرەوەدا بینیمان، زمان پایەی سەرکی بوونی ئیتنۆسە، ئەمەش ئاشکرایە ئەوە دەردەخات کە بێ بوونی زمان شتێک نیە ناوی ئیتنۆس بێت. بەڵام ئایا زمانی ئیتنۆس هەر هەمان زمانی ناوچەیی یان سنوورداری خێزان، بنەماڵە، تیرە، خێڵەو تەنیا لە رووبەرێکی تەسکی ئەو پێکهاتە ناوچەییەدا بەکاردێت و تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردنی ئەو یەکە ناوچەییەیە، یان دەبێ ببێتە ئامرازی پەیوەندیکردنی هەموو ئیتنۆسەکە؟ دیارە زمانی ئیتنۆس یان گرۆپی ئیتنیکی یان کومەڵە ئیتنیکیەکان جیاوازە لە زمانی یەکە سەرەتاییەکانی پێش پێکهاتنی ئیتنۆس.» دەگوترێت پێکهاتنی ئەم جۆرە کۆمەڵانە دەرئەنجامی زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و خاسیێتە تایبەتەکانی تری ئیتنۆسە(٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا زمان و خاسیێتەکانی تری ئیتنۆس بەرهەمدێن، هەروەک پێکهاتنی زمان و خاسیێتەکانی تریش ئەو نیشاندەرانەن کە دەبنە بنەما بۆ دەرخستنی ئیتنۆس وەکو پێکهاتەیەک کە ئەو خاسیێتانە وای لێدەکەن پێناسە بکرێت، یان وەکو بوویەکی پێناسەکراو دەربکەوێت و لە لایەن دەرەوەی خۆیەوە ببینرێت و بناسرێت. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە ئەو پێکهاتەیە ئەو تایبەتمەندییانە بەدەستبهێنێت یان ببێتە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە گروپ و پێکهاتە هاوشێوەکانی جیای دەکاتەوە. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو راستیەی کە شوناس و ناسینەوە لەسەر بنەمای بەراوردکردن و جیاوازی لەگەڵ ئەو یان ئەوانی تردا بەدەست دێت.

پەیوەندی زمان و ئیتنۆس پەیوەندیەکی دوو جەمسەریە، کە مەبەست لە زمانی ئیتنۆس، زمانێکە کە هەم بەرهەم و هەم رەنگدانەوەی دروستبوونی یەکەیەکە کە دەشێ لە بەشداری توخم و رەگەزی جۆراوجۆرو جیاواز پێکهاتبێت. واتە زمانی ئیتنۆس دەربڕی یەکێتیەکە کە بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوونێکە گەشەسەندوترو پەرەسەندوترە لەو کۆمەڵایەتیبوونەی لەسەر «بنەمای رەچەڵەک- خوێن و دەمار- پێکهاتووە(٣)، واتە خزمایەتی، کە لەچوارچێوەی دامەزراوەکانی خێزان و بنەماڵەو تیرەو خێڵدا خۆی دەبینێتەوە. بە واتایەکی تر زمانی ئیتنۆس بەسەر سنووری داخراوی یەکە سەرەتاییەکاندا دەپەڕێتەوەو زمانی پەیوەندیکردنی یەکەیەکی فراوانترەو دروستبوونی زیاتر لە دەرەوەی بۆچوونی تیۆری پریمۆردیاڵ- سەرەتایی-یە بۆ دروستبوونی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان کە زیاتر لە چوارچێوەی یەک رەگەزدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەویش بە مانای خوێنی خاوێن دێت کە خاوەنی یەک زمانە. لە راستیدا ئەم جۆرە پێکهاتەیە تەنانەت ئەگەر رووبەرێکی فراوانیش داگیربکات هێشتا خاسیەتی خێڵی هەیە مادەم رایەڵی پێکەوەبەستن خوێن و دەمارە. دیارە لە پێکهاتەیەکی لەم جۆرەدا کە پێکهاتەیەکی سروشتی یان خۆڕسکیە، بەکردەوە لە دەرەوەی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزە کە ئەمەیان زیاتر توخم و رەگەزی جۆراوجۆر بەشداری تێدا دەکەن.

بێگومان زمانی ئیتنۆس کە بوونی ئیتنۆسەکە نیشان دەدات و ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکانی ئەو ئیتنۆسەیە پێکەوە، تایبەمەندی خۆیی دەبێت و نەک هەر بوونی ئیتنۆسەکە نیشان دەدات، بەڵکو پایەی سەرەکیشە بۆ دەستەبەرکردنی شوناس و هەڵگرو دەربڕی خاسیەتەکانی تری ئیتنۆسیشە.» هەر زمانێک لەم جیهانەدا، کە ئەم یان ئەو ئیتنۆس قسەی پێ دەکات، وا دەردەکەوێت کە کۆگای بیرکردنەوەو عەقڵ و داب و نەریت و ئەدەب و کەلتوری خەڵکەکە بێت. روخاندنی ئەم کۆگایە یەکسانە بە روخاندنی ئیتنۆسەکە خۆی، چونکە لەناوچوونی زمانێک مانای توانەوەی تەواوەتیە لەگەڵ زمانێکی تر»(٤). ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە گوتار بریتیە لە پێکهاتەیەک کە بنەمای سەرەکی زمانەو ئەو زمانەیش بارگاوی دەکرێت بە بیرو زانین و ماناو خەیاڵی بەرهەمهێن و پرسیارو جیهانبینی. لێرەدا زمان دەچوێنرێت بە کۆگایەک کە خاسیەتەکانی ئیتنۆس هەڵدەگرێت، واتە بە بێ بوونی زمان چی

زمانی ئاخاوتن بێت لە شێوەی زارەکیدا، چی زمانی نووسین بێت، ناشێت خاسیێتەکانی ئیتنۆس بەرجەستە بکرێن. واتە تەنیا لە رووی زمانەوە یەکەم وەکو ئامرازی پەیوەندیکردنی زارەکی و دووەم وەکو ئامرازی تۆمارکردن واتە نووسین، ئەو خاسیێتانە بەرجەستە دەکرێن. ئەمەش لێکچواندنێکی جوانە، کە زمان وەکو کۆگایەک بۆ کۆکردنەوەی کۆی ئەو خاسیێتانە دابنرێت. هاوکات لاوازبوونی زمان یان تێکشکاندن و لەناوچوونی بریتیە لە لەناوچوونی خاسیێتەکانی ئیتنۆس، کە هاوکات دەبێتە لەناوچوون و دیارنەمانی ئیتنۆشەکە خۆیشی. بەوپێیەی کە ئاماژەی بۆکرا زمان بوونی ئیتنۆسە، واتە مردنی زمان مانای مردنی ئیتنۆسە. هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە ئیتنۆسێک لە دوای پێکهاتنی لە قۆناغی تایبەتدا زمانێکی تر بکات بە زمانی یەکەمی خۆی، یان بەسەریدا بسەپێنرێت کە زمانێکی تر بکاتە زمانی یەکەم، بەتایبەتی لە پرۆسێسی کۆلۆنیالیکردندا، وەکو ئەوەی چۆن زمانی ئینگلیزی لە کاتی داگیرکردنی هیندستاندا لە لایەن هەندێ ئیتنۆسی هیندیەوە بووەتە زمانی یەکەم و زمانی رەسەنی ئیتنۆسەکە پاڵی پێوەنراوە بۆ ئاستی دووەم و وەکو زمانی ناوچەیی یان بەکارهێنانی سنووورداری ناوخۆی لێهاتووە. یان وەکو چۆن زمانی کوردی لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی ناسیونالیستی تورکی، لە باکوری کوردستان قەدەغە کراوەو کراوەتە زمانی دووەمی یان ناوچەیی و زمانی ئیتنۆسی تورکی بەسەر ئیتنۆسی کوردیدا سەپێندراوە، کە لە راستیدا دوو ئیتنۆسی تەواو لێکتر جیاوازن.

زمان دروستکراوێکی خودایی یان سروشتیە یان هیچ کام لەم دووانە نیەو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە؟ بۆچوونی ئاراستە ئایدیالی سەرەتاییەکان ئەوە بوو کە ئیتنۆس و سەرجەم پایەکانی، دروستکراو و داهێنراوی خودایین. هاوکات ئاراستە بۆچوونێکی تری سەرەتایی ئیتنۆس و سەرجەم پایەکانی وەکو کۆی بوون و دیاردەکان بە دروستکراوی سروشت و بەرهەمی سروشت و بەشێک لە سروشت دادەنێت. بەڵام هاوکات بۆچوونی دروست و ریالیستانە ئەوەیە کە ئیتنۆس و زمان و کەلتورو سەرجەم پایەکانی ئیتنۆس وەکو زۆرینەی دیاردەکانی تر، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو بەرهەمی کارلێک و گەشەو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیە. زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و دەرئەنجامی کۆمەڵایەتیبوونەو

تەنیا لە کۆمەڵگادا بوونی هەیەو هۆکاری دەربڕین و بەرجەستەکردن و گواستنەوەی هەموو چالاکیە فیکری و هەستی و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤە. بێ بوونی زمان کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ، کۆمەڵایەتیبوونێکی دەرنەبڕراو و گوزارشت نەکراوە. ئەمەش دەمانگەیەنێت بەو راستیەی کە دەرکەوتنی ئیتنۆس وەکو بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوون، بەبێ بوونی زمان جیاوازیەکی ئەوتۆی نابێت لەگەڵ کۆمەڵبوونی زیندەوەرانی تردا، کە ئەوەی ئەوان زیاتر بەرهەم و دەرئەنجامی پاڵنەری غەریزەیە.

لێرەدا رووبەڕووی بۆچوونیکی تر دەبینەوە کە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ جیاوازە لە کۆمەڵبوونی یان دەستە دەستەبوونی زیندەوەرا بە باڵندەو ئاژەڵەکان. پێکەوە کۆبوونەوەی مرۆڤ کۆمەڵایەتیبوونە لە چوارچێوەی عەقڵ و ژیریدا، ئەوەی ئاژەڵەکان کۆمەڵبوونە لەژێر کاریگەری پاڵنەری غەریزەدا. ئەوەی مرۆڤ کۆمەڵایەتیبوونە و سەرئەنجام کۆمەڵ لە چوارچێوەی عەقڵدا پێکدەهێنێت و لە گەشەو پەرەسەندندایە، ئەوەی ئاژەڵەکان کۆمەڵبوونی خۆڕسکی یان غەریزەیی پێکدەهێنێت کە گەشەو پەرسەندنی نیەو لە هەمان دۆخدا دەمێنێتەوە. لە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ و لە کۆمەڵبوونی زیندەوەرانی تردا، پێداویستی لە هەردووکیاندا رۆڵی پاڵنەری ئەو کۆبوونەوەیە دەبینێت.

کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ کە یەکە سەرەتاییەکانی پێش یەکەی ئیتنۆسی لێکەوتووەتەوە، سەرباری پێداویستی وەکو بەرهەمی غەریزە، دیسان عەقڵ لە پشتیەوە وەستاوە. پایەی سەرکیش بۆ گوزارشتکردن لەو کۆمەڵایەتیبوونە، وەکو گوتمان زمانە. بەڵام لەپاڵ زماندا کۆمەڵێک پایەی تریش هەن وەکو کەلتورو داب و نەریت و مێژووی هاوبەش و خاک و ناوی هاوبەش و هوشیاری و عەقڵ، کە بەگشتی ئەم پایانە کە هاوکات وەکو خاسێتی ئیتنۆس دەردەکەون، تەنیا لە رێگای زمانەوە دەردەبڕرێن. هەر ئەم بایەخە گرنگەی زمان و پەیوەندی بەهێزی بە ئیتنۆسەوە وای کردووە دەشێ بگوترێت پەیوەندی ئیتنۆس و زمان پەیوەندیەکی دوو سەرەی بەهێزەو بێ بوونی زمان ئیتنۆس یان پێکهاتنی ئیتنۆس تەنیا وەکو بوویەکی داخراو وایەو ناتوانێت گوزارشت لەخۆی بکات و بەوەش لەبارێکدا دەبێت کە هیچ پێناسەیەک هەڵناگرێت یان ناشێت هیچ پێناسەیەکی گونجاوی مانادراری بۆ بکرێت.

لێرەوە بایەخی بوونی زمان و پەیوەندی زمان بە ئیتنۆسەوە دەردەکەوێت. هەر بەو ئەندازەی کە ئیتنۆس دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوونەو دەشێ لە چەندین توخم و رەگەزی جیاوازو جۆراوجۆر لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا بەشدارییان کردبێت بۆ پێکهێنانی، هاوکات زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو لەودیووی زمانی تایبەتی تاکەکەسەوە بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوونە بۆ گەیشتنی بە ئاستێک کە بە زمانی هاوبەشی ئەو ئیتنۆسە پێکهاتووە دابنرێت یان پێناسە بکرێت، کە ئەویش لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کە لەسەر ئاستی ناوەوە ئەرکی پەیوەندیکردن لە نێوان کۆی تاکەکانی ئەو ئیتنۆسەدا بگرێتە ئەستۆو جێبەجێ بکات. لە سەر ئاستی دەرەوەش مەبەست لە قسەکەری ئەو زمانە کۆی ئەندامانی ئەو ئیتنۆسەیە کە زمانەکە بەکاردەهێنن و ئامرازی دەربڕینیانە. لە راستیشدا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ناوی ئیتنۆس و زمانی ئەو ئیتنۆسەدا هەیە. ئینۆسی عەرەب زمانەکەی عەرەبیە، ئیتنۆسی تورک زمانەکەی تورکیە، ئیتنۆسی فەڕەنسی زمانەکەی فەرەنسیەو..تاد. بەڵام هەندێجار مەرج نیە ناوی ئیتنۆس و زمان هەمان ناو بێت. ئیتنۆسی جوو زمانەکەیان عیبریە.

ئێستا هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە زمان چەند گرنگە بۆ ئیتنۆس و بەبێ بوونی زمان و ناوی ئیتنۆس و شوێنی ئیتنۆس و کەلتورو مێژووی هاوبەشی ئیتنۆس.. ناشێت باس لە بوون یان دەرکەوتن یان پێکهاتنی ئیتنۆس بکرێت. ئێمە لە بەشی پێشوودا باسی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوریمان کرد لە سەدەی دووی زاینی بۆ سەدەی پێنج و لە باکوری رۆژئاوای ئێران یان لە میدیای بچوک و باکوری میسۆپۆتامیا. بێگومان لەوەش دواین زۆربەی کات ناوی ئیتنۆس و زمانی ئیتنۆس هەمان ناویان دەبێت. لەسەر ئەو بنەمایە کە ناوی ئیتنۆسەکە «کورد» بێت، ئەوا زمانەکەشی زمانی کوردیە. کەواتە کەی زمانی کوردی وەکو زمانی ئیتنۆسێکی خاوەن شوناس دەرکەوتووە؟ لە کوێ پێکهاتووەو شێوازی پێکهاتنی چۆنەو رەگوڕیشەکانی چین؟ ئایا فرە دیالێکتی ئێستای زمانی کوردی و پێکنەهاتنی زمانی ستاندەری کوردی تاکو ئێستا پەیوەندی بە سروشتی پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی و فرە چەشنی توخم و رەگەزەکانی و شێوازی کۆمەڵایەتیبوونی کوردەوە هەیە؟ ئایا مانەوەی کورد وەکو ئیتنۆس

بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە سەدەو نەبوونی بە نەتەوە لە روانگەی مۆدێرنێتەو مۆدێرنیستەکانەوە پەیوەندی هەیە بە سروشتی ئیتنۆسی کوردی و پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی و توخم و رەگەزە بەشداربووەکانی ئەو پرۆسێسەوە یان نا؟

لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایندا، زاراوەی ئیتنۆس، مانایەکی سەرەتایی هەبووەو بە واتای خێڵ یان خێڵ و پێکهاتەی ناگریکی یان بیانی بە گوێرەی گریک یان تەنانەت پێکهاتەی بتپەرست بەکارهاتووە. لە سەردەمی نوێدا ئیتنۆس بەکارهێنانی فراوانتری هەیە و بەکاردێت بۆ وەسفکردن و توێژینەوەی میلەتانی جۆراو جۆرو شێوەی ژیانیان و زمانیان و رەگوریشەو ئەسڵیان. لەبەرئەوە وشەی ئیتنۆس لەگەڵ گەل و نەتەوەدا پێناسە دەکرێت. جەی دینکەر تێبینی ئەوە دەکات ئیتنۆس کە پێکهاتەیەکە لە هەمان رەچەڵەک کە بەشدارن لە کەلتورێکی دیاردا. ئەو پێکهاتەی ئینۆس وەکو گروپی ئیتنیکی ناودەبات و پێیوایە «زاراوەی گروپی ئیتنیکی ئاسایی میلەتان و نەتەوەکان و خێڵەکان نیشان دەدات کە لە یەکتر جیاوازن ئەویش لە پلەی یەکەمدا هەریەکە زمان و شێوە ژیان و رەفتاری خۆیان هەیە»(٥). یان «گروپی ئیتنیکی بریتیە لە کۆمەلە خەڵکێک کە وا دادەنرێن بە هەندێ رێگا یان بە رێگای جۆراوجۆر هاوشیوە بن. دەشێ هەموویان هەمان باپیرانیان هەبێت و بەهەمان زمان قسە بکەن، یان هەمان کەلتوریان هەبێت..زۆربەی کات لە هەمان ناوچە یان لە ناوچەی دەوروبەری یەک دەژین. هەندێ جار دانیشتوانی وڵاتێک لە هەمان گروپی ئیتنیکین، بەڵام لە هەندێ وڵاتی ئێستادا نەک زیاتر لە گروپێکی ئیتنیکی بەڵکو چەندین گروپی ئیتنیکی دەژین، بەڵام زۆربەی کات ئاستی ئامادەبوونی گروپە ئیتنیکیەکان لە یەک وڵات یان لە سایەی یەک سیستێمی سیاسیدا جیاوازە، بە تایبەتی ئەگەر ئاستی جیاوازی ببێتە هۆی پلەبەندی لە دەسەڵاتدا، ئەوا هەمیشە گروپی ئیتنیکی باڵادەست یان یەکەم درووست دەبێت کە ئەوەش ناهاوسەنگی لە ئامادەبوون و مافدا دروست دەکات.

پێش ئەوەی بێینە سەر قسەکردن لەسەر پەیوەندی ئاڵوگۆری نێوان ئیتنۆسی کوردی و زمانی کوردی، دەمانەوێت رووناکی زیاتر بخەینە سەر زاراوەی ئیتنۆس و گروپی ئیتنیکی و ئیتنیستی کە بەشێوەیەکی دیار لە سەدەی

هەژدەیەمدا ئەم زاراوانە لە چوارچێوەی ئیتنۆگرافایدا دەرکەوتوون. ئیتنۆگرافیا زانستێکی کۆمەڵایەتی مێژووییەو لە رووی کۆمەڵایەتیەوە لێکۆڵینەوەی پێکهاتە مرۆییەکانی وەکو میلەت و ئیتنۆس و نەتەوە دەکات. دیارە دروستبوون یان پێکهاتنی هەریەکە لەمانەش بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوونە کە ئەویش بەجۆرێکی تر کۆبوونەوەی خەڵکە پێکەوە. ئەم کۆبوونەوە یان کۆمەڵبوونە کە دەرئەنجامی کۆمەڵایەتیبوونە لەگەڵ خۆیداو لەناوخۆیدا جۆریک لە رێکخستن بەرهەم دەهێنێت یان دروست دەکات. ئەم رێکخستنە شێوەی سیستێمێکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت کە زیاتر خاسیەتی کۆمەڵگا یان کۆمەڵی ئیتنیکی دەبێت. خاسیەتەکانی ئەم کۆمەڵە ئیتنیکیە کە دەشێ زیاتر لە گروپێکی ئیتنیکی لەخۆبگرێت، خاسیەتی سەرەتایی و سادەن، هەرچەندە لە کۆمەڵناسی نەریتیدا کۆمەڵی ئیتنیکی و تەنانەت گروپی ئیتنیکیش وەکو نەتەوە باس دەکرێن و ئەوەش وایکردووە تەنانەت ئەو گروپە ئیتنیکیانەشی کە نەگەیشتوونەتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت وەکو نەتەوە ناوببرێن. باشترین نموونەی زیندووش بۆ ئەم قسەیە ئیتنیکی کوردیە، کە نەک هەر ناسیونالیستانی کورد بەڵکو هەندێ لەو توێژەرو کوردناسانەی کە جیاوازی لە نێوان ئیتنۆس و نەتەوە یان گروپی ئیتنیکی کۆمەڵی ئیتنیکی و نەتەوەدا ناکەن، نەک هەر کورد بە نەتەوە دادەنێن، بەڵکو وەکو نەتەوەیەکی خاوەن شوناس و ئامادەش ناوی دەبەن. بەڵام ئاشکرایە لە روانینی مۆدێرنیستان و مۆدێرنێتەوە تەنیا دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات. لەسەر ئەم بنەمایەش کورد لەبەرئەوەی تاکو ئێستا نەیتوانیوە دەوڵەت دروست بکات، یان دەوڵەت بەرهەمبهێنێت، کەواتە نەبووەتە نەتەوەو وەکو گروپی ئیتنیکی یان کۆمەڵی ئیتنیکی ماوەتەوە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ زیاتر لە پێناسەیەکی ئیتنۆس و پەیوەندی ئیتنۆس و زامنیش کرد، ئاشکرایە: ئیتنۆس لە بنەڕەتدا کۆمەڵەی یان ژمارەی ئەو کەسانەیە کە – لە شوێنێکدا- پێکەوە دەژین، واتە دەستەیەک لە خەڵک، یان پێکهاتەی مرۆیی. لە کۆندا وشەکە بۆ ئاماژەکردن بە خەڵک و میلەت بەکارهاتووە. ئیتنیک لە رووی ئیتیمۆلۆژی یان بەکاریگەری ئیتیمۆلۆژی بەشێوەیەکی نەریتی گرۆپە ئیتنیکیەکان دەگرێتەوە وەکو ئەوەی لەناوخۆدا یەکدەگرنەوەو سنووری روون و دیاریکراویان هەیە، کە بە زمان و کەلتورو رەچەڵەک- بۆماوەیی- و خاسیەتەکانی تر دیاریکراون..هەرچەندە رەنگە مانای

گروپە ئیتنیکیەکان روون و بێ تەمومژ بێت و رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و بابەتی بن، بەڵام لە راستیدا چەمکی گروپی ئیتنیکی چەمکێکی ئاڵۆزەو بەرگاوی کراوە بە توخمەکانی سۆزو عاتیفە(٦). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، وا لە ئیتنۆس تێدەگەین کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- کەلتوری بێت، وەکو گرۆپێکی مێژوویی، جێگیری فرە توخم و نەوە لە خەڵک کە تەنیا ئەوە نیە هاوشێوە بن، بەڵکو هەروەها خاسێتی تا ئەندازەیەک جێگیری کەلتورییشیان هەیە لە ناویدا (زمان و نەریت و خاسێتی دەروونی و کۆنەست). هەروەها هەستی یەکێتی خۆیان و جیاوازییان لە گروپە هاوشێوەکانی تریش هەیە، ئەمەش بریتیە لە خودبەئاگایی یان دەرئەنجامی ئاستێکە لە هوشیاری و گەیشتن بە قۆناغی خۆناسین و خۆ جیاکردنەوە لەوانی تر، کە ئەوەش بنەمای سەرەتایی خۆبوون و گەڕانە بەدوای شوناسدا. هەروەها ل. ن. گوکیلی لەبارەی ئیتنۆسەوە دەڵێت: ئیتنۆس دیاردەیەکی جوگرافی و سروشتیە، بەڵام کۆمەڵایەتی نیە. ئیتنۆس بریتیە لە گروپێک لە خەڵک کە لە بەرامبەر هەموو گروپەکانی تردا رادەوەستێت (ئێمەو غەیری ئێمە)، بنیادێکی تایبەتی ناوەوەیی و چەشنە رەفتارێکی رەسەنی هەیە(٧). لە کۆی ئەم بۆچوونانە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئیتنۆس دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە لە روانگەی مۆدێرنیستەکانەوەو سەرەتاییەکانیش وەکو دیاردەیەکی سروستی یان دیاردەیەکی خواکرد سەیری دەکەن. لە روانگەی کۆمەڵایەتیەوە ئیتنۆس بەرهەمی کۆمەڵایەتی بوون و پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی بەردەوامە کە چەندین توخم و رەگەز بەشداری ئەو پرۆسێسە دەکەن. بەڵام لە روانگەی سەرەتاییەکانەوە ئیتنۆس دیاردەیەکی خوداکردەو دروستکراوی هێزێکی میتافیزیکیەو لەو رونگەیەوە هاتووە کە خواوەند لەم گەردوونەدا هەموو شتەکانی دروستکردووەو ئیتنۆسیش هاوشیوەی خێزان و بنەماڵەو تیرەو خێڵ و کۆی بوونە زیندوو نازیندووەکانی تری ئەم گەردوونە بەهەمان رێگا دروستکراوە. یان دیاردەیەکی سروشتیە لەو روانگەیەوە کە سروست هێزی ئەفراندن و جوڵاندی ئیتنۆسیشە وەکو هەموو بووەکانی تری نێو سروشت. بەڵام ئاشکرایە کە هێزی بزوێنەری مرۆڤ لەم گەردوونەدا تاک یان کۆ، پاڵنەری غەریزەیە لە ئاستی یەکەم و لە دەرەوەی عەقڵ و هوشیاری، بەڵام لە چوارچێوەی عەقڵ و هوشیاریدا بزوێنەری مرۆڤ وەکو تاکەکەس ا وەکو کۆمەڵیش پاڵنەری کۆمەڵایەتی بوونە. ئەمەی دووەمیشیان

واتـە کۆمەڵایەتیبـوون، مـادەم پەیوەنـدی بـە مرۆڤـەوە هەیـە کـۆی پەیوەنـدی و کارلێکە ناوخۆییەکانی نێو پیکهاتـەی مرۆیی لـە شـوێن و کاتدا واتـە لـە مێژوودا، دەگرێتـەوە.

بەهەرحاڵ لە هەر گۆشـەیەکەوە سـەیری ئیتنۆس بکرێت، ئەوا راسـتەوخۆ زمان بـە یەکێک لـە پایـە سـەرەکیەکانی دادەنرێت، یـان زمـان لـە چوارچێوەی پایەیەکی سـەرەکی تـری ئیتنۆسـدا دێت کـە کەلتـورە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت کـە بوونـی ئیتنۆس وەکو یەکەیـەک کـە بەرهەمـی پێکـەوە یەکگرتنی چەندیـن رەگـەزو توخمـە لـە ئەنجامـی پرۆسێسـی ئیتنۆگێنـزدا، بەبـێ زمـان بوویەکـی ناتـەواوە، بەتایبەتـی کـە کۆمەڵناسـی نـوێ زیاتـر مەیلداری بـەلای باسـکردنی گروپـی ئیتنیکـی کەلتوریدایـە. کـە لەمەیانـدا پێداگـری لەسـەر رووبـەری رەچەڵـەک زیاتـر تەسـک دەبێتـەوە، لـەو روانگەیـەوە کـە پێداگـری لەسـەر رەگـەز، ناڕاسـتەوخۆ جۆرێـک لـە بارگاویبـوون بـە توخـم و بنەماکانـی ئیتنۆسـی داخـراو و توونـدو تیـژو تەنانـەت تـا ئەنـدازەی بـەرەو رەگەزپەرسـتیش لەگـەڵ خۆیـدا هەڵدەگرێـت. لـەم رووەوە پەیوەسـتبوون بـە گروپـی تایبەتـی ئیتنۆ-کەلتورییـەوە دەبێـت سـێ پایـە یـان سـێ بنەمـای سـەرەکی لەخـۆ بگرێـت کـە ئەوانیـش زمـان و ئاییـن و پرۆسێسـی ناسـینەوەو خودناسـینە. ئـەم رەگـەزە بنەڕەتیانـە دەتوانرێـت بەکاربهێنرێـن لـە دیاریکردنـی ئـەوەی بـە کرۆکـی ئیتنـۆس ناودەبرێـت. ئاییـن لـەم رووبـەرەدا پانتاییەکـی رۆحـی دەگرێتەوەو ئەویـش لـە زیاتـر توونـدبووندا هاوشـێوەی رەگـەز یـان رەچەڵـەک ئەگـەری ئـەوەی هەیـە بـەرەو داخـران و تەنانـەت توونـدوتیـژی ئایدیۆلۆجـی هەنگاوبنێـت. هەربۆیـە هاوشـێوە ئـەو گروپـە ئیتنیکیانـەی کـە پایـەی سـەرەکییان رەگـەز یـان ئایینـە، لـە رووی کۆمەڵایەتیـەوە گروپـی ئیتنیکـی زیاتـر داخـراون و هاوشـێوەی ئـەو یەکـە سـەرەتاییانەی پێـش خۆیانـن کـە لەسـەر بنەمـای خویـن و دامـار- خزمایەتـی- پێکهاتـوون، کـە مەبەسـتمان لـەو یەکانـەش یەکەکانـی تیرەو خێڵ و عەشـیرەتە. کـە دەشـێ ئـەم یەکانـە دوای بوونیـان بـە توخـم و رەگـەزی بەشـداربووی پرۆسێسـی ئیتنۆگێنـز هێشـتا کاریگـەری نەرێنیـان لەسـەر ئیتنۆسـی پیکهاتـوو دیاربێـت، لـەو رووەوە کـە هێـزی جوڵێنەریـان پاڵنـەری خوێـن و دەمـارە، کـە ئەمانیـش بەشـێکن لـە توخمەکانـی رەگـەز بـە مانـای داخـراوی بـوون و بەشـداری رەگـەز لـە پێکهێنانـی ئیتنۆسـدا کـە هەمیشـە ئەگـەر بینینـی رۆڵـی نەرێنییـان لـێ دەکرێـت.

ئاشکرایە کە ئیتنۆس وەکو گروپێکی خاوەن تایبەتمەندی بەهۆی ئەو خاسیەتانەوە کە بنەمای سەرەکی بوونین، لە لایەک پێناسە دەکرێت لە لایەکی ترەوە لە ئیتنۆسەکانی تر یان لە گروپەکانی تر جیادەکرێتەوە. ئەو بنەمایانەی ناساندن و جیاکردنەوەی هەر ئیتنۆسێک دەستەبەر دەکەن، دەبنە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ دیاریکردنی بوون و سنووری ئەو ئیتنۆسە بەپێی ئیتنۆسەکانی تر، کە لەم پرۆسێسەشدا بەراوردو خیاوازیکردن رۆڵی گرنگ دەبینێت. ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە تیایدا دەشێت ئیتنۆس بگاتە ئاستی خۆناسین و ئەویتر ناسین، کە ئەوەش ئاستی بەدەستهێنانی شوناسە.» کرۆکی ئیتنۆس بریتیە لە چەمکێک بۆ وەسفکردنی کۆی تایبەتمەندیە پێویست و تەواوەکانی ئیتنۆس، کە لای توێژەرانی مۆدێرن وا دەردەکەون تا ئاستێک جێگیر بن. ئامادەبوونی ئەو خاسیەتانە ماوەی ژیانی ئەو ئیتنۆسە دیاری دەکات، لە کاتێکدا دیارنەمانی ئەو خاسیەتانە مانای کۆتایی بوونی ئەم ئیتنۆسە نیشان دەدات وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز(٨).

بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە پێیوایە مەرج نیە زمان وەکو پایەیەکی سەرەکی ئیتنۆس سەیر بکرێت یان وا دابنرێت کە ئیتنۆس بەبێ زمانێکی یەکگرتوو بوونی نابێت. لەم رووەوە س. ئەی. تۆکاریڤ بڕوای وایە زمان بەشدارێکی هەرە پێویستی کرۆکی ئیتنۆس نیە، چونکە هەندێ نەتەوە یان چەند نەتەوەیەک یەک زمانیان هەیە (وەکو زمانی ئینگلیزی بۆ ئینگلیزو کەندی و ئوسترالی..)، یان بە پێچەوانەوە هەندێجار بەشەکانی یەک نەتەوە بە چەند زمانێکی جیاواز دەدوێن (زمانی جیاوازی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئۆکرانیا یان باکورو باشوری چین)(٩). بێگومان ئەم بۆچوونەی تۆکارێڤ بۆ پەیوەندی زمان و نەتەوەیە، نەک زمان و ئیتنۆس، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە باسی سەردەمی دوای پێکهاتنی ئیتنۆسی ئۆکرانی یان چینی یان ئینگلیزی دەکات، کە هیچ گومانی تێدا نیە لە دروستبوونی ئیتنۆسی هەریەکە لەو سێ نەتەوەیەدا تاکە زمانێک هەبووە یان دروستبووە کە زمانی ئەو ئیتنۆسە بووە. بەڵام بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە ئۆستراڵیاو کەندا و تەنانەت زمانی رووسی لە رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرهەمی کۆڵۆنیالیکردنە. هەرچۆن زمانی ئینگلیزی لە ئەنجامی پرۆسێسی کۆڵۆنیالیکردندا بووەتە زمانی

یەکـەم لـە رووبەرێکـی فراوانـی هیندسـتانداو زۆرێـک لـە زمانـە رەسـەنەکانی ئیتنۆسـە جۆراوجۆرەکانـی هینـد پاڵنـراون بـۆ ئاسـتی دووەم و بوونەتـە زمانـی ناوچەیـی و بەکارهێنانیـان سـنووردار بـووە.

ئێسـتا دەگەڕێینـەوە بـۆ گـەڕان بـە دوای وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا کـە پێشـتر سـەبارەت بـە کاتـی دەرکەوتنـی زمانـی کـوردی و بوونـی بـە زمانـی ئیتنۆسـی کـوردی بەرزمـان کـردەوە. بـەڵام پێـش ئـەوە سـەرنجێکی خێـرا لـە زمانـی ئـەو پێکهاتانـە دەدەیـن کـە بەشـداری پێکهێنانـی ئیتنۆسـی کوردیـان کـردووە. لەپـاڵ ئەوەشـدا پرسـیارێکی تـر بەرزدەکەینـەوە سـەبارەت بـەوەی ئایـا دەشـێت پێـش دروسـتبوونی ئیتنۆسـی کـوردی زمانێـک هەبووبێـت نزیـک لـە زمانـی کـوردی ئێسـتا؟ واتـە ئایا دەشێت ئـەو بۆچوونـە تـا چەنـد لـە رووی زانستیەوە راستبێت کـە نزیکـەی بیسـت و پێنـج سـەدە زیاتـر پێـش دروسـتبوونی ئیتنۆسـی کـورد، زمانـی کـوردی هەبووبێت؟ مەبەسـتمان لـەم قسـەیە ئـەو بۆچوونەیـە کـە پێیوایـە لەسـەر بنەمـای بوونـی کۆمەڵێـک وشـەی سـۆمەری لـە کـوردی ئێسـتادا، مانـای وایـە سـۆمەرییەکان کـورد بـوون.

سۆمەرییەکان کە نزیکەی پێنج هەزار ساڵ پێش زاین توانیویانە لەسەر بنەمای دەوڵەتۆچکـەی شـار، دەسـەڵاتی خۆیـان لـە باشـوورو ناوەڕاسـتی میسـۆپۆتامیادا دابمەزرێنن و هەتـا سـەدەی بیسـت و سـێ دەسـەڵاتەکەیان بەردەوامبووە، واتـە تـا ئـەو کاتـەی ئەکەدیـەکان دەسـەڵاتیان بەسـەردا کردوون. بـەڵام دواتـر جارێکـی تـر بـۆ ماوەیـەک توانیوویانـە دەسـەڵاتەکەیان دروسـتبکەنەوە تـا بەیەکجـاری لـە سـاڵی ١٧٥٠ی پێـش زاینـدا دیسـان ئەکەدیـەکان دوای ئـەوەی گۆتیەکانیـان تێکشـکاندو بەرەو باکوری میسـۆپۆتامیا دەریانکردن، کۆتاییان بە دەسـەڵاتی سـۆمەریەکانیش هێنـا. سـۆمەریەکان بـەراورد نـەک بـە میلەتانـی سـەردەمی خۆیـان، بەڵکـو بـەراورد بـە میلەتانـی زۆر دوای خۆیشـیان پێشـکەوتووترو شارسـتانی تـر بـوون، لـەو رووەوە کـە یەکـەم لـە دەوروبـەری سـێ هـەزار سـال پێـش زاینـدا نووسـینی تایبـەت بەخۆیانیـان داهێنـاوەو ئـەو نووسـینەی ئـەوان بـۆ مـاوەی دوو هـەزار سـاڵ نـەک هـەر ئامـرازی نووسـینی خۆیـان بـووە، بەڵکـو بووەتـە زمانـی تۆمـاری میلەتانـی ناوچەکـەش. دووەم سـەرباری نووسـین، سـۆمەرییەکان کۆنتریـن شارستانێتیان لە باشـووری میسـۆپۆتامیادا دروسـتکردووەو پاشماوە دێرینەکانی

ئورو ئەریدۆو لارساو کیش بەرهەمی سەردەمی سۆمەرییەکانن. لەبەرئەوەی ئەم میلەتە نووسینیان هەبووە، ناشێت هەروا بە ئاسانی بکرێن بە کورد یان فارس و تەنانەت ناسیونالیستی عەرەبی لە مێژووی نوێدا کە لەسەر بنەمایەکی نازانستی هەوڵیانداوە زۆرێک لە شارستانێتیە دێرینەکانی میسۆپۆتامیاو چۆمی نیل بەناوی رەگەزی سامیەوە تۆماربکەن، لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون کە سۆمەرییەکان بە نەژادی سامی دابنێن. مەگەر کەسێکی وەکو ئەحمەد سوسە کە خۆی جولەکە بووە وەکو بەرتیل دان بە شۆڤێنیزمی عەرەبی هەندێ هەوڵی لەوجۆرەی دابێت، بەڵام هەرگیز لە رووی زانستیەوە نەیتوانیوە ئەوە بسەلمێنێت.

تاکو ئێستا مرۆڤناسی و نەژادناسی رەگورپیشەی سۆمەرییەکانی یەکلایی نەکردۆتەوە، واتە تاکو ئێستا نازانرێت ئەسلی سۆمەرییەکان کێن. ئایا لەسەر بنەمای بوونی کۆمەڵێک وشەی سۆمەری لە زمانی کوردی ئێستادا دەتوانرێت یان شیاوە بگوترێت سۆمەرییەکان کورد بوون، لە کاتێکدا تەنانەت دوا ساڵەکانی دەسەلاتی سۆمەری تا دەرکەوتنی ئێتنۆسی کوردی زیاتر لە پانزە سەدەیە. بۆیە لەسەر بوونی وشەی سۆمەری لە زمانی کوردی ئێستادا ئەگەری نزیک ئەوەیە کە کورد ئەو وشانەی لە پاشماوەی سۆمەرییەکانەوە وەرگرتبێت. هەروەک ئەگەرێکی لاوازی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە سەرباری ماوەی دوورودرێژی نێوان لەناوچوونی سۆمەرییەکان و دەرکەوتنی ئێتنۆسی کوردی، دەشێت پاشماوەی پێکهاتەی سۆمەری بە ئەندازەی زۆر کەم بەشداری لە ئێتنۆگێنزی کوردیدا کردبێت، کە ئەوەش ئەگەرێکی زۆر بەهێز نیە. ئەگەر ئەم بۆچوونە راستبێت کە سەرچاوەی زمانی کوردی نوێ زمانی سۆمەری بێت و سۆمەریەکان لە زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاوە بەرەو باشوورو ناوەراستی میسۆپۆتامیا چووبن و بەو پێیەش زۆرینەی ئەو پاشماوە کۆنانەی لە باکوری میسۆپۆتامیا یان کوردستانی ئێستادا هەن، بە گریمانە بەرهەمی سۆمەرییەکان بن و بەوپێیەش گریمانەی ئەوە بکرێت کە سۆمەرییەکان کورد بووبن. ئایا ئەم هەموو وادانانە تەنیا لەسەر بنەمای نزیکی و رووی لێکچوونی کۆمەڵێک وشەی کوردی ئێستا لە وشەو زاراوەی سۆمەری دەکرێت بسەلمێنرێت کە سۆمەرییەکان کورد بوون یان بەلایەنی کەمەوە باپیری کوردی ئێستا بن؟

هەرچەندە ئەمە دەربڕینێکی هەندێ تفت و تاڵە، بەڵام ئەگەر کوردی ئێستا درێژکراوەی سۆمەرییەکان بووایە، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ یەکەمجار نووسینیان داهێناوە، ئەوا دەبوو کاریگەری بەشێک لەو رابردووەی بەسەرەوە بمایەو هەرهیچ نەبێت وەکو سۆمەریەکان نا کە پێشەنگی سەردەمی خۆیان و چەندین سەدەی دوای خۆیشیان بوون، بەڵکو هەر هیچ نەبێت دەبوا کورد ئێستا لە ریزی دواوەی میلەتانی دنیا نەبوایە، جونکە ئاشکرایە تا ئەندازەیەکی زۆر هەموو ئێستایەک رەگوڕیشەیەکی لە رابردوودایە، رابردووی گەش دەبێتە پایەو بنەما بۆ ئێستایەکی باش و پڕ لە ئامادەبوون. بەڵام ئەوەی لە مێژووی زانراودا سەبارەت بە کورد هەیە لەو کاتەی ئیتنۆسی کوردی دروستبووەو کورد وەکو گروپێکی ئیتنیکی دەرکەوتووە، بەردەوام لە پەراوێزدا بووەو لە دەرەوەی مێژوو وەکو بوویەکی ناکاراو ناکاریگەر لەنێوان مردن و ژیاندا، یان لە نێوان بوون و لەناوچووندا وەکو پێکهاتەیەکی دەرەوەی مێژوو ژیاوەو بەکارهێنراوە.

دیارە ئەم بارەی لە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیەوە، کوردی تێدا دەژی لەگەڵ رابردوویەکدا یەکناگرێتەوە کە پێشەنگی مرۆڤایەتی بووبێت. هەڵبەت مەبەستمان لەم قسەیە سوکایەتی کردن نیە بە ئیتنۆسی کوردی و بە کورد بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئامادەبوون لە چوارچێوەی خەیاڵ و وەهمدا جیاوازە لە بوون و ئامادەبوونی واقیعیانە کە لەسەر بنەمای ئامادەبوون و پێشکەش کردن بڕیاردەدرێت. مێژووی ئێمە پێویستە بە چاوی رەخنەگرانە بخوێندرێتەوە تا هەموو کەموو کورتیەکانی بوونی مرۆڤ و کەسێتی کوردی دیاری بکرێت، کە بێگومان کەسێتیەکی نائاسایی و تێکشکاوەو ناتوانێت لەسەر پێی خۆی رابووەستێت. بۆیە خوێندنەوەی رەخنەگرانە بەو مەبەستەیە لەسەر بنەمای زانینی ئەو دۆخەی کە ئەم کەسێتەی تیدایە، نەخشەی بنیادنانەوەو پرۆژەی دروستکردنەوەی دابنرێت.

ئەو نزیکیەی لە نێوان زمانی سۆمەری و کوردی، زمانی مانی و کوردی، زمانی لوڤی و کوردی، زمانی هیتی و کوردی، زمانی هۆری و کوردی، زمانی مادو کوردی... هەیە، لەو نزیکیە زیاتر نیە کە لە نێوان زمانی فارسی و کوردی زمانی فارسی و عەرەبی، زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی، یان زمانی ئینگلیزی

و زمانی ئیسپانیدا هەیە. ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆرینەی ئەو وشانەی کە تویژەر سۆران حەمەڕەش لە فەرهەنگە پڕ بایەخەکەیدا بۆ زمانی کوردی و ئەو زمانانە کردوویەتی وەکو بەراورد بریتین لە ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمانی شوێن و کات و ژمارەی ئەو وشانەی لە زمانی کوردی ئێستاو ئەو زمانانەدا بەتەواوی و بێ گۆڕینی پیتێک یان چەند پیتێک وەکو یەکن هێجگار کەمن. ئەمەش زیاتر ئەوە دەگەیەنێت کە نزیکی یان ئەو لێکچوونانەی کە هەن پەیوەندییان بە نزیکی و تێکەڵاوی پێکهاتەو میلەتانی کۆنی ئەم ناوچەیەوە هەیە. هەروەک کارێکی ئاسانیش نیە بۆ ئەو سەردەمە باسی زمانێکی تەواو جێگیر بۆ هەموو سۆمەریەکان یان مانی و هیتی و کاشی و لۆلوبی و گۆتی و هۆری و ماد و بابلی و تەنانەت ئاشوری پارسیش بکرێت، بە تایبەتی لە قۆناغی پێش دروستبوونی ئیتنۆسی هەریەکە لەم میلەتاندا. هەروەک ئەوە روون نیە ئایا سۆمەرییەکان یەک ئیتنۆس بوون یان زیاتر لە ئیتنۆسێک بوون. ئەوەی ئەگەری نزیکە لە راستی ئەوەیە کە سۆمەرییەکان کە دواتر ئەکەدیەکان بە سۆمەر ناویان بردوون، لە سەردەمی خۆیاندا ناوێکی یەکگرتوویان نەبووبێت و وەکو ئاشکراشە لە رووی بەڕێوەبردنەوە دەسەڵاتی سۆمەری لە کۆمەڵە دەسەڵاتێکی ناوچەیی پێکهاتووە کە پێیان گوتراوە دەوڵەتۆچکەی شارو هەریەکە لەم دەسەڵاتە ناوچەییانە پێدەچێت دەسەڵاتی خێڵێک بووبێت. ئەمەش بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا دەمانبات کە ئەگەری ئەوەی هەیە زمانی خێڵەکانیش جیاواز بووبێت، هەرچۆن هەر دەوڵەتۆچکەیەکی شار خواوەندی تایبەتی خۆی و پەرستگای تایبەتی خۆیی هەبووە، بەهەمان شێوە هەر خێڵێک زمانی تایبەتی خۆیی هەبووبێت و ئەوەی بە زمانی سۆمەری ناودەبرێت زیاتر زمانی ئەو خێڵە بووبێت کە دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتەکانی شاردا رۆیشتووەو ئەو دەسەڵاتەش ناوەندەکەی شاری «کیش» بووە، بۆیە ئەگەری هەیە ئەوەی بە زمانی سۆمەری بەناوبانگەو بۆ یەکەمجار لە مێژووی زانراوی مرۆڤایەتیدا نووسینی مێخی پێ نووسراوە یان بووەتە زمانی نووسین، زمانی ئەو خێڵە بووبێت کە سەرکردایەتی کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان یان دەوڵەتۆچکەکانی شاری کردووە.

دیارە بنەمایەکی تریش هەیە بۆ ئەوەی زمانی سۆمەری لە زمانەکانی تری میسۆپۆتامیاو زاکرۆس باشتر پارێزراو بێت و لە دوای نەمانی دەسەڵاتی

سۆمەرییەکان خۆیشیان هێشتا زیاتر لەناو خەڵکدا بڵاوبووبێتەوەو بەئاسانی لەناو نەچووبێت، چونکە بووەتە زمانی نووسین و تۆمار کراوە. ئەوەی تۆمار دەکرێت بە ئاسانی لەبیر ناچێتەوەو لەناوناچێت. بۆیە ئەگەری مانەوەی وشەکانی زمانی سۆمەری بۆ قۆناغەکانی دوای خۆی و کاریگەری لەسەر میلەتان و پێکهاتەکانی دواتری سەر زەمینی سۆمەرییەکان کە باشورو ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا بووەو لە سەر دراوسێکانی سەرزەمینی سۆمەرییەکانیش بۆ قۆناغەکانی دواتر بەجێهێشتبێت، چونکە زمانی نووسینی ئەو میلەت و پێکهاتانە بووە کە سەلیقەی ئەوەیان هەبووە ئەگەر کەمیش بێت شتێک لە ژیانی خۆیان تۆمار بکەن، کە بۆ دواتر بایەخی گرنگی هەبووە. کەواتە لە رێگای ئەم تۆمارکردنانەوە کە بە زمانی سۆمەری بووە، لە لایەک زمانەکە لە ناونەچووە، لە لایەکی تر میلەتانی تر کە ئەو زمانی نووسینەیان بەکارهێناوە، بوون بە پارێزەری زمانەکە. بۆیە دەشێت مانەوەی کاریگەری زمانی سۆمەری و گواستنەوەی وشەو زاراوەکانی بە گۆڕانکاری کەمەوە یان وەکو خۆی بۆ ناو زمانەکانی دواتری ناوچەکە لە رێگای بوونی بە تاکە زمانی نووسین بۆ ماوەی دوورودرێژ سەرچاوەی گرتووە. دیارە لێرەدا گریمانەی ئەوەش دەکرێت کە کاریگەری زمانی سۆمەری بەسەر زمانی ئیتنۆس و میلەتانی تری باشووری رۆژئاوای ئاسیاوە هەبێت و وشەو زارەوە سۆمەرییەکان لەناو زمانی ئارامی و یافیتی و ئەکەدی و ئاشوری و بابلی و عیبری و عەرەبی و فارسی کۆن و تورکیشدا هەبێت، هەرچۆن وشەی لێکچوو لە نێوان کوردی ئێستاو زمانی سۆمەریدا هەیە، دەشێ هەمان لێکچوون لە نێوان وشەکانی ئەو زمانانەو زمانی سۆمەریدا هەبێت.

بێگومان ئەو زمانانەی کە نووسینیان نەبووە شتێکی ئەوتۆیان لێ بەجێنەماوە، باشترین نموونەش زمانی مادەکانە کە بەلای کەمەوە مادەکان هەزار ساڵ دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی سۆمەرییەکان دەرکەوتوون، بەڵام چونکە نووسینیان نەبووە بێجگە لە چەند وشەیەکی کەم کە ئەوانیش زوربەیان ناون، شتێکی ئەوتۆی لێ بەجێنەماوە. لەبەرئەوە سەرباری ئەوەی مادەکان نزیکترن لە کوردەوە هەم لە رووی کاتەوە، هەم لە رووی جوگرافیاوە، هەم لە رووی ئەگەری بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، بەڵام کاریگەری زمانی ماد بەسەر زمانی کوردی ئێستاوە لە ئاستی نەبووندایە.

لە دەرئەنجامێکدا کە توێژەر سۆران حەمە ڕەش لە لێکدانەوەی بۆچوونی زادۆک سەبارەت بە زمانی مانییەکان پێیگەیشتووە دەڵێت: زادۆک (٢٠٠٦) لە لێکۆڵینەوەیەکدا کۆمەڵێک ناوی کەسایەتی و شوێنەکانی ناوچەی مانییەکان باس دەکات. لەو ناوانەدا دەردەکەوێت کە مانییەکان نەک بە سەرەتای زمانی کوردی، بەڵکو بە زمانێکی زۆر نزیک لە کوردی ئیمڕۆ قسەیان کردووە(١٠). مانییەکان کێ بوون و کەی و لە کوێ ژیاون و چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەوان و کوردی ئێستادا دەدۆزرێتەوە ڕەنگە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فراوان و قوڵی هەمە لایەنە هەبێت. ئەوە راستە یەکێک لەو بنەمایانەی کە لە دیاریکردنی رەچەڵەک یان رەگوڕیشەدا پشتی پێدەبەسترێت زمانە، بەڵام زمان بە تەنیا ناتوانێت ببێتە بەڵگەی یەکلاکەرەوە، لە کاتێکدا زمان ئامرازی پەیوەندیکردنەو لە ئەنجامی نزیکی و تێکەڵاوبوون وشەو زاراوەکانی ئەو زمانانەی کە دراوسێی یەکترن و تێکەڵاوی یەکتر دەبن، لەم زمانەوە ئەگەری گواستنەوەی بۆ ئەو زمان هەیە. هەروەک گواستنەوەی ناو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یان بەشداری دوو زمان یان زیاتر لە چەندین ناودا کە ئەو زمانانە لە رووی جوگرافی و کەلتوریەوە لێکتر نزیکبن و پەیوەندی و تێکەڵاوییان هەبێت، یان یەکێکیان بالادەست بێت بەسەر ئەویترياندا. بۆیە کاتێک باسی زمان دەکرێت، ئەوە ئاشکرایە کە هەموو زمانێک پێکدێت لە ناو، راناو، ئاوەڵناو، فرمان، ئاوەڵفرمان، ئامرازی پەیوەندی... کە فرمان رۆڵی سەرەکی هەیە لە هەموو زمانێکدا، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا رستە بەبێ فرمان دروست نابێت. ئاشکرایە بە بێ بوونی رستەش مانای تەواو بەرهەمنایەت. بۆیە بەگشتی ئەو هەولانەی کە بۆ نزیککردنەوەی زمانی کوردی ئێستا لە زمانە کۆنەکانی میلەتانی ناوچەکە دەدرێت، بە رێژەیەکی هێجگار بەرز پشت بە ناو دەبەستن و هەوشێوەبوونی تەواوەتی ناوەکانیش رێژەیەکی بەرز نیە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ نزیککردنەوەو داتاشین. ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆرینەی ئەو زمانە دێرینانەی کە باس دەکرێن زمانی خێڵ و بنەماڵە دەسەلاتدارەکان بوون، چونکە ئاشکرایە زۆرینەی ئەو ناوانەی کە وەکو ناوی میلەتانی دێرین بە ئێمە گەیشتوون، ناوی بنەماڵە، یان خێڵە دەسەلاتدارو فەرمانڕەواکان بوون. هاوشێوەبوون یان لێکچوون لە نێوان رەگەزەکانی تری نێوان زمانەکان بە تایبەتی فرمان زۆر کەمە.

مانییەکان کە وەکو لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، گوایە بە زمانێک قسەیان کردووە زۆر نزیک بووە لە زمانی کوردی ئەمڕۆ، لە هەمان ئەو جوگرافیایەدا ژیاون کە دواتر سنووری قەڵەمڕەوی میدیای بچوک یان میدیای ئەترۆپاتین بووەو بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستاو ئازەربایجان دەگرێتەوە. دەوکەوتنی مانا یان مانییەکان لە رووی کاتەوە نزیک و تا ئەندازەیەکیش هاوکات بووە لەگەڵ دەرکەوتنی مادەکاندا.» لەم دەڤەرەدا- دەڤەری ورمێ- لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمەوە بەرە بەرە سنووری شانشینی مانا دیاری دەکرا. مانا کە جارجار دەیتوانی لە بەرامبەر سوپا پلە یەکەکانی ئاشورو ئۆراتۆدا بەربەرەکانێ بکات، بووبووە فاکتەرێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی و پێوەندیە نێونەتەوەییەکانی ئەو سەردەمەدا... مانا میراتگری راستەوخۆی گەلانی گۆتی- لۆلۆیی بوو(١١). لە سەرزەمینی دواتری میدیادا» سەرەتا دەوڵەتۆکە بچوکەکانی لۆلۆیی و گۆتییەکان لە دەڤەری زاموا بنیاد نرابوون،.. دواتر- لە سەدەی نۆی پێش زایندا- دەوڵەتیماننا بنیاد نراو ئازەربایجانی ئێستای ئێران ناوەندی قەڵەمڕەویەکەی بوو. پاشان درێژ دەبووەوە تا پەروای باشووری دەریاچەی ورمێ. شایانی باسە، لە بەراییەکانی سەدەی هەشتەمی پێش زایندا، دەوڵەتی مانا چەندین جار لەغەڵ ئاشوری و ئۆراتووەکان کەوتە شەڕەوە. لێ ئەو دەوڵەتە زلهێزانە هیچ جارێک نەیانتوانی سەرکەوتنێکی راستەقینە لە دژی تۆمار بکەن(١٢). «لە هەزارەی یەکەمی پێش زایندا، دەوڵەتی مانا رۆڵێکی هێجگار گرینگی لە رۆژهەڵاتدا گێڕاوە. سەرئەنجام لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا، مانا بوو بە دڵی ئابوری و شارستانێتی دەوڵەتی زلهێزی میدیا(١٣).» هاوشێوەی پادشاکانی ئۆراتو، هیچ نووسراو یاخود تابلۆو هەڵکۆڵینێکی پادشاکانی مانا بەردەست نین. هەروەها تا ئێستا کاری هەڵکۆڵین بۆ هیچ یەکێک لە شاکارەکانی دەوڵەتی مانا نەکراوە(١٤).

ئێستا تا ئەندازەیەک ئەوە ئاشکرایە کە مانابیەکان درێژکراوە، یان نەوەی لۆلۆیی و گۆتیەکانن وهاوکات لەگەڵ ئەو خێڵانەدا دەرکەوتوون کە یەکێتی خێڵەکانی میدیایان پێکهێناوەو دواتریش بەپێی ئەو وتەیەی دیاکۆنۆف بوونەتە بەشێکی سەرەکی میدیاو ئەو وەکو دڵی میدیا باسیان دەکات. بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە زیاتر جێگای بایەخپێدانە زمانی ماننابیەکانە. ئایا ئەگەر

ماناییەکان میراتگری گەلانی گۆتی و لۆلۆییەکان بووبن، دەشێ هەمان زمانی ئەوانیشیان هەبووبێت، یان زمانێکی تریان هەبووە؟ هەروەک دەشێت ئەو پرسیارەش سەرهەڵبدات، لەکاتێکدا ماناو میدیەکان هاوکات و لە جوگرافیایەکی نزیک لەیەکدا دەرکەوتوون، دەشێت هەمان زمانیان هەبووبێت؟ ئەوە ئاشکرایە میدیا سەرباری ئەوەی دەوڵەتێکی گەورە بووەو بۆ ماوەی سەدەو نیوێک فەرمانڕەوایی رووبەرێکی فراوانی جوگرافی کردووەوتەنانەت دەسەڵاتی بەسەر ئاشوردا کردووەو بە زۆر ئاراستە پەلی هاوێشتووە. بەڵام تاکو ئێستا روون نەبووەتەوە کە مانییەکان نووسینیان هەبووبێت و بەجێنەمانی شتێکی ئەوتۆی تۆمارکراو سەبارەت بە مانییەکان لە لایەن خۆیانەوە ئەوە نیشان دەدات کە نەبوونی نووسین لە لایەن ئەوانەوە بابەتێک نیە جێگای گومان بێت. بەڵکو ئەوەی سەبارەت بە میدیەکان ماوەتەوە، ئەوەیە کە میلەتانی تر تۆماریان کردووە بە تایبەتی مێژووی ئاشوریەکان و بابلیەکان و یۆنانیەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بارودۆخی مانییەکانیش لە رووی نووسین و تۆمارەوە هاوشێوەی میدیەکانە و هیچیان شتێکی تۆمارکراوی ئەوتۆیان لێ بەجێنەماوە کە بەڵگەی نیشاندانی زمان و کەلتوورو شارستانێتی ئەوان بێت، کە لە لایەن خۆیانەوەو بە زمانی خۆیان تۆمار کرابێت.

ئێستا لە رووی بەراوردەوە لە نێوان بارودۆخی میدیا و مانادا، دیارە میدیا بووەتە دەوڵەتێکی بەهێزو فەرمانڕەوایەتیەکی بەرفراوان و مانەوەیشی لە دەسەڵاتدا بۆ ماوەی دوورودرێژتر بووەو بەو بارودۆخەشەوە لەبەر نەبوونی تۆمارو نووسین بەشی ئەوە لە زمانەکەی نەماوەتەوە کە لە رووی زانستیەوە بکرێت بە بنەما بۆ دیاریکردنی تەواوەتی رەگورِیشەی زمانەکەو پەیوەندی بە زمانە ئێرانیەکانەوە یان بە زمان هیندۆئەوروپیەکانەوە، یان بە زمانی ئاڤێستاوە بەشێوەیەکی کۆنکرێتی بسەلمێنرێت. ئایا دەبێ باوردۆخی زمانی مانا چۆن بووبێت؟ کە بێگومان بەڵگەی دیار لەسەر بوونی نووسین یان تۆمار بە زمانی ماناییەکان لەبەردەستدا نیە. دیاکۆنۆف سێ تابلۆی ماناییەکانی لەسەر سێ دەفری برۆنز بڵاوکردۆتەوە کە یەکێکیان تیری ماناییەکان و دووەمیان مۆسیقارێکی مانایيە بە جل و بەرگی بابلیۆنیەوەو سێیەمیان پاشایەکی مانایيە بە جل و بەرگی ئاشوریەوە(١٥). لەبارەی ئەوەی کە مانییەکان نووسینیان

هەبووبێت، باسی ئەوە دەکرێت کە: مانییەکان نووسینیان هەبووە ئەو نوسسینە هێرۆگلیفیەیە کە لەسەر قاپێکی زێڕین نەخشێنراوە. ئەو قاپە لە ناوچەی زێوی، لە نزیک شارۆچکەی سەقز دۆزراوەتەوەو شوێنەوارو ئاسەواری مانییەکان بووە. بەداخەوە ئەم نووسینە نەخوێندراوەتەوەو هەتا ئێستا نازانرێت چی لەسەر نووسراوە(١٦).

دیارە لە چەند روویەکەوە مانییەکان بایەخی گرنگیان هەیە سەبارەت بە کوردی ئێستا، یەکەم لەو رووەوە کە مانییەکان بە میراتگری لۆلۆو گۆتیەکان دانراون و ئەوانیش هاوشێوەی مانییەکان لەرووی شوێنەوە لە هەمان ئەو جوگرافیایەدا ژیاون کە ئێستا نیشتیمانی کوردەو ئەگەری بەشداریکردنی پاشماوەکانی ئەم دوو پێکهاتەیە لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا ناتوانریت بە تەواوی پشتگوێ بخرێت. هەروەک دەشێت لە رێگای بەشداریکردنی پێکهاتەیەکی وەکو مانییەکانەوە لە پرۆسێسی پیکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا، کە بە میراتگری لۆلۆو گۆتی دادەنرێت، بنەمای ئەو بەشداریکردنە ناڕاستەوخۆ بسەلمێنرێت. لە لایەکی ترەوە مانییەکان هاوچەرخی مادەکان بوون و سەرئەنجام لەگەڵ ئەوان تێکەڵاوبوون و وەکو دیاکۆنۆفیش ئاماژەی بۆ دەکات مانییەکان تێکەڵاوی مادەکان بوون و تەنانەت وەکو دڵی میدیەکان باس دەکرێن.

دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە ناتوانرێت رۆڵی مادەکان لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا پشتگوێ بخرێت. لایەنێکی پڕبایەخی تری مانییەکان پەیوەست بە کورد، ئەو وشانەیە کە وەکو بەشێک لە زمانی مانییەکان بەجێماوەو نزیکی و هاوشێوەیی هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا. ئەمەش رووناکی دەخاتە سەرئەوەی کە مانییەکان سەرباری تواندنەوەیان یان بوونیان بە بەشێک لە میدیا، بەڵام هێشتا بەشی ئەوە پاشماوەو شوێنەواریان لێ بەجێماوە کە بوون و ئامادەبوونیان لە رابردوودا بسەلمێنێت. مانەوەی چەند تابلۆیەک و بەجێمانی نووسین لەسەر دەفرێکی زێڕ، سەرباری ئەوەی کە تاکو ئێستاش نەتوانراوە ئەو نووسینە بخوێندرێتەوە، بەڵام ئەوە دەردەخات کە ئەم پێکهاتەیە جۆرێک لە تۆماری لێبەجێماوە. بوونی نزیکی و لێکچوون لە نێوان ئەو وشانەی لە زمانی مانییەکان بەجێماوە لەگەڵ زمانی کوردی نوێدا، لە ئاستێکدا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مانییەکان لە بەشێک لەو جوگرافیایەدا ژیاون و فەرمانڕەوایەتی و

شەڕو ململانێیان کردووە، سەرباری ئەوەی بەشێکی بووەتە نیشتیمانی ئازەریە ئێرانیەکان، ئەویتری ئێستا بەشێکە لە خاکی کورد. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە مانییەکان راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ وەکو توخم و رەگەزی بەشداربووی پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردی سەیربکرێن و لێکچوون لە نێوان زمانی مانییەکان و زمانی کوردیدا لەوەوە دێت کە ئەوان واتە مانییەکان بەخۆیان و زمانەکەیانەوە بەشداربووبن لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا. بۆچوونێکی لەوجۆرەش دەشێ یارمەتیدەر بێت بۆ زیاتر بەهێزکردنی ئەم ئەگەرە، ئەویش ئەوەیە کە مانییەکان لە هەمان ئەو جوگرافیایەدا بوون کە دواتر لە دابەشبوونی میدیادا بووتە میدیای ئەترۆپاتین و دەسەڵاتی میدیای ئەترۆپاتینیش هەتا نزیکی دەستپێکردنی پرۆسێسی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی ماوە. بۆیە پێدەچێت مانییەکان لە سایەی دەسەڵاتی میدیای ئەترۆپاتیندا پاریزگارییان لە خۆیان و زمانەکەیان کردبێت و سەرئەنجام لە پرۆسێسی پیکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا بەشدارییان کردبێت و ئەو نزیکیەی لە نێوان چەندین وشەو زاراوەی مانایی و کوردیدا هەیە دەرئەنجامی ئەو بەشداریکردنە بێت.

ئەگەر بۆچوونی محەمەد ئەمین زەکی و ی.ئا. شپییزەر وەربگرین کە گۆتیەکان بە باپیرەی کوردی ئێستا دادەنێن و بۆچوونی ڤیلچێڤیسکی کە پێیوایە کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکانی میدیا، گۆتیەکانیشی تێدا ئەندام بوون، لەگەڵ بۆچوونی دیاکۆنۆف کە لە لایەک دژی ئەوبۆچوونە نیە کە خێڵە رەسەنەکانی گۆتی یان پاشماوەکانیان بەشداریان لە کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکانی میدیادا کردبێت و لە لایەکی تریش مانییەکان وەکو میراتگری گۆتی و لۆلۆیەکان بن و بە دڵی ئابوری و شارستانێتی میدیەکان بزانرێن، ئەوا روون دەبێتەوە کە ناکرێت شوێن و پێگەی مانییەکانی میراتگری لۆلۆ و گۆتیەکان و دڵی شارستانێتی میدیا، هاوشێوەی میدیەکان خۆیان، لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا رەتبکرێتەوە یان پشتگوی بخرێت.

لە راستیدا ئەوەی لێرەدا وامان لێدەکات کە زیاتر لایەنگیری بەشداری مانییەکان بکەین لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا، سەرباری بەستنەوەی رایەڵەکانی رەگوڕیشەیان لەگەڵ گۆتیەکان و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ میدیەکان، دۆزینەی نزیکی و تا ئەندازەیەک لێکچوونی زمانیە لە نێوان زمانی مانییەکان

و زمانی کوردیدا، هەڵبەت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مانییەکان تاکە باپیرەی کورد بن، نەخێر بەڵکو دەمانەوێت بڵێین ئەگەری زۆر هەیە یەکێک لەو پێکهاتانەی بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە، مانییەکان بن.

دەربارەی زمانی کوردی و دەرکەوتنی و رەسەنایەتی و جیاوازبوونی لە زمانی فارسی و نەبوونی پەیوەندی بەو زمانەوە، مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت: زمانی کوردی لەهجەیەکی موشتەق یا مشەوەشی فارسی نیە، بەڵکو لیسانێکە کە تەتەوراتێکی حەقیقی و قەدیمی هەیەو لە زمانی فارسی قەدیمی لەوحەکەی دارا- داریوش- قەدیم ترە. ئەگەر ئەمە راست بێ، بە تایبەت عولەمای تەئریخ حەقیانە بڵێن کە زمانی کوردی لە عەسری شەشەمینی پێش زایندا هەبووەو زمانێکی سەربەخۆ بووە. قەومی کوردیش لە کۆمەڵی هیندۆئێرانیە، لە وەقتی هاتنی ماد بۆ میدیا و پارس بۆ ئێران، ئەویش هاتۆتە کوردستان. جا لەمەوە وادەردەکەوێت کە تەئریخی تەقریبیی هاتنی کورد بۆ کوردستان، ئەبێ لە دوای ٦٥٠ی پێش زایندا بووبێ(١٧). بێگومان ئێمە راوبۆچوونی ئەم مێژووە نووسە سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد ئاگادارین کە زیاتر کورد بە نەوەی گۆتیەکان دادەنێت. لێرەشدا بەجۆرێک باسی کورد دەکات وەکو ئەوەی پێکهاتەیەکی هاوشانی مادەکان و پارسەکان بووبێت و ئەمیش لە شەپۆلی کۆچدا لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا هاتبێت. هەرچەندە ئەم زیاتر لایەنگری ئەوەیە ئەگەر شەپۆکی کۆچی لەم جۆرەش هەبووبێت، ئەوا بەراورد بە دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە رۆڵ و کاریگەری ئەوتۆی نەبووە، چونکە دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە هەم جێگیرو هەم بە ژمارە زۆرتربوون، بۆیە ئەگەری زیاتر ئەوەیە کە خێڵ و پێکهاتە کۆچکەرەکان لەناو دانیشتوانی رەسەندا توابنەوەو ونبووبن یان بووبن بە بەشێک لە دانیشتوانە رەسنەکە، کە ئەم قسەیە بۆ کۆچی و خێڵە ئارییانەی گوایە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەوە چیاکانی زاکرۆس و بانەکانی پێرشیا و باکوری میسۆپۆتامیا هاتوون، راستە.

ئەم مێژوونووسە دوو خاڵی گرنگ لەسە زمانی کوردی دەخاتە روو. یەکەمیان ئەوەیە کە زمانی کوردی بەشێک نیە لە زمانی فارسی و بەرهەمی پەرەسەندنێکی ناوخۆیی رەگوڕیشەدارە، کە دیارە مەبەست لە پەرەسەندن

ئەو جوڵەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەیە کە لەگەڵ خۆیدا پەرەسەندنی کەلتوری بە هەموو رەگەزو ئاستەکانیەوە لەناویشیدا پەرەسەندنی زمان دەهێنێتە ئاراوە. واتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەرکەوتنی زمانی کوردی بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و مێژوویی ناوخۆی ئەو کۆمەڵگایەیە کە زمانەکەی تێدا دروستبووە، یان دەرکەوتووە، کە ئەمەش لە ناوەرۆکدا پەیوەندیدارە بە پرۆسێسی بەردەوامی ئیتنۆگێنزەوە. دووەم، راستە ئەو مێژووەی کە ئەم مێژوونووسە سەبارەت بە دەرکەوتنی زمانی کوردی باسی دەکات، مێژوویەکی زووە لەچاو دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیدا، بەڵام مادەم ئەو پرۆسێسە درێژخایەنەو بەردەوامی هەیەو دەشێ زۆر لە پێش دەرکەوتنی بنەماکانی ئیتنۆس و ناوی ئیتنۆسەوە دەستی پێ کردبێت، بۆیە ناتوانرێت بە ئاسانی بۆچوونەکەی ئەم مێژوونووسە رەتبکرێتەوە. تەنانەت سەدەی حەوت و شەشی پێش زاین کە ئەم بۆ دەرکەوتنی زمانی کوردی دیاری دەکات، هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی مانییەکاندا کە زادۆک لە رێگای فەرهەنگی زمانی مانییەکانەوەو سۆران حەمەڕەشیش لە رێگای بەراوردکردنی نێوان ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانی زمانی مانی و کوردی ئێستاوە، توانیوویانە ئەوە بسەلمێنن کە زمانی کوردی بە لایەنی کەمەوە لە رووی ئیتمۆلۆجیەوە پەیوەندی هەیە بە زمانی مانییەکانەوە. بوونی ئەو زمانەش لە رووی مێژووییەوە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی زمانی کوردی بەپێی بۆچوونەکەی محمەد ئەمین زەکی.

بێگومان دواتریش ئەم مێژوونووسە دەزانێت کە لەو سەردەمەدا ناوی کورد بوونی نەبووە، بەڵام لە رووی هێنانەوەی نزیکایەتی ناوەکانی وەکو کاردا، کورتی، کاردۆک، باکاردای، کاردۆ، کوردۆئەن، کوردۆئی، کوردۆین، کاردۆخی، کاردۆشی، خاڵدی، سێرتی، کۆرتیۆی.. تاد، دەیەوێت بڵێت هەریەکە لەم ناوانە کە بەجۆرێک گوزارشت و دەربڕینن لەو پێکهاتانەی کە هەریەکە بە ئاستێک بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە. هەروەک ئەم بۆچوونەش تا ئەندازەیەکی زۆر هاوشێوەی بۆچوونی مینۆڕسکیە سەبارەت بە کۆچ و ناوی ئەو پێکهاتانەی لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو کوردستانی ئێستا هاتوون، کاتێک دەڵێت: زۆر موحتەمەلە قەومی کورد لە شەرقەوە، یەعنی غەربی ئێران، بۆ غەرب – کوردستانی ئێستا- هاتبێ و جێگیربووبی، بەڵام هاتنی ئەم قەومە

مانعی ئەوە نیە، کە لە هاتنی ئەوا، قەومێکی تر یان چەند قەومێکی تێکەڵاو، بە ناوێکی وەکو (کاردۆ)، کە لە ناوی ئەو بچێ، لە کوردستانی مەرکەزیدا ژیابێ و لە پاشدا لەگەڵ ئەو تێکەڵاو بووبێ(١٨). هەروەک ئەم بۆچوونە جارێکی تر لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامیدا لە ساڵی ١٩٢٧دا تۆمار کراوە، کە دەڵێت: کوردەکان لە رۆژهەڵاتەوە، لە رۆژئاوای فارسەوە بەرەو رۆژئاوا بۆ ناوەندی کوردستان هاتوون، ئەوەش لە ئەنجامی سەرکەوتنی میدیەکاندا بەسەر ئاشورییەکان و دەسەڵاتە بچوکەکانی تری ناوچەکەدا(١٩).

بەهەرحاڵ ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە پێکهاتن و دەرکەوتنی هەر ئیتنۆسێک لە ئاستی یەکەمدا لە رێگای پێکهاتنی ناوی ئیتنۆسەکەوە دەناسرێت. دەرکەوتنی ناوی کاردۆ، یان هەرکام لەو ناوانەی تر کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن و لە رووی سروشت و پیکهاتەیانەوە وەکو وشە یان زاراوە نزیکییان لەگەڵ ناو یان زاراوەی» کورد»دا هەیە، بەجۆرێک ئاماژە بۆ دەرکەوتنی ئەو ئیتنۆسە دەکەن، کە دواتر ناوەکەی جێگیر بووە لەسەر وشەی» کورد». بوونی ئەو ناوە جۆراوجۆرانە کە لە رووی نووسین و دەنگەوە نزیکی هەیە لە نێوانیاندا، وەکو درێژەو بەردەوامی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی سەیردەکرێت. کە دەشێت لە مێژوویەکی زووەوە دەستی پێکردبێت و سەرئەنجام لە سەدەی دووەم و سێیەمی زاینی بۆ دواوە، زیاتر خاسیێتەکانی ئیتنۆسی لێ بەرهەم هاتووەو چ وەکو ناو و چ وەکو زمانی ئیتنۆسەکەش لە نێوان سەدەی دوو بۆ سەدەی پێنجی زاینی خاسیێتەکانی خەملیون و دیارە لەو ئاستەشدا ئەم پرۆسێسە نەوەستاوەو بەردەوام بووەو تا بنیادنانی دەوڵەت و بنیادنانی نەتەوە بەچەمکی مۆدێرنێتە هەر بەردەوام دەبێت.

لەبارەی دەرکەوتنی ناوی کوردەوە، ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا چەند جارێک ناوی کورد بەو شێوەیەی ئێستای هاتووە، ئەوەش تاکو ئێستا وەکو یەکەمین ناوهینانی کورد بەو شێوە ئاشکرایە باس دەکرێت. هەر لەم بارەیەوە مێژوونووسی دیارو بە سەلیقەی کورد دکتۆر جەمال رەشید دەڵێت: تا ئەمڕۆ کۆنترین سەرچاوەکان لەبارەی ناوهێنانی کورد بەم شێوەیەی ئێستای، لە سەردەمی ساسانیەکاندا بووە- سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینی-، بەڵام بەبێ دیاریکردنی ناوی ناوچەی

جوگرافی ئەو وڵاتەی کە تیایدا نیشتەجێبوون(٢٠). بێگومان بە ئەندازەی ئەوەی کە ناوی ئیتنۆس و زمان و کاتی دەرکەوتنی ئیتنۆس گرنگە، شوێنیش کە مەبەست خاکە گرنگە، جونکە ئەگەر دەرکەوتنی ئیتنۆس وەکو ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی لە کاتێکی دیاریکراودا سەیر بکرێت، ئەوا دەبی ئەو ڕووداوە لە شوێنێکی دیاریکراو یان ناسراودا ڕووبدات، تەنانەت ئەگەر شوێنەکە لە ڕووی ناو و بایەخ و گرنگیەوە نەگەیشتبێتە ئاستی ناسین، ئەوا دەبێ ڕووداوی دەرکەوتنی ئیتنۆسێک بیکات بە شوێنێکی ناسراو، چونکە سەرئەنجام ئەو ئیتنۆسە لەسەر خاکێک دەبێت کە ئەویش نیشتیمانی ئەو ئیتنۆسەیەو بە ئەگەری زۆرەوە ناوی ئیتنۆسەکە وەردەگرێت.

ئەوەی لە سەرەوە باسکرا، سەبارەت بە ناوی کوردو زمانی کوردی، ئەو بۆچوونە گشتیەیە کە بە ئاراستەی جۆراوجۆر هەوڵدەدات کە هەرچۆن لە ڕووی ڕەگوڕیشەو شوێنی نیشتەجێبوونەوە کورد ببەستێتەوە بەو پێکهاتە دێرینانەی کە لە زاکرۆس و باکوری میسۆپۆتامیاو ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیادا ژیاون، هاوشێوە جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان زمانی ئەو پێکهاتانەو زمانی کوردی دوای دروستبوونی ئیتنۆسی کوردیدا دروست بکات. هەروەک ئەوەش تا ئەندازەیەک وەکو خاڵێکی جێگیر یان بۆچوونێکی گشتی دەبینرێت، ئایا تا چەند لە جێگای خۆیدایە کە لایەنگیری ئەوە بکرێت کورد ڕەگوڕیشەیەکی ئاریایی هەبێت یان بە پێچەوانەوە پەیوەندی ڕەچەڵەکی کورد بە ڕەگەزی ئارییەوە تەنیا جۆرێک لە بەرهەمی خەیاڵ بێت کە سەلماندنی ئاسان نەبێت. بەڵام لایەنگیری بەهێز دەبینرێت بۆ ئەوەی کە زمانی کوردی لە خێزانی زمانەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێرانە. دیارە ئەم بۆچوونەش بەتەواوەتی جیاوازە لەوەی کە کەسێک پێیوابێت زمانی کوردی بەشێکە لە زمانی فارسی یان دەچێتەوە سەر زمانی فارسی. بەڵکو قسەی دروست ئەوەیە کە زمانی کوردی لە دوای دەرکەوتنی وەکو زمانی ئیتنۆسی کوردی، زمانێکی سەربەخۆیە.

هەڵبەت لە پێش جێگیربوونی بۆچوونی ئەوەی کە زمانی کوردی سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە، لایەنگری لەو بۆچوونە دەکرا کە زمانی کوردی دەبەستەوە بە خاڵدی یان کاڵدیەکانەوە یان بە کۆمەڵەی زمانی یافیتیەوە. ئەم بۆچوونەش پێدەچێت سەرچاوەی لەو بۆچوونەی مارکۆپۆلۆوە گرتبێت

کە لە سەدەی سیانزەدا باسی ئەوەی کردووە «لە چیاکانی موسڵ کاردەکان دەژین، ئەمانە دیانن نەستوری و یاقوبی، بەڵام مسوڵمانیشیان لەناودا هەن و محەمەد دەپەرستن، خەڵکی ئازا و تورەن، هەر لەخۆڕا بازرگان رووت دەکەنەوە(٢١). لە دوای ئەمەو بەتایبەتی لە ناوەڕاستی [سەدەی شازدەیەمدا] دیارە ئاژاوەو ناسەقامگیری دروستبووە لەم ناوچەیەداو ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کۆمیتەی پڕوپاگەندەکردن بۆ پیرۆزیی ئایینی بکەوێتە خۆی و بەرەو ناوچەکە جووڵە بکات و بێتە ناوچەکە، ناوچەی سیرۆخاڵدی و کوردەکان. لە چوارچێوەی ئەم چالاکیانەی ئەم کۆمیتەیەدا م. گارتسۆنی دۆمەنیکایی لەبارەی زمانی کوردیەوە بابەتێکی نووسی کە پێدەچێت یەکەم ڕێزمانی کوردی بێت. ئەم ڕێزمانە لە ساڵی ١٧٨٧دا دەرچوو. ڤیلچێڤیسکی دەڵێت: ناوەرۆکی ئەم ڕێزمانە دەریخست کە زمانی کوردی هیچی هاوبەشی لەگەڵ زمانی خاڵدیەکانی ئینجیلدا نیەو لە زمنای فارسیش یەکجار نزیکە(٢٢). بەدوای ئەمەدا» فەرهەنگەکانی بەراوردکردن»ی پالاس و بەرهەمەکەی خۆرنلێی میسۆنێری بازل و لێکۆڵینەوەکانی زمانزانان ئی. ڕێدیگێر و ئا. ف. پۆنت وەکو تەواوکەری کارەکەی خۆڕنلێ دەرچوون،» هیچ گومانێکیان لەسەر ئەوە نەهێشتەوە کە کوردی زمانێکی سەربە گروپی ئێرانیە(٢٣).

بێگومان پێدەچێت بۆچوونی لەو جۆرەش هەبووبێت کە پێیوابووبێت خاڵدیەکانی ئینجیل ڕەگوڕیشەی ئێرانییان هەبووبێت. ئەمەش بە مەبەستی نزیککردنەوەی کوردو خاڵدیە ئێرانیەکان بووە، کە ناوەرۆکی تیۆریی ب. لێرخە لەسەر کورد کە دەڵێت: کوردەکان نەوەی کاڵدیە ئێرانیەکانن، ئەوان جەنگاوەری توونودو تیژن، لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە چیانشین بوون و گیانێکی جەنگاوەرییان هەبووە، کە ئەوەش وای لێکردوون بە ئاسانی بۆ دەشتەکانی دیجلەو فورات دابەزن بۆ ملکەچکردنی خێڵە سامیە لاوازەکان لە وڵاتی بابل(٢٤). بە ئێرانی دانانی ئەو پێکهاتانەی کە دەشێت هەریەکەیان بە ئاستێک بەشدارییان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا هەبووبێت، لە لایەکی ترەوە دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە زمانی کوردی سەربە خێزانی زمانەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێرانە. هەرچەندە هاوکات باسی ئەوەش دەکرێت کە کوردەکانی ئێستا پەیوەندییان بە پێکهاتەو دانیشتوانی کۆنی

ئاسیای بچوکەوە هەبێت. دیارە لێرەوە گەڕانەوەیەک بۆ بەستنەوەی کورد بە کاردۆخیەکانەوە دەبینرێت. بەتایبەتی ئەو نزیکیەی لە نێوان وشەکان» کورد» و «کاردۆخ»دا هەیەو زۆر جار لە رووی زمانەوانیەوە هەوڵی بەستنەوەی کوردی ئێستا بە ناوی ئەو پێکهاتەنەوە هەبووە کە لێکچوون لە نێوان وشەی» کورد» و ئەو ناوانەی پێشتردا هەبووە. ئەمەش زیاتر بە مەبەستی جەختکردنە لەسەر نیشاندان یان دەرخستنی ئەو کاتەی کە ناوی «کورد»ی وەکو ناوی ئیتنۆس، واتە ئیتنۆسی کوردی تێدا دەرکەوتووە، هەرچەندە گریمانەی ئەوەش هەیە کە ناوی کاردۆخ و ناو و زاراوەکانی تر کە نزیک بوون لە ناوی کوردو تەنانەت ناوی «کورد»یش لەسەرەتاوە، وەکو ناوی خێڵ بەکارهێنرابن. بەڵام ئەمەش هیچ ڕێگرییەک لەوە ناکات کە ناوی کورد لە پرۆسێسی بەردەوامی ئیتنۆگێنزی کوردیدا بووبێتە ناوی ئیتنۆسە تازە پێکهاتووەکەو ئەو زمانەشی کە بووەتە زمانی ئیتنۆسەکە بووەتە زمانی کوردی، واتە ئەو زمانەی ئیتنۆسی کورد وەکو ئامرازی پەیوەندیکردن و ئاخاوتن بەکاری دەهێنێت. بەهەرحاڵ بۆچوونی ئەوەی کە کوردەکان خەڵکی ئاسیای بچوک بن و زمانەکەیان ئێرانی بێت لە لایەن ن. ی. مار-ەوە پشتگیری دەکرێت. مار پێیوایە کە کوردەکان گەلێکی رەسەنن کە رەگوڕیشەی ئێرانیان نیە، بەڵکو هاوڕەچەڵەکی خالْدی و جۆرجی و ئەرمەنەکانن و لە چیاکانی ئاسیای بچوک نیشتەجێبوون و زمانەکەیان سەربە کۆمەڵەی زمانە یافیتیەکانە، واتە نزیکە لە زمانی جۆرجی و خالْدیەکانەوە. بەڵام لە قۆناغێکی مێژوویدا کە دیارنیە بە تەواوی کەیە، دەستبەرداری زمانی رەسەنی خۆیان بوون و زمانێکی نوێیان بۆ خۆیان داڕشتووە، یان بەکارهێناوە کە سەربە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە. لێرەدا زیاتر پێداگری لەسەر ئەوەیە کە رەچەڵەکی کورد ئاری بێت، یان یافیتی بێت یان فرە سەرچاوەو فرە رەچەڵەک بێت، زمانەکەی سەربە خێزانی زمانەکانی باکوری رۆژئاوای ئێرانە.

هەروەک ڤ. ف. مینۆڕسکی، وەکو زۆربەی لێکۆڵەران، بۆ نزیککردنەوەی کوردان لە کاردۆخیەکانەوە، بەڵگەی تەواوی بەدەستەوە نیەو هەموو ئەو بۆچوونە زمانەوانی و مێژوویی و کەلتووریە سەلمێنراوانەی ئەم جۆرە نزیک کردنەوەیە وەزەحمەت دەخەن دووپات دەکاتەوە. لەجیاتی کاردۆخیەکان

مینۆرسکی، بۆ باپیرە گەورەی کوردان، لەناو میلەتە کۆنەکانی ناوچەی چیایی میسۆپۆتامیای سەرو و دەوروبەریدا، پاکتییەکان نزیکترین هاوسێی کاردۆخەکان- دیاری دەکات(٢٥).» کوردەکان وەکو میلەتێکی دروستبوو بۆ جێگەی ئێستایان هاتوون و زمانی خۆیان هەبووەو لە زمانی خێڵ و میلەتانی تری ئێرانی جیاواز بووە. هەروەها لەبەرئەوەی ناتوانین ئەو سیما تایبەتیانەی کە زمانی کوردی لە فارسی و زمانانی تری ئێرانی جیادەکەنەوە بۆ زمانە باپیرە گەورەی ئێرانیەکانیان بگەڕێنینەوە، کەواتە زمانی کوردی نابێ نەوەی یەکێک لە دیالێکتەکانی ئەو زمانە گەورەو هاوبەشە بێت. بۆیە مینۆرسکی ناچاردەبێ بە دوای شوێنێکدا بگەڕێت کە میلەتی کوردو زمانی کوردی لێ دروست بووبێت و ئەم شوێنەش کەوتبێتە نێوان ئاسیای ناوەڕاست کە گوایە نیشتیمانی جارانی خێڵە ئێرانیەکانەو جێگەی ئێستای کوردان. ئەم جۆرە شوێنە بەبڕوای ئەو، دەبێ میدیای بچوک یان ئاترۆپاتین بێت، واتە کوردستانی موکریانی ئێستا کە دەکەوێتە خوارووی دەریاچەی ئورمێ(٢٦). بێگومان هاوشان و هاوکاتی میدیەکان، مانییەکان-یش لەم ناوچەیەدا ژیاون کە نزیکی لە نێوان زمانی کوردی دواترو زمانەکەی ئەواندا هەیەو وەکو لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد، هەندێ لە توێژەران پێیانوایە کە مانییەکان دڵی ئابوری و شارستانیتی میدیەکانیان پێکهێناوە. ئەمەش دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی لە سنووری میدیای ئەترۆپاتین واتە موکریانی ئێستادا بووە.

لە کاتێکدا مینۆرسکی پێیوایە کە شوێنی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی و زمانەکەی میدیای بچوکە، درایڤەر دەڵێت: ئەو خاکەی وا لەسەردەمی مێژوویدا زێدی رەگەزی کورد بووە، وێدەچێ هەر ئەو ناوچەیە بێت کە یۆنانیەکان بە کەردۆخیە و هەردوو لایەنی یۆنانی و رۆمی بە کوردوینی یا کوردیەئە- یان ناوبردووە، نووسەرە سووریانیەکانیش ناوی قەردوو-یان پێبەخشیوەو نووسەرانی کۆنی عەرەبیش قەردا-یان لە سووریانیەکانەوە وەرگرتووە(٢٧). بێگومان مێژووی ناوهێنانی کاردۆخیەکان کە بۆ یەکەمجار لە لایەن گەزنەفۆنەوە بووە، لەکاتی تێپەڕینی دە هەزار بەکرێگیراوی یۆنانیدا بە خاکی کاردۆخیەکاندا، ساڵی ٤٠١- ٤٠٠ی پێش زاین. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە

هەرچەندە کاردۆخیەکان وەکو گەزنەفۆن ناوی بردوون و نازانرێت لە ناوخۆدا ناویان چی بووە، یان خۆیانیان بەچی ناوبردووە، دیسان نازانرێت مێژووی بوونیان لەم ناوچەیەدا لەکەیەوە دەستی پێکردووەو تەنانەت رەگوڕیشەو رەچەڵەکیشیان روون نیە، هەرچەندە مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی سەبارەت بە کاردۆخیەکان دەڵێت: دەرهەق بەم عەشائیری کاردۆخیە کە لە رەجعەتی دەهەزارەدا ئەکسەنۆفۆن تووشیان بووە، دوو نەزریە هەیە، یەکێکیان ئەڵێ ئەم ئیسمە ناوێکی گۆڕاوی گۆتی قەدیمی تەبەقەی ئەوەڵەو شکڵ و تەلەفوزەکەی بە مروری زەمان گۆڕاوەو بووە بە کۆتی و کورتی زەمانی (ئۆکۆنتی- نیراری)ی قەڕاڵی ئاسوری. بەگوێرەی تەدقیقات و ئیستینتاجاتی موستەشریق میستەر دراوەر کە چ ئەم لەفزی کورتی-ەو چ کاردای زەمانی (ئاراد-ئانار)ی قەراڵی لاغاش و چ ئەلفازی موتەشابیهەی تر، هەموویان دەلالەت لە قەومی کورد ئەکەن. ئەگەر ئەم نەزریەیە سەحیح بێ، ئەبێ کاردۆخی بەقایای قەومی مەشهوری گۆتی بێ(٢٨). دیارە کە پێش دەرکەوتنی ناوی کاردۆخیەکان، چەندین پێکهاتەی تر لەم جوگرافیایەدا ژیاون کە دواتر بووەتە شوێنی ئیتنۆسی کوردی. ئەمەش مانای ئەوەیە هەریەکە بە جۆرێک و بەڕێژەیەک ئەگەری بەشداریکردنیان لە پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا هەیە. لەوانەش کە پێش کاردۆخیەکان بە ماوەیەکی درێژ بوونیان هەبووە، وەکو لۆلۆو گۆتی یان کورتی و کاسای و سوباری و خاڵدی و میتانی و هۆری و نایری و میتانی و... هەرچەندە ئەم مێژوونووسەی ئێمە لێرەدا زیاتر رووناکی دەخاتە سەر ئەو بۆچوونەی کە ناوی پێکهاتەی کاردۆخی هەرچۆن گۆبکرێت هەر کورد دەنوێنێت.

ئێستا ئاشکرایە لە رووی مێژوویەوە سەردەمی میدیا ئەترۆپاتین و سەدەمی کاردۆخیەکان هاو مێژوون، چونکە میدیای ئەترۆپاتین لە ساڵی ٣٢٣دا وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە باکوری ئێرانی ئێستا دامەزراوەو سەرباری هەڵچوون و داچوونی دەسەڵاتەکەی تا سەردەمی ساسانیەکان بەردەوام بووەو لە ساڵی ٢٢٦ی زاینیدا ساسانیەکانی دەسەڵاتەکەیان روخاندووەو داگیریان کردووە. کە ئاشکرایە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردی زۆر زووتر دەستی پێکردووەوە. هەروەک لەکاتی روخاندنی میدیای ئەترۆپاتیندا سەرەتای دەرکەوتنی ئیتنۆسی

کوردی ئاشکرابووە، چونکە دەوڵەتی ساسانی کە لە ساڵی ٢٢٤ی زاینیدا لە لایەن ئەردەشێری پاپەکانەوە دامەزرا، لەکارنامەی ئەردەشێردا دووجار ناوی کورد هاتووە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئیتنۆسی کوردی بە ناوێکی جێگیرو ئاشکراوە لەو کاتەدا دەرکەوتووە، بۆیە لەو قۆناغەدا بەئاشکراو لە کارنامەی دامەزرێنەری ئەو ئیمپرتۆریتەدا ناوی هاتووە. کەواتە ناکۆکی لە نێوان ئەو بۆچوونانەدا نیە کە پێیان وایە ئیتنۆسی کوردی لە سەردەمی میدیای ئەترۆپاتین یان سەردەمی کاردۆخیەکاندا درووستبووبێت و دەرکەوتبێت و رەگەزو توخمی جۆراوجۆریش بەشداری لە پێکهێنانیدا کردبێت. بەڵام خاڵێک لێرەدا جێگای لەسەر راوەستانە ئەویش ئەوەیە ئایا لە رووی جوگرافیەوە جیاوازی لە نێوان ناوچەی جوگرافی میدیای ئەترۆپاتین و جوگرافیای کاردۆخیەکاندا هەیە؟

ئاشکرایە میدیای ئەترۆپاتین بریتی بووە لە بەشی باکوری قەڵەمڕەوی میدیا، کە لە سەروەختی هەخامەنشیەکاندا ستراپی میدیا بووەو لە کاتی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا، ئاترۆپاتین کە سەرۆکی ئەم ستراپە بووە، لە دوای مردنی ئەسکەندەر لە بابل لە ساڵی ٣٢٣ی پێش زایندا، ئەو ناوچانەی بەرداگیرکاری ئەسکەندەر کەوتبوون لە نێوان فەرماندەکانی مەسەدۆنیدا دابەشکران. ستراپی میدیای سەردەمی پێشوو دابەشکرا بۆ میدیای گەورەو میدیای ئەترۆپاتین. ئاترۆپات کە میرهەرێمی هەموو ستراپی میدیا بوو، کرا بە فەرمانڕەوای بەشی باکووری میدیا، واتە میدیای بچوک کە لە ناوی فەرمانڕەواکەیەوە ناوەکەی بوو بە میدیای ئەترۆپاتین و وەکو دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ ماوەتەوە تا کاتی داگیرکردنی لە لایەن سوپای ئەدەشێری پاپەکانەوە، واتە دامەزرینەری دەولەتی ساسانی. لەو نەخشە جوگرافیایەدا کە لە لایەن س. ئی. کرۆڵ-ەوە ئامادەکراوە، هاتووە: میدیای ئەترۆپاتین بەشی باکووری میدیای گەورە بوو، لە باکووریەوە ئەرمینیا، لە رۆژهەڵاتەوە بەچیاکاندا دەکشا بە درێژایی رۆژئاوای قەفقاس تا دەریاچەی ورمیە، چیاکانی کوردستانی ئێستا سنووری باشووری بوو(٢٩). هەروەک ئەم دەسەڵاتە لە سەدەی چوارەمی پێش زایندا پێکهاتووەو ئازەربایجانی ئێران و کوردستانی ئێرانی گرتۆتەوە(٣٠). ئاشکرایە مەبەست لە کوردستای ئێستای ئێران رۆژهەڵاتی کوردستانەو میدیای ئەترۆپاتین ناوچەی موکریانی کوردستانی

ئێستای گرتۆتەوە، کە راستەخۆ هاوسێی جوگرافیای کاردۆخیەکانە. لە کاتێکدا کە بۆچوونەکان لەسەر ئەوە نزیکن کە پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە بە ئەترۆپاتین و میدیای گەورەو باکوری میسۆپۆتامیا و ئەناتۆلیای رۆژهەلات بەشدارییان لە پێکهینانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە.

ئەم نزیکی و هاوسنوورییەی کاردۆخیەکان وەکو درێژکراوەی لۆلۆو گۆتی و میتانی و هۆری و ئەوانی تر لەگەڵ میدیای ئەترۆپاتین کە بەشێک بووە لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی میدیاو بوونی مانییەکانیش وەکو دڵی شارستانی و ئابووری میدیا یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بگوترێت دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی لەم رووبەرە جوگرفیەدا بووە کە لە موکریانەوە- بەشێک لە میدیای ئەترۆپاتین- درێژدەبێتەوە بۆ باکوری میسۆپۆتامیا و باشوری رۆژهەڵاتی دەریاچەی وان و شاری ئامەدیش لەخۆ دەگرێت کە بەپێی قسەی گەزنەفۆن جێی دەسەڵاتی کاردۆخیەکان بووە. وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، پرۆسێسی پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی پرۆسێسێکی درێژخایەن و بەردەوام بووەو زۆر لە پێش ئەم مێژووەوە دەستی پێکردووەو توخم و رەگەزەکانی بەشداربووی پرۆسێسێکی لەوجۆرە لە دوای هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە سەرزەمینی میدیای ئەترۆپاتین و سنووری دەسەڵاتی کاردۆخیەکاندا بەرەبەرە بەرەو پێکهاتن چوون، تا بەشیوەیەکی ئاشکرا لە سەدەی دوو بۆ پێنجی زاینی کارلێکە ناوخۆییەکانی ئەو پرۆسێسە بەهیزتربوون و لە ئەنجامی ئەوەشدا روخسارو رواڵەتی ئەو ئیتنۆسە بەکاڵی پێکهاتوون و دەرکەوتوون، کە یەکەم نیشاندەری دەرکەوتنیشی ناوی «کورد»ە بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیەو لە ئاستی ناوخۆداو لە لایەن ئەوانی تریشەوە بەکاردێت.

## بەشی یانزەیەم

# ئیتنۆسی کوردی لە دوای دەرکەوتنی

سەرەتا: ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ئیتنۆسی کوردی لە سەدەی دووەم بۆ شەشەمی زاینی و لەسەردەمی دەسەڵاتی ساسانیدا ماک و خەسڵەتەکانی پێکهاتووەو لە شێوەیەکی کاڵ و بەسادەیی دەرکەوتووە. لێرەدا جارێکی تر وتە دیارەکەی ڤیلچێڤیسکی لەم بارەیەوە دەهێنینەوە کە دەڵێت: لە ناوەڕاستی کوردستانی ئێستاکەدا، لەسەر بنچینەی کۆمەڵێ خێڵی شوانکاری هەمەجۆر کە زۆربەکەی توخمی ئێرانی بوو، وردە وردە پرۆسەی دروستبوونی میلەتی کورد دەست پێدەکات. ئەم پرۆسەیەش لە دەوروبەری ماوەی نێوان سەدەکانی دووەم و شەشەمی زاینی، لە رۆژگاری دەسەڵاتداریێتی پارڤیاو ساسانیدا، روودەدات(١).

ئیستا گومان لەسەر ئەوە نیە کە لەسەردەمی دەسەڵاتی ساسانیدا ئیتنۆسی کورد دەرکەوتووە، بە تایبەتی کە هەندێک لە خاسێت یان پایە سەرەکیەکانی پێکهاتوون، لەوانەش ناوی ئیتنۆسەکە کە وەکو باسمان کرد، پایەیەکی سەرکی ناساندنێتی، هەروەها کات و شوێنی دەرکەوتنی ئیتنۆسەکەش تا ئەندازەیەکی نزیک لە تەواو ئاشکران. هەروەک بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە ئاماژەمان بە زۆرێکیان کرد، زمانی کوردی ئەگەر بەتەواویش وەکو زمانی ئیتنۆسێکی پیگەیشتووش دەرنەکەوتبێت، ئەوا وەکو زمانی ئەو خێڵانەی کە بە کورد دانراون و ماک و گەوهەری پێکهێنەری ئیتنۆسەکە بوون، زمانی کوردی، زمانی پەیوەندیکردنیان بووە.» ئەوەی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە سەرچاوەکانەوە گەیشتووە لە ناوهێنانی کورددا بەشێوەی ئێستای لە چەرخی ساسانیەکاندا

بوو- سەرەتای سەدەی سێی زاینی-...هەروەک لە نامەیەکی ئەردەوانی پێنجەم، دوا پادشای ئەشکانیەکان-فارس-دا کە بۆ ئەردەشێری کوڕی پاپەکی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی نووسیووە، دەردەکەوێت، کە مەبەستی هەموو خێڵە کۆچەرییەکان بوو بێ ڕەچاوکردنی پەیوەستبوونی نەتەوەییان(٢). لێرەدا هەرچەندە دڵنیاکردنەوە لەسەر دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زانیدا دەکرێت، ئەویش لە ناوهێنانی کورد لە کارنامەداو هەروەها لەو نامەیەی کە گوایە ئەردەوانی پێنجەم دوا پاشای پارسە ئەشکانیەکان بۆ ئەردەشێری دامەزێنەری دەوڵەتی ساسانی ناردووەو تیایدا پێداگری ئەوە دەکات، کە ئەو لەماڵی کوردادندا پەروەردە بووەو ئەوەش وەکو جۆرێک لە سوکایەتی بە ئەردەشێر نیشان دەدات. ئەمەش لە لایەن مێژوونووسی عەرەب تەبەریەوە گێڕراوەتەوە کە دەڵێت: تۆ ڕێگات بڕیووەو مردنی خۆتتهێناوە، ئەی ئەو کوردەی لە دەواری کورداندا پەروەردەبووی، کێ مۆڵەتی لەسەرنانی تاجەکەت و ئەو وڵاتانەی پێدایت کە خستووتنە ژێردەستت و بەسەر پاشاکان و گەلەکانیاندا زاڵ بوویت و کێ فەرمانی پێکردیت ئەو شارە دروست بکەیت کە لە بیابان چێت کرد(٣). لێرەدا ئەردەوان دەزانێت کە ئەردەشێر کێیەو لە کوێ پەروەردە بووە. ئاشکرایە ئەردەوانی پێنجەم دوا پاشای فارسە ئەشکانیەکان بووە، کە تا ساڵی ٢٢٤ی زاینی لەسەر کوردسی فەرمانڕەوایەتی بووە. واتە لە چارەکی یەکەمی سەدەی سێیەمی زاینیدا ئەم نامەیە نووسراوەو بەڵگەیەکی روونە لەسەر دەرکەوتنی نەک تەنیا ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆس، بەڵکو زانیاریش لەسەر شێوەی ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردی لەو مێژووەدا پێشکەش دەکات. لەو نامەیەدا دەواری کوردان بە کۆ باسکراوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە کورد وەکو پێکهاتەیەک هەبووەو لە چوارچێوەی نووسینەکەشدا ناوی بنەماڵە یان تیرەو خێڵ نەهاتووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو پێکهاتەیە لە بنەماڵە گەورەتر بووە. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە ئەردەشێر لەناو ئەواندا، واتە لە ناو کوردەکاندا پەروەردە بووە، ئەمەش بەڵگەی ئەویە کە کوردان لەو سەردەمەدا بوون و ژیان و کەلتوریان هەبووەو ناڕاستەوخۆ ئەردەوان بە ئەردەشێر دەڵێت تۆ لە ناو ڕەسەنایەتی فارسدا پەروەردە نەبوویت، کە دەشێ مەبەستی لەم قسەیەش ئەوەبێت کە ئەردەشێر لەبەرئەوەی گومان لە شێوەی پەروەردەکردنی دەکرێت

و لەناو کەلتورو پەروەردەیەکی نا فارسیدا پەروەردەکراوەو گەورەبووە، ناشێت مافی ئەوەی هەبێت تاجی دەسەڵاتی فارسی لە ئەشکانیەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەو. هەروەک لە ناوەرۆکی ئەو نامەیەدا ئەوەش دەردەکەوێت کە ئەردەوان بە سووک سەیری کوردی کردووەو پەروەردەبوونی ئەردەشێر لەناو شوانانی کورددا وەکو جۆرێک لە سوکایەتی بەکاردەهێنێت. بەهەرحاڵ مەبەستی ئەردەوانی پێنجەم هەرکام لەم بۆچوونانە بێت، ئەوەی بە گوێرەی باسەکەی ئێمە گرنگە دەرکەوتنی ناوی کوردە لە نامەکەیدا وەکو پێکهاتەیەکی جیاواز لە فارس و هەر پێکهاتەیەکی تر کە ئەوکاتە لە ناوچەکەدا هەبووبێت. ئەمەش واتە ناوهێنانی ئاشکرای کورد لە لایەن ئەردەوانی پاشای ئەشکانی و تۆمارکردنی ئەم زانیارییە لە لایەن مێژوونووسێکی بەناوبانگی وەکو تەبەریەوە، دەبێتە بەڵگەیەکی سەلمێنراو بۆ دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی لەو قۆناغەداو ئەم زانیاریەش لەگەڵ بۆچوونەکەی ڤیلچێڤیسکیدا سەبارەت بە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی بەتەواوی یەکدەگرێتەوە.

ئاشکرایە لەسەردەمی ساسانیەکاندا (٢٢٦- ٦٥١)، بەشی هەرە زۆری ئەو جوگرافیایەی کە ئێستا نیشتیمانی کوردە، لە ژێردەستی ئەم دەوڵەتە فارسیەدا بووە، بەشێکی کەمیشی لە ژێردەسەڵاتی رۆمی بێزەنتیدا بووە. راستە لەم قۆناغەدا ناوی ئیتنۆسی کوردی وەکو ئاماژەمان بۆ کرد لە ئاستێکدا دەرکەوتووە، بەڵام کورد لەسەرچاوە مێژوویەکانی پەیوەست بەم قۆناغە کە زیاتر لە چوار سەدە دەکات ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نیەو ئەگەر لێرەولەوێش ناوی هاتبێت زیاتر وەکو ناوی خێڵ و عەشیرەت ناوی هێنراوەو بەوجۆرە باس نەکراوە کە پێکهاتەیەکی خاوەن سیماو مۆرک و خەسڵەتی دیاربووبێت. بە تایبەتی کە دەسەڵاتی ساسانیەکان وەکو دەسەڵاتی دەوڵەتێکی گشتگر کە نوێنەرایەتی هەمووان بکات، بەشێوەیەک خۆی سەپاندووە کە لە لایەک بواری بۆ دەرکەوتنی ئەوانی تر نەهێشتووەتەوە، لە لایەکی تریش هەموو دەسەڵاتە ناوچەییەکانی وابەستەی ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەت کردووەو ئەوەشی کە هەر زوو ملکەچ نەبووبێت لە رێگای هێزەوە ملکەچ کراوە، کە دیارترین نموونەش لەوانەی هەر زوو بەهێز ملکەچ کراون، دەسەڵاتی میدیای بچووک یان میدیای ئەترۆپاتینە.

راسـته دەوڵەتـی ساسـانی دەوڵەتـی فـارس بـووە بـەڵام وەکـو دەوڵەتێکـی ئیمپراتـۆری هەژموونـی توونـدی بەسـەر هەمـوو قەڵەمـڕەوی خۆیـدا هەبـووەو یاسـاو ڕێسـای خۆیی لە هەموو شـوێنێکی قەڵەمڕەوەکەیدا سـەپاندووە. هەرچەندە هەنـدێ لـە ناسیوناليسـتانی کـورد پییانوایـە کـە دەوڵەتـی ساسـانی دەوڵەتێکـی کـوردی بـووە، یـان بەلایەنـی کەمـەوە بنەماڵـەی فەرمانـڕەوای ساسـان کـورد بوون، بەڵام وەکو پێشـتریش گوتوومانـە ئەم جۆرە بۆچوونـە نـە بە سـەرچاوە دەسـەلمێندرێت و نـە لـە ڕووی پەیوەسـتبوون بـە کوردەوە سـادەترین خاسـێتی کوردبوونـی هەبـووەو لەراستیشـدا کوردبوونـی هـەر دەسـەڵات و دەوڵەتێـک لـە روانگـەی پەیوەسـتبوونی بە کـورد و کارکردنیـەوە وەکو کورد هەڵدەسـەنگێنرێت و بڕیـار دەدرێـت. واتـە هـەر دەسـەڵاتێک کاری بـۆ کـورد نەکردبێـت کوردیـش بێت هیچ بەهایەکی نەتەوەیی و مێژوویی و شارسـتانیتی بۆ کورد نیە. تەنانـەت لەسـەر ئاسـتی تاکەکەسـیش زانایەکـی بـە ڕەگـەز کـورد خزمەتـی کەلتـوری فارسـی، عەرەبـی ئیسـلامی یـان تورکـی، یـان مرۆڤایەتـی بەگشـتی کـردووە، لـە ڕووی نەتەوەییـەوە بـۆ کـورد هیـچ بەهایەکـی نیـە. بـە واتایەکـی تـر شوناسـی کوردبـوون لـە روانگـەی ئامادەبـوون و پێشکەشـکردن و بەشـداریکردنی لـە بنیادنانـی سارسـتانێتی مرۆڤایەتیدا بەنـاوی کوردەوە بڕیاردەدرێـت، نـەک بەهـۆی پەیوەسـتبوون بـە نەژانـدی کـوردەوە.

بەهەرحـاڵ سـەرباری هەوڵدانـی کوردناسـان بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی لـە نێوان وشـەکانی گۆتـی و کردۆئیـن و کوردۆیـەن و کورتـی و کیرتـی و کـوردۆخ و قـەردو و فـەردو... بـەڵام تـا دەرکەوتنـی نـاوی کـورد وەکـو نـاوی ئیتنۆسـێک و بـە وشـەیەکی ئاشـکرا لەسـەردەمی ساسـانیەکانداو وەکو لەسـەرەوەش ئاماژەمـان بۆ کـرد لـەو نامەیـەی ئەردەوانـی پێنجەمـی دوا پاشـای ئەشکانیەکان و دواتریش لـە کارنامـەی ئەردەشـێری پاپەکاندا، کۆی ئـەو ناوانەی تر کە بۆ کورد پێشـنیارکراون تەنیـا هەوڵدانـە بـۆ دۆزینـەوەی ناوێـک بـۆ ئـەم پێکهاتەیـە. بـەڵام ڕێکنەکەوتـن لەسـەر ناوێـک تـا سـەردەمی ساسـانیەکان پشـتگیری ئـەو راسـتیە دەکات کـە تـا ئـەو کاتـە کـورد وەکـو پێکهاتـە یـان ئیتنۆس بوونـی نەبـووە، هەربۆیـە ناوەکەشـی دروسـتنەبووە یـان دەرنەکەوتـووە. دواتریش وشـەی» گورد یـا کـورد»ی فارسـی کـە وادیـارە لـە بنەچەیەکـی گشـتی وشـەی «گـەردو» یـا «قـەردو»ی بابلیـەکان

وەرگێرابێ، واتای ئازاو بەجەرگ یا شەڕانی و کۆڵنەدەرو هەروەها ئەویندارى شەڕوگەڕ دەدات کە ئەوانەش، تایبەتمەندیی کەسایەتی کوردن. وشەکە لە فارسیەوە چووەتە ناو عەرەبی و لەوێوە بۆتە ناوێکی گشتی ئەورووپیەکان بۆ کورد(٤).

لێرەدا ئێمە لەبەردەم پرسیارێکدا رادەمێنین، ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا ئەوانی دەرەوەی کورد لە سەردەمی ساسانیەکاندا کە بۆ ئەم پێکهاتەیە ناوی کوردیان بەکارهێناوەو وشەکە وەکو وشەیەکی فارسی و گێڕانەوەی رەچەڵەکی وشەکەش بۆ زمانی بابلی و لە فارسەکانیشەوە گوایە هاتووەتە ناو زمانی عەرەبی و لە ڕێگای ئەوانەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو زمانە ئەورووپیەکان، کە هەموو ئەمەش دەربڕینی درەوەی کورد خۆیەتی وەکو ناوێک بۆ ئەو. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەر لەو سەرەتای دەرکەوتنی ناوی کورد لای ئەوانی تر، کورد خۆی چی بە خۆی گوتووە یان بەچ وشەیەک ناوی خۆیی بردووە؟ ئایا کورد خۆی وشەی کوردی بۆ خۆی بەکارهێناوە، یان ناوێکی تر یان لە ئاستی ناوخۆدا چەند ناوێکی تری بۆ خۆی بەکارهێناوە؟

ئاشکرایە لەناوخۆی کۆمەڵگای کوردیدا هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و تا ئەو کاتەی کە گەرمیان و کوێستانی خێڵە کوردەکان بەردەوامبووە، وشەی کورد بۆ خێڵی کۆچەری یان ئەوانە بەکارهاتووە کە گەرمیان و کوێستانیان کردووە، واتە شوانکارە بوون. هەروەک بۆ ئەو پێکهاتانەی نیشتەجێبوون و زیاتر خەریکی کشتوکاڵ بوون، وشەی «گۆران» باکارهاتووە، یان بە گۆران ناوبراون. کەواتە ئێمە لێرەدا یان لەم قۆناغە مێژووییەشدا کە بەپێی بۆچوونەکان ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆسێک دەرکەوتووەو لە ئاستی دەرەوەدا ئەو ناوە بەکارهێنراوە، نازانرێت لەسەر ئاستی ناوەوە تا چ ئاستێک پێکهاتەکانی کە لە دەرەوەڕا بە کورد ناوبراون، لە ئاستی ناوەوەدا خۆیان هەستی ئەوەیان هەبووبێت لەژێر یەک ناودا خۆیان کۆکردبێتەوە یان بەلایەنی کەمەوە بە یەک ناو گوزارشتیان لەبوونی خۆیان وەکو پیکهاتەیەک کردبێت. بەتایبەتی کە ئاشکرایە ئەم پێکهاتەیە سەرباری دەرکەوتنی خاسێتە سەرەتاییەکانی وەکو ئیتنۆسێک بەڵام دیارە هێشتا لە ئاستێکی سەرەتاییدا بووەو وشەی یان ناوی کورد وەکو کرۆکی ئیتنۆس دەرکەوتووە، بەڵام هێشتا ناوی کورد

پێناچێت توانیبێتی ئەو خێڵ و دەسەتەو گروپانە بەتووەندی پێکەوە گرێبدات و یەکەیەکیان لێ پێکبهێنێت کە هاوجەشن و گونجاوبووبێت و ناوی کورد هەموو جەستەی ئەو پێکهاتەیەی گرتبیتەوە، بەڵکو ئەوەی دەشێت وەکو دەرئەنجامی لێکدانەوەی» کورد» لە سەردەمی ساسانیەکاندا سەیربکرێت، ئەوەیە کە زیاتر وەکو تیرەو خێڵ و دەستەی پەرش و بڵاو وابووە کە زۆرینەی کۆچەری و شوانکارە بووبن و کەمینەیەکیشی نیشتەجێ و لەپاڵ ئاژەڵداریدا سەرقاڵی کشتوکاڵ بووبن.

بێگومان بەشێک لە مێژوونووسانی کۆنی عەرەب و ئیسلامی لە بارەی ناو و بوونی کورد لە سەردەمی ساسانی و دەرکەوتنی ئیسلامدا زانیاری جۆراوجۆریان تۆمارکردووەو قۆناغی ئەو تۆمارکردنانەی ئەوانیش هەم لە رووی کاتەوە زۆر دوور نیە لەو مێژووەی کە باسیان کردووە، هەم لە رووی شوێن و تێکەڵاوبوونیشەوە مێژوونووسانی هەمان ناوچەی رووداوەکان بوون. ئەوەش تا ئەندازەیەک یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی بتوانن زانیاری باش لەبارەی کورد بە تایبەتی لە کۆتایی دەسەڵاتی ساسانیەکان و هاتنی ئیسلام و دەستپێکردنی پرۆسێسەکانی فەتحی ئیسلامی دا بخەنە روو. پێشتر ئاماژەمان بۆ گواستنەوەی ناوەرۆکی نامەیەکی ئەردەوانی پێنجەمی پاشای ئەشکانیەکان لە لایەن تەبەریەوە خستەروو. لە هەمان قۆناغدا، جوگرافیانووس و مێژوونووس خوردازبە (٨٢٠-٩١٢)ی زاینی، کە لە خۆراسان و لە خێزانێکی فارسی پێشتر زەردەشتی لەدایکبووەو لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی مەئموندا نزیک لە ناوەندی دەسەڵاتی خەلافەت بووە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە باسی سەرجەم ناوچە جوگرافیەکانی سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت و جوگرافیای گۆی زەوی دەکات دەڵێت: ناوچەکانی کورد- زموم- لە وڵاتی فارسدا ئەمانەن، ناوچەی ئەلحەسەن بن جیلیوایە کە ناودەبرێت بە بازنجان و لە شیرازەوە چواردە قۆناغە- فرسەخ-، ناوچەی ئەردام بن جواناە لە شیرازەوە بیست و شەس قۆناغە، ناوچەی ئەلقاسم ئیبن شەهربراز کە ناودەبرێت بە ئەلکۆیان لە شیرازەوە پەنجا قۆناغە، ناوچەی ئەلحەسەن بن ساڵح کە پێیدەوترێت ئەلشوران لە شیرازەوە حەوت قۆناغە(٥). ئەمەی لێرەدا هاتووە باسی ناوچە کوردیەکان دەکات لەسەردەمی فارسدا، واتە لە سەردەمی ساسانیەکاندا.

ناوچەکانیش بەپێی دووری و نزیکیان لە شیرازەوە دیاریکراون. ئەوەی لەم وتەیەدا جێگای بایەخە، یەکەم ناوهێنانی کوردە، کە بە کۆ-یش ناوهێنراوەو مەبەست کوردەکانە. هەروەها ناوچەکانیان لەو سەردەمەدا لە قەڵەمڕەوی فارسدا یان لەوانەیە راستتر وابێت بگوترێت لە نیشتیمانی فارسدا بریتی بووە لە چوار ناوچە. بێگومان لەم زانیاریەوە دوو خاڵی گرنگ لەسەر بوونی ئیتنۆسی کوردی باس دەکرێت، کە یەکەمیان ناوی ئیتنۆسەکەیە وەکو کورد، دووەمیان شوێنی ئەم ئیتنۆسەیە، واتە ئەو ناوچەو رووبەرە جوگرافیایەی کە تیایدا ژیاوە. هەروەک لە پشتی ئەم دوو خاڵەوە خاڵێکی تریش دەبێت بوونی هەبێت کە ئەویش بابەتی زمانە، جونکە ئەگەر ئەو پێکهاتەیە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی نەبووایە، نەدەشیا بەوناوەوە ناوببرایە. هەروەک جیاکردنەوەی کورد لەوانی تر لەم قۆناغەدا ئەوە دەگەیەنێت کە کورد تایبەتمەندی خۆیی هەبووە لە داب و نەریت و شێوازی ژیان، بۆیە وەکو بوویەکی جیاواز یان خاوەن تایبەتمەندی باسکراوەو هەر لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییەش وەکو پیکهاتەیەک لە قەڵەمڕەوی، یان لەسەر خاکی دەسەڵاتی فارسدا ناوی هێنراوەو باسکراوە.

ئەوە ئاشکرایە کە پرۆسێسی فەتحی ئیسلامی لەسەروەختی خەلیفەکانی راشیدینەوە دەستییێکردووەو لە سێ دەیەی یەکەمی کۆچیدا زۆربەی ئەو شوێنانەی کە ئێستا خاک و نیشتیمانی کوردن، کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی سوپاو دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیەوە. بێگومان دانیشتوانی ئەو ناوچانەش کە کوردبوون وەکو دانیشتوانی زۆربەی ئەو شوێنانەی تر کە سوپای ئیسلام پەلاماری داون، بەرگرییان کردووەو سەرئەنجام ناچاری ملدان و خۆڕادەستکردن کراون. دیارە ناوی کورد لەو کاتەوە لای عەرەب و بەتایبەتی مێژوونووسان و جوگرافیاناسانی عەرەب بیستراوەو لە نووسینەکانیاندا بایەخیان پێداوە، بەڵام زیاتر وەکو کۆچەری و خەڵکی ناجێگیر بە خاکەوە باسیان کردوون و وشەی «کوردەکانیان» وەکو هاوتای وشەی» الاعراب»ی عەرەبی داناوەو هەر لە روانگەی ئەو ئایەتەشەوە زیاتر سەیریان کردووە کە دەڵێت» الاعراب أشدو من الكفر». واتە هەر لە سەرەتاوەو لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە، زۆرینەی مێژوونووسانی عەرەب سەیری کوردیان کردووەو

دوو هۆکاریش یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی زۆرینەیان بۆچوونی خراپیان لەسەر کورد هەبێت. یەکەمیان ئەوەیە کە کوردەکان لە رووی سوپای فەتحدا وەستاون و بەئاسانی خۆیان نەداوە بەدەستەوە. دووەمیان دوای سەرکەوتنی پرۆسێسەکانی فەتحی ئیسلامی، کوردەکان راپەڕینیان کردووە، یان بەشداری ئەو راپەڕینانەیان کردووە کە دژی دەسەڵاتی ئیسلامی بوون. ئەمەش وەکو بەڵگەی نارازیبوونیان بە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی خەلافەت لێکدراوەتەوە.

لەبارەی کوردەوە ئیبن ئەسیر دەڵێت: کورد بە مانای خێڵی کۆچەری دێت. عەبدوڵای کوڕی عومەر ئاماژەی بە سوتاندنی پیاوێکی خێڵەکی فارسی کرد. پرسیار کرا، ئایا فارس خێڵەکییان هەیە، ئەویش گووتی بەڵێ کوردەکان خێڵەکیەکانی ئەوانن(٦). هەروەها هەمزەی ئەسفەهانی لە سەدەی چواری کۆچیدا گوتوویەتی: فارسەکان دیالیمی- یان کوردەکانی- یان خێڵەکیەکانی- تەبەرستان و عەرەبیش کوردەکانی- خێڵەکیەکانی- سورستانیان هەبووە(٧).

هەروەک مێژوونووسی دیاری ئیسلامی یەعقوبی لە کتێبەکەیدا بە ناوی «البلدان» چەند جارێک ناوی کوردی هێناوە. ئەو دەڵێت: روستاقی قامیدان کوردو تێکەڵاوێک لە عەجەمی لێیە. هەروەها روستاقی فەهمان کوردو هەروەها خورەمیەکانی لێیە(٨). هەروەک باسی شوێنێک دەکات و دەڵێت: وەکو ئەرمینیا دوورو ساردو خەماوی نیە کە بە دووژمن دەورە دراوە، هەروەها وەکو ئەو چیا خەمبارو سەخت و بەستەڵەکە نیە کە ماڵی کوردانە(٩). هەروەها دەڵێت: شاری سەیمەرە، کانی و رووباری لێیە، کە گوندو کێڵگەکان ئاودەدەن و دانیشتوانەکەی تێکەڵاوێکن لە عەرەب و عەجەمی فارس و کورد(١٠). شاری حەلوان کە شارێکی زۆر گەورەیەو خەڵکەکەی تێکەڵاون لە عەرەب و عەجەم لە فارس و کوردەکان(١١). شاری قرماسین کە شارێکی گەورەیە، زۆرینەی خەڵکەکەی عەجەمن لە فارس و کوردەکان(١٢). شارەزوور لە هەرێمی چوارەمدایە، ناوچەیەکی فراوانە لە نێو چیاکانی نێوان هەولێرو هەمەدان... دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەموویان کوردەکانن(١٣). زێدی کورد وڵاتە شاخاوییەکانی بەری رۆژهەڵاتی عێراق و رۆژئاوای ئێرانە(١٤). یەعقوبی کە لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا ژیاوەو لەم کتێبەیدا کە باسی جوگرافیاو شارو شوێنە دیارەکان و دانیشتوانی ئەو سەرزەمینانە دەکات، کە پێشتر لە سنووری دەسەڵاتی

ساسانیەکان و دەوڵەتانی تردا بوون و پاش دەستپێکردنی فەتحی ئیسلامی کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیەوە، چەندین جار ناوی کوردی هێناوەو شوێنی ژیانیانی دەستنیشان کردووەو تەنانەت بە گوێرەی ناوچەیەکی فراوانی وەکو شارەزوور کە ئەو بە جوگرافیای نێوان ئەربیل -هەولێر-و هەمەدانی داناوە، هەموو دانیشتوانەکەی کورد بوون. تەنانەت ئەگەر نووسەر مەبەستی کاتی گەیشتنی سوپای ئیسلامیش بێت بە شارەزوور، ئەوە ئاشکرایە کە لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا سوپای ئیسلام گەیشتووەتە شارەزوورو جزیرەی ئیبنولعومەر و زۆربەی ئەو ناوچانەی تر کە ئێستا نیشتیمانی کوردن. بەڵام دیارە ئەو کاتە ناوی کوردستان نەبووەو ناوی شوێنەکان هێنراوە یان بە وڵاتی کورد ناوبراون. کەواتە لە سەروبەندی دەرکەوتنی ئیسلام و بە تایبەتیش لە دەستپێکردنی پرۆسێسی فەتحدا، کورد وەکو ناوی ئیتنیک و وەکو میلەت باسکراوە، بەڵام دەبێ ئەو راستیەش بگوترێت کە سنووری وڵاتی کورد، یان سنووری ئەو ناوچانەی کوردی تێدا ژیاوە دیاریکراو نەبووە. بەڵکو ئەوەی دیارە ئەوەیە کە ئەو شوێنانەی تەنیا کوردیان تێدا ژیاوە وەکو شارەزوور، بە وڵاتی کورد دانراون. هەروەک لە وتەکانی یەعقوبیدا رووناکی دەخرێتە سەر خاڵێکی تریش، ئەویش بوونی کوردە شانبەشانی فارس لە زۆر شوێن و شارو ناوچەی تر. هەروەک لە روانگەی ئەم مێژوونووسەو زۆرینەی مێژوونووسانی تری عەرەب و ئیسلامەوە، کورد هاوشێوەی فارس بە عەجەم دانراوە. ئەمەش راستەخۆ بۆچوونی هەندێک لەو مێژوونووسانەی تری عەرەب رەتدەکاتەوە سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد کە دەیبەنەوە سەر عەرەب. هەروەها دیاردەیەکی تری پەیوەست بە رەچەڵەک لە نێو کۆمەڵگای کوردی دوای فەتحی ئیسلامیدا بابەتی رەچەڵەک و درەختی بنەماڵەیە. ئەم تیزە بە کاریگەری کەلتوری ئیسلامی گواستراوەتەوە بۆ ناو کەلتوری کوردی و رووبەرێکی فراون لە عەشیرەت و بنەماڵەکانی کورد درەختی بنەماڵەیان بۆ خۆیان دروستکردووەو خۆیان بردۆتەوە سەر ئالی بەیت کە ئەمەش لەگەڵ زانستی رەچەڵەکناسی ناکۆکەو بۆچوونی زۆرێک لە مێژوونووسانی عەرەبیش پشتگیری ئەو ناکۆکیە دەکات و ناشێت بێجگە لە رەچەڵەکی رەسەنی عەرەب هیچ کەسی تر بگەڕێتەوە سەر رەچەڵەکی ئالی بەیت و بەوەش دەردەکەوێت کە سەیدبوون و کوردبوون پێکەوە ناکۆکن و ئەگەر بنەماڵەیەک کورد بێت

ئەوا سەید نیە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر سەید بێت ئەوا کورد نیە. بۆچوونەکانی یەعقوبی بە روونی پشتگیری ئەم لێکدانەوەیە دەکات و لە سنووری پێکهاتەی ئیتنۆسی کوردیدا رووبەرێک بۆ سەیدبوون نیە، چونکە دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی ئیسلام و تەنانەت ئەگەر توخمی سامی یان عەرەبیش لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا بەشداری کردبێت، ئەوا ئەو بەشداریکردنە لەپێش دەرکەوتنی ئیسلامدا بووە، واتە پێش دەرکەوتنی چەمکی رەچەڵەکی سەید بووە.

یەکێکی تر لە مێژوونووسانی سەرەتای ئیسلام کە عیزەدین ئیبن شەدادەیە، لەبارەی کوردبوونی جزیرەی ئیبن عومەرەوە دەدویت و دەڵێت: جزیرەی ئیبن عومەر پێشتر پێی دەگوترا جزیرەی کوردەکان(١٥). ئەم مێژوونووسە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوەو باسی تەلارسازی جوگرافی و مێژوویی شام و عێراق و جزیرەی ئیبن عومەر دەکات، بە تایبەتی کاتێ کەوتوونەتە بەر شەپۆلی هێرشی مەغۆل. راستە کتێبەکە بەراورد بە سەردەمی تەبەری و یەعقوبی و مەسعودی، درەنگتر نووسراوە، بەڵام ئاماژەیەکی گرنگ بە رابردوو دەکات و لەوە دەدویت کە سەردەمانی پێشتر، ئەوەی ئێستا ناوی جزیرەی ئیبن عومەرە پێی گوتراوە جزیرەی کوردەکان. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لە سەردەمی دەستپێکردنی فەتحی ئیسلامی بە ئاراستەی شام و باکوری میسۆپۆتامیا کە بەشێکی دیاری ئەو ناوچانە لە سایەی فەرمانڕەوایی رۆمی بێزەنتیدا بووە، دانیشتوانی جزیرە کورد بوون و وەکو ئیبن شەدادیش دەڵێت هەر لەبەر هەمان هۆکار ناوی کوردی هەڵگرتووە. هەروەک ئاشکرایە ناوچەی جزیرە لە پێش فەتحی ئیسلامیدا لە سایەی دەسەڵاتی رۆم و ساسانیدا دابەشبووە. بەڵام دوای روخاندنی ساسانیەکان و دەرکردنی رۆمەکان لە لایەن سوپای عەرەبی ئیسلامیەوە، شام و جزیرەی ئیبن عومەرو جزیرەی فورات و باکوری میسۆپۆتامیا کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی و ئاشکراشە لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچیدا زۆرینەی ئەو ناوچانە کەوتوونەتە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی. بەڵام لە چەندین سەرچاوەدا ناوی خاکی کوردو نیشتیمانی کوردو شوێنی کوردەکان هاتووە، کە سوپای عەرەبی ئیسلامی دەستی بەسەردا گرتوون. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لە پێش

گەیشتنی سوپای ئیسلام بەو ناوچانە لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا، کورد وەکو ناو و وەکو خاکیش بوونیان هەبووە.»جزیرەی فورات یەکێک لە هەرێمە سەرەکیەکان بووە کە کوردەکانی تیدابوون و هەندێ بەشی بە شوێنی رەسەنی نیشتەجێبوونیان دادەنرێت(١٦). هەروەک بەلازیری ئەو تاکە مێژوونووسەیە کە لە گێڕانەوەکانیدا باسی ناوچە سەرەکیەکان یان ناوچە ناوەندیەکانی (شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکان) دەکات وەکو شارەزوورو خانەقین و جەلەولاو باعدری و.... ئەوەش کاتێک باس دەکات کە دەڵێت: مسوڵمانان جەند رۆژێک لە لە مەدائین بوون، یەزدگرد هێزیکی گەورەی لە جەلەولا کۆکردەوەو قورسی هێزەکەی لە خانەقین بوو.. شارەزوورو سامغان و دراباز لە لایەن حەتەبەی کوڕیفرقەدەوە فەتح کران کە شەڕی کوردەکانی کردو زۆری لێ کوشتن.. سوپای ئیسلام موسڵ و گوندەکانی بو خاکی باهەدری و باعەدری و حیتون و دامیرو.. هەموو شوێنەکانی کوردی داگیرکرد. بەرزەند گوندێک بوو حەیدەر بن کاوسی ئەفشینی کردبوویە سەربازگەی خۆی، کە ئەمیری مسوڵمانان موعتەسەم بیلا کردبوویە کاربەڕێکەری ئازەربایجان و ئەرمینیا و – هەرێمی- چیا لە رۆژانی شەڕکردنی ملهحورِ بابەکی خورەمی و قەڵاکەیدا.(١٧). دیارە ئەم مێژوونووسە بەدڵنیاییەوە سەیری کۆی ئەو پێکهاتانە دەکات کە لەسەردەمی فەتحی ئیسلامیدا هەبوون و هەریەکە خاوەنی ناوچەی جوگرافیای خۆی بووەو لە رێگای پرۆسێسەکانی فەتحی ئیسلامیەوە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی. ئایا مەبەستی ئەم مێژووەنووسە لە شوێنی نیشتەجێبوون یان شوێنی سەرەکی کوردان کوێیە؟

توێژەری ئیسلامی دکتۆر فرسەت مەرعی وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە بەم شێوەیە دەداتەوە: بەلازیری مەبەستی لە هەموو شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکی کوردەکان، هەموو ئەو شارو گوندو قەڵا کوردییانەیە کە کەوتوونەتە باکورو رۆژهەڵاتی دیواری- شورای- رۆژهەڵاتی نەینەوا، واتە ئەوەی ئێستا پێیدەوترێت پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک(١٨). کەواتە ئەو رووبەرەی کە ئەم مێژوونووسە باسی دەکات بەشێکی دیاری ئەو جوگرافیایە کە ئیتنۆسی کوردی تێدا دەرکەوتووەو شوێنی گۆتی و کاردۆخی و هەندێ لەو پێکهاتانەی تریش بووە کە بەشدارییان لە پرۆسێسی پێکهێنانی ئیتنۆسی کوردیدا کردووە.

بەلازیری لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی زاینیدا لە دایکبووەو لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەمدا بابەتەکانی نووسیووە بە تایبەتی کتێبە بە ناوبانگەکەی» فتوح البلدان». ئاشکرایە مێژووی نووسینی ئەم کتێبە هێندە دوورنیە لە سەردەمی فەتحی ئیسلامیەوە.

هەروەها یاقوتی حەمەوی دەڵێت: شارەزوور ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان موسڵ و ئازەربایجانەوەو ناوچەیەکی بەتەواوەتی کوردیە(١٩). هەروەک خاڵێکی گرنگیش هەیە کە گوایە ئەم ناوچانەی باکوری میسۆپۆتامیاو جزیرەی فورات لە ساڵی بیستی کۆچی و لەسەر دەستی عەتەبەی کوڕی فیرقەدی سەلما فەتح کراون و کەوتوونەتە ژێر دەستی سوپای ئیسلام. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە بەوپێیە لە هاتنی ئیسلامدا کە راستەوخۆ بەدوایدا روخاندنی دەوڵەتی ساسانی هاتووە، کورد لە باکوری میسۆپۆتامیا ناو و جوگرافیای خۆیی هەبووەو شارو گوندو قەڵای هەبووە، کە هەموو ئەمانەش ئاستی بوون و ئامادەبوونی کورد وەکو ئیتنۆسێک دەردەخەن. بێگومان کاتێ باسی شارو گوند دێت، راستەوخۆ وێنەی کۆمەڵگایەکمان لە لا بەرجەستە دەبێت کە جۆرێک لە نیشتەجێبوونی هەبووەو بەو پێیە دەبێت زمانی تایبەتی خۆیشی هەبووبێت بۆ پەیوەندیکردن. بەڵام دیسان نەبوونی نووسین بە زمانی ئەم ئیتنۆسە دەریدەخات کە کۆمەڵگای کوردی لە کاتی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیدا و بۆ ماوەیەکی مێژوویی دوورودرێژیش دوای ئەوە نەبووەتە کۆمەڵگای نووسین، بەڵکو کۆمەڵگای دەرەوەی نووسین بووە. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ هەمان یادەوەری تاڵی سەردەمی مادەکان کە ئەوانیش کۆمەڵگایەکی بێ نووسین بوون و تۆماری تایبەتی خۆیانیان نەبووەو بۆ ئاگاداربوون لە ژیان و مێژوویان دەبووا لە مێژووی دراوسێکانیان و میلەتانی تری خاوەن نووسین و تۆماری ئەو سەردەمەدا بە دوای مێژووی مادەکاندا بگەڕاینایە. بەهەمان شێوە بۆ مێژووی کورد لە سەردەمی ساسانی و سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام و دەسەڵاتەکانی ئیسلامدا، دەبێ لە تۆمارو مێژووی مێژوونووسانی ئیسلامی و عەرەبی ئیسلامیدا بگەڕێین.

یەکێک لەو مێژوونووسانەی عەرەبی ئیسلامی کە شوێن و پێگەیەکی دیاری لە مێژووی کۆن و مێژووی سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام و گەشەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا هەیە، ئەلمەسعودیە. بیروبۆچوونەکانی ئەم مێژوونووسە

سەرباری ئەوەی کە زۆرێکی خەیاڵ پڵاوی و دروستکردن و بنیادنانە لەسەر ناڕاستی و بۆچوونی نازانستیانە، بەڵام نەک هەر لە لای عەرەب و مسوڵمانان، بەڵکو لای رۆژئاواییەکان و رۆژهەڵاتناسانیش جێگای بایەخە. ئەوەی دەماودەم کەوتووەتە ناو خەڵک سەبارەت بە بۆچوونی ئەلمەسعودی لەبارەی کوردەوە ئەوەیە کە ئەو کوردی بە نەوەی جنۆکە داناوە. بەهەرحاڵ ئەوەی مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوە نیە کە بۆچوونەکانی ئەو سەبارەت بە رەگوڕیشەی کورد راستن یان نا، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو ناوی کورد وەها دەبات کە لە دوای دوا پاشای مادەوە کە ئاستیاگەو بە زوحاک یان ئەژدیهاک ناوی دەبەن، کورد بوونی هەبووە. لەم بارەیەوە ئەو چیرۆکێک دەگێڕیتەوە سەبارەت بە دروستبوونی کورد کە چیرۆکێکی زانراوە لای ئێمەو ئەوەیە کە گوایە کوردەکان نەوەی ئەو کوڕو کچە لاوە رزگاربووانەن کە دەبوا رۆژانە سەربببڕرانایەو مێشکیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانی ئەژدیهاک بدرایە.

لەم بارەیەوە ئەلمەسعودی دەڵێت: ئەو لاوانەی رزگاردەبوون، رایان دەکرد بۆ چیاکان و دەبوون بە کێویی و لەو چیایانە زاوزێیان دەکردو ئەوانە دەستپێکردنی کوردەکانن(٢٠). هەرچەندە ئەم مێژوونووسە سەرباری ئەم بۆچوونەی، هاوکات هەوڵدەدات رەگوڕیشەی کورد بگێڕێتەوە بۆ سەر رەچەڵەکی عەرەب، هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: لەبارەی رەگەزی کوردەکان و چەشنەکانیان و لەبارەی پێکهاتەیانەوە خەڵک ناکۆکن. هەندێ وای دەبینن کە کوردەکان نەوەی رەبیعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعزی کوڕی عەدنانی نەوەی وائیلن، کە لەسەردەمی کۆنەوە تاککەوتوون و کەوتوونەتە چیاو دۆڵەکان و لەوێش بە گەلانی نیشتەجێی شارو خانوو لە غەیرە عەرەب و فارس دەورەدراون و لە زمانی پێشتریان دوورکەوتنەوەو زمانەکەیان بوو بە زمانێکی غەیری عەرەبی، هەموو شێوەکانی کوردەکان زمانی کوردی خۆیان هەیە(٢١). هەروەها دەڵێت: هەندێ خەڵکی تر وا سەیری کوردەکان دەکەن کە نەوەی موزڕ کوڕی نزارن، ئەو کوردانە نەوەی کورد کوڕی مەرد کوڕی سەفسەعەی کوڕی هوزانن و لە دێر زەمانەوە جیابوونەتەوە، هەروەها هەندێکی تریش وای دەبینن کوردەکان نەوەی رەبیعەن و لە چیاکان خۆیان گرتووەو بەدوای ئاو و لەوەڕگاوە بوون و لە زمانی عەرەبی دوورکەوتوونەتەوە(٢٢).

وەکو گوتمان هەوڵی سەرەکی ئەم مێژوونووسە ئەوەیە کە کورد بباتەوە سەر نەژادی عەرەبی. بەلام ئاشکرایە ئەوە نەک ناسەلمێندرێت، بەڵکو بۆچوونێکی لەوجۆرە دەرئەنجامی ئەوبۆچوونە تەسکەیە کە پێیوایە رەگەزی سامی و بەتایبەتیش عەرەب بە کاریگەری ئیسلام لە کۆنداو بەکاریگەری روانینی شۆڤێنیستانەی هاوچەرخی ناسیونالیستی عەرەبی وەکو سەرەکیترین رەگەزو رەگەزی ناوەند دادەنێت و هەر لەسەر ئەو بنەمایە کوردیش دەبەنەوە سەر عەرەب. لە راستیدا ئەم بۆچوونە لە قۆناگەکانی دواتردا لە بیری ناسیونالیستی عەربیدا جێگای گرتووەو کاری لەسەر کراوەو بەشێک لە پرۆسێسی بە عەرەبکردنی کورد پەیوەندی بەو تێڕوانینەی مێژوونووسانی عەرەبی ئیسلامیەوە هەیە بۆ گێڕانەوەی کورد بۆ سەر نەژادی عەرەبی و بابەتی سەیدو دروستکردنی دەرختی بنەماڵەش لای سەیدەکانی کوردستان دیسان ئیلهامی لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتووە.

ناوهێنانی چەندین جاری کورد لە لایەن ئەم مێژوونووسەوەو باسکردنی بوونی کورد لە مێژوویەکدا کە دەکاتە کاتی دوا پاشای میدیەکان، واتە ناوەراستی سەدەی شەشەمی پێش زاین، ئاماژەیە بۆ داننانی ئەم مێژوونووسە بە بوونی کورد لە ماوەیەکی مێژوویی زۆر پێش دەرکەوتنی ئیسلام و دەسەڵاتی عەرەبیدا. هەروەها باسکردنی کورد بۆ دوورکەوتنەوە لە باپیرە سامیەکانیان وەکو ئەو دەیڵێت و رووکردنیان لە چیاو دۆڵەکان و وازهێنانیان لە زمانی عەرەبی و داڕشتنی زمانێکی تر بۆ خۆیان بە ناوی زمانی کوردی، هەرچەندە ئەم بۆچوونە ئەگەری ئەوەی تێدا نیە کەمترین راستی تێدا بێت، بەڵام لە روویەکی ترەوە ئەوە نیشان دەدات کە کوردەکان لە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلامدا لە ناوچە چیایی و دۆڵەکاندا نیشتەجێ بوون و خاوەنی زمانی خۆیان بوون. لێرەدا لە قسەکانی ئەم مێژوونووسەدا سێ پایەی بوونی ئیتنۆسی کوردی بەئاشکرا دەردەکەون کە ناو و زمان و شوێنی یان خاکی ئیتنۆسەکەیە، واتە ئیتنۆسی کوردی. کەواتە بوونی ئیتنۆسی کوردی لە دەرکەوتنی ئیسلامدا روون و ئاشکرایەو شتێک نیە کە بتوانرێت رەتبکرێتەوە.

هەر لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا و لە هەمان شەپۆلی هەڵچووی مێژوونووسی عەرەبی ئیسلامی سەردەمی عەباسیەکاندا، مێژوونووسی ناودار ئەلیەعقوبی

لەبارەی شوێن و نیشتیمانی کوردەوە، شێوە ئەفسانەیەک دروست دەکات و تیایدا کوردەکان بە نەوەی چیانشینەکان دادەنێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: چیاکان لانکی کوردەکانەو ئەو نیشتیمانەیە کە باوباپیرانیان تیایدا پەروەردە بوون(٢٣). واتە ناوی کورد و باپیرانی کورد بە ئاشکرا پەیوەست بووە بە چیاوە، دەشێت دەربڕینی ئەم دواییانەی «کوردەکان دۆستیان نیە بێجگە لە چیاکان» ڕەگوڕیشەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەم بۆچوونە مێژووییە. هەر سەبارەت بە هەمان بۆچوون، یەعقوبی دەڵێت: ناونانی چیاکان بە «ماڵی کوردەکان» درێژبوونەوەیەکی لە پەیوەندی کورد بە چیاوە دروستکردووە(٢٤). لێرەدا دیسان دوو خاڵی گرنگ کە دوو پایەی سەرەکی بوونی ئیتنۆسی کوردین جەختیان لێ دەکرێتەوە، کە یەکەمیان بوونی ناوی کوردە وەکو ناوی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی ناسراو، دووەمیان خاک و نیشتیمانی ئەم ئیتنۆسەیە کە ئەویش ناوچە چیاییەکانە. هەروەک مێژوونووس ئەستەخیری لەبارەی خاک و نیشتیمانی کوردەوە دەڵێت: کوردەکان لە خاکی دینەوەرو هەمەدان و وڵاتی ئازەربایجان و وڵاتی شام و لە خاکی موسڵدا بوون هەتا دەگات بە چیای جۆدی. ئەمانە -واتە کوردەکان- بە پێی بۆچوونی یاقوبی- یاقوبیەکان- کریستیان- نصاری- بوون(٢٥). لێرەدا دەبینرێت ئەو خاکەی کورد لە سەروەختی کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ساسانی و هاتنی دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامیدا لەسەری ژیاون، رووبەرێکی فراوانەو زۆرینەی ئەو سەرزەمینە پێکدەهێنێت کە ئێستا نیشتیمانی کوردە. هەموو ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن کە لەو سەردەمەدا بوونی کورد لە ئاستێکدا بووە کە نەتوانراوە پشتگوێ بخرێت.

بێگومان کەسانی تریش لە مێژوونووسان و جوگرافیاناسانی عەرەبی ئیسلامی بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیەکاندا باسی کوردو خاک و نیشتیمانی کوردیان کردووە. ئیبن حوقەل کە لە نەسیبین لە دایکبووەو لەپاڵ مێژوودا، جوگرافیاناس بووە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی» وێنەی زەوی» نووسیویێتی» لە لای چەپی ڕێگای هەمەدان بۆ رەی مەیدانێک- رووبەرێک- هەیە هەوارو پیادەڕۆی کوردەکانە...، شارەزوور ناوچەیەکە- شارێکی بچووکە کوردەکان تیایدا بالادەستن...، سەهرەوەرد لە وەسفکردنندا وەکو شارەزوورە- لە بەروبوومدا- کە کوردەکان تیایدا بالادەستن...، ئەم ناوچەیە لە سنووری شارەزورەوە بۆ ئامەد، لە نێوان سنووری ئازەربایجان و جزیرە و ناوچەکان

موسڵ بە چیا دەورە دراوە.. کوردەکانی لێ نیشتەجێن(٢٦)، هەروەها لەبارەی کورد لە موسڵ و دەوروبەری دەڵێت: لە موسل کوردەکانی حەمیدیەو لاریەو هەزەبانی و هی تریش دەژین(٢٧). هەروەها درایڤەر دەڵێت: ئیبن حوقەل دەوروبەری ساڵی ٩٧٨ی زاینی، زانیارییەکی زۆر بە کەڵکمان پێدەدات کاتێ دەڵێ لە هەندێ بەشی ئێراندا، بەرپرسی کۆکردنەوەی باجی هەموو ناحیەو مەڵبەندێکی میریی، سەرۆکێکی کورد بووە و کۆنترۆڵی تەواوی هەموو ناوچەکەشی بە پاراستنی ڕێگاوبانەشەوە لە ژێر دەستدا بوو، زامنکاری تێپەڕبوونی ساغ و سلامەتی کاروان بەو جادانەشدا، بە لەبەرچاوگرتنی گشتیی سوودی سوڵتانەوە، هەر ئەو کەسە بوو(٢٨). زانیارییەکانی ئیبن حوقەلیش دیسان ئەوە روون دەکەنەوە، یەکەم، کورد وەکو ئیتنۆس لە رووی ناو و خاکەوە ئامادەبوونی هەبووەو رووبەرێکی فراوانیشی گرتووەتەوەو نەک هەر ئەو جوگرافیایەی کە ئێستا نیشتیمانی کوردانە، بەڵکو ئەوەش نیشان دەدەن کە کورد لە سەردەمی دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی و پێشتریشدا نەک هەر لە جوگرافیای ئیستای کوردستاندا، بەڵکو لە هەندێ لەو ناوچانەشدا بوونیان هەبووە، کە سنووری خاکی فارس و عەرەب بوون. لەوانەیە مەبەستی ئەم مێژوونووس و جوگرافیاناسانە لەم قسەیەی ئەوە بووبێت کە لە لایەک هەر ئەوە نەبووە کوردەکان تەنیا لە ناوچە چیاییەکاندا ژیابن و بە ئاژەڵداریەوە خەریکبووبن و شوانکارە بووبن، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا لە دامێنی چیاکاندا لەپاڵ ئاژەڵداریدا، خەریکی کشتوکاڵیش بوون و هەر ئەوە نەبووە کە تەنیا کۆچەری بووبن و خەریکی گەرمیان و کوێستان بووبن، بەڵکو نیشتەجێیش بوون. ئەمە بێجگە لەوەی هەندێ لەو کوردانەی لە ناوچەکانی عەرەب یان فارسدا ژیاون تێکەڵاوی شێوازی ژیانی ئەوان بوون و تەنانەت هەندێ پێگەی بەڕێوەبردنیشیان وەکو تاکەکەس لە دەسەلاتەکانی ئەواندا دەستکەتووە. وەکو ئەوەی ئیبن حوقەل باسی لێوە کرد کە هەندێ کەسی کورد لە ناوچەکانی ئێرانی سەردەمی دەسەڵاتی خەلافەتی عەربی ئیسلامیدا بەرپرسی کۆکردنەوەی باج و خەراج بوون و نوێنەرایەتی خەلیفەی مسوڵمانیان کردووە.

لەبارەی کوردو شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە لە کۆندا، هەندێ لە مێژوونووسانی نوێی عەرەب کە توێژینەوەی مێژووی عەرەب و قەڵەمڕەوی دەوڵەتی خەلافەتیان

کردووە، باسی کوردیان کردووە. لەو رووەوە عەبدولعەزیز ئەلدوری دەڵێت: کۆمەڵی بچووک بچووکی کوردی لە دەشتەکاندا جێگیربوون، بەڵام بەگشتی کورد لە چیاکاندا ماونەتەوەو لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچیدا جوڵەیان فراوان بووە(٢٩). قسەی ئەم مێژوونووسە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لەگەڵ بۆچوونی بەشێک لە کوردناسانی رووس و رۆژئاواو لەگەڵ باری واقیعی کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمەدا یەکدەگرێتەوە. کاتێ ئاشکرایە کە کورد لەو سەردەمەدا دابەشبووە لە نێوان زۆرینەی ئەو خێڵانەی خەریکی ئاژەڵداری بوون و بەدوای لەوەڕگاو ئاودا گەرمیان و کوێستانیان کردووەو کەمینەی ئەوانەی کە نیشتەجێبوون و لەپاڵ ئاژەڵداریدا خەریکی کشتوکاڵ بوون. ئەوانەی خەریکی کشتوکال بوون لە پێدەشتەکان و دامێنی چیاکاندا لە دەوری کانی و کارێزەکان نیشتەجێبوون.

دیارترین کەسێک لە دوا نیو سەدەی فەرمانرەوایی عەباسیەکاندا بە چڕی باسی ناوچە کوردیەکان و هەندێ لە خێڵ و لە پێکهاتەکانی کوردی کردووە، یاقوتی رۆمی- یاقوتی حەمەوی- (٥٧٤- ٦٢٦ی کۆچی)بووە، کە ئەم زیاتر جوگرافیاناس بووەو لە راستیدا یاقوتی رۆمی بە منداڵی لەگەل خەڵکی تردالە لایەن سوپای دەوڵەتی ئیسلامیەوە بە دیل گیراوەو هێنراوەتە بەغداو لەوێ بازرگانێک کڕیوێتی و پەروەردەی کردووەو ناوی حەمەوی لەوەوە وەرگرتووەو سەر ئەنجام بووە بەو ناوە گەورەیە. یاقوت لەبارەی هەولێرەوە دەڵێت: لەگەڵ فراوانبوونی ئەم شارەدا، بیناکان و شێوەیان لە گوندەکانیشدا لە بینای شارەکان دەچن. زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، کراون بە عەرەب (مەبەستی ئەوەیە کراون بە مسوڵمان-ن)، هەموو رەساتیقەکانی و جوتیارەکان و هەرچی تری بۆ زیادکراوە کوردن(٣٠). هەروەها دەڵێت: باکلبا یەکێکە لە گوندەکانی هەولێر، کە هاوڕێی زانامان ئەبو عەبدوڵای حسەینی کوڕی مەشروین کوڕی ئەبی بەشەری جەلالی باکیلبی خەڵکی ئەوێیە. جەلالی دەگەڕێتەوە بۆ خێڵێکی کوردەکان(٣١). گردی-تل- هەفتون شارۆچکەیەکە لە ناوچەی هەولێر کاروانەکان لێی لادەدەن... لە ناوەندی چیاکاندایە و بازاڕێکی باشی تیایە و داهاتێکی بەربڵاوی هەیەو لە تەنیشتیدا گردێکی بەرز هەیە خانووی زۆری خەڵکەکەیی لەسەرە، وا دەزانرێت کە قەڵایە و رووبارێکی پێدا دەڕوات و دانیشتوانەکەی هەموویان کوردن(٣٢).

جەرزەقیل لە ناوچەکانی زۆزانەو کورسی ولاتی کوردانی بەختیە(٣٣). هەروەها جورقان نەوەیەکن لە کوردەکان لە جەرگەی حەلوان دادەنیشن(٣٤). گوندی جۆزە گوندێکە لە چیاکانی هەکاری کوردەکان لە سنووری موسڵ(٣٥). قەلای کوردان قەلایەکی دامەزراوی پارێزەرە لەسەر ئەو چیایەی لە رووی رۆژئاواوە بەرامبەر حمسە. هەندێ لە دەسەلاتدارانی -میرەکانی- شام پێگەی بورجێکیان لێ دانابوو، کە کۆمەڵێک لە کوردەکانیان کردە پێشڕەو لە نێوان خۆیان و فەرەنجیەکاندا(٣٦). داسن ناوی چیایەکی گەورەیە لە باکوری موسڵ لە کەناری رۆژهەلاتی دیجلەدا، ژمارەیەکی زۆر لە خێڵی کوردی تێدایە پێیان دەگوتریت داسنیەکان(٣٧).

یاقوتی حەمەوی ئەو شوێنانەی باسیان دەکات زۆریانی بینیووە، ئەوەتا لێرەدا باسی شارۆچکەی دەشت دەکات کە پێدەچێت مەبەستی سەردەشت بێت کە خۆی بینیوێت و دەڵێت: دەشت شارۆچکەیەکە لە نێوەندی چیاکان لە نێوان هەولێرو تەبرێزدا، خۆم بینیومە کە ئاوادان بووەو پڕ بووە لە خێر، دانیشتوانەکەی هەمووی کوردن(٣٨). قەلای شەرماخ قەلایەکە بەسەر گوندی ئەبی ئەیوبی نزیک نەهاوەنددا دەڕوانێت کە هەندێ لە کوردەکان دروستیان کردووە(٣٩). شارەزوور ناوچەیەکی فراوانە لەناو چیاکان لە نێوان هەولێرو هەمەدان، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەموویان کوردن(٤٠). بێجگە لەم شوێنانە، یاقوت باسی چەندین شوێن و قەلای تر دەکات کە کوردیان لێ دەژی یان کورد دروستیان کردوون. لە زانیارییەکانی یاقوتدا ناوی کورد وەکو ناوی ئێتنیکێکی تەواو و شوێنی کورد کە مەبەست خاکە ناوچەیەکی فراون دەگرێتەوەو ئەو کاتەشی ئەو باسی دەکات لە هاتنی سوپای عەرەبی ئیسلامیەوە بۆ ئەو ناوچانەی کوردی تێدا بووە هەتا سەردەمی یاقوت خۆی دەگرێتەوە، کە کۆتایی سەدەی شەشەم و چارەکی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچیە.

ئەم زانیارییانەی سەرەوە کە لە لایەن مێژوونووسانی عەرەبی ئیسلامیەوە خراونەتە روو، راستەوخۆ زانیارین سەبارەت بە بوونی کورد لە کۆتاییەکانی دەسەلاتی دەولەتی ساسانیەوە هەتا سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی، واتە کۆتایی سەدەی دوانزەیەمی زاینی. بوونی کورد لەم قۆناغەدا کە نزیکەی

شەش سەدە داکات، دەریدەخات کە کورد وەکو ئیتنۆس لە رووی ناو و خاکەوە دەرکەوتووە. ئێمە لە بەشەکانی پێشتریشدا باسی دەرکەوتنی پایەی زمانی ئەم ئیتنۆسەمان کرد. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە گەشەو پەرەسەندنی نائاسایی یان ناسروشتی کۆمەڵگای کوردی کە ئەویش یەکێک لە هۆکارەکانی» ئەم بارەی تۆپۆگرافیای کوردستانی- ئێستایە- خاکەکەیەتی- بۆتە هۆکاری پەرتبوون و دابڕان و لێکتر دوورکەوتنەوەی خێزان و بنەماڵەو هۆزو تیرەکانی خێڵێک لە یەکتری(٤١)و ئەمەش وایکردووە کۆمەڵگای کوردی لە سەدەی سێی زاینیەوە سەرباری ئەوەی ناوی کورد تیایدا وەکو ناوی ئیتنۆس دەرکەوتووە، بەڵام ئەو ناوە زیاتر گوزارشت لە خێڵ بکات. تۆپۆگرافیای کوردستانی ئێستاو شوێنی ئەو پێکهاتانەی کە ئیتنۆسی کورددیان لێ پەیدابووە، لە چیاو دۆڵ و زنجیرە چیای سەختی یەک بە دوای یەکدا پێکهاتوو، رێگای تێکەڵاوبوونی پێکهاتەکانی کوردی گران کردووەو پێکهاتە ناوچەییەکانی کورد لە بنەماڵەو تیرەو خێڵەکان لێکتر پەرت و دابڕاوبوون و بەربەستەکانی بەردەم رێگای تێکەڵاوبوون هۆکاری ئاشکرابوون بۆ رێگاگرتن لە کۆمەڵایەتیبوونێکی فراوان و گشتگرو بەهێز، کە زمانێکی یەکگرتوو ببێتە ئامرازی پەیوەندی کردنی نێوانیان. ئەم پەرتبوونە زیاتر دەوری هەبووە لە دروستبوونی زمانە ناوچەییەکاندا، کە لە جیاتی زمانێکی یەکگرتوو کۆمەڵێک شێوەزار-دایەلێکت- دروستبووە. ئەمەش هەر لە سەرەتاوە بووەتە پایەیەکی لاوازی ئیتنۆسی کوردی.

فرە شێوەیی ئامرازی دەربڕین و پەیوەندیکردن دیواری لە نیوان پێکهاتەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا کە پێکهاتەی خێلایەتی بوون، دروستکردووەو ئەوەش رێگربووە لەبەردەم دروستبوونی ئیتنۆسێکی یەکگرتوودا. واتە سەرباری ناجۆری خاکی ئەم ئیتنۆسە لە رووی تۆپۆگرافیاوە، هەم پێکهاتەی ئیتنۆسەکە نەک هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە بەڵکو لەگەڵ رۆیشتنی کاتیشدا نەیتوانیووە لە بنەمالەو تیرەو خێڵە جۆراوجۆرەکان، میلەت وەکو یەکەیەک پێکبهێنێت. هەروەها ئەم دابەشبوونە لە بنیادی مرۆیی ئیتنۆسەکەدا رۆڵی هەبووە لە دروستبوونی زمانی ناوچەیی یان شێوە زارە جۆراوجۆرەکانی کوردیدا، بە ئەندازەیەک نەک بۆ قۆناغەکانی زوو، بەڵکو بۆ ئێستاش، نەک ئاستی قسەکردنی قسەکەری سەربە هەر شێوە زارێک بە شێوە زارەکانی تر زۆر لاوازە، بەڵکو ئاستی

تێگەیشتنیش لە نێوان قسەکەرانی شێوە زارە جیاوازەکاندا لاوازەو ناتوانێت ببێتە بنەمای تێگیشتن و پەیوەندیکردنی ئاسایی. ئەمەش لە ئاستێکی تردا کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر نزیکی یەکێتی بیرکردنەوەو روانینی مرۆڤی کورد.

سەرئەنجام دەگەین بەو خاڵەی کە فرە شێوە زاری زمانی کوردی هەر لە سەرەتاوەو لە کاتی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیەوە پایەیەکی لاوازی ئەم ئیتنۆسە بووە. کەواتە لێرەدا گومان لەسەر دروستبوونی ئیتنۆسی کوردی نیە لە کۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینیەوە. بەڵام دەرکەوتنی زیاتری ئەم ئیتنۆسە لە دەرکەوتنی ئیسلام و دەستبەسەرداگرتنی هەموو ئەو جوگرافیایەدا لە لایەن سوپای ئیسلامەوە ئاشکرا تر دەبێت، کە دیارە تۆماری مێژوونووسان و جوگرفیاناسانی عەرەب و ئیسلام لە دەرخستنی زیاتری ناوی کوردو خاکی کورددا رۆڵی دیاری هەبووە. ئەو شوێنانەی کوردیان تیدا ژیاوە، دواتر وەکو خاکی کورد و شوینی ژیانی ئەم ئیتنۆسە شوناسی خۆیی وەرگرتووەو ئەویش هەر ئەو جوگرافیایەیە کە شوینی ژیانی ئەو پێکهاتانە بووە کە بەشدارییان لە پێکهێنانی ئەم ئیتنۆسەدا کردووە. هەروەک بە پێچەوانەی زۆرینەی ئیتنۆسەکانی تری ناوچەکەوە، کە ئەوان گەشەی ئاساییان کردووەو تا ئەندازەیەک یەکێتی و یەکبوونی هەموو پێکهاتەکانی ئیتنۆسەکانیان فەراهەم بووەو لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا توانیوویانە دەوڵەتی ئایینی و فیودیالی خێڵایەتی بەرهەمبهێنن و لە سایەی ئەو دەسەڵاتانەشدا ئیتنۆسەکانیان گەشەی زیاتر بکەن و هەنگاوی بەرەو بە نەتەوەبوون بنێن. لە کاتێکدا کورد سەرباری بەرهەمهێنانی هەندێ دەسەڵاتی ناوچەیی پەرەسەندوی خێڵایەتی لە شێوەی میرنشیندا، هەرگیز نەیتوانیووە دامەزراوەی دەوڵەتی خێڵایەتی، فیودیالی، ئایینی کە شێوەکانی دەوڵەتی کلاسیکن بەرهەمبهێنێت. ئەمەش دەرئەنجامی ناسروشتیبوونی ئیتنۆسی کوردی و پایەکانیەتی.

## بەشی دوانزەیەم

# دەرکەوتنی ناوی کوردستان وەکو خاکی ئیتنۆسی کوردی

سەرەتا: تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ئەوە لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردیدا جێگیر بووە کە کوردەکان نەوەی میدیەکانن و نیشتیمانەکەیان بریتیە باکوری میسۆپۆتامیاو ئەناتۆڵیای رۆژهەڵات و بەشێک لەو خاکەی کە دەوڵەتی میدیا لە ماوەی سەدەو نیوێکی دەسەڵاتداریدا فەرمانڕەوایی کردووە کە مەبەست لەوەش زنجیرە چیاکانی زاکرۆس و باکوری رۆژئاوای ئێرانی ئێستایە. ئەم جوگرافیا فراوانە تاکو ئێستا نیشتیمانی رەسەنی کوردە کە ناسیونالیستانی کورد لە باشوورەوە سنووری خاکەکیان دەگەیەننە سەر کەنداوی فارس و لە باکوری رۆژئاواشەوە دەیگەیەننە سەر دەریای ناوەڕاست. بێگومان ئەگەر لە روانگەی شوێنی جوگرافی ئەو پێکهاتە دێرینانەوە سەیر بکەین کە بەشدارییان لە پرۆسێسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردووە، لە لۆلۆ و گۆتی و کاسی و هۆری و میتانی و مانیی و سۆباری و نایری و خاڵدی و ماد و کاردۆخی و...ئەو جوگرافیای تیایدا ژیاون، دەتوانرێت پێداگری لەسەر ئەم بۆچوونە بکرێت.

ئاشکرایە سەرباری ئەم بۆچوونەی سەرەوەو سەرباری بەستنەوەی کورد بە میدیەکانەوەو سەرباری نزیککردنەوەی وشە یان ناوی کورد لە وشەو ناوەکانی وەکو کۆتی، کورتی، کوردۆیەن، کوردۆین، کوردۆئین، کاردۆ، قەردۆ، کاردۆخ، کەردۆخ و... بەڵام نە لە سەردەمی دەوڵەتی میدیاو نە لەسەردەمی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان و ئەشکانیەکان و ساسانیەکاندا، نە لە سەردەمی دەسەڵاتی میدیای ئەترۆپاتدا، کە لە روخانی دەوڵەتی هەخامەنشیەکانەوە هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی بەردەوام بووە.. نە ناوی کورد وەکو

ناوی ئیتنۆسەکە، نە ناوی کوردستان وەکو خاکی ئەم پێکهاتەیە نەهاتووە. بە خاکی میدیا گوتراوە وڵاتی میدیا، ئاشکراشە میدیا ناوی خێڵی فەرمانڕەوای پاشایەتیەکە بووە کە لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە خێڵێک بووە.

سەرباری بوونی بۆچوونی لەوجۆرە کە میدیەکان وەکو کوردو وڵاتی میدیا وەکو کوردستان ناودەبن، بەتایبەتی لە ئاستی ناوخۆدا، بەڵام سەرچاوەی باوەڕپێکراوی پێویست بۆ سەلماندی ئەوە لەبەردەستدا نیە کە لەو قۆناغەدا ناوی کورد وەکو ئیتنۆس و زمانێک وەکو زمانی کوردی کە زمانی ئیتنۆسی کورد بووبێت یەکلایی بکاتەوەو بیخاتە دەرەوەی گومان و بیکاتە بۆچوونێکی چەسپاو. هەروەک باسی ئەوەش دەکرێت کە لە روخاندنی دەوڵەتی میدیادا، کۆچکردنی فراوانی دانیشتوانی وڵاتی میدیا بە ئاراستەی رۆژئاوا، بەرەو باکوری میسۆپۆتامیاو ئەنادۆڵی رۆژهەڵات و باکوری رۆژهەڵاتی شام و جزیرەی ئین عومەر دەستی پێکردبێت و کوردی دواتر بە نەوەی ئەو میدیە کۆچکردووانە دابنرێت. راستە میدیەکان بەڕێژەیەک بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی کوردیدا کردووە، بەڵام ئەوان تاکە باپیرەی کورد نین و کوردستانی ئێستاش نە هەموو ئەو خاکەیە کە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی میدیا بووە، نە تەنیا ئەو خاکەشە کە لە ژێردەستی میدیادا بووە. هەروەک پەیوەندییەکی ئەوتۆش لە نێوان زمانی کوردی ئێستا بە شێوە زارە جۆراوجۆرەکانیەوە لەگەڵ زمانی میدیەکاندا نادۆزرێتەوە، چونکە میدیەکان ئاشکرایە نووسین و تۆمارییان نەبووەو شتێکی ئەوتۆش لە زمانەکەیان بەجێنەماوە. رەنگە وەکو بەڵگەی لێکچوون لە نێوان میدیەکان و کورددا هەر ئەوە بێت کە بەشێکی ئەو جوگرافیایەی کە شوێنی دەسەڵاتی دەوڵەتی میدیا بووە دواتر بووەتە نیشتیمانی کوردان. هەردووکیشیان تۆماری رابردووی خۆیانیان نیە چونکە یەکەمیان واتە میدیەکان نووسینیان نەبووەو تەنانەت بە زمانی نووسینی میلەتانی دەوروبەریشیان کە لەو سەردەمەدا باوبووە، مێژووی خۆیانیان نەنووسیوەتەوە، بەگوێرەی کوردیش زۆر دوای دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردی دەستی داوەتە نووسین و تا ئەم دواییانەش سەلیقەی تۆمارکردنی رووداوەکانی خۆیی نەبووەو خوێندەوارەکانیشی کە خوێندەواری زمانەکانی وەکو فارسی و عەرەبی و تەنانەت تورکیش بوون، زیاتر خزمەتی دیرۆک و کەلتوری ئەو

میلەتانەیان کردووە. هەربۆیە هەرشتێک لەو بارەوە بگوترێت ئەوەیە کە میلەتانی تر لە پەراوێزی تۆمارو مێژووی خۆیاندا باسی ئەمانیشیان کردووە، کە نە ناوی کوردو نە ناوی خاکەی کوردیش تا مێژوویەکی درەنگ نابینرێت.

هەروەک دوای روخانی دەوڵەتی میدیا، سەرزەمینی میدیا بووەتە یەکێک لە ستراپەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی. لە دوای روخانی دەوڵەتی هەخامەنشی لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنیداو بە تایبەتی دوای مردنی ئەسکەندەر و دابەشکردنی قەڵەمڕەوی هەخامەنشی لە نێوان فەرماندەکانی ئەسکەندەردا، ستراپی میدیا دابەشبوو بۆ میدیای ئەترۆپاتین-میدیای بچووک یان میدیای سەروو- کە ئەترۆپاتی میرهەرێمی پێشتری میدیا یان ستراپی میدیا، بوو بە سەرۆکی و، میدیای گەورە لە ژێردەستی فەرماندە یۆنانیەکاندا مایەوەو سەربەخۆیی تەواوی خۆیی لەدەستدا. بارودۆخی سەرزەمینی میدیای پێشتر هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی بەوجۆرە ماوەتەوەو نە ناوی کوردو نە خاکی کورد دەرنەکەوتووە. وەکو پێستریش ئاماژەمان بۆ کرد، ناوەکانی وەکو گۆتی وکورتی و کوردۆین و کوردۆیەن و کاردۆو قەردۆو فەردۆ و کەردۆخ و کاردۆخ و... تاد تەنیا هەوڵی توێژەران بووە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە بۆ ناوی کورد، بەڵام هیچ کام لەو ناوانە دەربڕی ناوی ئیتنۆسێک نین بەناوی کورد کە خاوەنی زمانی ئیتنۆسی خۆی بووبێت، کە زمانی کوردی بووبێت، بەڵکو ئەم ناوانەو ئەو زمانانەشی کە بەکاریان هێناون بە ئاستی جیاواز توخم و رەگەزەکانی ئیتنۆسی کوردییان وەکو مادەی خاو و نەبەکامی ئەو ئیتنۆسە تێدابووە یان بە ئاستی کاڵ و سادە پێی بارگاویکراون کە لە کاتە بۆ دواوە لە پرۆسیسی ئیتنۆگێنزی کوردیدا بوونەتە پیکهێنەری ئەم ئیتنۆسە.

لە راستیدا لە دوای روخانی دەوڵەتی هەخامەنشیەکانەوە هەتا تەواوبوونی پرۆسێسەکانی فەتحی ئیسلامی، ئەو جوگرافیایەی کە ئێستا خاکی کوردە، لە سایەی تاکە دەسەڵاتێکدا نەبووەو تەنانەت لەسەردەمی ساسانیەکانیشدا پاش چەند شەڕو پەلاماردانی جزیرەی ئین عومەرو رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و لە ناویشیدا ئامەد لە لایەن ساسانیەکانەوە، بەڵام بێچگە لە چەند ماوەیەکی کورت خایەن ساسانیەکان نەیانتوانیووە دەسەڵاتی رۆمەکان لەو ناوچانە دووربخەنەوەو دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن. ئەمەش دەریدەخات کە لە سەردەمی

دەسـەڵاتی ساسـانیەکاندا، کە قۆناغی دەرکەوتنی ئیتنۆسـی کوردیە، ئەو خاکە کە دواتـر بووەتـە وڵاتـی کوردەواری، بەشـێکی لـە ژێـر سـایەی دەسـەڵاتی ساسـانی و بەشـێکی لـە ژێـر سـایەی دەسـەڵاتی رۆمـی بیزەنتیدا بـووە. سـەرباری ئـەوەی لـە کارنامـەی ئەدەشـێردا باسـی ئـەوە کـراوە کـە ئەردەشـێر لـە نـاو شـوانانی کـورد پـەروەردە بـووە، بـەڵام نـاوی کـورد هـەر لـەو چوارچێـوە تەسـکەدا ماوەتـەوەو ئـەو خاکەیشـی کـە خێڵـە کوردەکانـی تیـادا ژیـاون، ناوێکـی دیـاری یەکگرتـووی نەبـووەو بەهیـچ شـێوەیەک نـاوی خاکـی کـورد یـان کوردسـتان بـە درێژایـی دەسـەڵاتی ساسـانیەکان و خەلیفەکانـی راشـیدین و ئەمـەوی و ماوەیەکـی درێـژی دەسـەڵاتی عەباسـیەکانیش نەبیسـتراوەو دەرنەکەوتـووە.

ئـەوەی ئاشـکرایە سـوپای فەتـح لـە ماوەیەکـی دیاریکراودا، هەمـوو قەڵەمڕەوی دەوڵەتـی ساسـانی و بەشـێک لـە سـەرزەمینی رۆمیشـی داگیرکـرد، بـە تایبەتـی جزیـرەی ئیبـن عومـەرو ئەنادۆڵـی رۆژهـەلات و ئەرمینیـاو ئازەربایجـان- یـان سـەرزەمینی پێشـتر میدیـای ئەترۆپاتیـن. لـە دوای سـەرکەوتنی پرۆسێسـەکانی فەتحـی ئیسـلامی، هێشـتا ئـەو سـەرزەمینەی خێڵـە کوردەکانـی بـە پـەرت و بـڵاوی تێـدا ژیـاون چ خێڵـە کۆچـەری و شـوانکارەکان، چ ئـەو خێـڵ و پێکهاتانـەی کـە نیشـەجێبوون و بـە کشـتوکاڵەوە خەریـک بـوون، لـە ژێـر ناوێکـدا کـە مانـای خاکێکـی یەکگرتـوو یـان نیشـتیمان ببەخشـێت کۆنەبوونەتـەوە. واتـە سـەرباری ئـەوەی کـە نـاوی ئیتنۆسـی کـوردی هەبـووە، بـەڵام نـاوی خاکـی ئـەو ئیتنۆسـە یەک نـاو نەبـووە. لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی ئەمەوییـەکان و عەباسـیەکاندا ناوێکـی نـوێ بـۆ سـەرزەمینی باکـوری رۆژئـاوای ئێرانـی ئێسـتا یـان سـەرزەمینی میدیـای پێشـوو بەکارهـات کـە ئەویـش «هەرێمـی چیـاکان» بـوو. ئـەم نـاوەش بەهـۆی سروشـتی تۆپۆگرافیـای ناوچەکـەوە بـۆ زنجیـرە چیاکانـی زاکـرۆس بەکارهـات. واتـە بەشـێکی فراوانـی ئـەو خاکـەی کـە دواتـر بـووە نیسـتیمانی کـورد، لـە لایـەن عەرەبـە مسـوڵمانەکانەوە ناونـرا هەرێمـی چیاکان. هەتـا ئێسـتاش پەیوەنـدی کوردو چیـا پەیوەندییەکـی بەهێـزە. راسـتە بەشـێکی هـۆکاری ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی کـە بـە سروشـتی نیشـتیمانی کـورد لـە رووی تۆپۆگرافیـاوە ناوچەیەکـی چیاییـە، بـەڵام بەشـێکیشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ بەشـێکی فراوانـی ئـەو سـەرزەمینەی کـە ئێسـتا نیشـتیمانی کـوردە پێـی گوتـراوە هەرێمـی

چیاکان.هەروەک دەشێ پەیوەندی کوردو چیا، لەوەشەوە سەرچاوەی گرتبێت کە باپیرەکانی کورد زیاتر شوانکارە بوون و چیاکانیش لەوەڕگای لەبار بوون بۆ ئاژەڵداری. لەپاڵ ئەمانەشدا، دەشێ چیاکان ناوچەیەکی باش بووبن بۆ خۆپاراستن و باپیرەکانی کورد لەژێر فشاری دەسەڵاتەکانی دەوروبەریاندا لە سۆمەرو ئەکەد و بابل و ئاشورو ئۆراتو و یۆنان و هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی و تەنانەت عەرەبە مسوڵمانەکانیش پەنا ببنە بەر چیاکان بۆ خۆپاراستن.

سنووری هەریمی چیاکان لە رۆژهەڵاتەوە بیابانی مرنجاب و بانەکانی وڵاتی فارس و لە باشوورەوە خوزستان و لە باشووری رۆژئاواوە عێراق و لە باکوری رۆژئاواوە ئازربایجان و چیای ئەلبورزیش لە باکورییەوە بوو. کەواتە بەپێی سنوورەکانی، هەرێمی چیاکان بریتی بووە لە سەرزەمینی میدیا. ئەم ناوەش واتە ناوی هەرێمی چیاکان هەتا سەدەی چواردەی زاینی بەکارهاتووە. راستە ناوی کوردستان پێشتر لە سەدەی دوانزەدا بەکارهێنراوە، بەڵام هێشتا نەبووەتە ناوی جوگرافی وڵاتی کوردەواری. چونکە ئەوە ئاشکرایە کە لە سەدەی چواردەوە ناوی هەرێمی چیاکان گۆڕاوە بۆ» عێراقی عەجەم». لە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیەکاندا هەرێمی چیاکان جۆرە سەربەخۆییەکی هەبووەو شاری» رەی» ناوەندی بەڕێوەبردنی بووە. وەکو پێشتر باسمان کرد «رەی یان رێگا» ئەو شارەیە کە بۆچوونی لەوجۆرە هەیە، ئایینی زەردەشتی لەوێوە دەستی بە بڵاوبوونەوە کردبێت. لە سەدەی دەیەمدا عەباسیەکان دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان بەسەر هەرێمی چیاکاندا نەما و لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا بوەیهیەکان دەسەڵاتیان بەسەر بەشی هەرە زۆری هەرێمی چیاکاندا کرد.

بێگومان هەمان ئەو رووبەرە جوگرافیەی کە بە هەرێمی چیاکان ناودەبرا، لە سەدەی دوانزە بە دواوە زیاتر بە عێراقی عەجەم ناوبراوە، کە دەشێت ئەوەش بۆ جیاکردنەوەی بووبێت لە عێراقی عەرەب کە ناوەڕاست و باشووری میسۆپۆتامیای گرتۆتەوە. بەهەرحاڵ هەرجەندە ناوی کورد لە دەرکەوتنیەوە لە سەدەی سێیەمی زاینیەوە، بووەتە راستیەکی سەلمێندراو و ئێمە پیداگری دەکەین لەوەی کە وەکو ناوی ئیتنۆسی کورد دەرکەوتووە، بەڵام هەم لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەکو ناوی خێڵە

کۆچەری و شوانکارەکان بەکارهاتووە، هەم لە لای مێژوونووسان و گەڕیدەکانی ئیسلام و عەرەبیش وشەی کوردەکان زیاتر بە مانای خێڵە کۆچەرییەکان بەکارهاتووەو و ناوی ئەو شوێنانەشی کە گەڕیدەو جوگرافیا ناسەکانی عەرەب و مسوڵمان باسیان کردوون، یان وەکو ناوی جوگرافی فەتحکراو لە لایەن سوپای ئیسلامیەوە بەکارهاتوون، یان وەکو ناوی ئەو شوێنانەی لە ژێردەستی رۆمی بێزەنتیدا ماونەتەوە، یان وەکو ناوی ئەو شوێنانەی کە راپەڕین و یاخیبوون دژی دەسەڵاتی خەلافەتیان تیادا دەرکەوتووەو وەکو ناوی خاکی ئیتنۆسی کوردی باس نەکراون. بەڵکو ئەوەی دیارەو تا ئێستا لە سەرچاوەی بڕواپێکراودا وەکو خاکی کورد یان وڵاتی کورد، ناوی هاتووە، یەکەم بەکارهێنانی وشەی کوردستانە لە سەدەی دوانزەی زاینیدا لە سەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقیدا. سەنجەری سەلجوقی بەشی رۆژئاوای لە هەرێمی چیاکان، واتە لە سەرزەمینی میدیا جیاکردەوەو ناوی لێ نا کوردستان و سلێمان شای کرد بە فەرمانڕەوای کە یەکێک بوو لە خزمەکانی خۆی.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجی کۆچیدا، دەوڵەتی عەباسی زۆر لاوازبوو، کەتبووە نێوان بەرداشی بویهیە شیعەکان لە رۆژهەڵاتەوە واتە لە ئێران و بەشێک لە عێراقەوەو فشاری دەوڵەتی فاتیمی لە رۆژئاواوە، واتە لە شام و میسرەوە. لەو بارودۆخە ناهەموارەی دەسەڵاتی خەلافەتدا، دەوڵەتی سەلجوقیە تورکەکان لە رۆژهەڵاتداو لە ساڵی ٤٢٩ی کۆچیدا پێکهات. ناوەندی ئەم دەوڵەتە شاری «رەی» بوو. لە ماوەیەکی کورتدا، ئەم دەوڵەتە توانی رووبەری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات بەجۆریک کە خۆراسان و ئێران و ئاسیای بچووک... بگرێتەوە. لە سەردەمی سوڵتان تەغرول بەگدا دەوڵەتی سەلجوقی توانی دەوڵەتی بویهی شیعە لەناوببات، کە ئەوەش لە ساڵی ٤٤٧ی کۆچیدا بوو. بەوەش هەم مەترسی بویهیەکان لەسەر دەوڵەتی عەباسی نەما، هەم سەلجوقیەکان هاوشان لەگەل عەباسیەکاندا کۆتاییان بە مەترسی مەزهەبی شیعە لەسەر مەزهەبی سونە هێنا. هەر لە دوای ئەم، سوڵتان ئەلپ ئەرسەلان ساڵی ٤٦٤ی کۆچی لە جەنگی مەلازکرد دا بەسەر رۆمی بێزەنتیدا سەرکەوت و ناوچەکانی باکوری شام، کە جزیرەی ئیبن عومریشی تێدا بوو، هەروەها ئەناتۆلی رۆژهەڵات و جۆرجیاو ئەرمینیا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەتەوە.

بێگومـان نـە ناوچـەی جزیـرەو نـە دیاربەکـر نەکەوتنـە نـاو سـنووری ئـەو ولایەتـەوە کـە سـەنجەری سـەلجوقی نـاوی نـا کوردسـتان، هەرچەندە بۆچوونـی لەوجـۆرەش هەیـە کـە پێیـان وایـە ئـەو شـەڕەی کـە تیایـدا، ئەلـپ ئەرسـەلانی سـەلجوقی سـەرکەوت بەسـەر سـوپای رۆمـدا بـە سـەرۆکایەتی رۆمانـوس و بەنـاوی شـەڕی مەلازکردەوەیە، ئەو مەلازکردە مەلاز کوردەو وەکو ناوچەیەکی کـوردی دایدەنێـن. بـەڵام نـە یاقوتـی حەمـەوی و نـە ئیبـن مسـتەوفی قەزوینـی و نـە گەڕیـدە دیارەکانـی تـر ئـەو زانیارییەیـان پشتڕاسـت نەکردۆتـەوە. هەرچەنـدە ئەگـەری راسـتبوونی ئـەو بۆچوونـە ئەگەرێکـی بەهێـزە چونکـە ئـەو شـەڕە لـەو ناوچەیـەدا بـووە کـە دواتـر بووەتـە بەشـێک لـە نیشـتیمانی کـورد. دیـارە دەوڵەتـی سـەلجوقی لـە ئەنجامـی راپەڕینـی تورکانـی ئۆگـۆر بـە دژی سـوڵتان ئەحمـەد سـەنجەر لـە سـاڵی ٥٤٨ی کۆچـی بەرامبـەر بـە ١١٩٣ی زاینـی روخـا.

لـە ویکیپیدیـادا بـەم جـۆرە باسـی یەکـەم بەکارهێنانـی نـاوی «کوردسـتان» کـراوە.» وشـەی کوردسـتان بـۆ یەکەمجـار وەکـو زاراوەیەکـی جوگرافـی لـە سـەدەی دوانـزەی زاینیداو لـە سـەردەمی سـەلجوقیەکاندا بەکارهـات. کاتێ سوڵتان سـەنجەری سـەلجوقی بەشـی رۆژئـاوای لـە هەرێمـی چیاکان جیاکـردەوە، کـردی بـە ولایەتێـک و... نـاوی نـا کوردسـتان. ئـەم ولایەتـە ئـەو خاکـەی دەگرتـەوە کـە دەکەوتـە نێـوان ئازەربایجـان و لوڕسـتانەوە کـە بریتـی بـوو لـە ناوچەکانـی سـنە و دینـەوەرو هەمـەدان و کرماشـان، لەگـەڵ ئـەو ناوچانـەی دەکەوتنـە رۆژئـاوای چیاکانی زاکرۆسـەوە وەکو شـارەزوورو کۆی سـەنجەق(١). کەواتە ئـەو هەرێمەی کـە لـە سـەدەی دوانـزەی زاینیدا ناونـراوە کوردسـتان، راسـتە هەمـوو کوردسـتانی ئێسـتای نەگرتۆتـەوە، بـەڵام بەشـێکی فراوانـی وڵاتـی کـوردەواری ئێسـتای گرتۆتـەوە. خاڵێکـی گرنگیـش بـۆ دەرکەوتـن و بەکارهێنانـی نـاوی کوردسـتان ئەوەیـە کـە وشـەی «سـتان» دەلالەتـی شـوێنی نیشـتەجێبوون، یـان خـاک، وار، یـان نیشـتیمان دەگرێتـەوە. ئەمـەش مانـای داننانـی ئەوکاتـەی دەسـەڵاتی سـەلجوقیەکانە بەوەی کـە ئـەو جوگرافیایـە خاکـی کـوردە. دیـارە ئەمـەش تـا ئـەو کاتـە روونتریـن دەربڕینـە بـۆ خاکـی ئیتنۆسـی کـوردی.

لـە راسـتیدا ئـەوەی وەکـو بەڵگـەی تۆمارکـراو لەسـەر نـاوی» کوردسـتان» لەبەردەسـتدایە، تۆمـاری حەمـەدوڵای مسـتەوفی قەزوینیـە (٦٨٢-٧٥٠)ی کۆچـی،

کە هەم ئەو زانیاریەی لەبارەی ناونانی رۆژئاوای هەرێمی چیاکانەوە بە کوردستان لە لایەن سولتان ئەحمەد سەنجەری (٥١١- ٥٥٢ی کۆچی) سەلجوقیەوە تۆمارکردووە، کە ماوەی نێوان ناونانی ئەو ناوچانە بە کوردستان و تۆمارەکەی حەمەدوڵا نزیکەی دوو سەدەیەک دەبێت. هەروەک ئەم نووسەرو جوگرافیاناسە زیاتر لە جارێک ناوی کوردستانی هێناوەو سەبارەت بە ناوهێنانی کوردستان و پێکهاتنی دەڵێت: لە شازدە ولایەت پێکدێت و سنوورەکانی بریتیە لە ولایەتەکانی عێراقی عەرەب و خوزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و دیاربەکر، کە فەرمانڕەوای لەو کاتەدا سلێمان شاهی ئەبوە بووە(٢). هەروەها کاتێک باسی خوزستان دەکات و سنوورەکانی دیاری دەکات، ناوی کوردستان وەکو رووبەرێکی جوگرافی هاوسنووری خوزستان دەهێنێت و دەڵێت: وڵاتی خوزستان لە دوازدە شار-شەهر- پێکدێت، سنوورەکانی بە ولایەتی عێراقی عەرەب و کوردستان و لوڕستان و فارسەوەیە(٣). لەباسی دیاربەکرو رەبیعەدا دەڵێت: لە بیست و نۆ شار پێکدێت و سنوورەکانی بریتین لە ولایەتەکانی رۆم و ئەرمەن و شام و کوردستان و عێراقی عەرەب(٤). بەڵام مێژوونووسی کورد دکتۆر جەمال رەشید ئاماژە بۆ بۆچوونێکی قاسملۆ دەکات بەوەی کە گوایە گەڕیدەی ئیتالی مارکۆپۆل (١٢٥٤-١٣٢٣)ی زاینی ناوی کوردستان هێناوە. لە راستیدا وەکو ئاشکرایە حەمەدوڵای مستەوفی لە دەوروبەریساڵی ٧٤٠ی کۆچی کتێبی نەزهەتە ئەلقلوبی تەواوکردووە، کە زیاتر لە پانزە ساڵ دوای کۆجی دوایی مارکۆپۆل دەکات کە لە ساڵی ١٣٢٣ی زاینی- ٧٢٣ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە. مارکۆ پۆل دەڵێت: لە وڵاتی فارس مەمالیک- پاشایەتی- زۆر هەن کە ناوەکانیان بریتیە..یەکەم کە دەکەوێتە ناوەندەوە- ناوەوە- بریتیە لە کاسیبینەکان، دووەمیان لە ئاراستەی بەرەو باشوورەوە بریتیە لە کاردستان(٥). دیارە ناوی «کاردستان» دەگەڕێتەوە بۆ وشەی» کارد» چونکە «مارکۆپۆل ناوی کوردی بە کارد تۆمار کردووە»(٦). بێگومان هەرچەندە جیاوازی گۆکردن لە نێوان وشەی کوردستان و وشەی کاردستان دا هەیە، هەمان ئەو جیاوازیەی کە لە نێوان وشەی کاردو کورد دا هەیە و هەرچۆن کارد نەبووەتە ناوی ئیتنۆسی کوردی، رەنگە سەرباری نزیکی لە نێوان کردستان و کوردستاندا، بەڵام دانانی کردستان بە کوردستان تەنیا هەوڵێک بێت بۆ نزیک کردنەوەی ئەو دوو ناوە لە یەکترەوە.

بەڵام هاوکات نزیکی ماوەی مێژوویی لە نێوان ئەو دوو تۆمارکردنەدا کە لە چەند دەیەیەک زیاتر نیە، پشتگیری ئەوە دەکات کە هەردوو دەربڕینەکە بۆ هەمان مانا بەکارهاتبن کە مەبەست کوردستانە، واتە ئەو جوگرافیایە کە ئیتنۆسی کوردی لەسەر دەژی یان بە دەربرینێکی تر خاکی ئەم ئیتنۆسەیە. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە وشەی کوردستان نە لە تۆمارکردنەکەی مارکۆپۆلدا و نە لە تۆمارکردنەکەی حەمەدوڵای مستەوفیدا، دەربرین نیە لە هەموو ئەو خاکەی نەک ئێستا بەڵکو لەکاتی تۆمارکردنی ئەو ناوەدا کوردی لێ ژیاوە، چونکە نە ئەناتۆڵی ڕۆژهەڵات و نە جزیرەی ئیبن عومەر نەکەوتوونەتە چوارچێوەی کاردستانی مارکۆپۆل و کوردستانی سوڵتان ئەحمەد سەنجەری سەلجوقی و تۆمارەکەی حەمەدوڵای مستەوفیەوە.

وەکو لە سەرەوە باسکرا، ناوی کوردستان وەکو خاکی ئیتنۆسی کورد لە سەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی (١٠٨٦-١١٥٧)ی زاینیدا دەرکەوتووە، واتە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دوانزەدا، کە دەکاتە نزیکەی نۆ سەدە دوای دەرکەوتنی ناوی کورد وەکو ناوی ئیتنۆس لە سەدەی سێیەمی زاینیدا. دەرکەوتنی ناوی کورد لەو قۆناغەدا زیاتر وەکو ناوێک کە لە لایەن ئەوانی ترەوە بەکارهاتووە بۆ گوزارشتکردن بووە لە خێڵە کوردەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشەدا، ئەو ناوە بۆ ئیتنۆسی کوردی جێگیربووەو لەو کاتەوە تاکو ئێستا جێگای خۆیی گرتووەو بە دڵنیاییەوە لەگەڵێشیدا بنەماو خاسیتەکانی ئیتنۆسی کوردی ئەگەر بە هێواشیش بووبێت و لە شێوەی بنەمای سەرەتایی و وەکو مادەی خاوی ئیتنۆسەکەش بووبێت دەرکەوتوون و لەگەڵ ڕۆیشتنی کات و بەردەوامی پرۆسێسی ئیتنۆگێنزدا زیاتر گەشەیان کردووە، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە تاکو ئێستا ئەم ئیتنۆسە نەیتوانیووە لە هیچ قۆناغێکدا لە رووی گەشەی کۆمەڵایەتیەوە بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت. ئەمەش لە بارێکی تردا ئەوەمان پێ دەڵێت کە لە روانگەی مۆدێرنیتەوە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی چینە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی سروشتی، هێشتا کورد وەکو ئیتنۆس ماوەتەوەو نەبووە بە نەتەوە، بە تایبەتی کە ئەم ئیتنۆسە نەیتوانیووە لە قۆناغەکانی پێشتری گەشەو پەرەسەندنیدا نە دەوڵەتی خێڵ، نە دەوڵەتی فیودیالی، نە دەوڵەتی ئایینی، نە دەوڵەتی جوگرافی فرە ئیتنیکی دروست بکات.

بەڵکو لە درێژەی مێژووی خۆیدا ئەم ئیتنۆسە چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی خێڵی دروستکردووە کە بە بەراورد بە دامەزراوەو دەسەڵاتی دەوڵەت، دەسەڵاتی سەرەتایی و نەبەکامبوون. ئەمەش لە راستیدا سروشتی پێکهاتنی ئیتنۆسی کوردی و ماهیەت و بوونی ئەم ئیتنۆسە دەخاتە بەردەم پرسیارێکی گرنگەوە، کە ئەویش گومان لەسەر بوونی ئاسایی و سروشتی خودی ئیتنۆسەکە دادەنێت.

مانەوەی ئیتنۆسی کوردی بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە سەدە لە دەرکەوتنیەوە بەبێ ئەوەی توانیبێتی گەشەیەکی ئەوتۆ بکات کە یەکێتی زمان و یەکێتی خاک و یەکێتی خەڵکەکەی دروست بکات و بەرەو بەرهەمهێنانی دامەزراوەی دەوڵەت بڕوات بۆ ئەوەی ببێت بە نەتەوە، راستەوخۆ پەیوەندی بە گرفت و ناتەواوی هەیە لە گەوهەری خودی ئەم ئیتنۆسەدا. کە ئەوەش بە بارێکی تردا بێ توانایی و ناکارایی لە بنیادی پێکهاتن و لە بوون و گەهەری خودی ئیتنۆسەکەدا نیشان دەدات. ئەمەش ئەو گرفتە سەرەکیەیە کە شێوەی پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵگایە لەبەردەم پرسیارێکدا رادەگرێت کە پرسیارە لە چۆنێتی پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵگایەو هۆکارەکانی نەتوانینی بەرهەمهێنانی دەوڵەت و بنیادنانی دەوڵەت لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا.

خاڵێک کە پێشتریس سەبارەت بە ناوی کورد ئاماژەمان بۆ کرد، ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا کە لە سەدەی سێیەمی زایینیدا ناوی کورد دەرکەوتووە، لای ئەوانی غەیری کورد ئەم ناوە بەکارهێنراوە، بۆ نموونە لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکانداو لەو نامەیەی کە ئەردەوانی پاشای پێنجەمی ئەشکانی بۆ ئەردەشێری نووسیووە، ئەم ناوە بەکارهاتووە. ئایا کورد خۆیان لەو سەردەمەدا خۆیان بەچی ناوبردووە؟ بەناوی خێڵەکانیانەوە، یان هەر ناوێکی تر، چونکە هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نیە کە دەریبخات ئەوان بەخۆیانیان گوتبێت کورد. بەهەمان شێوە، ناوی «کوردستان»یش بۆ ئەو خاکەی کە ئەمانی لەسەر ژیاون لە لایەن ئەوانی غەیری کوردەوە بەکارهێنراوە. کە یەکەم جار سوڵتای ئەحمەد سەنجەری سەلجوقی و دواتریش حەمەدوڵای مستەوفی و مارکۆ پۆل-یش کاردستانی بەکارهێناوە، بەڵام دیسان هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نیە کە نە لە سەردەمی سەلجوقیەکانداو نە دواتریش

تـا روخانـی خەلافەتـی عەباسـی کـوردەکان بـۆ ئـەو خاکـەی لەسـەری ژیـاون، ناوێکـی یەکگرتوویـان هەبووبێـت یـان بەکاریانهێنابێـت کـە دەلالەتـی نیشـتیمان یـان خاکـی هەمووانـی هەڵگرتبیـت. یـان هـەر هیـچ نەبێـت ئـەو نـاوەی کـە سـوڵتان سـەنجەر بەکاریهێنـا واتـە «کوردسـتان»بووبێتە ناوێکـی گشـتی لای کـورد خـۆی. بەڵکـو واپێدەچێـت هەرچـۆن پێکهاتەکانـی کـورد لـە لایـەن خۆیانـەوە بـە نـاوی خێڵەکانیانـەوە ناوبـراون، خاکەکەیشـیان بـە نـاوە ناوچەییـەکان ناوبرابـن.

هـەروەک ئـەوەش ئاشـکرایە، کـە هەرچـۆن هـەم نـاوی کـورد و هـەم نـاوی کوردسـتانیش لـە داهێنانـی ئەوانـی غەیـرە کـورد بـووە، مەگـەر لـە ئاسـتی ناوچەیـی و سـنووری تەسـک و دیاریکراودا، ئەگینـا کـورد خـۆی لـە دەرکەوتنـی ناوەکەیـەوە تـا سـەدەی دەیـەم خاوەنـی دەسـەڵاتی دیـاری ناوچەییـش نەبـووە، هەتـا بزانرێـت چـۆن نـاوی ئـەو دەسـەڵاتە دەبـات. لـە سـەدەی دەیەمـی زاینیـەوە کۆمەڵـێ دەسـەڵاتی ناوچەیـی کـوردی دروسـتبوون، کـە زۆرێـک لەوانـەی لەسـەریان نووسـیوون وەکـو دەوڵـەت ناویـان بـردوون. لـە راسـتیدا ئـەو دەسـەڵاتانە زیاتـر دەسـەڵاتی ناوچەیـی خێـڵ بـوون و هەندێجـار سـنووری قەڵەمڕەویـان فراوانتـر بـووەو شـێوەی میرنشـینێکیان وەرگرتـووە کـە دەشـێت پەیوەسـت بـە جوگرافیـای گشـتی ئـەو سـەرزەمینەی کـوردی تێـدا ژیـاوە ئـەو میرنشـینە وەکـو هەرێمێـک و فەرمانڕەواکەشـی وەکـو میرهەریـم ناوببرێـت. لـە نموونـەی دیارترینـی ئـەو دەسـەڵاتانەش شـەدادیەکان (٩٥١-١١٧٤) و ڕەوادیـەکان (٩٥٥-١٢٢١) و حسـنەویەکان (٩٥٩-١٠١٥) و مەروانیـەکان (٩٩٠-١٠٦٩)و عەنازیـەکان (٩٩٠-١١١٧)... تـاد.

لەبـارەی مێـژووی پێکهاتـن و دەرکەوتنـی ئـەم دەسـەڵاتە ناوچەییانـەوە کـە وەکـو میرنشـین دەرکەوتـوون، دکتـۆر زرار سـدیق تۆفیـق دەڵێـت: زۆربـەی ئـەم دەوڵەتۆچکـەو میرنشـین و سـەرۆکانە لـە مـاوەی سـەدەکانی چـوارەم و پێنجەمـی کۆچیـدا گەشـەیان کـردووە، بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی بویهیەکانـدا بەسـەر مەقلیـدی خەلافەتـی عەباسـیدا لـە مـاوەی نێـوان سـالی ٣٣٤-٤٤٧ی کۆچـی بەرامبـەر ٩٤٥- ١٠٥٥ی زاینیـدا، هـۆکاری گەشـەکردنیان دەگەڕێتـەوە بـۆ لاوازی و لێکهەڵوەشـاندنەوەی دەوڵـەتـی عەباسـی و لاوازیـی خەلیفەکانـی، بەجۆریـک کـە خەلیفـەی عەباسـی هیـچ دەسـەڵاتێکیان بەدەسـتەوە نەمـا تەنیـا ناوەکەیـان نەبێـت،

کە لە نوێژی هەینی و هەردوو جەژنەکەدا ناویان دەهات و ناویان لە سەر پارە هەڵدەکۆڵرا، واتە تەنیا بوون بە سەرکردەی رۆحی، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە لە دەستی فەرمانڕەواکانی بویهیەکان و سەرکردەکانی سوپادا بوو. سەرخێڵە کوردەکان و هی تریش ئەو هەلەیان قۆستەوەو دەسەڵاتی خۆیانیان- میرنشینەکانیان- لەسەر ئەو خاکە دامەزراند کە لەژێر دەستیاندا بوو(٧).

لەبارەی ئەم دەسەڵاتە ناوچەییانەی کە لەسەر خاکی کورد پێکهاتوون و هاوکاتیش لە سەرەتای سەدەی دەیەمی زاینیەوە دەردەکەون، بۆچوونەکەی ئەم توێژەرە جێگای لەسەر راوەستانە، چونکە لەو قۆناغەدا دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی لە بارێکی لاوازدا بووەو بوەیهیە شیعە مەزهەبەکان هەڕەشەیەکی گەورە بوون بۆ سەر دەوڵەتەکەو تەنانەت بۆ سەر مەزهەبی سونەش. سەرئەنجام ئەم لاوازیە بوارێکی باشی بۆ خێڵە بەهێزەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت کردۆتەوە کە دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەو قەڵەمڕەوی خێڵایەتیدا برەو پێبدەن و پارێزگاری لە خۆیان و دەسەڵاتە ناوچییەکانیان بکەن. ئەمەش بەلای دەسەڵاتی ناوەندی خەلافەتەوە کە توانای بەسەر زۆربەی شوێنەکانی بن دەسەڵاتیدا نەمابوو، بەتایبەتی شوین و ناوچە دوورە دەستەکان، لە رووی مەعنەویەوە پشتگیری ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانەی کردووەو وەکو بەشێک لە دەسەڵاتی خۆی یان دەسەڵاتێک لە سایەی دەسەڵاتی خۆیدا سەیری کردوون. دەشێ هۆکارێکی سەرەکی ئەم هەڵوێستەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی ئەم خێڵانەی کە توانیویانە دەسەڵاتی خێڵایەتی خۆیان برەو پێبدەن و جڵەوی کاروباری ناوچەکانی خۆیان بگرنەدەست و بیپارێزن، بەو دەسەلاتە سنووردارە رازیبوون و ئەگەری ئەوەیان نەبووە دژی دەسەڵاتی خەلافەت رابووەستن. لە لایەکی تریشەوە ئەم بنەماڵەو خێڵانە بە تایبەتی ئەوانەیان کە کورد بوون، سەربە هەمان مەزهەبی دەوڵەتی خەلافەت بوون، کە مەزهەبی سونەیەو لەبەرامبەر بویهیە شیعەکاندا بێگومان ئەمان پشتگیرییان لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسی کردووە.

هەڵبەت بە ئاشکرا کێشەیەک لەناوهێنانی ئەم دەسەڵاتە ناوچەییانەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەم دەسەڵاتانە دەوڵەت بوون وەکو هەندێ کەسی وەکو مەلا جەمیلی رۆژبەیانی باسی چوار دەوڵەتی کوردی دەکات و عەبدولڕەقیب

یوسف باسی دەوڵەتی دۆستەکی دەکات و...تاد؟ لەم رووەوە مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی ئەم دسەڵاتانە لە خۆلاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان لە هەردوو بەرگەکەیدا بە حکومەت ناو دەبات نەک بە دەوڵەت، بەڵام لە وەرگێڕانیبەرگی دووەمدا بۆ سەر زمانی عەرەبی، محەمەد عەلی عەونی وشەی حکومەتی کردووە بە دەوڵەت و ئەمەش لە ناونیسانی کتێبەکەو چەندین شوێنی ناو کتێبەکەشدا دەبینرێت. ئەو ناونیسانی بەرگە دووەمی خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان کە بە کوردی بریتیە لە «حکومات و ئەمارەتەکانی کورد» کراوە بە - تاریخ الدول والامارات الکردیە-(٨).

لە رووی کۆمەڵناسیەوە دەوڵەت چەمکێکی دیاریکراوەو کۆمەڵگا لە پەرەسندنی خۆیدا پێی دەگات. کۆمەڵگا لە یەکەکانی خێزان-خێڵ- بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و لەوێشەوە بۆ دەوڵەت هەنگاو دەنێت، ئەمەش چەمکی هیگلە بۆ دەوڵەت کە دەوڵەت گوزارشتکردنی رۆحی رەهای کۆمەڵگایە لە خۆی. بیگومان چەندین تێزو چەمکی تری دەوڵەت هەن کە بە گشتی پەیوەستن بە گەشەو پەرەسەندنی کۆمەڵگاوە. لە رووی سیاسیەوە بۆ سەردەمی نوێ، دەوڵەت دامەزراوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابووری کەلتوری بەڕێوەبردنە کە نەتەوە دروست دەکات. واتە ئیتنۆس دەوڵەت وەکو دامەزراوەیەک پێکدەهێنێت و ئەو دامەزراوەش کۆمەڵگا لە ئیتنۆسەوە دەگوازێتەوە بۆ نەتەوە. بێگومان لەم روانگانەوە هیچ کام لەو دامەزراوانەی لە مێژووی دەرکەوتنی ئیتنۆسی کوردیەوە لە سەدەی سێی زینیەوە پێکهاتوون، کە سەرەتاکانی ئەم ئیتنۆسە دەرکەوتووە تاکو ئیستا، نەبوونەتە دەوڵەت جونکە هیچ کام لەو دامەزراوانەی کە پێکهاتوون لە حکومەتی دۆستەکیەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمی زاینیدا هەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوا دەیەی سەدەی بیست و یەکدا، هیچ کەم لەو ئەرکەیان بۆ جێبەجێ نەکراوە. واتە نە گوزارشتیان لە رۆحی گشتی کۆمەڵگای کوردی کردووە، نە توانیوویانە کورد لە ئیتنۆسەوە بگوازنەوە بۆ نەتەوە. بۆیە بەکارهێنانی حکومەت وەکو دامەزراوەی بەڕێوەبردنی رووبەرێکی دیاریکراو لە خەڵک لە لایەن محەمەد ئەمین زەکیەوە زۆر لە جێگای خۆیدایەو پێدەچێت ئەم مێژوونووسە زانیبێتی جیاوازی نێوان حکومەت و دەوڵەت چیە.

یەکەم مێژوونووسی کورد شەرفخانی بەدلیسی، ئەویش بۆ ئەم دەسەڵاتانە زیاتر وشەی حکومەتی بەکارهێناوە، هەرچەندە فەرمانڕەوا ناوچەییەکانی بە پاشا ناوبردووەو لە بەکارهێنانی زاراوەکانیشدا ناجیگیری و تێکەلکردن هەیە. بە تایبەتی مامۆستا هەژاریش لە وەرگێڕانەکەیدا زاراوەکانی زیاتر تێکەڵ و پێکەڵ کردووەو سەرۆک خێڵی کردووە بە پاشاو بە سەرۆک کۆمارو مامۆستا مەسعود محەمەدو دکتۆر کەمال مەزهەریش کە پێشەکیان بۆ وەرگێڕانەکەی هەژار نووسیووەو دووەمیان کە گوایە بەراوردی کردووە بە فارسی و رووسیەکەی شەرەفنامە، روانینی ئاشکرایان بۆ ئەم چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە نەبووەو هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ئەو تێکەڵ کردنەوەی زاراوەکان نەکردووەو تەنیا پەسنی کوردیەکی هەژاریان کردووە. لەبارەی ناوبردنی ئەم دەسەڵاتە کوردیانەوە کە لە سەرتای سەدەی دەیەمی زاینیەوە دروستبوون، دکتۆر زرار سەدیق باشی بۆجووە کە ئەو دامەزراوانە بە میرنشین یان دەوڵەتۆچکە ناو دەبات، بەڵام دیارە دەوڵەتۆچکەی شار نەبوون وەکو چۆن دەوڵەتۆچکەی شار یەکیان گرتووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی بابلی و سۆمەری.

بەهەرحاڵ ئەوەی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە باسکردنی چەمکی دەوڵەت نیە، هەروەها باسکردنی ئەو پاڵنەرو بزوێنەرانەش نیە کە دەشێن ببنە جوڵێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیداو ئەم کومەڵگایە بەرەو گەیشتن بە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت بجوڵێنن(٩)، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو دەسەڵاتانەی کە خێڵ و پێکهاتە ناوچەییە کوردیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەمی زاینی بۆ دواوە دروستیان کردوون، تا چ ئاستێک دامەزراوەی ئیتنۆسی کوردی بوون؟ ئایا ئەم دامەزراوانە تا چ ئاستێک خاسێتی کوردبوونیان بەپێی ئاستی گەشەی ئیتنۆسی کوردی لەو قۆناغەدا پێوە دیاربووە؟ ئایا ئەگەر ئەم دامەزراوانە بەرهەمی گەشەکردووی ئیتنۆسی کوردی بوون، بۆچی یەکیان نەگرتووەو لە سەدەی دەیەم بە دواوە دەوڵەتێکی فیودیالی پێکبهێنن؟ یان ئایا دەشێت ئەم دامەزراوانە تەنیا دامەزراوەی بەڕێوەبردنی خێڵ بووبن و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئیتنۆسی کوردیەوە نەبووبێت و هەر خێڵەو ویستبێتی خودبەڕێوەبەرێتیەکی خۆیی هەبێت و بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت و دروستتر بڵێین ئەم دامەزراوانە دامەزراوەی بەڕێوەبردنی

خێڵ بووبن و لەسەر بنەمای چەمکی خەلدوونی بۆ عەقڵی خێڵ پێکهاتبن کە بڕوای بە دەسەڵاتی تایبەتی خۆی و پاراستنی سەربەخۆیی خۆی هەیە. بەجۆرێک ئەو دەسەڵاتە سنورەکەیی و سەربەخۆییەکەشی هەرچەند بچووک و سنووردداریش بووبێت، بەڵام جۆرێکە لە دەسەڵاتی ناوچەیی و بەرهەمی عەقڵ و ستراتیژی خێڵە سەبارەت بە دەسەڵات، کە بەمشێوەیە بەرجەستە دەبێت: میرنشین تەنانەت ئەگەر لەسەر بەردێکیش بێت. واتە بۆ ئەو سەرۆک خێڵ و سەرکردە ناوچەییانە دەسەڵاتێکی سنووردار باشترو پەسەندتر بووە لەوەی لە یەکەیەکی گەرەتردا ببنە پێکهێنەرو بەش و دەسەڵاتیکی دیاریکراو و بەرژەوەندی دیاریکراویان هەبووبێت. واتە ئەوەی تاکو ئیستا لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبینرێت و کاردەکات نەک کارکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەتەوە نیە، بەڵکو کاری ئیتنۆسێکی پێگەیشتوویش نیە، بەڵکو زیاتر لە کارو ئامادەبوونی خێڵ نزیکترە، بەجۆریک هەندێ لەو کارانەی تاکو ئێستاش پارتی سیاسی کوردی دەیکات و ئەوەی کەلتوری باوی کوردەواریە، کاری دامەزراوەی خێڵەو کەلتوری باو و باڵادەستیش کەلتوری خێڵ و ناوجەگەرییەو هێشتا خاسێتەکانی ئیتنۆسێکی پێگەیشتووی وەرنەگرتووە.

# سەرچاوەکان

**بەشی یەکەم:**


1- Cambridge Dictionary.

2- The Britanica Dictionary.

3- Oxford Concise Dictionary of Politics, Lain Melean and Alist Mcmillan, Oxford University Oress, p.500.

4- Wikepedia, a Short paraphrase of the trerms.

5- Collin's Dictionary, p.

٦- اشيلي مونتاغيوو البدائية، ترجمة الدكتور محمد عصفور، عالم المعرفة، كويت، ١٩٨٢، ص١٥.

٧- اشيلي مونتاغيوو البدائية، ١٩٨٢، ص ١٣.

٨- نفس المصدر السابق، ص ٢٢.

٩- نفس المصدر السابق، ص ٢٤.

10- Francis L. K., Rethinking the Concept primitive, Current Anthropology, Volume 5, Issue 3 (jun., 1964), p. 169.

١١- اشيلي مونتاغيو، البدائية، ص ٥٤.

12- Diamond Stanely, In Search of Primitive: A Critique of Civilization, New York, International University press, 1963, p.79.

١٣- اشيلي مونتاغيو: البدائية، ص ١١٠-١١١.

١٤- نفس المصدر السابق، ص ١٢٠-١٢١.

15- George Douglas Argyll, Campbell 8th Duke of Primitive Man, 1871, New York: Dewitt C. Lent, pp.24-25.

١٦- بيار كلاستر: مجتمع اللادولة، ترجمة الدكتور محمد حسين دكروب، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨١، ص ١٨٦.

١٧- المصدر السابق، ص ١٨٦.

١٨- نفس المصدر السابق، ص ١٨٧.

١٩- هيغل: مختارات، مجلد الثاني، ترجمة، الياس مرقص، بيروت، دارالطليعة، الطبعة الاولى، ١٩٧٨، ص ٨٩-٩٠.

٢٠- بيار كلاستر: مجتمع اللادولة، ص ١٨٠.

٢١- ڤلاديمير مينۆرسکی: بنچینەکانی کورد، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٩.

٢٢- باسيلى نيكيتين: الكرد، ترجمة، الدكتور نوري طالباني، السليمانية، ٢٠٠٧، ص ٤٣.

٢٣- ب. ليرخ: دراسات حول الكورد الايرانيين و اسلافهم الكالدانيين الشماليين، ترجمة الدكتور عبدي حاجي، دهوك، سبيريز، ٢٠٠٨، ص ٢٢.

24- John Bulloch and Harvey Morries, No Friends but the Mountains, Penguin Books, 1993, p. 29.

٢٥- عەتا قەرەداخی: چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٢٣.

26- Beals Ralph L. and Harry Honjer, An Introduction to Anthropology, New York, Macmillan, 2nd edition, 1959, p. 8.

٢٧- سۆران حەمە ڕەش، کورد کییە؟ لەندەن، چاپخانەی YPS، ٢٠١٣، ل ١٢.

٢٨- هەمان سەرچاوە، ل ١٣.

٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

30- Michael M. Gunter, The Kurds Ascending, p.3, and Historical Dictionary of Peoples and Cultures, No.1, Oxford, 2004, p. xx1x.

٣١- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، نەجەف، ١٩٧٢، ل ١٠٩.

32- Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985, (San Francisco: Mellan Research University Press, 1992), p.49.

33- Ofra Bengio: The Kurds of Iraq, State Inside State, London, 2012, p.1.

34- Amir Hassanpour: Nationalism and Language, p. 62.

٣٥- ئۆ. ل. ڤیلچێڤیسکی: نەژادی کورد، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠٠، ل ١٥٨.

٣٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٣.

٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩.

٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٠٩.

٣٩- دیاکۆنۆف ئیگەر میخایلۆفیچ: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دکتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠١٢، ل ١٨٦.

٤٠- هەمان سەرچاوە، ل ١٩٩.

٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٠١-٢٠٢.

٤٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢.

٤٣- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٢٧٨.

٤٤- حەبیبوڵای تابانی: هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد، وەرگێڕانی جەلیلی گادانی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٣.

٤٥- محەمەد ئەمین زەکی: خوڵاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ٣٧.

٤٦- سالح قەفتان، مێژووی نەتەوەی کورد، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ٢٤.

**بەشی دووەم:**

١- ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، هەولێر، دەزگای موکریان، چاپی دووەم، ٢٠٠٠، ل ١١٩.

٢- شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی: مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محەمەد، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٦.

٣- ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی، نەژادی کورد، ل ١٠٧.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ل ١٠٧-١٠٨.

٥- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دکتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ٣٤٢،

٦- هەمان سەرچاوە، ل ل ٦٠٨-٦٠٩.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٩.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ٦١٢-٦١٣.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٧٧٧.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٧٧٨.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ٧٧٨-٧٧٩.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٨٠٢.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ٨١٣-٨١٤.

١٤- کارل یاسبرس: سەرەتاو کۆتایی مێژوو، هەڵەبجە، کتێبخانەی هەژار موکریانی،٢٠١٨، ل٤٢. وەرگیراو لە زەکریا قادری: کوردناسی.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

١٦- هرتسفلد، وەرگیراو لە زەکەریا قادری: کوردناسی، ل ٢٠٩.

١٧- زەکەریا قادری، کوردناسی، ل ١٩٩.

١٨- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٥.

١٩- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دکتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠٢١، ل ٢٢٣.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٥.

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشووە، ل ٢٤٨.

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ل ٣٣١-٣٣٢.
٢٣- باسيلي نيكيتين: الكرد، ترجمة الدكتور نوري طالباني، ٢٠٠٧، ص ٩٧.
٢٤- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، جلدی دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ١١.
٢٥- ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێڕانی رەشاد میران، هەولیر. ٢٠٠٠، ل ١٦١.
٢٦- زەکەریای قادری: کوردناسی، ل ٢٠٦.
٢٧- ئیقرار عەلی یێف وەرگیراو لە زەکەریا قادری: کوردناسی، ل ٢١٤.
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل ٢١٤.
٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢١١-٢١٢.
٣٠- عەتا قەرەداخی: ستراتیژو کەسێتی نەتەوەیی کورد، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٦٠.
٣١- زەکەریا قادری: کوردناسی، ل ٢٠٦.
٣٢- عەبدوڵا ئوچالان: لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرییەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراسیانە، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵا، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤، ل ٧٥.
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.
٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٠-١٧١.
٣٥- محمد بن يعقوب الكليني: الكافي في الاصول والفروع، الجزء الخامس، القاهرة، ١٩٨٢، ص ٣٥٢.

## بەشی سێیەم:

١- زەکریا قادری: کوردناسی، وەرگێڕانی سەلاح بەهرامی، سلێمانی، کوردۆلۆجی، ٢٠١٨، ل ٢١٧.
٢- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دکتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠٢١، ل ٧٧٤.
٣- هەمان سەرچاوە، ل ٧٧٥.
٤- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١، جلدی دووەم، ل ل ١٥-١٦.
٥- ساڵح قەفتان: مێژووی کۆنی کورد، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ل ١٠٨-١٠٩.
6- Strabo: The Geography of Strabo, Volume 2, translated. By Hans Claude Hamilton and William Faconer, London, 1856, p. 264.
٧- محەمەد مەردۆخ کوردستانی: مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محەمەد، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٥.
٨- توما بوا: الاكراد، ترجمة اواز زنكنه، بغداد، ١٩٧٧، ص ١٧.
٩- سۆران حەمە ڕەش: کورد کێیە؟ لەندەن، ٢٠١٣، ل ل ٢١-٢٢.
١٠- توفيق وهبى: اصل الاكراد و لغتهم، مجلة المجمع العلمي الكردي، المجلد الثاني، العدد الثاني، ١٩٧٤، ص ٥.
11- https//bible. Org/series page/6-Medes-and- Persians.
12- Chronicles 36:22,23/ Ezra 11-4
13- Rahman Mehraby: Destination Iran, 2018, July,31.
14- Persian Empire: History com. (Editors updated: Sep. 30,2019).
١٥- ئیقرار عەلی یێف: پاشایەتی ماد، وەرگێڕانی سەلام ئیسماعیل پوور، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٤٤٧.
١٦- هەمان سەرچاوە، ل ٤٧٧.
١٧- گەزنەفۆن، وەرگیراو لە ئیقرار عەلی ییف، پاشایەتی ماد، ل ٤٨٤.
١٨- ئەلبێرت چامبێر: کۆرشی مەزن، وەرگێڕانی دلاوەر عەبدوڵا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣.
١٩- ئیحسان نوری پاشا: مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٩٧،
١٠- حیشمەتولای تابانی: ئایین و زمان و رەچەڵەکی کورد، وەرگێڕانی رەفعەت مورادی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٩.
٢١- ئیقرار عەلی یێف، پاشایەتی ماد، ل ل ٤٦٨-٤٦٩.
٢٢-دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٧٦٨.
٢٣- رەشید یاسمی محەمەد وەلیخان: کورد نەژادو پەیوەستەگی، وەرگێڕانی قانع و کەریم زەند، چاپی نوێ، ٢٠٠٩، ل ٦٩.
٢٤- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٧٨٠.
٢٥- زەکریا قادری: کوردناسی، وەرگێڕانی سەلاح بەهرامی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٢٠٥.
٢٦- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل٧٧٧.

٢٧- ئیڤرار عەلی ییف: پاشایەتی ماد، ل ٤٨٥.
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل ٤٨٦.
٢٩- مێژووی کامبریجی ئیران، سەردەمی هەخامەنشیەکان، وەرگێڕانی سەلاحەدینی ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠١٢، ل ٤٦.
٣٠- زەکریا قادری، کوردناسی، ل ١١٥.
٣١- مێژووی ئێران، سەردەمی هەخامەنشیەکان، ل٤٧.
٣٢- رەشید یاسمی محەمەد وەلیخان: کورد نەژادو پەیوەستەگی، ل ٦٩.
٣٣- ئیڤرار عەلی یێف: پاشایەتی ماد، ل ل ٤٨٦-٤٨٧.
٣٤- هەمان سەرچاوە، ل ٤٩٤.
٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٥.
٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٤٩٨.
٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٤٩٨.
٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٤٩٩.
٣٩- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ١١٩.
٤٠- ئیڤرار عەلی یێف: پاشایەتی ماد، ل ٥٣٧.
٤١- مێژووی ئێران، سەردەمی هەخامەنشیەکان، ل ٥١.
٤٢- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٧٩٥.
٤٣- یۆنگ، وەرگیراو لە زەکریا قادری: کوردناسی، ل ٤٨٣.
٤٤- ئیڤرار عەلی یێف: پاشایەتی ماد، ل ل ٥٣٧-٥٣٨.
٤٥- مێژووی ئیران، سەردەمی هەخامەنشیەکان، ل ٥١.
٤٦- ئیڤرار عەلی یێف: پاشایەتی ماد، ل ٥٣٨.
٤٧- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٧٩٦.
٤٨- هەمان سەرچاوە، ل ٨٠٠.
٤٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠٥.
٥٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٨٠٥.
٥١- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ١٢٧.
٥٢- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٨٠٨.
٥٣- رەشید یاسمی محەمەد وەلیخان: کورد نەژادو پەیوەستەگی، ل ل ٩٤-٩٥.
٥٤- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٨١٠.
٥٥- ئیڤرار عەلی یێف: پاشایەتی ماد، ل ١٠٥.
٥٦- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٨١٨.
٥٧- هەمان سەرچاوە، ل ٨١٩

58- The Geography of Strabo, Volume2, p. 262.

٥٩- رەشید یاسمی محەمەد وەلیخان: کورد نەژادو پەیوەستەگی، ل ٩٥.
٦٠- زەکریا قادری، کوردناسی، ل ١٢٧.
٦١- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ل ١٣٠-١٣١.

62- Map 90, Media Atropatene, compiled by S. E. Kroll, 1994.

٦٣- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٨١٣.
٦٤- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ١٣٨.
٦٥- ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێڕانی رەشاد میران، هەولێر، ١٠٠، ل ٢٠٢.
٦٦- مفید رائف محمود العابد: معالم تأريخ الدولة الساسانية، دمشق، دار الفكر المعاصر، الطبعة الاولى، ١٩٩٩، ص٢٦.
٦٧- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ٨٣.
٦٨- کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان، وەرگێڕان و لەسەر نووسینی شاسوار خ. هەرشەمی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ٤٧.
٦٩- ئارتوور کریستینسین: ئێرانی سەردەمی ساسانی، وەرگێڕانی سەلاحەدینی ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠١١، ل ١١٥.
٧٠- مفید رائف محمود العابد: معالم تأريخ الدولة الساسانية، ص ١٠٥.

٧١- نفس المصدر السابق، ص ١٠٥.
٧٢- ئارتوور کریستێنسین: ئێرانی سەردەمی ساسانی، ل ١٢١.
٧٣- هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.
٧٤- مفيد رائف محمود العابد: معالم تأريخ الدولة الساسانية، ص ٤٧
٧٥- کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان، ل ٤٨.
٧٦- ئارتوور کریستێنسین: ئێرانی سەردەمی ساسانی، ل ١٤٥.
٧٧- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٢.
٧٨- سامي بن عبدالله بن محمد المغلوث: اطلس تأريخ الانبياء والرسول، الطبعة السادسة، مكتبة العبيكان، ٢٠٠٥، ص ٢٨٧
٧٩- منير البعلبكي: المزدكية، موسوعة المورد، ٢٠١٣.
٨٠- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ل ١٢٣-١٢٤.
٨١- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥.
82- Manfred Albert Zakhavovich: A Short History of the World, trans. By Katherine Judelson. Moscow, progress Publishers, 1974, p. 182.
٨٣- سۆران حەمە ڕەش: کورد کێیە؟، لەندەن، ٢٠١٣، ل ٢٦. وەرگیراو لە کۆیرو کرۆل، ١٩٨٥، ل ل ١٦-١٧.
٨٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

## بەشی چوارەم:

1- Encyclopedia Britanica, Last Update, Nov. 10, 2022.
2- Ehasan Yarshater: "Persia or Iran", In Iranian Studies, Vol.xx11, No,1, 1989.
3- Benjamin W. Fortson: Indo-European Language and Culture, 2011, p. 187.
4- Ibid, p.187.
5- J. A. Mallory, Douglas Q. Adams: Proto-Indo-European Society: The Oxford Introduction to Proto-Indo-European World, Oxford University Press, 2001, p.266.
٦- سۆران حەمە ڕەش: کورد کێیە؟، ل v1x
٧- باسیلی نیکیتین: الكرد، ترجمة الدكتور نوري طالباني، ٢٠٠٠، ص ٤٧.
٨- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دکتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠٢١، ل ١٢٠.
٩- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥.
١٠- عەتا قەرەداخی: کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٢٣.
١١- شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی: مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محەمەد، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٨.
12- Ferdinal Hennerbichler:The Origin of Kurds, In Advances in Anthropology, 2012, No,2 (pp. 64-79). P. 65.
13- Ibid, p. 64.
14- Ibid. P. 65.
١٥- جۆرج راولنیسۆن: مێژووی مادەکان، وەرگێڕانی هاشم محەمەد، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠١٩، ل ل ٨٣-٨٤.
16- Ferdinal Mennerbichler: The Origin of Kurds, p.64
١٧- ئیقرار عەلی یێف: پاشایەتی ماد، وەرگێڕانی سەلام ئیسماعیل پوور، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ١٤٣.
١٨- جۆرج راولنیسۆن: مێژووی مادەکان، ل ١٧٤.
١٩- هەمان سەرچاوە، ل ل. ١٦٦-١٦٧.
٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.
٢١- ئیقرار عەلی یێف، پاشایەتی میدیا، ل ١٠٧.
٢٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٧.
٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٧.
24- D.N. Macknesy: The Origins of the kurds, in Transaction of the Philological Society, 1961, pp.68-86.
٢٥- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٣٧.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل ٧١.
٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

٢٨- ب. لـيرخ: دراسـات حـول الكـورد الايرانيـين و اسـلافهم الكالدانيـين الشـماليين، ترجمـة الدكتـور عبـدى حاجـي، دهـوك، سـبيريز، ٢٠٠٨، ص ٢٢

29- Martin Van Bruinessen: Agha, Shaikh and Stat, Zed Books, 1992, p. 122.

٣٠- دياب سليمان: اراء الباحثيين اللغويين حول اللغة الكردية، تقرير اتحاد المثقفين في اقليم الجزيرة، بێ شوێن و كاتى چاپ.

٣١- ئو. ل. ڤیلچێڤسكی: نەژادی كورد، ل ٧١.

٣٢- هەمان سەرچاوە، ل ٧٩.

٣٣- هەمان سەرچاوەی مێشوو، ل ١١٩.

٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ل ١٣٦- ١٣٧.

٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ١٣٧.

٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ١٣٨.

٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ١٣٩.

٣٨- باسيلي نيكيتين: الكرد، ص ٥٨.

٣٩- ئئو. ل. ڤیلچێڤسكی، نەژادی كورد، ل ١٣٩.

٤٠- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩.

٤١- باسيلي نيكيتين: الكرد، ص ٥٤.

٤٢- ئو. ل. ڤیلچێڤسكی: نەژادی كورد، ل ١٤٠.

٤٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

٤٤- مینۆڕسكی: كورد، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە كەریم، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٤٥.

٤٥- ئو. ل. ڤیلچێڤسكی: نەژادی كورد، ل ١٤٧.

٤٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٩.

٤٧- نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی كوردی، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤، ل٢٠.

٤٨- مینۆڕسكی: كورد، ل ل ٤٥-٤٦.

٤٩- ئو. ل. ڤیلچێڤسكی: نەژادی كورد، ل ١٥٠.

٥٠- مینۆڕسكی: كورد، ل ل ٤٦-٤٧.

٥١- ئو. ل. ڤیلچێڤسكی، نەژادی كورد، ل ل ١٥٠-١٥١.

٥٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٥١.

## بەشی پێنجەم:

1- Wikipedia:The Definition of Ethnogenesis and its Root and Derivations.

2- https//www.bing.com/Search ethnogenesis+definition.

3- Merriam Webster Dictionary: The Definition of Ethnogenesis.

4- Barbara Voss: The Archaeology of Ethnogenesis, University of California press, 2008, p.1

5- Wikipedia: The Definition of Race.

6- https://www. Britanica-com. The Definition of Ethnocity.

7- Wikipedia: The Definition of Ethnic and Ethnic Group.

8- George Vernadsky: The Origin's Russia (Oxford, 1964),p.2.

٩- ئو. ل. ڤیلچێڤسكی: نەژادی كورد، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ١٤٧.

١٠- دكتۆر ڕەشاد میران: ئیتنۆگرافیاو یەكێتی ئیتنیكی كورد، هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩، ل ل ٨٠-٧٩

١١- الدكتور جمال رشيد احمد: دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، ١٩٨٤، ص ٨٠.

١٢- الدكتور جمال رشيد: دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، ١٩٨٦، ص ٨٠.

١٢- دیاكۆنۆف: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دكتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠٢١، ل ٨١٥.

١٤- هەمان سەرچاوە، ل ل ٨٢١-٨٢٢.

١٥- گ. ڕ. درایڤەر: درایڤەرو كورد، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، بنكەی ژین، ٢٠٠٥، ل ١٣..

١٦- هەمان سەرچاوە، ل ل ١٩-١٠.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

١٨- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، ل ٣٩.
١٩- محمد بن يعقوب الكليني: الكافي في الاصول والفروع، ج ٥، القاهرة: مطبعة الخيام، ١٩٨٢، ص١٥٨.
٢٠- علي بن الحسين المسعودي: مروج الذهب و معادن الجوهر، الجزء الثاني، بيروت، ١٩٦٦، ص ٢٤٩، ٢٥٠.
٢١- سۆران حەمە ڕەش: کورد کێیە؟ لەندەن، ٢٠١٣، ل ٣١٨.
٢٢- زەکریا قادری: کوردناسی، وەرگێڕانی سەلاح بەهرامی، ل ١٠٣.
23- D. N. Macknesy: The origins of the Kurds, in Transaction of the Philological Society,1961, (pp 68-86), p. 68.
24- Ibid, pp. 68-69.
25- Ibid, p. 69.
26- Ferdinal hennerbichler: The Origin of the Kurds, In Advances Anthropology, 2012, No.2 (pp. 64-79), p.65.
27- Ibid, pp. 77-78.
28- Ibid, pp. 68-69.
٢٩- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ٥٢.
٣٠- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٤٧١.
٣١- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ١٥٧.
٣٢- هەمان سەرچاوە، ل ٧١.
٣٣- ب. ليرخ: دراسات حول الكورد الايرانيين و اسلافهم الكالدانيين الشماليين، ترجمة الدكتور عبد حاجي،دهوك، ٢٠٠٨و ص ٢٢.
٣٤- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، ل ١٣٧.
35- Ferdinal Hennerbichler: The Origin of the Kurds, Advances in Anthropology, 2012, No.2 (pp. 64-79), p. 64.
٣٦- باسيلي نيكيتين: الكرد، ترجمة الدكتور نوري طالباني، سليمانية، ٢٠٠٦، ص ٥٣.
٣٧- نفس المصدر، ص ٤٩.
٣٨- نفس المصدر السابق، ص ٥٤.
٣٩- نفس المصدر السبق، ص ٥٤.
٤٠- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، ل ١١٩.
٤١- دکتۆر ڕەشاد میران: ئیتنۆگرافیا، هەولیر، ل ٨٥.
٤٢- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی، نەژادی کورد، ل ١٧٤.
٤٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٥.
٤٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥.
٤٥- کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، وەرگێڕان و لەسەر نووسینی شادوار خ هەرشەمی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ٣١.
٤٦- هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.
٤٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.
٤٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٤٨.
٤٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٤٩.

## بەشی شەشەم:

١- شەرەفخانی بەدلیسی: شەرفنامە، وەرگێڕانی هەژار، نەجەف، ساڵی، ل ٢٧.
٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.
٣- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ل ٤٩-٥٠.
٤- مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی: کوردو ڕەگەزی ئاری، ئامادەکردنی شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، کەرکوک، ٢٠٠٥، ل٣٢.
٥- ف. ليرخ: دراسات حول الكورد الايرانيين و اسلافهم الكالدانيين الشماليين، ترجمة الكتور عبدي حاجي، دهوك، سبيريز، ٢٠٠٧، ص٢٢.
٦- ئیحسان نوری پاشا: مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٥.
٧- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، ساڵی ١٩٧٤، بەشی عەرەبی، ل ١.
٨- هەمان سەرچاوە، ل١.
٩- هەمان سەرچاوەی پێشووە، ل ٣،
١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٤.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٦.
١٢- حوسین حوزنی موکریانی: سەرجەم بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، هەلێر، دەزگای ئاراس، ١٩٩٨، ل ٦٧.
١٣- عەلادین سەجادی: مێژووی راپەڕینی کورد، چاپی دووەم، سەقز، ١٩٩٦، ل ل ٥-٦.
١٤- شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی: مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محەمەد، هەلێر، چاپچانەی ئاویەر، ٢٠١١، ل ٢٤.
١٥- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.
١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.
١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٢٦.
١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٣١.
١٩- دکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد: لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٨٨، ل ٢٨٣.
٢٠- عبدالرحمن بن محمد بن خلدون: مقدمة ابن خلدون، دار الجيل، بيروت، ص ١٤١.
٢١- دکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد: لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، ل ل ٢٩٢-٢٩٣.
٢٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٣.
٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٩٨-٢٩٩.
٢٤- الدكتور جمال رشيد احمد: دراسات الكردية في بلاد سوبارتو، بغداد، ١٩٨٤، ص ٨٥.
٢٥- سۆران حەمە ڕەش: کورد کێیە؟، لەندەن، ٢٠١٣، ل X111
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل X1V
٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، X1V
٢٨- زەکریا قادری: کوردناسی، وەرگێڕانی سەلاح بەهرامی،تاران، ٢٠١٧، ل ٩٨.
٢٩- کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، وەرگێڕان و لەسەر نووسینی شاسوار خ. هەرشەمی، سلێمانی، دەزگای جاپ و پەخسی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ٣١.
٣٠- هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٨،٤٨، ٤٩.
٣١- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، ل ٧٩.
٣٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١٩.
٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.
٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ١٥١.
٣٥- باسيلي نيكيتين: الكرد، ترجمة الدكتور نوری طالباني، ص ٤٨.
٣٦- نفس المصدر السابق، ص ٤٥-٤٦
٣٧- ب. ليرخ: دراسات حول الكورد الايرانيين و اسلافهم الكالدانيين الشماليين، ص ٢٢.
٣٨- گ. ڕ. درایڤەر: درایڤەرو کورد، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥، ل٢٠.
39- The Description of the Kurds in Ancient Times, Journal of Royal Asiatic Society, London, October, 1921, (pp. 553-572). Taken from Anwer Sultani: Driver and the Kurds, p.35. وەرگیراو لە درایڤەرو کورد، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی،
40- Ferdinal Hennerbichler: The Origin of Kurds, Advances in Anthropology, Vol.2, No,2, May 2012, p.76.
41- Ibid. p. 78.
42- Ibid. Pp. 68-69.
٤٣- جۆرج راولینسۆن: مێژووی مادەکان، وەرگێڕانی محەمەد هاشم، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠١٩، ل ١٦.
٤٤- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، ل ٢١٨.

## بەشی حەوتەم:

1- Marry Boyce: A History of Zoroastrianism Under the Achaemenians, 2016, p. 17.
٢- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دکتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠٢١، ل ٦٨٨.
3- Strabo: The Geography of Strabo, Vol.2. Translated by Hans Claude Hamilton and William Faconer, London, 1856, p. 266
٤- زەکریا قادری: کوردناسی، وەرگێڕانی سەلاح بەهرامی، تاران، ٢٠١٧، ل ٢٤٣.
5- Bivar A. D. H.: Mithraism: A Religion for Ancient Medes, in Iranika antique, Vol. XL, London, 2005, p. 351.
6- Beck Roger: “ Mithraism” in Encyclopedia Iranika, Retrieved 14 March 2011.

٧- زەکریا قادری، کوردناسی، ل ٢٤٢.
٨- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٢.
٩- هیـرۆدۆت، وەرگیـراو لـە ئارتـوور کریستینسـین: ئێرانـی سـەردەمی ساسـانی، وەرگێڕانـی سـەلاحەدینی ئاشـتی، سـلێمانی، بنکـەی ژیـن، ٢٠١١، ل ٧.
١٠- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ٢٤٣.
١١- هەمان سەرچاوە، وەرگیراو لە هوفر کلوسکا، ل ٣٤٣.
12- Encyclopedia Britannica, Written by Reinhold Merkelbach, last Update.
13- Encyclopedia Britannica. 14- Ibid.
١٥- ئیقرار عەلی یێف: پاشایەتی ماد، وەرگێڕانی سەلام ئیسماعیل پوور، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠١٥، ل ٢٤٣.
١٦- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ٢٤٤، وەرگیراو لە سەفیزادە.
١٧- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٧٣٣.
١٨- هەمان سەرچاوە، ل ٧٢٨.
١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩٣.
20- Cumont Franz: The Mysteries of Mithra, The Open Court Publishing, Co., Chicago, 1910, p. 20.
21- The Remnants of Mithraism in Hatra and Iraqi Kurdistan and its Traces in Yazidism, 1962, p.25.
22- Britanica Encyclopedia ,
٢٣- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٧١٠.
٢٤. هەمان سەرچاوە، ل ٧٢٥.
٢٥- جۆرج راولینسۆن: مێژووی مادەکان، وەرگێڕانی هاشم محەمەد، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠١٩، ل ١٠٣.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.
٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.
28- Bivar A. D. H. Mithraism: A Religion for Ancient Medes, in Iranika antique, Vol. XL, London, 2005, p. 341.
29- Brandenstein and Mayrhofer, 1964, pp 12-13
30- Hans – Peter- Schmidt, 1978, p. 344.
31- Wikipedia.
٣٢- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ٢٤٢.
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٢.
٣٤- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٦٩١.
٣٥- زەکریا قادری: کوردناسی،ل ٢٤٣. قسەی هێرۆدۆت، وەرگیراو لە ئارتوور کریستنسین: ئێرانی سەردەمی ساسانیەکان، ل ٧٥.
٣٦- جۆرج راولینسۆن: مێژووی مادەکان، ل ١٣٢.
٣٧- هەمان سەرچاوە، ل ل ١٣٢-١٣٣.
38- Encyclopedia Iranika. 39- Encyclopedia Iranika. 40- Encyclopedia Iranika.
٤١- جۆرج راولینسۆن: مێژووی مادەکان، ل ل ١٣٥-١٣٦.
٤٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧.
٤٣- ماري بويس: تأريخ الزرادشتية، ترجمة الدكتور خليل عبدالرحمن، السليمانية، كوردولوجي، ٢٠١٠و ص ١١.
٤٤- نفس المصدر، ص ٦٣.
٤٥- نفس المصدر السابق، ص ١١.
٤٦- كتاب الفنديداد- الابستاه، تقديم جرجيس فتح الله، اربيل، دار اراس للطباعة والنشر، ٢٠٠١, ص٥.
47- Mary Boyce: A History of Zoroastrianism, 1996, p. 26.
48- Ibid. Vol.2. p.1
49- Ibid. P.3
50- Mary Boyce: A History of Zoroastrianism, Vol.1, p. 171.
51- Mary Boyce: A History of Zoroastrianism, Vol.2, p. 5.
٥٢- سامي سعيد الاحمد و رضا جواد الهاشمي: تأريخ الشرق الادنى القديم، ايران و الاناضول، بغداد، ص ٨٣.
53- Mary Boyce: A History of Zoroastrianism, Vol.2, p. 7.
54- Ibid. P. 8.

55- Ibid. P. 40.
56- Ibid. P. 41.
57- The Wiley Blackwell Companion To Zoroastrianism, ed. By Michael Stausberg & Vhan Sohrab Dindhaw Verain, Anna Tessman, 2015, p. 32.
٥٨- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ٣٠٥.
٥٩- هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٥.
60– The Wiley Blackwell Companion to Zoroastrianism, p. 21.
61- Ibid. P. 22.
62- Nigosian Sobman: The Zoroastrian Faith, Tradition and Modern Research, McGill- Queen's University press, 1993, p. 15.
63- Ibid. P. 15. 64- Ibid. P. 11 65- Ibid. P. 11. 66. Ibid. P, 12 67- Ibid. P. 12
68- Mary Boyce: A History of Zoroastrianism, Vol. 2, p. 24.
٦٩- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ٣٠٤.
٧٠- هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٤.
٧١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤.

## بەشی هەشتەم:

١- شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی: مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محەمەد، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٥.
٢- محەمـەد ئەمیـن زەکـی: خولاسـەیەکی تەئریخـی کـوردو کوردسـتان، بەرگـی یەکـەم و دووەم، سـلێمانی، دەزگای چـاپ و پەخسـی سـەردەم، ٢٠٠٠، ل ٨٢.
٣- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دکتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠٢١، ل ٧٧٤.
٤- هەمان سەرچاوە، ل ٧٧٢.
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧٧.
٦- عەلی ئیقرار یێف: پاشایەتی ماد، وەرگێڕانی سەلام ئیسماعیل پوور، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠١٧، ل ل ٤٤٤٦٨-٤٦٩.
٧- هەمان سەرچاوە، ل ٤٧٤.
٨- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٧٧٨.
٩- هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.
١٠- محەمەد مەردۆخ کوردستانی: مێژووی کوردو کوردستان، ل ٣٦.
١١- مێژووی کامبریجی ئێران: سەردەمی هەخامەنشیەکان، وەرگێڕانی سەلاحەدینی ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠١٢، ل ٤٧.
١٢- زەکریا قادری: کوردناسی، وەرگێڕانی سەلاح بەهرامی، تاران، ٢٠١٧، ل ١١٤.
١٣- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٧٨٠.
١٤- هەمان سەرچاوە، ل ٧٨١.
١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٩٠-٧٩١.
١٦- عەلی ئیقرار یێف: پاشایەتی ماد، ل ٤٨٥.
١٧- هەمان سەرچاوە، ل ٤٩٤.
١٨- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ل ٧٩٥- ٧٩٦
١٩- عەلی ئیقرار یێف: پاشایەتی ماد، ل ٥٣٧.
١٠- زەکریا قادری: کوردناسی، ل ٤٨٣.
٢١- عەلی ئیقرار یێف: پاشایەتی ماد، ل ل ٥٣٧-٥٣٨.
٢٢- مێژووی کامبریجی ئێران: سەردەمی هەخامەنشیەکان، ل ٥١.
٢٣- عەلی ئیقرار یێف: پاشایەتی ماد، ٥٣٨.
٢٤- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل٨٠١.
٢٥- عەلی ئیقرار یێف: پاشایەتی ماد، ل ٥٣٩.
٢٦- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، ل ٨٠٥.
٢٧- هەمان سەرچاوە، ل ٨٠٨.

٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١٠

٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ل ٨١٧-٨١٨.

٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٨١٩.

٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ل ٨٢١-٨٢٢.

٣٢- حسن همزه جواد: نشوء الدولة السلوقية و قيامها، بغداد، ٢٠٠٨، ص ١٤٨-١٤٩

٣٣- ئارتوور کریستینسین: ئێرانی سەردەمی ساسانیەکان، وەرگێرانی سەلاحەدینی ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین، چاپی دووەم. ٢٠١١، ل ٥.

٣٤- هەمان سەرچاوە، ل ل٥-٦.

٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

٣٦- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێرانی رەشاد میران، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ل ٢١٨-٢١٩.

37- Hakan Ozoglu: Kurdistan Notables and the Ottoman State: Evolving Identities, Competing Loyality and Shifting Gounderies, Sung Press, 2004, p. 25.


## بەشی نۆیەم:


١- ئارتوور کریستینسین: ئێرانی سەردەمی ساسانی، وەرگێرانی سەلاحەدینی ئاشتی، سلێمانی بنکەی ژین، چاپی دووەم، ٢٠١١، ل ١١٦.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٣.

٤- کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، وەرگێران و لەسەر نووسینی شاسوار خ هەرشەمی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ١٩٩٩، ل ٣٨.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٤٩.

٨- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی مێژووی کوردو کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ٦٢.

٩- هەمان سەرچاوە، ل ٦٢.

١٠- باسيلي نيكيتين: الكرد، ترجمة الدكتور نوري طالباني، ٢٠٠٠،ص ٤٥.

١١- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێرانی رەشاد میران، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ١١٩.

١٢- باسيلي نيكيتين: الكرد، ص ٥٥.

١٣- نفس المصدر، ص ٥٠.

١٤- نفس المصدر السابق، ص ٥١

١٥- نفس الصدر السابق، ص ٥١-٥٢.

١٦- نفس المصدر السابق، ص ٥٣

١٧- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، ل٦٠.

١٨- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، ل ٥٨.


## بەشی دەیەم:


1- Smaglo N.: Language and Ethnic Community: Historical Aspect, in The Scientific heritage, No.61, 2021, p. 51.

2- Ibid. P. 52.

٣- الدكتور محمد عابد الجابري: العصبية والدولة، بغداد، دار الشؤون الثقافة العامة، ص ١٧٠.

4- O. V. Babenko: Language as a Basic Feature of Ethnos Uniting with the Condition of Modern Challenged, 2015, in Research Gate https//www. ResearchGate.net,2986.

5- J. Deniker: The Races of Man: An Outline of Anthropology and Ethnology, London, 1980, p. 16.

6- Lytra vally: Language and Ethnic Identity in: Preece, S. (ed.) Routledge Handbook of Language and Identity, Oxon: Routledge, 2016, pp. 132-133.

7- L. N. Gumiley, 1993, p. 285.Taken from "Journal of Siberian Federal University: Humanities and Social Science 5 (2011, 4), (pp. 615-632), p 617-618.

8- Ibid, p. 624.
9- Ibid. P. 628.
١٠- سۆران حەمە ڕەش: کورد کێیە؟ لەندەن، ٢٠١٣، ل ٤٦.
١١- عەلی ئیقرار یێف: پاشایەتی ماد، وەرگێڕانی سەلام ئیسماعێل پوور، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠١٧، ل ٣٢٦.
١٢- دیاکۆنۆف: مێژووی میدیا، وەرگێڕانی دکتۆر پێشەوا خالید، سلێمانی، جەمال عیرفان، ٢٠٢١، ل ٢٧٨.
١٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٩.
١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨.
١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو تر، ل ٢٨٠.
١٦- سۆران حەمە ڕەش: کورد کێیە؟ ل ٤٦. وەرگیراو لە:
Bromiley Geoffery W.: The International Standard Bible Encyclopedia, Vol.1 A-D, Wm-B- Endamans Publishing Co., USA, 1986, p. 371.
١٧- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ٤٧.
١٨- هەمان سەرچاوە، ل ٣٤.
١٩- توفيق وهبي: اصل الاكراد و لغتهم، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد الثاني، ١٩٧٤، ص ١-٢٤.
١٠- الدكتور جمال رشيد احمد: دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، ١٩٨٤، ص ٨٣.
٢١- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ل ١٣٥-١٣٦.
٢٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦.
٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.
٢٤- باسيلي نيكيتين: الكرد، ترجمة: الدكتور نوري طالباني، ص٤٨.
٢٥- ئو. ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد، ل ١٤٧.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل ل ١٤٩-١٥٠.
٢٧- گ. ڕ. درایڤەر: درایڤەرو کورد، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، سلێمانی، بنکەی ژین، ل ٢٥.
٢٨- محەمەد ئەمین زەکی: خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ل ٥٩-٦٠.
29- Map 90, Media Atropatene, Compiled by S. E. Kroll, 1994, p. 1292.
30- Ibid. P. 1292.

## بەشی یانزەیەم:

١- ئو. ل. ڤەلچێڤسکی: نەژادی کورد، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ل ٢١٨-٢١٩.
٢- الدكتور جمال رشيد احمد: دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، ١٩٨٤، ص٨٣
٣- ابي جعفر محمد بن جرير الطبري: تأريخ الطبري: تأريخ الرسول والملوك، الجزء الثاني، تحقيق محمد ابو الفضل ابراهيم، الطبعة الثانية، دار المعارف، القاهرة، ص ٣٩-٤٠.
٤- گ. ڕ. درایڤەر: درایڤەر و کورد، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥، ل ٢٢.
٥- ابو القاسم عبيدالله بن عبدالله ابن خردازبه: المسالك والممالك، ليدن، مطبعة بريل، ١٣٠٩،ص ٤٧.
٦- ابن الاثير: الكامل في التأريخ، الجزء الاول، طبعة ليدن، ١٩٦٦، ص ٧٠.
٧- الدكتور جمال رشيد احمد: دراسات كردية في بلاد سوبارتو، ص ٨٤. وەرگیراو لە همزه الاصفهاني، ص ١٥١.
٨- احمد بن اسحاق بن جعفر اليعقوبي: كتاب البلدان، تحقيق محمد امين ضاوي، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الاولى، ١٤٢٢، ص٨٨.
٩- نفس المصدر، ص ٢٠.
١٠- نفس المصدر السابق، ص ٧٢.
١١-نفس المصدر السابق، ص ٧٥.
١٢- نفس المصدر السابق، ص ٧٦.
١٣- نفس المصدر السابق، ص ٧٧.
١٤- گ. ڕ. درایڤەر: درایڤەر و کورد، ل ٣٩، وەرگیراو لە یەعقوبی.
١٥- محمد بن علي بن ابراهيم ابن شداد: الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، تحقيق يحي زكريا عمارة، المجلد ٣، وزارة الثقافة السورية، الطبعة الاولى، ص١١٥.

١٦- الدكتور فرست مرعي: الفتح الاسلامي لبلاد الجزيرة الفراتية، وەرگیراو لە:
The New Encyclopedia Britanica, Vol. V, p. 8-9. From: https// Zahavi. Org/?p=
4342 & lang=ar.
١٧- احمد بن يحيى ابن جابر البغدادي (البلاذري): فتوح البلدان، مصر، شركة طبع الكتب العربية، ١٩٠١ (اعادة الطبع ٢٠١٧)،ص٣٣٧،٣٧٣، ٣٧٤، ٣٣٩، ٣٤١.
١٨- الدكتور فرست مرعي: الفتح الاسلامي لبلاد الجزيرة الفراتية، وەرگیراو لە هەمان سەرچاوە.
١٩- ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣، بيروت: دار احياء التراث العربي، ١٩٩٧، ص ٣٧٥.
٢٠- الامام ابو الحسن علي ابن الحسين ابن علي المسعودي: مروج الذهب و معادن الجوهر، المكتبة العصرية، صيدا- بيروت، الجزء الثاني، ٢٠٠٥، ص٩٧.
٢١- نفس المصدر، ص٩٦.
٢٢- نفس المصدر السابق، ص ٩٦.
٢٣- ابو حنيفة احمد بن داود الدينوري: الاخبار الطوال، مصر: المكتبة الازهرية، الطبعة الاولى، ١٣٣٠، ص ٦.
٢٤- احمد بن ابي يعقوب ابن واضح اليعقوبي: كتاب البلدان، كيرت، مطبعة بريل، ١٨٦٠، ص ٧.
٢٥- ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي الاصطخري: المسالك والممالك، ليدن، بريل،١٨٨٩، ص٣٤٣
٢٦- ابي القاسم محمد بن حوقل: صورة الارض، بيروت، منشورات دار مكتبة الحياة، ١٩٩٢، ص ٣٥٨، ٣٦٩، ٣٧٠.
٢٧- نفس المصدر، ص ٣٧٠.
٢٨- گ. ڕ. درایڤەر: درایڤەر و کورد، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٠، ل ل ٤٠-٤١
٢٩- الدكتور عبدالعزيز الدوري: تأريخ العراق الاقتصادي في القرن الرابع الهجري، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٧٤، ص٢٠ و ص ٢٧.
٣٠- شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموي: معجم البلدان، ج١، دار صادر، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٥، ص١١٦.
٣١- نفس المصدر، ج١، ص ٢٦١.
٣٢- نفس المصدر، ج١، ص ٤٥٥.
٣٣- نفس المصدر، ج٢، ص ٦٢.
٣٤- نفس المصدر، ج٢، ص ٩١.
٣٥- نفس المصدر السابق، ج٢، ص ٩٢.
٣٦- نفس المصدر السابق، ج٢، ص ١٥٢.
٣٧- المصدر السابق، ج٢، ص ٢٨٤.
٣٨- المصدر السابق، ج٢، ص ٣٠١.
٣٩- المصدر السابق، ج٣، ص ١٣٦.
٤٠- نفس المصدر السابق، ج٣، ص ١٦٥.
٤١- عەتا قەرەداخی: پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەڵگای کوردی، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠١١، ل ٢٧.

**بەشی دوانزەیەم:**

1- wikipedia (Information about the first using of the term "Kurdistan" by Sultan Ahmed al-Saljuqi to indicate a part the Geography on which the Kurds were living during the 12 century.
٢- حمدالله مستوفي: نزهة القلوب، المقالة الثالثة، تحقيق گاي ليسترنخ، دنياي كتاب، طهران، ١٣٤٦، ص ١٠٧.
٣- نفس المصدر، ص ١٠٣.
٤- نفس المصدر السابق، ص ١٠٢.
٥- الدكتور جمال رشيد احمد: دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، ١٩٨٤، ص ٨٧.
٦- نفس المصدر، ص ٨٧.
٧- الدكتور زرار صديق توفيق: القبائل و الرعايا القبلية الكردية في العصر الوسيط، اربيل، موكريان، ٢٠٠٧، ص ١.
٨- محمد امين زكي: تأريخ الدول والامارات الكردية، ترجمة محمد علي عوني،مصر: مطبعة السعادة، ١٩٤٥.
٩- عەتا قەرەداخی: چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا، سلێمانی، چاپی یەکەم ١٩٩٩.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

## لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی، مێژوویی

١- فۆرمەلەنەبوونی گوتاری نەتەوەیی کوردی- هێلسینکی – ١٩٩٥
٢- ستراتیژو کوسێتی نەتەوەیی کوردی- سلێمانی- ١٩٩٨
٣- چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤- کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٠، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٥- پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەڵگەی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٣.
٦- سلێمانی زەمینەی سەرهەڵدان وپەرەسەندن و ململانێی تەسەوف، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٧- خەونی سەربەخۆیی لە واقیعێکی ناجێگیردا، سلیمانی، ٢٠٠٤.
٨- گوتاری ناسیونالیزم، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩
٩- ترس لە ئایندە، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٠- دەسەڵاتی بێ باک و ئۆپۆزسیۆنی بەپەلە، هەولێر، ٢٠١٢.
١١- گوتاری ناسیونالیزم بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
١٢- کوردستان لە نێوان پەرتبوون و یەکبووندا، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٣- گوتاری ناسیونالیزم، بەرگی سێیەم، ٢٠١٩.
١٤- گوتاری ناسیونالیزم، بەرگی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٢١.

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

١٥- گۆران و گەڕان بە دوای یەقیندا، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٦- گەڕان بە دوای ناسنامەدا، سلێمانی، ٢٠٠١،
١٧- گەڕان بە دوای بووندا، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٨- گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، سلیمانی، ٢٠٠٤.
١٩- گەڕان بە دوای ماناکانی شیعردا، سلیمانی، ٢٠٠٦.
٢٠- فانتازیای گەڕانەوە، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢١- گەڕان بە دوای شیعرو شیعریەتدا، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢٢- مەحوی لە نێوان حەزی دنیایی و عیشقی خودایدا، سلێمانی، ٢٠١١.
٢٣- لە نێوان دەنگی خاک و دەنگی رۆحدا، سلێمانی، ٢٠١٣.
٢٤- گەڕان لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا، سلێمانی، ٢٠١٨.
٢٥- گەڕان بە دوای جوانیدا لە رووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا، هەولێر، ٢٠٢٠.
٢٦- گۆران و گەڕان بە دوای بەهاکانی جوانیدا، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٢٧- گەڕان بە دوای هارمۆنیاو چێژی جوانی دەقدا، سلێمانی، ٢٠٢٢.

## وەرگێڕان:


٢٨- نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٩- دکتۆر شاکیر خەسباک، پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلیمانی، ٢٠٠٠.
٣٠- گراهام فۆڵەر و چەند نووسەرێکی تر، جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣١- کێشەی نەتەوایەتی کورد لە تورکیا، سلێمانی، ٢٠١٤.
٣٢- ئیدوارد سەعید، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٩.
٣٣- کۆمەڵێک نووسەر، کوردەکان، سلێمانی، دەزگای بڵاوکردنەوەو رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠٢٠.
٣٤- مارتین ڤان برۆنیسین، رۆبێرت ئۆڵسن، دەربارەی کوردو ناسیونالیزمی کوردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٢٠.


## وەرگێڕانی ئەدەبی:


٣٥- دایڤد دەچز، رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٣٦- ئایان ماکلین، رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٣٧- هینریک ئیبسن، تارماییەکان، سلیمانی، ٢٠٠٥،
٣٨- تۆماس ستێرن ئیللیەت، وێرانە خاک، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٣٩- رۆجەر ویبستەر، لیکۆڵینەوەی تیۆریی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠١٧.
٤٠- تیری ئیگڵتن، تیۆریی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠١٧.
٤١- جۆرج لۆکاش، رۆح و شێوە، سلیمانی، ٢٠٢٣.
٤٢- کۆمەڵێک نووسەر، رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی: خوێندنەوەو راڤەکردن، سلێمانی، ٢٠٢٣.

# چاپکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ

١. گۆتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی چوارەم، عەتا قەرەداخی
٢. فەرهەنگی خەمی خەڵک و خاک، حەسیب قەرەداخی
٣. سنوورێک لە خوێن ماڵێک لە ئازار، ئەبوبەکر کاروانی.
٤. ئەفسونی نووسین، پشکۆ نەجمالدین
٥. کتێبی گۆران، ڕێبوار سیوەیلی. (**پرۆژەی هاوبەش**).
٦. نالی، ئاشنای سیرڕی قەڵەم، عەبدولخالق یەعقووبی. (**پرۆژەی هاوبەش**).
٧. کتێبی قوباد، ڕێبوار سیوەیلی. (**پرۆژەی هاوبەش**).
٨. سێبەری هەنگاوەکانم، کاوە ئەمین.
٩. شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم، دەرفەت و ئاڵنگارییەکان، پ. ی. د. نەزاکەت حسێن
١٠.نهێنییەکانی سەرکەوتن، کۆمەڵێک نووسەر.
١١.مێژووی بەعسیزم لە عیراق، هیوا عەزیز سەعید.
١٢.میدیا و سۆشیال میدیا، اکریگەری و چارەسەر،پ. ی. د. نەزاکەت حسێن.
١٣.فەرهەنگی خەمی ناخ، حەسیب قەرەداخی.
١٤.ئیما، کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیمم بینی، حوسێن یڵدرم، و: کاوە ئەمین.
١٥.ستراتیجەکانی کاریزما، د. فازل جاف.
١٦.چشتێک لەچەشنی شیعر، عەبدولخالق یەعقووبی
١٧.نیشتمانی شێرکۆ بێکەس و دەربەندی خۆشەویستی، عەبدولخالق یەعقووبی
١٨.یارۆ، ئەبوبەکر حەسەن
١٩.پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن وگۆڕانی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا/ مەریوان حەمەعەلی
٢٠.میدیای کوردی نەرمەهێز یان پانتاییەک بۆ ڕکوکینە!؟/ د. بەهات حەسیب قەرەداخی
٢١.گوتاری ناسیونالیزم، بەرگی پێنجەم، عەتا قەرەداخی